# یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ

## لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە , سوریا , وڵاتی دوو ڕووبار

دانەر / فراس سەواح



وەرگێرانی لە عەرەبییەوە

نەوزادی موهەندیس

# یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ

## لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە ، سوریا ، وڵاتی دووڕووبار




دانەر

فراس السواح

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

نەوزادی موهەندیس



چاپی یەکەم / سلێمانی

٢٠١٣

# ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ // لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە،سوریا، ولاّتی دووڕووبار
- نوسەر: فراس السواح
- وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە : نەوزادی موهەندیس
- بابەت : مێژوویی
- پیتچن و هەڵەبڕ : نەوزادی موهەندیس
- دیزاینی بەرگ وناوەڕۆك : زەردەشت علی سۆرانی
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە : پیرەمێرد
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی ( ١٥٨٥ )ی ساڵی (٢٠١٣ )ی پێدراوە

# بەرایی وەرگێڕ

- سەرەتا حەزدەکەم کە هەڵبژاردنی وشەی ((ئەقڵ)) ڕوونبکەمەوە بۆ وەرگێڕانی مانای ((مغامرة العقل الاولى)) ی کتێبەکەی مامۆستا فراس سواح، وشەی ((عقل))ی عەرەبی لەهەردوو فەرهەنگی ((شیرین))ی مامۆستا فازیل نیزامەدیندا بە ماناکانی(( ئاوەز ،هۆش ،بیر، ئەقڵ)) هاتوە. لە فەرهەنگی ((موحیت))یشدا بەماناکانی(( ئاوەز ،ئەقڵ،هۆش)) هاتوە.بەڵام بەندە وشەی((ئەقڵ))م هەڵبژارد، چونکە لەهەموانیان بەربڵاوترە لەبەکارهێناندا و لای هەموان بەڕۆشنی ماناکەی دیارە و لەیەکەم خوێندنەوە و بیستنەوە تێیدەگەن هەربۆیە وەرگێڕانی ناونیشانی کتێبکەم کرد بە (( یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ)).
- بەسەرهاتی هەڵبژاردنی ئەم کتێبە ((یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ )) ی مامۆستا (( فراس سواح )) بۆ وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی کوردی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:-

یەکەمیان: ئەم کتێبە لەماوەی ٢٠ ساڵدا کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٦ و دوا چاپیشی لە ساڵی ١٩٩٦دا کراوە ١١ جار لە چاپدراوەتەوە. کە ئەمە گەر ئاماژە بێت بۆ شتێك ئەوا ئاماژەیە بۆ گرنگی ناوەڕۆك و بیروبۆچوون و بەپێزی بابەتەکەی، ئەگینا ئەمە چ جادویەکە لەم کتێبەدا کە وا بکات لە ماوەیەکی کەمی ٢٠ ساڵیدا هێندەی داواکاری و تامەزرۆیی لەسەر بێت.هەربۆیە بەندەش ویستم خوێنەرانی کورد لە گرنگی و بە پێزی ئەم کتێبە بێبەش نەبن.

دووەمیان : ئەم کتێبە باس لە بابەتێك دەکات کە هەموو مرۆڤێك حەزدەکات یان پێویستە لەسەری کە زانیاریەکانی ناوەوەی بزانێت چونکە ڕاستەوخۆ باس لە هەندێك مەسەلە دەکات کە مرۆڤ تا ئێستا و بە درێژایی مێژووی شارستانێتی و مرۆڤایەتیش بۆخۆی وێڵ و سەرگەردانە بەدوایدا و دوای چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و دۆزینەوەی چەندین تابلۆی شارستانێتیە کۆنەکانی سۆمەری و بابلی و کەنعانی و فینیقی و یۆنانی و ڕۆمانی و ئاشوری و ...هتد. هێشتا گەلێك زانیاری تر ماوە کە پێویستە دەسبخرێن و ڕوونکردنەوەی زیاتریان لە بارەوە هەبێت.

لەو مەسەلانەش، مەسەلەی چۆنێتی دروستبوونی گەردوون بەهەموو پێكهاتەكانیەوە لە ئاسمان و زەوی و ئاو و هەوا و دەریا و شاخ و دۆڵ و دەشت و دیاردەكانی بە پیتی لە باران و گەرما و سەرما و هەور و سەوزبوون و وشكبونەوە و دیاردە كاولكاریەكانی وەك لافاو ونەخۆشیەكان و هەورە بروسكە و هەورە تریشقە و گەردەلول و ڕەشەبا و دواتریش دروستبوونی ڕووەك و ئاژەڵ و بونەوەران و سەرتۆپیشیان مرۆڤە.مەسەلەیەكی تریش مەسەلەی سەرهەڵدانی ئاین و خواپەرستی و پەیامبەرەكان و بەها ڕەوشتیەكان لە چاكە و خراپە و ململانێكانیان و ژیان و مردن و زیندووبونەوە و دۆزەخ و بەهەشت و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و ئارامی و كامەرانی و نەمری هەتاهەتاییە.

مەسەلەی سێیەمیش،مەسەلەی ئەفسانەیە كە بیر و ئەندێشەی مرۆڤی سەرقاڵكردوە لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆك و داستان و قارەمانە جۆراو جۆرەكانەوە لەهەموو شارستانێتی و قۆناغەكانی گەشەكردنی مرۆڤایەتی و لەجێگە و سەردەمی جۆراوجۆردا.بۆتە مەتەڵێكی نەزانراو كەمرۆڤی تووشی سەرگێژی و گینگڵدان كردوە كە دروستكراوی مرۆۆ خۆشێتی.

ئەم كۆمەڵە مەسەلە گرنگە و ئەوانی تریش،پێویستە كە مرۆۆ لەبارەیانەوە بەشێوەیەكی زانستی و مەعریفی لێیان تێبگات و بیانزانێت و ئەو ڕاستیەش بزانێت كە مێژووی ملیۆنانساڵی مرۆڤایەتی هەر لەخۆوە نەگەیشتۆتە ئێمە بەڵكو لە ئەنجامی ڕەنج و شەونوخونی و خەبات و ماندووبونی هەزاران كەسانی خۆبەخش و چەندین شارستانی و ڕزگاركەر و پاڵەوان و نوسەرانەوە نوسراونەتەوە و دەماودەم گێڕدراونەتەوە و ئیدی زیادو كەمیشی تیادا كراوە بە گوێرەی حەزو ئارەزووی گێڕەرەوە و یان نوسەرەكانیەوە.

- ئاشكراشە لەهەموو ئەم مێژو و ئەفسانە و ئاینە جۆربەجۆرانەدا مرۆۆ و ژیریەكەی ترۆپكی ئامانج و مەبەستەتەكانە و هەرئەویش قارەمان و پاڵەوانی سەرەكی چیرۆك و داستان و داهێنانەكان و ململانێكانیشە، جارێك لەگەڵ خواوەندەكان و جارێكی تر لەگەڵ سروشت و جارێكی دی لەگەڵ دێو درنج و تارمایی و ئاژەڵ و دڕندەكان و دواجاریش لەگەڵ خودی مرۆۆ و ژیریەكە خۆیدا.

مرۆڤ وەك دەردەکەوێت نە لەسەر ویستی خۆی دروستبوە و نەئاگاشی لێبوە و نەچارەنوسی خۆشی زانیوە، بەڵکو وەك لە ئەفسانەکاندا دیاریکراوە لەکۆتای هەموو دروستکراوەکاندا دروستکراوە و دابەزینیشی بۆ سەر زەوی لە ئەنجامی هەڵەیەکەوە بوە کە کردویەتی لە بەهەشتدا یان پێی کراوە و فریودراوە یان هەر لە پێش دروستبونیشیدا بڕیاری لەسەر دراوە، مرۆڤ هەر هێندەی خۆشی بوە کە لە بەهەشتدا بەبیٚ ئاگایی ژیاوە و چاوی نەکراوەتەوە و زانست و زانیاری نەبوە لە دەوروبەری خۆی و چاکە و خراپەشی نەزانیوە ، ئیدی لەدوای دەرکردن و تورهەڵدانی لە بەهەشت و خستنەخوارەوەی بۆ سەر زەوی وەك نەفرەتلێکراوێك چیدی خۆشی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینیەوە و کەوتۆتە ژێر باری قورسی ژیان و گوزەران و ئازار و ناخۆشی و ململانێکان و خزمەتکردنی خواوەندەکانەوە کە لە بنچینەدا بۆ ئەو مەبەستە و پشوودانی خواوەندەکان هاتۆتە بوون وەك ئەفسانەکان باسی لێوە دەکەن.

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستاش لە خەون و خەیاڵی بەدەستهێنانی تەمەنێکی درێژ و نەبڕاوە و نەمریدا بوە و ویستویەتی ئاشتی و ئارامی و کامەرانی نەبڕاوە بەدەستبهێنێت و چەندین داستان و شانامە و چیرۆکی هەڵبەستوە و خۆی کردۆتە قارەمانیان ،بەڵام بیٚ ئەنجام سەری ناوەتەوە و لەکۆتایدا ملکەچی قەدەر و چارەنوسی خۆی بوەو هەر مردوە، بەڵام دەبێت هەموان ئەو ڕاستیە بزانین کە نەژیانی نەمری بونی هەیە و نە ئاشتی و ئارامی و کامەرانی تاسەریش جگە لەناو بونێکی بەرجەستەیی هەتاهەتاییان نیە بۆ مرۆڤ .

- ئاین و ئەفسانەکانیش وادەردەکەوێت هەر لە ئەنجامی بیر و خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤ خۆیەوە هاتبنە بوون و بەپێی جێگە و سەردەم گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و پێشکەوتوون و مرۆڤ لەکاتی بێدەسەلاٚتی و نائومێدی و ڕەشبینیدا پەنای بۆ بردوون وەك دەرچەیەك بۆ حەوانەوەی دەرونیان و خۆڕزگارکردن لە فشارە سەرکوتکراوە شارەواکانی ناو خودی مرۆڤ خۆیەوە. لەبەرئەوەی توانای بەرەنگاربونەوە و بەرگریان لە خۆیان و ماڵ و سەروەت و سامانەکانیان نەبوە لەبەردەم دیاردە سروشتیەکانی گەرما و سەرما و گەردەلول و لافاو زریان و نەخۆشیەکان و باران و هەورە تریشقە و هەورە بروسکە و ...هتد.بۆ خۆپاراستن

لەو هێزانە کەوتونەتە پەرستنیان و قوربانیدان و خوێنڕشتن بە باشترین و خۆشەویسترین کەل و پەل و مەڕ ومالأت و کشتوکاڵ و تەنانەت خۆشەویستەکانیشیان .بەلأم هەموو ئەفسانە و ئاینەکانیش لەکۆندا و زانستی نوێی سەردەمیش ئەو ڕاستیە دووپات دەکەنەوە کە ئەم گەردوونە بەهەموو پێکهاتە و ئاڵۆزیەکانیەوە لەلایەن دروستکەرێکی زۆر بەتوانا و بەپلان و ناوازەوە هاتۆتە بوون و ڕێکخراوە و جوڵە و هێز و وزەی بەردەوامی دراوەتیٚ و سیستەمێکی ووردیشی بۆ داناوە. و بەهیچ شێوەیەك ژێری مرۆڤ ڕێگە بەنەبوونی دروستکەرێك نادات بۆ ئەم گەردوونە. چونکە هەموو ئەفسانە وپاڵەوان و مێژوو و هێما پیرۆزەکان بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم و جێگاکان دەگۆڕێن.بەلأم ئەو دروستکەر و خودایە بەنەمری دەمێنێتەوە کە شایستەی هەموو ڕێزگرتن و کڕنۆش بردن و پەرستنێکە.

- شارستانێتی مرۆڤایەتی لە پێش ڕوودای لافاوی گەورەدا شارستانێتیەکی سەرەتایی و لە ئاستێکی نزمی ژیاری و هۆشیاریدابوە، بەلأم گرنگی و گەورەیشی هەبوە وەك دەسپێك و گەشەکردن و زۆربوونی مرۆڤ و پێکەوەنانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان و باس و خواسی چۆنێتی دروستبوونی مرۆڤ و ئەو زانیاری و تابلۆیانە نەبوایە کە ئەو سەردەمانەیان تیادا تۆمارکراوە ئەوا لەدوای لافاوی گەورە کە سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە و تەڕو وشکی لەناوبردوە لە ئاژەڵ و ڕووەك و مرۆڤ. ئەوا سەرەتاکانی پەیدابوونی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران لەسەر زەمیندا وندەبوون و لەناودەچوون و بەنادیاری دەمانەوە. بەلأم ڕزگارکردنیان لەلایەن ئەو چەند کەسە کەمەوە کە لە پاپۆڕەکەی ((زیۆسوٚدرای سۆمەری وئۆتنابشتیمی بابلی ونوحی تەورات و قورئانیش)) نەبوایە. وایکردوە کە مێژووی بون و دروستبوون و شارستانێتی مرۆڤایەتی هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستا بە زیندوویی بمێنێتەوە و دوای لافاویش لە پیرۆزترین خاکی سەر زەویەوە کە شاخی ئارارات و جودیە لەکوردستانی باکور. جارێکی تر دەسپێبکاتەوە و بەمەش کوردستان بۆ جاری دووەم بۆتە لانکی لەدایك بوون و سەرهەڵدانەوە و گەشەکردنی شارستانێتی مرۆڤایەتی و چەندین بەڵگەی شوێنەوارناسی و زانستی لە کوردستاندا هەیە کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ٤٥٠٠-٨٥٠٠ ساڵ پ.ز،

**کە لە کوردستاندا دۆزراونەتەوە و بەمەش کورد و کوردستان کۆنترین مرۆڤ و شارستانێتی تیادابوە ، پێش هەر نەتەوە و گەل وجێگایەکی تر.کە پێویستە هەموو کورد و مرۆڤایەتیش شانازی بەم ڕۆڵ و پێگە گەورە و گرنگەی کورد و کوردستانەوە بکەن.**

**ئەم ڕاستیانە هەموو ئەو بانگەشە نامرۆڤانانە و شۆڤێنی و دەمارگیری و کورتبینی و بەرژەوەندویستەکان پوچەڵ دەکەنەوە کە گوایە کورد بەگەل و نەتەوەیەکی ناشارستانی و شاخی و بێمێژوو و بێ جوگرافیا دادەنێن و دەیکەنە پاشکۆی گەلان و نەتەوەکانی تری ناوچەکە. کورد و کوردستان خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە پیرۆزی دروستیکردوون کە لەسورەتی هود و ئایەتی ٤٤ :**

((وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاء وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ)) . **و ئایەتی ٤٨** :((قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلامٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ)).

**بۆیە ئیدی کورد و کوردستان پێویستیان بە گەواهی و پاڕانەوە و بەرگریکردنی هیچ کەس و لایەن و دەسەڵاتدار و زانایەك نیە.**

**بەم شێوەیە ئەم کتێبە لە ناوەخنەکەیدا گەلێك زانیاری وورد و نەبیستراو لەخۆ دەگرێت کە جێگەی ئەوەیە هەموان بیخوێنینەوە و سوودی لێوەربگرین.بەندە حەز و ئارەزوم پاڵی پێوەنام کە ئەم کتێبە دەسبخەم و بیخوێنمەوە و دواتریش بڕیار بدەم کە وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی.ئەوەبوو لە بەرواری ٢٠١٢/٨/٢٩دا دەستم کردە وەرگێڕان و دوای تەنها ٤٩ ڕۆژ و لە ٢٠١٢/١٠/١٨دا تەواوم کرد، لەماوەی ٢٤ ڕۆژی تریشدا بەکۆمپیوتەریش چاپم کرد کە ئەمە بۆخۆی کارێکی سانا نیە بەڵام پەرۆشیم پاڵی پێوەنام کە بەو کاتە کەمە کارەکە تەواو بکەم.بۆ ئەوەی چی زووترە بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیزەوە . بەندە لە وەرگێڕانەکەمدا پەنام نەبردۆتە بەر هێنان و بەکارهێنانی وشەگەلێکی کوردی کە لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەرکارناهێنرێن و بگرە لەبیریش چونەتەوە بۆئەوەی خوێنەر والێنەکەم لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبەکەدا فەرهەنگێکی زمانی کوردیش لەپاڵ خۆیەوە دابنێت و بەدوا هەندێ وشەی کوردی کۆندا بگەڕێت و تام و چێژی کتێبەکەی لێ تاڵ بکەم،هەربۆیە بەزمانێکی سادە و ساکار و بێگرێوگۆڵ کاری وەرگێڕانەکەم**

کردوە بۆ ئەوەی هەموان بە خوێنەرانی ئاستە جیاوازەکانەوە وەکویەك چێژی لێوەربگرن.بەبڕوای من کاری سەرکەوتوو ئەوەیە کە زۆرترین خوێنەر لە ئاستە جیاوازەکان سوودی لێوەربگرن نەك بەتەنها کۆمەڵە کەسێکی هەڵبژاردە. لەم کارەشمدا وەکو هەموو کارەکانی ترم جێگەی خۆیەتی کە سوپاس و پێزانینم دەربڕم بۆ هەموو ئەو دۆست وبرادەر و هاوڕێ ئازیزانەم کە هەمیشە و بەبەردەوامی و لەدوای بڵاوبونەوەی هەر بابەتێکی ڕۆژنامەوانی و هەر کتێبێکم زۆر بە هەستێکی ڕاستگۆیانە و پەرۆش و دڵسۆزانەوە دەست خۆشیان لێکردوم و هانی زیاتریان داوم بۆ بەردەوام بونم لەکارەکانمدا و هەر ئەو هەست و سۆز و هاندانانە بونەتە هۆی سووربون و بەردەوامبونم لەکاری نوسیندا.

بەهەمان شێوەش سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو دۆست و هاوڕێیانم و خوێنەرانی بەرهەمەکانم بۆ ڕەخنە و پێشنیاز و ڕاوبۆچونە بنیاتنەرەکانیان کە ئەوانیش هاندەرێکی بەهێزترم بون بۆ بەردەوام بون و سوودی زۆرم لە ڕاوبۆچونەکانیان وەرگرتوە.بەهیوای ئەوەی کە توانیبێتم بەم کارەشم بۆشاییەکی بچوکم لە بواری وەرگێڕاندا لە کتێبخانەی کوردەواریدا پڕکردبێتەوە و خشتێکی بچوکیشم خستبێتە سەر دیواری تەلار و کۆشکی ڕازاوەی زمانی کوردی. خوازیاریشم گەر هەر زاراوە و بڕگە و پەرەگرافێك کە نەمتوانیبێت وەك خۆی و پڕ مانا وەربگێڕم بمبورن و لەهەڵە و کەموکوڕیەکانم چاوپۆشی بکەن چونکە تەنها پەروەردگار خاوەن تەواو کەماڵە و بێ کەموکوڕیە.(( الکمال لله)).

لەگەڵ ڕێزی.......

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

**٢٠١٢/١٠/٢٠**

Nawzad_mohandis@yahoo.com
Nawzad_mohandis@hotmail.com

# بیست ساڵ لە (( سەرکێشی ))

===================

## پێشەکی بۆ چاپی یانزەهەم

نەمان و دەستنەکەوتنی هەر کتێبێك لە بازاڕدا لەماوەی چەند مانگێکدا لە جیهانی کتێبدا کارێکی ئاساییە ،دواتر لە چاپدانەوەی بۆ جارێك و دووجار یان زیاتر لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەمیش هەر کارێکی ئاساییە،بەڵام کتێبێك ٢٠ ساڵ بژی و لەو ماوەیەدا چەند نەوەیەك دەستاودەستی بەدەهەمین لە چاپدانی بکەن ،ئەمەیان کارێکی دەگمەنە کە ڕوویدابێت،جائەم کارە دەگمەنە لە کتێبی ((یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ )) ڕوویدا کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٦ دا ئەنجامدراوە، لە ئێستاشدا چاپی یانزەهەمی لە چاپخانە دەردەچێت کە ئێمە لە ساڵی ١٩٩٦ داین. لەدوای هەر نۆبەتێکی چاپی نوێ بە خۆمم دەگوت ئەمە دواجارە،بەڵام دوای ساڵێك یان دووان سەرم دەسوڕما کاتێ بڵاوکار داوای لێدەکردم کە مۆڵەتی بدەم جارێکی دیش کتێبەکە لە چاپ بداتەوە. بەمەش چاپە نوێیەکە جێگەی چاپە کۆنەکانی دەگرتەوە کە لە ڕووکاری کتێبخانەکاندا نەمابون ،ئەم کتێبە ڕێگەی نەدەدا کە لە جێگەکەی خۆی بجوڵێت لەنێوان سەدان کتێبدا کە سەردەکەون و دادەبەزن لەسەر تاقی کتێبفرۆشەکاندا.

کارێکی سروشتیە کە نوسەر هەست بە ڕازیبون بکات لەسەرکەوتنی کتێبەکەی ،بەڵام لەدوای ماوەیەك ئەم ڕازیبونە لەلام گۆڕدرا بۆ سەرسوڕمان و دۆشدامان.دوای بڵاوبونەوەی دەگوترا کە ((یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ))بۆشاییەکی لە کتێبخانەی عەرەبیدا پڕکردۆتەوە، کە هەر ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنی بوو.بەڵام بۆچی دوای ئەم هەموو کاتە بە زیندوویی مایەوە سەرەڕای ئەو شەپۆلی کتێب نوسین و وەرگێڕدراوانە کە هاوزەمانی دەرچوونی ئەم کتێبە بوون؟ئەو پێویستیە چییە کە ئەم کتێبە پڕی دەکاتەوە هەتا ئێستا؟بەڕاستگۆیی پێتان دەڵێم کە نازانم،هەرچەندە هەندێ بۆچوونم لا گەڵاڵە بووە.دوای سەرسوڕمان و

دۆشدامانم،لەم دواییانەدا جۆرێك لە ئێرەیی ودڵپیسیشم لەلا دروستبوو،واملێهاتوە کە ئێرەیی بەو گەنجە دەبەم کە دەستیکرد بە ئامادەکردن بۆ (( سەرکێشی )) کە تەمەنی لە خوار ٣٠ ساڵانەوە بوو،کاتێك دەگەڕاو دەپاڕایەوە بە سەرسامیەوە لەنێوان ڕەفە و ناونیشانەکانی کتێبخانە گەورەکان لە بەریتانیا و ئەمریکادا،لە کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانی بۆ کتێبخانەی پەیمانگای ڕۆژهەلاتی لە زانکۆی شیکاگۆ،بیرۆکە سەرەتاییەکانی لە چاپخانەکانی گۆڕەپانی بیکادیللی لە لەندەندا تۆمار دەکرد. لەسەر شۆستە و چیمەنی باخچەکانی واشنتۆنی پایتەختدا،پەیوەندی دەکرد بەو دانەر و نوسەرانەی کە دەیتوانی پەیوەندیان پێوە بکات کە بەرهەمەکانیانی خوێندبونەوە و خۆشیشیویستبوون، هیچ نەدەپرینگایەوە لە لێدانی دەرگای هیچ کەسایەتیەکی زانستی کە پێگەی هیچی کەمتر نەبوو لە ئارنۆڵد توینبی کە لەماڵەکەی خۆیدا لە لەندەن پێشوازی لێکرد.بەو پەڕی خۆ بەکەمزانینەوە گوێیلێدەگرت و وەلامی هەموو پرسیارێکیشی دەدایەوە،لەهەمان کاتیشدا تێکەڵی خوێندکارە توڕە و یاخیبوەکانیش دەبوو. لەشەقامەکانی واشنتۆن و لەچواردەوری کۆشکی سپی و کۆنگرێس و لە کەناری بۆتاماکدا،کە ئەوان کۆتا شەپۆلی شۆڕشەگەنجەکانی بوون کە لە پاریس لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕاپەڕین ،کە دەنگدانەوەکانی بەکاریگەری جەنگی ڤێتنام لەوبەری زەریای ئەتڵەسیدا تا سەرەتای ساڵی حەفتاکان دەبیسران.

گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و بەشداری دەکردن لە ڕێپێوانە قەرەباڵغەکانیاندا کە دژی جەنگ دەنگیان بەرز دەکردەوە و داوای ڕاگرتنیان دەکرد، و گوێی لە خەونەکانیشیان دەگرت دەربارەی گۆڕینی جیهان و چەسپاندنی بنەمای نوێ لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا.

لەبەرئەوە،کتێبەکەی پڕە لە تێکەڵەیەك لە توڕەیی شەقام و بێدەنگی کتێبخانەکان، لە بۆنی ئارەق و بۆنی کاغەز،پێدەچێت لەبەرئەوە بێت کە گەنجان زیاتر لە کەسانی ترخۆشیان دەوێت.یان هەر لەبەرئەوە بێت کە کتێبەکە لە دوای ٢٠ ساڵ لە دەرکەوتنیشی هەر پێویست بێت.

بەلاَم بۆچی ئێرەیی ؟چونکە کتێبەکە بەرهەمی سەرکێشیە و زانیاری کەم بوو لەسەرەتاکانی یەکەمیدا،کە هەر ئەو سەرکێشیە بوو کە دواتر ئاڵۆزتر و فراوانتر بوو لە کتێبەکانی داهاتوومدا،لەگەڵیشیدا پانتایی پرسیارەکانیش ئاڵۆزتر و فراوانتر بوون.لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە(( سەرکێشیەکە)) لە پێش براکانیەوە مایەوە،لە منداڵی بچوکی بزێو دەچێت کە پاڵەپەستۆ بۆ لادانی قبوڵ ناکات، پێدەچێت چیدی خۆشەویستیم بۆ شۆڕش و ڕۆچوون بەو تێکەڵییە بەدیار نەکەون.یان شۆڕش لەلام چیدی ڕۆشنایی ڕۆچوون و بیرکردنەوەی نەمابێت،لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستم لە پێویستی نوسین نەگۆڕاوە،من باوەڕم وایە کە نوسین پێویست نیە گەر لە ڕەخنەی بەردەوامەوە هەڵنەقولاَبێت لەوەی کە دەیزانین و لایەنگیری دەکەین.لە ڕێکەوتی هەمیشەیی چاوەڕوانکراویش ئەوەیە کە سەرکێشی سام و ترسی نیە بەرەو نادیار، ترسمان لە لادروست دەکات بە شێوەیەکی نا ئاسایی.

هەروەك خوێنەر لە پێشەکی چاپی حەوتەمی کتێبەکەدا دەبینێت،کە چۆن ((یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ)) ڕووبەڕووبونەوەی یەکلاکەرەوەی لە نێوان من و خۆیدا بردۆتەوە. کاتێك ویستم کە هەوڵی چێکردنی چەند ڕاستکردنەوە و زیادکردنێك بدەم،دواتر پاشگەزبومەوە. بەمەش خوێنەری کتێبەکە گرەوی بردەوە بەوەی کە دەیویست وەکو چۆن هەیە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا.ئەم چاپی یانزەهەمە و ئەوەشی کە بەدوایدا دێت پێشکەش بە خوێنەران دەکەم لەگەڵ هەموو خۆشەویستی و سوپاسگوزاری و پێزانینێکمدا.

**فراس السواح**

# گفتوگۆیەك

## پێشەکی بۆ چاپی حەوتەم

ئەوە هەستێکی نامۆ و جوانە،ئەو هەستەی کە دانەر دادەگرێت دوای ئەوەی کە لاپەڕەی کتێبەکەی هەڵدەداتەوە کە تازە و بەگەرمی و تەڕی لە منداڵدانی سارد و ڕەقی چاپخانەدا دەرچووە.هەر وشەیەك لە وشەکان و هەر بیرۆکەیەك لە بیرۆکەکانی کتێبەکە کە دانەر ململانێی ئەکرد و ئەویش ململانێی دانەری دەکرد و ئەم ڕایدەکێشا و ئەوانیش ڕایان دەکێشا بەدرێژایی شەوە ئارەقاویەکان،هەمویان دەگەڕێنەوە بۆ دانەر بەهەمان هێندەی گەڕانەوەی بۆ خود و جیهان و ژیان و لۆژیکی تایبەتی خۆی.

کتێب،وەك منداڵێکی تازەبوو وایە کە دەگەڕێتەوە بۆ دایك و باوکی بەهێندەی خۆشیبینی بە خودێکی سەربەخۆی ڕاستەقینەوە،لاشەیەکی سەربەخۆش،ژیانێك کە لێدەدا لە خۆیەوەبۆخۆی .بەتێپەڕبوونی ڕۆژگاریش ئەم جیابونەوەیە ڕەگداکوتراوتردەبێت و سەربەخۆییەکەش ڕوونتر و چەسپاوتر دەبێت. هەموو گەڕانەوەیەکیش بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبەکە ئەم ڕاستیە بۆ دانەر دووپات دەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان خەیاڵێك یان کەوتنە خوارەوەیەك نیە.دوای ئەوەی کە کتێبەکە دەستا و دەستپێدەکرێت و ئەقڵەکان دەیبینن، باڵای توندو تۆڵتر دەبێت و ڕێگایەکی تایبەت بۆخۆی دەکاتەوە لەناو ئەو جەنجاڵی و تەوقدراویەدا،بەمەش جێگەیەك بۆخۆی دەگرێت لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگادا و لە ویژدانی ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکات و بە بەڵگە دەیهێنێتەوە، جا سەرەتاکەی پەسەند دەکات یان هەندێکی،یان دژایەتی دەکات بەمەش هەڵوێستی جیاواز و بیرۆکەی نوێ، وپێچەوانەی لا دروست دەکات.

لەدوای چەند ساڵێك، گەر دانەر چووەوە سەر سەرکێشیەکەی دوای دابڕانێکی دوورو درێژ،ئەوا پاشماوەی ئەو منداڵە تازەبوە نازهەڵگیراوەی تیادا بەدیناکرێت. بەڵکو بونەوەرێکی خاوەن توانا و خۆبەدەستەوەنەدەر دەبێت بۆ گۆڕان و

**جێگۆڕگێ کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات وەك دوو ووتوێژکاری بەرامبەر بە یەکتر و سەربەسەر.**

**ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە لەمن ڕوویداوە کاتێك دیمەسەر ((یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ)) بۆ چاپی حەوتەم. کاتێك ویستم هەوڵێك بۆ ڕاستکردنەوە یان زیادکردنێك بدەم لێرە و لەوێی کتێبەکەدا، بەڵام ئەو ڕەتیدەکردەوە و ڕێگای نەدەدا، بەرەوڕووم دەبۆوە بە لۆژیکێکی ناوخۆیی یەکگرتووەوە،بە دیوارێکی یەکگرتوو پتەوەوە کە ناتوانیت بەردێکی لێدەربهێنیت یان لێی زیادبکەیت،بەبێ ڕوودانی درزێك کە هەڕەشە لە پتەوی و جێگیریەکەی بکات. هەربۆیە پاشەکشەم هەڵبژارد و مافی ژیانێکی سەربەخۆم دایە کە خوێنەران خۆیان بڕیار بدەن بە چ ڕادەیەك وەڵامدەرەوە بوە لەگەڵ ژیانیاندا و ڕێچکەی بیرکردنەوەیاندا لە نۆبەتی چاپی حەوتەمدا.**

**تاکە شتێك کە حەزدەکەم وەڵامی بدەمەوە ئەوەیە کە هەندێ کەس وایان داناوە کە تەوەری سەرەکیە لە کتێبەکەدا بەڵام واش نیە. جابەهۆی هەڵوێستی لەپێشینەی کەخاوەنەکانیان بەدوای بەڵگەیەکدا دەگەڕێن بۆ پشتیوانیکردنی بیروڕاکانیان، وایان داناوە کە ((یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ)) کتێبێکە بۆ ڕەخنەگرتنی بیری ئاینی بەگشتی،بەڵام ئەوە زۆر دوورترە لە ئامانجەکانم لە کتێبەکەدا،لە وتووێژێکم لەگەڵ گۆڤارێکی عەرەبیدا ئەم دەقەم وتوە:**

**(( هەموو کاتێك پەرۆشیم گەڕان بوە بەدوای یەکێتی ئەزمونی ڕۆحی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو،بە چاوپۆشیکردن لەسەرچاوەی ئەزمون و شارەزایی ئاینی،ئایا ئەوە لە بنچینەی ئەوەیە کە بەدوامەوەیە یان بەرهەمی ئەزمونی مرۆڤایەتی و ڕەنجی ڕۆحیە)).لەم هەڵوێستەمدا هەندێ پرسیاری یەکێك لە سۆفیەکان هەیە کاتێك لە خواکەی دەپاڕێتەوە و دەڵێت: (( کێ لە ئێمە چواردەوری صەومەعەکەی گرتوە( صەومەعە: جێگەی خواپەرستیە بە تەنهایی) لە هاوڕێکەی ؟)) بەو مانایەی کە ئایا شارەزایی ئاینی مرۆڤ بریتیە لە سەرتاپاگیری و والاکردنی توانای خودایی بۆ مەبەستەکانی،یان بریتیە لە ڕەنجی مرۆڤ بۆ دەستلێدان و هەستکردن بەمەبەستەکانی توانای خواییەوە؟. وەڵامی ئەم پرسیارە بریتیە لە ئەزمونێکی تاك**

و تەنهایی کە هەر یەکێك گینگڵیپێوەدەدا لە تەنهاییدا،ڕێگە بەخۆم نادەم کە کردەوەیەکی منداڵئاسای بەسەرەوە بکەم بەوەڵامدانەوەیەکی کورت کە هەندێ کەس ببورێت لە سەربەستی ئارەقکردنەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی دڵ ئارامی خوازراودا دایانبنێم. لەلایەکی تریشەوە بەبڕوای من جۆری وەڵامەکەش کاریگەری نابێت،لەسەر گەوهەر و ناوەڕۆکی ئەزمونی ئاینی و قوڵیی و بەرئەنجامەکانی لەلای تاك. پێگەیشتنی خودایی بۆ مرۆڤی وەستاو بە درێژایی مێژووی ڕۆحی مرۆڤ،ئەوەش بە چاوپۆشین لە (( کێ چواردەوری صەومەعەکەی لە هاوڕێکەی گرتووە)).

ئەو ئاینانەی کە ئێستا ماون،بریتین لە بەرهەمی بەدەرخستنی توانای خوایی لە مەبەستەکانی. بەڵام،ئایا هەموو ئەزمونێکی ئاینی بە ساختە ناوبەرین بۆ ڕۆشنبیریەك کە ڕەنجی داوە بۆ ناسینی مەبەستەکانی توانا خواوەندیەکان بەبێ هاوکاری لە سروشەوە؟ زۆرترینی ئەو کەسانەی کە پابەندن بە پیت بە پیتی دەقە پیرۆزەکانەوە ناتوانن وەڵامی بەڵێیەکی تەواو ڕاست و دڵنیاکەرەوە بدەنەوە بۆ ئەو پرسیارە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە،پەنا دەگرم لەو بوارەدا بە هاوڕێکەم و هاوڕێی هەموو ئەوانەی کە خوێندویانەتەوە، نوسەری یۆنانی((کزانتراکس)) کە لە بیرەوەریەکانیدا گێڕاویەتیەوە ئەویش گرتەیەکی زیندووە کە لێرەدا دەیگێڕمەوە کە لەلایەن هاوڕێمەوە مەمدوح عەدوانەوە وەرگێڕدراوە:

(( لەناوەڕاستی پاشماوەکانی کۆشکێکی کۆندا وەستاوین لە نزیك پایەیەکی چوارگۆشەی دروستکراو لە گەچی لوسکراو کە لە لوتکەکەیدا هێمای پیرۆز هەڵکۆڵرابوو:تەورێکی دوو دەم. کە باوك هەردوو دەستی لە خۆگرتبوو لەگەڵ نوشتانەوەی ئەژنۆکانیدا بۆ ساتێك و لێوەکانی دەجوڵاند وەکو ئەوەی کە نوێژ بکات. سەیرم لێهات و پرسیارم لێکرد: ئەوەچیە – نوێژ دەکەیت؟. وتی : بەڵێ ئەی هاوڕێ گەنجەکەم هەموو گەلێك و هەموو سەردەمێك خوا بیروباوەڕ و تێگەیشتنێکی تایبەت بەخۆی دەداتێ. بەڵام لەدوای هەموو دەمامکەکانەوە و لە هەموو سەردەمێك و لە هەموو نەژادێکەوە بە تەنها خوا وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**خوا هەمیشەییە و ناگۆڕێت.لای ئێمە خاچ هێمایەکی پیرۆزە و لای باو باپیرانی تۆش لە کریت تەوری دوو دەم پیرۆز بووە.بەڵام من هەموو ئەو سیمبولە لەناوچووانە وەلاوە دەنێم و خوا هەست پێدەکەم لەدوای خاچ و تەوری دوودەمەوە. هەستیپێدەکەم و ڕێزیلێدەگرم و بۆی دەچەمێمەوە)).**

**دیمەشق**

**١٩٨٨/١/١**

## دەروازە

**کاتێك کە منداڵ بووین ،مامۆستای وانەی جوگرافیا باسی لە بیردۆزەی لاپلاس بۆ دەکردین دەربارەی دروستبوونی گەردوون و پێکهاتنی جیهانەکان لە بارستایی دوکەلاًویی یەکەمی و گۆڕانکاریەکانی.ئێمە هەمیشە دەربارەی ئەو بیردۆزە لە گفتوگۆ و دژ بەیەکیدا بووین.هەندێ دەیانگوت ئەوە شتی پڕوپوچە و لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا یەکناگریتەوە کە دەڵێت ئاسمانەکان و زەوی لە ٦ ڕۆژدا دروستکراون،هەندێکی تر دەیانگوت ئێمە لە سەر دەمێکداین کە ناتوانین چاو بپۆشین لە ڕاستی دۆزراوە زانستیەکان، بە بیانوی دەستگرتن بە دابونەریتی ئاینیەوە.لەبیرمە ڕۆژێك ڕۆیشتم بۆلای باوکم تا پرسیاری لێبکەم کە چۆن خوا لە ماوەی ٦ ڕۆژدا جیهانی دروستکردوە،لەکاتێکدا زانست دەڵێت گەردوون بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و بە تێپەڕبوونی ملیارەها ساڵ دروست بوە؟ئەمە گفتوگۆیەکی درێژ بوو کە تا درەنگانی شەوێکی درێژی زستانەی دەخایاند.باوکم قورئانی پیرۆزی کردەوە و هەندێ ئایەتی بۆ خوێندمەوە کە ئەم ئایەتەم لەبیرە:**

((يُدَبِّرُ الأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ) ١.

((تَعْرُجُ الْمَلائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ)) ٢.

**دواتر وتی: درێژی ڕۆژێك لەو ٦ ڕۆژە چەندە کە خوا گەردوونی تیادا دروستکردووە؟**

**ئایا هەزار ساڵ بوە وەك ئێمە دەیبژێرین،یان ٥٠ هەزار ساڵ یان ژمارەیەکی ساڵی تر تەنها خوا دەیزانێت؟.**

**ڕۆژی دواتر چووم بۆ قوتابخانە بە هەندێ بیروبۆچوونی نوێوە کە هەوڵمدا لە چوارچێوەیاندا بیروبۆچوونە دژ بە یەکەکان لە یەکتر نزیك بکەمەوە.ڕۆژان تێپەڕی، زانیمان کە بیردۆزەی لاپلاس چیدی بەکەڵك نایەت بۆ ڕاڤەکردنی دروستبوونی یەکەمی و بیردۆزەی تر جێگەیان گرتۆتەوە.کارێك کە پەیوەستە بەو گفتوگۆ**

---

**١. سورەتی سوجدە ٣٢ ئایەتی ٥.**

**٢. سورەتی معارج ٧٠ ئایەتی ٤.**

کۆنانەوە،بریتی بوو لە گرنگیدانم بۆ بەدواداچوونی هەواڵی دۆزینەوەکان و گریمانە زانستیەکان هەروەکو خۆیان مانەوە.کە تایبەت بوو بە سەرەتای پێکەوەنانی توخم و جیهانەکان و ژیان ،ئەو مەبەستانەشی کە بێگیان و ئاژەڵەکان هەوڵیان بۆ دەدەن.پێدەچێت هەر ئەو گرنگیدانە بێت کە ڕایکێشام بۆ جیهانی ئەفسانە،کاتێك بینیم گەڕان بەدوای سەرەتاکان و مەبەستەکان،خەمێکی سەرەکین لە خەمەکانی. بیردۆزەی لاپلاس و گفتوگۆکانم وەبیردەهاتەوە و پرسیارم دەکرد:بیردۆزەیەکی گەورە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ جێگەی خۆی گرتبوو لە پانتایی زانستدا و دواتر وەلانرا. کەواتە جیاوازی چیە لەگەڵ ئەفسانەدا؟. ئایا ڕۆڵی ئەفسانەکانی دروستبونیش، هەر بیردۆزە نەبوون بۆ هەستان بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوە؟ ئایا هەوڵێك نەبوون لە ژیریەوە،لە دروستبونیدا، بۆ بەرەنگاربونەوەی پرسیارە گەورەکان کە لێی دەکرێت؟

مرۆڤ هەمیشە و بە بەردەوامی هەوڵیداوە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی جیهان و ژیان و سەرەتاکان، کۆتایی و مەبەستەکانیشی سەرقاڵیکردوە.هۆکاریشی بۆ ئەوە پەیوەستە بە قۆناغە مێژووییەکەوە بۆ پێشکەوتنی لە ڕووی ژیری و دەرونیەوە.لەوبڕوایەدام لەسەرەتادا ٣ کە جیهان بەهەموو سیما جیاوازەکانیەوە ملکەچ دەبێت بۆ پەیوەستبوون و یاسا و بنەما گەلێکی دیاریکراو،هەروەها بڕوام وایە کە زانیاری بەو پەیوەستبون و بنەمایانەوە، یارمەتیدەدات بۆ دەستبەسەراگرتنی بەسەر سروشتی دەوروبەریدا وملکەچپێکردنیشی بۆ خواست و بەرژەوەندیەکانی.بۆ نمونە ئەو دەتوانێت باران ببارێنێت –لەڕێگەی پیادەکردنی جادووی دیاریکراوەوە، وا لە سروشت دەکات کە بەناچاری وەڵامی بداتەوە، هەروەك چۆن دەتوانێت نەخۆشەکان چاك بکاتەوە،بەسەر دوژمناندا زاڵ ببێت،بەهەمان ڕێگاش خۆی لەکارەساتە سروشتیەکان بپارێزێت.کە بەدرێژایی سەدەکان لای کۆبونەتەوە،کۆمەڵێك لە بنەمای زێڕین کە بەکۆمەڵی و بەسەر یەکەوە بەشێکی تەواو لە جادوو پێك دەهێنن. مرۆڤ لە پیادەکردنی ئەو ڕێوشوێنانەدا،

———————————————————————

3.sir James Frazer .the Golden Bough, mcmillan.newyork,1971 chapter IV.

**هاوکاری و یارمەتی لەهیچ یەکێ لەو هێزە لەڕادەبەدەر یان خواییانەوە وەرنەگرتوە،لەو بڕوا ڕەهایەوە کە بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکان ملکەچی یاسایەکی دیاریکراوە.کە هەر بۆخۆی بەشێکی بنەڕەتیە لە خودی سروشت ،نەك لەدەرەوەیدا بێت یان لە سەروو سروشتەوە بێت.**

**مرۆڤ ناچار بوو،لەدوای مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ لە دەردەدڵ و ئازار و شکستهێنان لە دەستبەسەراگرتنی بەسەر چوار دەورەکەیدا بە زانستە ساختەکەی کە (( جادوو)) بوو،ڕوویکردە ئاین ٤ .جاگەر تائێستا جیهان ملینەدابێت بۆ مرۆڤ،وەجێگیر مابێتەوە و ملکەچ نەبوبێت بۆ ئەو پەیوەستبونە هەڵبەسراوانە،کەواتە دەبێت هێزگەلێکی بالاْدەست و لە ڕادەبەدەر هەبن لە پاش ئەو سیما بلاْوەی ئەو جیهانەوە،هێزگەلی خواوەندی جیاوازی کاریگەر تیایدا،و پێویست دەکات کە گەردوون توخمێکی ئاشکرا بێت بۆ ئەو توانا خواوەندیانە و سیمایەکیش بێت بۆ چالاکی و هێزە بەردەوامەکانی.بەمەش قۆناغێکی نوێ سەریهەڵدا کە جیا دەکرێتەوە بەنزیك بونەوە لەو هێزانە و ڕاکێشانی سۆزیان،هەوڵدانیش بۆ تێگەیشتنی ئارەزوەکانی و میکانیزمی کارکردن و مەرجەکانیشی. ئاین دەرکەوت و بەهەردوو لایەنەکەشیەوە پێشکەوت: بەشی یەکەمی بڕوابوونە کە ئەفسانە بەکاردێنێت وەك هۆکارێك بۆ زانین و دۆزینەوە و تێگەیشتن، بەشی دووەمیش کەش و هەوایە ، ئامانجی ڕازیکردنی خواوەند و پەرستنێتی. جا ئەفسانە، بەم حاڵەیەوە، بریتیە لە بیرکردنەوە لە هێزە سەرەتاییە کاریگەرەکان،بزر لەدوای ئەو سیما دیارەی جیهانەوە و چۆنێتی کارکردن و کاریگەریەکانی، پەیوەندیشی لەگەڵ جیهان و ژیانی ئێمەدا. ئەمە سیستەمێکی تێگەیشتوو و گونجاوە بۆ بوون،کە مرۆڤ بڕوای پێبکات و پێگەی ڕاستەقینە و ڕۆڵی کاریگەریشی،ئەمە چوارچێوەیەکی لە پێشینە و هۆکارێکی دێرینە کەخۆشی تیادا بدۆزێتەوە، بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤی داهێنەر،دروستکەر،کە ڕابەرایەتیمان**

---

**٤. سەرچاوەی پێشوو.بەشی حەوتەم.**

دەکات بەدرێژایی ڕێگا سەختەکە. کە کۆتایی هات بەزانستی نویٚ، ئەو دەسکەوتانەی کە شارستانێتی ئەمڕۆمان شانازی پێوە دەکات.

بیری مرۆڤایەتی لە جوڵە و تێکۆشانێکی بەردەوامدایە و لەیەك چوارچێوەدا نامێنێتەوە، و هێور و ئارام نامێنێتەوە لە جێگەیەکدا،یان لایەنگیری زانیاریەك ناکات بەشێوەیەکی ڕەها و وابزانێت کە پوچەڵ نابێتەوە. ئەو لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە کە هەمیشە ئەوە تێپەڕ دەکات کە پێیگەیشتوە.هەربۆیە ئەفسانەش لە ژێر چەکوشی فەلسەفەدا هەرەسی هێنا،سوقراتیش ژەهرخوارد کرا لە بەرامبەر دەستدرێژکردنی بۆ سەر خواوەندی یۆنان ، دوای ئەو ئەفلاتون و ئەرستۆ کارەکەی ئەویان درێژە پێدا.هەردوو ئاینی مەسیحیەت و ئیسلامیش هاوکاریان لەگەڵ فەلسەفەدا کرد. مەسیحیەت هەندیٚ ئەفسانەی بنەڕەتی پەسەندکرد، کە پەیکەری خۆی پێبیناکرد.وەك ئەفسانەی دابەزینی خواوەند لە ئاسمانەوە و مردنی و زیندووبونەوەی،دواتر،سەرکەوتنەوەی بۆ ئاسمان. ئەوەی کە مایەوە لە ئەفسانە کۆنەکان ڕووخاندنی.بەڵام ئیسلام هەندیٚ لەو شتانەی لە ئەفسانەدا هاتبوون جێگیرکرد،و لە شێوازێکی تەواو جیاوازدا پێشکەشیکردنەوە،و گەڕاندنیەوە بۆ بنەچە ئاسمانیە کۆنەکەی،پێش گۆڕانکاری وتەکان لە جێگەکانیاندا، بەهۆی تێپەڕبوونی کات یان خراپی پێچانەوە و هەڵگرتنیان،دواتر ڕێکخستن و دروستبوونی بەرنامەی زانستی لە سەرەتای سەدە نوێیەکاندا بوە هۆی گاڵتەجاڕیکردنی تەواو بە ئەفسانە و دایانبەزاندە ئاستی چیرۆکە خۆشەکان،کە توخمە بزرەکان لە خۆدەگرێت کە لەگەڵ بیرۆکە زانستیە ڕاستەکاندا یەك ناگرنەوە،هەروەك چۆن زانست لە هەندیٚ قۆناغیدا بانگەشەی زاڵ بوونی بەسەر فەلسەفە و ئایندا پێکەوە دەکرد.

بەڵام سەدەی نۆزدەهەم، لە ئەوروپا، لەگەڵ خۆیدا شۆڕشێکی هونەری و جوانی هێنا، کە وایکرد ئەفسانە باق و بریق ودرەوشانەوەکەی بۆ بگەڕێتەوە وەك شێوەیەکی هونەری دەربڕین و بەرجەستەکردن( تەعبیری ) لە شێوەکانی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی، دوای ئەوەی کە ڕابەرانی سەدەی ڕۆشنگەری لەسەدەی هەژدەهەمدا سڕیانەوە، بەم شێوەیە ئەم گێڕانەوەی گرنگیە تەنها وەك قۆناغی

یەکەم وابوو،هێندەی نەخایاند کە ڕۆمانسیەکان هەنگاوی لەوە دوورتریان هاویشت لە تێڕوانینیان بۆ ئەفسانە ،و وایان دانا کە بنچینەی هونەر و ئاین و مێژووشە،و بوو بە چاوگەیەکی دەوڵەمەند و ئیلهامبەخشیش بۆیان،دواتر زانستە مرۆڤایەتیەکانیش ڕوویان تێکرد،لەپاش سیما دیارەکانی ئەفسانەوە دەگەڕێت بۆ سیمبولە شاراوەکان و مانا قوڵەکان کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ و هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆحی و دەرونی و میکانیزمی بیرکردنەوەو سۆز و پاڵنەرەکانیشی.وە بابەتێکی زۆر گران بەها کە ناتوانرێت بنرخێنرێت پێشکەشی تاقیگەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەنترۆپۆلۆژیەکانی کرد.وە بوە چاوگێکیش بۆ زانستەکان دوای ئەوەی کە لەزانستەکانەوە وەریگرت و لە پشتگوێخستنیەوە دەسینەکەوت.لەپاڵ ئەوە و ئەمەشدا لقێکی نوێ لە لقەکانی زانست دەرکەوت.کە گرنگی دەداتە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ئەفسانەکان،کە ناودەبرێت بە میتۆلۆژیا MYTHOLOGY کە بەشی یەکەم لەوشەکە MYTHO وەرگیراوە لە وشەی یۆنانی MUTHO کە بەمانای چیرۆکی کۆن دێت دەربارەی خواوەند و پاڵەوانەکان ٥ .بەڵام بەشی دووەم LOGY بەمانای ((زانست ))دێت.کە ئەم وشەیەی کۆتا لە ئێستادا زۆر بەکاردێت بۆ هێماکردن بۆ زانستە جیاوازەکان،وەك دەڵێن سۆسۆلۆژیا یان بایۆلۆژیا،هەروەك چۆن میتۆلۆژیا بەمانای کۆمەڵێك ئەفسانەی تایبەت بە گەلێك لە گەلەکان دێت ٦ ،وەك دەڵێن میتۆلۆژیای سوری یان میتۆلۆژیای ئیگریکی ئەمەو میتۆلۆژیای نوێ گرنگی دەدات بە ناساندنی ئەفسانە و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دروستبوونی و ڕاڤەکردنی و لێکۆڵینەوە لە ئەرکە دەروونی و ئایدیا و کۆمەڵایەتیەکانی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستامان، قوتابخانەی جۆراوجۆر دەرکەوتوە و، دەریشدەکەوێت کە ئامانجیان پێشکەشکردنی بیردۆزەی سەرتاپاگیر و تەواوە بۆ ڕاڤەکردنی ئەفسانە و دەرخستنی ئاماژە و هۆکار و ئەرکەکانێتی،بەڵام گەلێك لەو

---

5.G.skrik،Myth،pelican Book.1977 p 22.

٦. سەرچاوەی پێشوو ل ٢١.

قوتابخانانە کەوتونەتە یەکلایەنە بینینەوە،هەوڵیان داوە کە بیردۆزگەلێکی کۆکراوە و داخراوە پێشکەش بکەن.لەو بڕوایەدام کە بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەفسانەیان چواردەور داوە و خستویانەتە تۆڕێکی ڕاڤەکردنی سەرتاپاگیر و کۆکراوەوە.لێرە بەدواوە هەڵدەستم بە خستنە ڕووی بەش بە بەشی،ناکۆکراوە، بۆ گرنگترین ئەو قوتابخانە و ئاڕاستانە.

- **ئەفسانە بەو بۆ چوونەی کە هونەرێکی ئەدەبی و داناییە :**

ئەم ئاڕاستەیە وا سەیر دەکات،کە چۆن ئەفسانە دەیگێڕێتەوە. کە بریتیە لە بارستاییەك لە بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی داهێنەر لە بواری ئەدەبدا.٧ پەندە بچوکەکانی کە داناو ڕیشسپی کۆمەڵێك دەیگێڕێتەوە،ئەوە چەندین جار دەگێڕدرێتەوە.چیرۆك گێڕەوەش هەست و حەزی زۆر و ڕەوایی خۆی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت کە گەرەکێتی زیادکردنێك بخاتە سەر چیرۆکەکە لە بابەتی نویٚ کە هەڵقولاٚوی ئەندێشەی تایبەتی خۆی و بارودۆخە کۆمەلاٚیەتیە نوێکەیە،کە لەچوار دەوری چیرۆك گێڕەوەدایە.کاتێك چیرۆکەکە شێوازی تەواوی خۆی وەردەگرێت،ئەوا توانیویەتی کە ببێتە دەربڕی شێوازێکی هونەری و فکری و ئەدەبی گەلێك لەگەلان.بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوازە هونەریە جیا نابێتەوە لەو ناوەڕۆکەی کە زۆربەی کات بەرەو ئاڕاستەیەکی ڕۆچوون دەڕوات،کە بیردۆزەکان لە هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ئاڕاستەکردنی کۆمەلاٚیەتیدا پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات.

- **ئەفسانە و دیاردە سروشتیەکان :**

ئەم ئاڕاستەیە هەموو ئەفسانەکان دەگێڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی سروشتی پەیوەست بە توخمەکانی سروشتەوە.٨ زۆرێك لە ئەفسانەکان پاڵنەرەکانیان مانگ بوە،ئەو ئەستێرە ئاسمانیە درەوشایەوە،کە هەمیشە ئەندێشەی مرۆڤی

---

7.Philip Freund،Myths of creation،W.H.Allen،london.1964.

8.G.Skirk،Greek Myths.Pelican Book،1977 p 43.

ورووژاندوە،بە قۆناغەکانی و گۆڕانی شێوەکانی و ئاسمانە تاریکەکەی کە تیایدا مەلە دەکات،زۆرێکی تر لە ئەفسانە چڕ دەبێتەوە لە چواردەوری ڕۆژدا،ئەو ئەستێرە تیشکدەرە،کە سەرچاوەی ژیان و گەشەکردن و گەرمیە، هەندێکی تر ئاسمانی بەرز و بێگەرد مەدهۆشی کردوە،کە جێگەی لێووردبونەوەو بیرکردنەوەی قوڵە،هەندێکی تر،دیاردە جیاوازەکانی کەش و هەوا ترساندویەتی وەك هەورە تریشقە و هەورە بروسکە.تەنانەت ئەو ئەفسانانەی کە دوور و نزیك پەیوەندیان نیە بە دیاردە سروشتیەکانەوە،ئەوا ڕاڤەیەکی سروشتی بۆ دۆزراوەتەوە ،لەلای ئەم قوتابخانەیە، دوای ووردبونەوە و گەڕان دەربارەی ڕەچەڵەکوڕەگ و ڕیشە و ڕێگەی پێشکەوتنی و گۆڕانی.

- **ئەفسانە و(( ئایینناسی )) ئیتۆلۆژیا :**

ئیتۆلۆژیا AETIOLOGY ، بریتیە لە لێکۆڵینەوەی هۆکارەکان. ئەفسانە دۆزراوەتەوە بۆ پێشکەشکردنی هۆکارە شاراوەکانی پشت زۆرێك لەو دیاردانەی کە مرۆڤ دەیانبینێت لە جیهانی بەرجەستەدا ٩ .بۆ نمونە ئەفسانەیەکی فلیپینی دەڵێت کەوا جیاوازی ڕەنگاوڕەنگی نەژادە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دروستبوون،کاتێك خوای دروستکەر هەندێك قوڕی داناوە لە ناو فڕندا بۆ دروستکردنی مرۆڤ.لەجاری یەکەمدا خواوەند قوڕەکەی پێش پێگەیشتن دەرهێناوە ئەوا لەم کاتەدا مرۆڤی سپی پێست دروستبووە و لە جاری دووەمدا کەمێك دواکەوتوە لە دەرهێنانی ئەوا قوڕەکە سوتاوە،بۆیە مرۆڤی ڕەش پێست دروستبوەو، لەجاری سێیەمدا قوڕەکە کاتی پێویستی خۆی وەرگرتووە هەربۆیە مرۆڤی فلیپینی زیویی دروستبووە. ئەفسانەی ئیگریکیش دەڵێت،هەرقل لە منداڵیدا خواوەندە هیرا شیری داوەتیّ،لەبەر هێزە گەورەکەی هەستی بە ئازارکردوە لە مەمکیدا بەهۆی توندی مژینییەوە کە وایکردوە خواوەندە هیرا بەهێزی خۆی مەمکەکانی ڕابکێشێتەوە لەدەمی منداڵەکە و بەمەش شیرەکە هەڵبەزیوەتەوە بۆ ئاسمان و بەمەش هەسارەی ناسراو بەڕێگەی شیر دروسبووە.

---

9.ibid p 35.

- **ئەفسانە بەو بۆچونەی کە مێژووە:-**

بەپێی بۆچوونی ئەم ئاڕاستەیە،ئەفسانە،بەرهەمی ئەندێشەیەکی تەنها نیە،بەڵکو وەرگێڕدراوی تێبینیە بەرجەستەکان و نیشانەگرتنەوەی ڕووداوەکانی ئێستایە و دەربڕینی ئەوانە،کە ئەزموون و شارەزایی ڕاستەوخۆی پێشینەکانی بۆ گواستوینەتەوە.١٠ ئەو لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ زەمانێکی ڕابووردوی زۆر کۆن لە مێژووی نوسراو. پێشئەوەی مرۆڤ فێری نوسین بێت،ئەوا مێشك و بیری لە ئاستێکی گەورەی چالاکی و زیندویەتیدا بوە. کە بەکاریهێناوە بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکان بە ڕاستگۆیی نەوە دوای نەوە.١١

لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە نمونەی زۆر پێشکەش دەکەن بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو بۆچوونەیان، لەوانەش ئەفسانەکانی لافاو یان کاولکاری سەرتاپاگیر بەهۆی ئاگری ئاسمانیەوە یان گەردەلولەوە.سەرتاپاگیری ئەم ئەفسانانە و دووبارەبونەوەیان لەلای زۆربەی گەلان،هێمان بۆ ئەزموون و شارەزاییان کە نەژادی مرۆڤایەتی نالاَندویەتی بەدەستیانەوە لە سەرەتایی ژیانیدا.

- **ئەفسانە و ڕێوڕەسم:-**

پێشەوای ئەنترۆپۆلۆجیای نوێ بەڕێز جێمس فرەیزەر، ئەم ئاڕاستەیەی دامەزراند ، سەرەڕای ئەو ڕەخنەیەی کە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیای سەردەم ئاڕاستەی دەکەن،دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٨٠ساڵ بەسەر دەرکەوتنی کتێبە نایابەکەیدا : (( چڵی ئاڵتونی))، ئەوا کاریگەری ئەو داهێنەرە لە ڕادەبەدەرە، تا ئێستا هەرماوە و لەبەرچاوە،بیروڕاکانیشی تا ئێستا جێگەی ڕێزن لەلای زۆربەی کەس فرێزەر دەڵێت ، وە ئەوەشی کاریگەری لێکراوە لە لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە ١٢ کەوا ئەفسانە درێژکراوەی ڕێوڕەسمە،دوای تێپەڕبوونی زەمەنێکی دوور و درێژ بەسەر پیادەکردنی ڕێوڕەسمێکی دیاریکراودا،وە ڕوودانی دابڕان

---

10.Pilip Freund, Myths of creation،W.H.Allen.London 1964.

11.G.S.K.irik،Greek Myths،pelian Book،1977 p29.

١٢. ئەم بیردۆزە ڕاڤەکراوە لەناوەخنی کتێبی فریزەردا.سەرچاوەی ژمارە ٣.

لەگەڵ نەوەکانی کە دایانمەزراندووە،کەش و هەواکە وادەردەکەوێت کە خاڵیە لە مانا و هۆکار و مەبەست، پێویستی بۆی وادەخوازێت کە ڕاڤەیەك و بیانویەکی بۆ دروست بکرێت.ئالێرەدا ئەفسانە دێت و بیانویەك دەدات بۆ کەش وهەوایەکی پیرۆزی کۆن ،کە لایەنگرانی گەرەکیان نیە دووریخەنەوە و لەبیری بکەن و دەستیلێهەڵگرن. بۆ نمونە ، هاوەڵانی دواکەوتەی ئاینی دیونیسۆس، هەستانیان بەخواردنەوەی خوێنی گایەکی زیندوو دوای لەتوپەتکردنی،دواتر خواردنی گۆشتەکەی بەکاڵی،ئەوە کەشێکی کۆنە کە ئەفسانەی مردنی دیونیسۆس لەسەر دەستی تیتانەکان ڕاڤەی کردوە و پارێزگاری لەگەرم و گوڕی و بۆ پێشەوە بردنیشی کردوە. دیونیسۆس هەوڵی ڕاکردن دەدات لە تیتانەکان،کە دوژمنی باوکی بون زیۆس،بەڵام بێهوودە شێوەکانی دەگۆڕێت و ئەوانیش دوای دەکەون،تا ئەیگرن لە شێوەی گادا و دەکەونە سەری و پارچە پارچەی دەکەن و بە زیندوویی دەیخۆن و خوێنەکەشی دەخۆنەوە.

- **ئەفسانە و هۆکاری :-**

ئەم ئاڕاستەیە ، لەلایەن زانای بەناوبانگی ئەنترۆپۆلۆجیا مالینۆفسکیەوە دامەزرێنرا،کە بەشێك لە ژیانی لە لێکۆڵینەوەیەکی تاقیکاریدا بەسەر برد لەگەڵ هۆزەکانی تر و بریاند لە ڕۆژئاوای زەریای هێمندا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا و دادەنرێت بە بەناوبانگترین ڕەخنەگر لە جێمس فرێزەر و هەروەها لایەنگرانی قوتابخانەی دەرونی وەکو فرۆید.

مالینۆفسکی دەڵێت کە ئەفسانە بەدەرنەکەوتوە وەك وەڵامدەرەوەیەك بۆ پاڵنەری زانیاری و گەڕان،وەهیچ پەیوەندیەکیشی نیە بە ڕێوڕەسم یان پاڵنەرە دەرونیە شاراوەکانەوە بەڵکو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی بەرجەستە بوو و ئامانجێتی کە کۆتایی کردارەکی وەدیبهێنێت،ئەفسانە دەگێڕێتەوە بۆ چەسپاندنی داب و نەریتێکی دیاریکراوی خێڵەکی یان بۆ پاڵپشتکردنی دەستبەسەراگرتنی خێڵێك

یان بنەماڵەیەك یان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ...هتد. جا ئەفسانە و ئەم بارودۆخەی بریتیە لە کردارێك لە دروستبوونی و مەبەستیدا.١٣

- **ئەفسانە و کپکردن –فرۆید:**

فرۆید لەکتێبەکەیدا (( ڕاڤەکردنی خەونەکان )) ئەفسانە کەمەرکێشی کردوە،هەروەك زۆرێك لەدواکەوتوەکانیشی ڕاکێشاوە لەو کتێبەیدا کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٥ دا بلأوکرایەوە .١٤ فرۆید وایدەبینێت کە وێکچونێك هەیە لە میکانیزمی کارکردندا لە نێوان خەون و ئەفسانەدا،سیمبولەکانی هەردووکیان لەیەکدەچن،ئەوان هەردکیان لە بەرهەمی کردارە دەرونیە نەستەکانن.لە ئەفسانەدا هەروەك چۆن لە خەونەکاندا،ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئازادانە ڕوو دەدەن لەدەرەوەی کۆت و سنورەکانی کات و جێگەدا.پاڵەوان لە ئەفسانەدا، هەروەك خاوەن خەون وایە،ملکەچی گۆڕانکاری جادوگەرایی دەبێت و هەڵدەستێت بەکردارگەلێکی لەتوانابەدەر.ئەوە پێچەوانەکردنەوەی حەزو خواستە کپکردوەکانن ،لەژێریەکانیەوە دەردەچن،دوور لە چاودێری ژێری بەئاگایی کە ڕۆڵی پاسەوان دەبینێت لەبەردەرگای نەستدا.ئەفسانە و بەم بارەیەوە پڕە لە هێماکان،گەر ڕاڤە بکرێن،ئەوا تێگەیشتنی قوڵمان پێدەدات بۆ دەروونی شاراوەی مرۆڤ و خواستە کپکردوەکانی.ڕاڤەکردنی فرۆید لەم بوارەدا بۆ ئەفسانەی ئۆدیب زۆر بەناوبانگترە وەك لێرەدا باس بکرێت.

هەروەها لە کتێبەکەیدا(( تەوتەم و تابۆ)) ١٥،پێدەچێت فرۆید بەتەواوەتی بڕوای هێنابێت،کە لەماوەیەکی زوودا لە مێژووی مرۆڤایەتی،ڕووداوە دراماتیەکەی ئۆدیب بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ڕوویدابێت،کاتێك کوڕەکان هاوکاریان کرد لە

١٣. ئەم بیردۆزەیە ڕاڤەکراوە لە کتێبی ملینۆفسکی:

Garden city.Newyork.1954،and Religion،Magic.Science،Malinowski

هەندێ لە قوتابیەکانی بەم بیردۆزەیە دەڵێن بیردۆزەی کردارەکی.بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێوە بۆ

cambridge.1922.،A.R.Radcliffe-Brown.the andaman .islanders

١٤.سیگمۆند فرۆید،ڕاڤەی خەونەکان،کتێبخانەی شیکردنەوەی دەرونی،قاهیرە.

15.Sigmond Freud،Totemand Taboo.The Basic Writing،ModernLibrary

N.Y.1938. هەروەهابگەڕێوە بۆ وەرگێڕدراوی بوعەلی یاسین–خانەی حوار،لازقیە،سوریا١٩٨٥

کوشتنی باوکیاندا لەسەردەمی خێڵەکی سەرەتاییدا،لەململانێیەکدا کە پاڵنەرەکەی دەستگرتن بوە بەسەر ژنانی باوکدا،کاتێك ئەوەیان بۆ لوا،هەستی پەشیمانی و گوناه دایگرتن،هەربۆیە ژنەکانی باوکیان لەخۆیان قەدەغەکرد.ئەوە بوە یەکەم یاسا کە دانراوە بۆ مرۆڤ.بەلاّم ئەو ئەزمونە سەرەتاییە،جێگە دەستی دانا لەسەر ویژدانی توخمی مرڤی،هەر ئەوەشە بۆتە بنەڕەت لەدوای هەستکردنی مرۆڤی بۆ ماوە بە هەڵەیەك،هەروەك چۆن بنەڕەتێکی شاراوەیە لەدوای کۆمەڵە ئەفسانەیەك کە دەگێڕدرێتەوە دەربارەی قوربانیەکانی خواوەندی کوڕ .وەك ئەوەی کە مرۆڤ کەفارەتێکی ئاماژەیی پێشکەش دەکات لە ئەنجامی یەکەمین هەڵەی دەربارەی باوك ١٦.

فرۆید دەروازەیەکی فراوانی کردەوە کە تاکو ئێستاکە دانەخراوەتەوە لەبەردەم ڕاڤەکردنی دەروونی بۆ ئەفسانە،دوای خۆشی قوتابیەکانی و ڕەخنە گرەکانیشی درێژەیان بەکاروانەکە داوە وەك نمونەی یۆنگ و ڕانگ و فرۆم و کەسانی تریش.

- **ئەفسانە و نمونەکانی سەرەتا-یۆنگ:**

یۆنگ یەکێك لە قوتابیەکانی فرۆید کە لەهەموانیان زیاتر گرنگی دەدا بە ئەفسانە، و بە قوڵی لێکۆڵینەوەی دەربارە دەکرد و پشتی دەبەست بە گرنگیەکەی و قولاّییەکەی و دورایی ئاماژەکانیشی، بەلای ئەوەوە،هەموو ئەو هەولاّنەی کە دراون بۆ ڕاڤەکردنی ئەفسانە،هاوکارنەبون لە تێگەیشتنیدا،بەڵکو بەپێچەوانەوە بونەتە هۆی زیاتر دوورکەوتنەوە لەگەوهەر و ناوەڕۆکی،و بونەتە هۆی سەرلێتێکدانی زیاترمان دەربارەی.ئەویش هەمان جێپێی فرۆید هەڵدەگرێت لە سەیرکردنی ئەفسانەدا کە بەرهەمی نەستە،بەلاّم بەشێوەیەکی ڕیشەیش لە فرۆید جیاوازە کاتێك کە بڕیار دەدات کە ئەو نەستەی ئەفسانەی لێوەبەرهەم دێت بریتیە لە نەستی کۆمەڵی بۆ مرۆڤ کە ئەمەش پێچەوانەی بیردۆزەی فرۆیدە کە دەڵێت هەردووك ئەفسانە و خەو،توخمە کپکراوە شاراوەکان ئاشکرا دەکەن لەنەستی

---

١٦. سیگمۆندفرۆید،موساویەکتاپەرستی،وەرگێڕانی جۆرج تەرابیشی، خانەی تەلیعە، بەیروت.

**تاکدا،وەئەوە جۆرێکە لەقەرەبوکردنەوە لە جیاتی ئەو حەزانەی کە نەتوانراوە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بهێنرێنە دی.وێنە و ئەندێشەکانی دەرکەوتوو لە خەو و ئەفسانەدا هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ئاگایی تاکی تایبەتیدا نەبوە.**

**لەبەر ئەوە کپنەکراون،ڕاستر ئەوەیە کە بڵێین ژیاوە لە نەستی کۆمەڵیدا،بەڵام دەرکەوتنی لە ڕێگەی تاکەوە بوە، ئێمە کاتێك کە هەناسە دەدەین، ناتوانین بەشێوەی تاك ڕاڤەی ئەو هەناسەدانە بکەین،لەبەرئەوە،دەتوانین بڵێین کە ئێمە لەلایەن ئەو وێنە و ئەندێشانەوە دەستبەسەرکراوین نەك ئێمە خاوەنیان بین.ئێمە هەرکاتێ زیاتر ڕۆچوین بەرەو چینەکانی ژێرەوەی دەروون،هێندەش بەلەسەرخۆیی دوور دەکەوینەوە لە جیهانی تاکی تایبەتی و نزیك دەبینەوە لە زەمینەی هاوبەشی مرۆڤایەتی بۆ نەوەکانی مرۆڤ،تادەگەینە بنکەی دەرون و لەوێدا هیچ شتێك نابینین تەنها جیهان نەبێت زۆر بە سادەیی،دوور لەهەر مۆرکێکی تایبەتی و تاکە کەسی، بە تەواوی وەك ئەوەی کە شیکردنەوە دەکەین بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی لاشەی مرۆڤ،کاتێك توخمی کاربۆنی هەبوو لەلاشەدا دەگەڕێتەوە،بۆ کاربۆنی سروشتی کە هەموو لاشەکانی لێدروست بوە.لەمیانەی هێماکانی ئەفسانەوە،دەبینین کە جیهان قسان دەکات، هەرکاتێکیش هێماکان زیاتر قوڵ بونەوە،ئەوا زیاتر نزیك دەبینەوە لە جیهانبوون و سەرتاپاگیری مرۆڤایەتی.١٧**

- **زمانی لەبیرکراو-ئێریك فرۆم :**

**ئێریك فرۆم(** ERICH FROMM**) کۆتا کەڵەپیاوی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی-لەکتێبەکەیدا ((زمانی لەبیرکراو))** THE FORGOTTEN LANGUAGE **١٨ .لێکۆڵینەوەیەکی قووڵمان پێشکەش دەکات دەربارەی**

______________________________

١٧. بیرۆکەکانی یۆنگ تایبەت بەو بابەتە ڕاڤەکراوە بەشێوەیەکی سانا و ڕوون لەکتێبی:
C.G.Jung.Man and his symbools،newyork.1964. هەروەها بگەڕێوە بۆ وەرگێڕانی
عبدالکریم ناصیف-خانەی منادات،عەمان ١٩٨٧.

18.Erich Fromm،The Forgotten Language Holt،Rinhart and Winston،newyork 1951.

ئەفسانە،سەرچاوەگرتوو لە بیرۆکەی فرۆیدەوە دەربارەی پەیوەندی ئەفسانە و خەو،لەگەڵ جیاوازبونیدا لە تێڕوانینی بۆ ئەفسانە و خەو  کە بریتی بن لە بەرهەمی جیهانی نا ئەقلأنی.ئەقڵ لەباری خەودا کاریش دەکات و بیریش دەکاتەوە، بەلأم بەڕێگە و زمانێکی تر.

کاتێك دەچینە جیهانی خەوەوە ڕزگار دەبین لە قورسایی ئیشوکار و سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانە و دوودڵی  بەئاگایی، سەوڵ لێدەدەین بەرەو جیهانە ناوخۆییەکەمان دوور لە بنەماکانی بەرجەستە،((من)) چەقی بیرکردنەوەمان داگیر دەکات.گەر بە ئاگابوون بانگەشە بێت بۆ کار و کردەوە،ئەوا خەو بانگەشەیە بۆ ڕۆچوون و تێڕامان لەجۆرێکی تایبەت کە زمانێکی تایبەت بەکار دەهێنێت کە بریتیە لە زمانی هێما.خەو دەرچوونە لە خەمی دەستبەسەراگرتنی جیهانی مادەوە و دەستبەتاڵبوون بۆ خود، کە وامان لێدەکات زیاتر هەستەوەر و ڕوونتر بین،بەو شێوەیە زانیاریمان بەرەو خۆمان زیاتر ڕوون و ڕاستگۆ و دانا دەبین. باری مانەوە لە جەمسەری دووەمی مانەوەمان لەبەرامبەر باری بە ئاگاییماندا —نەك بارستاییەکی زەمەنی لەکارخراو،ئەوا ئارامیەکمان دەداتیٚ بۆ دەسپێکی ڕۆژێکی نویٚ.

زمانی ئاماژە،بریتیە لەو زمانەی کە قسە دەکات دەربارەی شارەزایی و هەستەکان و بیرۆکەکانی ناوەوە،هەروەك چۆن زمانەکەمان قسە دەکات دەربارەی شارەزایی بەرجەستە بومان،لەگەڵ جیاوازیەکی گرنگدا،کە شاراوەتەوە لەسەرتاپاگیری زمانی ئاماژە و بەجیهانبونیەتی، و تێپەڕاندنی بۆ جیاوازیەکانی کات و ڕۆشنبیری و توخم.ئەفسانەش، هەروەك خەو،گرنگیەکەی لە پێشکەشکردنی چیرۆکدایە بەزمانی ئاماژە،کۆمەڵێك لە بیرۆکەی ئاینی و فەلسەفی و ڕەوشتی.تەنها ئەوەمان لەسەرە کە لە وشەکانی ئەو زمانە تێبگەین، بۆ ئەوەی جیهانێکی پڕ لە زانستی دەوڵەمەندمان لەبەردەمدا بکرێتەوە.

- **ئەفسانە-یەکەمین سەرکێشی ئەقڵ :**

دوای ئەم پانۆڕاما خێرایە،دەمانەوێت کە بۆچوونی تایبەتی خۆمان ڕوونبکەمەوە بۆ ئەفسانە، کە زەمینەی ئەم کتێبە پێك دەهێنێت،بەخێرایی دوور لەدرێژدادڕی. ئامانجم لێکۆڵینەوەی ئەفسانەیە نەك بە تێوریکردنی.

کاتێك مرۆڤ لەسەر هەردوو قاچی وەستاو سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و ئەستێرەکان و جوڵەی هەسارەکانی بینی،سەریشی سوڕاند بە چواردەوری خۆیدا و زەوی و بەرز و نزمیەکان و ڕووەك و ئاژەڵەکانی بینی.هەورە بروسکە ترساندی ، و هەورە تریشقە و دەنگەکانی هەناو تێکیدا.گەردەلول و زەمین لەرزە و گڕکانەکانیش چواردەوریانداو ئاژەڵە دڕندەکانیش ڕاوەدوویان نا.مردنی بینی و لە ژیانیشی ووردبۆوە.خەونەکان سەرگێژەیان پێخست و بە تەواوی لە سروشتی بەرجەستەبووی جیانەدەکردەوە.

نهێنی لەناوەوە و دەرەوەیدا، ناڕۆشنی دەورەی دابوو بۆ هەر لایەك بڕۆیشتایە و هەرچۆنێك سەری بخستایە سەر سەرین بۆ خەوتن و فێری بەکارهێنانی دەستەکانی بوو بۆ دروستکردنی کەل وپەلەکانی،لەساتە ئارامەکان و نەمانی ترسدا،بوار بۆ ژیری دەڕەخسا کە بیربکاتەوە و ووردببێتەوە لەهەموو ئەوانە.بۆچی دەژین؟ بۆچی دەمرین؟ بۆچی گەردوون دروستبوە و چۆنیش دروستبوە؟ لەکوێوە نەخۆشیەکان دێن؟تاکۆتایی پرسیارەکان کە خۆی لەخۆی دەکرد، هەروەك چۆن ئەو پرسیارانە ڕووبەڕووی منداڵەکانی سەردەمی نوێ دەکرێتەوە.ژیری بریتی بوو لە لاپەڕەیەکی سپی کە هیچی لەسەر هەڵنەکۆڵرابوو،ماسولکە بوو وە هێشتا ڕانەهاتبوو لەسەر جوڵە لەدەرەوەی کاری سەرەکی خۆی، و لەدوای سنوری کاردانەوەوە.لەم هۆکارە سادانەوە،پێویست بوو لەسەری کە دەستبداتە سەرکێشیەکی گەورە لەگەڵ گەردوندا،هەنگاوی یەکەم هەڵبنێت بەرەو زانست،ئەوە ئەفسانە بوو کاتێك مرۆڤ بەتەواوی لە جادوو بێهیوابوو،ئەفسانە بوە هەموو شتێ بۆ ئەو. بوە بیرکردنەوەو دانایی،لۆژیکی و هەڵسوکەوتی لە زانستدا، هۆکاری لە پێشینەی بوو،لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەدا، ئەدەب وهۆنراوە و هونەری،یاسادانان و ناسینی و یاساکانی،پێچەوانەکردنەوەی دەرەکی بوو بۆ ڕاستیە دەرونیە

ناوەکیەکانی.ئەفسانە سیستەمێکی فکری تەواوە،دڵەڕاوکێی مرۆڤی بوونی لەخۆگرت،وە بوە تەوقی هەمیشەیی بۆ دۆزینەوەی شاراوەکان کە چواردەوری دروستیدەکەن،وە بوە ئەو بەڵگانەی کە پێی ڕووبەڕوو ئەبۆوە لە بەرامبەر پتەوی سیستەمی گەردونی کە لە چوارچێوەیدا هەڵدەسوڕێت.بەو شێوەیە بوە دۆزینەوەی سیستەم لە کاتێکدا سیستەم نیە،وەڵامەکانی دەدایەوە بە هێندەی پێداگیری پرسیارەکان،وە تابلۆیەکی تەواوی بۆ بوون کێشا، بۆ ئەوەی پێگەی خۆمان بدۆزینەوە و ڕۆڵی خۆشمان لە ئاوازەکانی سروشتدا دیاریبکەین. هەرئەوە بوو کە بوە ئەو هۆکارەی کە ڕێنیشاندەرێکمان پێدەبەخشێت لە ژیاندا ، وە پێوانەیەکی ڕەوشتی لەهەڵسوکەوتدا،ئەو بریتیە لە کۆکراوەی ژیانی فکری وڕۆحی بۆ مرۆڤی کۆن.

ئەفسانە چیرۆکە،چیرۆکێکی پیرۆز،کە ڕۆڵەکانی خواوەند و جۆرەکانی خواوەند دەبیبنن،ڕووداوەکانی دروستکراو و لە خەیاڵدانەوە نین،بەڵکو ڕووداو گەلێکن کە لە ڕۆژگارە پیرۆزە یەکەمینەکاندا ڕوویانداوە،ئەو تۆماری کردارەکانی خواوەندەکانە،ئەو کردارانەی کە گەردوونی لە ئاوی دوکەڵاوی یەکەمین وەدەرهێنا.سیستەمی هەموو شتێکی هەبوو چەسپاند،وەشێوەی سەرەتایی هەموو ئیشوکارەکانی ئێستای لە جیهانی مرۆڤدا دانا.ئەفسانە بوە بیروباوەڕێکی ڕەگ داکوتراو،نکولیکردنی تاك لێی دەبوە مایەی لەدەستدانی بۆ هەموو ئەو بەهایانەی کە دەیبەستەوە بەکۆمەڵ و شارستانیەکەی، و لە دەستدانی مانا لەو ژیانەدا.

ئەفسانە،چیرۆکێکی پیرۆزی کۆنە. بەو مانایەی کە لەنەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر،بەگێڕانەوەی زارەکی،هەرئەمەش دەیکاتە بیرەوەری کۆمەڵ.کە بەهاکانی و داب و نەریتەکانی و ڕێوڕەسمی و داناییەکانی دەپارێزێت و دەیگوێزێتەوە بۆ نەوە یەك لەدوایەکەکان،هەربەمەش هێزی دەستبەسەراگرتنی دەداتێ بەسەر دەرونەکاندا.ئەفسانە بەهێزترین ئامرازە بۆ ڕۆشنبیرکردن و ئاساییکردنەوە و جۆگەلەیەکیشە لە میانەیدا ڕۆشنبیریەك بون و بەردەوامی دەچەسپێنێت لەناو نەوەکاندا و تەنانەت تا سەردەمی بڵاوبونەوەی نوسینیش،ئەفسانەی زارەکی هێز و کاریگەرێتی لەدەست نەداوە.ئەو تابلۆ

گڵینانە،لەپەرستگاکاندا پارێزراون و لە کتێبخانەی پەرستگاکاندا،کە ئەمانە ڕۆڵی پارێزەری ئەفسانە دەگێڕن لەلادان و گۆڕینی بەگێڕانەوە.بەلاّم بیستن وەکو هۆکاری سەرەکی مایەوە لەدەستاودەستکردنیدا.لە زیاد لە بۆنەیەکی وەرزیدا، ئەفسانە دەوترا یان وەکو گۆرانی دەخوێندرایەوە لە بۆنە و ئاهەنگە ئاینیە گشتیەکاندا. بۆ نمونە لەوانە: جەژنەکانی سەری ساڵ لە بابلدا،کە دەخوێنرایەوە و ئەفسانەی دروستبوونی بابلیش وەك هونەر دەیاننواند،لەجەژنەکانی بەهاردا دەخوێنرایەوە وەك نواندنیش ئازار و ئەشکەنجەکانی خواوەند تەموز پیشاندەدرا.

ئەفسانە دەقێکی ئەدەبیە،دانراوە لە جوانترین بەرگی هونەری لەتوانا بوودا،و بەهێزترین شێوازی کاریگەر لە دەروندا،هەر ئەمەش بۆتە هۆی زیادبونی بالاّدەستی و کاریگەری. لەم کاتانەدا هۆنراوە و ئەدەب، پێویست بوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە چاوەڕوانیدا بن،پێش ئەوەی جیاببنەوە لە ئەفسانە،زۆربەی ئەفسانە سوری و سۆمەری و بابلیەکان لە جوانترین شێوازی هۆنراوەی لەبەردەستدابوو دانراون.

هۆمیرۆس هەستاوە بە داڕشتنەوەی زۆربەی ئەفسانەکانی سەردەمی خۆی کەلەبەر دەستا بوون لەو کاتەدا،بەهۆنراوە لە ئەلیازە و ئۆدیسەدا،لە پاڵ ئەدەب و هۆنراوەدا، ئەفسانە جۆری تری لە هونەر داهێنا وەك شانۆ،کە سەردەمەکەی دەسپێکرد بە نواندنی ئەفسانە سەرەکیەکان لە جەژنە ئاینیەکاندا.هەروەك پاڵینا بە هونەری ترەوە وەك مۆسیقا و گۆرانی و ...هتد.

لەگەڵ ئەمانەشدا دەربڕینی ئەفسانە لە بیرەوەری زۆر کەسدا تێکەڵ دەبێت بەدەربڕینی(( پڕوپوچی کۆن)) و(( چیرۆکە میللیەکان)) سەرەڕای دووریەکی فراوان لە نێوان ئەم سێ بەرهەمە فکریەدا.چیرۆکی پڕوپوچی کۆن چیرۆکێکی پاڵەوانێتیە کە پڕە لە زیادەڕەوی و لە ڕادەبەدەر.بەلاّم پاڵەوانە سەرەکیەکانی بریتین لە مرۆڤ یان جنۆکە، خواوەند هیچ ڕۆڵێکی تیادا نیە. لە فەرمودەیەکی پەیامبەردا ١٩ کە خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت (( شەوێك پەیامبەری

---

١٩.مەسندی کوڕی حەنبەل،چاپخانەی مەیمەنیە،میسر ١٣١٣ بەرگی ٢ ل ٢٨١.

**خودا ڕووداوێکی بۆ ژنەکانی دەگێڕایەوە،یەکێك لە ژنەکان وتی،ئەی پەیامبەر ئەم ڕووداوە بە ڕووداوێکی پڕوپوچ دەچێت، پەیامبەر ووتی: ئایا دەزانن چیرۆکی پڕوپوچ چیە؟ چیرۆکی پڕوپۆچ ئەوەیە کە پیاوێك لەسایەی خێزانێکی جنۆکەدا بوو لەسەردەمی نەزانیدا ماوەیەکی دوور و درێژ لەناویاندا مایەوە دوای گێڕایانەوەی بۆ ناو مرۆڤ. ئەو شتە سەیرو سەمەرەکانی دەگێڕایەوە کە بینیبوونی خەڵکی وتیان: ئەوە قسەی پڕوپوچە.بەچاوپۆشین لە ڕاستی و دروستی ئەو فەرمودەیە کە دەیگێڕینەوە بۆ پەیامبەر.دەقەکە مانای چیرۆکی پڕوپوچمان بۆ دەردەخات لەلای عەرەب.لەکاتێکدا قورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ دەچەسپێنێت کە پەیوەندی هەیە لە نێوان وشەی (( ئەفسانە)) لە زمانی عەرەبیدا بە ئەندێشە ئاینی و بیروباوەڕیەکانەوە:**

((وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلا)) . ٢٠

**لەم ئایەتەدا ئاماژەیەك هەیە بۆ گوتەی دوژمنانی پەیامبەر کە دەڵێن ئەوەی محمد هێناویەتی لە قورئانەوە بریتیە لە ئەفسانەی میلەتانی کۆن کە خوا پێیڕادەگەیەنێت و موحەمەدیش دەینوسێتەوە.**

**بەڵام چیرۆکی میللی،هەروەکو چیرۆکی پڕوپوچ هیچ پیرۆزیەکی نیە،و خواوەندیش ڕۆڵەکان نابینێت،هەروەکو ئەفسانە ئەمیش باس لە بابەتە گەورەکانی ژیان و ،مەسەلە چارەنوسەکانی مرۆڤ ناکات،بەڵکو تەنها لە سنوری ژیانی ڕۆژانە و مەسەلە دنیایە ئاساییەکاندا دەوەستێت،هەروەك باس لە فرۆفێڵی ژنان و فێڵەکانی ژنانی تاکە پیاوێك دەکات،باس لە زۆرداری و دڵڕەقی بێوەژن دەکات بەرامبەر منداڵێکی بێناز کە تەنها خوا بە فریای دەکەوێت و ڕزگاری دەکات، هەروەها بابەتی لەم شێوەیە.ئاوها سنورەکان لە نێوان چیرۆکی میلی و قسەی پڕوپوچدا نامێنێت و تێکهەڵکێش دەبن،بەڵام ئەفسانە بە شێوەی تانوپۆیەکی جیاواز و نایاب دەمێنێتەوە.سەرەڕای ئەوەی کە هەردووك لە چیرۆکی میللی و قسەی پڕوپوچ و وتەی بەنرخ و پەندی پێشینان لەوانەیە ڕۆڵی ڕۆشنبیری زارەکی هاوشێوەی ئەفسانە ببینن بەڵام ئەوان هێزی پشتگیری خۆیان نیە کە ئەفسانە**

هەیەتی.کە هەڵقولاوە لە پیرۆزیەکەی و شێوازە بیروباوەڕی و گەیاندن و سەرچاوە و چوارچێوە هونەریەکەی و ....خانەدانیشی.

لەم پەلە پڕۆزەییەمدا نامەوێت،کە بۆچونێکی تاك لایەنە پێشکەش بکەم.من باوەڕم بە ئاستە جیاوازەکان هەیە بۆ تێگەیشتنی ئەفسانە.لەوانەیە هەندێ ئەفسانەی دروستبوون توخمی دەرونی زۆر لەخۆبگرێت،یاخود هەندێ ئەفسانەی ڕەوشتی توخمی مێژوویی لەخۆبگرێت وەك ئەفسانەی لافاوی بابلی و ئەفسانەی گەلگامیش.هەروەها ئێمە ئاماژە دەدەین بەکاریگەری گەورەی قۆناغی بەرهەمی ئابوری لەسەر ناوەڕۆك و داڕشتنی ئەفسانە.لەکاتی خۆیدا هەڵدەستین بەدەرخستنی ئەو ئاستانە وەك چۆن بۆمان ڕووندەبنەوە.لەگەڵ چڕکردنەوەمان لەسەر ئاستی گرنگترین بەلای ئێمەوە بۆ تێگەیشتنی ئەفسانە وەك سەرکێشیەکی فکری نەترسی مرۆڤی سەردەمانی دێرین،کە ئامانجی دەرخستنی ڕاستیەکان و کردنەوەی ئاسۆکانی زانیاریە.

*　　*　　*　　*　　*

ئەم کتێبە کتێبێکە لە ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی کۆن ، ئامانجمان لەدەرکردنی ئەم کتێبە ناسینی ئەفسانەیە لە سوریای کۆن و وڵاتی دوو ڕووباردا. هەوڵی زۆرم داوە بۆ دەستخستنی دەقەکان بە تەوەاوەتی بۆ گرنگترین لە ئەفسانە ناسراوەکان و پێشکەشکردنیشی پاڵپشت لەسەر زیاتر لەیەك دەق و یەك وەرگێڕدراو.و هەوڵیشمداوە کە لەوەرگێڕانەکەمدا دەست پاك و ڕاسگۆبم دوور لە دەستێوەردان و ترش و خوێ کردن.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگەنەدەم شێوازە هونەریە جوانەکانی ئەو دەقانە بشێوێنم.کە ئەمەش هاوکێشەیەکی سەختە، هەندێ جار سەرکەوتوو و هەندێ جاریش ژێرکەوتوو بوم.هەوڵەکانی ڕاڤەکردن و باسکردن و پێشکەشکردنەکانم تەنها چڕ نەکردۆتەوە لەسەر یەك ئەفسانە دابڕاو لە ئەفسانەیەکی تر.بەڵکو هەوڵم داوە کە وێنەیەکی تەواو بکێشم دەربارەی بابەتەکە،بەشێوەیەك کەهەر ئەفسانەیەك جێگەی خۆی بگرێت لەو وێنەیەدا، و ڕاڤەکردنەکشی لە سەرجەمی ژێرخانی کارەکەوە وەربگرێت .

بەرنامەی کارم لە پێشکەشکردنی ئەفسانەکاندا پشتی بەستۆتە سەر کۆکردنەوەی لە کۆمەڵێکدا بە پێی بابەتەکانی نەك پشتبەستن بە ڕێچکەی کات یان دابەشبونی جوگرافی.لەو باوەڕەمەوە کە ڕاڤەکردنی ئەفسانەیەك، وادیارە سەختە،ئەگەر لێینەڕوانرێت لە ڕوانگەیەکی گشتگیرەوە. و کۆی بکاتەوە لەگەڵ ئەفسانەیەکی تردا کە هەمان بابەت لە خۆ دەگرن.کەئەمەش ڕێچکەیەکی نوێیە لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەی ناوچەکە لەسەر ئەوەی کە زانیاریمان پێیگەیشتوە. هەروەك چۆن لە میانەی بەشەکانی کتێبەکەدا هەستاوم،بە بەراوردکردنێکی گشتگیر لەگەڵ کتێبی تەوراتی عیبرانیەکاندا، پەیوەست بەو دەقە ئەفسانە هاتوانەی لە کتێبەکەدا، بۆ دەرخستنی دوورایی پشتبەستنی ڕۆشنبیری جولەکە لەسەر ڕۆشنبیری سوری و بابلی لە داڕشتنی گرنگترین سەرچاوەی ئاینی و ڕۆشنبیری لەلای گەلی جولەکە.

هەروەها پەیوەندی ئەفسانەکانی سوری و بابلیمان پێشانداوە بە ئەفسانەی گەلانی دەوروپشتەوە لە میسری و ئیگریکیەکان ،و بەم شێوەیە بەردەوام بوین تاتوانیبێتمان،لە دەرخستنی ڕەچەڵەکی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەفسانە ئیگریکیەکان.

بەڵام بۆچی ئەم لێکۆڵینەوەیەم تایبەتکردوە بە سوریا و وڵاتی دوو ڕووبار * دوور لە ڕۆشنبیریەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کۆن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ٣ هۆکار: یەکەم بریتیە لەو یەکێتیە ڕۆشنبیریە هەبوەی کەلەم بەشەی ناوچەکەدا هەیە،ئەم یەکێتیە ئەوە دەبەخشێتە هەر لێکۆڵینەوەیەك کە لەچوار دەوریان شێوازی ڕێکەوتن و تەواوکاری دەسوڕێتەوە.دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی بابەتەکە و لق و پۆپەکانی ،کە ڕێگەنادات بەلێکۆڵینەوەیەکی تەواو بۆ ئەفسانەناسی ڕۆژهەڵاتی کۆن لەیەك کتێبدا و لەلایەن یەك نوسەرەوە،بەڵام هۆکاری سێیەم زۆر تایبەت و کەسێتیە،کە لایەنگیری تایبەتیمە بۆ ئەدەبی ئەو ناوچەیە.شەیدای مێژوو کەلتورەکەیم،هەوڵیشمداوە لە کتێبەکەدا بە ئاڕاستەیەك کارنەکەم تەنها بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە خوێنەران،بەڵکو بۆ گروپی جیاواز، خوێنەری ئاسایی

---

* لە زۆر بابەتدا لەم کتێبەدا وشەی (( بابل )) یان (( بابلی ))م بەکارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ وڵاتی دوو ڕووبار پێکەوە.

بابەتی نوێ دەبینێتەوە بە بەراوورد بە کتێبە عەرەبیە نوێکان،لەبەرئەوەی یەکەم کتێبە کە مامەڵە لەگەڵ بابەتی ئەفسانەدا دەکات لەسەر ئەو ئاستەدا و بەو ورياييەوە.لەهەمان کاتيشدا خوێنەری بەئاگاش زانياری زۆر و ڕاڤەی نوێ دەبینێتەوە.هەروەك ئەو کەسانەی کە گرنگی دەدەنە بەراوردکاری ئاینەکان ژمارەیەك خاڵی باش دەبيننەوە کە شیاوی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردنن، هەروەك ئەوەشی پەیوەندی بە خوێندکارانی دابونەریت و ئاینی جولەکەوە هەیە.بەڵام بۆ پسپۆڕەکان ، هیوادارم کە ئەو ڕوانگە و بیرە نوێیانەی کە لەناو کتێبەکەدا دەیانخەمەڕوو،بوار گەلێکی بەپێز بۆ گفتوگۆکان بکاتەوە.

## بەرچاوڕوونیەکان بۆ خوێندنەوەی دەقەکان

– هەموو ئەو دەقانەی لەم کتێبەدا هاتووە وەرگێڕدراوە لە ئینگلیزیەوە،دەقە عەرەبیەکانیش کە لێرەدا جێگیرمان کردوە،بەرهەمی بەدواداچونێکی دوورو درێژن،و بەرئەنجامی بەراوردکردنێکی ووردین لە نێوان وەرگێڕدراوە ئینگلیزیە جیاوازەکاندا بۆ یەك دەق.بەپێی توانا،هەوڵمداوە،کە بەئارەزووی خۆم دەسکاری وەرگێڕدراوەکان نەکەم جگە لەهەندێ جێگەی کەمدا نەبێت کە پێویستیی سەپاندویەتی،لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئەو دەستکاریکردنە لەجێگەی خۆیدا.هەروەها هەوڵمداوە کە شێوازی ئەدەبی ئەو دەقە هۆنراوانە وەکو خۆیان بهێڵمەوە،بەبێ شێواندنی ماناکان و مەرامە بنەڕەتیەکەیان.بەڵام کاتێك بەریەککەوتن ڕوودەدات لە نێوان داڕشتنی ئەدەبی و وەرگێڕانی ڕاسگۆیانەدا، ئەوا پابەندێتی دەستپاکی زانستیمان هەڵبژاردوە لەسەر حسابی بەها جوانکاریەکەی.هەروەك هەوڵمداوە کە ناوەکان دەربڕینێکی سامیيان بدەمێ،کە جیاواز دەردەکەوێت وەك ئەوەی پێڕاهاتووین لە خوێندنەوەی وەرگێڕدراوە دەقاودەقیەکاندا دەربارەی زمانە ئەوروپیەکان.خواوەند مەردۆك لە بنەڕەتدا مەردۆخە،خواوەندە نيامات،هەروەك هەندێ وەرگێڕدراو بۆمان دەگوازنەوە،بریتیە لە توعامە،واداد بریتیە لە حودەد....

– [ ] کەوانەی شکاوە لە دەقەکاندا، ئاماژەیە بۆ کەموکوڕی لە هۆنراوەکاندا،کە دروستبوە لە ئەنجامی شکاندن و شێواندنی تابلۆ گڵینەییەکان

.گەر کەوانەکە وشەی لەخۆگرتبوو [ کەوانەی شکاوە ] ئەوە مانای شێواندنی ناتەواو دەگەیەنێت لە دێڕەکەدا،ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە پیت و بڕگەکان بەسە بۆ گێڕانەوەی قسە بنەڕەتی و هاوشێوەکەی. خۆ ئەگەر کەوانەکە تەنها خاڵی لەخۆگرتبوو [.....] ئەوە مانای وایە کە شێواندنەکە تەواوە.لەم بارەدا ڕێگەمان بە خۆمان نەداوە کە بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە.

– (         ) کەوانەی ئاسایی،ئەوە زیادکردنە لەمنەوە( نوسەر) یان لەوەرگێڕی سەرەکیەوە– لەسەر دێڕەکە– بۆ ڕوونکردنەوەی ماناکە،وشەی دیاریکراو نیە لەناو ئەم کەوانەیەدا،لەدەقە بنەڕەتیەکەدا.ئەم زیادکردنانەم لەوپەڕی سنوری کەمیدا هێشتۆتەوە.وەزۆرجارانیش بەمەبەستی پێویستی جوانکاری پەنام بۆ بردوون.

# بەشی دروستبوون

=============

((وَهُوَ الَّذِي خَلَق السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ ))

**قورئانی پیرۆز–سورەتی هود–ئایەتی ٧**

(( **لەسەرەتادا خوا ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد و زەوی وێرانە و چۆڵ بوو و تاریکاییش دایپۆشیبوو و ڕۆحی خودا لەسەر ڕووی ئاو هەڵدەفڕی** )).

**تەورات– دروستبوون–١–**

(( **لەو سەردەمە یەکەمیانەدا. هیچ شتێك نەبوە جگە لە ئاو** ))

**ئەفسانەیەکی بابلی**

**مەسەلەی دروستبوون و دەستپێکردنی جیهان و ژیان و مرۆڤ لەمەسەلە یەکەمینەکان بوە کە خۆی سەپاندۆتە سەر ژیری مرۆڤایەتی،و ڕووبەڕووی بۆتەوە بۆ چارەسەرکردنی لە سەرەتای منداڵیەوە.هیچ گەلێك لە گەلان نادۆزینەوە کە**

مەحاڵە ئەفسانەیەك یان کۆمەڵە ئەفسانەیەکی لەدروستبوون و پێکەوەنان و ڕەچەڵەکی شتەکانی نەبێت.

تادەگەینە سەردەمی نوێش،بەشێوەیەك ئەو مەسەلەیە بەشێکی گەورەی لە میتافیزیکای هەموو فەلسەفەکانی داگیرکردووە، وە بۆشاییەکی گرنگی لە زانستە نوێکانیش سەرقاڵکردووە،بەشێوەیەك بیردۆزە زانستیەکان جێگەی ئەفسانەیان گرتۆتەوە،تەنانەت جێگەی تێڕامانی فەلسەفەی ڕوونیشی گرتۆتەوە.

ئەفسانەکانی دروستبوون لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی ئەفسانەکانی لەدایکبوونی ئاویی.باری پێشوو بۆ دروستبوونی گەردوون لە ئەفسانەکانی دروستبونماندا،بریتیە لە باری گشتی ئاوی، وەستاو، بێجیاوازی، دروستنەبوو، لەکاتێکی بێسەرەتا و بێکۆتای وەکویەکدا،هیچ گۆڕان و گۆڕانکاریەکی تیادا ڕوونادات وەك ئەوەی نەبێت، لە چرکەساتێکی دیاریکراودا،کە بریتیە لە خۆڕاپسکاندن و کاولکاری،کە دروستکردنێکی نوێی بەدوادا بێت،گەردوون لە بەشی هەرەزۆری ئاوەکە پێك دێت،سیستەم لەناوجەرگەی بێسەروبەرەییەوە دەستپێدەکات،شێوەیەك دەگرێت یان دروست دەبێت لەناخی یەکەم توخمێك کە بونەوەر یان هەبوەکانی لێپەیدا دەبێت.چرکەساتێك کە خواوەند بڕیاری دروستبوونی جیهان دەدات،و بنەماکانی گەردوون و ژیانی تیادا دادەنێت،و ئەو کاتە دەستپێدەکات کە ئێمە لە ئێستادا دەیزانین،و هەموو شتەکان شێوەکانی خۆیان وەردەگرن کە ئێستا ئێمە دەیانبینین.

بەڵام لەکاتی دروستبوون، بریتیە لە کاتی ململانێی گشتگیری گەردوون.هێزە دروستکەرە خواوەندیەکان ،بریتین لە هێزگەلێکی چالاك،بەجوڵە، کاریگەر، جا گەردونەکان و ژیان و مرۆڤ، تەنها بریتین لە دەربڕینێك لە وزە جوڵە و کاریگەریە دروستکەرەکانی،خواوەندەکان شتێکی تر نین.بەڵام ناتوانین مەرام و داخوازیەکانی جێبەجێ بکات جگە لە هەڵگەڕانەوە و شۆڕش نەبێت بەسەر گشتگیری و چەق بەستوویی و بێسەروبەرەیی و نادروستبوندا،کە دەوەستێتەوە دژی ئەو درزە لە دیواری سەردەمی چەق بەستوویی و وەستاویدا. لەبەر ئەوە دەرکەوتنی جیهان نایەتە بوون بەبێ ڕشتنی خوێن،سەرکەوتنی خواوەند و

**کاولکاریەکی تر، وە پایەکانی گەردونیش ناچەسپێن جگە لەسەر لاشەی قوربانیە ژێرکەوتوەکاندا نەبێت.**

**کاری دروستکردنی یەکەم بەیەك گوژمە بوون نابەخشێت،دوای ئەوە بە ئاڕاستەی خۆی دەردەچێت بۆ هەتا هەتایە،بەڵکو پێویستە دووبارە بونەوەیەکی وەرزی هەبێت بۆ کاری دروستکردنی یەکەم لەهەموو ساڵێکدا لە ساڵە زەمینیەکانمان.**

**لەهەموو ساڵێکدا جیهان سەر لەنوێ دروست دەبێتەوە، کاری نوێکردنەوەی چێ دەبێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تازە و تەڕ و بڕ بگەڕێتەوە وەك ئەوەی هەبووە، ساتی دەرچوونی بەنەرم و نیانی لەدەستی خواوەندی دروستکەردا بۆ یەکەم جار. ئەم دووبارەبونەوە هەتاهەتاییەی دروستبوون بە هاوکاری و بەشداری مرۆڤ دەبێت،لەڕێگەی چەند ڕێوڕەسمێکەوە کە دەتوانێت پشتی خواوەند بگرێت لە دژی هێزە نەبوەکان کە بەرامبەر جوڵەی گەردوون دەوەستێتەوە لە پێناو گێڕانەوەی بۆ باری وەستاوی و چەقبەستویی. ئا لێرەدا مانا نهێنیەکان، و ئاماژە قوڵەکانی ئاهەنگە ئاینیەکانمان بۆ دەردەکەوێت لەسەری ساڵدا،کە لە بابلەوە دەستیپێکردوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.لە بابل و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا، ئاهەنگەکانی سەری ساڵ پانتاییەکی گەورە دەگرنەوە لە گرنگیدانە ئاینیەکانی مرۆڤ،لە میانەی چەند ڕۆژێکدا خەڵکی دەستبەتاڵ ئەبوون بۆ کۆمەڵێك ڕێوڕەسم کە چڕ دەبونەوە دەربارەی گێڕانەوەی نواندنی دروستکردنی یەکەم، وە دووبارەبونەوەیەکی درامی بۆ ململانێی سەرەتایی کە لە ئەنجامدا گەردونەکان دروست بوون،وە یەکگرتن لەگەڵ کاتی پیرۆزدا کە یەکەم گوژمەیدا بەجیهان،ئامادەکردنی جارێکی تر و ژیان و تواندنەوەی تیایدا، لەباری دابڕانێکی هەموویدا لەکاتی دونیایی پێڕاهاتوودا* ئەفسانەی دروستبوون بەسەر خەڵکیدا دەخوێنرایەوە،و دواتر بەشێوەی دراما دەیاننواندەوە بەهۆی ژمارەیەك لە هونەرمەندانەوە کە ڕۆڵی خواوەندە ململانێکەرەکانیان دەبینی. بەڵام زۆربەی خەڵکە کە سەرقاڵ بوون بە ئەنجامدانی نوێژەکان و پاڕاندنەوە،بەباوەڕیان**

---

*** دەربارەی ئەم ئاهەنگانە کە گوازراویشنەتەوە بۆ ئیگریکیەکان تاڕادەیەك بوە هۆی سەرهەڵدانی شانۆی ئیگریکی.**

پاڵپشتیەك و هێزێكیان دەدایە خواوەندەكان.

بەم شێوەیە دەبینین كە ڕۆڵی مرۆۋ لەم ژیانەدا نەرێنی نیە،بەڵكو ئەرێنی و كاریگەریشە كە بەشداری دەكات لە بەردەوامبوونی بوون و ڕۆیشتنی گەردونەكاندا،وەپشتگیری كردنی خواوەند لە دووبارەبونەوەی كاری دروستكردنی یەكەمدا و بەرهەمهێنانی كات و سەردەمێكی نویٚ و جیهانێكی نوێشدا،هەروەها مرۆۋ لە ڕێگەی بەشداریكردنە هێماییەكەیەوە لە وێرانكردن و لەناوبردنی جیهان و سەر لەنویٚ گێڕانەوەیدا، یەكانگیر دەبێت لەكاری دروستكردنی سەرجەمی گەورەدا و هەر بۆخۆشی خۆی نوێدەكاتەوە،و هەست دەكات كە پاك بۆتەوە و هەموو گوناهەكانی لەگەڵ ئەو جیهانەی كە بەسەرچوو بێگەڕانەوە ناشتوە. هەربۆیە ڕۆژانی سەری ساڵ بۆنەیەكە بۆ پاك بونەوەی و داوای لێخۆشبونكردن و گەڕانەوە.

هەندیٚ لە لێكۆڵینەوە زمانەوانیەكان پشتگیری لەم بۆچوونە ئەفسانەییە دەكەن.وشەی (( جیهان )) و وشەی(( ساڵ )) هەردووكیان یەكن لە هەندیٚ زماندا،هەروەك چۆن هندیەكانی ئەمریكای باكور دەڵێن جیهان ڕۆیشت كە مەبەستیان ئەوەیە ساڵ تێپەڕی.ساڵ بریتیە لە جیهان و جارێكی تر دووبارە دەبێتەوە و سەر لەنویٚ لەدایك دەبێتەوە. لە فارسیشدا پاشا لە جەژنی نەورۆزدا دەوەستێت،كە سەری ساڵی فارسیە، و بۆخەڵكەكەی ڕادەگەیەنێت: ئەمە ڕۆژێكی نوێیە لە مانگێكی نوێدا و لەساڵێكی نوێشدا.و ئەوەی كە دەبێت لە كات پێویستە تازە بكرێتەوە.١

دەربارەی ئەفسانەی ڕەچەڵەكی بنەڕەتی كۆمەڵێك لە ئەفسانەی بنەڕەتی لاوەكی
هەروەها بگەڕێوە بۆ وەرگێڕانی نیهاد خەیاتە،پیرۆز و دونیایی،خانەی عەرەبی ، دیمەشق ١٩٨٧
جیادەبنەوە كە سەرەتاكانی شتەكان دەگێڕنەوە كە ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕن لە ژیانی مرۆۋدا، وەك كشتوكاڵ و ئامێرەكانی و نوسین و بەنداو و جۆگەلەكان و ....هتد.زۆربەی ئەو شتانەی كە مرۆۋ بەكاریان دەهێنێت و سوودی لێوەردەگرێت

---

1.Mercea Elide،The Sacred and The Profane،Harvest Book،NewYork،

بۆ ژیانی و شارستانێتیەکەی،ئەوە تەنها بەرهەمی نمونەی سەرەتای پیرۆزە کە خواوەند دروستی کردوون بەدەستی خۆی یان فەرمانی داوە.بەڵکو زۆربەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ پێیان هەڵدەستیٚ و پیادەیان دەکات لە ژیانیدا،تەنها بریتیە لە چاولێکەری سەرەتایی کەخواوەند پێیهەستاوە،جا لە جلوبەرگ یان خواردن یان سێکسدا بێت،یان لە کاردا بێت.لە یەکیٚ لەدەقە ئاینیە کۆنەکاندا هاتوە:ئەمە خواوەند پێیهەستاوە،ئەوەش مرۆڤ پێیهەڵدەستێت،لەسەر ئەوە، ئەفسانەناسی ڕەچەڵەکی لەلایەك ناسراوە، بە هۆکاری دەرخستن و زانیاری وهۆکارهێنانەوە ، و لەلایەکی تریشەوە بۆ جێگیرکردنی نمونە سەرەتاییەکانە بۆ زۆربەی چالاکیە گرنگەکان لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگادا.

## ١. دروستبوونی سۆمەری

لە سەرەتای هەزارەی چوارەمی پ.ز وە ڕۆشنبیری سۆمەری لە بەشی باشوری حەوزی دیجلە و فوراتدا و دەوروبەری کەنارەکانی باکوری کەنداوی عەرەبیەوە گەشەی کرد،. سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی بەرچاو بەسەر دۆزینەوەی شارستانێتی سۆمەریدا، بەڵام ڕەچەڵەکی گەلی سۆمەری تا ئێستاش مەسەلەیەکە کە لێڵی و ناڕۆشنی لەخۆگرتوە. بەهێزترین و زیاترین بۆچوونیش ، بریتیە لەو بۆچونەی کە دەڵێت هاتنی سۆمەریەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بوە. لێکۆڵینەوەکانی ئەمڕۆ ئەوەی پشتڕاستکردۆتەوە کە خاکی سۆمەر چۆڵ نەبوە لە دانیشتوان پێش هاتنی سۆمەریەکان،بەڵکو لە لایەنی میلەتانی سامیەوە نیشتەجێبوە، کە خاوەنی زمان و ڕۆشنبیری سامی بوون،کە زۆریان لە بارەوە نازانین،وەناشزانین چییان بەخشیوە بە داگیرکەرە ئاسیاویەکان،بەڵام ئەو شتەی لێیدڵنیاین،ئەوەیە کە ڕۆشنبیری سۆمەری، هاتەسەر ئاستی پێگەیشتن لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ئەو دوو گەلەوە و کارلێکردنیان لەگەڵ یەکتریدا لەو قۆناغ و سەردەمە زووەی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

ڕۆشنبیری سۆمەری کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن.ئەو ڕۆشنبیریە بوو کە نوسینی بزماری پێشکەش بەو ناوچەیە کرد کە بوە هۆکارێکی نوسین لەلای هەموو گەلانی ناوچەکە.هەر ئەویش بوە کە لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە،بنەما ئاینی و ڕۆحیەکانی پێشخست،کە ماوەیەکی درێژ بڵاو بوو لەناوچەکەدا،تا کاریگەرییەکەی گەیشتە ڕۆشنبیری ئیگرکیش لە سەردەمانێکی زۆر دواتردا.

هەر ئەو ڕۆشنبیریەی سۆمەریەکان بوو کە یەکەم داستانی مرۆیی دانا، و یەکەم گۆرانی ئاینی و هۆنراوەی دونیایشی دانا،هەروەها یەکەم دانانی یاساکان و ڕێکخراوە شارستانی و سیاسیەکانیشی دانا.بە کورتی: مێژوو لە سۆمەرەوە دەستپێدەکات.

هیچ ئەفسانەیەکی تەواومان لە سۆمەریەکانەوە پێنەگەیشتوە دەربارەی دروستبوون و پێکهاتن و ڕەچەڵەکی شتەکانەوە،هەرچەندە زاناکان دەسکەوتنی

ئەو جۆرە ئەفسانانە بە دوور نازانن،چ لەسەر تابلۆ گڵینەییە پەرش و بڵاوکان بێت لە زۆربەی مۆزەخانە جیهانیەکاندا،یان لەناو خاکی سۆمەردا بێت کە تائێستاش چاوەڕوانی دۆزینەوەی زیاتر دەکەین بۆ مێژووی شاراوە . بەڵام ئەو دەقە جیاوازانەی کە توانران دەسبکەون،کە پەیوەستن بە مەسەلەی دروستبون و پێکەوەنان،نزیکە لەوەی کە وێنەیەکی ڕۆشن بدەن بە بیرۆکەکانی سۆمەریەکان تایبەت بەو مەسەلەیە و بیربۆچونەکانیان.لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی ئەو دەقانە و بەستنەوەیان بەیەکەوە لە زنجیرەیەکی لۆژیکیدا.ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەفسانە بەو سادە و ساکاریە نیە کە بەلای خوێنەری ئاساییەوە دیارە.وە ئەو نهێنی و سومبولانەی کە مرۆڤی کۆن بەکاری هێناون لە ئەفسانەکاندا جگە لە هۆکارێکی گەیاندن و چوارچێوەیەکی دەربڕین شتێکی تر نەبوون.ئەوە زمانێکی جیاوازە،کە گەرەکێتی لە میانەی وشەکانی و دەربڕین و زاراوەکانیدا هەندێ ڕاستی دیاریکراو بگەیەنێت.ئەوە بەرنامەیەکە کە ڕەوایی خۆی هەیە وەکو هەموو ئەو بەرنامانەی تر کە بیری مرۆڤ دایهێناون، لەدواتردا،ئەگەر ئەو پڕۆسە پێشکەوتنە لە سەرخۆو بەرزبۆوەمان لەبەرچاوگرت.کە ژیری مرۆڤ پێیدا تێنەپەڕیوە لە سەرەتای مێژوەوە.

بیرۆکەکانی سۆمەریەکان دەربارەی دروستبوون و پێکەوەنان،بیرۆکەی سەرەتایی نەبوون،بەڵکو بیرۆکەی پێگەیشتوبوون بە ئاستێك کە زانیاری ئەو ماوەیە ڕێگە دەدات لە دەسپێکی شارستانیەتی مرۆڤەوە.سۆمەریەکان توانای لەڕادەبەدەری خۆیان جێگیرکردوە لە تێبینی کردنی زیرەك وگرێدان پێکەوە،لەگەڵ دەستخستنی ئەنجامی لۆژیکی لە پێشەکیە لۆژیکی و ڕاستی وسروشتە بینراوەکانەوە. لێکۆڵینەوەی دەقە سۆمەریە جیاوازەکان زنجیرەیەکی ئەفسانەیی ئایندەمان دەداتێ بۆ پڕۆسەی دروستبوونی جیهان و گەردونەکان...

١. لەسەرەتادا تەنها خواوەندە(( نمو)) هەبوە و کەسی تر نەبوە. کە بریتیە لە ئاوی سەرەتایی و یەکەمین کە هەموو شتێکی لێوە پەیدابوە.

٢. خواوەندە نمو کوڕ و کچێکی بوو.یەکەم (( ئان )) خواوەندی نێرینەی ئاسمان، و دووەمیش (( کی)) خواوەندەی مێینەی زەوی کە هەردووکیان پێکەوە لکاون.جیاشنەبونەوە لە دایکیان نمو.

٣. دواتر(( ئان ))(( کی )) کردە هاوسەری خۆی و کوڕی گەورە و یەکەمیان((ئنلیل )) یان بوو کە خواوەندی هەوایە کە لەنێوانیاندا بوو بە ماوەیەکی تەسك کە ڕێگەی بە جوڵەکردنی نەدەدا.

٤. ئنلیل خواوەندی گەنجی چالاك ،ئەو بەندیخانەیەی پێقبوڵ نەکرا،بەهێزە لە ڕادەبەدەرەکەی هەستا بە دوور خستنەوەی ئانی باوکی لە کی دایکی.یەکەمی بەرزکردەوە و بوو بە ئاسمان،و دووەمیشی ڕاخست و بوو بە زەوی.ئیدی لەنێوانیاندا هاتوچۆ و جوڵەی دەکرد.

٥. بەڵام ئنلیل لە تاریکاییەکی توندا دەژیا،ئنلیل(( نانا)) ی کوڕی بوو خواوەندی مانگ،کە تاریکی ئاسمانی دەڕەواندەوە وزەویشی ڕووناك دەکردەوە.

٦. (( نانا )) خواوەندی مانگ دوای ئەوە (( ئۆتۆ)) ی خواوەندی ڕۆژی بوو کە ڕووناکی لەبەرکرد.

٧. دوای ئەوەی کە ئاسمان لە زەوی دورخرایەوە،ڕوناکی کەمی مانگ دەرچوو،لەگەڵ ڕووناکی گەرمکەرەوەی خۆردا،ئنلیل لەگەڵ خواوەندەکانی تردا هەستابەدروستکردنی سیماکانی تری ژیان.

ئێستا ئەگەر ئەم زنجیرە ئەفسانەییەمان ڕووتکردەوە لە سیمبول و وشە ئەستورە ناسیەکانی،وەرمان گێڕانە سەر زمانی زانستی نوێی خۆمان،ئەوا لۆژیکە پێکەوە گرێدراوەکەیمان بۆ دەردەکەوێت،لەگەڵ تێبینیە زانستیەکانی کە ڕابەرایەتی کرد بۆ :-

١. لەسەرەتادا هیچ شتێك بوونی نەبوە جگە لە ئاو کە هەموو شتێك وهەموو ژیانی لێیەوە دەرچووە.

٢. لەناوجەرگەی ئەو ژیانە سەرەتاییەدا دورگەیەکی وشك بەدەرکەوت لەسەر شێوەی شاخێك کە لوتکەکەی ئاسمان بوو، و بنکەکەشی زەوی. و لەبەیەك

گەیشتنی لوتکەکە بە بنکەکە هەوا بەدەرکەوت،توخمی سێیەمی مادی لەدوای ئاو و خاك.

٣. لە سیفاتە بنەڕەتیەکانی ئەو توخمە نوێیە،کشانە.وە بەکشانی ئەو توخمە گازیە،ئاسمان لە زەوی دوورکەوتەوە.

٤. مانگی مەلەکردوو لەو هەوایەدا جگە لە بەرهەمی هەواو کوڕی ئەو چیتر نەبوو،لەوانەشە لەهەمان توخم بێت،بەلاَم خۆر ئەو کوڕەیە کە هێزی لە باوکی کە مانگە زیاتر بوو، کە لەدواییدا عەرشی ئاسمانی لەدوا باوکی بۆ مایەوە.

٥. دوای ئەوەی کە ئاسمان لە زەوی دوورکەوتەوە، و تیشکی گەرمی ڕۆژ ڕووی ڕاخراوی زەوی پڕکردەوە،مەرجە پێویستەکانی ژیان هاتنە بوون،ڕووەك و ئاژەڵەکان بەدەرکەوتن و دواتریش مرۆڤیش دروستکرا.

ئەم بۆچوونانە لە هەندیٚ لایەنیانەوە هاوجووت دەبن لەگەڵ بۆچونە زانستیە نوێکاندا.لەدایك بوونی مانگ لەهەواوە زۆر دوو ناکەوێتەوە لەو بۆچوونە زانستیانەی کە دەڵێن دروستبوونی ئەستێرە ئاسمانیەکان لە هەورە گازیەکانەوە بوە. هەروەها دەرچوونی شتەکانیش لە ئاوی یەکەمینەوە زۆر دوور ناکەوێتەوە لە دۆزینەوە زانستیە نوێکانەوە کە پەیوەستن بە سەرهەڵدانی ژیان و گەشەکردنی سەرەتایەوە لەدەریاوە.لێرەدا گەرەکمە کە سەرنج بۆ خاڵێکی گرنگ ڕابکێشم بەمەبەستی تێگەیشتنی بیری ئەفسانەیی و گەشەکردنی بیری کۆن بەشێوەی مادی هەستپێکراو دەستپێکرد.دوور لە داماڵین.

وەبیری هێزی داهێنەری جیابۆوە لەگەردوون کە کاری تێدەکرد لە دوورەوە،بوونی نەبوە لە مێشکی دروستکەری ئەفسانەدا.پڕۆسەی دروستکردن کارێك نەبوە کە لە خواوەندەوە دەرچووبێت، جیاش لەو، بەهێندەی ئەوەی کە بریتی بوە لە دەرخستنی جوڵە و کارلێکردنی لەگەڵ یەکتریدا لەسەرەتاوە تەنها ئاوی یەکەمین هەبوە،هەربوە و دروستنەکراوە و لە نەبونیشەوە نەهاتوە. شاخی ئاسمان و زەویش دروست نەبوە لە ئەنجامی کاری هێزێکی دەرەکی داماڵراو وبەرزەوە،بەڵکو لە ئەنجامی پیشاندانی خودەوە هاتوە بۆ دایکی یەکەمین کە لە منداڵدانیەوە لە

دایك بوە.هەروەك دایکانی مرۆڤ و ئاژەڵ منداڵیان دەبێت،و هەروەك چۆن ڕوەکیش زیاد دەکات.هەروەها بەهەمان شێوە بۆ خۆر و مانگ و ...هتد.

با ئێستا بێینە سەر پیشاندانی ئەو دەقانەی کە پێمان گەیشتوون،کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر بیرۆکەکانی سۆمەریەکان لە مەسەلەی دەستپێکردن و دروستبوندا.

**جیابونەوەی ئاسمان لە زەوی:**

لە سەرەتای ئەفسانەیەکەوە دەگێڕێتەوە دەربارەی دروستبوونی مرۆڤ،کە تیایدا ئاماژەیەك بۆ شاخی ئاسمان و زەویمان دەستدەکەوێت.

**لە شاخی ئاسمان و زەویدا**

**(( ئان )) دواکەوتەی خۆی ئانوناکی بوو ١**

ئەو شاخە هەربوەنەبووە،بەڵکو دروستکراو بوە.لە تابلۆیەکی تردا،کە تایبەت بوە بە ژماردنی ناوەکانی ئانوناکی، خواوەندی سۆمەر، دەزانین کە خواوەندە (( نمو )) کە بریتیە لە ئاوی یەکەمین، ئاسمان و زەوی بووە، کە لە یەکتری جیابونەتەوە، لە سەرەتای ئەفسانەیەکی تردا ئاماژە دەدات بەو جیابونەوەیە ، و دەڵێت :

**دوای ئەوەی ئاسمان لەزەوی دوورکەوتەوە**

**و زەویش لە ئاسمان جیابۆوە**

**مرۆڤیش دروستکرا**

**(( ئان )) ئاسمانی برد بۆخۆی**

**ئنلیلیش زەوی بۆخۆی برد**

**خواوەند (( کور )) خواوەندە (( ئەریشکیگال )) ی وەك دەسکەوت برد ٢ .**

خواوەند((کور)) لە ئەفسانەناسی سۆمەریدا،خواوەندی جیهانی ژێرەوەیە، جیهانی مردوان کە گیانەکان بۆی دەچن بەڵام ئەریشکیگال ئەو خواوەندەیەکی زەوی بوە کوڕ کردویەتیە ژنی خۆی دوای ئەوەی کە فڕاندویەتی بۆ جیهانەکەی

---

1.S.N. Kramer Sumerian Mythology.Harper and Row .NewYork.1961.
2.ibid

ژێرەوەی خۆی بۆ ئەوەی بیکاتە خواوەندی ئەو جیهانە، و خانمی ڕەهاشی،تەواو وەك خواوەندە بیرسیفۆنی لە ئەفسانەناسی ئەگریکیدا.کە خواوەند هادیس خواوەندی جیهانی ژێرەوە فڕاندویەتی، لە دایکی خواوەندەی پیتاندن دیمتر، بەو شێوەیە بوە بە خواوەندەی جیهانی ژێرەوە و خانمی گەورەی جیهانی مردووان. ئەوەی کە ڕایەڵەی نێوان ئەو دوو ئەفسانەیە دەچەسپێنێت، ناوی (( کور )) کە لە زمانی سۆمەریدا ماوەتەوە ئاماژەیە بۆ جیهانی ژێرەوە هەتا کاتێکی درەنگانیش،تا نەمانی بیرەوەری خواوەندی کۆن و ئەفسانەکەشی، ئەویش بەهەمان شێوە ناوی خواوەندەیەکی جیهانی ژێرەوەی ئیگریکیەکانە،کە ئەفسانەکان هەندێ جار ئاماژەی پێدەدەن بەناوی بیرسیفۆنی و هەندێ جاریش بەناوی (( کور)).

لەسەرەتای ئەفسانەی سێیەمدا زیاتر زانیاری دەزانین دەربارەی جیابونەوەی ئاسمان لە زەوی، و ئەو خوایەی کە هەستاوە بەم کارە زۆر گەورەیە:

**ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی بەکەڵکی دەرهێنا**

**ئەو خوایەی کە گۆڕان لە وشەکانیدا نابێت**

**ئنلیل کە تۆ و لەوەرگای ڕواند**

**ئاسمانی لە زەوی جیاکردەوە.**

**و زەویشی لە ئاسمان دوور خستەوە ٣.**

ئەم ئەفسانە سۆمەریانە ئەو داب و نەریتە ماوە باوانە لە بیری ئەفسانەیی شارستانیەتیەکانی ناوچەکە و شارستانێتیەکانی تری دراوسێدا بۆمان دەسەلمێنن.بیرۆکەی لەدایك بوونی ئاویی دووبارە دەبێتەوە لە دواتردا لە ئەفسانە بابلیەکاندا کە ئەویش باس لەدایکبوونی گەردوون دەکات لە ئاوی یەکەمینەوە((توعامە)) کە بەرامبەرە لەگەڵ (( نمو )) ی سۆمەریدا ٤ و لە ئەفسانەی سوریشدا(( یەم )) دەبینین کە ئاوی یەکەمینە،کە خواوەند بەعل بە سەریدا

---

3.ibid.

٤. بگەڕێوە بەشی دروستبوونی بابلی کە لەداهاتوودا دێت،دەقی ئینۆمائیلیش.

**سەرکەوت ولەدوای سەرکەوتنەکەشی دەستیکرد بە ڕێکخستنی جیهان ٥. لە ئەفسانەی میسریشدا ڕەع یەکەم خواوەند لە ئاوی یەکەمینەوە دەردەچێت، هەرئەوە کە لەدواتردا هەموو خواوەندەکانی لیٚ پەیدا دەبێت ٦. لە ئەفسانەی ئیگریکیشدا دەبینین کە (( ئۆقیانۆس )) بریتیە لە ئاوی یەکەمین،خواوەندی سەرەتاییش کە گەردوونی لێوە دروست بوە.٧ لە تەوراتی عیبرانیەکانیشدا بەهەمان شێوە ئاوی یەکەمین دەبینین کە ڕۆحی خوای بەسەرەوەیە پێش دروستبوون (( زەوی وێران وچۆڵ بوو ،ڕۆحی خواش هەڵدەفڕی بەسەر ڕووی ئاوەوە)). دروستبوون ١.**

**هەروەها قورئانی پیرۆزیش بوونی ئاوی سەرەتایی بۆ سەلماندوین کە کۆتایی سروشە بۆ پەیامبەر کە بە گەورەمان ئادەم دەستپێپێکردوە، کە دەڵێت**((وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاء )) **هەروەها دەڵێت** ((وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاء كُلَّ شَيْءٍ)) ٨.

**هەروەها ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بیرۆکەی بە یەکگەیشتنی ئاسمان و زەوی و یەکگرتنیان ،دواتر جیابونەوەیان. لە ئەفسانەی میسریدا خواوەندی نێری زەوی (( جیب ))،و خواوەندەی مێینەی ئاسمان (( نوت )) دەبینین لە باری یەکگرتوویدا ٩. کە بەنهێنی یەکتریان خواستوە بەبیٚ ئاگادارکردنەوەی خواوەندە ڕەع.کاتێك خواوەندی گەورە بەم کارەی زانیوە خواوەندی هەوای (( شو )) ی ناردووە تا بەزۆر لە یەکتریان جیا بکاتەوە. ئیدی لەوکاتەوە خواوەند (( شو )) قاچەکانی دادەنێت لەسەر (( جیب )) ی بەزەویدا دراو و ،بە هەردوو باسکە بەهێزەکانیشی ئاسمان بەرزدەکاتەوە.لە ئەفسانەی ئگریکیشدا (( جیا)) زەوی،دایکی یەکەمین**

---

**٥.بگەڕێوە بەشی دروستبونی کەنعانی کە لەداهاتوودا دێت،دەقی بەعل و یەم.**

6. J.viaud.Egyptian Mythology.Larousse Encyclopedia Of Mythology .London.1977.p11.

7. F.Guirands.Greek Mythology .Hamlyn .London .1963 p 63

**٨. سورەتی هود ئایەتی ٦ و سورەتی ئەنبیا ئایەتی ٣٠.**

9. Newwlarousse Encyclopedia or Mythology .Hamlyn london .1977 p 14-15

دەبینین، کە یەکەم خواوەندە کە دەردەچێت لە ئاوی یەکەمینەوە،هاوشێوەکەی ئۆرانۆس خواوەندی ئاسمانی دەبێت کە لەهەموو لایەکەوە دایدەپۆشێت،لەگەڵیدا یەکدەگرێت بۆ ئەوەی هەموو خواوەندەکانی تریان ببێت.١٠

دواتر بەزۆر لەیەکیان جیا دەکەنەوە، لە ئەفسانەی بابلیشدا خواوەند مەردۆخ هەڵدەستێت بەدووکەرت کردنی لاشەی خواوەندە توعامەوە،ئاوی یەکەمین بۆ دوو بەش ، بەشی یەکەم بەرزدەکاتەوە و دەبێتە ئاسمان ، و دووەمیش ڕادەخات و دەیکاتە زەوی ١١. لە ئەفسانەی تەوراتیشدا، خواوەندی عیبرانیەکان یەهوە هەڵدەستێت، بەهەمان شێوە ، بەجیاکردنەوەی ئاوی یەکەمین بۆ دوو بەشەوە، یەکەمیان بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان و دووەمیشیان ڕادەخات  کە ئاوەکەی لەلایەکدا کۆبۆتەوە، وە لەلاکەی تریەوە وشکایی دەرکەوت ١٢ .  لەکۆتایدا ،قورئانی پیرۆز ڕووداوی جیاکردنەوەی ئاسمانی لە زەوی بۆ سەلماندوین کە دەڵێت : ((أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاء كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلا يُؤْمِنُونَ)) ١٣.

لەدواتردا نوسەرانی عەرەب هەستاون بە ووردکردنەوەی بیردۆزی لەدایك بوون و جیاکردنەوەی ئاسمان لە زەوی،هەمان بیرۆکەی ئەفسانە کۆنەکانیان بەکارهێناوەتەوە.لە کتێبی بوکی کۆڕەکانی ئەبو ئیسحاقی سەعلەبی کۆچکردوو لە ساڵی ٤٢٧ ك ١٤ دا دەخوێنینەوە: کاتێك خوا ویستی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات، گەوهەرێکی سەوزی دروستکرد کە قەبارەکەی چەند جارەی تەبەقەکانی ئاسمانەکان و زەوی دەبوو و دواتر بە سەیرکردنێکی بەشکۆوە لێیڕوانی و بوو بە ئاو،دواتر سەیریکرد و ئاوەکە بوو بە دوکەڵ و کەف و هەڵمی لێبەرزبۆوە...خوا لەدوکەڵکە ئاسمانی دروستکرد. لەکەفەکەش زەوی )).

---

10.ibid p 87-150

١١. بگەڕێوە بەشی دروستبوونی بابلی، لە داهاتوودا، دەقی ئینۆمائیلیش.

١٢. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی یەکەم.

١٣.سورەتی ئەنبیا، ئایەتی ٣٠.

١٤. ئەبو ئیسحاقی سەعالبی،بوکی کۆڕەکان،چاپخانەی کتێبی زانستی.بەیروت ل ١٢.

هەروەها لە کتێبەکەی تەبەریشدا دەخوێنینەوە کە کۆچی دوایی کردوە لە ساڵی ٣١٠ ك. بەناونیشانی (( مێژووی پەیامبەر و پاشاکاندا))١٥. (( خوای گەورە عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو،هیچ شتێکی دروستنەکردبوو لەپێش ئەوەی ئەو ئاوە دروست بکات،کاتێك ویستی بونەوەرەکان دروست بکات لەو ئاوە دوکەڵی دروستکرد و بەرزبۆوە بۆ سەر ئاوەکە، و ناویلێنا ئاسمان، و دواتر ئاوەکەی وشککردەوە و کردیە یەك زەوی و دواتر پارچە پارچەی کرد بۆ حەوت زەوی)).

هەروەك شێخی هەرە گەورە محێدینی عەرەبی بۆمان دەگێڕێتەوە لە بەشی یەکەم لە فەتحەکانی مەکیدا دەربارەی دروستکردنی گەردوون و دەڵێت ١٦ : (( خوا ئاوی دروستکرد،تەرزەیەکی ڕەقی وەك گەوهەر لە خڕی و سپێتیدا دروستکرد و بە پاڵەپەستۆ و بەزۆر لاشەکان و هۆکارەکانی تیائاخنی.دواتر عەرشی دروستکرد و لەسەری دانیشت و ناوی ڕەحمانی لێنا.... بە چاوی گەورەیی و شکۆوە سەیری ئەو گەوهەرەی کرد و لە شەرما توایەوە، بەشەکانی توانەوە و وەك ئاو ڕۆیشت،و عەرشەکەی لەسەر ئەو ئاوە بوو لە پێش دروستکردنی ئاسمان و زەویدا .... هیچ شتێك لە بووندا نەبوە لەو کاتەدا و هەموو شتێك ڕاخراو و داخراو بوون، ڕۆحی نارد بۆ ئاوەکە و کەوتە شەپۆلدان و کەف دروستبوو... ئەو کەفە زەوی دروستکرد.... دواتر دوکەڵی دروستکرد لەو ئاگرەی کە لە لێخشاندنی زەویەوە دروست بوو لەکاتی هەڵهێنانەوەیدا. و لەناویدا ئاسمانی بەرزی هەڵهێنایەوە )).

لە ئەفسانەکانی زۆربەی گەلانی سەرەتاییدا کە لە گەڵماندا دەژین بەهەمان شێوە دووبارەکردنەوەی ئەفسانەی جیاکردنەوەی ئاسمان لەزەوی دەبینینەوە. لەنیوزیلاندە و تاهیتی و دورگەی کوك،دانیشتوانەکەی ئەم ئەفسانەیە دەگێڕنەوە ١٧ : دوای ئەوەی کە ئاسمان لەگەڵ زەویدا یەکیان گرت ژمارەیەکی زۆر خواوەندی بچوکیان لێبوو کە لەتەنگەبەری و تاریکیەکی زۆردا دەژیان لە ئەنجامی

______________________________

١٥. مێژووی تەبەری ، خانەی سوێدان، بەیروت١٩٦٧،بەشی یەکەم ل ٥٢.

١٦. موحێدینی عەرەبی،فەتحە مەکیەکان،بەشی یەکەم،قاهیرە ١٩٧٣ ل ٤٩.

17. Pilip Freund.Myths Of Creation.W.H.Allen-london.1964.

پێکەوەنوسانی ئاسمان و زەوی بەیەکەوە،بڕیاریاندا کە لەدژی ئەم بارودۆخە هەڵبگەڕێنەوە بەسەرکردایەتی خواوەندێکی نەترس(( تانی )) کە بە بەهێزی باسکەکانی ئاسمانی بەرزکردەوە تا لە جێگاکەی جێگیربوو،دواتر وتی با ئاسمان بمێنێتەوە بە دووری لێمان،بەڵام زەوی،با لەنزیکمان بمێنێتەوە وەك دایکێکی بە بەزەیی.

پێدەچێت بیردۆزە زانستیە نوێکانیش زۆر لەم بیرۆکانە دوور نەکەوتبنەوە لە باسی سەرهەڵدانی گەردووندا کاتێك وا دادەنێت کە لەزەمانێکی زۆر کۆندا تەقینەوەیەکی سەرەتایی ڕوویداوە،لە ئەنجامدا پەرش و بڵاوی پێکهاتە ئاسمانیەکانی لێکەوتۆتەوە لە بۆشایدا و دوورکەوتنەوەیان لە ناوەندی تەقینەوەکە. زەوی بەم بارەوە بریتیە لە هەسارەیەك کە پێدەچێت لە جێگایەکدا لە ئاسمان جیابوبێتەوە .

قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی هەستاوە بە ڕاڤەکردنی بیردۆزی لەدایکبوونی ئاوی کە بریتیە لە پێچەوانەکردنەوە بۆ بیرەوەرییەکی شاراوە لە نەستی مرۆڤدا لە باری کۆرپەلەیدا لەمنداڵانی دایکدا،لەکاتێکدا کە دەورە دراوە بە ئاو لەهەر چوار لاوە.دەرچوونی لەدواتردا لەناو ئەو ناوەندەوە بۆ جیهانێکی وشکی دەرەکی. هەروەك چۆن ئەم قوتابخانەیە ئەفسانەکانی جیابونەوەی ئاسمان لەزەوی بەکاردەهێنێت،بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچونەکەی لە زاڵبوونی گرێی ئۆدیب،کە بەشێکی گەورە داگیر دەکات لە بیردۆزەی سیگمۆند فرۆید.ئارەزووی کپکراوە لە نەستی منداڵدا،پەیوەست بە دوورخستنەوەی باوك و تۆڵەکردنەوە لەدایك، دەرچەیەك دەبینێتەوە بۆ خۆی لە جیهانی ئەفسانەدا،کاتێك پاڵەوانەکە هەڵدەستێت بە دوورخستنەوەی ئاسمان و مانەوەی لە زەویدا.هەندێ ئەفسانە لەوەش زیاتر دەکەن و تەنها بەدوورخستنەوەوە ناوەستن، بەڵکو زیاد دەڕۆن و دەڵێن کوڕ هەڵدەستێت بە کارێکی توندوتیژ بەرامبەر ئەرکی سێکسی باوك،ئەو ئەرکەی کە باڵادەستی دەداتێ لەلای دایك، خواوەند کرۆنۆس لە ئەفسانەی

ئیگریکیدا ١٨. بەهاندانی لەلایەن دایکیەوە هەڵدەستێت بە خەساندنی باوکی ئۆرانۆس خواوەندی ئاسمان،و ئەندامی نێرینەی فڕێدەداتە ناو دەریاوە،لە بەیەکگەیشتنی ئاوی پیتێنراوی ئۆرانۆس بە ئاوی زەریاوە،ئەفرۆدێت لەدایك دەبێت لە کەفی دەریا،قاچی لەسەر وشکانی دادەنێت لەکانەرەکانی قوبروسدا.

**ڕێکخستنی گەردوون :-**

دوای ئەوەی ئنلیل ئاسمانی لە زەوی جیاکردەوە، و ئەمشێوەیەی ئێستای دانێ کە دەیبینین،چوو بەلای دروستکردنی توخمەکانی تری گەردوونەوە. ئالێرەشدا،دروستبوون لە ئەنجامی جوڵەیەکی مادی و کاریگەری ژیانی خواییەوە دێت،نەك بەهۆی وشەیەکی دروستکەرەوە یان فەرمانێکی خواییەوە.دەرکەوتنی مانگ و خۆر بۆ بوون،لەگەڵ هەندێ خواوەندی تردا،لە ئەنجامی چالاکیەکی سێکسی خواوەند ئنلیلەوە دێت کە لەگەڵ خواوەندە ننلیلدا نوستوە و لە ئەنجامدا مانگیان لێبوە.

مانگیش لای خۆیەوە خۆری بوو بەکارێکی سێکسی تر،ئەفسانەیەکی سۆمەری باس لەو زنجیرە دروستبونەمان بۆ دەکات لە دەقێکی هۆنراوەیی جواندا کە پێکهاتوە لە ١٥٢ دێڕ،کە زۆربەیان لە بارێکی باش و سەلامەتدان و دەتوانرێت کە بە ڕوونی ئەو تابلۆیانە بخوێنرێنەوە کە بەسەریاندا دابەشبوون.١٩

ئەفسانەکە بە پێشەکیەکی پیاهەڵدانی شاری نیپور دەستپێدەکات کە لە پێش دەرکەوتنی مرۆڤەوە دۆزراوەتەوە،کە خواوەندەکان تیایدا نیشتەجێبوون:

**بڕوانە( نیپور) کۆڵەکەی ئاسمان و زەوی( ئەو )** [....]

**بڕوانە نیپور شارە**[....]

**دیوارە بەرزەکانی ببینە ،شارێکی** [....]

**ڕووبارە درەوشاوەکەی ئیدسالا ببینە**

**بەندەرەکەی کارکورانا ، ببینە کە پاپۆڕەکانی تیادا دەوەستن**

------------------------------

18.Kewlarosse Encyclopedia of Mythology،Hamlyn london 1977 p.88.

19.S.N.Kramer،sumerian Mythology،Harber and Row .N.Y 1961.

**سەرچاوە ڕوونەکەی بۆلال ببینە**

**جۆگەلەی شیرینی ئەدنونبردوی ببینە**

**ئەنلیلی کوڕە گەنج وشۆخ و شەنگەکە لەوێیە**

**نەنلیلی کچە نەرم و شل و گە نجەکەش لەوێیە**

**هەرلەوێش خا نمە پیرەکە ننبار شیکونوش لەوێیە**

دوای ئەم پێشەکیە چیرۆکەکە دەستپێدەکات،دەبینین کە خانمە نیبۆری پیر کە قسە لەگەڵ کچەکەیدا نەنلیل دەکات دەربارەی چۆنێتی ڕاکێشانی خواوەند ئەنلیل:

**لەو ڕۆژانەدا دایکەکە ئامۆژگاری کچەکەی دەکرد،**

**ننبارشیکۆنۆ هەستا بە ئامۆژگاری کچەکەی:**

**کچەکەم لەلای ڕوبارە ڕوونەکەوە، لەلای ڕووبارە ڕوونەکەوە خۆت بشۆ**

**لەکەناری ڕووبارەکە نەنبردۆ، واتا نەنلیل، پیاسە دەکات**

**خاوەن دووچاوی دراوشاوەی، پیاوێکی دووچاو درەوشاوە،**

**شاخە گەورەکە، ئەنلیلی باوك، خاوەن دوو چاوە درەوشاوەکە دەتبینێت**

**شوانە، گەورەی چارەنوسەکان، خاوەن دوو چاوە درەوشاوەکە دەتبینێت**

**لەکاتێکدا [....] و کاتێك ماچت دەکات.**

نەنلیل ئامۆژگاریەکەی دایکی جێبەجێکرد.ئەنلیل بینی و هەوڵیدا فریوبیدا،بەڵام ئەو ڕێگری کرد.ئەو فێڵی لێکرد و بە یارمەتی شالیارەکەی نسکۆ هەڵیگرت بۆ ناو بەلەمەکەی،لەوێدا پایەبەرز کاری سێکسی لەگەڵدا کرد و وازیلێهێنا تا سکی پڕ بوو بەخواوەندی مانگ.بەڵام خواوەندەکان توڕەبوون لەم کارەی ئەنلیل.هەربۆیە کۆمەڵگەی خواوەندی بڕیاریاندا کە ئەنلیل دوور بخەنەوە بۆ جیهانی ژێرەوە.ئەنلیل ملکەچی بڕیار و قسەی خواوەندەکان بوو،دەستیکرد بە کاروانەکەی بۆ جیهانی ژێرەوە.بەڵام نەنلیل کە خۆشەویستی خواوەندی گەنج کاریتێکردبوو توانی دوای بکەوێت و لەبەردەم دەرگای دۆزەخدا پێیگەیشت. بەڵام ئەنلیل داوای لە پاسەوانی بەردەرگاکە کرد،کە سەر لە نەنلیل تێکبدات بەهۆکارێك

کە نایزانین.و ئەو خۆی کردە سەر شێوەی پاسەوانەکە و لە جێگەکەی ئەودا چاوەڕوانیکرد.کاتێك گەیشت و لە خۆشەویستەکەی پرسیاری کرد،ئەو کەلە شێوەی پاسەوانەکەدا بوو وەڵامی دایەوە و سەریلێتێکدا، دوایی لەگەڵی ڕاپبوارد و بە جێیهێشت بۆ ئەوەی سکی پڕ بێت بە نەرگال خواوەندی جیهانی ژێرەوە:

**ئەنلیل[....] شارەکەی بەجێهێشت**
**نونامنیر شارەکەی بەجێهێشت**
**ئەنلیل ڕۆیشت و ،کچەکەش شوێنپێی هەڵگرت**
**نونامنیر ڕۆیشت و ،کچەکەش شوێنپێی هەڵگرت**
**ئەنلیل بە پاسەوانی بەردەرگای وت**
**ئەی پاسەوانی دەرگاکە و ئەی خاوەن کێلون**
**ئەی پیاوی قوفڵ ئەی خاوەنی کێلونی پیرۆز**
**شاژنە نەنلیل دێت**
**شاژنە نەنلیل دێت**
**ئەگەر پرسیاری دەربارەی من لێکردی**
**جێگەی منی پێنیشان مەدە**
**نەنلیل لە پاسەوانی بەردەرگاکە نزیك بووەوە و وتی:**
**ئەی پاسەوانی دەرگاکە،ئەی خاوەنی کێلون**
**ئەی پیاوی قوفڵ،ئەی خاوەن کێلونی پیرۆز**
**پاشاکەت ئەنلیل بۆ کوێوە ڕۆیشت؟**
**ئەنلیل لە جێگەی پاسەوانەکە وەڵامی دەداتەوە:**
**ئەنلیل گەورەی هەموو وڵات فەرمانی پێکردووم،**

دوای ئەوە چوار دێڕ دێت ناوەڕۆکی هەمان مەسەلەیان تیادایە بەڵام ماناکەی ناڕۆشنە و دواتر گفتوگۆکە درێژەی دەبێت بەم شێوەیە:

**- ڕاستە ، ئەنلیل ، پاشایە ،بەڵام منیش شاژنم**
**- گەر بەڕاست تۆ شاژنمی،ڕێگەم بدە دەست لە [....]**

- ئاوی پاشاکەت لە هەناومدایە(( نانا ))* لەناو هەناومدایە
- با ئاوی پاشاکەم بڕوات بۆ ئاسمان،با(( نانا ))بڕوات بۆ ئاسمان
- لێگەڕێ با ئاوەکەم بڕوات بۆ زەوی

ئەنلیل لەسەر شێوەی پاسەوانەکە لەگەڵیدا نوست

ماچیکرد و لەگەڵیدا جووت بوو

و ئاوەکەی ڕشتە ناو گیانیەوە(( میسلامیتا ))

ئەنلیل ڕۆیشت و ئەنلیلیش شوێن پێی هەڵگرت

نونا ڕۆیشت و کچەکەش شوێنپێی هەڵگرت

ئەنلیل بە خاوەنی ڕووباری جیهانی ژێرەوەی وت:

ئەی خاوەنی ڕووباری جیهانی ژێرەوە

نەنلیلی شاژن بەرەو ئێرە دێت

نەنلیلی شاژن بەرەو ئێرە دێت

گەر پرسیاری دەربارەی من لێکردی

جێگەکەی منی پێنیشان نەدەی

نەنلیل لە خاوەن ڕوبارەکە نزیك بۆوە و پێی ووت:

ئەی خاوەنی ڕووباری جیهانی ژێرەوە،

پاشاکەت ئەنلیل بۆ کوێ ڕۆیشت،

پاشاکەت ئەنلیل،بۆ کوێ ڕۆیشت؟

ئەنلیل لە جیاتی خاوەن ڕووبارەکە وەڵامی دایەوە:

ئەنلیل گەورەی هەموو وڵات فەرمانی پێکردم.

دووبارە ناوەڕۆکە ناڕۆشنەکە دووبارە دەبێتەوە،دواتر ئەم وتوێژە ڕوودەدات،لەنێوان ئەنلیل لەسەر شێوەی خاوەن ڕووبار، و کچەکە نەنلیلدا:

- گەر ئەنلیل بەڕاستی پاشات بێت،بەڵام منیش شاژنتم
- گەر بەڕاستی تۆ شاژنمی،لیمگەڕێ بادەست بدەم....

---

* نانا مانگە.

- ئاوی پاشاکەت لە هەناومدایە،ئاوی درەوشاوە لە هەناومدایە
- ئاوی ئانای درەوشاوە لەهەناومدایە
- با ئاوی پاشاکەم بڕوات بۆ ئاسمان و،لێمگەڕێ ئاوی منیش بڕوات بۆ زەوی

ئەنلیل لەسەر شێوەی پاسەوانی ڕووبارەکە لەگەڵیدا ڕاکشا

ماچیکرد و لەگەڵیدا جووت بوو

و ئاوی ننازۆی *کردە هەناویەوە

ئەفسانەکە لەسەرئەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، خواوەندی سێیەمی جیهانی ژێرەوەی لەدایك بووش ناودەبات بە (( یجیببیل))،لێرەدا ئەنلیل شێوەی بەلەمەوانی جیهانی ژێرەوە وەردەگرێت کە بە بەلەمەکەی هاتوچۆ دەکات لە ڕووبارەکەدا. و ئەفسانەکە بە گۆرانیەکی سوپاسگوزاری بۆ ئەنلیل تەواو دەبێت:

ئەنلیل پاشا و گەورەیە

ئەنلیل گۆڕان بۆ قسەکانی نیە

سوپاس بۆ دایکمان ئەنلیل

سوپاس بۆ باوکمان ئەنلیل

جێگەی باسە کە ئەفسانە یۆنانیەکانی دواتر دوای ٢٠٠٠ ساڵ وێنەیەکی تەواوی وشە بە وشەی باسی جیهانی ژێرەوەی سۆمەریەکانی گێڕاوەتەوە.بەهەمان شێوە دەروازەکانی جیهانی ژێرەوە،ڕووبارەکەی،بەلەمەوانەکەی،و پاشا و شاژنەکەی دەبینین.

ئەوەی جێگەی سەرنجڕاکێشانە لەم ئەفسانەیەدا،دەرکەوتنی مانگە پێش خۆر،ودواتر بوونی بە باوکی خۆر.ئەمەش بەبڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ پەرستنی مانگ پێش پەرستنی خۆر لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا پێش دەرکەوتنی شارستانێتیەکان، کۆمەڵگا ڕۆشنبیریەکان کە مانگیان لا پیرۆزبوە و دایاننناوە بە هێمای دایکی گەورە خواوەندی کۆمەڵگای دایکسالاری،وپێشیانخستوە بەسەر خۆردا،کە هێما بوە بۆ نێرینەیی،کە کۆمەڵگا باوکسالاریەکان لایان پیرۆز بووە

---

* لەخواوەندی جیهانی ژێرەوەیە.

دوای ئەوە وەك هێمایەك بۆ خواوەندی نێرینە،خواوەندی ئاسمانی بەرز.لەلایەکی ترەوە بیرۆکەی خوای کوڕ کە سەردەکەوێت بەسەر باوکیدا،و دەسەڵاتەکانی وەردەگرێت،بیرۆکەیەکی بەربڵاوە لە ئەفسانەناسی ناوچەکە و ئەفسانە ناسی گەلانی تریشدا.ئەنلیل بۆخۆی بوە بە خواوەندی یەکەمین لەکۆمەڵگای خواوەندی سۆمەریدا،مەردۆخ لەدواتردا سەرکەوتوە بەسەر باوکیدا،و بوە بە گەورەی خواوەندەکانی بابل،و لەلای کەنعانیەکانیش،خوای گەورە (( ئیل )) دەبینین کە وازی لە جێگەکەی خۆی هێناوە بۆ خواوەند(( بەعل )) کە بەسەر باوکیدا ((داجون))دا سەرکەوتوە.لەبیروباوەڕی مەسیحیشدا،خواوەندی کوڕ دەبینین کە زۆر زیاتر گرنگی پەیداکردوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لەخواوەندی باوك.

## ئانکی جیهان ڕێکدەخات :-

کاری دروستکردن بریتی نەبوو لە ئەرکێك کە بە تەنها یەك خواوەند بیگرێتە ئەستۆ لە سۆمەردا،ئەوەتا خواوەند(( ئانکی))،درێژە بەوکارە دەدات کە ئەنلیل دەستیپێکرد،وەکارە کۆتاییەکان دادەنێت لەسەر شێوە و وێنەی گەردوون، بەشێوەیەك دەردەچێت کە زیندوو گەشاوە بێت و سەرنج ڕاکێش بێت،ئانکی خواوەندی ئاوی شیرینە لای سۆمەریەکان و خوای داناییشە،وەکێ جگە لە خوای ئاوی شیرین دەتوانێت کە ژیان بکاتەوە بەبەری گەردونێکی بێگیان و بێجوڵەدا،وەکێ جگە لەخواوەندی دانایی دەتوانێت ژیان بەرەو مەبەستەکانی ئاڕاستە بکات،وەمەبەست و خواستەکانی دیاریبکات؟.

دەربارەی ئەو مەسەلەیە لەلایەن سۆمەریەکانەوە ئەفسانەیەکمان بەدەست گەیشتوە،کە باس لە چالاکی خواوەند ئانکی دەکات تایبەت بە ڕێکخستنی جیهان،وەئاسانکردنی هۆکارەکانی ژیان و شارستانی،بەڵام بەشی یەکەم لە دەقەکە،کە بەشی سەرەکیشە،بەشێوەیەك شێواوە کە ناتوانین لەگەڵیدا مانایەکی ڕۆشن دیاریبکەین،کاتێکیش تابلۆ گڵینەکە دەتوانرێت بخوێنرێتەوە،بەخواوەند

ئانکی دەگەین کە بە پاپۆڕە گەردونیەکەی گەیشتۆتە وڵاتی سۆمەر،لەوێ دەوەستێت،چارەنوسی ئەو وڵاتانە دیاریدەکات:٢٠

سۆمەر، ئەی گەورەترین وڵاتی جیهان

ئەی دا پۆشراو بە ڕوناکی هەمیشەیی، یاسا ڕێزلێگیراوەکان

چارەنوسەکانی گەورەن و ناگۆڕێن

دڵیشت فراوان و قوڵە، هیچ داچونێك ڕوویتێناکات

و[....] وەك ئاسمان، ناتوانرێت دەستلێبدرێت

ئەو پاشایەی کە ئە یخەیتەوە، ڕازاوەیە هەمیشە بەخشڵی هەمیشەیی.

ئەو گەورەیەی کە ئە یخەیتەوە، لەسەر سەری تاجێك هەیە کە ناکەوێ

گەورەکەت، گەورەیەکی زۆر گەورەیە، لەگەڵ ((ئان)) دادەنیشێت لە عەرشی ئاسماندا

پاشاکەت، شاخێکی گەورەیە، باوکە ئەنلیل.

بۆنمونە[....] ئەو باوکی هەموو وڵاتانە.

بەڵام ئانانۆکی، خواوەندە گەورەکە،

لەناوەڕاستدا جێگەی نیشتەجێبونی هەڵداوە

لەدارستانە فراوانەکەشتدا خواردنەکەی دەخوات

سۆمەر، دەبا گەوڕەکان چەند یتربن و مانگاکانیشت زیاتر و زیاتر بن.

دەبا کۆزی ئاژەڵانت بەهەزارەها زیاد بکەن و مەڕەکانیشت زیاتر بن.

دەبا [....] بمێنێتەوە.

دەبا بەرزببێتەوە[....] دەستەکانی چەسپێنراون بۆ ئاسمان

دەبا ئانانۆکی ،لەناوەڕاستدا بڕیار بدات ،لە چارەنوسەکان.

دوای ئەوە دەڕوات بەرەو شاری ئور کە پایتەختی سۆمەرە،لەوکاتە زوەی مێژوودا،بڕیار لە چارەنوسەکانی دەدات:

بۆ ئور هات

ئانکی، گەورەی قوڵاییەکان، هات، چارەنوسەکان ،دیاریدەکات:

---

٢٠. هەمان سەرچاوە.

**ئەی شارە خۆشگوزەرانەکە،ئەی شاری ئاوی زۆر،گامێشە بەهێزەکان**

**ئەی سەرچاوەی خۆراکی وڵات،ئەی شارە سەوزەکە،ئەی دوو ئەژنۆ دوور لەیەکەکە**

**تاهەتاهەتایە***

**ئەی دارستانە پڕ سێبەرەکە[....]**

**چارەنوسە تەواوەکانت،ئەو بڕیاری لێداوە**

**ئەنلیل،شاخی گەورە،ناوی پیرۆزتی وتوە لە ئاسۆکاندا**

**ئەی ئەو شارەی کە ئانکی چارەنوسەکانتی بڕیارلێداوە**

**ئەی ئور،ئەی پەیکەری پیرۆز،دەبا باڵات بەرزبێت بەرەو ئاسمان**

**دواتر ئانۆکی دەڕوات بۆ وڵاتی ملوخا و پیرۆزی دەکات و دەڕوات بۆ دیجلە و فورات و پڕیان دەکات لەئاوێکی پاکژ و ماسییان تیادا دروست دەکات،لەسەر کەنارەکانیشیان قامیش و زەل بڵاودەکاتەوە،و دواتر خواوەند ئەنبیلۆلۆ ڕادەسپێرێت بەسەرپەرشتیکردنیان،دواتر ئاوڕ دەداتەوە بەلای دەریادا و کاروباری ڕێکدەخات و خواوەندە سیرادا ** ڕادەسپێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی.دواتر لا دەکاتەوە بۆلای ڕەشەبا وجڵەوی دەکات و دەیداتە دەست خواوەند ئاشکور،خاوەنی کێلونی زیوین،کە لەڕێگەیەوە باران ڕێکدەخات، دواتر لای کردەوە بۆلای کاروباری کشتوکاڵ ،و ئەوەی پەیوەندی پێوەی هەیە لە ئامێر و کەل و پەل،کاتێ کە گاسن و تیر دروست دەکات،خواوەند**

-------------------------------

***وەرگێڕی دەقەکە کریمەر ئاماژەی بەهیچ نەداوە،بۆ زارەوەی دوو ئەژنۆی دوور لە یەك،لەو بڕوایەدام لەزاراوەکەدا ئاماژەیەك هەبێت بۆ بەپیتی زەوی،لەکۆندا نمونە هێنانەوە و هاوشێوەبوون هەبوە لە نێوان بە پیتی ژن و بەپیتی زەویدا.لەهەندێ کاری هونەریدا کە لەو ماوەیەوە پێمان گەیشتوە،خواوەندە عەشتار خواوەندی بەپیتی دەبینین کە لەسەر زەوی بە ڕووتی دانیشتوە، و هەردوو قاچی بڵاوکردۆتەوە، و ئەندامی مێینەی بە ئاشکرا دیار بوە بەهەموو وردەکاریەکانیەوە.**

**** ناوەکەی سیرینی ئیگریکیمان وەبیردێنێتەوە،حۆری دەریا،کە ناویان هاتوە لە داستانی هۆمیرۆسدا.**

ئانکمدۆ ڕادەسپێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کەناڵ و جۆگەلەکان.لە شارەکانیشدا گرنگی دەداتە ئاوەدانکردنەوە وکرێکان خواوەندێکی تایبەت دیاری دەکات،بناغەکان هەڵدەکەنێت و دیوارەکان دروست دەکات،خواوەند شداما ڕادەسپێرێت بۆ سەرپەرشتی کاروباری دیوار دروستکردن. دواتر دەشتەکان پڕدەکات لە گژوگیا و لەوەڕگا و ڕانەکانی تیادا زۆر دەکات،خواوەند سۆمۆقان ڕادەسپێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنیان.ژوورەکان پڕدەکات لە بەروبومە ئاژەڵیەکان. خواوەندی شوان دومۆزی ڕادەسپێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنیان.تائێرە دەقی لێتێگەیشتوو تەواو دەبێت،و تابلۆکە دەگەڕێتەوە بۆ باری شێوای جارێکی تر.

**دروستکردنی مرۆڤ**

دوای ئەوەی کە گەردوون شێوەی خۆی وەرگرت، و ئاسمانیش لە جێگەی خۆی ڕاوەستا، و زەویش بەهەمان شێوە جێگیر بوو،دوای ئەوەی سوڕانی شەو و ڕۆژ لەگەڵ جوڵەی وەرزەکانیش ڕێکخرا،دوای ئەوەی کە زەوی کشتوکاڵ و دارودرەختەکانی هاتنە دەر، و سەرچاوە و کانیاوەکانیشی تەقین.دوای ئەوەی کە ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان دەرکەوتن و دەریاکان پڕبوون لە ماسی،دوای ئەوە شانۆکە ئامادەبوو بۆ دەرکەوتنی مرۆڤ.

ئەو ئەفسانە سۆمەرییەی کە تایبەتە بە دروستکردنی مرۆڤەوە.ئەوە یەکەم ئەفسانەیە کە دەستی مرۆڤ نوسیبێتەوە دەربارەی ئەو بابەتە.لەدوای ئەوە لەسەر شێوەی ئەو ئەفسانەکانی ناوچەکە نوسراونەتەوە،لەگەڵ ناوچەکانی تری دەرودراوسێشدا،کە لەوەوە توخمە سەرەکیەکانیان وەرگرتوە. و بەتایبەتیش بیرۆکەی دروستکردنی مرۆڤ لە قوڕ،بیرۆکەی وێناکردنی مرۆڤ لەسەر شێوە و وێنەی خواوەند.بەڵام بۆچی مرۆڤ دروستکرا؟ئەوا ئەفسانەی سۆمەری دوودڵ نیە لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە و هیچ کاتێکیش ناسڵەمێتەوە لێی.مرۆڤ دروستکراوە وەك بەندەیەك بۆ خودا،تا خواردن و خواردنەوەی پێشکەش بکات،زەویەکەی بکێڵێت و ئاژەڵەکانی بۆ بەخێو بکات،مرۆڤ بۆ دروستکراوە بۆ ئەوەی قورسایی کار لەسەر ئەستۆی خواوەند هەڵگرێت.لەسەرەتاوە خواوەندەکان خۆیان هەڵدەستان بەهەموو ئیشوکارەکان،وپاراستنی ژیانیان،بەڵام ئەوان

ماندووبوون و چوون سکالآیان کرد لەلای ئانکی دانا،بۆئەوەی چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە،بەلآم،ئەو لە دوور ڕاکشابوو لە ناو گژوگیا ئاویەکاندا،سکالآکانیانی نەبیست،بۆیە چوون بۆلای خواوەندەی دایك (( نمو)) ئاوی سەرەتایی کە نەوەی یەکەمی لە خواوەندەکان وەدیهێنا بوو،بۆئەوەی ببێتە میانگیر لە نێوانیاندا،دایك چوو بۆ لای و پێی ووت ٢١ :

ئەی کوڕەکەم، هەستە لە جێگاکەتدا، هەستە لە [....]

کارێکی دانایی بکە

خزمەتکارێك بۆ خواوەندەکان دروستبکە،کە [خۆراکیان ] بۆ دروستبکات

ئانکی زۆر بە قوڵی بیری کردەوە لەو مەسەلەیە،دوایی بانگی لەوەستا شارەزا و کارامە خواوەندیەکان کرد و بەدایکی نموشی وت:

ئەو بونەوەرانەی کە ویستتدروستیان بکەم، دێنە بوون

وێنەی خواوەندیان پیادا هەڵدەواسین *

بڕێك قوڕ تێکەڵ بکە، لەسەر ئاوی قولآیییەکانەوە

دواتر وەستا کارامە خواوەندیەکان کای بۆزیاد دەکەن و( دەیشێلن )

دواتر تۆ ئەندامەکانی بۆ دروستبکە

ننماخیش **دەست بەدەست لەگەڵ تۆدا کاردەکات

لەتەنیشتەوە و لەکاتی دروستکردندا، مامەنەکانی منداڵبونیش ڕادەوەستن

هەرتۆ ئەی دایکە چارەنوسی منداڵە تازەبوەکان ، دیاریدەکەیت

و ننماخیش وێنەی خواوەندەکانی پیادا هەڵدەواسێت

[....] لەسەر شێوەی مرۆڤ [....].

---

٢١. هەمان سەرچاوە.

* گەر دوای وەرگێڕانەکەی کرێمەر بکەوین،ئەوا وەرگێڕانی ئەم دوو بەیتە وایان لێدێت:

ئەو بونەوەرانەی کە ناوت هێنان و بوون وێنەی خواوەندیان پیادا هەڵواسن

بۆیە بەباشم زانی کە گۆڕانکاری لەوەرگێڕانەکەدا بکەم بۆ ڕاستکردنەوەی ماناکەی ئەو دوو دێڕە لەگەڵ ڕێچکەی گشتی دەقەکەدا.

** ننماخ بریتیە لە زەوی دایك لە ئەفسانەی سۆمەریدا.

دوای ئەوە تابلۆ گڵێنەییەکە کە هەڵگری دەقەکەیە دەشێوێت،دواتر خۆمان دەبینینەوە،لەدوای ڕۆشنبونەوەی نوسینەکە،لەگەڵ ئانکیدا کە ئاهەنگ دەگێڕێت بەدەسکەوتە داهێنەرەکەیەوە لە داوەتێکدا کە خواوەندەکانی بانگهێشت کردوە.

لە ئەفسانەیەکی تری سۆمەریدا باس لەدروستکردنی دانەوێڵە و ئاژەڵەکان دەکات،کە گێڕانەوەیەکی تردەبینین بۆ دروستکردنی مرۆڤ . ٢٢

**وەك مرۆڤ،کاتێك بۆ یەکەم جار دروستبوون.**

**ئانوناکی خواردنی نانی نەدەزانی**

**بەهیچ جۆرێك لەبەرکردنی جلوبەرگیشی نەدەزانی**

**بەڵکو ڕووەکەکانیان بە دەمیان دەخوارد**

**ئاویشیان لەکانی و جۆگەلەکان بەدەم دەخواردەوە.**

**لەو ڕۆژانەدا ، لە ژووری دروستکردندا**

**لە(( دلکوج )) ماڵی خواوەنددا،(( لەهار )) و (( ئەشنان ))* دروستکران**

**لەوەی کە لەهار و ئەشنان بەرهەمیان دەهێنا**

**ئانانوکی خواردی و هەرتێر نەدەبوو**

**لە گۆزە پیرۆزەکانیشدا شیریان دەخواردەوە**

**دەیا نخواردەوە بەڵام تێر ئاو نەدەبوون**

**لەبەرئەوە و لە پێناو گرنگیدان بە جیاکردنەوەی خۆشییەکانی**

**مرۆڤ دروستکرا**

توخمە سەرەکیەکانی ئەم ئەفسانەیە چۆتە ناو،زۆربەی ئەفسانەکانی گەلانی دراوسێوە،لە ئەفسانە داهاتوەکانی بابلیدا دروستکردنی مرۆڤ لە قوڕ دووبارە دەبێتەوە،و هەڵگرتنی قورسایی کاریشی لەسەر دەسەپێنرێت،لەبەشی دروستبونی عیبرانیشدا ،دەبێت خواوەندی جولەکە یەهوە هەڵبسێت بە دروستکردنی مرۆڤ لە قوڕ،لەدوای تەواوبوونی لە دروستکردنی جیهان،لەسەر

---

٢٢. هەمان سەرچاوە.

* لەهار: خواوەندی ئاژەڵ و ئەشنان: خواوەندی دانەوێڵە.

**شێوەی خۆشی دەبێت: (( خواوەند خاكی ئادەمی لەزەویەوە هێنا،لە لوتیەوە هەناسەی ژیانی كرد بەبەریدا،ئادەم بوو بە گیانێكی زیندوو))٢٣. سەرەڕای ئەو ئامانجەی كە دەقی تەوراتی پێشكەشی دەكات بۆ دروستبوونی مرۆڤ،بریتیە لە دەستبەسەراگرتنی(( ماسی دەریا،باڵندەی ئاسمان،ئاژەڵان،هەموو زەوی،هەموو بونەوەرێك كە لەسەر زەوی دەڕوات و دەجوڵێت))٢٤.**

**ئەو جارێكی تر قورسایی ژیان و كار دەخاتە سەر مرۆڤ،بەتەواوەتی وەك دەقی سۆمەری : (( لەبەرئەوەی تۆ بەقسەی ژنەكەت كرد، لەبەری دارەكەت خوارد،كە ئامۆژگاریم كردی كە لێی نەخۆیت،زەوی بەهۆی تۆوە نەفرەت لێكراوە،بەهیلاكی نانی هەموو ژیانتی لێدەخۆیت.... بە ئارەقی ناوچەوانت نان دەخۆیت هەتا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی كە لێوەی دروست بووی.لەبەرئەوەی تۆ لە خاكیت و بۆ خاكیش دەگەڕێیتەوە)).٢٥**

**لەئەفسانە میسریەكانیشدا دووبارە بونەوەی ئەو بیرۆكەیە دەبینین . هەروەها لە ئەفسانە ئیگریكیەكانیشدا،٢٦ كە برۆمیسیۆس بە دروستكەری مرۆڤ دەزانێت . كە هەستاوە بەدروستكردنی مرۆڤ لە خۆڵ و ئاو ،كاتێك مرۆڤ تەواو بوو هەستایە سەرپێ، خوای ئەسینا ڕۆحی كرد بە بەریدا.دواتر برۆمیسیۆس هەستا بە ئامادەكردنی ئەو كەل و پەل و پێداویستیانەی كە مرۆڤ پێویستی دەبێت بۆ مانەوە و بەردەوام بوون،ئاگری خوایی لە ئاسمانەوە بۆ دزی،دژی ئارەزووی خواوەندی گەورە زیۆس،نهێنی دروستكردن و بەكارهێنانەكەشی بۆ ئاشكرا كرد،بەمەش بەر توڕەبوونی زیۆس و سزادانیشی كەوت.**

**ئەگەر ئەفسانەكانی گەلانی خاوەن شارستانێتیمان وەلاوەنا،دەبینین كە دروستكردنی مرۆڤ لە قوڕ لەهەموو ئەفسانەكانی گەلانی سەرەتاییدا دووبارە**

---

**٢٣. سەردەمی كۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی دووەم.**

**٢٤. سەردەمی كۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی یەكەم.**

**٢٥. سەردەمی كۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی سێیەم.**

26.Philip Freund،Myths of creation،W.Allen،london 1964.

دەبێتەوە.ئەفسانەیەکی ئەفریقی دەڵێت ٢٧ :  خواوەندی دروستکەر بڕێك قوڕی هەڵگرت و لەسەر شێوەی مرۆڤ دروستیکرد،دوای بەجێهێشتنی لە ناو گۆمێك ئاوی دەریادا بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ،کاتێك لە ڕۆژی هەشتەمدا دەریهێنایەوە ببوە مرۆڤێکی تەواو.لە ئەفسانیەکی فلیپینیشدا ٢٨  خواوەندی دروستکەر لە بڕێك قوڕ شاخێك  دروستدەکات لەسەر شێوەی مرۆڤ،دەیخاتە ناو فڕنێکەوە،لێی غافڵ دەبێت و ڕەش هەڵدەگەڕێت،ئەوە ڕەچەڵەکی مرۆڤی ڕەش پێستە،دواتر یەکێکی تر دەخاتە ناو فڕنەکەوە و پێش کاتی دیاریکراو دەریدەهێنێت،ئەوەش ڕەچەڵەکی مرۆڤی سپی پێستە،لەجاری سێیەمدا قوڕەکە کاتی پێویستی خۆی وەردەگرێت لەناو ئاگرەکەدا لە ئەنجامدا مرۆڤی فلیپینی دروست دەبێت کە ڕەنگی بڕۆنزی هەیە. لە ئەفسانەیەکی هندیە ئەمریکاییەکاندا هاتووە بەهەمان شێوە مرۆڤ لە قوڕ دروستکراوە و دواتر ڕۆحی بەبەردا کراوە و لاشە بێگیانەکەی کەوتۆتە جوڵە.

ئەمانە و زانستی نوێی سەردەمیش هیچ بیردۆزە و ڕاستیەکمان پێنالێت،کە پەیوەندی لاشەی مرۆڤ بە خۆڵی زەویەوە بسەلمێنێت،بەلاَم تەنها ئەوەندە دەڵێت کە پێکهاتەکانی لاشەی مرۆڤ بریتیە لە هەمان ئەو توخمانەی کە لەخاکدا هەن.

لەکۆتاییدا قورئانی پیرۆزیش زیاتر لە جێگەیەکدا دروستبوونی مرۆڤ لە خاك **پشتڕاستدەکاتەوە:** ((خَلَقَ الإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ ، وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ)) ٢٩ . ((قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَاْ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ )) ٣٠.

---

27.ibid.
28.ibid.

٢٩.سورەتی ڕەحمان و ئایەتی ١٣ و١٤.

٣٠.سورەتی ئەعراف و ئایەتی ١١.

- **پشوودانی دروستکەر:**

لەدوای تەواو بوون و ماندووبونی دروستکەر،ئانکی پشوودەدات و دەچێتە بێدەنگی و ئارامیەوە، دەست دەکات بەدروستکردنی خانویەك بۆ خۆی لە قولآیی ئاوەکاندا،ئەفسانەیەکی سۆمەری باسی دروستکردنی ماڵی خوامان بۆ دەکات. کە لێرەدا وادەردەکەوێت کە خوای هەموو قولآییەکانە،زیاتر لەوەی کە خوای ئاوی شیرینی ژێر زەوی بێت.

ئەفسانەکە بە جۆرێك وێنەی ئانکی دەکێشێت کە خواوەند بۆسیدۆنمان بیردێنێتەوە کە خواوەندی دەریاکانە لەلای ئیگریکیەکان،یان نبتۆن لای ڕۆمانەکان،ئەفسانەکە دەڵێت ٣١:

**دوای ئەوەی کە ئاوی دروستبوون جیابۆوە**
**گۆمەکە هەموو لایەکی ئاسمانی گرتەوە**
**کشتوکاڵ و گژ وگیا هەموو ڕووی زەوی دا پۆشی**
**ئانکی، ئەو خوایەی کە چارەنوسەکان دیاری دەکات**
**ماڵەکەی دروستکرد لە زیو و لازورد**
**زیو ولازوردێك وەك ئەوەی ڕوناکیەکی خێرا**
**ئەو لە قولآییەکاندا جێگیر بوو.**

دوای ئەوەی کە لە دروستکردنی خانوەکەی بوەوە،دەبوایە وەکو هەموو خواوەندە گەورەکان،شارێکی هەبێت و لە قولآیی دەریاوە شاری ئەریدۆ*ی بەرزکردەوە،بەدارودرەخت و سەوزایی و ڕووەك دایپۆشی،ئاوی پڕکرد لە ماسی، دواتر بڕیاریدا کۆچ بکات بۆ لای باوکی ئەنلیل بۆ وەرگرتنی پیرۆزکردنی ئەو بۆی.لە قولآیی ئاوەکانەوە بەرزبۆوە لەدیمانەیەکی ترسێنەر و پڕ شکۆدا:

---

1961.،Harper andRow،31. S.N.Kramer. Sumerian Mythology

*زانا شوێنەوارناسەکان دایدەنێن بە کۆنترین شاری سۆمەری، تا ئێستاش زۆربەی داپۆشراوە لەژێر زەویدا.

**کاتێك ئانکی بەرزبۆوە، لەگەڵیشیدا هەموو ماسیەکان بەرزبونەوە**

**ئاوەکان شڵەژان و ژاوەژاو دروستبوو**

**خۆشی و بێدەنگی لەڕووی دەریادا نەما**

**ترس لە قولاییەکاندا بلاوبۆوە**

**دڵەڕاوکێش لە رووبارە بەرزەکانیشدا جێگیر بوو**

**رەشەبای باشووریش بەدرێژایی فورات شە پۆلەکانی بەرزکردەوە**

کاتێك ئانکی بە پاپۆڕەکەیەوە دەگاتە شاری نیپور شارەکەی ئەنلیل، میوانداریەك بۆ خواوەند ڕێکدەخرێت کە تیایدا خواردن و خواردنەوە پێشکەش دەکرێت.لە کۆتایدا ئەنلیل هەڵدەستێت و سوپاسی ئانکی دەکات لەبەرامبەر ئەوەی کە کردویەتی لە دروستکردنی خانویەك و ڕەزامەندی و پیرۆزبایی خۆی دەداتێ.

پێدەچێت دروستکردنی خانوو بۆ خواوەند،کارێکی پێویست بێت دوای بەرزبونەوەی پلەو پایەی.دوای ماڵیش دروستکردنی شار بۆ خواوەند. ئەوەتا خواوەندی بابلیش مەردۆخ،خواوەند خانویەکی بۆ دروست دەکات کە قولەکەی لە بەرزیدا دەگاتە پێپلیکانەکانی ئاسمانی بەرز،لەدوای تەواوبوونی کاری دروستکردن. لەچوار دەوری پەیکەری پیرۆز خواوەندی شاری بابل دروست دەکات.ئەوە بەعلیشە،خواوەندی سوریا،داوای دروستکردنی خانویەك دەکات بۆ خۆی دوای سەرکەوتنی بەسەر ئاوی یەکەمیندا کە خواوەندە(( یەم)) نمایندەی دەکات و هێزگەلە شەڕانی و وشکەکانیش کە لەلایەن خواوەندی مردنەوە نمایندەی دەکرێت.ئەوەی دەیەوێت بۆی دەکرێت.خواوەندی جولەکەش چاو لەم دەکات لەوەی کە داوا دەکات خانویەکی بۆ دروست بکەن دوای ئەوەی کە ماندوو دەبێت لە گەڕان لە چادرێکی بەنو ئیسرائیلدا.لە بەشی صامۆئیلی دووەمدا دەخوێنینەوە لە سەردەمی کۆن ۷:۳ (( لەو شەوەدا قسەی خواوەند بۆناتان بریتی بوو لەوەی کە وتی: بڕۆ و بەبەندەی من داود بڵێ،ئاوها خودا گوتی،ئایا تۆ خانویەکم بۆ دروست دەکەی تا تیایدا نیشتەجێبم؟ لەبەرئەوەی من لە خانودا نیشتەجێ نەبووم لەو ڕۆژەوەی بەنی ئیسرائیلم بەرزکردۆتەوە لە میسرەوە تا ئەمڕۆ، بەڵکو من بەندبووم لە چادرێکدا)).

بەم شێوەیە دروستبوونی سۆمەری بەجێدێڵین، دوای ئەوەی ئەو چەند ئەفسانە کەمە ناتەواوە،پەرش و بڵاوە،چوارچێوەیەکی گشتی بۆ وێناکردنێکی ئەفسانەیی خستە بەردەستمان کە بەردەوام دەبێت و پێشدەکەوێت و پێشدەگات لە پاشماوەی ئەفسانەکانی ناوچەکەدا.

هەروەها بەیەك دەگەینەوە لەگەڵ ئەو خواوەندانەی کە ناسیمانن،لە جێگەی تر و لەلای گەلانی تریش،خواوەند (( ئان )) خواوەندەی ئاسمانی سۆمەری دەبێتە((ئانۆ)) خواوەندی ئاسمانی بابلی، و ئیل خواوەندی ئاسمانی سوری و ( ئانکی) خواوەندی ئاوی شیرین دەبێتە (( ئایا)) خواوەندی ئاوی شیرینی بابلی.نمونە دایك–زەوی ، بەهەمان ناوی خۆی دەردەکەوێت یان بەناوی ننخرساج یان بەناوی ننتۆ یان مامی. وە ( نمۆ) ئاوی یەکەمین دەبینینەوە لە کەسایەتی ( توعامە)دا ئاوی یەکەمی لەلای بابلیەکان و ( یەم ) لای فینیقیەکان ( کەنعانیەکان ). هەروەها بە ئەریشیکگال دەگەینەوە خواوەندی جیهانی ژێرەوە کە پارێزگاری لەناو و ئەرکەکانی کردووە.

شارستانێتی سۆمەری باڵیکێشاوەتە سەر داگیرکەرانی لەڕووی ڕۆشنبیریەوە، لەکاتێکدا لەڕووی سەربازیەوە ملکەچ بوە بۆیان.

# ٢ // دروستبوونی بابلی

ئەکەدیە سامیەکان بۆ چەندینساڵ لە پاڵ دراوسێ سۆمەریەکانیاندا ژیاون،هێندەی نەخایاند کە قبوڵیانکردن،دەسەڵاتە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانیان وڵاتی دووروباری گرتەوە،لە شاهەنشاهیەکەدا کە لوتکەی دەسەڵاتی لەسەردەمی پادشای گەروە حامورابیدا بوو.ئەگەر سۆمەریەکان تۆوی ڕۆشنبیریان چاندبێت لە دۆڵی دووڕووباردا،ئەوە ئەکەدیەکان بوون کە دەریان هێنا بۆئەوەی بەرهەمەکەی بدات،وە شارستانێتیەکەی هەموو جیهان بگرێتەوە وبژمێردرێت. لەپاڵ شارستانێتی سوری و میسریدا. وەك گرنگترین و دێرینترین شارستانێتی مرۆڤایەتی.

بەدوایەکدا هاتنی گەلانی سامی تر و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە دۆڵی دووڕووباردا وەك( کلدانیەکان و ئاشوریەکان) تەنها بریتی بوە لە جۆراوجۆرکردن لەسەر زەمینەیەکی تاکی هاوبەش.لەم کتێبەدا هەڵدەستم بە ئاماژەدان بۆ ڕۆشنبیری دووڕووباری بەناوی ڕۆشنبیری بابلیەوە، بەبێ ئەوەی هیچ تایبەتمەندیەك بگەیەنێت،یان دیاریکردنێکی ئاشکرا.

بیروبۆچونەکانی بابلیەکان دەربارەی دروستبوون و پێکەوەنان بەشێوەی تەواوی دادەنرێت ،لەچوارچێوەی داستانی دروستبوونی بابلیدا کە ناسراوە بەناوی ((ئێنۆما ئیلیش))، ئەم داستانە لە پاڵ داستانی گەلگامیشدا دادەنرێت بە دێرینترین و جوانترین داستانەکان لە جیهانی کۆندا.مێژووی نوسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین.واتە نزیکەی پێش هەزار و پێنج سەد ساڵ لە نوسینی ئیلیازە و هۆمیرۆس.و نوسینەوەی بەشەکانی تەوراتی جولەکە.زۆر لێکۆڵینەوە دەربارەی کراوە وگرنگی پێدراوە.لەلایەن زانایانی نوسینی بزماری و ئەنترۆپۆلۆجیا ( زانستی سروشتی مرۆڤ) و میتۆلۆجیا(ئەفسانە ناسی) و تیۆلۆجیا( ئایینناسی ) .

لەپاڵ شێوازە هۆنراوەییە جوانەکەیەوە کە داستانەکەی پێداڕێژراوە،کە نمونەیەك لە ئەدەبی مرۆڤی و پێشکەوتومان دەداتێ.ئەوا بەڵگەنامەیەکی گرنگیشمان پێشکەش دەکات دەربارەی بیروباوەڕەکانی بابلیەکانەوە. و سەرهەڵدانی

خواوەندەکانیان و کار و پەیوەندیەکانیشیان.هەروەك چۆن بابەتێکی دەوڵەمەند بە خوێندکار و لێکۆڵەرەوەکانی ئاینە بەراوردکاریەکان پێشکەش دەکات بەهۆی لێکچوونە ئاشکراکانی لەگەڵ ئەصحاحی یەکەم و دووەم لەکتێبی تەوراتدا.

داستانەکەم دۆزیەوە کە دابەشببوە سەر حەوت تابلۆی گڵینەیی.لەکاتی هەڵکۆڵینەکاندا لە کۆشکی پادشای ئاشور بانیباڵ دۆزرایەوە. لەگەڵ کتێبخانەیەکدا کە سەدان تابلۆی گڵینەیی تیادابوو دەربارەی جۆرەها بابەتی ئەدەبی و ئاینی و یاسایی و...هتد . دۆزینەوەی تابلۆکانی داستانەکە دوابەدوایەکدا هاتن.لەکۆتایی سەدەی ڕابوردووەوە بۆ کۆتایی چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیە( مەبەست کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و کۆتایی چارەکی سەدەی بیستەمە/ وەرگێڕ)،کاتێك تەواو بوو وە ڕۆشنبۆوە و ئاسانیش بوو بۆ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە.

ناوی داستانەکە،هەروەك باوبووە لای سۆمەری و بابلیەکان،وەرگیراوە لە وشەی سەرەتاکانی دەقەکە،ئینۆمائیلیش ، بەمانای : کاتێك لە بەرزاییدا دێت . لەکاتێکدا لە بەرزاییدا ئاسمان نەبوە و لە ژێریشەوە زەوی نەبوە لە بووندا و تەنها ئاوی سەرەتایی هەبوە کە لەسێ خواوەندا خۆی دەبینێتەوە:

(( ئابسۆ)) و (( توعامە )) و (( مەمۆ)).ئابسۆ ئاوی شیرین و توعامە ژنەکەی ئاوی سوێر و مەمۆش هەندێ بڕوایان وایە بریتی بوە لە شەپۆلە تێکچڕژاوەکان کە دروستبووە لە ئاوی سەرەتاییەوە،بەڵام من پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەم کە دەڵێت مەمۆ بریتی بوە لەو تەمومژەی کە بەسەر ئەو ئاوەوە بوە و هەر لەویشەوە دروستبوە. ئەو بارستە ئاوە یەکەمیە هەموو گەردوونی داگیرکردوە کە بریتی بوە لە ئاوە زۆر و داپۆشێنەرە یەکەمیەکە کە لەدواتردا هەموو خواوەند و بونەوەرەکان لەوەوە دەرچوون و هاتونەتە بوون.

هەرسێ خواوەندەکەی لە بارێکی نەبڕاوەیدا بوون لە بێدەنگی و چەقبەستوویی ڕەهادا،تێکەڵ بەیەك و لە بارێکی تۆز و خۆڵی تێکچڕژاودا.کە لەیەکتر جیا نەدەکرانەوە و هیچ دروستبونێکیش ڕووینەدەدا.دواتر ئەم خواوەندانە کەوتنە وەچەخستنەوە و لە ئابسۆ و توعامە دوو خواوەندی نوێ بوون کە

ئەوانیش((لەخمۆ )) و (( لخامۆ)) بوون و ئەمانیش دوو خواوەندی تریان لێبوو(( ئەنشار )) و (( کیشار )) کە لە باوك ودایکیان بەهێزتر و بەتواناتر بوون.دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە ئەنشار و کیشار کوڕێکیان بوو ناویاننا(( ئانۆ)) ئەمە ئەو خواوەندەیە کە لەدواتردا بوە خواوەندی ئاسمان،ئانۆش بەڕۆڵی خۆی ئانکی یان ئایای بوو.کە خواوەندی دانایی و زۆرزانیە،کە لەدواتردا بوە خواوەندی ئاوی شیرینی ژێر زەوی،ئایا بەشێوەیەك گەیشتە ئاستێك لە هێز و شکۆداریدا، و وایلێکرد کە سوودی زیاتر بێت لە دایك و باوکیشی.

بەم شێوەیە هەناوی خواوەندە توعامە پڕ بوو لە خواوەندی تازە،کە پڕ بوون لە گەنجێتی و زیندوێتی،کە لە چالاکی هەمیشەیی و جوڵەیەکی بەردەوامدا بوون،کە باری پێشووی گۆڕی و بونە هۆی ڕوودانی هاتنە کایەی بارێکی نوێ ، کە خواوەندە بێجوڵەکانی سەرەتایی پێیڕانەهاتبون، کە کەشوهەواکەی لێتێکچوو بەهۆی جوڵە و چەق بەستوییە هەمیشەییەکەشی خستە دوودڵیەوە.

خواوەندە یەکەمینەکان هەوڵیاندا دەستبگرن بەسەر بارودۆخەکەدا و چالاکیەکانی خواوەندە نوێکان لە خۆبگرن بەڵام بێئەنجام بوون.ئەمەش وایلێکرد پەنابەرنە بەر توندوتیژی،ئابسۆ هەستا بەدانانی پیلانێك بۆ لەناوبردنی نەوە نوێکان و گەڕانەوە بۆ خەو جارێکی تر.و دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پیلانەکەی،سەرەڕای ناڕەزایی و بەرهەڵستیکردنی توعامە کە تائەو کاتەش هەندێ هەستی دایکایەتی بۆیان هەبوو.لەکاتی بیستنیان بە پیلانەکەی ئابسۆ،خواوەندە گەنجەکان ترسان و شڵەژان.لەم سەرلێشێواویەیاندا کەس ڕزگارینەدەکردن جگە لە بەتواناتر و عاقڵترینیان نەبێت،کە ئەویش خواوەند ئایا بوو،کە بازنەیەکی جادوویی بەدەوری هاوڕێکانیدا کێشا،کە لە توڕەیی و توندوتیژی باوکیان دەیپاراستن،دواتر گۆرانیەکی جادوویی دروستکرد و خوێندیەوە بەسەر ئابسۆدا و چووە خەوێکی قوڵەوە.کاتێك کە ئەو نوستبوو،ئایا هەستا بە داکەندنی مێزەری پادشایی لەسەر سەری ئابسۆ، و لەسەر سەری خۆی داینا وەك هێمایەك بۆ دەسەڵاتە نوێکەی.هەروەها نازناوی خواوەندیشی لێسەند و دای بەخۆی، و سەریشی بڕی و لەسەر لاشەکەشی خانویەکی بۆخۆی دروستکرد.هەروەك چۆن بەسەر مەمۆشدا

زاڵ بوو( تەمومژی بڵاوبۆوە بەسەر ئاوی یەکەمینەوە). کە پاڵپشتی ئابسۆ بوو تێکیشکاند و لوتی کون کرد و گوریسێکی تێهەڵکێشاو ڕایدەکێشا بەدوای خۆیدا بۆ هەر کوێیەك بڕۆیشتایە.

ئیدی لەو کاتەوە ئایا بوە خواوەندی ئاوی شیرین  کە بە بڕێکی دیاریکراو دەینێرێتە سەر ڕووی زەوی،وە مامەڵەی پێوەدەکات بەبڕی دیاریکراو،هەر ئەویش بەشی ڕووبار و جۆگەلە و دەریاچەکان دەدات لە ئاوی شیرین.هەر ئەویشە کە کانی و سەرچاوەکان دەتەقێنێت لە زەویدا لەجێگەکەی خۆیەوە لە ژێر زەویدا.هەر لەوکاتەوە بەهەمان شێوە مەمۆ دەبینرێت لەسەر ئاوی ڕووبار و دەریاچەکانەوە چونکە ئایا بە گوریسێك بەستویەتیەوە بەخۆیەوە تاهەتاهەتایە.

دوای ئەو ڕووداوە گەورانە،خواوەند مەردۆخ لەدایك بوو کە گەورەترین خواوەندی بابلە،کە جارێکی تر ئەوانی ڕزگارکرد لە زوڵم و زۆری خواوەندە کۆنەکان،پێگەی خۆی بەرزکردەوە و بوە گەورەی کۆمەڵگەی پیرۆز.چۆن  وانابێت لەکاتێکدا ئەو کوڕی ئایا( ئانکی) یە کە لە باوکی زیاتر بەهێزتر و داناتر و دەسەڵادارتر بوو.هەروەك چۆن جاری یەکەمی ڕزگارکردن لەسەردەستی باوکی ئانکی بوو،ئاوهاش بۆ جاری دووەم ڕزگارکردنەکە لەسەر دەستی کوڕەگەنجەکەی بوو مەردۆخ.توعامە کاتێك مێردەکەی ئابسۆی بەجێهێشت بۆ ئەو چارەنوسە دڵتەزێنە بەبێ ئەوەی هەڵپە بکات بۆ یارمەتیدانی کاتێ ئەو سەردەبڕدرا لەسەر دەستی خواوەندە بچوکەکان خۆی دەبینێتەوە کە دەبێت باوەڕ بهێنێت بەوەی کە دەبێت تازە هەر لەسەر ئەم ڕێچکەیە بڕوات لەبەرئەوەی خواوەندە بچوکەکان هەڵسوکەوت و ڕێگەی خۆیان نەگۆڕیبوو.

بەڵکو سەرکەوتنەکەیان هێندەی تر متمانە و سووربونیانی زیادکرد لەسەر شێوازی ژیانیان.ئالێرەدا خواوەندە کۆنەکان کۆبونەوە لەگەڵ توعامەدا و هانیاندا لەسەر شەڕکردن دژی ئەو هەڵگەڕاوانە بەسەر داب و نەریتە گەردونیەکاندا و ڕازیبوو و کەوتە خۆی بۆ ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێز و گەورە کە ژمارەیان یانزە جۆر بوون لە بونەوەرە نامۆکان کە هێنابونەیە بوون بەتایبەتی بۆ کاتی ڕووبەڕووبونەوە.مار و خشۆك و ئەژدیهای گەورە و مێرووی زۆر زەبەلاح.خواوەند

(( کینغۆی)) کردە سەرکردەیان،دوای ئەوەی کە کردیە مێردی خۆی،و بەسەر سنگیدا تابلۆی چارەنوسەکانی هەڵواسی.

تیمی ئەوبەریش بەمەیانزانی کە توعامە پیلانڕێژی بۆچی دەکات لەگەڵ هاوڕێکانیدا کۆبونەوە و بە ترس و دڵڕاوکێوە،خواوەند ئایایان نارد کە یەکەم جار ڕزگاریکردوون، بەڵکو بۆ جاری دووەمیش ڕزگاریان بکات.بەڵام ئایا دوای ئەوەی گەڕایەوە بە ترساوی لەوەی کە بینی،دواتر ئانۆیان نارد ئەویش ڕۆیشت و گەڕایەوە بە ترسێکی زۆرەوە.هەموان دەستێکیان کەوتە ئەملاو دەستێکیان کەوتە ئەولا و سەریان شۆڕکردەوە و سەلێشێواو و ماتو مەلول دانیشتن هەریەکەیان چاوەڕوانی چارەنوسی ڕەشی نزیکی خۆیانیان دەکرد.ئالێرەدا بیرۆکەیەك هات بە مێشکی گەورەیاندا ئەنشار و ایلێکرد هەموو هەستەکانی بکەونە خۆشی کاتێك کە بیری مەردۆخی کەوتەوە،ئەو گەنجە بەهێز و دڵڕەقە،یەکسەر ناردی بە شوێنیدا ، وکاتێ هاتە بەردەستی و بەمەبەستەکەی زانی، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توعامە و سوپاکەی بەمەرجی ڕازیبون لەسەر ئەوەی کە دەسکەوت و دەسەڵاتی نائاسایی پێبدرێت،ئەوەی داوایکرد بۆی جێبەجێکرا.

هەموان لەچوار دەوری مێزی خواردنەوە دانیشتن و دڵنیابونەوە لەسەر سەرکردایەتتیکردنیان لەلایەن خواوەندی گەنجەوە.

خواوەندەکان،هێزی دیاریکردنی چارەنوسیان دایە مەردۆخ لە جیاتی ئەنشار.هەروەها هێزی گوتەی دروستبونیشیان دایە،بۆئەوەی هێزی گوتەی دروستبونەکەی تاقیبکەنەوە،جلێکیان هێنا ولەناوەڕاستی هەمواندا داینا و داوایان لە مەردۆخ کرد کە ئەو جلە نەهێڵێت،بە وشەیەکی فەرمانی لە مەردۆخەوە جلەکە نەما،و بە وشەیەکی تری هاتەوە بوون،ئالێرەدا خواوەندەکان لەوە دڵنیابوون کە هەرکاتێ مەردۆخ فەرمانیکرد و ویستی لە شتێك بوو پێووت ببە یەکسەر دەبێت.

هەستان بەدروستکردنی عەرشێك کە هاوتابێت لەگەڵ گەورەیی خواوەندیەکەیدا و بەرزیانکردەوە بەسەر هەمویاندا،دواتر ڕێگایان پێدا بەرەو توعامە.پێش ئەوەی بەڕێبکەوێت کەوانێکی بۆخۆی دروستکرد لەگەڵ کۆڵە پشتێك و تیر و گۆچانێکی

گەورەدا،هەروەها تۆڕێکی گەورەشی دروستکرد،فەرمانیدا بەهەر چوار ڕەشەباکە کە لەهەر چوارلایەوە بیگرن،لەشی پڕ کرد لە ئاگری سوتێنەر،بروسکەشی لەپێشخۆیدا نارد،بۆئەوەی ڕێگاکەی بۆ بکاتەوە،لەپێش خۆشیدا گەردەولولە وێرانکارەکانی نارد و لافاوی ئاویشی بەردایەوە.خۆشی وەك باڵندە بەڕەوڕەوە خواوەندیەکەی کە بریتیە لە گەردەلولێکی ترسناك کە ڕێگەی لێناگیرێت،بەرەو توعامە کەوتە ڕێ،خواوەندەکانیش لەدەوروبەری هەڵمەت دەبەن لە گرتەیەکی بێوێنەدا دەیبینن.

کاتێك هەردوولا بەیەك گەیشتن،مەردۆخ داوای شەڕێکی تاکەکەسی کرد لە توعامە، توعامەش ڕازیبوو لەسەر داواکاریەکەی،یەکسەر هەردووکیان کەوتنە جەنگێکی خۆکوژیەوە،دوای ماوەیەکی کەم مەردۆخ تۆڕە گەورەکەی هەڵدایە سەر توعامە کە لەسەر ڕەشەبا هەڵگیرابوو،کاتێك توعامە دەمی کردەوە بۆئەوەی هەڵیلوشێت لەو کاتەدا ڕەشەبای شەیتانی بەدەنگەوە چووە ناو سکیەوە و سکی ئاوسا و نەیتوانی جوڵە بکات. خواوەند لەوکاتەدا ڕمێکی تێگرت و لە هەناویدا جێگیربوو و دڵی کرد بە دووکەرتەوە.کاتێکیش کەوتە سەر زەوی هەڵمەتی بردەسەری و گیانی لەبەربڕی، دواتر ئاوڕیدایەوە بەلای مێردەکەیدا کە سەرکردەی سوپاکەشی بوو کینغۆ و زنجیری لەمل و دەست و پێکانی کرد.و تابلۆکانی چارەنوسی لێساند و هەڵیواسی بە سنگی خۆیدا،ئالێرەدا سوپاکەی توعامە پەرش و بڵاوبونەوە و بە خراپترین شێوە تێکشکان، زۆربەیان هەڵهاتن و داوای ڕزگاربونیان بۆ خۆیان دەکرد.بەڵام مەردۆخ ڕاوینان،ئەوەی کوژرا کوژرا،ئەوەشی بەدیل گیرا گرتیانن.دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بەسەر هێزی بێجوڵە و سڕبوو و بێسەروبەریدا،مەردۆخ لای کردەوە بەلای دروستکردنەوەی گەردوندا و ڕێکخستنی و دەرکردنی لەباری جێگیری وتۆز وخۆڵی نادروستبووی یەکەمیدا، بەرەو باری سیستەماتیك و ڕێکخراو،باری جوڵە و چالاکی و .... شارستانێتی. مەردۆخ گەڕایەوە بەلای لاشەکەی توعامەوە و لێیدەڕوانی،دواتر گرتی و کردیە دوو بەشەوە،بەشی یەکەمی بەرزکردەوە و بوو بە ئاسمان و بەشی دووەمیشی ڕاخست و بوو بە زەوی.دوای ئەوە لای کردەوە بەلای کردارەکانی تری دروستبونەوە.

ئەستێرەکانی دروستکرد وەك وێسگەیەکی پشوودانی خواوەندەکان. مانگ و خۆری دروستکرد و ڕێڕەوەکانیشیانی بۆ دیاریکردن.دواتر مرۆڤی دروستکرد لەخوێنی خواوەندی بەندکراو کینغۆ،کاتێك کە کوشتی،دوای ئەوەی کە دانیان نا بەوەدا کە هاندەری سەرەکی کینغۆ بوە هەموو بەندکراوەکانی ئازادکرد،هەروەها ئاژەڵ و ڕوەکی دروستکرد،خواوەندەکانیشی لە دوو بەرەدا ڕێکخست.بەرەی یەکەمی لە ئاسمان هێشتەوە کە ئەوان بە ئانۆکی دەناسرێن و دووەمیشی لە زەوی و لە ژێر زەویدا دانا کە بریتین لە ئیجیجی *.

دوای تەواو بوون لە پرۆسەی دروستکردن،خواوەند مەردۆخ لەگەڵ هەموو خواوەندەکاندا کۆبۆوە و ئاهەنگیان گێڕا بە بۆنەی دانانی بەگەورەی گەردوون.شارێکیشیان دروستکرد کە بابلە.لەناوەڕاستیشدا پەرستگایەکیان دروستکرد کە لوتکەکەی دەگەیشتە هەورەکان کە پەرستگای ئیزاگێلا بوو.لە ئاهەنگێکی پڕشکۆدا ناوی پەنجا ناوەکەی مەردۆخیان ئاشکرا کرد.

ئەمە هێڵە گشتیەکانی داستانی گەورەی بابلی بوو،بەخێرایی خستمنە ڕوو کە هیچ دەوڵەمەندیەك ناداتە دەقی هۆنراوە تەواوەکە کە لەگەڵ داستانی گەلگامیشدا دادەنرێن بە جوانترین دوو دەق لەدەقە ئەدەبیە سامیەکاندا، و لەجوانترین بەرهەمە ئەدەبیە کۆنەکانیش، لەخوارەوە وەرگێڕدراوی تەواوی هەر ٧ تابلۆکەی داستانەکەتان پێشکەش دەکەم.

وەرگێڕانەکەم بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستۆتە سەر دەقی بەڕێز ئەلکسەندەر هێدیل Alexander Heidel کە لە کتێبەکەیدا ١ The Babylonian Gecesis داهاتوە و هەروەها دەقی بەڕێز سبیسر E.A.Speiser کە بلاْوکراوەتەوە لە کتێبی ٢ Ancient.NearEastern Texts و لەهەندێ بابەتیشدا پشتم بەستوە بە دەقی گریسۆن٣ A.Kgryson و سوودیشم لەوەرگێڕانی کینگ L.W.King و وەرگێڕانی سلانگدۆن Slangdon

* بەلاْم دەقە کۆنەکان هەموو کاتێ بەو دوو ناوهێنانەوە پابەند نین.ئیجیجی و ئانۆکی زۆربەی کات بەکاردەهێنرێن لەجیاتی یەکتری بۆ هێماکردن بۆ هەموو خواوەندەکان.

1.Alexander Heidel.The Babylonian Genesis،Phcenit Books،Chicago. 1970.

2.James Pritchard،Ancicnt NearEastern texts،princetion،newjersey.1969.

وەرگرتوە.دەقە عەرەبیەکە بەم شێوەیە وەك دەربڕی گرنگترین ئاڕاستە هەبوەکان هاتوە لەوەرگێڕانی ئەو دەقە زۆر گەورەیەدا. *

---

3.ibid.

* لەباری تێبینی کردنی خوێنەری پسپۆڕدا بۆ ڕستە و وشەی نەهاتوو لە دەقی هیدلیدا،تکام وایە کە بچێتە سەر هەمان بابەت لە دەقی سبیسەردا.

## ئینۆمائیلش

## کاتێك لە بەرزاییدا

------------------ تابلۆی یەکەم ------------------

کاتێك لەبەرزاییدا کە لەوێدا ئاسمان نەبوو،
و لەخوارەوەش زەوی نەبوو.
هیچ خواوەندێك نەبوو جگە لە ( ئابسۆ)ی باوکیان،
مەمۆ،توعامە کە هەموویانی لێبوو.
ڕاز ونیازەکانیان تێکەڵ دەکەن لەگەڵ یەکتردا.
پێشئەوەی لەوەڕگا دەربکەوێت و بێشەلآنی قامیش دروست ببێت
پێشئەوەی خواوەندی تر دەربکەون بۆ بوون
پێشئەوەی ناوەکانیان پێبدرێت،چارەنوسیان دیاریبکرێت.
لەو کاتەدا( سیّ) خواوەندەکە دروستبوون لە هەناویدا
(( لەخمۆ)) و (( لخامۆ)) و ناوەکانیان پێدرا
پێشئەوەی (( لخمۆ و لخامۆ )) گەورە بن و لە تەوقەکە دەربچن
(( ئەنشار )) و (( کیشار)) هاتنە بوون و لەوان بالآبەرزتر و درێژتر بوون
ڕۆژگارێکی درێژ ژییان، کە بۆ سالآنێکی درێژ زیادیان کرد
دواتر(( ئانۆ)) یان بوو میراتگرەکەیان،جێگەی شانازی باوکیان.
بەڵیّ ئانۆ کوڕە گەورەی ئەنشار بوو،دایك و باوکی بوون.
دواتر ئانۆ کوڕەکەی (( تودیمۆر))* وەکو خۆی بوو
تۆدیمۆر بوە گەورەی باو وباپیرانی
هەستکردنی فراوان بوو،داناییەکی گەورە هەبوو لە هێزیدا
گەورەتر لە باپیری ئەنشار(( زیاتریش بەهێز و دڵ ڕەقتر بوو))
لەناو براکانیدا هیچیان دژی( یان بەربەرەکانی)) نەبوون

---

* تۆدیمۆر بریتیە لە ئایا،یان ئانکی خواوەندی زۆرزانی و زیرەکی و ئاوی شیرین.

**... هاوڕێ شیاوەکان کۆبونەوە.**
**بەجوڵەکانیان توعامەیان بێزارکرد**
**بەڵێ ،هەناوی توعامەیان هەژاند***
**ئەهاتن و ئەچوون لە تیشکە پیرۆزەکەیاندا**
**ئابسۆ نەیتوانی ژاوەژاوەکەیان بێدەنگ بکات**
**توعامەش بێدەنگ بوو لە بەرامبەر [کردارەکانیاندا]**
**سەرەڕای ئازارەکانی لە هەڵسوکەوتیان**
**[ سەرەڕای ] ڕەتکردنەوەی ڕێچکەکەیان**
**دوای ئەوە ئابسۆ،پێشینەی خواوەندە گەورەکانە،**
**مەمۆی باوەڕپێکراوی بانگ کرد...پێیوت**
**ئەی مەمۆ، ئەی باوەڕپێکراوەکەم کە دڵم پێیخۆش دەبێت ****
**[بابڕۆین ] بۆلای توعامە**
**ڕۆیشتن و لەبەردەمیدا ڕاوەستان**
**ڕاوێژیان بەیەکتر کرد دەربارەی خواوەندە منداڵەکانیان ( گەنجەکان)**
**ئابسۆ دەمی کردەوە ،بەدەنگێکی بەرز بە توعامەی ووت**
**(( هەڵسوکەوتیان بۆ من بە ئازارە**
**لەڕۆژدا ناتوانم پشوو بدەم ،لە شەویشدا ناتوانم بخەوم**
**تێکیاندەشکێنم،سنورێك بۆ کردارەکانیان دادەنێم،**
**بێدەنگی دەگەڕێتەوە و لەدوایدا دەخەوینەوە وەکو جاران))**
**کاتێك توعامە ئەمەی لێبیست،**
**توڕە بوو و قیژاندی بەسەر مێردەکەیدا،**
**قیژاندی و توڕەبونی هەڵچوو**
**شەڕی لەهەناویدا کەمکردەوە و وتی:**

---

*** واتا سکی توعامە**
**** لەوەرگێڕانەکەی هیدیلدا: ئەی وەزیرەکەم**

(( بۆچی ئەوانەی هێنامانن بوون لەناویان بەرین ،ئێمە، ژیان ؟
ڕاستە هەڵسوکەوتیان بە ئازارە،بەڵام لێگەڕێ با بەنەرم و نیانی و ( لەسەرخۆیی)
مامەڵەیان بکەین))
دوایی مەمۆ قسەی کرد و ئامۆژگاری ئابسۆی کرد
[....] مەمۆ لەدژی خواوەندەکان  ئامۆژگاریەکەیدا
(( بەڵێ ئەی باوکە تێکیان بشکێنە،بێسەروبەرەییەکەیان تێکبشکێنە.
بۆئەوەی بەڕۆژ پشوو بدەیت ،و بەشەویش بخەویت))
کاتێك ئابسۆ ئەمەی بیست،ڕەنگی ڕوون بۆوە
بۆ ئەو پیلانە شەڕەنگێزەی کە بۆ خواوەندە منداڵەکانی دانابوو
دواتر مەمۆ هەستا و دەستی لەملی کرد
لەکۆشیدا دانیشت و ماچی کرد.
بەلام ئەوەی لەکۆبونەوەکەیاندا ڕوویدا لە پیلان
گەیشتە گوێی خواوەندە منداڵەکانیان
کاتێك کە بیستیان شڵەژان
بەبێدەنگی دانیشتن،بێجوڵە( سەرلێشێواو)
( بەلام ) ئەوەیان کە خاوەنی تێگەیشتنی قوڵ و زۆرزانی و دانایی بوو
ئایا،زانیاری بەهەموو شت،بەچاوی دڵی چوە ناو پیلانەکەوە( پیلان گێڕەکان)
بازنەیەکی جادوویی دژی دروستکرد( پارێزگار) بەدەوری هاوڕێکانیدا
بەلەسەرخۆیی، گۆرانیەکی پیرۆزی خوێند کە بالادەستە بەسەر ( دەرونەکاندا)
بەچواردەوریدا خوێندی  بەسەر ئاوەکەدا*
خەوێکی قوڵی بۆ هێنا
ئابسۆ خەوی لێکەوت و بێجوڵە بوو
مەمۆی باوەڕپێکراوی بەجێهێشت بەبێ پشتیوان
ئالێرەدا ئایا پشتێنی ئابسۆی کردەوە و تاجەکەشی لەسەر داکەند

-------------------

* ئابسۆ.

گەورەیی(شکۆداریەکەی) لێکردەوە و کردیە بەرخۆی
بەم شێوەیە ملکەچیکرد،دواتر ناچاربوو سەریشیبڕێت
مەمۆی بەندکرد و دەرگاکانی لەسەر داخست
لەسەر ئابسۆ ئایاماڵەکەی دروستکرد
دواتر گەڕایەوە بۆلای مەمۆ و لوتی کونکرد بەگوریسێك و بەدەستیەوەگرت.
دوای ئەوەی کە ئایا دوژمنەکانی سەرشۆڕکردو تێکیشکاندن
دەسەلأتی بەسەر هەموو دژەکانیدا سەپاند
بە ئاشتی و خۆشی چووە ناوماڵەکەیەوە
ناوی ماڵەکەی نا ئابسۆ و کردیە شوێنێکی پیرۆز
تیایدا ژوورێکی بۆخۆی،دروستکرد
لەگەڵ ژنەکەیدا تیایدا نیشتەجێبوون (( دومکینا)) بەهەموو گەورەیی و شکۆییەکەوە
لەو ژورەی بڕیار و دیاریکردنەکاندا،ژووری چارەنوسەکان هەبوو
کە داناترین دانا،داناترین خواوەند،خوا،لەدایك بوون
لە ئابسۆی پیرۆزدا ،مەردۆخ لەدایك بوو
ئایا،باوکی بوو
و دومکینا،سکی پڕ بوو، و بوە دایکی
بەشیری خواوەندەکان بەخێوکرا
گەورەیی و شکۆداری لەبەرکرا
ژیری بەبالأیدا بڕا،چاوەکانی وەك بروسکە بریسکانەوە
هەنگاوی بەهێز و پیاوانەی دەنا ئەو گەورەبوو هەر لەسەرەتاوە
کاتێك باوکی ئایای بینی
دڵخۆش بوو و دڵی پڕ بوو لەخۆشی و ئاواز
پێگەی بەرزکردەوە لەناو خواوەندەکاندا و دەسەلأتیشی بەسەریاندا زیادکرد
لەهەموویان پێگەی بەرزتربوو و لەپێش هەمووشیانەوە بوو لەهەموو شتێکدا
بە هونەرێکی جوان ئەندامەکانی دروستکراوە

تێگەیشتنەکان لێیتێناگەن،ئەندێشەکانیش بۆی ناچن
چوار گوێچکەی هەبوو،چوار چاویشی هەبوو
کاتێك لێوەکانی دەجولاٌند ئاگرەکان ڕووناك دەبونەوە
چوار گوێچکەکەی فراوان دەبوون،
هەروەك چۆن چوار چاوەکانیشی فراوان دەبوون و ئاگایان لەهەموو شت دەبوو
لەناو خواوەندەکاندا بەرزترین بوو،لەشێوەی نەبوو
ئەندامەکانی گەورەبوون، بالآی بەرز و بڵند بوو
گەورەیان کردو ،ڕێزیان لێگرت *
کوڕی ڕۆژ..ڕۆژی ئاسمانەکان **
ڕوناکیەکەی هێندەی ڕووناکی دە خواوەند پێکەوە،بەهێزێکی دڵ ڕەق
گەورەییەکی نورانی شکۆداری لەبەردا بوو.
( دواتر) ئانۆ چوار ڕەشەبای دروستکرد و دایمەزراند
کاروباریانی دایە دەست گەورەی پۆڵەکە***
( مەردۆخ) کە شەپۆلەکانی دروستکرد و توعامە پێیتێکچوو
دوودڵمابوو،دەسوڕایەوە بەبێ ئاگایی
خواوەند( گەورەکە) ئارامی لەبەر هەڵگیرا،لەناو جەرگەی گەردەلولەکاندا
ڕق و قینی شەڕی دەکرۆشت لە خەیاڵدانیدا
هاتن بۆلای دایکیان توعامە و پێیان ووت:
(( کاتێك ئابسۆی مێردتیان کوشت
ئارام دانیشتیت و دەستت بۆ درێژنەکردن
کاتێکیش ئانۆ چوار ڕەشەباکەی دروستکرد

---

*ئەم دێرە وەرگێڕ دەستکاریکردوە.لەبەر بوونی جیاوازی لەو دەقانەی بەردەستیدا دەربارەی ئەو مەسەلەیە.

** بگەڕێرەوە بۆ سبیسر دێری ١٠٢

*** بگەڕێرەوە بۆ سبیسر دێری ١٠٥ و ١٠٦ کە زیادیکردوە لە دەقەکەی هیدیلدا.

هەناوت شڵەژا و ئارامیش لە ئێمە هەڵگیرا

ئابسۆی مێردت بیربکەوێتەوە.

مەمۆی تێکشکاویش وەبیر بێنەرەوە و تەنهاییەکەت ببینە

وەك دایك نەماویت بۆ ئێمە،ئەسوڕێیتەوە بەبێ ئاگایی

لە سۆز و خۆشەویستیت بێبەشتکردووین

[ ....] چاومان قورسە

[ ....] لێگەڕێ بابخەوین بەبێ بێزارکردن

[ ....] لێیان گەڕێ باڕەشەبا بیانبا))

کاتێك توعامە ئەم قسانەی بیست دڵخۆش بوو:

(([ ....] وازمان لێبێنە با دڕندەکان دروستبکەین*

[ ....] لەناوەڕاستدا ( لەکۆی هەموویان) خواوەندە ڕێبکات

لێمان گەڕێ با جەنگ ڕابگەیەنین دژی خواوەندەکان ( گەنجەکان) لێمان گەڕێ

[ ....] ))

کۆمەڵەکە کۆبونەوە و لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتن

بەتوڕەییەوە پیلانیان دادەڕشت بەبەردەوامی شەو و ڕۆژ.

خۆیان ئامادە دەکرد بۆ جەنگ لە هەژان و هەڵچووندا

کۆبونەوەیەکیان ڕێکخست و پیلانیان بۆ ململانێ دانا.

دایکە(( هابور))** دروستکەری هەموو شتەکان

بە چەکێکەوە هات کە بەرەنگاری ناکرێت،ماری گەورە

دان تیژ،کەڵبەیان ترسناکە

لاشەیان لە جیاتی خوێن پڕ بوو لە ژەهر

ئەژدیهای دڕندەی(( هنیان)) کە ترسیان دەخستەوە

---

* ئەم دێڕە لە سبیسەرەوە وەرگێڕدراوە. بەڵام هیدیل بەم شێوەیە گواستویەتیەوە:

[ ....] لێگەڕێ با گەردەلوول دروسبکەین

** هابور بریتیە لە توعامە.

خەرمانەیەکیان لەدەوربوو لە ترس و گەورەیی  خواوەندی لەبەردابوو
سەیرکەر دەمرد لە ترساندا،
کاتێك ڕادەوەستا نە ئەنوشتایەوە و لای نەدەکردەوە.
ماری پیس و ئەژدیهاو ئەبولهەولی دروستکرد*
شێری بەهێز و سەگی دڕ و پیاوی دووپشك
دێوڕەفتاری گەردەلول و مێشی زەبەلاح و بیسۆن
هەموویان چەکێکیان پێبوو کە بەرەنگاری نەدەکرا،کە تێکنەدەشکێنران
فەرمانەکانی توعامە جێبەجێدەکرا،کەس بەرهەڵستی نەدەکرد
یانزە جۆر لەدڕندە بەدەرکەوتن لە بوون
لەنەوەی یەکەمی خواوەندە توڕەکانیش،لەکۆبونەوەکەیدا
(( کینغۆ)) ی هەڵبژارد و بەرز و گەورەی کرد
و لەپێش سوپاکەیەوە کردیە سەرکردە
چەکی هەڵکێشا بۆ جەنگ و دەستیکرد بە زۆرانبازی
ئەو فەرماندەی باڵای شەڕ بوو.
لێپرسراوێتیەکەی دایە دەستی،لە کۆمەڵگە خواوەندیەکەدا داینیشاند و ووتی:
(( چاوەزارێکم بەسەرتدا خوێندوە،گەورەم کردی لەکۆڕی خواوەندەکاندا
و سەرکردایەتی هەموو خواوەندەکانم پێداویت
دە گەورەبە،ئەی مێردی بەهێزم
با بەرزبێتەوە ناوت لە سەر هەموو خواوەندی ئانۆناکی))
دواتر تابلۆکانی بڕیاردانی دایە دەست،سنگی پێڕازاندەوە و وتی:
(( فەرمانەکانت جێبەجێدەکرێت و وتەکانت بەسەر هەمواندا دەڕوات))
دوای ئەوەی کە دیاریکردنی کینغۆ سازکراو دەسەڵاتی باڵای ڕادەستکرا
هەستان بە دیاریکردنی چارەنوسی خواوەندەکان:
(( بۆ ووتەکانت ملکەچی هەیە

---

* بگەڕێرەوە بۆ سبیسر دێڕی ١٠٤.

و وتەکانت چەکە کوشندەکان سەر شۆڕدەکات))**

*　　　*　　　*

(( **پەراوێزی ژمارە** (( ١ ))

- تابلۆی یەکەم کاتێك لە بەرزاییدا لەبەر وێنەی ڕەسەن گیراوەتەوە و بەراوردکراوە
- نابور بلاتۆ-

(( **پەراوێزی ژمارە ٢** ))

- تابلۆی یەکەم کاتێك لەبەرزاییدا
- وێنەیەك لە بابل لەسەرەکیەوە وەرگیراوە و بەراوردکراوە
- بەدەستی نابور ماشیتکی کوڕ [ ....]

---

** بگەڕێرەوە بۆ سبیسر دێڕی ١٦٠-١٦١ بۆ جیاوازی زۆر لەگەڵ هیدیلدا.

## ---------------- تابلۆی دووەم ---------------

دوای ئەوەی کە توعامە پێداویستیەکانی شەڕی ئامادەکرد
ئامادەبوو بۆ زۆرانبازی لەگەڵ نەوەکانی لەخواوەندەکان
هەموو شتێکی ئامادەکرد بۆ تۆڵە سەندنەوەی ئابسۆ
بەڵام ئامادە باشییەکانی گەیشتەوە بە ئایا
کاتێك کە زانیاری پێگەیشت دەربارەی خۆ ئامادەکردنەکە
ترس دایگرت و بەدڵتەنگیەکی قوڵەوە دانیشت
دوای ئەوەی مەسەلەکەی تاوتوێکرد و توڕەیی نیشتەوە
چوو بۆلای باپیری ئەنشار
کاتێك لەبەردەم باپیری ئەنشار دابوو
هەموو شتێکی باسکرد دەربارەی ئامادەباشییەکانی توعامە:
(( ئەی باوکە، توعامە کە ئێمەی لێبووین،ڕقیلێمانە
ئەو توڕەیی منی هەژاندوە و کۆبونەوەیەکی سازداوە
کە هەموو خواوەندەکانی تیادابووە.
تەنانەت ئەوانەشی کە تۆ دروستت کردوون،چونەتە لای
هەموویان توڕەن،بەبێ ئارامی پیلان دەگێڕن،لەشەو و ڕۆژدا
هەموویان ئامادەن بۆ شەڕ و توڕە و هەڵچوون
کۆبونەوەیان کردووە و پیلانی جەنگیان داناوە
دایکە هابور،دروستکەری هەموو شتەکان
چەکی وای هێناوە کە بەربەرەکانی ناکرێت،ماری گەورە
دان تیژ،کەڵبەیان ترسناکە
لاشەیان لە جیاتی خوێن پڕ بوو لە ژەهر
ئەژدیهای دڕندەی(( هنیان)) کە ترسیان دەخستەوە
خەرمانەیەکیان لەدەوربوو لە ترس و گەورەیی خواوەندی لەبەردابوو
سەیرکەر دەمرد لە ترساندا،

کاتێك ڕادەوەستا نە ئەنوشتایەوە و لای نەدەکردەوە.
ماری پیس و ئەژدیهاو ئەبولهەولی دروستکرد
شێری بەهێز و سەگی دڕ و پیاوی دووپشك
دێوڕەفتاری گەردەلول و مێشی زەبەلاح و بیسۆن
هەموویان چەکێکیان پێبوو کە بەرەنگاری نەدەکرا،کە تێکنەدەشکێنران
فەرمانەکانی توعامە جێبەجێدەکرا،کەس بەرهەڵستی نەدەکرد
یانزە جۆر لەدڕندە بەدەرکەوتن لە بوون
لەنەوەی یەکەمی خواوەندە توڕەکانیش،لەکۆبونەوەکەیدا
(( کینغۆ)) ی هەڵبژارد و بەرز و گەورەی کرد
و لەپێش سوپاکەیەوە کردیە سەرکردە
چەکی هەڵکێشا بۆ جەنگ و دەستیکرد بە زۆرانبازی
ئەو فەرماندەی بالأی شەڕ بوو.
کارەکەی پێسپاردوە، و لەکۆمەڵگەی خواوەندەکاندا دایناوە و پێی ووتوە:
چاوەزارێکم بەسەرتدا خوێندوە، گەورەم کردویت لە کۆمەڵگای خواوەندەکاندا
ڕابەرایەتی هەموو خواوەندەکانم پێداویت
دە گەورەبە ئەی مێردی بەهێزم
با بەرزبێتەوە ناوت لە سەر هەموو خواوەندی ئانۆناکی))
دواتر تابلۆکانی بڕیاردانی چارەنوسەکانی دایە دەست،وسنگی پێڕازاندەوە و وتی:
(( فەرمانەکانت جێبەجێدەکرێت و وتەکانت بەسەر هەمواندا دەڕوات))
دوای ئەوەی کە مەراسیمی دیاریکردنی کینغۆ سازکراو دەسەڵاتی بالأی ڕادەستکرا
هەستان بە دیاریکردنی چارەنوسی خواوەندەکان:
(( بۆ ووتەکانت ملکەچی هەیە
و وتەکانت چەکە کوشندەکان سەر شۆڕدەکات))
کاتێك ئەنشار ئەمەی بیست و بە هەڵچوون و توڕەبونی توعامەی زانی

بەڕانی خۆیدا کێشاو لێوی خۆی گەست

دڵتەنگیەکەی گەورەتر وتێکچونەکەشی گەورەتر بوو

[ ....] ناڵەی دڵی شاردەوە

بانگی ئایای کردو وتی: هەستە کوڕم خۆت ئامادە بکە بۆ شەڕ

ئەو چەکانەی کە دروستم کردون،ئێستا هەڵیانبگرە

ئەی ئەو کەسەی کە ئابسۆت سەربڕی[ ....]

ئێستا هەستە و زاڵبە بەسەر کینغۆدا کە ڕابەرایەتی هێزەکەی توعامە دەکات

[ هەستە ئەی گەورەی] دانایی.

تۆدیمۆ،ڕاوێژکاری خواوەندە وەڵامی دایەوە.

( سێ دێڕ شێواوە،بەڵام لە خوێندنەوەی گشتیدا بۆ دەقەکە تێدەگەین کە ئایا بڕوبیانوی هێناوەتەوە کە ناتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات).

ئەنشار توڕەبوو بەخۆخواردنەوەیەکی زۆرەوە

ڕوویکردە ئانۆی کوڕی و وتی:

(( ئەی کوڕی یەکەمم،ئەی پاڵەوانی باش

ئەی خاوەن توانا و هێزی بێوێنە،هەڵمەتبەری نەترس

هەستە بڕۆو لەبەرامبەر توعامەدا بوەستە

ئەگەر گوێی لەقسەکانت نەگرت.

وتەکانی منی پێبڵێ و دادەمرکێتەوە( لەتوڕەبونەکەی).

کاتێ ئانۆ قسەکانی باوکی بیست

هەستا ڕێگای بەرەو توعامە گرتە بەر

کاتێك لێی نزیك بۆوە و بەهەموو ئامادەکارییەکانی زانی

هەستی بەلاوازی خۆی کرد لە ڕووبەڕووبونەوەی و چۆن هاتبوو ئاوها گەڕایەوە

بەترسەوە ڕۆیشتەوە بۆلای ئەنشاری باوکی

ئەوەی بەنهێنی بۆ باوکی گێڕایەوە کەچی لە توعامە بینیوە:

باسکەکانم بەس نین بۆ ملکەچپێکردنی*

ئەنشار کەوتە بێدەنگیەکی قوڵەوە و سەری ڕاوەشاند و شۆڕیکردەوە بەسەر زەویدا،
تووکی سەری کرژبوون و ڕاستبونەوە
هەموو ئانۆکیەکان لە جێگەکەدا کۆبونەوە
دەمیان داخستبوو بە بێدەنگی دانیشتبوون،
هیچ خواوەندێك ناڕوات بۆ کوشتاری
دوایی ئەنشار باوکی خواوەندەکان بە گەورەیی و شکۆی خۆی هەستایە سەرپێ
ئەوەی لە دڵیدابوو بە ئانۆکیەکانی ووت:
(( ئەوەی کە تۆڵەی ئێمە دەکاتەوە،خاوەنی ورەی پۆڵاییینە
نەترسە لە گۆڕەپانی شەڕدا،ئەوە مەردۆخی ئازایە)).
ئایا هەستاو مەردۆخی بانگکردە ژورە تایبەتەکەی خۆیەوە
ئامۆژگاری پێداو،پلانەکەی خۆی پێووت:
(( ئەی مەردۆخ بیر لەوە بکەرەوە کە پێت دەڵێم و،گوێ لە باوکت بگرە
ئەی کوڕەکەم کە دڵم پێتخۆشە.
بڕۆ بەردەم ئەنشار بە چەکی تەواوی جەنگەوە.
ڕێك و ڕاست ڕابوەستە لەبەردەمیدا کاتێك قسەی لەگەڵ دەکەیت،دەرونی ئارام بکەرەوە))
خواوەند مەردۆخ بە قسەکانی باوکی دڵخۆش بوو
ڕۆیشت بەرەو لای ئەنشار و لە بەردەمیدا ڕاوەستا
دڵی ئەنشارپڕ بوو لە خۆشی  کاتێك بینی
هەستا لەبەری و ماچی کرد و ترسەکانی ڕەویەوە مەردۆخ پێی ووت: ئەنشار بێدەنگ مەبە،بەڵکو قسە بکە

---

* لەدەقی بنەڕەتیدا (( باسکەکانم بەس نین بۆ ملکەچپێکردنت)) لەبەرئەوەی ئانۆ ئەوە دووبارە دەکاتەوە لە بارێکی دەرونی خراپدا کاتێك ئامادەکاریەکانی توعامەی بینی –بگەڕێوە بۆ سبیسر دێری ٨٥.

بەپێ دەڕۆم و ئەوەی دڵی تۆ دەیەوێت جێبەجێیدەکەم
بەڵێ ئەنشار دەم دامەخە و قسان بکە
چ پیاوێك چەکی لەڕووی تۆدا هەڵکێشاوە
ئەی نابینی توعامە،مێینەیە، و ئەو کارەی کردوە؟
باوکە،ئەی خواوەندی دروستکەر،دڵخۆشبە و بگەشێرەوە.
بەم نزیکانە ملی توعامەت بۆ دەخەمە ژێر پێتەوە.
بەڵێ ئەی باوکە خواوەندی دروستکەر.
بەم نزیکانە ملی توعامەت بۆ دەخەمە ژێر پێتەوە.
( ئەنشار) وتی: (( ئەی کوڕم ئەی خاوەن دانایی فراوان
توعامە بێدەنگ بکە بە گۆرانیە پیرۆزەکەت
ڕێگەکەت بگرە بەر، بەڕەوڕەوە گەردەولولیە خێراکەت.
....
.... بەجێگەی خۆیدا بیگەڕێنەرەوە))
خواوەند بەقسەکانی باوکی دڵخۆش بوو
دڵی خۆش بوو و ئاوڕیلێدایەوەو وتی:
(( ئەی خوای خواوەندەکان و گەورەی چارەنوسەکان.
ئەگەر بۆم بکرێت و تولەتان بسێنمەوە بە ڕاستی
توعامە تێکدەشکێنم ، و ژیانتان دەپارێزم
من داوای کۆبونەوەیەك دەکەم و تواناکانم ئاشکرا دەکەم.
کاتێك بەیەك دەگەن،لە دووبەشدا لە هۆڵی کۆبونەوە
با ووتەکانم توانای دیاریکردنی چارەنوسەکانی هەبێت،لەجیاتی تۆ
ئەوەی دروستیشی دەکەم بمێنێتەوە و نەمرێت
ئەوەشی دەیڵێم جێبەجێبکرێت و بەسەر هەمواندا بڕوات

*　　*　　*

(( **پەراوێزی ژمارە** (( ١ ))

- **تابلۆی دووەم  كاتێك لە بەرزاییدا لەبەرگیراوەتەوە و بەپێی ....**
- **.... وێنەیەك لە ئاشور**
- .....
- 

(( **پەراوێزی ژمارە ٢** ))

- **لەوێنەی بنەڕەتەوە گیراوەتەوە و بەراوردكراوە.تابلۆی ناپۆر ئاحی ئادینا**
- **ئیبن لئەسیر– بەڵكو كوڕی كاهین خواوەند ماشی**

**---------------- تابلۆی سێیەم ----------------**

**ئەنشار دەمیکردەوە**

**و ڕوویکردە شالیارەکەی کاکا و وتی:**

**(( کاکا ئەی شالیارەکە کە دڵم پێیخۆشە**

**دەتنێرم بۆ لای لخمۆ و لخامۆ**

**تۆ هەستی فراوانت هەیە و قسە زانیت**

**بانگی باوکە خواوەندەکانم دەکەم بۆ ئامادەبوون لەلام**

**و باهەموو خواوەندەکانیان لەگەڵیان بێت**

**باهەموویان لەسەر سفرەکەم دابنیشن و قسان بکەین**

**نان و شەراب دەخۆین و دەخۆینەوە**

**باچارەنوسیان بدەنە دەست مەردۆخی تۆڵەسێن**

**کاکا بڕۆ و ،بچۆرە لایان.**

**ئەوەی پێتان دەڵێم پێیان ڕابگەیەنە:**

**(( ئەنشاری کوڕتان منی ناردۆتە لاتان**

**بۆئەوەی لەجیاتی خۆی ئەوەی دەیەوێت پێتان بڵێم**

**توعامە کە ئێمەی لێبووین ڕقیلێمان دەبێتەوە**

**منی توڕەکردوە،کۆبونەوەیەکی سازداوە.**

**کە هەموو خواوەندەکانی تیادا بوون**

**تەنانەت ئەوانەی ئێوەش هێناوتانەتە بوون،چوونەتە پاڵی**

**هەموویان توڕەن،بەبێ پشوودان پیلان دەگێڕن بە ڕۆژ و بەشەو**

**ئامادەباشی دەکەن بۆ شەڕ بە توڕەیی و هەژان**

**دایکە هابور دروستکەری هەموو شتەکان**

**چەکی وایهێناوە کە بەربەرەکانی ناکرێت –ماری گەورە**

**دان تیژ،کەڵبەیان ترسناکە**

**لاشەیان لە جیاتی خوێن پڕە لە ژەهر**

**ئەژدیهای دڕندەی(( هنیان)) کە ترسیان دەخستەوە**

خەرمانەیەکیان لەدەوربوو لە ترس و گەورەیی  خواوەندی لەبەردابوو
سەیرکەر دەمرد لە ترساندا،
کاتێك ڕادەوەستا نە ئەنوشتایەوە و لای نەدەکردەوە.
ماری پیس و ئەژدیهاو ئەبولهەولی دروستکرد
شێری بەهێز و سەگی دڕ و پیاوی دووپشك
دێوڕەفتاری گەردەلول و مێشی زەبەلاح و بیسۆن
هەموویان چەکێکیان پێبوو کە بەرەنگاری نەدەکرا،کە تێکنەدەشکێنران
فەرمانەکانی توعامە جێبەجێدەکرا،کەس بەرهەڵستی نەدەکرد
یانزە جۆر لەدڕندە بەدەرکەوتن لە بوون
لەنەوەی یەکەمی خواوەندە توڕەکانیش،لەکۆبونەوەکەیدا
(( کینغۆ)) ی هەڵبژارد و بەرز و گەورەی کرد
و لەپێش سوپاکەیەوە کردیە سەرکردە
چەکی هەڵکێشا بۆ جەنگ و دەستیکرد بە زۆرانبازی
ئەو فەرماندەی باڵای شەڕ بوو.
لێپرسراوێتیەکەی دایە دەستی،لە کۆمەڵگە خواوەندیەکەدا داینیشاند و ووتی:
(( چاوەزارێکم بەسەرتدا خوێندوە،گەورەم کردی لەکۆڕی خواوەندەکاندا
 و سەرکردایەتی هەموو خواوەندەکانم پێداویت
دە گەورەبە،ئەی مێردی بەهێزم
با بەرزبێتەوە ناوت لە سەر هەموو خواوەندی ئانۆناکی))
دواتر تابلۆکانی بڕیاردانی دایە دەست،سنگی پێڕازاندەوە و وتی:
(( فەرمانەکانت جێبەجێدەکرێت و وتەکانت بەسەر هەمواندا دەڕوات))
دوای ئەوەی کە دیاریکردنی کینغۆ سازکراو دەسەڵاتی باڵای ڕادەستکرا
هەستان بە دیاریکردنی چارەنوسی خواوەندەکان
 بۆ ووتەکانت ملکەچی هەیە
وتەکانت چەکە تێکشکێنەرەکان سەرشۆڕ دەکات
ئانۆم نارد و نەیتوانی ڕووبەڕووی ببێتەوە

**هەروەها تۆدیمۆر ترساو گەڕایەوە**

**دواتر مەردۆخ هاتە پێشەوە،کوڕەکەتان مەردۆخ،داناترین خواوەند**

**دڵەئازاکەی هانیدا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توعامە**

**دەمی کردەوە و پێی وتم:**

**(( ئەگەر بەمن بکرێت تۆڵەتان بسێنمەوە،ئەوا توعامە تێکدەشکێنم و ژیانتان دەپارێزم**

**من داوای کۆبونەوەیەك دەکەم کە تیایدا تواناکانم ڕادەگەیەنم**

**کاتێك بەیەك دەنگ هەموان شاطەشکەی خۆشی بوون، لەهۆڵی کۆبونەوە**

**وتەکانم والێبکەن کە هێزی دیاریکردنی چارەنوسەکانی هەبێت، لە جیاتی تۆ**

**ئەوەی دروستی دەکەم بمێنێتەوە،و ڕاوەستاو بێت و لەناو نەچێت**

**ئەوەی لە فەرمان دەریدەکەم،بەسەر هەمواندا بڕوات و نەگۆڕێت))**

**دەوەرنە لام و چارەنوستان ڕادەستم بکەن**

**بابڕوات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنی سەرسەخت.**

**کاکا ڕۆیشت و لاینەدا بەهیچ لایەکدا**

**لەبەردەم گەرموگوڕی لخمۆ و لخامۆدا ڕاوەستا و پێی ووتن:**

**ئەنشاری کوڕتان ناردومیەتە لای ئێوە**

**تا لەجیاتی خۆی پێتان ڕابگەیەنم ئەوەی کە گەرەکێتی**

**توعامە کە ئێمەی لێبووین ڕقیلێمان دەبێتەوە**

**منی توڕەکردوە،کۆبونەوەیەکی سازداوە.**

**کە هەموو خواوەندەکانی تیادا بوون**

**تەنانەت ئەوانەی ئێوەش هێناوتانەتە بوون،چوونەتە پاڵی**

**هەموویان توڕەن،بەبێ پشوودان پیلان دەگێڕن بە ڕۆژ و بەشەو**

**ئامادەباشی دەکەن بۆ شەڕ بە توڕەیی و هەژان**

**دایکە هابور دروستکەری هەموو شتەکان**

**چەکی وایهێناوە کە بەربەرەکانی ناکرێت –ماری گەورە**

**دان تیژ،کەڵبەیان ترسناکە**

لاشەیان لە جیاتی خوێن پڕ بووە لە ژەهر
ئەژدیهای دڕندەی(( هنیان)) کە ترسیان دەخستەوە
خەرمانەیەکیان لەدەوربوو لە ترس و گەورەیی  خواوەندی لەبەردابوو
سەیرکەر دەمرد لە ترساندا،
کاتێك ڕادەوەستا نە ئەنوشتایەوە و لای نەدەکردەوە.
ماری پیس و ئەژدیهاو ئەبولهەولی دروستکرد*
شێری بەهێز و سەگی دڕ و پیاوی دووپشك
دێوڕەفتاری گەردەلول و مێشی زەبەلاح و بیسۆن
هەموویان چەکێکیان پێبوو کە بەرەنگاری نەدەکرا،کە تێکنەدەشکێنران
فەرمانەکانی توعامە جێبەجێدەکرا،کەس بەرهەڵستی نەدەکرد
یانزە جۆر لەدڕندە بەدەرکەوتن لە بوون
لەنەوەی یەکەمی خواوەندە تورەکانیش،لەکۆبونەوەکەیدا
(( کینغۆ)) ی هەڵبژارد و بەرز و گەورەی کرد
و لەپێش سوپاکەیەوە کردیە سەرکردە
چەکی هەڵکێشا بۆ جەنگ و دەستیکرد بە زۆرانبازی
ئەو فەرماندەی بالآی شەڕ بوو.
لێپرسراوێتیەکەی دایە دەستی،لە کۆمەڵگە خواوەندیەکەدا داینیشاند و ووتی:
(( چاوەزارێکم بەسەرتدا خوێندوە،گەورەم کردی لەکۆڕی خواوەندەکاندا
 و سەرکردایەتی هەموو خواوەندەکانم پێداویت
دە گەورەبە،ئەی مێردی بەهێزم
با بەرزبێتەوە ناوت لە سەر هەموو خواوەندی ئانۆناکی))
دواتر تابلۆکانی بڕیاردانی دایە دەست،سنگی پێڕازاندەوە و وتی:
(( فەرمانەکانت جێبەجێدەکرێت و وتەکانت بەسەر هەمواندا دەڕوات))
دوای ئەوەی کە دیاریکردنی کینغۆ سازکراو دەسەلآتی بالآی ڕادەستکرا
هەستان بە دیاریکردنی چارەنوسی خواوەندەکان
 بۆ ووتەکانت ملکەچی هەیە

وتەکانت چەکە تێکشکێنەرەکان سەرشۆڕ دەکات

کاتێك لخمۆ و لخامۆ ئەمەیان بیست،بەدەنگێکی بەرز هاواریان کرد

هەموو ئیجیجیەکان بەگەرمی دەستیان کرد بەگریان:

(( چی وایلێکردووە کە ئەم بڕیارە بدات

هەڵسوکەوتی سەختە تالێی تێبگەین))

هەموویان کۆبونەوە و ڕۆیشتن

هەموو خواوەندەکان کە چارەنوسەکان دیاری دەکەن( ڕۆیشتن)

هەموویان لەبەردەم ئەنشاردا کۆبونەوە و هۆڵی کۆبونەوە پڕبوو

یەکتریان ماچ کرد کاتێك یەکتریان بینی

دانیشتن لەسەر مێزی نانخواردن و کەوتنە قسەکردن

نان و شەرابیان خوارد و خواردەوە

دڵخۆشیەکەیان ترسەکەیانی ڕەواندەوە

لاشەیان گەشایەوە بە خواردنەوەی شەرابی بەهێز

خەم لە دڵیاندا نەما و گیانیان پاك بۆوە

چارەنوستان ڕادەستی مەردۆخی سەرکەوتووبکەن

---------------- تابلۆی چوارەم ----------------

سەکۆیەکی عەرشی خواوەندیان بۆ دروستکرد
جێگەکەی خۆی گرت لەبەرامبەر باوانیدا بۆ وەرگرتنی سەروەری:
(( تۆ گەورەترین پایەت هەیە لە نێوان خواوەندە گەورەکاندا
کەس هاوشانت نیە،فەرمانیشت لە فەرمانی ئانۆوەیە
لە ئێستاوە فەرمانەکانت جێبەجێدەکرێن و گەڕانەوەیان بۆ نیە
تۆ دەتوانیت کەسان سەروەر بکەیت و سەرشۆڕیشیان بکەیت کەی ویستت
وتەکانت زاڵە،گوتەکانیشت بێئومێد نابن
هیچ خواوەندێك لە سنوری تۆ نزیك نابێتەوە
ماڵەکانی خواوەندەکان هاواری پاراستن دەکەن*
بیانڕازێنەرەوە بە ئامادەبونت،لەهەموو شوێنێکدا جێگەیەك بۆ تۆ هەیە
مەردۆخ تۆ تۆڵەسێنەرەوەی ئێمەیت
لەئێمەوە هەموو سەروەریەکمان پێداویت بەسەر دونیاکاندا
کاتێك لە پێشەوەی ئەنجومەنەکەدایت،گوتەکانت لەسەرەوەن
با چەکەکانت لەکاردابن بۆئەوەی دوژمنەکانمان لەناوبەرن
ئەی خوایە ژیانی ئەو کەسە بپارێزە کە پشتیوانی لەتۆ داوا دەکات
ژیانی ئەو کەسەش لەناوبەرە کە بە ڕێگای شەڕدا دەڕوات))
دواتر جلێکیان هێنا و لەناوەڕاستیاندا دایاننا
بە کوڕە گەورەکەیان مەردۆخیان وت:
دەسەڵاتت ئەی خودایە بەهێزترینە لەناو خواوەندەکاندا
با ئەو جلە نەمێنێت بەیەك وشە لەدەمتەوە
و جارێکی تریش بگەڕێتەوە بەوتەیەکی تۆ))
فەرمانیدا بەنەمانی جلەکە ، و نەما
دوایی فەرمانیدا بە گەڕانەوەی و وەکو خۆی لێهاتەوە

------------------------

* دەستکاریەکی بچووك لەوەرگێڕانی ئەو دێڕە و ئەوانی دواتری کراوە.

**کاتێك باوانە خواوەندەکانی،هێزی گوتە( دروستکەرەکەیان )بینی**
**دڵیانخۆش بوو لایەنگیری خۆیان پێدا:مەردۆخیان کردە پاشا**
**داری پاشایەتیان دایە لەگەڵ عەرش و بەرگی پاشایەتیشدا**
**چەکیشیان دایە کە بڕوات بۆ لەناوبردنی دوژمنەکان و پێیان وت:**
**(( بڕۆ و ژیان لە توعامە بسێنەرەوە**
**با ڕەشەباش خوێنەکەی هەڵبگرێت بۆ جێگە دوورەکان))**
**دوای تەواو بوونی خواوەندەکان لەپێدانی (( یل)) بەهەموو دەسەڵاتەکان**
**ڕێگەیان پیشاندا،ڕێگای سەرکەوتن**
**کەوانێکی دروستکرد و کردیە چەکی خۆی**
**ڕمەکانی نوکێکی تیژیان هەبوو و ژێی کەوانەکەشی توند کرد**
**گۆچانەکەی بە دەستی ڕاستی هەڵگرت**
**کەوان و کۆڵە پشتەکەشی بەست بەلا کەمەریەوە**
**دواتر بروسکەی لەپێش خۆیدا نارد**
**ولاشەی پڕکرد لە بلێسەی گڕدار**
**تۆڕێکی دروستکرد کە توعامەی تێبکات**
**ڕەشەباشی ڕاسپارد کە هەر چوار لای بگرن و توعامەی تێبخەن**
**ڕەشەبای باشور،و ڕەشبای باکور،وڕەشەبای ڕۆژهەڵات و،ڕەشەبای ڕۆژئاوا**
**ئەمهیلۆی دروستکرد:ڕەشەبای شەیتانی،گەردەلول و گێژەڵوکەشی دروستکرد**
**ڕەشەبای چوارینە،ڕەشەبای حەوتینە،گێژەڵوکە،ڕەشەبای گشتگیر**
**دوای ڕەشەبای حەوتەم دەرچوو کە دروستکرا**
**بۆئەوەی لە هەناوی توعامە بدا،لەدوایەوە هەڵیکرد و بەدوایدا ڕۆی**
**باران لافاوی هەستان،چەکە کوشندەکەی**
**دوایی سوار پاپۆڕەکەی بوو کە تێکناشکێت،پاپۆڕی گەردەلولی ترسێنەر**
**کۆمەڵێك توندیان کرد بۆ ڕاکێشانی لەچوار کەس کەتێکناشکێن**
**( ئەوان) کاولکار،زۆردار،تێکشکێنەر،فڕۆکەوان**
**دانەکانیان تیژن و کەڵبەکانیان ژەهراوین**

بەکاولکاری فێربوون بەشێوەیەکی خێرا کە کەس پێیان ناگات
لەلای ڕاستیەوە (( زەبروەشێنێکی)) دانا کە لەزۆرانبازیدا دیارە*
لەلای چەپیشیەوە (( جەربەزە و بوێرێکی)) دانا کە ورە بەرزدەکاتەوە
بەڵام خۆی بەرگێکی بەشکۆی پۆشی لە لازورد
خەرمانەیەکی بۆخۆی دروستکرد کە ترس و تۆقاندنی بڵاودەکردەوە
ئێستا،ڕێگای گرتوە و بەهیچ لایەکدا لانادات
ڕوویکردە،بەرامبەر توعامەی کڵپەسەندوو.
لەنێوان دوو لێوەکانیشیدا نوسراوێکی جادووگەرایی لە هەویری سور هەڵگرتبوو
لە دەستیشیدا دەرمانێك هەبوو لە گژوگیا کە لەژەهر دەیپارست
خواوەندەکان بەدوایەوە بوون،خواوەندە باوکەکانیان دەپاراست
کاتێك لە توعامە نزیك بوەوە،دانەوی بۆ ئەوەی قولاییەکەی ببینێت
بە سەیرکردنێکی تیژ تێڕوانی و باری تێکچوو
توانای نەماو کردەوەکانی پەرت و بڵاوبوون
بەڵام خواوەندەکانی کە دوایکەوتبوون و لەگەڵیدا دەڕۆیشتن
توعامە هەناسەی دەدا بەبەرزی بێئەوەی ملی لار بکاتەوە**
توڕەبوونی گڕاوی لەسەر لێوەکانی بوو:
(( تۆ کێی تا ئەنجومەنی خواوەندەکان وەدەستبێنیت ***
دابەزیوون بۆ ئاستی تۆ و لەگەڵتدان))
مەردۆخ چەکە ترسناکەکەی لافاوی بارانی بەرزکردەوە
ڕوویکردە توعامەی هەڵچوو ووتی:
(( بەسە ئیتر لەوەی کە لە بێبەزەیی و فیزلێدان و خۆ بەگەورەزانین بینیمان ****

---

* لەپێناو ئەو دێڕە و ئەوانی دواتریدا،بگەڕێرەوە بۆ سبیسر،دوو دێڕی ٥٥-٥٦

* *واتە بە بێجوڵە و تێکچوون و بەجێگیری مایەوە.

*** لەم دوو دێڕەدا هەرسێ وەرگێڕانەکەم تێکەڵ کردوە.

**** لەم دێڕەوە تاکۆتایی قسەکانی مەردۆخ بگەڕێوە بۆ سبیسر.

ڕق و قین دڵتی پڕکردوە و هانیدای بۆ شەڕ
و کەوتیتە نێوان باوك و کوڕەوە
خۆویستی ئەوانەی لێتبوون لە بیرتچوونەوە.
کیغۆت بەرزکردەوە و کردتە مێردی خۆت
پێگەی ئانۆت دایە،بەبێ ئەوەی مافی ئەو بێت.
دژی ئەنشار،پادشای خواوەندەکان،شەڕی کردارەکانت ئاڕاستە کرد
بۆ باوکە خواوەندەکانیشم خراپەی نیەتی خۆتت دەرخست.
سوپاکەت بەجێبهێڵە کە بەهەموو چەکێك سازدراون
بەتەنها وەرە پێش لەمن،لەجەنگێکی دوو کەسیدا)).
کاتێ توعامە ئەو قسەیەی لێبیست
تینوێتیەکی زۆری بۆ هات و باری تێکچوو
لەبارێکی شڵەژاویدا بەبەرزی هاواری دەکرد
تا قولآیی هەردوو قاچەکانی پێکەوەڕاوەستان
گۆرانیەکی خوێند بەرەو ڕووی مەردۆخ و چەندین جار دووبارەی کردەوە
لەکاتێکدا خواوەندەکانی جەنگ پەنایان برد بۆ چەکەکانیان
هەردووکیان لێك نزیکبوونەوە،توعامە و مەردۆخ داناترین خواوەند
لەشەڕێکی تاکەکەسیدا پێکداهاتن،پێکەوەلکان لەشەڕێکی خۆکوژیدا
خواوەند تۆڕەکەی هەڵداو توعامەی خستە ناویەوە
بەڕوویدا ڕەشەبای شەیتانی دەرچوو کەلەدوایەوە هەڵیکرد
کاتێك دەمی کردەوە بۆ ئەوەی قوتیبدات
ڕەشەبا شەیتانیەکە چوە ناو دەمیەوە، و نەیتوانی دایبخات
هەناوی پڕیبوو لە ژاوەژاوەی ڕەشەبا
سکی ئاوسا،دەمی کرابۆوە لەسەر پشت.
دواتر خواوەند تیرێکی هاویشت و هەناوی هەڵدڕی
چووە ناو ڕیخۆڵەکانی و دڵی دووکەرت کرد
کاتێك لەبەردەمیدا بەلاداهات ژیانی لەبەربڕی

لاشەکەی کەوتە سەر زەوی و چووە سەری.
دوای ئەوەی توعامە لەسەر دەستی مەردۆخ گیانی لەدەستدا
کۆمەڵەکەی جیابونەوە و سوپاکەشی پەرت و بلأوبوون
هەموویان لە ترسان دەلەرزین و بەرەو دوا هەڵهاتن
هەرکەسە دەیویست خۆی ڕزگار بکات
هیچ ڕێگەیەك نەبوو،ئەوان چواردەوریان گیرابوو
(( مەردۆخ)) گەمارۆی توندکرد و چەکەکانیانی تێکشکاند
کەوتنە تۆڕەکەیەوە لە هەڵگەڕانەوەدا جێگیربوون
هەریەکە لە قوژبنێکدا داماو هاوار و لالأنەوەیان بەرزبۆوە
جامی توڕەیی خۆی بەسەردا ڕژاندن کاتێ ئاوا گیریان خواردبوو.
بەلأم یانزە بونەوەرەکەی کە دروستیکردبوون و بەرگی گەورەیی لەبەرکردبوون
کۆمەڵی دێورەفتارەکانیش کە لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتن
هەموویان پاوەنی لەپێکردبوون،دەستیانی بەیەکەوە بەستنەوە
بە قاچەکانی پلیشاندیەوە،سەرەڕای بەرگری زۆریان
بەلأم کینغۆ کە بەسەرۆکیان دانرابوو
دەست و قاچی پێوەندکرد و دایە دەست خواوەندی مردن( سەجینا)*
بەمۆرەکەی خۆی مۆری کردن و بەسنگیدا هەڵیواسین
دوای ئەوەی کەسەر کەوتنەکەی جێگیرکرد بەسەر دوژمنەکانیدا
و زالْ بوو بەسەر دوژمنە خۆ بەزل زان و کەلە ڕەقەکەیدا
دەسەلأتی ئەنشاری سەپاند بەسەر دوژمنەکانیدا و سەرکەوتنەکەی مسۆگەر کرد
ئاواتەکانی نۆدیمۆدی بەدیهێنا ئەو مەردۆخە ئازایە
پاسەوانی توند کرد بەسەر خواوەندە بەندیەکاندا
دواتر گەڕایەوە بەلای توعامەی تێکشکاودا
لەسەر پشتی ڕاوەستا

---

* بگەڕێوە بۆ سبیسر.

**بەچەکە بەزەبرەکەی سەری لێکردەوە**

**و مولولەی خوێنەکانی بڕی**

**کە ڕەشەبای باکور پەرت و بڵاویکردەوە بۆ جێگەی نادیار**

**کاتێك باوانی ئەوەیان دی دڵخۆش بوون و گۆرانیان وت**

**دیاری زۆر بەنرخیان پێشکەش کرد وەك پێشەکی لایەنگیریان**

**دواتر خواوەند دانەوی و بە ووردی لە لاشە ڕاکشاوەکەی ووردبۆوە**

**بۆئەوەی لەلاشەکەی شتی جوان دروست بکات:**

**کردیە دووکەرتەوە بەڕێکەوت کرایەوە**

**بەشی یەکەمی بەرزکردەوە و ئاسمانی وەك سەربان لێدروست کرد**

**کۆڵەکەی لە ژێردا داناو پاسەوانی بۆ دیاریکرد**

**فەرمانیدانیٚ بە پارێزگاری ئاوەکەی هەتا نەچۆڕێت***

**دواتر هەموو لایەکی ئاسمان گەڕا و پشکنینی بۆ کرد**

**لەبەرامبەر (( ئابسۆدا)) ماڵی نۆتیمۆدی دروستکرد**

**خواوەند دووریەکانی ئابسۆی پێوانەکرد**

**وەکو ئەو ماڵێکی بۆخۆی دروستکرد، بە بینایەکی گەورە و ناوینا عەشیارا**

**وەك چەترێکی لێکرد بەسەر ئابسۆوە ****

**دواتر بۆ هەریەکەیان لە ئانۆ و ئەنلیل و ئایا ماڵێکی دانیٚ*****

---

* وادیارە بەشەکەی تری لە جێگەی خۆی ماوەتەوە و ئاوی زەریاکانی لێدروستکردوە.

** دوای ئەوەی کە ئاوی بەشی خوارەوەی توعامە کۆبۆوە و زەریاکانی پێکهێنا،بەشی خوارەوە لەبەرامبەر ئاسماندا وەستا، لەگەردووندا بریتیە لە لە ئاوی زەریاکانی هاوشێوەی ماڵی ئایا(تودیمۆد) کە دروستیکرد هەروەك چۆن بینیمان.لەسەر ئابسۆ( ئاوی شیرین)، ئا لێرەدا مەردۆخ هەڵدەستێت بە دروستکردنی زەوی بەسەر ماڵی ئایادا.بەمەش وێنە ساکارەکە تەواو دەبێت کە پێك دێت لە دەریاکان و ئاوی ژێر زەوی و توێکڵی زەوی.

*** ماڵی ئانۆ ئاسمانە،ئەنلیل ڕووی زەویە،بەو پێیەی هەوایە،ئایا ئاوی شیرینە.لەناو زەویدا.

*          *          *

(( پەراوێز ))

١٤٦ دێڕ و هێشتا ئینۆمائیلیش تەواو نەبوە،پاشماوەکەی دێت بەپێی ئەو تابلۆیەی کە شێواو نوسراوە

نابور پیلیشۆ کوڕی نعدید–مەردۆخ کوڕی حدر.بۆ پشووی گیانی خۆی نوسیویەتی بۆ بەردەوام ماڵ و مەملەکەتەکەی.نوسراوە لە پەرستگای ئیزیدا.

## ---------------- تابلۆی پێنجەم ----------------

ویٚسگەکانی دروستکرد بۆ خواوەندە گەورەکان( تاپشووی تیادا بدەن)*
بۆ هەریەکێکیان، هاوشێوەکەی لە ئەستێرەکاندا بینیوە
سالّی دیاریکرد و کەشو هەواشی دابەشکرد
بۆهەر دوانزە مانگێك سێ بورجی دانا
دوای ئەوەی کە بەهۆی بورجەکانەوە ڕۆژەکانی سالّی دیاریکرد
هەسارەی موشتەری دروستکرد بۆ ئەوەی سنورەکان دابنێت**
بۆئەوەی سنوری پێگەکەی نەبەزێنێت،لە ئاسماندا و کەمیش نەبێت
لەسەر دوو تەنیشتەکەشی دوو وێسگەی ئەنلیل و ئایای دروستکرد***
دوو دەروازەی کردەوە لەهەردوولا تەنیشتەکەیەوە ****
توندیکردن بە کێلونی بەهێز لەلای ڕاست و چەپدا
لەناوەڕاستدا بەتەواوەتی هێلّی ناوجەرگەی ئاسمانی دیاریکرد
دوایی مانگی دەرهێنا و بە ڕوناکیەکەی درەوشایەوە،ڕایسپارد بەشەو
وەکردیە خشلّ و ڕازاندیەوە،بۆئەوەی ڕۆژەکان دیاریبکات:
(( ئەگەر هەموو مانگێك دەرچوو بەبێ پچڕان ڕازاوەیە بە تاجێکەوە
لەسەرەتای مانگدا کاتێك کە هەلّدێت بەسەر هەموو زەویەکاندا
بەدوو شاخەوە دەردەکەوێت کە هەردووکیان شەش ڕۆژ دیاریدەکەن
لەڕۆژی حەوتەمدا نیوەی تاجەکەت تەواو دەکەیت

-------------------------------

* وێسگەکان لێرەدا بریتین لە ئەستێرەکان.

** بابلیەکان لەو باوەڕەدا بوون کە هەسارەی موشتەری دەکەوێتە ناوەڕاستی نێوان ماوەی باکوری ئاسمان کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنلیل و باشوریش دەگەڕێتەوە بۆ ئایا.

*** بەشی باکور و بەشی باشووری لەپشتێنەی کاکێشانن

**** دەرچەیەك لە ڕۆژهەلّات و یەکێکیش لە ڕۆژئاوا کە لێیانەوە ڕۆژ پیایاندا تێپەڕ دەبێت لە ڕۆژهەلّاتن و ڕۆژئاوابووندا.

لەنیوەی هەموو مانگێكیشدا بەشێوەی مانگی چواردە و لەناوجەرگەی ئاسماندا دەردەكەوێت
كاتێك كە ڕۆژ هەستپێدەكەیت لە بنكەی ئاسماندا
لە ڕوناكیە تەواوەكەت كەمبكەوەو دەستبكە بە كەمكردنەوەی تاجەكەت چۆن كە ەدا، پێشكەش بە خوێنەرانم كردوە لێرتەواوتكرد
لەماوەی ونبونیشتدا لە ڕێچكەیەكدا دەڕۆیت نزیك لە ڕێچكەی ڕۆژەوە*
لە بیست و نۆیەمیندا، جارێكی تر لە بەرامبەر ڕۆژدا دەوەستیتەوە،
تائێرە و ئەو بەشەی ڕوونە لە تابلۆی پێنجەم كۆتایی دێت بەگوێرەی ئەو دەقەی كە لەبەر دەستی زانا بزماریەكاندایە تاكاتێكی نزیك بەڵام دۆزینەوە نوێكان لە جێگەی شاری ئاشور،تابلۆیەكی پێشكەشكردوین كە هەندێ وای دادەنێن كە تەواوكەری تابلۆی پێنجەمەمیشە لێرەدا پێشكەشی دەكەم بەو پێیەی كەوایە،وەرگێڕاوە لە دەقی گریسۆنەوەGryson كە بلأوكراوەتەوە لە :
**Ancient Near Eastern Texts
ئاماژەیەكم بۆ دیاریكردویت،دوای ڕێچكەكەی بكەوە
.... نزیك بەوەو فەرمانی خۆت دەربكە....
( دوای ئەوە ٢١ دێری شێواو دێن بەشێوەیەك كە ڕێگا نادات بە وەرگێڕانی.
دەقەكە دەست دەكاتەوە بە ڕۆشنبونەوە لە دێری ٤٥ هەمەوە).
دوای ئەوەی كە شەمش بەڕۆژەكان سپێردرا( خواوەندی ڕۆژ)
و سنوری ڕۆژ و شەوی جیاكردەوە
لەلیكی توعامەی وەرگرت

---

* ئەو ڕێچكەیەی كە ڕۆژ پێیدا دەڕوات لەناو زەویدا بەشەو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ هەڵبێتەوە.
** بەڵام من لەو باوەڕەدام كە ناوەڕۆكی ئەو تابلۆیە تەواوكەری ئەو وێنەیە نیە لێرەدا، بەڵكو وای بەڕاست دەزانم كە تەواوكەری وێنەیەكی تربێت كە تابلۆكانی ونبوبێت تەنها یەكێكیان نەبێت، ئەوەی ڕاستی بۆچونەكەشم پشت ڕاست دەكاتەوە بریتیە لە دووبارەكردنەوەی تابلۆكەیە بۆ هەندێ ڕووداو كە گێڕاودراونەتەوە لە بابەتەكانی پێشووتردا.
ومەردۆخی لێدروستكرد[....]

**هەوری لێدروستکرد و شەختەو بارانیشی پێهەڵگرت**

**پاڵی نا بە باوە و بارانی داباراند**

**بەهەمان شێوە لە لیکەکەی تەمومژی دروستکرد**

**دوایی چوو بەلای کەلەسەرەکەیەوە و گردۆڵکەکانی لێدروستکرد**

**لەهەناویدا ئاوی دەرپەڕاند**

**لەچاوەکانیەوە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتی دەرپەڕاند**

**لەهەردوو کونە لوتیەوە[....]**

**لەمەمکەکانیەوە شاخە بەرزەکانی بەرزکردەوە**

**سەرچاوەکانی تەقاند و،بیرەکانی ژیاندەوە**

**کلکی لول کرد و جێگیریکرد لە بەرزایدا**

**[....] ( کرایەوە) هەردوو بەشەکەی بەشێکی جێگیربوو لە زەویدا.**

**هەمووی داپۆشی،بەشێکیشی چەقی لە زەویدا**

**[....] لەناوەڕاستیدا ڕووبارێکی گەورە کشا**

**لەدوایدا تۆڕەکەی بەتەواوی لێکردەوە**

**و گۆڕدرا بۆ ئاسمان و زەوی**

**سنوری لە نێوانیاندا جێگیرکرد [....]**

**دوای ئەوەی کە یاساکانی توندوتۆڵکردو ڕێوڕەسمەکانی چەسپاند**

**پەرستگاکانی داهێناو سپاردیە ئایا**

**بەڵام تابلۆکانی چارەنوسەکان کە لە کینغۆوە دەستی کەوت**

**ئەوا دایە،ئانۆ،وەك دیاریەکی یەکەمین**

**دوایی خواوەندە تێکشکاوەکانی پێش خۆی خست**

**و پاڵی پێوەنان بەدەستو پێ بەسراوی،بۆ بەردەم باوکی**

**بەڵام یانزە جانەوەرەکەی تر کە توعامە دروستی کردبوون**

**کە مەردۆخ چەکەکانی تێکشکاندن و دەستیانی بەیەکەوە بەستن**

**کردنیە پەیکەری بێگیان و دانیان لەبەردەمی ئابسۆدا و ( وتی):**

**(( ئەوەی بەسەریاندا هات بابەزیندوویی بمێنێتەوە و لەبیر نەکرێت))**

خواوەندەکان بەوەی بینیان زۆر دڵخۆش بوون
لخمۆ و لخامۆ و هەموو باوانەکانی تر پێکەوە
پەڕینەوە بۆلای، ئەنشاری پادشاش بۆ بەخێرهێنان ڕاوەستابوو
بەڵام ئانۆ و ئەنلیل و ئایا هەستان بە پێشکەشکردنی دیاریەکان
دایکیشی دومکینا بەهەمان شێوە دیاریەکی تایبەتی پێدا کە دڵی خۆشکرد
پێشەکیشی بۆ نارد کە دەموچاوی ڕوونکردەوە
( دای) بۆ( یان ناوی ) ئەو کەسەی نا کە دیاریەکانی بۆ هەڵگرتبوو
دەرگاوانی ئابسۆی پێدا وەك خزمەتکاری خواوەندەکان
کاتێك هەموو ئیجیجیەکان تەواو بون کڕنۆشیان بۆبرد
هەموو ئانۆکیەکان پێیەکانیان ماچ کرد.
هەموو کۆبونەوە بۆ پێشکەشکردنی ئەرکی ڕێزگرتن
هەموویان دانەوینەوەو ڕایانگەیاند:مەردۆخ پادشایە
دوای ئەوەی باوانی چاویان تێرکرد بە سەیرکردنی

( دوای ئەوە ١٦ دێڕ دێت کە ناتوانرێت وەربگێڕدرێن بەهۆی شێواوی تابلۆکەوە، ئەو دێڕانە دانیشتنی مەردۆخ باس دەکەن لەسەر عەرش بەهەموو چەك و گۆچانە گەورەکەیەوە،کاتێك دەقەکە ڕووندەبێتەوە باوکی و دایکی دەبینین کە قسە ئاڕاستەی خواوەندەکان دەکەن).

ئایا و دۆمکینا [....]
دەمیان کردەوە و قسەیان ئاڕاستەی ئیجیجیەکان کرد ،خواوەندی گەورە
(( لە ڕابووردودا،مەردۆخ تەنها کوڕێکی خۆنەویست بوو
بەڵام ئێستا پادشایە لەسەرتان،بەناوی خۆیەوە بانگی بکەن
دوایی هەموویان بەیەك دەنگ ڕایانگەیاند:
(( ناوی دەبێت بە لۆگال دیمیرانکیا، و بڕوایان پێهێنا))
دوای ئەوەی کە سەروەری و دەسەڵاتیان پێدا
ڕوویانتێکرد و پێیان وت:
(( تۆ پارێزگاری لەمان و بونمان دەکەیت لە ئێستاوە

( لە ئێستاشەوە) گوێڕایەڵی فەرمانەکانتین))
مەردۆخ دەمی کردەوە
بۆئەوەی وتەیەك پیشکەش بە باوکە خواوەندەکانی بکات
(( لەسەر ئەو عیشارەیەی کە دروستم کرد
جێگەیەك چاك دەکەم بۆ خانویەك*
لەوێدا ماڵێك و پەیەکەرێك بۆ خۆم دروست دەکەم**
کە لەوێدا پیرۆزی پیرۆزییەکان هەیە کەهێمای گەورەییمە
کاتێك دێنە سەرەوە لە ئابسوّوە بۆ کۆبونەوە
کراوەیە بۆپێشوازیتان و دەتوانن تیایدا بمێننەوە
یان لە ئاسمانەوە دابەزن بۆ کۆبونەوە
کراوەیە بۆتان و بۆ پێشوازیتان و دەتوانن تیایدا بمێننەوە
ناوی دەنێم بابل،واتە ماڵی خواوەندی گەورە
کارامەترین وەستاکان،هەڵدەستن بە دروستکردنی))
کاتێك باوانی تەواو بوون لە گوێگرتن لە وتەکەی
پرسیارێکیان ئاڕاستەی کوڕە گەورەکەیان مەردۆخ کرد:
لەسەروو هەموو ئەوانەی کە دەستەکانت دروستیکردن
دەسەلآتت بەکێ دەدەیت؟
لەسەر ئەو زەویەی کە دەستەکانت دایهێنا
دەسەلآتت بەکێ دەدەیت؟

---

* دێرەکانی ١١٩ و١٢٠و١٢١ ئاوێتە بوون لە دوو دێردا لەگەڵ هەندێ لابردندا،بۆئەوەی نەکەومە دژایەتیەوە،لەکۆتایی تابلۆی چوارەمدا لایەنگیری هیدلم،نەك سبیسر و گریسۆن لەڕاڤەی عیشارەدا گوایە مانای زەوی دەگەیەنێت.
** هەردوو دێری ١٢٢-١٢٣ م ئاوێتە کردوە.

بابلیش کە ناوێکی نەمرت پێدا

**و کردتە بارەگایەك بۆ ئێمە بۆ هەتاهەتایە**

**[....] خواردنی ڕۆژانەمان بۆ دێنن ***

[............]

**لەوێدا .... بەکردارەکانیان [....]**

**مەردۆخ دڵخۆش بوو بەوەی کە بیستی**

**وەڵامی پرسیاری خواوەندەکانی دایەوە.**

**ڕووی بکوژی توعامە گەشایەوە**

**دەمی کردەوە بۆ وتەیەکی پرۆز:**

[............]

**[....] ڕایدەسپێرم بۆتان))**

**خواوەندەکان لەبەردەمیدا کڕنۆشیان برد و وتیان،**

**(( لە ڕابووردوودا خواوەند تەنها کوڕێکی خۆشەویست بوو**

**بەڵام لە ئێستادا پادشامانە،بەناوی خۆی بانگیان کرد**

**چاوەزارە پیرۆزەکەی ژیانی پێبەخشین**

**ئەو خوای گۆچانی شاهانەی پیرۆزە**

**ئایا،کارا لەهەموو پیشە و شارەزاییەکدا**

**پلانەکان دادەنێت،ئێمەش کرێکاری بەردەستین**

------------------------------

*** سەرەڕای ئەوەی کە گریسۆن هیچ پێشنیازێکی نەکردوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی بەشی کۆتایی تابلۆکە،ئاشکرایە کە گێڕانەوەکە لێرەدا دەربارەی ئەو مرۆڤانەیە کە خواوەند دەیانکاتە جێنشین لەسەر زەوی بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی لە جیاتی ئەو،خواردن پێشکەش خواوەندەکان دەکەن وەك لە دەقی پێشووی سۆمەریدا بینیمان.ئەگەر ڕستەیەکمان پێشنیازکرد بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەو دێڕەدا ئاوای لێدێت:**

**[ ئایا هیچ کەسێکی تیا بە جێناهێڵن ] بۆئەوەی خواردنی ڕۆژانەمان بۆ بێنێ.**

*　　　*　　　*

(( **پەراوێز** )) *

**تابلۆی پێنجەم(( کاتێك لە بەرزاییدا))**

**کۆشکی ئاشوربانیبال،پادشای جیهان،پادشای ئاشور**

---

* ئەم پەراوێزە دەگەڕێتەوە بۆ تابلۆی پێنجەمی سەرەکی نەك بۆ بەشی پاشکۆی کۆتایی.

## ---------------(( تابلۆی شەشەم ))----------------

دوای ئەوەی لە گوێگرتن لە قسەکانی خواوەندەکان تەواوبوو
دڵی هانیدا بۆ دروستکردنێکی داهێنەرانە
نهێنیەکەی ناودڵی بە ئایا ووت
و ئەوەی پێووت کە بە نیازی چیە بیکات:
(( خوێن و ئێسکەکان دروست دەکەم
لێیانەوە(( لالۆ)) دروستدەکەم و ناوی دەنێم مرۆڤ
بەڵێ،لالۆی مرۆڤ دروستدەکەم
خزمەتکردنی خواوەندەکانی بەسەردا دەسەپێنم، ئەوان پشوودەدەن
دواتر ڕوودەکەمەوە بەلای کاروباری خواوەندەکاندا
هەموویان گەورەن،بەڵام من دەیانکەمە دوو تیمەوە))
وتەیەکی ئاڕاستەی ئایا کرد
بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی دەربارەی ئەو بابەتە:
((با هەستن بە پێدانی یەکێکیان
دەکوژرێت، لەو مرۆڤ دروستبکە
با خواوەندە گەورەکان لێرە کۆببنەوە
باخواوەندی تاوانکارمان پێبدەن،بۆ سەلامەتی ئەوانیتر))
مەردۆخ هەستا بە بانگهێشتکردنی خواوەندە گەورەکان
بەڕوویەکی بەزەیی و خۆشەوە ڕوویتێکردن،ڕێنماییەکانی دەرکرد
خواوەندەکان بە ووریاییەوە گوێیان بۆ گرت
پادشا قسەیەکی ئاڕاستەکردن:
(( بەڕاستی ڕاستگۆبووین لەوەی کە بەڵێنمان پێدابوون *
ئێستا وتەی ڕاستم لە ئێوە دەوێت،سوێندخواردنمان بۆ ئێوە گرەنتیە
کێ ئەم کێشەیەی دروستکرد؟

-----------------------------

* کۆتایی توعامە.

کێ توعامەی هاندا بۆ شۆڕش ، و خۆئامادەکردن بۆ شەڕ؟
ئەو کەسەم پێبدەن کە ئەم کێشەیەی دروستکرد
با سزاکەی وەربگرێت،ئێوە سەلامەت دەبن))
ئیجیجی وەڵامی دایەوە،خواوەندە گەورەکان،
وەڵامی گەورەکەیان مەردۆخیان دایەوە،پادشای زەوی و ئاسمان:
(( ئەوە کینغۆ بوو،کە کێشەی نایەوە
هانی توعامەی دا بۆ شۆڕش ، و خۆئامادەکردن بۆ جەنگ))
دواتر دەستیان بەست و لە بەردەم ئایادا دایاننا
سزای بدەن بە بڕینی شادەمارەکانی مێشکی
لە خوێنەکەی مرۆڤ دروستکرا
(ئایا) کاری لەسەر سەپاند و خواوەندەکانی ئازاد کرد
دوای ئەوە ئایای دانا هەستا بە دروستکردنی مرۆڤ
وکاری لەسەر سەپاند و خواوەندەکانی ئازاد کرد
ئەو کارەی بەرزترە لە تێگەیشتن
کە جێبەجێکردن بە پێی پلان و ڕێنماییە داهێنەرەکەی مەردۆخ بوو،
مەردۆخ،پادشای خواکان،هەستا بە دابەشکردنی
هەموو ئانۆکیەکان،بەشێك لەسەرەوە و بەشێکیان لەخوارەوە
ڕایسپاردن بە ئانۆ کە سووربن لەسەر ملکەچپێکردنیان بۆی.
لە ئاسماندا سێسەدی دانا بۆ پاراستنی
و سێسەدیشی لە زەوی دانا.
دوای ئەوەی هەموو ڕێکخستنەکانی تەواوکرد
و بۆ هەر خواوەندێکی ئاسمان و زەوی بەشی خۆی دیاریکرد
ئانۆکیەکان دەمیان کردەوە
بەمەردۆخی گەورەیان وت:
(( ئێستا ئەی خوایە،ئەی ئەو کەسەی کە ڕزگارتکردین لەکاری سەپێنراو
چی شایەنی تۆیە وەك پێشەکی پێزانینمان؟

پەیکەرێکی پیرۆزت بۆ دروست دەکەین
جێگەیەك کە لە ئێوارانداا تیایدا پشووبدەین
لەوێدا سەکۆیەك و عەرشێکت بۆ دادەمەزرێنین
هەرکاتێ هاتینە ئەو جێگایە،دێین بۆئەوەی پشوو بدەین))
کاتێ مەردۆخ ئەوەی بیست
چرچ ولۆچی دەموچاوی کرانەوە وەك ڕۆژ:
(( ئاوها دەبا بابل دروست ببێت وەك ئەوەی دڵخوازین
بادەستبکەین بە هێنانی بەرد،دەسبکەین بە پەیکەرەکە))
ئانۆکیەکان پاچەکانیان خستە گەڕ
خشتی پێویستیان دروستکرد لەماوەی ساڵێکدا
لەگەڵ هاتنی ساڵی دووەمدا
ئیزاگێلایان * بەرزکردەوە کە بناغەکانی گەیشتە ئابسۆ
دوای ئەوەی کە قولە پلیکانەیەکانیان تەواوکرد
لەناویدا ماڵێکیان بۆ مەردۆخ و ئەنلیل و ئایا دروستکرد
دوایی مەردۆخ بە گەورەیی و شکۆداریەوە لە بەردەمیاندا دانیشت
لەخوارەوەش بە چاویان ووردبونەوە بۆ شاخەکانی قولە جوانەکە**
دوای تەواو بوون لە ئیزاگێلا
ئانۆناکی هەستان بە دروستکردنی جێگە بۆ خۆیان
دوایی هەموو خواوەندەکان کۆبونەوە
بەیەك گەیشتن لە حەرەم سەرای مەردۆخی پاکدا کە دروستیان کردبوو
باوانی خواوەندی دانیشاند لەسەر خوانێك:
(( ئەوە بابلە جێگەی نیشتەجێبونی هەڵبژاردەتان

---

* پەرستگای مەردۆخ کە قولەیەکی بەرزی پێپلیکانەیی هەبوو.

** شاخە لەکانزا دروستکراوەکە لە لوتکەی قولەی پەرستگاکاندا دادەنران،کە بریتیە لە پاشماوەی بەندایەتیە ڕۆژییە کۆنەکان.

گۆرانی بڵێن و خۆشی بکەن لە ناویدا))
کاتێك خواوەندە گەورەکان جێگیربوون لەسەر خوانەکە
هێواش هێواش قورس دەبون بەهۆی مەیەوە لەکاتی نانخواردندا
دوای ئەوە کە دڵخۆش بوون و شادی و گۆرانیان ووت
ڕێوڕەسمیان سازدا لە ئیزاگێلای بەشکۆدا
و بنەماکانی پەرستنیان دیاریکرد
دوایی لەناو خۆیاندا ئاسمان و زەوییان دابەشکرد
پەنجا خواوەندە گەورەکە جێگەکانی خۆیان گرت
دوایی حەوت خواوەندەکەی چارەنوس،سێسەد خوایان لە ئاسمان دانا
ئەنلیل کەوانەکەی هەڵگرت، کە چەکی مەردۆخ بوو،لەبەردەم هەمواندا داینا
ئەو تۆڕەی کە دروستیکردبوو جێگەی چاوتێبڕینی باوانی بوو
کاتێك تەواو بوون لە سەیرکردن و لێووردبونەوەی کەوانەکە و ووردی دروستکردنی
سوپاسگوزاریەکی زۆریان کرد لەسەر کارەکەی
دواتر ئانۆ بەرزیکردەوە و قسەی بۆ ئەنجومەنی خواوەندەکان کرد
بەماچکردنی کەوانەکەوە وتی ئەوە[....]
ئەم ناوانای لێنا:
تەختەی گەورە،ناوی یەکەمی،دانەوێڵە ، ناوی دووەمی
ناوی سێیەمی بریتیە لە کەوان–ئەستێرە،لەئاسماندا دەدرەوشێتەوە
( دوای ئەوە ١٢ دێڕ دێت لەهەریەکێکیاندا،کەموکوڕی هەیە کەماناکە نادات)
دەبا چاودێری خۆی بڵاوبکاتەوە بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا
هەمیشە ناویان لەسەر زاربێت و بەخشندەییەکانی وەبیربێننەوە لەسەریان
تاهەتاهەتایە
قوربانی پێشکەش بکەن بۆ باوانی
خۆشیان بوێت و چاودێری پەیکەرەکانیان بکەن
کورەی قوربانیان بۆ دروستبکەن،بۆنەکەی هەڵمژن و دەبا
چاوەزارەکانیان[....]

هەروەك چۆن لە ئاسماندا کردی،با ئاوهاش بکات لەسەر زەوی
مرۆۋ دەزانێت چۆن لێیدەترسن
لەدڵیاندا هەمیشە ئامادەگی هەیە
هەمیشە پارێزگاری لە سنورەکانی خواوەند و،خواوەندەکانیان دەکەن
فەرمانەکانی چاودێری دەکەن و گوێڕایەڵی دەبن
دەمێنێتەوە لەسەر پێشکەشکردنەکانیان بۆ خواوەند و خواوەندەکانیان
هەمیشە خواوەندەکانیان لە بیرە و لە یادیان ناکەن
دوایی با بلاوبێتەوە بە زەویدا و بیڕازێنەوە و بیکەنە ماڵ بۆ خۆیان
دەبا بوەستن بە ملکەچی لەبەردەم خواکەماندا.
وەرن با پەنجا ناوەکە ئاشکرا بکەین
با ڕێگاکانی و کارەکانی هەمیشە بدرەوشێنەوە
مەردۆخ،ناوی کوڕەکەیەتی کە باپیری ئانۆ ناوی ناوە
پێدەری لەوەڕگا و سەرچاوە ئاویەکان،پڕکەری ئەمبارەکان بە خۆراك
ئەوەی بە چەکە تۆقێنەرەکەیەوە،لافاوی باران،دوژمنانی تێکشکاند
ئەوەی کە بەدەنگ باوانی خواوەندیەوە هات لەکاتی تەنگانەیاندا
بەڕاستی پرشنگدەرە،کوڕی خۆر
لە بریقەدارترین ڕوناکیدا دەبا خواوەندەکان هەمیشە لە خۆشیدابن .
لەسەر مرۆۋ ئەوەی دروستبوون[....]
خزمەتکردنی خواوەندەکانی سەپاند ئەوانەی کەڕزگاریکردن
دەبا لە گوتەکانیاندا دروستبوون و لەناوچوون و دڵدانەوە و بەزەیی هەبێت
باهەموان چاویان بەرزبکەنەوە بۆ ئەو
مارۆکا،خوای ڕاستی،دروستکەری هەموو شت
ئەوەی دڵی ئانۆناکی خۆشکرد و خەیاڵەکانیانی ئارام کرد
ماروتوکا، ئەو پەناگە و ئارامگایە،پاڵپشتی بەندەکانە
ئەوە کە خەڵکی سوپاسگوزاری بۆ دەکەن[....]
پاراشاکوشو،بەتوانای گیانکێشی پەرچەمی زەوی

ئەو دڵ گەورەیە،بەسۆز و بەزەییە*
لۆگاڵ دیمیرانیکا،ئەو ناوەیە کە بانگمانکرد لە کۆڕەکەماندا
فەرمانەکانی لە پێش فەرمانەکانی باوانیەوەیە
بەڕاستی خوای هەموو خواوەندەکانە،لە ئاسمان و زەمینەکان
پادشایەکە هەموو ئەوانەی لە ئاسمان و زەوین لێیدەترسن
ناریلۆگاڵدی میرانیکا،ناومانننا.چاودێریەکەی هەموو خواوەندەکان دەگرێتەوە
هەرئەوە لەکاتی تەنگانەدا،لە ئاسمان و لە زەویدا بۆیدابینکردووین
تایبەتی کردوە بۆ ئیجیجی و ئانۆناکی،وێسگەی پشوویان
هەرئەوە بەناو هێنانی،خواوەندەکان دەلەرزن لەماڵەکانیاندا
ئاسار لۆحی،ئەو ناوەیە کە باپیری بانگی کردوە پێی
بەڕاستی،ئەو ڕوناکی خوایە،هەر ئەو شازادە گەورەکەیە
ئەو گیانی پارێزەرە بۆ خواوەند و زەوی
لەململانێیەکی بەشکۆدا،وڵاتەکەمانی ڕزگارکرد لەکاتی تەنگانەدا
ئاسار لۆحی ناومانا نامتیلاکۆ،کە مردوو زیندوو دەکاتەوە
هەرئەوە کە خواوەندە کۆنەکانی هێنایەوە،هەروەکو سەرلەنوێ دروستیکردبنەوە
ئەو خوایەی کە بەچاوەزارە پیرۆزەکەی،خواوەندە مردووەکانی زیندووکردەوە،
زاڵبوو بەسەر دژە فێڵبازەکانیدا،دەبا یادکردنەوەی ئازایەتیەکەی هەمیشە لەسەر زارمان بێت
ئاسار لۆحی،بۆجاری سێیەم ناومانننا،نامشوب
خواوەندی درەوشاوە،ڕێگاکانمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە
ئاوها هەریەکە لە ئەنشارو لخمۆ و لخامۆ سێ ناویان ئاشکراکرد
بە ئەنجومەنی خواوەندەکانیان وت:
(( هەریەکە لە ئێمە سێ ناویمان ئاشکرا کرد
هەروەك چۆن ئێمە کردمان،با هەموانیشتان بیکەن،ناوەکانی ڕابگەیەنن))

---

* بگەڕێوە بۆ سبیسر.

خواوەندەکان دڵخۆش بوون و گوێڕایەڵی ئەوە بوون کە فەرمانیان پێکرا

لەهۆڵی کۆبونەوەکەدا ڕاوێژیان کردو وتیان:

(( کوڕە گەورەکەی کە تۆڵەی سەندینەوە

پاڵپشتمان و پارێزەرمان،وەرن باناوەکەی بەرز ڕابگرین))

دواتر دانیشتن بۆ کۆڕەکەیان و ناوەکانی ئاشکرا بکەن

هەموویان یادی ناوەکانی دەکەنەوە لەجێگەیەکی پیرۆزدا

---------------- (( **تابلۆی حەوتەم** )) ------------------

ئاسارو، بەخشەری زەوی بەپیت،پڕکەری ئەمباری گەنم،

ڕوێنەری دانەوێڵە و پاقلەمەنیەکان،زیندووکەرەوەی گژو گیا

ئاسار بەمنونا،گەورەی ڕوناکی باوانی

کە بڕیارەکانی ئانۆ و ئەنلیل و ئایا ئاڕاستە دەکات،

تەنها خۆی هەڵسا بەهێنانەدی خواستەکانیان ،کەماڵەکانیانی بۆ دروستکردن،

کە ڕمەکەی ڕاوێکی زۆری بۆ گرتن.

توتو،پاڵەوانی ڕزگارکەر و دەربازکەری ئەوانە،

با پەیکەرەکانیان پاك بکاتەوە و لێگەڕێ با لەخۆشیدا بن،

چاوەزاریان بۆ بکات،با دەرونیانی پێئارام ببێتەوە،

ئەگەر دڵتەنگ بوون با ئارامییان بۆ دابەزێنێت،

بەڕاستی ئەوە گەورەییە بۆ خواوەندەکان،

کەس لێیان نزیك نابێتەوەو بەراوردیش ناکرێن.

توتو بریتیە لە زیوکینا کە هەموو خواوەندەکان پێی ئەژین،

کە ئاسمانێکی ڕووناکی بۆ دروستکردون،

خاوەنی چارەنوسیان و گەورەی ڕێگاوبانەکانیانە،

هەمیشە زیندووە لەدڵی بەندەکانیدا، بەخشندەییەکانی لە یاد ناکەن.

سێیەم جاریش توتو زیکۆیە،خوای پیرۆزی

خوای هەناسەی دروستکەر،گوێگر و وەڵامدەرەوەی نزاکانە،

ئەو پێدەرە بەبێ حساب،
کە خواستەکانمان وەدیدێنێت بەزیادەوە،
کە بەهەناسەکەی ئارامیمان دەکاتەوە لەکاتی تەنگانەدا،
دەبا هەمووان بەردەوام بن لە یادکردنەوەی و سوپاسگوزاری بکەن.
توتو،باناوت بەرزبێتەوە،بۆ چوارەم جاریش ببە بە ئاجاکۆ،
خوای چاوەزاری پیرۆز،کە مردوو زیندوو دەکاتەوە،
کە بەزەیی هاتەوە بەخواوەندە تێکشکاوەکاندا،
لەسەر خواوەندە دوژمنەکانی لابرد،قورسایی کاری سەپێنراو،
دروستبوونی مرۆڤ بۆیان ڕزگارکردن بوو،
ئەو بەزەییە کە ژیان دەبەخشێت،
وتەکانی نەمرن و لە یاد ناچن
لەلای مرۆڤەکان کە بەدەستی خۆی دروستیکردوون.
پێنجەمجاریش توتو نۆکۆیە کە لێوەکان چاوەزارەکەی دەلێنەوە،
چاوەزارە پیرۆزەکەی کە شەڕەنگێزەکانی هەڵکەند.
شازۆ،چاودێر بەسەر دەروونی خواوەندەکانەوە، و جیهانی نهێنیەکان،
لە زوڵم و زۆرداری ڕاناکات شەڕەنگێزەکان،
کۆڕی خواوەندەکانی دروستکرد و دڵیانی خۆشکرد،
پارێزگاری خۆی پێدان و هەڵگەڕاوەکانی ملکەچ کرد،
دادەپەروەری بەرپاکرد و سنورێکی دانا بۆ قسەی پڕوپوچ،
ڕاستی ڕاستکردەوە،نارەوایی لەناوبرد.
شازۆ، باناوەکەت بەرزبکرێتەوە بۆ دووەم جار بە زیسی،کە هەڵگەڕاوەکانی لاڵ کرد
باوانی پاراست لە ترسی ئیفلیجبوونی لاشەکانیان.
شازۆ،سێیەم ناوی سوحەریمە،هەموو دوژمنەکانی بە چەکەکانی،
پیلانەکانیانی هەڵوەشاندەوە،کردنیە خۆراکی ڕەشەبا.
هەموو ئەو دوژمنانەی لەناوبرد کە بەرەنگاری دەبونەوە،

دەبا ناوی بەرزبکەنەوە خواوەندەکان لە کۆڕەکەیاندا *

چوارەم ناوی شازۆ، صاحکوریم، باوانی سەرلەنوێ دروستکرد، پێگەیەکی بۆ دروستکردن،

دەستو پێوەندو دواکەوتەکانی دوژمنانی لەڕەگ هەڵکەند

خۆئامادەکردنەکانیان تێکشکاند و کەسیان نەمان،

دەبا هەموو ولاَت گۆرانی بەناوی ئەودا بڵێن.

شازۆ،پێنجەم ناوی زاحاریمە،خوای هەموو شتێ

لەناوبەری هەموو دوژمنان،کە بەچاکە و خراپە پاداشت دەداتەوە،

خواوەندە گەورەکانی گەڕاندەوە بۆ ماڵەکانیان

دەبا ناوی هەر بمێنێ بەدرێژایی کات

شەشەمیش با لە هەموو شوێنێکدا شازۆ بپەرسترێت لەسەر ئەو بنەمایەی زاحجۆریمە

تێکشکێنەری هەموو دوژمنان لە گۆڕەپانی جەنگدا

ئینبیلۆلۆ،ئەو بەخشەری خێر و بێرە

ئەو گەورەیەیە کە ناوی ناوە لە هەمووان

لەوەرگاو سەرچاوە ئاویەکانی ڕێکخستوە

لەزەویدا کانیاوی دەرپەڕاندوە،ئاوی لە شێوەی ڕووباردا ڕواندوە

بادووەمجار بەگەورەیی ناوی بەرین ئیبادون،کە کێڵگەکان ئاو دەدات

دەسەلاَتداری ئاسمان و زەوی،دابەشکەری کشتوکاڵ و خواردن

ڕێکخەری بەنداوو جۆگەلەکان، وێناکێشی هێڵی هەوجاڕ.

باسێیەم جاریش گەورەبکرێت بەناوی جوکڵ،دەسەلاَتداری باخچەکانی خواوەندەکان

خوای دانەوێڵەی زۆر و بەروبومی زۆر و زەوەند

پێدەری سامان  کە ماڵەکانی دەوڵەمەندکردوە

---

* بگەڕێوە بۆ سبیسر.

پێدەری گەنمەشامی،وڕوێنەری جۆ.
ئینبیلۆلۆ، ئەو گیحاڵە،سەرپەرشتیکەری کاروباری هەڵگرتن
زەوی ئاودێردەکات بە ئاوی ئاسمان و گژوگیا دەڕوێنێت
زیرسیر،کە شاخێکی دروستکرد لەسەر توعامە
وبەچەکەکەی لاشەی دووکەرت کرد
شوانی دەستپاك و پارێزەری وڵات
............
کەباوانی بەدەریای تورەدا پەڕاندەوە
وەك پرد،پەڕیوە بۆ گۆڕەپانی شەڕ
زیرسیر،بادووەم جار ناوت ببێت بە ملخ
دەریا بوارێتی و شەپۆلەکان هەڵگری ئەون
غیل،کە گەنم بە کۆمەڵ کۆ دەکاتەوە
دروستکەری گەنمەشامی و جۆ،بەخشەری تۆو بە زەوی
غلیما،دروستکەری شتەکانی تر
یەکگرتوویی خێزان دەپارێزێت،سەرچاوەی هەموو کارێکی چاکە
ئیخلیما،کە تاجی دڕاند [....]
کە هەوری داناوە لەسەر ئاو،ئاسمانەکانی بەرزکردۆتەوە
زەلوم،کە دیاریکردوە [....]
دابەشکەری خۆراك،کە شەونخونی دەکات لەسەر[....]
دووەم جار زەلوم مۆمۆیە،دروستکەری ئاسمان و زەوی بزوێنەری هەورەکانە
کە ئاسمان و زەوی پاککردەوە
هیچ یەکێك لەخواوەندەکان هێزی ئەمیان نیە
جیشنومۆناب،دروستکەری هەموو مرۆڤ،دروستکەری چوار هەرێمەکەی زەوی
لەناوبەری دواکەوتەکانی توعامە،لەلاشەکەی مرۆڤی دروستکرد.
لۆگالادیۆر،دروستکەرەکانی توعامەی تێکشکاند و چەکەکانی لەناوبرد،
کەلەپێش و دواوەوە بناغە بەرزەکانی داکوتیبوو.

باجلیۆنا،ڕابەرایەتی بۆ ئەوە لەهەموو وڵاتدا و سنورێك نیە بۆ هێزی ئەو،
بەناوبانگ لەناوبرا خواوەندەکانیدا،پادشا،گەورەی دورماخ
خاوەن پێگەی بەرز لە جێگەی دەسەڵاتداردایە،دیار بەسەر خواوەندەکانەوە.
ئارانونا،ڕاوێژکاری ئایا،زیندووکەرەوەی باوانی خواوەندی،
هیچ خواوەندێك لە سیفاتی پاشایەتی نزیك نابێتەوە،چەندە بەرزبێت،
دومودوکۆ،کە ئەنلیل هیچ بڕیارێك نادات بەبێ ڕاوێژپێکردنی،
لۆگالانا،خاوەن گەورەیی و بەرزی لەناو خواوەندەکاندا،
ئەو خوایەی کە هێزی ئانۆی هەیە،کە لە ئەنشار باڵاترە.
لۆگالۆگا ،کە هەموویانی لە گۆڕەپاندا ڕاپێچ کرد*
خاوەنی هەموو دانایی،خاوەنی تێگەیشتنی قوڵ
ئەرکیغۆ،کە کینغۆی شکاند لەجەنگەکەدا،
چاودێری خواوەندەکان، ئاڕاستەکەیان،دانەری بناغەی شانشینەکە.
کینما،سەرکردەی هەموو خواوەندەکان،پێدەری ڕاوێژ و ئامۆژگاری،
بەناوهێنانی خواوەندەکان لەترسا دەلەرزن،بەناوهێنانیشی گەردەلول هەڵدەکات.
ئیزبسکور،دەبا جێگەیەکی بەرزبگرێت لەماڵی پەرستندا،
دەبا خواوەندەکان بەدیارییەکانیانەوە بێنە بەردەمی،
هەمووشیان لەوەوە ئەرك و دەسەڵاتەکانی وەربگرێت،
بەبێ ئەو هیچ کەس ناتوانێت دروستکردنێکی داهێنەرانە بکات،
دانیشتوانی چوار هەرێمەکە لە دروستکراوی دەستی ئەون،
هیچ خواوەندێکیش جگە لەو ڕۆژی دواییان نازانێت.
جیرۆ،دروستکەری[....] چەك،
لەململانێی لەگەڵ توعامە شتی زۆر جوانی دروستکرد،
خاوەن تێگەیشتنی قوڵ و بیر ڕووناك،
نهێنی پارێز،هەموو خواوەندەکان ناتوانن پەی بە قوڵیی بەرن.

---

- بگەڕێوە بۆ سبیسر.

ئادۆ،ناوەکەیەتی،ڕوبەری ئاسمان دادەپۆشێت،
هەورە تریشقەکان هەورەکان دەدڕێنن،ژیان دەبەخشێتە خەڵکی.
ئاشارۆ،کەبەدەستی خواوەندەکان چارەنوسەکان وەردەگرێت،چاودێریەکەی هەموو خەڵکی و خواوەندەکانی گرتۆتەوە،
نبیرۆ،ڕاوەستاو لەسەر ڕێگاوبانەکانی ئاسمان و زەوی،
هەموو ونبویەك لەڕێگاکەی،لەسەر و لەخوار،ڕوودەکەنە ئەو.
نبیرۆ،ئەستێرەی درەوشاوەیە لە ئاسماندا.
جێگەی خۆی گرتوە لە خاڵی وەرچەرخانی کەش و هەوادا،چاوتا بەرەو ئەو بەرزبکەنەوە
هەرئەوە کە پانتایی دەریا دەبڕێت بەبێ ڕاوەستان
ناوی نبیرۆ جێگەی ناوەندی گرتوە
دەبا بپارێزێت ڕێگاکانی ئەستێرەکان لە ئاسماندا
دەبا هەموو خواوەندەکان بپارێزێت هەروەك مەڕەکان
دەبا توعامە تێکبشکێت و ژیانی تاڵ بێت و تەمەنی کورت بێت
دەبا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی،دەبا بۆ هەتاهەتایە پاشەکشە بکات
بەهۆی ئەوەی کە دروستکەری جێگەیە،دروستکەری زەوی داکوتراویشە
باوکە ئەنلیل ناوی بردوە بە گەورەی زەویەکان
هەموو ئەو ناوانەی کە ئیجیجی پێ بانگ کردوە
ئایا بینینی  و دڵخۆش بوو پێیان
دوایی وتی:هەرئەوە کە ناوی باوانی بەرزکردەوە
وەکو منی لێدێت و ناویشی ئایا دەبێت
هەموو مافەکانی منی دەبێت
دەبێتە گەورەی چارەنوسم
لەکۆتاییدا بەناوی (( پەنجا)) خواوەندە گەورەکەوە
بانگیبکەن،لەبەرئەوەی پەنجا ناوی هەیە،و گەورەی بکەن

## هەڵوێستەیەك لەسەر دەقەكە

لێکۆڵەر بەسەرسوڕماوی لەبەردەم ئەم دەقەدا دەوەستێت کە من بۆخۆم( نوسەر) بە گەورەترین دەقی ئەفسانەیی دادەنێم کە مرۆڤی کۆن بەرهەمی هێناوە.

سەرسوڕمانەکەش لەوەوەدێت کە ئەم دەقە زۆر دەوڵەمەندە و پڕە لە هێمای دەرونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی.زۆری هاندەرەکانی بەرهەمهێنانی،کۆبونەوەی شارەزایی مرۆڤی جۆراوجۆر لە دروستبونیدا.داستانەکە بۆ خۆی لە پێکەوەگرێدانی چەند ئەفسانەیەکی سۆمەریەوە دروست بووە و داهێنانی لەڕادەبەدەری سامیش ئەو پەیکەرە بڵندەی لەسەر دروستکردووە، کە پوختەیەك لە زانست و فکر و فەلسەفە و هونەری گەلی دێرینی دووڕووبار دەدات،لەگەلێك بواری گرنگدا.ئالێرەدا ناتوانین تەنها یەك ڕاڤە بۆ داستانەکە بکەین.لەدەقەکەدا گەلێك ئاستی جیاواز و تێکچڕژاو و پێکەوە گونجاو هەیە،کە پێویستە لەسەر لێکۆڵەر و ڕاڤەکەر،گەر بابەتیبون و گشتگیری دەوێت،کە جیاوازی بکات لە نێوان ئەو ئاستانەدا و لەیەکتری جیایان بکاتەوە،ئاگاشی لەوەبێت کە نەکەوێتە تاك بینیەوە.

**داستانەکە بەو پێیەی سەرکێشیەکی فکریی ناوازەیە:**

داستانەکە کۆمەڵێك لە تێڕامانی پێکەوە گرێدراو پێشکەش دەکات،کەلەسەرهەڵدان و دروستبوون و سەرەتاکانەوە بابەتێك بۆخۆی وەردەگرێت.شێوەی ئێستای بوون لە شێوەیەکی پێشووتریەوە دەرچووە.نەك لەنەبوەوە هاتبێت.کاتێك ئابسۆو توعامە و مەمۆ خەمەکانیان تێکەڵ بەیەك دەکەن.لەوێدا کات نەبوە،لەبەرئەوە کات بەرهەمی گۆڕانکاریە،پەیوەستە بە ئاوازەکەیەوە،ئەو سێ توخمەش لە هێمنی و بێدەنگی و چەق بەستوویدا بوون. هەروەك چۆن جێگەش نەبوە،لەبەرئەوەی ئاوی تێکەڵاو بەیەك بەتەنها بوە و هیچ بونەوەرێکی تری لەگەڵدا نەبوە پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست ببن و جێگاکان و ئاڕاستەکان دیاریبکرێن.بیرۆکەی سەرهەڵدانی ئەم بونەی ئێستا لە بونێکی لە پێشینەوەی، هاوسەنگی بیری ناوچەکە تێکدەدات و هەموو تێڕامانەکان لە دروستبوون جیادەکاتەوە.

هەروەك چۆن لەبەشی دروستبونی عیبریدا دەیبینین : (( لەسەرەتاوە خودا ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد،زەوی چۆڵ و ویرانە بوو،تاریکی زۆر ڕووەکەی داپۆشیبوو و گیانی خودا بەسەر ڕووی ئاوەکەوە دەفڕی)).تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، زانستی تازە بیرۆکەی نەبوونی ڕەهای پەسەند نەکردووە،هەموو بیردۆزە زانسیتیەکان دەربارەی دروستبوون باس لەسەرهەڵدانی گەردوون دەکەن لە توخمێکەوە،سەرەتایی، و بونێکی تری لە پێشینە،هەروەك قورئانی پیرۆزیش بونێکی لە پێشینەی سەلماندوە لە پێش دروستبونەوە کاتێك دەفەرموێت : (( وهو الذی خلق السموات والارض فی ستة ایام وکان عرشه علی الماء)) سورەتی هود- ئایەتی ٦- هەروەك پەیامبەر محمد ( د.خ) لەوتەیەکی پیرۆزیدا ئاماژەی بەهەمان بابەت داوە کاتێك وەڵامی پرسیارێکی داوەتەوە: خواکان لە کوێ بوە پێش ئەوەی دروستبون دروست بکات؟ وەڵام دەداتەوە: ئەو لە هەورێکی تەنکدا بوە( هەوری تەنك بریتیە لەوەی کە دەکەوێتە نێوان سەیرکەر و ڕۆژەوە)٤. لەدوای ئەوە ڕاڤەکردنی سەرهەڵدانی گەردوون لە داستانەکەدا بەدوایەکدا دێت. لە لێکۆڵینەکەوە جوانیە دژ بەیەکەکانی دەردەکەوێت، لەدژایەتیەکانی نێوانیشیانەوە پێکهاتەکەی دەردەکەوێت.هێزە چەق بەستوەکان کە خۆیان لە سێ هێزە سەرەتایەکەدا دەبینێتەوە لەناو جەرگەیدا هێزە بزۆکەکان کە بریتین لە خواوەندە نوێکان بەرهەم دەهێنێت.لە ئەنجامی ململانێشیانەوە گەردوون دێتە بوون بەهەموو دیاردە و سیماکانیەوە.ئاوی شیرین لەناخی زەویدا هەیە لەبەرئەوەی ئایا ئابسۆی لەناوبرد و ماڵەکەی لەسەر لاشەی ئەو دروستکرد و لەقوڵاییدا بە بەندکراوی بەجێیهێشت.تەمومژ لەسەر ئاو دروستدەبێت لەبەرئەوەی ئایا لوتی مەمۆی کونکرد و بەگوریسێکەوە بەستی بۆ هەر جێگەیەك بڕۆیشتایە،ئاسمان و زەویش لەلاشەی خواوەندە توعامەوە دروستبون کە مەردۆخ کردیە دوو بەشەوە، مرۆڤیش دروستبوو لە خوێنی خواوەند کینغۆوە و ژیانی پێدرا بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لەسەر زەوی و خواردن پێشکەش بە خواوەندەکان بکات،بابلیش هاتە بوون

---

٤. موحێدێنی عەرەبی،فەتحە مەکیەکان،قاهیرە،١٩٧٢ بەشی یەکەم ل ٤٩.

**لەبەرئەوەی خواوەندەکان دروستیان کرد بۆ گەورەکەیان مەردۆخ.... تادوایی.**

## داستانەکە بەو پێەی کە مێژووە:

**گواستنەوەی مرۆڤایەتی لە قۆناغی ڕۆشنبیری دایکسالاریەوە بۆ قۆناغی باوکسالاری دادەنرێت،بە گرنگترین وەرگەڕانی مێژوویی گەورە.سەرەڕای ئەوەی کە ئینۆمائیلیش لە قۆناغێکی دواتری ئەو وەرگەڕانەدا نوسراوە،بەلأم یادەوەری زیندوو تەڕوبڕیش لەخۆ دەگرێت، دەربارەی ئەو قۆناغە جیاکەرەوەیە.بارودۆخی بێجوڵەی خواوەندە سەرەتاییەکان،بریتیە لە نمایشکردنێکی ڕوون بۆ چەقبەستوویی کۆمەڵگای دایکسالاری و دوورخستنەوەی لە گۆڕانکاریە خێرا و بەردەوامەکان کە کۆمەڵگای باوك سالاری لە دواتردا جیاکردەوە.**

**بەلأم بارودۆخی بزۆکی خواوەندە گەنجەکان بە سەرکردایەتی ئایا یەکەم جار و مەردۆخیش لە دواتردا،ئەوا نیشاندانێکی ڕوونە بۆ جوڵەو بزۆکی کۆمەڵگای باوکسالاری و ئاماژەیەکیشە بۆ دەسپێکی ئەم شارستانێتیەی کە ئێستا دەیبینین،ئەو ململانێیەی لە نێوان سەربازگەی ژێر ڕکێفی توعامەدا، و ئەو سەربازگەیەی کە مەردۆخ سەرکردایەتی دەکات،تەنها نیشاندانی ململانێیەك بوو لە نێوان دوو ڕۆشنبیری جیاوازدا.ڕۆشنبیریەك ناوەندەکەی ژن بوە و ،ئەویتریان ناوەندەکەی کۆمەڵگا بوە و بۆ چەسپاندنی ڕۆشنبیری باوکسالاری تازە دەرکەوتوو بووە.**

**هێزە شارستانێتیە نوێکان قۆناغی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی لەگەڵ سروشتدا بەجێهێشت،کە کۆمەڵگای دایکسالاری جیاکردەوە، و پێینایە قۆناغی دەستگرتن بەسەر سروشتدا،دەستبەسەراگرتنی ئایا بەسەر ئابسۆدا تەنها هێمایەك بوو بۆ زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ئاوی شیریندا و بەکارهێنانی بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری،ئەوەش بەهەڵکەندنی بیرو دروستکردنی بەنداو ە و هەڵکەندنی جۆگاکان بووە.دروستکردنی بابلیش لەلایەن خواوەندەکانەوە هێمایەك بوە بۆ دەسپێکردنی مرۆڤ بە بیناکردنی شارستانێتیەکان.**

**داستانەکە بەو پێیەی بەرهەمێکی دەروونیە :**

**ململانێی مەردۆخ لەگەڵ توعامەدا لە ئەفسانەکەدا نمایندەی،ململانێیەکی تردەکات کە تاك ڕابەرایەتی دەکات،لەسەر ئاستی دەروونی،دژی پشتبەستن لەسەر دایك،بەو پێیەی ئەو پشتبەستنە ئەوە نیشان دەدات کە تاك پشت بە خۆ نابەستێت و هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی کەسایەتیە.ململانێیەکی ئاوها،ڕووناداتـ،هەروەك هەندێ واگومان دەکەن، لە قۆناغێکی زووی ژیانی تاکدا،بەڵکو ڕوودانی دوادەکەوێت بۆ ناوەڕاستی تەمەن.کوشتنی دایکیش هێمایە بۆ دروستبوونی کەسایەتی و پێگەیشتنی.٦**

**داستان بەو پێیەی دامەزراندنێکی سیاسی و کۆمەلآیەتیە :**

**مێژووی نوسینەوەی داستانەکە هاوکاتە لەگەڵ مێژووی دامەزراندنی شاهەنشاهیەتی بابلی یەکەمدا لەسەردەمی پادشا حامورابیدا،هەرئەمەیە وامان لێدەکات کە بەدوور و درێژی تێڕامان بکەین لە بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکانی داستانەکەدا کە دەستی مەردۆخ دەگرێت و بەرزی دەکاتەوە لە کوڕی خواوەندەوە بۆ گەورەی ڕەها. گەلێك ئەفسانە لە پایەی خواوەندەکانی بەرزکردۆتەوە،بەلآم زۆر بەکەمی ئەوەمان دەستدەکەوێت لە هیچ جێگەیەکدا کە گەورەی خواوەندەکان دەسەلآتێکی وەهای دەسبکەوێت کە مەردۆخ وەدەستیهێناوە و لە پیرۆزی و شکۆداری دەسکەوتبێت هەرئەمەشە وامان لێدەکات کە بڕوا بەوە بکەین کە مێژووی ژیانی مەردۆخ لە داستانەکەدا لە پێچەوانەکردنەوەی مێژووی ژیانی شاهەنشاهی بابلی و چەسپاندنی دەسەلآتەکەی شتێکی دی نیە.٧ ئەوەی کە ڕوودەدات لەسەر ئاستی ئەفسانە،دامەزراندنی ئەوەیە کە دەبێت لە سروشتدا**

---

**٥. یوسف الویسف،خوێندنەوەیەك لە داستانی دروستبوونی بابلی،گۆڤاری زانستی سوریا،١٩٧٠**

**٦.(( یۆنگ )) ئاماژە بە ئاوها ڕاڤەیەك داوە تەموز ١٩٧٨.** C.G.Jung.Man and His Symbols.Newyork 1964

**٧. بگەڕێوە بۆ ژمارە ( ٥ ) .**

بابلیش کە لەسەرەتاوە خواوەندەکان بنیاتیان ناوە وەك یەکەم شار لەسەر زەویدا ئەو شارەیە کە پێویستە هەموو جیهان بگرێتەوە بەو پێیەی کە پیرۆزترین و دێرینترین جێگەیە.

**داستان بەو پێیەی کە دامەزراندنێکە بۆ ئاینێکی نوێ:**

مێژووی داستانەکە هاوکاتە لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی بابل بەسەر دۆڵی دووڕووبار و ناوچە ئاوەدانیە نوێکاندا.هەژموونی سەربازی هەژمونی ڕۆشنبیری بەدوادا دێت و جێگیری دەکات و تەمەنیشی درێژ دەکات،داستانەکە هۆکارێك بوو بۆ بلاۆکردنەوەی ئاینی بابلی و جێگیرکردنی پەرستنی خواوەندەکەی مەردۆخ،کە بوە گەورەی هەموو خواوەندەکان و سەرکەوت بەسەرباوان و هاوەلاّنی و خزمانیدا.بەشی زۆری داستانەکە تەرخانکراوە بۆ ژیانی مەردۆخ و باسکردنی لەدایك بوونی و گەورەبوونی و بەرزبونەوەی بۆ دەسەلاّت کە شایستەی دەسەلاّتێکی هەمیشەیی بوو بەسەر خواوەند و مرۆڤ و گەردووندا.پەنجا ناوەکەشی نزیکیان دەخاتەوە،لەزۆر چەمکی یەکتاپەرستی دواتردا،وادەردەکەوێت کەخواوەندە لە پێشینەکان لەیەك کەسدا کۆبوبنەتەوە،یان وەك دەرکەوتنی ئەو وابوون ،یان وێنەیەك لە وێنەکانی ئەو بوون.

**داستان بەو پێیەی بڕوبیانویەك و چەسپاندنێك بوو بۆ ڕێوڕەسمی کۆن:**

داستانەکە واداڕێژراوە کە گیانێکی ڕێوڕەسمی ناسراوی کۆنی بەبەرداکراوە،کە ئەویش ئاهەنگی سەری ساڵە،مانایپێبەخشینی و جێگیرکردنێتی.لەڕۆژی چوارەمی ئاهەنگەکانی سەر ساڵی بابلیەوە (( ئیکیتۆ)) کە لە یەکی نیسانەوە بەردەوام دەبێت بۆ یانزەی نیسان،کاتێك داستانەکە بە تەواوەتی دەخوێنرێتەوە لەلایەن کاهینی هەرە گەورەوە،لەبەردەم پەیکەری مەردۆخ و بە ئامادەبوونی جەماوەری بەندەکان.لەڕۆژانی تری ئاهەنگەکەدا نواندنی هەندێ گرتەی داستانەکە پیشاندەدەرێت،لەوانەیە کە پادشا و گەورەی کاهینەکان خۆشیان بەشدارییبکەن لەوەرگرتنی ڕۆڵە سەرەکیەکانی نواندنەکەدا.هەروەك چۆن هەندێ لەبڕگەکانی تر لەلایەن جەماوەر خۆیانەوە دەخوێنرێنەوە و بە گۆرانیەوە دەیلێنەوە.٨ هەموو

ئەمانەش وەك هاوکاریکردنی بەندەکان بوە بۆ خواوەندەکەیان لە شەڕی نێوانی لەگەڵ هێزەکانی بێسەروبەری وهەورە تەنکەکاندا.شەڕی سەرەتایی یەکجار ڕووینەداوە و بەس،بەڵکو شەڕێکی نوێکراوەیە،کە مرۆڤ وەك ڕێوڕەسم بەشداری تیادا دەکات،کە پشتی خواوەندەکەیان دەگرن و پاڵپشت و پشتیوانی پێدەدەن.

**داستان بەو پێیەی هونەرێکی بالآیە:**

ئینۆمائیلیش دادەنرێت بە جوانترین دەقە ئەدەبیە کۆنەکان،ئەو بە تەنیشت داستانی گەلگامیشەوە و هەردوو داستانی هۆمیرۆس و هەندێ لە بەشەکانی تەورات،جوانترین بەرهەمە کە مرۆڤ بەرهەمی هێنابێت لە شارستانێتیە کۆنەکاندا لە ئەدەبدا.لەگەڵ داڕشتنە هۆنراوەییە جوانەکەیدا،داستانەکە خاوەنی تانوپۆیەکی گێڕانەوەیی زۆر بالآیە.ئەو بە هەموو لایەنەکانیەوە لە سەمفۆنیایەکی مۆزیکی دەچێت کە دانراوە بە چوار جوڵە، جوڵەی یەکەم شیرین و لەسەرخۆیە، وادەردەکەوێت کە تەنها دەنگە درێژ و نزمەکانی تیا ببیستین،بەشێوەیەك خەمە سەرەتاییەکان تێکەڵ بەیەك دەبوون لە خەوێکی شیرینی ئەزەلیدا( هەمیشەیی نەمردا) ، جوڵەی دووەم گفتوگۆیە لە نێوان ئاوازێکی نزم و ئاوازێکی بەرزدا،هەندێ کات بەرزدەبێتەوە و،هەندێ کاتیش بێدەنگی باڵ دەکێشێت،کۆتایی دێت بە ئاوازێکی چالاك کە نمایندەی سەرکەوتنی ئایا دەکات بەسەر ئابسۆدا و پاشەکشەکردنی خواوەندە سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی کاتی.جوڵەی سێیەمیش بەهێزە و ئاوازە بەرزەکان ململانێی تیادا دەکات و دەنگی دیاردە سروشتیەکانی پڕی دەکەن لە ڕەشەبا و گەردەلول و هەورە تریشقە.لێیەوە هەناسەدانی بونەوەرە سەیرو سەمەرەکان بەرز دەبێتەوە،لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی توند و بروسکە ئاسا تەواو دەبێت کە کوشتنی توعامە دەنوێنێت.جوڵەی چوارەمیش بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستپێدەکات و کۆتایشی دێت بە سروودێکی خۆش و نوێژکردن بۆ مەردۆخ.

---

8.Alexander Heidel،The Babylonion Gernesis،Phoenix Books،Chicago . 1970،p16.

وێناکردنە جوانەکەی هەندێ گرتەی داستانەکە وایلێدەکات بە هاوشێوەی تۆمارێکی زیندوو بکات کە بتوانێت دەنگەکانی تیا ببیستیت و شێوەکانی تیادا ببینیت و بۆنی شتەکانیش بکەیت.بە تایبەتیش کاتێك دەق دێتە سەر باسکردنی جوڵەی مەردۆخ بۆ پێگەیشتنی لەگەڵ توعامەدا و ئەو ململانێیەی کە لەنێوانیاندا ڕوودەدات.ئەو بەهەموو پێداوێستیەکانیەوەی کە بروسکە لە پێشەوەیدایە و ڕەشەبای چوارینەش لەدواوەی و هەرچوار لای تۆڕەگەورەکەیان هەڵگرتوە،لەدواوەشی ڕەشەبا شەیتانیە حەوتینەکە کە ئامادەی کردوە بۆ ئەوەی هەڵبکاتە ناو هەناوی توعامەوە.لەژێریشیەوە لافاوی بارانی دەنگ بەرز کە بە پاپۆڕە گەردەلولیەکەی بەسەریدا دەفڕی کە لەلایەن کۆمەڵێکی چوار ئەسپی دەریایی خواوەندیەوە ڕادەکێشرا،کە دانیان تیژ و کەڵبەکانیان پڕ ژەهر بوون. بە جلوبەرگێکی شکۆدار کە لە لازورد دروستکرابوو خۆی داپۆشیبوو وخەرمانەیەکی لەچواردەور بوو کەترس و تۆقینی بڵاودەکردەوە،کەوانەکەی دەخستە سەرشانی،گۆچانە گەورەکەی بەرزدەکردەوە لە دەستیدا و مەشخەڵی کڵپەسەندوشی لەلاشەیەوە دەردەچوو. بەڵام گرتەی بەیەك گەیشتنەوەی دوو خواوەندەکە و کۆتایی هاتنی بەژێرکەوتنی توعامە لەناو تۆڕەکەی مەردۆخدا و پاڵپێوەنانی ڕەشەبای بەلورە بۆ ناو دەمی کراوەی و دووکەرتکردنی دڵی بە تیرەکەی لەدواتردا،لەو گرتانەن کە بەزیندوویی دەمێننەوە لە یادەوەری خوێنەریدا بۆ هەتاهەتایە.

## دەقی بابلی تر دەربارەی درووستبوون

لەپاڵ داستانە سەرەکیەکەی دروستبونەوە،ئەفسانەی بابلی،دەقی تری پێشکەش کردووین کە دەربارەی هەمان بابەت دەسوڕێتەوە بەڵام زۆربەی ئەو دەقانە کەموکوڕ و ناتەواون،بەهۆی ئەو بارەی کە تابلۆ گڵینەییەکان بەدەستمان گەیشتوون کە دەقەکانیان لەسەر نوسراونەتەوە.سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دەقانە بۆ خۆشیان نە ئەگەیشتنە ئاستی ئینۆما ئیلیش لە ڕووی جوانکاریەوە.

**١. دەقی سیبار:**

ئەم دەقە لەناو کەلاوەکانی شاری سیباردا دۆزرایەوە،کە مێژوەکەی دەمانگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی بابلی نویٚ کە لە سەدەی شەشەمی پ.ز، ئەم دەقە دادەنرێت بەگرنگترین ئەو دەقە جیاوازانەی کە چیرۆکی دروستبوون و پێکەوەنانمان بەشێوازی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات.

ئەم دەقە نوسراوە بۆ ئەوەی ببێت بە پێشەکیەك بۆ چاوەزارێکی(( نزایەکی)) جادویی بەمەبەستی پاککردنەوەی پەرستگا.بیروباوەڕی ئەفسانەی کۆن لەو بڕوایەدا بووە کە گەڕانەوە بۆ باسکردنی ووردو درشتی دروستبوون و سەرەتای شتەکان،هەمیشە لە توانایدایە کە هێز بداتە چاوەزارەکە،بەوەی کە کاتی کەموکوڕیەکان پیشان بداتەوە،کاتێك هێزی دروستبوون بوونی سەرەتایی تێکدەدات.

دەقەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دێت: ٩

**پێش ئەوەی بۆ خواوەندەکان ماڵێکی پیرۆز هەبێت لە شوێنێکی پیرۆزدا**
**پێشئەوەی قامیش دروست ببیٚ،و درەخت بێتە بوون**
**پێشئەوەی خشت دروستببێت و چوارچێوەکەی دابنرێت**
**نەمرۆڤ هەبوو نە شار هەبوو**
**پێشئەوەی (( نیپۆر )) بێتە بوون و(( ئیکۆر )) دروستبکات**
**پێشئەوەی (( ئۆرۆك )) دەربکەوێت و (( ئایانا )) دروستبکات**

---

9.A.Heidel،The Babylonian Genesis،Phoenixs،Chicago 1970.

**ئابسۆ بوونی نەبوو* ئەریدۆش هێشتا دروسنەکرابوو**

**تا ئەوکاتەش ماڵ بۆ خواوەند دروستنەکرابوو.**

**لەو سەردەمانەدا، جگە لە دەریا شتێکی تر نەبوو..**

**دواتر(( ئەریدۆ)) دەرکەوت و (( پەرستگای ئیزاگێلا)) دروستکرا**

**ئیزاگێلا کە بناغەکانی گەیشتنە لای ئابسۆ**

**بابلیش هاتە بوون، ئیزاگێلا ڕاوەستا**

**خواوەند دەرکەوت، ئانۆناکی وەکو یەك بە یەکسانی**

**ناویانلێنا شاری پیرۆز، ماڵیان، وبیلبیلەی چاویان**

**دواتر مەردۆخ چوارچێوەیەکی لە قامیش دروستکرد و لەسەر ڕووی ئاوەکە داینا**

**قوڕێکی شێلاو دایڕشت بەبەکارهێنانی چوارچێوەکە**

**بۆئەوەی خواوەند بەنەمری بمێنێتەوە و ئارام بگرن لە ماڵەکانیاندا**

**مرۆڤی دروستکرد.**

**لە پاڵیشیاندا تۆوی مرۆڤی بۆ دروستکردن**

**دوایی ئاژەڵان دروستکران ( سۆمۆقان )****

**دیجلە و فورات دروستکران و ڕێڕەوەکانیان دیاریکران**

**ناوەکانیان ئاشکراکران**

**گژوگیا و قەوزەی زۆنگاوەکان و قامیش و تەختە دروستکران**

**لەوەڕگا و دەشتە سەوزاییەکان دروستکران**

**زەوی و زۆنگاو و لولەی قامیش دروستکران**

**مانگا و گوێرەکە و مەڕ و ڕانی ئاژەڵان**

**باخچە ودارستانەکان دروستکران**

**ڕەوە دڕندەکان و ئەو ڕانانەی کە خورییان هەیە دروستکران**

**تائێرە تابلۆ خشتە سورەوکراوەکە دەشێوێت و کاتێك دەقەکە دەستدەکاتەوە بە**

---

* لێرەدا مەبەست ماڵی خواوەند ئاپایە.

** سۆمۆقان،خواوەندی مەڕ ومالاتە.

ڕوونبونەوە دەبینین کە ئەفسانەکە تەواو بووە و ئێمە گەیشتوینەتە ناو جەرگەی چاوەزارە جادوییەکە کە دەقەکە بوە بە پێشەکیەکەی.

**٢. ئادەم و حەوا:**

ئەم دەقە چیرۆکی١٠ دروستبوونی بونەوەرە زیندووەکان دەگێڕێتەوە.کە دۆزراونەتەوە و هەڵکەنراون لەسەر تابلۆیەکی نیمچە شێواو لەناو پاشماوەی کتێبخانەی ئاشورپانیپاڵ لەشاری نەینەوادا.ئەو چەند دێڕە کەمەی کە ماوەتەوە بوە هۆی گرنگیپێدانێکی گەورە لەبەرئەوەی باسی لە دروستبوونی هەردوو ژن و مێردی یەکەمی مرۆڤیان دەکرد.بەڵام بەهۆی بێبەختیەوە،دەقەکە لە زۆربەیدا ناڕۆشنە و ڕێگرە لەبەردەم خوێندنەوەیدا،لەو بابەتەی کە تیایدا دەستدەکات بە ڕۆشنایی خستنە سەر چیرۆکێکی نەمر.

**کاتێك خواوەندەکان لە ئە نجومەنەکەیاندا هەموو شتێکیان دروستکرد**

**ئاسمانیان پێکەوەنا و زەویشیان دروستکرد**

**بونەوەرە زیندوەکانیان هێنایە بوون**

**ڕەوەی دەشتەکانیان دروستکرد، دڕندە دەرچووەکان و بونەوەری شارەکانیش**

**لەدوای** [....] **بۆ بونەوەرە زیندوەکان** [....]

**بەشی خۆیان لە سۆمۆقان و بونەوەری شارەکان دیاریکرد**

[....] **هەموو بونەوەرەکان، هەموو دروستبوەکان**[....]

[...........]

**ئایا هەستا بەدروستکردنی دوو ژن و مێردی گەنج**

**پلەی بەرزکردنەوە بەسەر هەموو بونەوەراندا.**

لێرەدا دوو ڕاڤەی شیاو هەن بۆ زاراوەی(( بونەوەرەکانی شار)). ڕاڤەی یەکەم ئەوەیە کە بونەوەرەکانی شار بریتین لە مرۆڤ،لەدەقەکەدا پێشخستن و دواخستن هەیە لەسەر شێوەی پیادەکراوی ئەفسانەیی لە دەربڕیندا،وەك ئەوەی کە تەورات پەیڕەوی کردووە لە باسکردنی دوو گێڕانەوەی بەیەکداچوودا دەربارەی

---

10.ibid.

دروستبوونی مرۆڤ ،یەکەمیان ئاماژە دەدات بە دروسبونی مرۆڤ بەیەکجار، دووەمیشیان دێتە سەرباسی ژن و مێردی یەکەمین،کە لە داناندا لە پێش یەکەمەوەیە. بەلأم من وای بۆ دەچم کە مەبەست لە بونەوەرەکانی شار خواوەندەکان بن لەبەرئەوەی شارەکان لە بنەڕەتدا بۆ نیشتەجێبوونی خواوەندەکان دروستکرابوون هەروەك شاری بابل.

**٣. کاتێك خواوەند و مرۆڤ لە قوڕدا یەکدەگرن:**

دروستکەر لەم دەقەدا بریتیە لە خواوەندی دایکایەتی (( مامی)) یان هەروەك ناودەبرێت بە (( ننماخ)) یان (( ننخرساگ)) یان (( ننتۆ)). ئەو دایکی گەورەیە،هەروەها ئەو زەوی و خاکی بەپیتە.لەلای کەنعانیەکان بریتیە لە ((عەشیرە)) و لەلای ئیگریك (( گیا)) و لە کریت (( ڕەحیا )) و لە ئاسیای بچوکیشدا (( سیبیل))ە.هەموو ڕۆشنبیریە کۆنەکان خواوەندی مێی گەورەیان پەرستووە، کەزەویە- کە ئەو دایکە بوە و بۆتە ناوەندی ژیانی ڕۆحی.سەرەڕای بەرزبونەوەی ئەو خواوەندەی ناوبرا،و دایکی گەورە هانیدان بۆ دواوە لە ڕۆشنبیریە باوك سالاریەکاندا،بەلأم هێز و کاریگەری ئەو خواوەندە هەرمایەوە لە توندترین شێوەکانی کۆمەڵگا باوکسالاریەکاندا.١١ لە ولأتی دووڕووباریشدا،ئەرکە بەجێماوەکانی دایکی گەورە کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە مابونەوە دابەشکران،دوو خواوەند کە بریتی بوون لە ننتۆ (( مامی ،ننماخ،ننرخرساگ)) و عەشتار،ننتۆ بە دایك-زەوی مایەوە و عەشتاریش بوە خۆشەویستی و گیانی بە پیتی گەردوون.

ئەو دەقەی لەبەردەستماندایە ١٢ بریتیە لە پێشەکیەك بۆ چاوەزارێکی جادویی دەخوێنرێت بۆ ئاسانکردنی منداڵ بوونی ژنی سکپڕ و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان هەروەك پیادەکراوە .چاوەزارەکە بەخوێندەوەی هەندێ بەش دەستپێدەکات لە چیرۆکی دروستبوون بۆ وەرگرتنی هێز و کاریگەرێتی:

---

١١. بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم(( نهێنی عەشتار)) بەشی عەشتار -دایکی گەورە.

12.E.A.Speiser.AkadianMyths and Epics (in:JamesPritchard،Ancient Near،EasternTexts،Newjersy 1969.)

**( بەشی سەرەوەی تابلۆکە شکاوە )**

**تۆ پشتیوانی خواوەندیت، مامی، ئەی دانا**

**تۆ مندڵانی دایکی**

**ئەی دروستکەری توخمی مرۆڤ***

**مرۆڤ دروستبکە و قورساییەکە هەڵدەگرێت**

**دروستبکە ،قورسایی هەڵدەگرێت [....]**

**قورسایی کارکردن لەسەر خواوەندەکان هەڵدەگرێت**

**ننتۆ دەمی کردەوە**

**بەخواوەندە گەورەکانی وت**

**بۆمن نیە بە تەنها ئەو کارە بکەم**

**بەڵام بە یاریدەی ئانکی دەتوانرێت مرۆڤ دروستبکرێت**

**کە لەخواوەند دەترسێت و دەیپەرستێت ****

**با ئانکی قوڕێکم بداتێ بیشێلم**

**ئانکی دەمی کردەوە**

**بەخواوەندە گەورەکانی وت**

**لە یەکەم و حەوتەم و پانزەهەم ڕۆژ لە مانگدا**

**جێگەیەکی پاك ئامادە دەکەم**

**یەکێ لە خواوەندەکان ( بەوێدا ) سەردەبڕدرێت**

**ئیدی باهەموو خواوەندەکانی تریش خۆیان بشۆن**

**بەگۆشت و خوێنەکەی**

**ننتۆ هەڵدەستێت بە شێلانی قوڕەکە خواو و مرۆڤ پێکەوە**

**لەقوڕدا بۆ هەتاهەتایە یەکدەگرن..**

---

* بەو پێیەی کە دەبێت

** ئەم دێڕە وەرگێڕدراوە لە هیدیلەوە نەك سبیسروە.

**٤. ئادەم و حەوا بەبێ قوڕ :**

ئەم دەقە ١٣ چیرۆکێکی ترمان پێشکەش دەکات دەربارەی دروستبوونی ژن و مێردی یەکەمینەوە.ئەم دەقە دۆزرایەوە کە هەڵکۆڵرابوو لەسەر تابلۆیەك کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پ.ز.لە کەلاوەکانی شاری ئاشوردا دۆزرایەوە. بەپێی ئەم دەقە،خوێنی خواوەندەکان بەکاردێت بۆ دروستکردنی مرۆڤ بەبێ قوڕ.

**کاتێك زەوی دروستکراو دەرچوو**

**کاتێك چارەنوسی زەوی و ئاسمان دیاریکرا**

**کاتێك دوو ڕووباری دیجلە و فورات جێگیرکران**

**کاتێك ئانۆ و ئەنلیل و ئایا**

**خواوەندە گەورەکان**

**وهەموو خواوەندە بەڕێزەکان**

**دانیشتن لە کۆڕە پیرۆزەکەیاندا**

**وەبیرخۆیان هێنایەوە ئەوەی پێیهەستاون لەکرداری دروستکردن:**

**ئەوەی کە چارەنوسی ئاسمان و زەوییان دیاریکرد**

**جۆگەلەکان لە ڕێچکەکانیاندا جێگیر بوون،بناغەکان لێدران**

**هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات جێگیرکران.**

**چی ماوە لەسەرمان جێبەجێبکەین**

**لەدوایدا چی دەتوانین بکەین،دروستیبکەین**

**ئەی کۆڕی خواوەندەکان،ئەی ئانۆناکی**

**چی ماوە لەسەرمان کە بیکەین؟**

**چیتر ماوە لەدوایدا،دروستیبکەین؟**

**خواوەندە بەڕێزە ئامادەبوەکان وەڵامیان دایەوە**

**ئانۆناکی،ئەوانەی کە چارەنوس و قەدەرەکان دیاریدەکەن**

**بەهەردوو بەشەکەیان،وەڵامەکەیان ئاڕاستەی ئەنلیل کرد:**

---

13. A.Heidel ،The Babylonian Gerisis،Phoenix،Chicago 1970.

لە(( ئۆزوموا )) کۆڵەکەی ئاسمان و زەوی
باهەندیٚ خواوەند لە لامگا * سەرببڕین
لەخوێنەکانیان مرۆڤ دروستبکەین
وخزمەتکردنی خواوەندەکانیان پێبسپێرین
بەدرێژی ڕۆژگار
هەڵدەستێت بە چاکسازی بناغەکانی سنوور
پاچ و بێڵی دەدەینە دەست
دروستیدەکەن بۆ خواوەندە گەورەکان
پەیکەری پیرۆز کە شایستەی ئەوان بن
کێڵگەکان لەیەکتری جیادەکەنەوە
بەدرێژایی ڕۆژگار
هەڵدەستن بە چاکسازیکردنی چاڵەکانی سنوور
وچاڵی جێگیر دروستدەکەن
هەڵدەستن بە چاکسازی بەردی سنور
هەرچوار هەرێمەکەی زەوی ئاو دەدەن
لەناخی زەویشدا خێروبێری زۆر دەردێنن
( ٥ دێڕ شێواوە )
کێڵگەی ئانۆناکی والێدەکەن کە دانەوێڵەی زۆر دەربکەن
بەبۆنەی جەژنەکانی خواوەندەوە ئاهەنگ دەگێڕن
ئاوی شیرین دەردێنن
(( ئۆلیگار)) و (( گار))**
ناویان دەبێت
گاو مەڕ و ماسی و باڵندە بەخێو دەکەن

---

* خواوەند لامگا: بریتیە لە خواوەندی پیشەکان و لە خواوەندە بچوکەکانە
** ئادەم و حەوای بابلیەکان.

**لەبەروبومی زەوی زیاد دەکەن**

**(( ئانۆڵ )) و (( تینۆڵ ))***

**دەمە پیرۆزەکانیان قسەی کرد**

**وارور ** و ی پیرۆز خانمە خواوەندەکان و بەدەسەلاَت**

**قەدەری جوانی بۆ مرۆڤەکان کێشاوە.**

**٥. سوس و ئازاری دان:**

ئەم دەقە ١٤ بەهەمان شێوە پێشەکیە بۆ چاوەزارێکی جادویی بۆ چارەسەری ئازاری دان.دەقەکە چیرۆکی دروستبوون دەگێڕێتەوە،سەرەتای شتەکان، دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی ئازاری دان و چۆن دەرکەوتوە.

**دوای ئەوەی ئانۆ ئاسمانی دروستکرد**

**دوای ئەوەی ئاسمان و زەوی دروستبوون**

**دوای ئەوەی زەویش ڕووبارەکانی دروستکرد**

**ڕووبارەکانیش جۆگەکانیان دروستکرد**

**جۆگەکانیش گۆلاوەکانیان دروستکرد**

**گۆلاوەکانیش ڕووەکی سوسیان دروستکرد**

**ڕووەکی سوس بەگریانەوە ڕۆیشت بەرەو (( شمش ))*****

**وفرمێسکی هەڵڕشت لەبەردەم ئایادا**

**چیم دەدەیتێ بۆ خواردنم؟**

**چیم دەدەیتێ بۆ خواردنەوەم؟**

**درەختی هە نجیری گەیووت دەدەمێ**

**یان کشمیشت دەدەمێ**

**درەختی هە نجیر چ سودێکم پێدەگەیەنێ؟**

---

* لەخواوەندی کشتوکاڵن.

** ننتۆ و ننماخ خواوەندی دایکن.

***خواوەندی ڕۆژ.

**ئەی کشمیش چ سوودێکم پێدەگەیەنیٚ؟**
**لێمگەڕیٚ باسەرکەوم و ماڵێك بۆ خۆم بگرم**
**لەنێوان دانەکان و ئێسکی شەویلگەدا**
**کە خوێنی دانەکان دەمژرێت**
**دەچێتە ناویەوە و پێوەی دەلکێت**
**لای ڕەگ و ئێسکی شەویلگەوە**
**(( دەرزیەکی پیادەکەم و سوسەکە دەگرم ))***
**لەبەرئەوەی ئەی سوس تۆ باسی ئەمەت کردووە**
**با ئایای و بەهێز و بەتوانا تێکتبشکێنێت**
**هەردوو دەستی( سووربوو )**

**(( چاوەزارێك دژی ئازاری دان ))**

**(( ڕێگای دروستکردنی: بیرەو زەیتێك بێنە و تێکەڵیان بکە و چاوەزارەکە ٣ جار بخوێنە و تێکەڵەکە لەسەر دانەکە دابنیٚ ،ئازاری دانەکە دەشکێت)).**

**٦. دوو دەق بەزمانی یۆنانی:**

**پێش دۆزینەوەی شارستانێتی بابلی بەچەند نەوەیەکی دوور جیهان شتێکی دەربارەی ئەفسانەی دروستبوونی بابلی زانی لە ڕێگەی دوو دەقەوە کە بەزمانی یۆنانی نوسرابوون.دەقی یەکەم،کە بۆ کۆتا فەیلەسوفی ئەفلاتوونی نویٚ دەگەڕێتەوە کە (( داماسکیۆس)) ە ومانای دیمەشقی دەگەیەنێت.کە لەنزیکەی ساڵی ٤٨٠ی دوای زایین لە دیمەشق لەدایك بوە.ئەم فەیلەسوفە لە کتێبە سەرەکیەکەیدا بەناوی(( سەختیەکان و چارەسەری بنەما یەکەمینەکان))دا باسی لە هەندیٚ ئەفسانەی بابلی کردوە.داماسکیۆس لە چیرۆکەکەیدا دەربارەی دروستبوونی بابلی دەڵێت.١٥**

---

*** لێرەدا قسەکە ئاڕاستەی دکتۆری چارەسەرکەرە.**

15.A.Heidel.The Babylonian Genesis،Phoenix،Chicago،1970.

خواوەندەکان.لەم دوو خواوەندە یەك کوڕ بوو بەناوی مۆمیز، لەو بڕوایەداین کە نمایندەی جیهانی ژێری دەکات.لێیانەوە نەوەی دووەم سەریهەڵدا:داشی و داشوش.لەم دووانەشەوە نەوەی سێیەم:کیساری و وارسۆس،ئەم دووانەش سێی تریان لێبوو ئەوانیش: ( ئانۆس و ئیلینۆس و ئاوس )ن.لە ئاوس و داوکی بیل بوو کە دەڵێن ئەمەیان لە دروستکراوی گەردوونە)).

بەڕاستی لێکچوونێکی سەرسوڕهێنەرە لەنێوان ئەم چیرۆکە و ئینۆمائیلیشدا، تەنانەت وادێنە پێشچاو کە پەرەگرافێکی هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆیە لەو. تاوت توعامەیە،ئاباسۆن ئابسۆیە،مومز مەمۆیە،داشی و داشوش لخمۆ و لخامۆیە، کیساری و ئارسۆس ئەنشار و کیشارن،ئانۆس ئانۆ وئیلینۆس ئەنلیل و ئاوسیش ئایایە و داوکی ژنەکەیەتی دومکینایە، بەلاٌم بیل ناوی گۆڕاوی مەردۆخە کە هەموو کات بەوە ناوبراوە.

دەقی دووەمی یۆنانی بریتیە لە دەقی بیرۆسوس،کە دەگەڕێتەوە بۆ نوسەرەکەی بیرۆسوس کاهینی مەردۆخ لە بابل.ئەم نوسەرە لەسەردەمی کۆتایی لە مێژووی بابلدا ژیاوە،دوای گرتنی ئەسکەندەر،لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی پێش زایین.بیرۆسوس هەستا بە نوسینەوەی مێژووی شانشینی بابل بە پاڵپشتی ئەو دۆکۆمێنتە نوسراوانەی کە بەدەستی گەیشتبوو لەسەدە کۆنەکانەوە، کتێبەکەی بەزمانی یۆنانی بلاٌوکردەوە لەساڵی ٢٧٥ پ.ز.کارەکانی ئەم نوسەرە ونبووە لە ناویشیاندا مێژووی بابل،بەلاٌم هەندێ پەرەگراف و هەڵبژاردە لەو کتێبە بەدەرکەوتن لەکارەکانی نوسەر ئەلکسەندەر یۆلیستر، کە لەسەدەی یەکەمی پ.ز ژیاوە،چیرۆکی بیرۆسوس بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوودەدات: ١٦

(( لەسەرەتادا،جگە لە تاریکی و ئاو هیچی تر نەبوو.دواتر بونەوەری دروستکراوی سەیر هاتنە بوون: پیاوی باڵداردووباڵ یان چوار باڵ،دوو ڕوویان هەبوو لە جیاتی یەك ڕوو،هەندێکی تر بەلاشەی مرۆڤ و دوو سەروسەرێکی ژن و سەرێکی پیاو، ئەندامی نێرینە و مێیەنەیان هەبوو لەگەڵ یەکدا.هەندێکی تر قاچ و

---

16.ibid.

**شاخی بزنیان هەبوو، یان سم و کلکی ئەسپیان هەبوو.لەبەرامبەریشدا گا هەبوون کە خاوەن سەری مرۆڤ بوون و سەگ هەبوون کە کلکی ماسییان هەبوو،ئەسپیش سەری سەگیان هەبوو....بەو شێوەیە.... بونەوەری زۆر کە سیفات و شێوەی یەکتریان وەرگرتبوو.هەموو ئەم بونەوەرانە وێناکێشرابوون لەسەر دیواری پەرستگای بل.لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە ژنێك بەناوی ئۆمۆرکا هەبوو،لەزمانی کلدانیدا تامنی-بەمانای دەرباردێت.بەڵام ئەو ناوە لە نرخی ژمارەییدا * هاوشانە بە مانگ.دواتر مەردۆخ هات -بل- زۆرانبازی لەگەڵ ژنەکەدا کرد و کردیە دوو کەرتەوە،بەشێکیانی کردە زەوی و ئەویتریشانی کردە ئاسمان،و هەموو ئەو بوونەوەرە سەیرو سەمەرانەی لەناوبرد،سیستەمی لەگەردووندا دامەزراند.بەڵام زەوی چۆڵ و وێرانە بوو، مەردۆخ فەرمانی بەسەربڕینی سەری یەکێك لەخواوەندەکان کرد،خوێنەکەی تێکەڵ بە خۆڵی زەوی کرد.لەو تێکەڵەیە مرۆڤ دروستکرا بۆ ئەوەی زەوی پڕ بکات،دواتر ئاژەڵان بە جۆرەکانیەوە دروستکرا،لەدوای ئەوە ئەستێرەو مانگ و ڕۆژ و پێنج هەسارە گەڕۆکەکە دروستکران)).**

**سەرەڕای جیاوازی ئەم دەقانە لەگەڵ یەکتر و جیاوازیشیان لەگەڵ ئینۆمائیلیشدا لە ڕێکخستنی پرۆسەی دروستبووندا،بەڵام هەموو توخمەکانیان یەکە:ئاوی سەرەتایی،باری چەقبەستوویی هەمیشەیی،دەرکەوتنی هێزگەلی ژێری کاریگەر کە نمایندەی خواوەند یان خواوەندە گەنجەکان،ململانێی گەردوونی یەکلاکەرەوە.بەرز ڕاگرتن سیستەمێکی گشتگیر، دروستکردنی ئاسمان و زەوی، دروستکردنی هەسارە و ئەستێرەکان،دروستکردنی مرۆڤ و ئاژەڵ و ژیانی ڕووەکی.**

**هەروەك چۆن هەموو ئەم دەقانە هاوڕان لەسەر دروستبوونی مرۆڤ لە قوڕ و لەسەر دروستبوونی هەردوو ژن و مێردی یەکەمی،کە لێیانەوە زنجیرەی توخمی مرۆیی داکەوتووە.ئەمە و هەموو ئەم توخمانە دەگەڕێتەوە و دەردەکەوێتەوە لە چیرۆکی**

---

*** فیتاگۆرسیەکان دەڵێن کەوا هەموو ناوێك نرخێکی ژمارەیی هەیە.**

تەوراتیدا کاتێك گەیشتینە سەر باسی دروستبوونی تەوراتی باسیدەکەین، ڕستەیەکمان وەبیردەخاتەوە: بەڵام زەوی ویران و چۆڵ بوو،کە لەدەقی بیرسوسدا هاتوە کە بەهەمان شێوە لە بەشی دروستبونیشدا هاتوە،سەردەمی کۆن دەڵێت((زەوی ویران و چۆڵ بوە... هتد.)).دوور لە ئەفسانەکانی ناوچەکە، ئەفسانەی زۆرێك لەگەلان دەبینین،تەنانەت سەرەتاییەکانیش،دەڵێن زنجیرەی مرۆڤایەتی لە ژن و مێردێکی یەکەمیەوە دەستیپێکردوە.ئەفسانەیەکی ئەفریقی دەڵێت ١٧ خواوەند مرۆڤی یەکەمی دروستکردوەو ناویناوە سیکۆم.کاتێك کەبینی ئەم مرۆڤە لەجیهاندا بە تەنهایە،فەرمانیپێدا کە ژنێك بۆخۆی دروستبکات لە چڵی درەختێك و ناوینا میۆتۆی.

ئەفسانەیەکی تری ئەفریقی دەڵێت ١٨ لەسەرەتادا تەنها یەك ژن و پیاو هەبوون،هەردووکیان دەژیان بێئەوەی ئەمیان بەویتریان بزانێت،تائەو کاتەی بەڕێکەوت بەیەك گەیشتن لەسەر کانیاوێك،بوە شەڕە قسەیان و زۆرانبازیان گرت،لەمیانەی ئەو زۆرانبازیەدا کاری سێکسی و خۆشیەکانیان بۆ ئاشکرا بوو بۆیە ڕێکەوتن و پەنجا کوڕ وکچیشیان بوو.

ئەفسانەیەکی فارسیش ١٩ دەڵێت نێرومێ هەردووکیان لە چڵێکی درەختەوە پەیدابوون و لەیەك لاشەدا یەکیان گرتبوو،خواوەند ئاهورامازدا هات بۆلایان و لەیەکتری جیاکردنەوە و ناردنی بۆ زەوی. ئەفسانەیەکی مەکسیکیش دەگێڕێتەوە کاتێك خواوەند بیری لەدروستکردنی مرۆڤ کردەوە بیری لە توخمێکی گونجاو کردەوە و قوڕی هەڵبژارد.بەڵام ئەو توخمە بەکەڵك نەهات چونکە دەتوایەوە لە ئاودا کاتێك ژن و مێردەکە دەچوون بۆ خۆشۆردن،دوایی لە تەختە دروستیکردن بەڵام ئەم هەوڵەی دووەمیش سەرنەکەوتوو بوو،دواتر لەسەر کانزا وەستایەوە کە سەرکەوتوو بوو و هەردوو بونەوەرەکە بە تەواوی هاتنە بوون و توخمی مرۆڤیان وەدیهێنا.

---

17.Philip Freund،Mythos of creation،W،H.Allen،london،1964.

18.ibid.

19.ibid.

## ٣ // دروستبوونی کەنعانی

کەنعانیەکان لە سوریای ڕۆژهەلأت و پشتێنەی کەناری سوریدا نیشتەجێبوون لە دەسپێکی مێژووی نوسراوەوە و چەند ناوەندێکی شارستانێتیان دامەزراندوە کە هەتا سەردەمە کلاسیکیە درەنگانەکانیشبەردەوام بوون و بەو پرشنگداریە مابونەوە. سەرەڕای کاریگەری دوولایەنەی نێوان ڕۆشنبیری کەنعانی و ڕۆشنبیریە سامیەکانی تری دراوسێ و ڕۆشنبیری میسری، ڕۆشنبیری کەنعانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ڕۆشنبیری کریتی و ڕۆشنبیری یۆنانی سەرەتایی.دەتوانرێت بوترێت ١ کە شارستانێتی کەنعانی چۆتە ناو بناغەکانی ڕۆشنبیری یۆنانی دواتردا.ئەو کاریگەریەش لە ئەفسانە یۆنانیەکاندا دەردەکەوێت کە بە ئاشکرا ئاماژە دەدەن بە کاریگەری ڕۆشنبیری ڕۆژهەلأتی.وەك ئەفسانەی ((قدمۆس )) ئەو خواوەندەی کە لە فینیقیاوە هاتوو و یۆنانیەکانی فێری نوسین کرد،و ئەفسانەی ڕفاندنی خواوەندەی سوریا (( یۆرۆبا )) کە ناوەکەی بوە ناوی کیشوەری ئەوروپای نویێ.یۆنانیەکان ناوی فینیقیەکانیان لەو گەلانەی کەنعانی دەنا کە لەگەڵیاندا نزیکی و مامەڵە و هاتووچۆیان هەبوە.

هەتا چارەکی یەکەمی ئەو سەدەیە،زانیاریەکانمان دەربارەی ئەفسانەکانی کەنعانی و ئەدەبی کەنعانی زۆر کەم و دیاریکراو بۆ مابۆوە،و پشتیشمان دەبەستە سەر هەندێ سەرچاوە کە گومان لە ڕاستی و دروستیان هەبوو.ئەو گومانەش دەگەڕێتەوە یان بۆ پێکهاتەی ئەو سەرچاوانە کە دژایەتی کەنعانییان دەکرد،وەکو ئەوەی لە کتێبی تەوراتدا هەیە کە زۆرێك لەناوی خواکانی کەنعانی بۆ گواستوینەتەوە،هەروەها زۆرێك لە ڕێوڕەسمەکانیانی بۆ باسکردووین،یان بۆ پێکهاتەی ئەو سەرچاوانەی کە لەڕووی مێژووییەوە تازەن،وکاریگەری شێوازی بیرکردنەوەی بێگانەکانیان لەسەرە،وەکو حاڵی ئەو نوسەرانەی کە بەزمانی یۆنانی نوسیویانە،لەسەردەمانێکی دواتردا،وەك فیلۆجبیلی،کە زۆرێك لە بیروبۆچوون و

---

1.C.H.Gordon،ugarit and minan create،norton library،newyork،1967 p11.

بیروباوەڕەکانی فینیقیەکانی بۆ گواستوینەتەوە،بەلاّم لە ڕێگەی ژێریەکەوە کە ڕۆشنکراوەتەوە بە ڕۆشنبیری یۆنانی و شێوازە فەلسەفیەکانی.

بەلاّم دۆزینەوەی شاری ئۆگاریت لەسەر کەناری سوریا،وامان لێدەکات لەسەر زەویەکی زیاتر ڕەق بوەستین لەبەر ئەوەی ئەو تابلۆ گڵینانەی کە لەناو پاشماوەکانی پەرستگای بەعلدا لەوێدا دۆزراونەتەوە،گەیاندوونی بە ڕۆشنبیری کەنعانی ڕاستەوخۆ بەبێ بوونی نێوانگیرێك یان گوێزەرەوەیەك.دوای چارەسەر و شیکردنەوەی نهێنیەکانی نوسینی ئۆگاریتی،بەبەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە سەلمێنرا کە نوسینی مێخی کە هەڵکۆڵراون لەسەر ئەو تابلۆیانە،بریتیە لە نوسینی ئەلف وبێ،و ئەوە یەکەم ئەلفوبێیە کە مرۆڤ نوسیویێتی و دەچێتەوە سەر خێزانی زمانە سامیەکان.

زمانی ئۆگاریتی زۆر نزیکە لە زمانی عەرەبیەوە.لەوانەیە هاتنی هەندێ پەرەگراف لە زمانی ئۆگاریتی نوسراو بەپیتی عەرەبی،و بەراوردکردنی بەوەرگێڕاوە عەرەبیەکەی، بیرۆکەیەکمان بداتێ دەربارەی ئەو نزیکیە و جۆرەکەشی.فەرموون لەگەڵ پەرەگرافێك لەداستانی کریت : یعرب بحدره ویبکی ( واتا دەچێتە ناو جێگاکەی و دەگری)، بتن رجم و یدمع( واتا قسە ئەلاوێنێتەو و فرمێسك هەڵدەڕێژێت) ،تنکتن و یبکی( واتا فرمێسکەکانی کەوتنە خوارەوە).کم شقلم ارصه ( هەروەك قورساییەکان لەسەر زەوی)..تمنح مصت مگته ( واتا بەرگی دۆشەکەکەی تەڕ کرد)، ئیل یرد بڤهرته ( ئیل دەگەڕێتەوە بە دەرکەوتنی)،اب ادم ویقرب( واتا باوکی مرۆڤ نزیك دەبێتەوە).یسال کریت( واتا لەکریت پرسیار دەکات) یدمع نعمن غلم ایل؟( واتا ئایا مندالّە جوانەکەی ئیل فرمێسك دەڕێژێت ؟) علی لظهر مجدل * ( واتا دەچمە سەر پشتی قەلاّکە).رکب شکم صمت( واتا سوار بەرزایی دیوار دەبم).سایدك شم( واتا دەست بەرزکەرەوە بەرەو ئاسمان) .دبح لنور ابك ایل( واتا بۆ گای باوکی ئیل سەبرە).لەسەرەوەی لیستی خواوەندە ئۆگاریتیەکانەوە خواوەند (( ئیل )) دەردەکەوێت گەورەی خواوەند و خوای

---

* وشەی مجدل تا ئێستاش بەربلاّوە لەناونانی هەندێ جێگا لە سوریا.

ئاسمان.کەلەسەر عەرشەکەی لە ئاسمانی حەوتەمدادادەنیشێت.پەرستنی ئەو خواوەندە بلاوبۆتەوە لەلای هەموو گەلانی سوریا.لە ناوچەکانی فینیقیەکاندا دەیبینین و هەروەها لەناوچەکانی،ئارامیەکان لەهەزارەی سێیەمی پ.زدا،هەروەك چۆن دەیبینین لە شاری تەدمور و هیتریش لە ناوچەکانی سوریادا لە سەردەمی کلاسیکی دواتردا.

عیبرانیەکانیش لە دەستپێکی مێژووەکەیانەوە بەهەمان شێوە پەرستویانە،و خوای باپیرانی یەکەمیان بوە هەروەك کتێبی تەورات بۆمان دەگێڕێتەوە لە بەشی یەکەمیدا.هەروەك خواوەند بەعل یان حودەد دەبینین کە خوای باران و هەورەکان و هەورە تریشقەیە.کە خوایەکی نزیك بوە لە دەروونی بەندەکانەوە لەبەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانیانەوە،ئەو گەورەی سوڕی کشتوکاڵیە کە مرۆڤ پشتی پێدەبەستن لە ژیانیاندا.لەپاڵ خواوەند بەعلدا دژەکەی خواوەندی (( مردن )) دەبینین خوای وشکبونەوە و گەرما و جیهانی ژێرەوە کە لە ململانێیەکی هەمیشەیدایە لەگەڵ بەعلدا.

لەخواوەندە مێیەکانیش لەلای کەنعانیەکان(( عەشیرە)) دایکی گەورە و ژنی ئیلە،هەروەها ناو دەبرا بە (( ئیلات )) ئاماژە بۆ ئیل.لە نازناوەکانی خانمی دەریایە،تا ئێستاش ناوی دابڕاوە بەسەر کەنداوی ناسراو لەدەریای سووردا بەناوی کەنداوی ئیلات.هەروەك عوناتیان پەرستوەکە خۆشەویستی خواوەند بەعل بووە و گیانی بەپیتی گەردوونی بووە،کە ناودەبرا بە داوێن پاك، و عەشتارت کە خوایەکی ترە بۆ پیتاندن کە لەگەڵ عوناتدا کاری خواوەندی بەپیتی بابلیان دابەشکردبوو.لەپاڵ ئەو خواوەندە سەرەکیانەدا خواوەندی تر دەبینین کە لە پلەی دووەمدا دێت وەك خواوەند(( یەم)) کە ئەو بریتیە لە دەریای یەکەم، شیش،خواوەندی ڕۆژ،ئەو مێیەیە بە پێچەوانەی خواوەندی ڕۆژی بابلیەوە شەمش.داجون خواوەندی گەنم و باوکی خواوەند بەعلە.

ئەفسانەی ئۆگاریتی بۆ ڕاڤەکردنی سروشت بە ئاڕاستەیەك دەڕوات و بەشێوەیەك دەیگێڕێتەوە کە مرۆڤی کەنعانی بە بەردەوامی ئارەزووی لە بەردەوامبونی بەپیتی هەبوە لە زەوی و ئاژەڵ و مرۆڤدا.مانەوەی پەیوەندی سوڕی سروشت،ئەفسانەکە

داڕێژراوە لە چوارچێوەیەکی جوڵەیی پڕ لەکار و هەڵقولاْو لە بۆچوونێکی دوور لە ڕووتکردنەوە. ئەوان خوایان دەبینی بە جۆرێك کەنمایندەی دیاریکردنی دیاردە سروشتیەکانی دەکرد،ڕۆچوون لە هەستان بەکاری جوڵەیی،کە پەیوەندیان هەیە بە جوڵەکانی سروشتەوە.کاتێك بەعل،کە خوای ژیان و بەپیتیە هەڵدەستێت ،بە ململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ مردندا خوای مردن و وشکردنەوە ئەوا گرنگی و ئەنجامەکانی ئەو ململانێیە ناوەستێتە سەر دوو خواوەندی ململانێکەر،بەڵکو هەموو دیاردە گەردوونیەکان دەگرێتەوە.

تابلۆ گڵینەییەکان کە ئەفسانەی کەنعانیمان پێشکەش دەکەن دەکەونە سێ کۆمەڵەوە،کۆمەڵەی یەکەم ئەو ئەفسانانە لەخۆ دەگرێت کە پەیوەستن بە خواوەند بەعلەوە،وەپەیوەندیشی لەگەڵ خواوەندەکانی تری ئەنجومەنی فینیقیەوە هەیەوکۆمەڵەی دووەمیش کە داستانی (( کریت)) لەخۆدەگرێت پادشا حبور،و کۆمەڵەی سێیەمیش کە داستانی (( ئاقهات)) لەخۆ دەگرێت کە پادشایەکی کەنعانی ترە،چیرۆکەکەی وەکو هەمو چیرۆکەکانی پێش خۆی زۆرێك لە توخمی ئەفسانەیی لەخۆ دەگرێت.هەموو ئەو تابلۆیانەی دۆزراونەتەوە لەناو پاشماوەی پەرستگای بەعلدا لە بارێکی زۆرخراپدان کە گریانت بۆیان دێت لە شێواوی و لەناوچوون کە وایکردوە ئەرکی لێکۆڵەرەوەکانی زۆر سەخت و دژوار کردوە.سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە تائێستاش زمانی ئۆگاریتی دروستیدەکات.هەتا ئێستاش کۆمەڵێك دەقی ناڕوون و گران هەن کە ڕاڤەکردنیان ئاسان نیە.

بەتایبەتیش گرفتمان لە تابلۆکانی بەعلدا بۆ دێتە پێش،نوسەری تابلۆکان زنجیرەڕیزییەکی نەداوەتێ، هەر تابلۆیەك ئەفسانەیەکی لەخۆگرتوە کە دەشێت پەیوەندی بە یەکێکی ترەوە هەبێت یان نەیبێت.تابلۆکان بۆ نمونە پێمان ناڵێن کە ئایا ململانێی بەعل لەگەڵ مردن لە پێش یان لە پاش ململانێی بەعل لەگەڵ یەمدا بووە.کە ئەمەش وایکردووە دەرگای بۆ بۆچوونە جیاوازەکان والاْکردوە لە سەر گازی پشت،ئەمەش دەمانخاتە بەردەم وەرگێڕانی جیاوازەوە و دوور لە یەکتری بۆ ئەفسانەی بەعل،گۆڕان لەزنجیرەڕیزی تابلۆکاندا گۆڕان لە چیرۆکەکەدا دروست

دەکات بە شێوەیەکی گەوهەری و سەرەکی.خۆ ئەگەر ئەو بۆچوونە فراوانانە لە ڕاڤەکردنی زمانی ئۆگاریتی خۆیدا زیادکرا.ئەوە بە ڕوونی بۆمانی دەردەکەوێت کە چۆن و تاچەند لێکۆڵەر تووشی سەختی و گرانی بۆتەوە لە پێشکەشکردنی وێنەیەکی ڕۆشن بۆ زنجیرەی بەعل.سەیری ئەو زنجیرەیەم کردوە کە L.Delapote ۳ پێشکەشی کردوە.هەروەها ئەو زنجیرەیەی کە J.Gray ٤ و ئەو زنجیرەیەی کە C.H.Gordon پێشکەشیان کردوە.بەو ئەنجامە گەیشتم کە زنجیرەی ڕاستیان بریتیە لەوەی کۆتاییان.بەلآم من تابلۆکانم دابەشکردە سەر دوو کۆمەڵەوە:

کۆمەڵەی یەکەم دامنا بە بەشێك لە دروستبوونی کەنعانی، وخوێنەر ڕەوایی و ڕاستی ئەم بۆچونەم دەبینێت.بەلآم کۆمەڵەی دووەم بریتیە لە ئەفسانە لە بە پیتی کە دامناوە لەبەشی (( خواوەندی مردندا)) کە ئەفسانەی بە پیتی لەناوچەکەدا چارەسەرکردووە.بەرەچاوکردنی ئەو لەناوچوونە زۆرەی کە بە تابلۆکان گەیشتووە،بەلآم وەرگێڕانێکی ڕاسگۆیانەم کردوە بۆ ئەو پەرەگرافانەی کە ڕۆشن بوون لەگەڵ کورتە پەخشانەکان کە بۆ پەرەگرافە شێواوەکانم کردووە تا قورسایی نەخەمە سەر خوێنەر بەدانانی دێڕی زۆری نادیار و پڕ لە بۆشایی.دەقی وەرگێڕدراو لە C.H.Gordon لە کتێبەکەیدا art and minoan ug،norton،create newyork 1967 کە تیایدا وەرگێڕانێکی تەواوی پێشکەشکردووە بۆ تابلۆکانی ئۆگاریت.

**١. (( بەعل )) و (( یەم )) دەستگرتن بەسەر ئاوی یەکەمیندا:**

خواوەندی بە پیتی بەعل لەم ئەفسانەیەدا هەمان ڕۆڵی مەردۆخ دەبینێت کە لە ئینۆمائیلیشدا بینی لە تێکشکاندنی ئاوی یەکەمیندا و دانانی سیستەمی گەردوون،ئاوی یەکەمین لێرەدا یەم * کوڕی ئیل نمایندەی دەکات.دەقی

---

3.L.Delaport،Phoenician Mythology،in larousse Encyclodia Mythology ،Hamiyn،london1977.

4. John Gray،the caraanites،Fredricka.Praeger،newyork 1964.

* تائێستاش ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا ئاماژەیە بۆ دەریا.

ئەفسانەکە هۆنراوەییە و گەلێك لە زاراوە وەکیەکیەکان بەکاردێنێت لەسەر ڕێچکەی هۆنراوەی عەرەبی.کاتێك تابلۆ گڵینەییەکە ڕۆشندەبێتەوە بۆ خوێندنەوە، دەبینین کە خواوەند یەم دەستی کردووە بە ململانێ لەگەڵ بەعلدا و ئەو نوسراوێك بەسەر هەردوو نێردراوەکەیدا دەخوێنێتەوە کە ئاڕاستەی کۆڕی خواوەندەکانی کردووە.کە داوا دەکات لەسەرەتادا بەعل خۆی لائەدا لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ یەمدا و پەنای بردۆتە بەر کۆڕی خواوەندەکان.بەڵام کۆڕی خواوەندەیان ناتوانێت کە بەعل بپارێزێت لە دەسەڵاتی یەم کە خاوەن هێزێکی گەورە و دەسەڵاتێکی فراوانە:

ئەی دوو گەنج بڕۆن

بڕۆن و کەمتەرخەمی مەکەن

( بڕۆن ) و ڕوو بکەنە

ئاڕاستەی کۆڕی خواوەند

لەناوەڕاستی شاخی شەو

لەبەردەم قاچی ئیلدا کڕنۆش مەبەن

لەبەردەم کۆڕی خواوەندەکانیشدا مەچەمێنەوە، بەڵکو ئەوەی لاتانە ڕاییگەیەنن

بلێن بە (( گا ))* بلێن بە ئیلی باوکم

لەبەردەم کۆڕی خواوەندەکاندا ڕاییگەیەنن

نامەی گەورەکەتان یەم

نامەی گەورەی(( ڕووبار ))**

ڕادەستم بکەن ئەوەی خۆی لا دەدا

ئەوەی هەمووتان لا دەدا

بەعل و لایەنگرانیم ڕادەست بکەن

کوڕی داجون، تا ئاڵتونەکانی بە میرات وەربگرم )).

---

* گا نازناوێکی خواوەند ئیلە

** ڕووبار یەکێکە لە ناوەکانی یەم هەروەك لە زمانی عەرەبیدا بەمانای ئاوی شیرین دێت کە لەڕووباردا دەڕوات،خواوەند یەم خواوەندی ئاوی سوێر و شیرین بوە لەهەمان کاتدا.

دوو گە نجەکە ڕۆیشتن
بەبێ کەمتەرخەمی
(( ڕوویانکردە )) لایاندایەوە بەلای
ئاڕاستەی شاخی شەو
بەرەو کۆڕی خواوەندەکان
پێشئەوەی لەسەر مێزەکە دانیشن
بەعل لە نزیک ئیلەوە وەستابوو
کاتێك خواوەندەکان دوو پەیامبەرەکەیان بینی
نێردراوەکانی گەورەی ڕووبار
سەریان شۆڕکردەوە تا ئەژنۆ
بەڵێ..ئەوان لەسەر عەرشی گەورەییان بوون
بەعل لێیان توڕە بوو و پێی ووتن:
(( بۆچی سەرتان شۆڕکردەوە ئەی خواوەندەکان؟
( بۆچی چەمانەوە ) سەرتان هەتا ئەژنۆ؟
بەڵێ ( بۆچی ) کاتێ ئێوە لەسەر عەرشی گەورەیتانن
لێگەڕێن دوو خواوەندە هاتووەکە بخوێننەوە*
لێیان گەڕێن بانامەکەی یەم بخوێننەوە
نامەکەی گەورەی ڕووبار
سەرتان بەرز بکەنەوە ئەی خواوەندەکان
( سەرتان بەرز بکەنەوە ) لە چەمانەوەی
بەڵێ ( بەرزییکەنەوە ) کاتێ ئێوە لەسەر عەرشی گەورەیتانن
من وەڵام دەدەمەوە

---

* گۆڕدن ئەم دێڕەی بەم شێوەیە وەرگێڕاوە: لێگەڕێن دووان لە خواوەندەکان بخوێننەوە،بەڵام من لە شێوازی دەقەکەوە بۆم دەرکەوت کە لێرەدا دوو خواوەندەکە بریتین لە دوو نێردراوی بەعل نەك کەسێکی تر.

**بۆ نێردراوەکەی یەم**

**بۆ نێردراوەکەی گەورەی ڕووبار**

**خواوەندەکان سەریان بەرزکردەوە**

کاتێك دووخواوەندە نێردراوەکە دەگەن ڕاستەوخۆ نامەکە ئاڕاستەی کۆڕ دەکەن بێ ئەوەی ئەرکی ملکەچی و ڕێز بۆ هیچ کەس بنوێنن ،دەستیان کرد بە خوێندنەوەی نامەکەی یەم:

(( **ڕادەستم کەن ئەوکەسەی خۆی لا دەدا**

**ئەوەی هەمووتان بە دوور دەگرێت**

**بەعل و لایەنگرانیم ڕادەست کەن**

**کوڕی داجون، تا ئاڵتونەکانی بەمیراتی بگرم** ))

ئیل وەڵامی دایەوە،باوکی وەڵامی دایەوە،گا ،وتی:

(( **با بەعل ببێتە بەندەت ئەی شازادە یەم**

**با بەعل بۆ هەتاهەتایە ببێتە بەندەت**

**کوڕی داجون بابببێتە دیلت** ))

**وەکو هەموو خواوەندەکان، ملکەچیت پێشکەش دەکات**

**بەڵێ، هەموو پێشکەشکردنێکتان پێدەبەخشێت وەك کوڕانی پیرۆز**

بەعل توڕە دەبێت،پەلاماری چەکەکەی دەدات بۆ کوشتنی دوو نێردراوەکە بەڵام دوو خواوەندەکە عونات و عەشتارت بەبێ ویستی ئەو دەگۆڕێن،چونکە داب و نەریت وادەخوازێت کە گیانی نێردراو بپارێزرێت:

**چەقۆیەکی بەدەستێکیەوە گرت**

**وبەویتریشی خەنجەرێکی گرتبوو**

**هەڵیدەسوڕاندن بە نیازی کوشتنی دوو گە نجەکە**

بەڵام قسەکانی دوو خواوەندەکە وون دەبن بە شێواندنی تابلۆ گڵینەییەکە کە تا کۆتایی دەقەکە بەردەوام دەبێت.بەڵام پاشماوەی چیرۆکەکە لە تابلۆیەکی تردا دەبینین کە بەهەمان شێوەی تابلۆی یەکەمیش ئەمیش شێواوە.پەرەگرافە دیارەکانی تابلۆکە ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە دەربارەی هاوکاری دوو خواوەندی

پیشەگەر(( کەوسەر)) و (( حاسیس)) لەگەڵ خواوەند بەعلدا،بەدروستکردنی دوو چەکی تیژ بۆ بەکارهێنانی دژی یەم،کاتێك چەکی یەکەم هەڵدەستێت بە ئیفلیجکردنی جوڵەی یەم و چەکی دووەمیش لەناوی دەبات.دوای تەواوکردنی دووچەکەکە دوو خواوەندەکە دێنە بەردەم بەعل و لە پیشەکانیان ئاگاداری دەکەنەوە:

**ئەی شازادە،بەعل ئایا پێمان نەووتی؟**
**ئایا بۆمان ئاشکرا نەکردی ئەی سوارەی هەورەکان؟**
**ئەوانە دوژمنتن ئەی بەعل**
**ئەوانە دوژمنتن کە دەکوژرێن**
**ئەوانە دوژمنتن کە دەیان کوژی**
**و دەسەلاٌت دەگریتە دەست تاهەتاهەتایە**
**و دەسەلاٌتت بەسەر هەموان‌دا دەکێشیت**

دواتر کەوسەر چەکەکە پێشکەش دەکات و ناوی خۆی دەداتێ:

**بابێ،دەبابێ ناوت بە (( ڕا پیێچەر ))***
**ڕابپیێچە،ڕابپیێچە(( یەم ))**
**لەعەرشەکەی لای بدەن**
**(( ڕووبار )) لابدە لەسەر کورسی دەسەلاٌتەکەی**
**تۆ لە دەستی بەعلەوە دەردەچیت**
**وەکو هەڵۆ لەنێو پە نجەکانیەوە دەردەچێت**
**هەردوو شانی شازادە یەم دە پیێکێت**
**چەکەکە لە دەستی بەعلەوە دەرچوو**
**وەکو هەڵۆش لە نێوان پە نجەکانیەوە دەرچوو**
**لەدوو شانی شازادە یەمیدا**
**لەناوەڕاستدا،لە دەفەی شانی گەورەی ڕووباریدا**

---

* ناوی دوو چەکەکە ئاماژەیان دیارنیە لە ئۆگاریتیدا.

**بەلاّم یەم بەهێزبوو**
**نەکەوت و تێکنەشکا**
**جومگەکانی دانەکەوتن**
**نەخێر و بالاّی دانەنەوی**

ئالێرەدا حاسیس چەکی دووەم دەداتە دەستی بەعل و ناوی خۆی دەداتیێ:

**دەبا ناوت ببێ بە لێدەر**
**لەیەم بدە لەسەر عەرشەکەی**
**ڕووبارەکە لەسەر کورسی دەسەلاّتی لابدە**
**وەکو هەڵۆ دەردەپەڕێت لەنێوان پە نجەکانی بەعلەوە**
**لەسەری شازادە یەم بدە**
**بالێدانەکەت لەنێوان دوو چاویدا بێت**
**یەم دەکەوێت**
**دەکەوێتە سەر زەوی**
**چەکەکە لە دەستی بەعل دەردەچێت**
**وەکو هەڵۆش لەنێوان پە نجەکانیەوە دەردەچێت**
**لەسەری شازادە یەمیدا**
**لە ناوەڕاستی دووچاوی گەورەی ڕووباریدا**
**یەم خاوبۆوە وبێهێزبوو**
**ودەکەوێتە سەر زەوی**
**جومگەکانی هێزیان نەما**
**بالاّشی بەلادا کەوت**

ئالێرەدا خواوەندەکان بەم ڕووداوە دەشڵەژێن و دەبنە دوو بەشەوە لەنێوان پەسەندکەر و تووڕەدا،عەشتارت ڕوودەکاتە بەعل و دەڵێت:

**هەڵیدە ئەی بەعلی بەرز* پەرت و بلاّوی بکە ئەی سوارەی هەورەکان***
**یەم مردوو گیانی لەدەستدا**
**دەبا بەعل ببێتە گەورەو فەرمانڕەوایی بکات**

لەگەڵ ئەم دوو تابلۆیەدا دەتوانین تابلۆی سێیەمیش زیاد بکەین،لەوانەیە بەردەوامبوونی ڕێکخستنە گریمانەیەکانمان بێت بۆ تابلۆکان.عونات دەبینین کە خواوەندەکانی بانگهێشت کرد بۆ داوەتێکی زۆر گەورەو شکۆدار،لەوانەیە بەبۆنەی سەرکەوتنی گەورەی بەعلەوە بوبێت بەسەر ئاودا و چەسپاندنی دەسەلاّتەکەیدا. لەبەرانبەر ئەم داوەتەدا،بەپێی بۆچوونم،ئەو داوەتەیە کە بۆ مەردۆخی بابلی سازدرا دوای سەرکەوتنی بەسەر ئاودا.هەموو خواوەندەکان هاتن بۆ داوەتەکەی عونات،کە گۆشت و خواردنەوەی پێشکەش دەکرد،گۆرانی بێژەکان گۆرانی دەڵێن و مۆسیقاش دەنگ دەردەکات.دوای ئەوەی بەعل دەڕوات بەرەو شاخی صفون:

**بەعل ڕۆیشت بەرەو بەرزاییەکانی صفون**
**لەوێ بە کچەکانی گەیشت**
**چاوی ڕوونبۆوە بەبینینی(( بەدریە )) کچی ڕووناکی**
**و(( طلیة )) کچی باران**
**و ارصیەش کچی زەوی**

ناوی کچەکانی بەعل،نمونەیەکی ترە لە سەر نزیکی ئۆگاریتی لە عەرەبیەوە،ناوی بەدریە تاکو ئێستاش لە سوریادا بلاّوە کە ئاماژەیە بۆ بەدر مانگی چواردە.طلیةش لێرەدا بریتیە لە ( طل یان ندی )کە بەمانای شەونم دێت و ارصیەش بریتیە لە زەوی و خاکی بەپیت.

---

* لە ئۆگاریتیدا بەعل علیانە و تائێستاش وشەی علیان لە زمانی بازاڕیی سوریادا ئاماژەیە بۆ بەرزی و گۆردۆن پارێزگاری لە وشەکە کردووە بە سیفەتی ناو نەك سیفەت.

** وەرگێڕانی دێڕەکە و دوای ئەویش وەرگیراوە لە Gray بەلاّم گۆردۆن بەم شێوەیە دەیهێنێت: کەمیە بۆ تۆ ئەی بەعل .ئەم جیاوازیەش فراوانی جیاوازی دەردەخات لە تێگەیشتنی ئۆگاریتیدا.

**٢. بەعلماڵێك بۆخۆی دروست دەكات:**

بەسەركەوتنی بەعل بەسەر ئاودا،هێزی سێیەم و شارستانی سەردەكەوێت بەسەر هێزی بێسەروبەرەیی و گشتیدا.دەتوانین گریمانە بكەین كە بەعل دوای ئەو سەركەوتنەی هەستاوە بە ڕێكخستنی گەردوون و دانانی بنەماكانی شارستانێتی. بەلاّم بەعل دوای ئەو سەركەوتنەی پێویستی بە ماڵێكە تا تیایدا نیشتەجێببێت،هەروەكو كاری خواوەندە گەورەكان.لێرەدا دەقێكی تر بۆمان دەگێڕێتەوە دەربارەی هەوڵی بەعل بۆ دروستكردنی ئەو ماڵە،تەواو وەكو ئەوەی مەردۆخ بوە خاوەنی ماڵێك دوای سەركەوتنی.لەو دەقەدا دەبینین كە بەعل داوای هاوكاری دەكات لە خۆشەویستەكەی عونات بۆ دەستخستنی ماڵەكەی:

**بەعل ماڵی نیە وەكو خواوەندەكانی تر**
**پەیكەریشی نیە وەكو كوڕی عەشیرە**
**( نیەتی ) وەكو ماڵی ئیل**
**( نیشیەتی ) وەكو ماڵی كوڕانی ئیل**
**( نیشیەتی ) وەكو ماڵی عەشیرەی خانمی دەریا**
**( نیشیەتی ) وەكو ماڵی بەدریەی كچی ڕووناكی**
**یان طةلیةی كچی باران**
**یان ارصیەی كچی زەوی**
**یان حۆریە گەورەكان**
**عوناتی پاك داوێن وەلاّمی دایەوە:**
**باوكی ئیل گرنگی دەدا،گا ،بەو كارە**
**لە پێناو مندا باوكم گرنگی دەدات بەو كارە**
**ئەگینا فڕێیدەدەمە سەر زەوی وەكو بەرخێكی بچووك**
**وادەكەم كە خوێن لە( دەماری ) سەری سپیەوە بڕوات**
**لەتاڵە ڕیشە سپیەكانیشیەوە.**
**بەعل خانویەكی دەبێت وەكو هەموو خواكان**
**بەڵێ پەیكەریشی پێدەدرێت وەكو كوڕانی عەشیرە**

**دوایی بازیدایە سەر قاچەکانی**

**زەوی بەجێهێشت**

**ڕووو سەرەوە بەداواکانیەوە بە ئاڕاستەی ئیل**

**بۆلای سەرچاوەی دوو ڕووبارەکە**

**لەناوەڕاستی شە پۆلەکاندا**

**چوە لای ئیل لەبارەگاکەی**

**چووە دەرەوە بۆ حەرەمسەرای پادشا((ابوشنم))***

**کاتێك نزیك بۆوە لەبارەگای باوکی،دەنگەکەی پێگەیشت کە هەڕەشە ئامێزو بەڵێندەر بووە،چوە ژووری هەشتەمیەوە کە دەکەوێتە دوای حەوت ژوورەکەی تریەوە:**

**ئیل لەدوای ژووری حەوتەمەوە وەلآمی دایەوە**

**لەناو ژووری هەشتەمیەوە:**

**(( دەترسم ئەی کچەکەم کە چەندە توندوتیژ و هەڵەشەی**

**وەدەشزانم گەڕانەوە نیە بۆ ئەوەی دەتەوێت****

**دەی چیت دەوێت،ئەی عونات،ئەی پاك داوێن؟))**

**عوناتی پاك داوێن وەلآمی دایەوە**

**(( قسەکەت ژیرانەیە ئەی ئیل**

**دانایشت بۆ هەتاهەتایە**

**ئەوەی دەیڵێیت خۆشیەکی نەبڕاوەیە**

**پادشامان بەعلی بەرز و بڵندە**

**گەورەمان کە هیچ کەسێك لەو بالآتر نیە**

**دوای ئەوە کە عونات مەسەلەکەی دەخاتە بەردەم ئیل ژن و منداڵەکانی ئیل پشتگیریان بۆ داواکەی عونات دەربڕی:**

---

* ابوشنم،لەنازناوەکانی ئیلە،وەك هەمان مەسەلەیە لە عەرەبیدا کە دەڵێن باوکی فلأن.

** ئەم دێڕە وەرگێڕدراوە بە دەستکاریەوە.

لێرەدا عەشیرە و منداڵەکانی

خواوەندەکان دەنگیان هەڵبڕی و ئەوەشی وەکو ئەو وابوون

ئەوە بەعلە کە بەبێ ماڵە وەکو خواوەندەکانی تر

بەبێ پەیکەریشە وەکو کوڕانی عەشیرە

و ماڵیشی نیە وەکو ماڵی ئیل

و ماڵیشی نیە وەکو ماڵی خانمی دەریا

ماڵیشی نیە وەکو بەدریەی کچی ڕووناکی

یان طلیةی کچی باران

یان ارصیەی کچی زەوی

یان ماڵەکانی حۆریە گەورەکان

کاتێك ئیل وەڵامی داواکەی عونات دەداتەوە،دوو نێردراوی خواوەندە عەشیرە دەکەونە ڕێ کە ئەوانیش(( قادش )) و (( امراد))ن بۆڵای دوو خواوەندە پیشەگەرەکە (( کەوسەر )) و (( حاسیس)) کە فەرمانیان هەڵگرتوە بەدروستکردنی خانوویەك:

ئەی ڕاوچی عەشیرە بڕۆ

بڕۆ ئەی قادش-امراد*

[.........]

لەبەردەم قاچی کەوسەردا بچەمێرەوە و کڕنۆشی بۆ بەرە

لەبەردەمیدا کڕنۆش بەرەو ڕێزی بۆ بنوێنە

لەبەردەم وەستای کارامەدا نامەی بەعلی بەرز ڕابگەیەنە

نامەیەك بەسەر جەنگاوەردا **

______________________________

* لێرەدا و لە جێگەی تریشدا لەدەقە ئۆگاریتیەکاندا ڕوودەدات،کەباس لە دوو خواوەند بکرێت بەشێوەی تاك.

** لێرەدا سیفەتی بەرزی هاتوە وەك ناوی علی هاوشان بۆ بەعل–بگەڕێوە بۆ ئەم مەبەستە بۆ ل ٥٨ لە کتێبی GORDON کە لەپێشدا باسکراوە.

عوناتیش ئەرکی گواستنەوەی ئەم هەواڵە بۆ بەعل هەڵدەگرێت کە دانیشتووە و چاوەڕوانی وەستای دروستکەرە.کاتێك کەوسەر–حاسیس دەگات بۆ صفۆن لە شوێنەکەی خۆیەوە کریت،بەعل بەگەرمیەوە پێشوازیان لێدەکات ، وگایەکیشیان بۆ سەردەبڕێت و خوانێکی پڕ و دەوڵەمەند و ڕازاوەیان بۆ ئامادە دەکات،لەدواییدا خانووەکە دروست دەکەن.بەڵام جیاوازیەك دەکەوێتە نێوان بەعل و کەوسەرەوە دەربارەی نەخشەی خانوەکە.کاتێك کەوسەر پێشنیاز دەکات کە خانوەکە پەنجەرەی هەبێت،بەعل سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کە خانووەکە نابێت هیچ پەنجەرەیەکی تیادا بێت،جیاوازیەکە لەبەرژەوەندی بۆچوونەکەی کەوسەر تەواو دەبێت و دەشکێتەوە،کاتێك پەیکەرەکە تەواو دەبێت دەبێتە نمونەیەك لە جوانی و داهێنانی بیناکاری،بارستاییەك لە تەختەی ئورز و زیوو و ئاڵتون کە لوتکەی صفون دەگرێت.

**٣. بەعل و عونات :**

لەسەرەتای ئەم دەقەوە ئاشنا دەبین بە ڕووی کاولکاری خواوەندە عوناتەوە،ئەویش وەکو هەموو خواوەندە کۆنەکانی بە پیتیەوە دوو کۆمەڵ لە سیفاتی دژ بەیەکی هەڵگرتوە.لەلایەك ئەو خوای خۆشەویستی و سێکس و بەپیتی و خوای ژیانە و لەلایەکی تریشەوە بریتیە لە خوای جەنگ و کاولکاری و کارەسات و خوای تاریکی٥ خۆشەویستە ناسکە بەبەزەییە،بەهێزە زۆردارە خۆسەپێنە لە دەقی ڕابووردوودا بینیمان کە چۆن چووە ژوورەوە بۆلای ئیلی باوکی خواوەندی ئاسمان کە دەلەرزی لە هاتنی و لە ژوورەکەیدا خۆی شاردەوە،گوێمان لەهەڕەشە و بەڵێنەکانی گرت،بەڵام لەم دەقەدا دەیبینین کە چۆن قەسابخانەیەکی خوێناوی هەڵگیرساندووە کە بەدەستی خۆی دوژمنان دەکوژێت و مەلە دەکات لەناو خوێناوەکانیاندا:

**ئەوە عوناتە کە بەدڕندەییەوە شەڕ دەکات**

---

٥.بۆ زیاتر فراوان بوون لەو بابەتەدا،بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم(( نهێنی عەشتار)) بەشی عەشتاری ڕەشپۆش.

**ئەو کوڕی دووشارەکە سەر دەبڕێت**

**ئەو زۆرانبازی لەگەڵ کوڕانی کەنار دەریا دەکات**

**کوڕانی ڕۆژهەلاتی ڕۆژیش لەناو دەبات**

**لەژێریدا سەرەکان وەك هەڵۆکان دەفڕن**

**لەسەریشیەوە پەلوپۆکان پەرت وبلاودەبنەوە وەك کولە**

کوڕانی کەنار دەریا بریتین لە دانیشتوانی ڕۆژئاوا.بەلام کوڕانی ڕۆژهەلاتی ڕۆژ بریتین لە دانیشتوانی ڕۆژهەلات.واتە عونات زۆر بەووردی کوشتاری لەهەموو خەڵکی کردووە.بەهۆیەکی ناونراوە،عونات بڕیاریدا کە توخمی مرۆیی لەناوببات بۆ ئەوەش هۆکاری ڕاستەوخۆی گرتە بەر،واتە جێبەجێکردنی ئەرکەکە بەدەستی خۆی، بەپێچەوانەی خواوەند ئەنلیلەوە کە بڕیارێکی هاوشێوەی دەرکرد لە ولاتی دوو ڕووباردا بەلام ئەو لەهەڵمەتەکەیدا نەخۆشی و پەتا کوشندەکانی بەکارهێنا هەروەك چۆن لافاوی گەورەی بەکارهێنا.

**ئەو ڕۆ دەچێتە خوێناوی پاڵەوانەکانەوە تاسەر ئەژنۆ**

**ئەو مەلە دەکات لە ناوخوێنی خەڵکدا تاگەردن**

بەلام گێمی یەکەم بەس نیە،دەبینین جارێکی تر دووبارەی دەکاتەوە:

**ئەو بەتوندوتیژیەوە شەڕ دەکات**

**ئەو شەڕ لەگەڵ کوڕانی دووشارەکە دەکات**

... ... ...

**شەڕ دەکات( دەوەستێت ) و دوور دەڕوانێت**

**سەردەبڕێت( دەوەستێت ) ڕادەمێنێت**

**جگەری لەخۆشیدا دەتەقێت**

**دڵیشی پڕ دەبێت لە خۆشی**

**ئالای سەرکەوتن لەدەستیدایە**

**ڕۆدەچێت لەخوێناوی پاڵەوانandا تا سەر ئەژنۆ**

**مەلەدەکات لەخوێنی خەڵکیداتا گەردن.**

کاتێك عونات لەکارەکەی تەواو دەبێت و توڕەبوون و هەڵچوونەکەی هێوردەبێتەوە تا دەستدەکات بە:

**دەستەکانی لە خوێناوی سەربازەکاندا دەشوات**

**پەنجەکانیشی لە خوێنی خەڵکیدا**

[........]

**ئاوکۆدەکاتەوە و دەشوات**

**بەشەونمی ئاسمان**

**و بە چەوری زەوی**

**بە بارانی سوارەی هەورەکان( دەشوات )**

ئالێرەدا بەعل هەڵدەستێت بە ناردنی دوو نێردراوەکەی بۆلای خواوەندی توڕە،داوای لێدەکات کە چەکەکەی دابنێت و ئالأی ئاشتی هەڵبکات،و بەڵێنی ئاشکراکردنی نهێنی سروشتی پێبدات ئەگەر ئەو هات بۆ سەردانی لەماڵە شاخاویەکەی:

**لەبەردەم قاچی عوناتدا بچەمێننەوە و کڕنۆش بەرن**

**کڕنۆش بەرن لەبەردەمیدا بۆ گەورەیەکەی**

**وە بەعوناتی داوێن پاك بڵێن،**

**بە خانمی پاڵەوانان ڕابگەیەنن،**

**نامەی بەعلی پایە بەرز**

**وشەی(( عەلی )) جەنگاوەری پێبڵێن:**

**(( کەنانێك لە زەویدا دابنێ**

**لەخاکیشدا لەفاحێك*( جۆرە ڕوەکێکی جادوییە ) دابنێ**

**لەزەویدا قوربانیەکی ئاشتی بڕێژە**

**و دیارییەکانیش لەناوەڕاستی کێڵگەکاندا دابنێ**

[..........]

---

* ڕوەکێکی پیرۆزە لەلای باوباپیران باوەڕیان وابوە کە توانای جادویی زۆری هەیە.

**بەرەو لای من با قاچەکانت خێراکەن**
**بەرەو لای من با پێکانت خێراکەن**
**قسەیەکم هەیە بۆت، حەزدەکەم پێتی بڵێم**
**و مەسەلەیەکیش ئەگەر پێم وتی**
**ئەوە قسەی درەختەکانە( گەڵاکانە )**
**ئەوە چرپاندنە مەلی زەویش نایانزانێت**
**ئەوە چرپاندنی بەردەکانە( بەردە )**
**چرپاندنی ئاسمان بۆ زەوی**
**بۆڵەبۆڵکردنی قوڵاییەکانە بۆ ئەستێرەکان**
**من بەو هەورە بروسکەیە دەزانم کە قوڵایی ئاسمان نایزانێت**
**من نهێنی وام لەلایە کە مرۆڤ نایانزانێت**
**و کۆمەڵی زەویش نایانزانێت**
**وەرە بۆ لام، ئەوەی لەلامە پیشانتی دەدەم**
**وەرە بۆ بارەگاکەم، من خوای صفۆنم، وەرە بۆ حەرەم سەراکەم***
**بۆ شاخەکانم، بۆ جێگەی پیرۆز**
**بۆ گردۆڵکە بەهێزەکان( بەرگریکارەکان )**

کاتێك دوو نێردراوەکە نزیك دەبنەوە عونات دەفرێت و وادەزانێت کە شتێکی خراپ بەسەر بەعلدا هاتوە و ئەو دەستپێشخەری دەکات و بە پەرۆشیەوە پرسیاریان لێدەکات:

**ئەی (( جۆبار )) و (( ئۆگار )) چی ئێوەی هێناوە**
**چ دوژمنێك بەرووی بەعلدا هەڵشاخاوە؟**
**و چ دژێك بەرانبەر سوارەی هەورەکان بوە؟**

---

* دێڕەکە بە دەستکاریەوە وەرگێڕاوە.

**ئایا من ئەو کەسە نیم کە یەمم تێکشکاند و خۆشەویستی ئیلیشم؟***
**ئایا من ئەو کەسە نیم کە بەسەر ڕووباردا زاڵ بووم، خواوەندی گەورە؟**
**ئایا من ئەو کەسە نیم کە ئەژدیهام لەناوبرد؟**
**و ماری لولپێچم تێکشکاند کە خاوەن حەوت سەر بوو**
**بەسەر مردندا زاڵ بووم کە هەڵبژاردەی خواوەندی زەوی بوو.**
**ماڵی ئیلم کاولکرد(( زیوب ))****
**هەمویانم کوشت و ئاڵتونەکانیانم بۆخۆم برد**
**ئەوانەی کە بەعلیان لە بەرزاییەکانی صفون دەرکرد**
**ئەوانەی کە لەسەر کورسی دەسەڵاتەکەی لایانبرد،**
**دوریان خستەوە لە عەرشە گەورەکەی**
**بەڵێ، چ دوژمنێك بەڕووی بەعلدا وەستاوەتەوە؟**
**دوو گە نجەکە وەڵامیان دایەوە و وتیان:**
**هیچ دوژمنێك بەڕووی بەعلدا نەوەستاوەتەوە**
**نەخێر و نەبوە هیچ دژێك بە ڕووی سوارەی هەورەکاندا بوەستێتەوە**
**تەنها ئەوە نامەیەکە لە بەعلی پایە بڵندەوە،**
**و قسەیەکە لە عەلی جەنگاوەرەوە:**
**(( لە زەویدا نانێك دابنێ**
**لەخۆڵیشدا لەفاحێك دابنێ**
**لە زەویشدا قوربانیەك بۆ ئاشتی سەرببڕە**
**و دیاریەکانیش لەناوەڕاستی کێڵگەکاندا دابنێ )).**

**نامەکە پیت بە پیت دووبارە دەکەنەوە تا کۆتای،کاتێك تەواو دەبن بە پەرۆشەوە وەڵامیان دەداتەوە:**

---

* لێرەدا تێبینی دەکەین کە عوناتیش هەمان پاڵەوانێتیەکان بۆخۆی دەبات کە بەعل لە تابلۆکانی تردا پێیهەستاوە.

** ئەو جیاوازە لە خواوەند ئیل.

**نانێك لەزەویدا دادەنێم**

**لە خۆڵیشدا لوفاحێك دادەنێم**

**لەزەویشدا قوربانیەك بۆ ئاشتی سەردەبڕم**

**و دیاریش دەدەمە ناوەڕاستی كێڵگەكان**

ئەو ناوەستێ لەسەر گەڕانەوەی دوو نێردراوەكە بۆ وەڵامەكانیان، یەكسەر فڕی و سەدان میلی بڕی بەسەر چۆڵەوانی و بیاباندا،كاتێك بەعل بینی كە لەدوورەوە هات كۆمەڵێك لە ژنان دەنێرێت بۆ پێشوازی، و لەبەردەمیدا گایەك سەردەبڕێت،و ئاهەنگێكی گەورە و بەناوبانگ ڕێكدەخات، و سروشتیش بە هاتنی شادمان دەبێت،ڕووەكەكان سەمادەكەن و ئاژەڵەكانیش زاوزێ دەكەن.

**٤. دەقێك بە زمانی یۆنانی-سا نخۆتیاتن و بیردۆزەیەكی ساختە :**

لەگەرمەی بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری هیلینی كە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە لە سەدەی سێیەمی پ.ز وە،دەنگی نەشاز لێرەو لەوێ بەرزدەبونەوە،داوای یادكردنەوەی ڕۆشنبیری ناوچەكەیان و وەستان بە ڕووی شەپۆلی ڕۆشنبیری یۆنانیدا دەكرد كە دەستیكردبوو بە مۆرلێدانی جیهانی شارستانی بە مۆری خۆی لەو سەردەمەدا.لەو دەنگانە دەنگی نوسەری سوریای فیلۆئەلجبیلی بوو كە لە كۆتایی سەدەی یەكەمی پ.ز ژیاوە،و كتێبێكی گەورەی داناوە لەمێژووی فینیقیەكاندا كە نۆ بەش لە خۆ دەگرێت كە هەموویان لەناوچوون،تەنها هەندێ پەرەگرافی پەرت و بڵاوی لێماوەتەوە كە نوسەرانی تر لەوەوە گواستویانەتەوە.

لە باسكردنیدا دەربارەی ئەفسانە ناسیدا هەوڵیداوەكە بیسەلمێنێت كە ئەفسانەكانی ئیگریكی زۆربەیان داڕێژراون لەسەر بنەڕەتی كەنعانی ڕۆژهەڵاتی، زۆربەی خواوەندەكانی ئیگریكی گەڕاونەتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە فینیقیەكەیان، هەموو بیرۆكەكانی داناوە لەسەر زمانی نوسەرێكی فینیقی كۆن كە لە سەدەی چواردەهەمی پ.ز دا ژیاوە كە ناوی(( سانخۆنیاتن)) بوە بانگەشەی ئەوەی كردوە كە كتێبە گەورەكەی تەنها وەرگێڕدراوی بیرۆكەكانی ئەو نوسەرە گەورەیەیە.

پێدەچێت گرنگترینی ئەوەی بۆمان مابێتەوە لە كتێبی فیلۆن–سانخۆنیاتن،بریتیە لە بیردۆزەی فینیقی لە دروستبوندا، كە بەدەستمان گەیشتوە بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەی هەندێ نوسەری مەسیحی لە ڕەخنەگرتنی، لەو هەڵمەتەی كە بەرپایان كرد دژی بیرباوەڕە كۆنەكان و بەدرۆخستنەوەیان.بەو شێوەیە دەبینین كە بیردۆزەی سانخۆنیاتن كە فیلۆ گواستویەتیەوە، بەدەستمان نەگەیشتوە تەنها لەڕێگەی سەرچاوە دژەكانەوە نەبێت،كە بەكاریان هێناوە وەك هۆكارێك بۆ ڕەخنەگرتن و دەمەدەمەكردن،بۆ جێگیركردنی بیری مەسیحی نوێش.ئەم بارودۆخە سەرتاپای،بوارێكی فراوان بەجێدێڵت بۆ گومان لە ڕاستی كە لەداهاتوودا باسی لێوە دەكەم.

بیردۆزەكە دەڵێت  لەسەرەتاوە،هیچ شتێك نەبوە جگە لە ڕەشەبایەكی هەڵكردوو نەبێت، و بۆشاییەكی تاریك،لەدوایدا ئەو ڕەشەبایە كەوتە داوی خۆشەویستی بنەما تایبەتیەكانیەوە و جووت بوون.ئەو جووت بوونە بریتی بوو لە (( ویست یان ئارەزوو)) كە بریتیە لە بنەمای دروستبوونی هەموو شتەكان. ڕەشەباكەش هیچ زانیاریەكی نەبوو دەربارەی ئەوەی كە كردی.لە ئەنجامی جووتبوونی ڕەشەباوە((مردن)) بەرهەم هات كە بریتی بوو لە بارستاییەك لە قوڕ یان كۆمەڵێك لە توخمی ئاوی هەڵهاتوو.تۆوی دروستبونیش بوو،مردن لە شێوەی هێلكەیەكدا بوو كاتێك دروست بوو.دواتر ڕۆشنبۆوە و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەكان و كۆمەڵە ئەستێرە  گەورەكانی بەرهەمهێنان.

دواتر هەوا گڕیگرت لە ئەنجامی گڕگرتنی وشكانی و دەریاوە و هەوا و هەورەكان دروسبون و بەشێوەیەكی خوڕ ئاو دابەزیە سەر زەوی.و بەكاریگەری گەرمای ڕۆژ،شتەكان لەیەكتر جیابونەوە و لەجێگەكانی خۆیان بەرزبونەوە بۆئەوەی لەهەوادا بەیەك بگەن و بەریەك بكەون،لە ئەنجامدا بروسكە و تریشقە دروست

---

6. L.Delaport .Phoenician Mythology (in larousse Encyclopedia of mythlogy)

بوون.لە ئەنجامی دەنگەکانیانەوە ئاژەڵان بەترسەوە بەئاگاهاتنەوە و لەسەر وشکانی و لەناو دەریادا بە نێر ومێیانەوە.دەستیان کرد بە گواستنەوە و هاتووچۆ.

بیردۆزەکە درێژەی دەداتێ دەربارەی گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی مرۆۋ لەسەرەتاوە لە دوانەوە(( کۆلبیا)) و (( باو)) و بۆ هەر نەوەیەك چاکەی دۆزینەوەیەك لەدۆزینەوەکانی شارستانی دەگێڕێتەوە. وەك دۆزینەوەی ئاگر و کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و وەکو ئەمانە. هەروەها چۆن مرۆۋ خاوەنی ئەو دۆزینەوانەی پەرستوە و کردونێتیە خواوەند لەدوای مردنیان،تاگەیشتۆتە ئۆرانۆس —ئاسمان و ژنەکەی جیا زەوی،کوڕی علیۆن،واتە بەرز یان بڵند .دەقەکە هەمان چیرۆکی ئەگریکی ناسراو ڕاڤە دەکات دەربارەی دڵڕەقی ئۆرانۆس بەسەر منداڵەکانیەوە و هەوڵی کوشتنیان،تا ئەو کاتەی کرۆنۆس دێت،یەکێ لە منداڵەکانی،کە بەسەریدا سەردەکەوێت بەهاوکاری هاوڕێیەکی هەرمس و دەسەلاٌتەکەی وەردەگرێت.هەر ئەو یەکەم کەس بوو کە شارێکی فینیقی دروستکردوە کە شاری جبیلە.بەلاٌم باوکی سێ کچی نارد بۆ کوشتنی،بەلاٌم کرۆنۆس توانی بەلای خۆیدا ڕایانبکێشێت و بیانکاتە ژنی خۆی.یەکەمیان کە عەستارتە حەوت کچ و دوو کوڕی لێ بوو یەکێکیان یۆتۆس،و ئەویتریان ئیرۆس.دووەم ژنیشی کە ڕەحیابە،بەهەمان شێوە حەوت کچی لێبوو،کاتێك ئۆرانۆس جەنگی دژی کوڕەکەی کرۆنۆس درێژە پێدا، کوڕەکەی باوکی بەشێوەیەکی کتوپڕ خستە بۆسەیەکەوە و بەدیل گرتی و خەساندی و خوێنەکەی هەڵچوو و گەیشتە ناو جۆگەلە و سەرچاوەکانەوە.

نامەوێت درێژە بە گێڕانەوەی زیاتری ووردەکاری دەربارەی ئەو بیردۆزەیە بدەم،بەوەندە کۆتای دێنم کە باسمکرد.ساختەیی دەقەکە بە ڕۆشنی دیارە بۆ هەموو کەس بەبێ ئەزیەتکێشان و ماندووبونێکی زۆر لە ووردبونەوەی. دەستدەکەم بە ڕەخنەگرتنی لە سێ گۆشە نیگاوە.گۆشەنیگای یەکەم،ئەوەی کە دەقەکە خۆی پێشکەش دەکات،بەبێ گوێدانە هەر توخمێکی دەرەکی.گۆشە نیگای دووەم،کەین و بەینی گەیشتنی دەقەکە بۆ ئێمە، و ئەو ڕێچکە نائاساییانەی کە

گروتونیەتە بەر.و گۆشەنیگای سێیەمیش ئەوەی کە هەڵکۆڵراوەکانی سەری شەمرا پێشکەشی کردووین کە بەراوردکاری بە سوود لەگەڵ نمونەکانی ئەو دەقە لە پاشینانە.

**یەکەم :** لەخوێندنەوەی یەکەمی دەقەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بە گیان و پاشخان و ڕۆشنبیریەکی یۆنانیەوە نوسراوە،گیانی فەلسەفەی ئەگریکی تیشك دەداتەوە لەهەر پیتێك لە پیتەکانیەوە، بەتایبەتیش لە پێشەکیەکەیدا.کاتێك کە ڕەشەبایەکی هەڵکردوو،خوانێکی تاریك هەبوە ،کاتێك ڕەشەباکە کەوتۆتە خۆشەویستی بنەما تایبەتیەکانیەوە...هتد.هەروەها چڕبونەوە لەسەر بیرۆکەی سەرهەڵدانی مادی بۆ ئاین و لەسەر ئەو خواوەندانەی کە مرۆڤەکان پەرستویانن،جگە لە پیاوچاکەکان چیدی نەبوون کە خزمەتی گەورەیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی گەیاندوە و بونەتە هۆی بەخواوەند سەیرکردنیان و پەرستنیان،ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ کاریگەربوونی گەورە بە ئاڕاستەی فەلسەفیە پاشینەکان، ودوورمان دەخاتەوە لە ڕێڕەوی ئاینی ئەفسانەیی کە باوبوە لەو ماوەیەی کە نوسەر بەرهەمەکەی تیادا بەرهەم هێناوە.سەدەی چواردەیەمی پ.ز سەردەمێك بوە کە تاوئەوکاتەش بیری ئەفسانەیی زیندوو بوە،وەهەر لەو سەردەمەدا تابلۆکانی سەری شەمرا نوسراون،ئەفسانەکانی بەعل و عونات و داستانەکانی کریت و ئاقهان.هەروەکو هەڵکۆڵراوەکانی جێگەی شاری ئۆگاریتی بۆی ئاشکرا کردووین.

ناشێت و ناکرێت بەهیچ جۆرێك کە ئەو ژیریەی ئەو دەقانەی بەهەم هێناوە،هەمان ژیری بن کە دەقی سانخۆنتیانی بەرهەم هێنابێت.ئەو گرفتانەی کەلەو سەردەمەدا باسکراون،گرفتی بوونی خواوەند یان نەبوونی نەبوە،بەڵکو گرفتەکە ئەوەبوە کە چ خوایەك بپەرسترێت.پرسیارکردن دەربارەی بوونی خواوەند هیچ کات نەخراونەتە ڕوو تەنها لەسەردەمە فەلسەفیە دواترەکاندا نەبێت.هەروەها لەهەمان ماوەدا ململانێی نێوان یەکتاپەرستی خودا و چەند خواوەندێتی هەبووە.کاتێك ئاینی ئەخناتوون پەیدابوو لە میسردا،لە سوریاش لەدوا ئەو ئاینی مویا هاتووە.

**دووەم :** فیلۆی فینیقی ( ٤٢ ی زاینی) هەواڵی پێداوین دەربارەی سانخۆنیاتین،و مێژووی فینیقی لەوەوە بۆ گواستوینەتەوە ،بەبیانوی ئەوەی کە تەنها وەردەگێڕدرێت بۆ یۆنانی،ئەوەی کە سانخۆنیاتن نوسیویەتی پێش هەزار و چوارسەد ساڵ.بەبێ ئەوەی پێش ئەوە هیچ باسێکی سانخۆنیاتنمان بیستبێت تەنها لەلای دوونوسەری سوری تر کە ئەوانیش،ئەدریانی صوری( ١٥٠ ی زاینی) و فۆرفیۆسی صوری( ٤٤٨ زاینی) کە هەردووکیان لەدوای فیلۆ جیبیلەوە بوون.دووریش نیە کە ئەمانیش لە باسکردنی سانخۆنیاتندا پشتیان بەستبێت بە فیلۆ خۆی.واپێدەچێت مەسەلەی لێکۆڵینەوەی دەقەکە قورستربێت لەکاتێکدا زانیومانە و پێمان گەیشتوە هەر لەڕێگەی پێنووسە یۆنانی و مەسیحیەکانیشەوە بووە.ئەو دەقەی کە ئێستا لەبەردەستماندایە ئۆزیب کە نوسەرێکی مەسیحیە بۆی گواستوینەتەوە کە ڕەخنەی لێگرتووە،وبەرگری لە مەسیحیەت کردووە.کەواتە چیمان لە سانخۆنیاتن بۆ مایەوە؟

سانخۆنیاتن لەکارەکانی فیلۆدا هاوشێوەی سوقراتی بینیوە لە گفتوگۆکانی ئەفلاتوندا،لەزەمەنێکی زۆر دوورەوە دڵنیابونەتەوە کە سوقرات،لە گفتوگۆکانی ئەفلاتوندا جگە لە کەسایەتیەك کە دەجولاٚ بۆ ئەوەی دەربڕێنەری بۆچوون و فەلسەفەکانی ئەفلاتون بێت هیچی تر نەبوو، لەگەڵ جیاوازی ئاشکرادا لە نێوان دوو نمونەکەدا لەبەرئەوەی بەڵگە لەبەردەستدایە لەسەر بونی کەسێك بەناوی سوقراتەوە، و لەبەرئەوەی کارەکانی ئەفلاتونیش ڕاستەوخۆ پێمان گەیشتوە،بەلاٚم هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نیە لەسەر بوونی سانخۆنیاتن، و کارەکانیشی فیلۆس بەتەواوەتی لەناوچوون.

**سێیەم:** زۆربەی ئەوەی دەیزانین لەبارەی لاهوتی کەنعانیەکانەوە بریتین لە پەرشوبلاٚویەك لەکاری چەند نوسەرێکی یۆنانیدا بەلاٚم دۆزینەوەی سەری شەمرا لەسەر کەناری سوریا لەسەرەتای ئەو سەدەیەوە،و شیکردنەوەی ئەلفوبێ یەکەمەکەی، وایلێکردین کە هەستبکەین کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەبێت بەبیر و ئەدەب و لاهوتی کەنعانیەوە.تابلۆکان لە خۆیان دەدوێن بەبێ میانگیر.قسەیەکی لە پێشینە هەیە کە نابێت باسی هیچ دەقێکی گوازراوە بکرێت

،كە دژ بێت بەوەی كە دۆزراوەكان لێی دەدوێن،ئایا تابلۆ ئۆگاریتیەكان چیان پێدەڵێن دەربارەی دەقی فیلۆ؟

هەندێ لەناوی خواوەندەكانی فینیقی هاتوە لەدەقی فیلۆدا.بەلأم ئەو دەقە پڕە لەناوی خواوەندە یۆنانیەكان،وایلێهاتوە كە ناوی هیچ خواوەندێكی ئەگریكی نەماوە كە ناوی نەهێنێت.باسی هەموو ئەو ناوانە هیچیانمان دەست نەكەوت لە تابلۆ ئۆگاریتیەكاندا كە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم كە نوسەری دەق بیردۆزەی سانخۆنیاتنی بۆ دەگێڕێتەوە.سەرەڕای جیاوازیە دیارەكان لە نێوان ئەركەكانی هەندێ خواوەند لەلای سانخۆنیاتن و ئەركەكانیان لە تابلۆ ئۆگاریتیەكاندا.

بەشێوەیەكی گشتی دەتوانرێت بووترێت،كە فیلۆ هەوڵیداوە كە بەرگری بكات لە ڕۆشنبیری سوری بە بەكارهێنانی تێڕوانینی ئەگریكی،و چوارچێوەی بیری ئەگریكی،هاتوە بیردۆزەیەكی هەڵبەستراوی هێناوە،پێش هەموو شتێك بریتیە لە بیردۆزە تایبەتەكەی نەك بیردۆزەی فینیقیەكان.هەندێ لە لێكۆڵەریارەكانی ئەفسانە لە عەرەبەكان* بە سانایی كەوتونەتە ناو داوە ئاسانەكەوە، وەوایان داناوە كە كارەكەی فیلۆ كارێكی فكریی ناوازەیە و دەربڕی فكری كەنعانی كۆنە و لایەنگیری و پەرۆشییان بۆ ئەو دەقە فەلسەفیە جوانە دووریخستونەتەوە لە تێڕوانینی بابەتیانە.

---

* بگەڕێوە بۆ كتێبی یوسف حۆرانی،بیردۆزەی دروستبوونی فینیقی،خانەی نەهار،بەیروت ١٩٧٠.

## ٤ // دروستبوونی تەوراتی

**کورتەیەکی مێژوویی :**

**ئەگەر بمانەوێت ئەو نوسینانەی عیبرانیەکان وەربگرین کە خۆیان نوسیویانە دەربارەی خۆیان لە تەوراتەکەیاندا،بەو پێیەی مێژووە،ئەوا لە بەدواداچوون بۆ دەرکەوتنی عیبرانیەکان لە ناوچەکەدا، لەمیانەی سێ جوڵەی مرۆیی سەرەکیەوە بۆمان ڕووندەبۆوە کە:یەکەم، کۆچی ئیبراهیم باپیری یەکەم،لەشاری ئوری کلدانی لەخاکی دووڕووباردا و جێگیربوونی لەزەوی کەنعان لە فەلەستین: (( خوا بە ئەبرامی ووت،دەرچۆ لە خاکەکەت و هۆزەکەت و ماڵی باوکیشت،بڕۆ بۆ خاکی ئاریك.دەتکەمە میلەتێکی گەورە،پیرۆزت دەکەم و ناوت گەورە دەکەم)) ١ دوای گەیشتنی ئەبرام و خێزانەکەی بۆ کەنعان،خوا ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا واژۆ دەکات. زەوی دەداتێ بەخۆی و نەوەکانی لەدوای خۆی : (( لەو ڕۆژەدا خوا ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئەبرامدا واژۆ کرد و وتی: بۆ نەوەکانت ئەو زەویە دەدەم لە ڕووبارەوە لە میسر بۆ ڕووباری گەورە،ڕووباری فورات)) ٢ .**

**کۆچی دووەم بەسەرکردایەتی یەعقوب یان ئیسڕائیلی کوڕی ئیسحاق و نەوەی ئیبراهیم بوە،لەو یەعقوبەوە ١٢ تیرەکەی ئیسڕائیل دەردەچێت لەگەڵ ئەویشدا خوا پەیمانەکەی ئیبراهیم تازە دەکاتەوە : (( ئەو زەویەی بەخشیومە بە ئیبراهیم و ئیسحاق، بەتۆش و نەوەکانیشتی دەدەم لەدوای خۆت)) ٣.**

**بەلام کۆچی سێیەم،کۆمەڵێ جولەکەی هەڵهاتوو لە میسر بە سەرکردایەتی موسا پێیهەڵساون،ئەو کەسایەتیە نادیارەی مێژوو،بەهەمان شێوەی نادیاری کەسایەتی ئیبراهیم،ئەوەش لە کۆتایی سەدەی سیانزەهەمی پ.ز.**

**ئەم کۆمەڵە شوانکارە برسیە چوونە ناو خاکی فەلەستینەوە لە باشورەوە دوای**

---

١. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ١٣ : ١-٢.

٢. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ١٥ : ١٨.

٣. سەردەمی کۆن، بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ٣٥:١٣.

ئەوەی سەریان لێشێوابوو لە بیابانی سینادا بۆ ماوی ٤٠ ساڵ،لە سزای ترسانیان لە چوونە ناوەوەی زەویەکە بۆ یەکەم جار.زەوی کەنعان ترساندبوونی لەوەی کە دیتیان لە بەرگری و سامان و شارستانێتی و کلۆم بوون و گەڕانەوە بۆ بیابان : ((موسا ناردینیانەوە بۆ زەوی کەنعان بۆ هەواڵگری... ڕۆیشتن بۆ ئەو زەویەی کە ناردمانت بۆی،بەڕاستی شیر و هەنگوینی زۆرە کە ئەوەش بەرهەمەکەیەتی.بەلاَم ئەو گەلەی کە نیشتەجێبوون لەو زەویەدا خاوەن شکۆ و ڕێزداربوون،شارەکانیش پارێزراو و زۆر گەورە بوون.......هەموو ئەو کەسانەی بینیمانن بالأبەرز بوون،لەوێدا پیاوە بەهێزەکان و مل درێژەکانمان بینی،ئێمە لەچاویاندا وەکو کوللە وابوین.....کۆمەڵەکە هەموویان بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد،ئەو شەوە موساو هاروون دەستیان بە گریان و هەموو گەلی ئیسرائیل ناڕەزاییان دەربڕی و پێیان ووتن،خۆزیا لەزەوی میسردا بمردینایە)).

ئالەوێدا یەهوەی خوایان توڕە دەبێت،و بڕیار دەدات لە چوونە ژوورەوەی زەوی کە بەڵێنی پێداون. تاخۆیان پاك نەکەنەوە لە پیس وپۆخڵیەکانیان: (( لەو چۆڵەوانیەدا لاشەکانتان دەکەوێت.... بەلاَم منداڵەکانتان من دەیانبەمە ژوورەوە،ئەو زەویە دەناسن کە ئێوە بە سووکتان سەیر دەکرد.لاشەکانی ئێوە لە چۆڵەوانیدا دەکەوێت،ومنداڵەکانتان دەبنە شوان بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ،گوناهەکانتان هەڵدەگرن هەتا لاشەکانتان لەناو دەبەین لە چۆڵەوانیدا)). ٤

پێشکەوتنی عیبرانیەکان لەزەوی کەنعاندا زۆر هێواش ولەسەرخۆ بوو.بەلاَم ئەو سیاسەتی لەناوبردنەی پەیڕەویان دەکرد مێژوو هاوشێوەی باس نەکردووە: ((هەموو ئیسرائیلیەکان گەڕانەوە بۆشاری (( ئەلعەی )) و بەشمشێر کەوتنە گیانی دانیشتوانەکیەوە.کۆمەڵی ئەو کەسانەی کە لەو ڕۆژەدا کوژران، لە پیاو وژن، دوانزە هەزار کەس بوون،کە بریتی بوون لە هەموو خەڵکی ئەلعەی .یەشوع ئەلعەی سووتاند.و کردیە گردۆڵکەیەکی پاشماوەی وێرانە لە لاشەی کوژراوان بۆ

---

٤.سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ١٣-١٣.

هەتاهەتایە)) ٥ (( لەهەمان کاتدا یەشوع گەڕایەوە و حاصوریشی داگیر کرد و پادشاکەی ،هەموو دانیشتوانەکەشی بەشمشێر کوشت،هیچ کەسێکی تیانەما،حاصوریشی بە ئاگر سووتاند)) ٦ (( صامۆئیل بە شائۆلی ووت، لەگەڵمدا شمشێر بنێرە،خوا ناردوومی بۆ سڕینەوەت بەسەر گەلەکەیدا ئیسڕائیل،ئێستا گوێ لە قسەی خوا بگرە... بڕۆ و لە زەبەلاحەکان بدە و لێیان خۆشمەبە و ژن و مێرد بکوژە،منداڵی شیرە خۆرە،مەڕ و مانگا و حوشتر و کەر بکوژە))٧.

کاتێك بەتەواوەتی دەستیانگرت بەسەر فەلەستیندا دابەشبوون بۆ دوو شانشین: ئیسڕائیل لە باکور و یەهودا لە باشوور.عیبرانیەکان بوونە بار بەسەر ڕۆشنبیریە هاوسێکانیانەوە.لەکاتی ئەوپەڕی گەشەکردنی وڵاتەکەیان،لەسەردەمی پادشا سولەیماندا،دەبینین ئەو پادشایە هاوکاری لە پیشەگەرەکان و وەستا فینیقیەکان وەردەگرت بۆ دروستکردنی پەیکەرە بەناوبانگەکەی،توخمە پێویستیەکانی لە فینیقیاوە بۆ دەهێنا : (( سولەیمان پادشا ناردی بۆلای پادشای صور و پێی ووت،هەروەك چۆن لەگەڵ باوکمدا داود هاوکاریت کردوە کە داری ئورزت بۆ ناردوە بۆ دروستکردنی خانوویەك بۆ خۆی تیایدا نیشتەجێببێت ،ئەوەتا منیش خانویەك دروست دەکەم بۆ ناوی خواکەم...دە ئێستا پیاوێکی دانام بۆ بنێرە لە پیشەسازی ئاڵتون و زیوو و مس و ئاسن و ئەرجوان و قورمز و کارامەییت لە هەڵکۆڵیندا....داری ئورزم بۆ بنێرە لەگەڵ صەندەڵ و سەروی لوبنانیش لەبەرئەوەی من دەزانم کە بەندەکانت کارامەن لە بڕینەوەی داری لوبناندا)) ٨ کاتێك سەدەی شەشەمی پ.ز لە کۆتایی نزیك دەبێتەوە نەبوخوزنەسری بابلی شانشینی ئیسڕائیل وێران دەکات،پیاوەکان بەدیل دەبات بۆ بابل.دوای ئەوەی داگیرکردنی

---

٥. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ٨ : ٢٤-٢٨.

٦. سەردەمی کۆن،یوشەع،ئەصحاحی ١١:١٠.

٧.سەردەمی کۆن،صامۆئیل،ئەصحاحی ١٥: ١-٣.

٨.سەردەمی کۆن،هەواڵی ڕۆژانە ٢ ئەصحاحی دووەم: ٣-٨

یۆنانی دەستپێکرد و دواتر ڕۆمانی و بوونی سیاسی یەهودی بەتەواوەتی لەناوچوو.دوای ئەوەش بونی ئاینی و کۆمەڵایەتیشیان بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوو بە بڵاوبونەوەی مەسیحیەت و گەلانی سوریا چوونە ناو ئەو ئاینە نوێیەوە.

* **پاشخانی ڕۆشنبیری :**

جولەکە کاتێ هاتنە سوریای باشورەوە لەگەڵ خۆیاندا ڕۆشنبیریەکی تایبەتیان نەهێنابوو،ئەوان لە میسردا ژیانی بەندە و ڕیسواکان ژیابوون، لەسەر داواکاری پیاوی پۆلاّیین کە موسا بوو لەو ژیانە و لە میسر هەلاّتن، بیروبۆچونەکان جیاواز بوون دەربارەی ئەو پیاوە ناوازەیە.لەوانەیە زۆرترین بیربۆچوونی ووروژێنەر ئەوە بووبێ،بریتی بێت لەو بیردۆزەیەی کە دەڵێت موسا ڕەچەڵەکی میسریە بەلاّم جولەکە نیە ٩،ئەو سەرکردەیەکی سەربازی بوە لەدواکەوتەکانی ئاینی ئاتوون،کە بەیەکەمین ئاینی یەکتاپەرستی ناسراوبوە لە ڕووی مێژووییەوە،کە فیرعەون ئەخناتون دایمەزراند،کاتێك ئەخناتون نەماو لەناوچوو،کاهینەکانی ئاینە کۆنەکان هەموو ئەوانەی ئەو بینای کردبوون لەناویان برد و تێکیان شکاند.دواکەوتە و خێزانەکان و خزمەکانی مایەوە و ئەرکی درێژەپێدانی پەیامەکەی خستە سەر ئەستۆی خۆی و هەستا بەهەڵبژاردنی جولەکە،ئەو پێکهاتە نامۆ و چەوساوەیە، بۆمژدەبەخشینلەنێویاندا،سەرکردایەتیکردن،لەبەرانبەربەرچاو ڕۆشنکردنەوەیاندا، لە ڕێڕۆیشتنە دووردرێژەکەیاندا بۆ ڕزگاربوون لە بەندایەتی. پێدەچێت ئەو هەڵبژاردەیەی کە موسا پێیهەستا،هەر ئەوە بێت کە بیرۆکەی هەڵبژاردنی خواوەند یەهوەی دابێت بۆ گەلەکەی لە تەوراتدا.ئەم بیردۆزەیە( تیۆریە) درێژە بە لۆژیکەکەی دەدات و دەڵێت کە جولەکە لەدوای دڵشکاویە یەك لەدوایەکەکانی وونبونی درێژیان،سەرکردەکەیان کوشت لە یەکێك لە هەڵچونە توڕەبونەکانیاندا.

هەر ئەو کردارە ناشیرین و قێزەونە بیرۆکەی مەسیحی چاوەڕوانکراوی هێناوەتە ناو ئاینی یەهودیەتەوە،لەبەرئەوەی پەشیمانی دڵی بکوژەکانی گوشیوە،و لەدوای

---

٩. سیگمۆند فرۆید،موساو یەکتاپەرستی.

ئەوەش لە نەستی کۆمەڵەکەدا جێگیر بووە،خۆزگەی گەڕانەوەی کوژراو سەریهەڵداوە،تالە کۆتایی جیهاندا بگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی گەلەکەی.

سەرەڕای کەمی زانیاریمان دەربارەی ئاینی ئاتوونی،بەهۆی ئەو تۆڵە سەندنەوە گشتگیرەی کە بەسەریدا هات لەلایەن کاهینە ڕق هەستاوەکان لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین کە ڕووی لێکچوونی ئەو دوو ئاینە پیشان بدەین،ئاتونی و موسایی،سەرەڕای ئەوەی ئەوە دوایین ملکەچی بوو لەدوای موسا.

**یەکەمیان**، هەردوو ئاینەکە ،بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سووربوون،لەسەر بوونی یەك خودا،بەڵام یەکتاپەرستی ئاتوونی گشتگیر و فراوانتر بوو،لەبەرئەوەی ئەو ئاتوون دەبینێت وەك خوای هەموو گەلان،بەڵام یەهودیەت بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێژوودا مایەوە، لەسەر بڕوابوونی بە یەهوە وەك خواوەندێك بۆ گەلی یەهودی،کەلەشەڕ و سەرکەوتنەکاندا دەردەکەوێت.نەك وەك ئاتوون کە دەردەکەوێت لەگوڵ و درەختەکان و هەموو شێوەکانی گەشەکردن و ژیاندا.

**دووەمیان**،هەردوو ئاینەکە دروستکردنی پەیکەر و وێناگکرتنی خوای تاك و تەنها قەدەغە دەکەن،لەبەرئەوە هەموو ئەو پەیکەرانەی کە لەسەردەمی دەسەلاَتی ئەخناتووندا دروستکران تێکشکێنران و هەموو وێنەکانی و ناوەکانی خواوەندە کۆنەکانیش لەسەر دیواری پەرستگاکان سڕدرانەوە.تەنها هێمای ڕێگەپێدراو وەك هێمای خواوەند،بریتی بوو لە تیشکی خۆر کە هەموو توێژەکان هاندەربوون بۆ سەیرکردنی ئەو هێزە شاراوەیەی لە پشتەوەیەتی.ئاتوون بریتی نیە لەخودی ڕۆژ بەڵکو دروستکەری تیشکەکەیەتی کە وزەی دەداتیٚ.وەئەوەی لەو تۆپە گڕگرتوەدایە لە نەمری و درەوشانەوە شتێك نیە،تەنها هێمایەك نەبێت بۆ تواناى شاراوە.هەروەها لەتەوراتدا دەخوێنینەوە : (( پەیکەر بۆخۆت دروست مەکە،وێنەیەك لە ئاسمان لەسەرەوە و لەزەویشدا لەخوارەوە و لە ئاوی ژێر زەویشدا ))١٠ .

---

١٠. سەردەمی کۆن،سوپاسگوزاری،ئەصحاحی ٥ :٧.

**سێیەم**، لەهەردوو ئاینەکەدا پاشماوەیەك نابینین بۆ بیرۆکەی زیندووبونەوە و لێپرسینەوە و ژیانی دوایی.ئەخناتوون لەململانێکەیدا لەگەڵ ئاینە هەبوەکانی ئەو کاتەدا،ویستویەتی کە ئۆزۆریس بێبەریبکات،کە خواوەندی یەکەمی میللی بوە.تەخت و شانشینەکەی لەدنیای کۆتاییدا بوە،لەبەرئەوەی خواوەندی زیندوکردنەوە و لێپرسینەوە بوو کە چاکە و خراپەکانی دەکێشێت لە جیهانی ژێرەوەدا.وەخاوەنی دڵی بەندە لێکۆڵەرەوەکانی بوو بەدوای خۆشیدا لە ژیانی دووەمدا. لەبەرئەوەی ئەخناتوون بەنیەت بڕیاری پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەی زیندووبونەوە و لێپرسینەوەیدا.لەسەر ئەو ڕێچکەیەش ئاینی یەهودی تانوپۆکراوە کە مردن* بەڵکو ئەو بیرۆکەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دادەنرا بەزانینێکی دروستکراو ، و نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر مێشکی هەندێ لە پیاوە ئاینیەکانیشدا هەتا ماوەیەکی دواتر نەبێت و پێش دەرکەوتنی گەورەمان مەسیح.

**چوارەم** ،بەرەچاوکردنی پەیوەندی ئاینەکانی میسر بە جادووەوە،ئاینی ئاتوونی دژایەتی جادوو و جادووگەرانی دەکرد و کاریگەریەکانی پوچەڵ دەکردەوە لە کۆمەڵگادا،هەروەها لە ئاینی یەهودیشدا کە جادووی قەدەغەکرد.کاریگەری ئاینی یەهودیەت بە ئاینی ئاتونیەتەوە مەسەلەیەکی لۆژیکی و شیاوبوە،بەبێگوێدانە چیرۆکی موسای میسری .ئاینی یەهودیەت لەزەمەنێکدا سەریهەڵدا کە زۆر دوور نەکەوتبۆوە لە زەمەنی گەشەسەندنی ئاتونیەت،بەسانایی دەتوانین گریمانە بکەین کە ئاینی ئاتونیەت دوای ڕووخانی،گۆڕدرا بە ئاینێکی نهێنی لەناو چەوساوە نامۆکاندا،تا شێوە نوێکەی وەرگرت لەسەر دەستی موسادا.هەندێ لە توێژەکانی ئاتونیەت بەردەوامی زیندوویێتیان هەبوو لە کتێبی تەوراتدا.بۆ نمونە لەوانە نوێژەکانی ئەخناتون لە سوپاسگوزاری خواوەنددا کە دەبینین لەبەشی ١٠٤ لە بەشەکانی تەوراتدا:

---

*بۆ زیاتر ووردەکاری دەربارەی تێڕوانینی یەهودیەت لە بابەتی ژیانی دواییدا،بگەڕێوە بەشی جیهانی ژێرەوە لەم کتێبەدا.

**نوێژی ئەخناتوون ١١**

**– جیهان لە تاریکیدایە وەکو ئەوەی مردن بێت.ڕەشەبای دەردەچێت لە**

**– ناخیەوە ژیان لە کونەکانیەوە**

**تاریکایی باڵدەکێشێت**

**– کاتێك لە ئاسۆدا هەڵدێت بەرەو ئاوابوون دەچێت**

**تاریکی .و هەموو کەس دەڕوات بەلای کارەکەیەوە**

**– هەموو درەخت و ڕووەکەکان گوڵ دەکەن و دەکرێنەوە**

**باڵندەکانیش دەفڕن لەناو چڵ و لقەکاندا،مەڕەکانیش**

**سەمادەکەن و ڕادەوەستن لەسەر قاچەکانیان**

**-پاپۆڕەکانیش بە لۆزیان پێشوازیان لە هەڵچون و داچوون و شەپۆلە زۆرەکانی ئاو دەکرد**

**ماسیەکانیش لە ڕووباردا بەبەردەوامی بازدەدەن،تیشکەکانت**

**لەناوەڕاستی دەریای گەورەدا**

**– ئای چەندە زۆرە کارەکانت..زەویت بە**

**ویستی خۆت دروستکرد.هەموو ئەوانەشی لەسەریەتی**

**لە مرۆڤ و ئاژەڵ**

**-ئیلت لە ئاسمان دروستکرد**

**ئاو دەنێریت بۆ بونەوەران ،ئاو دەدات بە**

**کێڵگەکان و واش لەشاخەکان دەکات لافاویان پیادا بێتە خوارەوە**

**بۆئەوەی مرۆڤ و ڕانەکان لە زەویدا ئاوبدات**

**– هەرتۆی کە وەرزەکانت دروستکردوون. و ئاسمانیشت دروستکرد**

**دوورە و دەدرەوشێتەوە تیایدا و هەڵدێت و ئاوادەبێت ڕۆژدوای ڕۆژ**

**– جیهان هەموو لەنێو دەستدایە.کاتێك دەدرەوشێتەوە بەسەر بونەوەراندا**

---

١١. دێڕەکانی داهاتوو هەڵبژێردراوە لە نوێژی ئەخناتوون.لە پێناو دەقێکی تەواودا بگەڕێرەوە بۆ William H.Mcneill.The Anceint Near East، Oxford، london.1968.

- دەژی.كاتێك مردنی لێئاوا دەبێت، بەتۆوە مرۆڤ دەژی.

## مەزموری ١٠٤

تاریكی دێنیت و شەو دروست دەبێت،كە تیایدا
هەموو ئاژەڵە كێویەكان دەكەونە جوڵە
بێچوەكانیش دەیاننەڕاند بۆ ئەوەی بیڕفێنیت و داوا لە خوا دەكەن
بۆ خواردنەكانیان
- ڕۆژهەڵدێت و لەناو كولانەكانیاندا كۆدەبنەوە و چاودێری دەكەن.
مرۆڤ دەردەچێتە دەرەوە بۆ كارەكە و سەرقاڵیەكەی؟بۆ ئاسمان
-درەختەكانی خودا ئورزی لوبنان تێردەكات ئەوەی كە وەستاندویەتی
كاتێ لەوێدا چۆلەكەكان هێلانە دەكەن بەلاّم حاجی لەقلەق و سەروو؟
ماڵەكانیان.شاخە بەرزەكانە بۆ كەڵەكێوی ،بەردەكانیش لانەن بۆ گیانەوەرە توكنەكان
وەك پشیلەكێوی و كەروێشك
- ئەو دەریا گەورە و فراوانە لەهەر چوارلاوە
بونەوەر هەیە بەبێ ژمارە،لە بچوكەوە تاگەورە
، پا پۆڕەكان هاتوچۆ دەكەن
- ئای چەندە گەورەن كارەكانت ئەی خوایە
بەدانایت دروستتكردوون،زەوی بەدەوڵەمەندیت پڕە
- شاخەكان بەو بەرزاییانەوە ئاو دەدەیت و بەرهەمیان هەیە؟
كارەكانت زەوی تێر دەكەن.گژوگیا دەڕوێنیت
بۆ ئاژەڵەكان،سەوزایش بۆ خزمەتی مرۆڤ بۆ دەركردنی
نان لە زەویدا
مەییش دڵی مرۆڤ خۆش دەكات
- مانگ دروستكراوە بۆ كاتەكان.
ڕۆژ جێگەی ڕۆژئاوابوونی دەزانێت

**هەموویان لێتدە پاڕێنەوە بۆ ئەوەی هێزی پێببەخشیت لەکاتی خۆیدا.**
**بیدەیتێ و دەیگریتەوە، دەست دەکەیتەوە و تێر نان دەبیت، ڕووت وەرگێڕیت**
**دەترسن و گیان دەردەکەن و دەمرن و بۆ خاکەکەی دەگەڕێتەوە.**
**گیانت دەنێریتەوە سەر لە نوێ ڕووی زەوی دروست دەبێتەوە.**

ئەمە و لەوانەیە ئێمە بتوانین کە زیاتر لەم هاوشێوانە بدۆزینەوە گەر کەلتوری ئاتوونی زیاتر لەوەی هەیە پێمان بگەیشتایە،بەڵام تۆڵە سەندنەوە گشتگیرەکە کە ئەو ئاینە ڕووبەڕووی بۆوە لەدوای مردنی دامەزرێنەرەکەی، وایکرد کە مێژوو لەبارەیەوە شتێکی کەم بزانێت.ئەگەر ئاینی ئاتوونی پاڵی یەکەمی دابێت بە ئاینی یەهودیەتەوە،ئەوا ئەو کەش و هەوایەی کە تیایدا گەشەی کرد و گەورە بوو، لەدواتردا،مەبەستم ڕۆشنبیری سوری دراوسێیە،لەوانەبوو کە کاریگەرییەکی گەورەتری هەبوایە لە دروستبوون و پێشکەوتنە لەسەرخۆکەی.تەورات نوسراوەتەوە لە میانەی ماوەیەکی کاتی کە لە سەدەی دەیەمی پ.ز وە دەست پێدەکات و لەسەدەی یەکەمدا کۆتایی دێت، بەشە پێنجەمە یەکەمەکان بەدرێژایی سێ سەدە نوسراونەتەوە کە لەسەدەی دەیەمەوە دەستیپێکرد،بەڵام دوا بەشی تەورات،کە بەشی ئازارەکانی یەکەمە،و بەشی ئازارەکانی دووەمە،ئەوا لە سەدەی یەکەمی پ.زدا نوسراونەتەوە.تەورات تاکە داستانی ڕۆشنبیریە بۆ گەلی جولەکە.

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە هێواشەدا بیرۆکەی جولەکە دەربارەی خودا پێشکەوت.پێویست بوو لسەر خواکەیان یەهوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چاوەڕێبکات پێش ئەوەی تەنها لە خوایەکی تایبەت بەگەلی ئیسڕائیلەوە بگوێزرێتەوە و ململانێ و شۆقشۆقێن بکات لەگەڵ خواوەندەکانی گەلانی تردا بۆ پارێزگاری لەسەر یەکتاپەرستیەکەی لەلای گەلە هەڵبژێردراوەکەی،بۆ خوایەکی ڕەهای جیهان،ئایەتەکانی تەورات دەربارەی یەهوە هەمیشە قسەدەکەن وەک گەورەترین خوای بە پلە و پایە: (( ئەوماڵەی کەمن دروستم کرد گەورەیە لەبەرئەوەی خواکەمان گەورەترینە لەهەموو خواوەندەکانی تر ))١٢ یەهوەش بۆخۆی پێدەچێت خوایەکی کەنعانی بێت.لەساڵی ١٩٣١دا لە زەوی کەنعاندا لە نێوان دۆزراوەکاندا،پارچەیەك لە خشڵ دۆزرایەوە،لەپاشماوەی سەدەی مسی،کە

**ناوی خواوەند هو(( یاه)) یان (( یاهو))ی لەسەر نوسرابوو.هەروەك لە خواوەند ئیل دەبیستین کە لەهەندێ لە تابلۆ ئۆگاریتیەکاندا دەڵێت : ناوی کوڕەکەم یاوە،پێدەچێت عیبرانیەکان ئەم خوایەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبێت بۆ میسر،و گەڕانویانەتەوە و تێکەڵ بە خواوەند ئاتوون بوە دوای هەڵهاتنیان لەوێ،یان دەرکردنیان*.**

**لەبەشەکانی یەکەمی تەوراتدا دەبینین، کە جولەکەکان خواکەیان ناو دەبەن بە ((ئیل )) کە خوای خواکانە لای کەنعانیەکان و ئارامیەکان و خوای ئاسمانە.لەبەشی دروستبووندا ئەمە دەخوێنینەوە : (( کوڕی گەورەی یەعقوب لە بەیانیدا و ئەو بەردەی هەڵگرت کە لە ژێر سەریدا، بوو ئەو جێگەیەی ناونا ماڵی ئیل...... ئەو بەردەی کە ڕاموەستان دەبێتە ماڵی خوا)) ١٣ لەجێگەیەکی تردا ئەمە دەخوێنینەوە (( یەعقوب هات بۆلای درەختی بایەم کە لەزەوی کەنعاندایە و ئەو هەموو خەڵکەی کە لە گەڵیدان،لەوێدا جێگەی سەربڕینێکی دروستکرد و ئەو جێگەیەی ناونا ماڵی ئیل،لەبەرئەوەی لەوێدا خوای بۆ دەرکەوتوە کاتێك کە لەڕووی براکەی هەڵهات )) ١٤ ئەمەو ناوی ئیل لە زۆرێك لەناوی کەسایەتیە جولەکەکاندا دەبینین وەك: عوئیل،اسماعیل،اسرائیل....هتد.هەروەها لەناوە لێکدراوەکانیشدا ( عو-ئیل،اسماع-ئیل،اسرا-ئیل).**

**لە قۆناغەکانی داهاتوودا یەهوە دەبینین جیادەبێتەوە لە ئیل و هەوڵدەدات کە سیفات و دەسەڵاتەکانی خواوەندی سوری (( بەعل)) بەدەستبێنێت خوای باران و گەردەلول و هەورە تریشقە،ئەو خواوەندەی کە لەهەموانی تر لە خواوەندەکان**

---

**١٢. سەردەمی کۆن،هەواڵی ڕۆژانە ٢،ئەصحاحی دووەم:٥.**

*** نوسەر یۆسیفۆس لە مانتیۆنەوە دەگێڕێتەوە،کە نوسەرێکی میسریە و لەسەدەی ٣ پ.ز ژیاوە.جولەکەکان لەمیسر دەرکراون بەهۆی پەتایەکەوە کە بلاۆبۆتەوە لەناویاندا،موساش کاهینێکی میسری بوە دەرچوە بۆ ناو جولەکەکان بۆ مژدەبەخشین و فێرکردنیان بە بنەماکانی پاك و خاوێنی وەکو ئەوەی پیادەکراوە لەناو کاهینە میسریەکاندا.**

**١٣.سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ٢٨ : ١٨-٣٢.**

**١٤. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ٣٥: ٤-٨.**

خۆشەویسترە لەدڵی سوریەکاندا.هەورەتریشقە دەنگی بەعلە کە لەهاتنی هەواڵ دەدات،هەورەکان پاپۆڕەکەین کە دەیگوازێتەوە،گەردەلولیش چەکەکەیەتی، هەورەبروسکەش شکۆداریەکەیەتی، بارانیش خێروبێرەکەیەتی وهەموو ئەم هێمایانە یەهوە بانگەشەی بۆخۆی دەکرد کە هی ئەون: (( دەنگی خوا لەسەر ئاوەکان،خوای نەمری هەورە تریشقە،خوا لەسەر ئاوە زۆرەکانە،دەنگی خوا بە گەورەیی)) ١٥ هەروەها (( هەورەکانی کردۆتە پاپۆڕەکەی،لەسەر باڵی ڕەشەبا دەڕوات))١٦ لێرەدا یەهوە سیفەتێکی سەرەکی بۆخۆی وەردەگرێت لە سیفاتەکانی بەعل کە بریتیە لە ،سوارەی هەورەکان،هەتا کاتێ یەهوە دێت بۆ زۆرانبازی ئەژدیها و لەناویدەبات،ئەژدیهای یەهوە هەمان ئەژدیهای بەعلە.لە تابلۆکانی ئۆگاریتیدا دەخوێنینەوە،و لەبەشی ئەشعیادا:

| دەقی ئۆگاریتی ١٧ | بەشی ئەشعیا ٢٧ : ١ |
|---|---|
| ئێستا دەتەوێت کە (( لۆتـان )) بکوژیت | لەو ڕۆژەدا خواسزا دەدات |
| ماری هەڵهاتوو. | بەشمشێرە دڕندە گەورەو بەزەبرەکەی |
| ئێستا دەتەوێت مارە لولخواردوەکە لەناوبەریت | (( لۆتـان )) مارە هەڵهاتووەکە |
| (( شالیات )) ی جیڕ | (( لۆتـان )) مارە لوولخواردووەکە |
| خاوەن حەوت سەر | و ئەژدیهای ناو دەریاکەش دەکوژێت |

مەزموری (( ٩٢)) گێڕانەوەیەکی هاوشێوە دێنێت،بۆ گێڕانەوەی دەقی ئۆگاریتی دەربارەی ململانێی بەعل دژی دوژمنەکانی.

| دەقی ئۆگاریتی ١٨ | مەزموری ٩٢ |
|---|---|
| ئەوە دوژمنەکانتە ئەی بەعل | ئەوە دوژمنەکانتە ئەی خوا |

---

١٥. بەشی مەزامیر–مەزموری ٢٩.

١٦.بەشی مەزامیر–مەزموری ١٠٤.

١٧.دەقی ئۆگاریتیەکە وەرگێڕانی ئەنیس فەرەنجیە:ئۆگاریت،خانەی نەهار،بەیرۆت،١٩٨٠ ل١٥٦. وشەی (( لۆیاتان)) ی گێڕاوەتەوە بۆ بنەچە ئۆگاریتیەکەی (( لۆتان)) بەپێی وەرگێڕانی گۆردۆن.

18.C.H.Gordon،ugarit،norton library،newyork 1962.p48.

**ئەوە دوژمنەکانتە و لەناویان بەرە ئەوە دوژمنەکانتە و لەناویان بەرە**

**ئەوە دوژمنەکانتە و لەناویانبەرە هەموو خاوەن کارە خواییەکان لەناوبەرە**

**هەروەك چۆن بەعل بەسەر ئاوی یەکەمیندا زاڵ دەبێت یەهوەش ئاوها زاڵ دەبێت ((تۆ دەسەڵاتداری بەسەر شکۆداری دەریادا،تۆ ڕەهبت تێکشکاند وەك کوژراو )) ١٩ ،هەروەها چۆن بەعل داوایکرد کە لەدوای سەرکەوتنەکەی خانویەکی بۆ دروستبکرێت،یەهوەش وادەکات،(( لەو شەوەدا قسەی خوا بۆناتان دەڵێت،بڕۆ و بە بەندەم داود بڵێ،ئاوا خوا وتی،ئایا تۆ خانویەکم بۆ دروستدەکەی بۆ نیشتەجێبوونم، چونکە لەو ڕۆژەوەی کە بەنیئیسڕائیلم بەرزکردەوە لە میسرەوە بۆ ئەم ڕۆژە لە خانویەکدا نیشتەجێنەبوم،بەڵکو دیلکراوم لەژێر چادرێکدا))٢٠ .**

**جولەکەکان لەکاتی خوێندنەوەیان بۆ تەورات بەترسەوە زاراوەی ناوی یەهوە دەهێنن.کاتێك دەگەنە ناوەکە زاراوەیەکی تر بەکاردەهێنن بەناوی ئەدۆنای کە یەکێکە لە نازناوەکانی بەعل،هەروەها ناوی ئەدۆنای و یەهوە دەوترێتەوە لە جیاتی یەکتری لە زۆرێك لە جێگەکانی کتێبی پیرۆزدا.**

**ئەگەر یەهوە هەوڵیدابێت خۆی وەك خواکانی سوریا و بابلیەکان بچوێنێت،ئەوا ئەویش دڵڕەقیەکەی ئەوانی لەبەرکردوە بەوەی کە دەستەکانی کۆیکردونەتەوە لەکاری کاولکاری و کوشتن ولەناوبردن.ئەو خوایەکی دڵپڕ لە قینە ناوەستێت بە سزادانی تاوانبارەکە بە تەنها،بەڵکو ئەو بەردەوام دەبێت بە سزادانی نەوەکانی تاوانبارەکەش،توڕەیی و تۆڵەی خۆی بەسەریاندا دەڕێژێت،(( دوای گوناهی باوکەکان دەکەوم لە منداڵەکانیاندا،تا نەوەی سێیەم و چوارەمیش لەوانەی کە توڕەمدەکەن)) ، توڕەبونەکەشی ئارام نابێتەوە تەنها بە قوربانیدان نەبێت لە شوێنی سەربڕینەکاندا و بەبۆنەکەی زۆر دڵخۆش دەبێت (( نەوەی هاروون**

---

**١٩. سەردەمی کۆن،بەشی مەزامیر ٨٩.**

**٢٠. سەردەمی کۆن،بەشی صامۆیلی دووەم ، ئەصحاحی ٧ :٣**

**ڕێکیدەخەن، کاهینەکان،سەربڕین لەگەڵ سەردا و چەوری لەسەر ئاگر کە لەسەر جێگەی سەربڕینەکەیە . بەڵام ڕیخۆڵە و سەروپێکەی لە ئاودا دەیشواتەوە،**

کاهینەکە لەسەر ئاگردانەکە ئاگرێك دەکاتەوە،بۆنی دڵخۆشی خودا)) ٢١ (( هەموو قوربانیەك لەسەر ئاگردانەکە گڕ دەدرێت،ئەوە ئاگردانی خوایە،بۆنی دڵخۆشی،سووتەمەنیەکە ئەوە خوایە))٢٢.

توڕەبوونی یەهوە تەنها بە سەربڕینی ئاژەڵی لاناچێت،بەڵکو دەبێت قوربانیەکی مرۆڤیشی بۆ بکرێت،لەبەشی صامۆئیلی دووەمدا لەسەردەمی کۆندا دەخوێنینەوە.. کە برسێتی و وشکەساڵیەکی توند ولآتی گرتەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ،ئەو کاتە سەردەمی فەرمانڕەوایی داود پاشا بوە،داود داوای ڕووی خوا دەکات، وتێدەگات کە دڵی پڕ لە قینە لە پێناوی شاول کە جەیجونیەکانی کوشت،لەسەر شاخ لە خاچیدان لەبەردەم خوادا،حەوتیان بە یەك جار کەوتن،و لەڕۆژانی دروێنەدا کوژران)) ٢٣.

سەرەڕای دڵڕەقی و هێزی یەهوە،بەلأم جولەکەکان ڕۆژێك لە ڕۆژان دوانەکەوتن لە پەرستنی خوای سوریەکاندا بەدرێژایی مێژوو.ئەوەتا یەعقوب داوا لەخاوخێزانەکەی دەکات کە خواوەندی سوریەکان لەناویاندا لابەرن : (( یەعقوب بەکوڕەکانی و ئەوانەی لەگەڵیدابوون ووت ،خواوەندی نامۆ لابەرن لەناوتاندا و خۆتان پاك بکەنەوە و جلوبەرگەکانتان بگۆڕن...هەموو خواوەندە نامۆکان کە لەلایان بوو دایانە دەست یەعقوب،ئەو گوارانەشی کە لە گوێیاندا بوو،یەعقوب هەموانیانی تێکشکاند)) ٢٤

ئەوانە بەنوئیسڕائیلین،موسا تا ئەوکاتەش لەناویاندا بوو،یەهوە جێدێڵن و ڕوودەکەنە پەرستنی بەعل : (( ئیسڕائیلیەکان بە بەعلەوە خۆیان هەڵدەواسن، و ئەویش لە توڕەیی خوا پارێزگاریان لێدەکات،خوا بە موسای وت سەری هەموو

---

٢١. سەردەمی کۆن،بەشی لاوییەکان،ئەصحاحی ١: ٦.

٢٢.سەردەمی کۆن،بەشی دەرچوون،ئەصحاحی ٢٩: ١٧.

٢٣. سەردەمی کۆن،بەشی صامۆئیل ٢،ئەصحاحی ٢١: ٩.

٢٤. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی ٣٥: ٢.

گەلەکەت بەرەو هەڵیانواسە بۆ خوا بەرامبەر بە ڕۆژ،هەموو توڕەیی خوا دەگێڕێتەوە)) ٢٥

سولەیمان پاشا،گەورەترین پادشای جولەکە بەبێ هاوتا،یەکێك بوە لە پەرستیارەکانی خواوەندی سوریا (( دڵی تەواو نەبوو لەگەڵ خوای خواکاندا وەك دڵی داودی باوکی.سولەیمان بەدوای عەشتاروتدا خواوەندی صەیدونیەکاندا ڕۆیشت،ومەلکوم ڕەجسی عەمونییەکان.سولەیمان خراپەی کرد لەبەر چاوەکانی خوادا، و دوای خوا نەکەوت))٢٦ .لەدوای سولەیمان .ۆربەی پادشاکانی جولەکە لەگەڵ یەهوەدا خواوەندی سوریەکانیان دەپەرست(( ئاخاب کاری خراپەی کرد لەبەردەم چاوی خوادا زیاتر لەهەموو ئەوانەی لە پێشیەوە بوون،ڕۆیشت و بەعلی پەرست و کڕنۆشی بۆ برد،ئاگردانێکی بۆ بەعل دروستکرد لەماڵی بەعلدا کە لە سامرە دروستیکردبوو))٢٧ .

بەم شێوەیە دەبینین کە داواکاریە لەخۆبوردەکەی یەهوە لەوەسیەتنامەی یەکەمیدا لە دە وەسیەتەکانی وەدینەهات،کە بریتی بوو لەوەی شوێنەکەی لە سەروو هەموو خواکانەوە بێت،کاروانێکی زۆر ناڕەحەت بوو،یەهوە تیایدا ڕۆیشت،لەمیانەی مێژوویەکی درێژدا کە زیاتر لە ١٠٠٠ساڵی خایاند،پێشئەوەی کە بچێتە چوارچێوەی ئاینی مەسیحیەتەوە،خوایەکی تاك و تەنها و ڕەها.

یەهوەیە سەرەتایەکی بتپەرستی خۆ بەکەم زان دەستییێکرد. دوای ئەوە ڕێگەکەی بڕی بەبێ وچان بەرەو یەکتاپەرستی.لەوانەیە پەیوەندیە سەرەتاییەکەی بە موساوە ئەو سەرەتا خۆ بەکەم زانیە دەربخات.یەهوە بانگەشەی زانینی ڕەها ناکات کاتێك داوا لە جولەکە دەکات کە خانوەکەی جیابکەنەوە بە چەورکردنی بەخوێنی مەڕە سەربڕاوەکان،خۆیان بە لەناوچوون مەبەن لەگەڵ ئەوەی کە دەیەوێت لەناویان بەرێت لە میسریەکان: (( خوێن ئاماژەیە بۆتان لەسەر

---

٢٥. سەردەمی کۆن،بەشی ژمارەکان ،ئەصحاحی ٢٥: ٢-٣.

٢٦. سەردەمی کۆن، بەشی پادشاکان٢، ئەصحاحی ١١: ٤-١.

٢٧. سەردەمی کۆن، بەشی پادشاکان ٢ ،ئەصحاحی ١٦: ٣٠-٣٢.

ماڵەكانتان،خوێن دەبینم و ئێوە تێپەڕ دەكەم،لێدانی لەناوچوون بەر ئێوە ناكەوێت كاتێك لەخاكی میسر دەدەم))٢٨. ئەو خوایەكی ڕاڕاو دوودڵە و دەترسێت لە جنێودانی خەڵكی بەخۆی و گەلەكەی،موسا بە زیرەكیەكەی دەتوانێت هانیبدات بۆ گۆڕینی ڕاو بۆچونەكانی،(( تاكەی ئەم گەلە سوك و ڕیسوام دەكەن،تاكەی باوەڕم پێناكەن،من بە نەخۆشی و پەتا لێیان دەدەم،لەناویاندەبەم،موسا بەخوای وت: ئەگەر ئەو گەلەت كوشت،ئەو گەلانەی كە بەهەواڵەكەی زانیبێت قسەدەكەن و دەڵێن،ئەو خوایەی كە نەیتوانی بەڵێنەكەی بباتە سەر كە ئەو گەلە دەباتە ئەو زەوییەوە،كوشتیانی لە چۆڵەوانیدا،لە گوناهی ئەو گەلە خۆش بوو وەك چۆن لەو گەلە خۆش بوو لەو گەلە لە میسرەوە تا ئێرە.خواش گوتی ئەوا لەسە ڕای تۆ لێیان خۆش بووم))٢٩.

ئەو خوایەكی دیارە و دەتوانرێت بەچاوی سەر ببینرێت،ئەوە موسایە و بالآی دەبینێت : (( وتی گەورەیی خۆتم نیشانبدە....خوا وتی ئەوە منم لە جێگایەكدا و بوەستە لەسەر بەردەكە،دەبێت كاتێك گەورەیم تێپەڕی،من لە چاڵێكدا داتدەنێم لە بەردەكەدا و بەدەستم دەتشارمەوە هەتا دەپەڕمەوە، دواتر دەستم بەرزدەكەمەوە، سەیری دوامەوە بكە،بەلأم ڕووم نابینرێت ))٣٠. ئەو پاڵەوانە و ململانێ لەگەڵ ئەژدیها و دڕندەكاندا دەكات تەواو وەك خواوەندە سوری و بابلی و ئیگریەكان : ((تۆ بە گەورەیی خۆت یەمت*دووكەرتكرد وسەری ئەژدیهاكانت لەسەر ئاو پلیشانەوە،تۆ سەری لۆیاتانت ووردوخاشكرد،كردە خواردنی كۆمەڵی چۆڵەوانی)) .٣١

---

٢٨. سەردەمی كۆن،بەشی دەرچوون،ئەصحاحی ١٢: ١٣.

٢٩. سەردەمی كۆن،بەشی ژمارە، ئەصحاحی ١٤: ١١-٢٠.

٣٠.سەردەمی كۆن،بەشی دەرچوون،ئەصحاحی ٣٣: ٢٠-٢٣.

* هەندێ لەوەرگێڕاوە عەرەبیەكانی تەورات ناوی یەم بەجێدێڵن وەكو ئەوەی هەیە وهەندێكیشیان دەیگۆڕن بە دەریا.یەكەمیان ڕاستە لەبەرئەوەی لە دەقی تەوراتی ڕەسەندا یەم بەمانای ئاوی یەكەمین دێت هەروەك لە دەقە سوریە كۆنەكاندا هاتووە.

٣١. سەردەمی كۆن،مەزمور ٧٤ : ١٣ -١٤.

کورتەی قسان ئەوەیە،کتێبی تەورات،تاکە داستانی ڕۆشنبیری گەلی جولەکەیە،سەریهەڵداو پێشکەوت لە زەمینەیەکی ڕۆشنبیری سوری و بابلی و میسریەوە. و کاروانی بیری عیبرانی، لەهەوڵدایە بۆ پێکەوەنانی ئاینێکی سەربەخۆ، کە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە تەنها لە ڕێگەی وەرگرتن و نواندنی ئاینەکانی پێشووترەوە نەبێت،ئەو خوا بەهێزەی کە یەهوە نەیتوانی لایبەرێت تەنها بەخواستنی نەبێت بۆ خۆی.

لێکچوون لە نێوان تەورات و داب و نەریتی ڕۆژهەڵاتی کۆندا دەستی بەدەرکەوتن کرد،کاتێك ئەو شارستانێتیە کۆنانەی ناوچەکە دەستیان کرد بەدەرکەوتن لە ژێر خاکدا بەهۆی هەڵکۆڵینی پاشماوەکان کە داب و نەریتی گەلێکیان زیندووکردەوە کە لەزۆر کۆنەوە ونببون.لە ئێستادا ڕوناکیەکی گەورە خراوەتە سەر تەورات و سەرچاوەی دروستبوونی.لەتوانای ئەو کەسانەدا هەیە کە دەڵێن تەورات موعجیزەیە دەبێت هەست بەوە بکەن کە داب و نەریتی تەورات بە تەواوەتی گەشەکردنی دەرنەکەوتووە،بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی قوڵی درێژبۆتەوە،بۆئەوەی شیلەی شارستانێتیە هاوتاکانی و شارستانێتیە لە پێشینەکانی خۆی بخواتەوە.و ئەو خاکەی کە نوسەرەکانی تەورات پێیەوە بابەتە ئەدەبیەکانیان لێوەرگرتوە ئەوە خاکی کەنعان و ئارام و خاکی دوو ڕووبار بووە.

**ئەفسانەی دروستبوونی تەوراتی :**

با ئێستا ئەفسانەی دروستبوونی تەوراتی بخوێنینەوە .هەروەك لە پێشەکی کتێبی تەوراتدا هاتووە:

بەشی دروستبوون،هەردوو ئەصحاحی یەکەم و دووەم:

**ئەصحاحی یەکەم**: لەسەرەتادا خودا ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد.زەوی چۆڵ و وێرانە بوو،لەسەر ڕووی ئاو تاریکایی هەبوو،گیانی خوداش بەسەر ئاوەکەوە دەفڕی،خودا وتی با ڕووناکی ببێت ڕووناکی بوو،خوا ڕووناکی بینی کە باشە،خودا ڕوناکی و تاریکی جیاکردەوە.خودا ڕووناکی ناونا ڕۆژ و تاریکیشی ناونا شەو ،ئێوارە و بەیانی یەك ڕۆژ بوون، خودا وتی با پێست لە ناوەڕاستی ئاودا بێت.با ببێتە جیاکەرەوە لە نێوان ئاو و ئاودا.خودا پێستی دروستکرد و

کردیە جیاکەرەوەی نێوان ئاوەکان کە لە ژێر پێستدایە. و ئاوی سەروو پێستەکە،ئەوە بوو. خوا بانگیکرد بۆ پێستی ئاسمان.ئێوارە و بەیانی بوونە ڕۆژی دووەم.خودا وتی با ئاوەکان لە ژێر ئاسماندا کۆببێتەوە لە یەك جێگەدا و با وشکانیش دەربکەوێت، ئەوەش بوو.خودا ناوی وشکانی نا زەوی، جێگەی کۆبونەوەی ئاویشی ناونا دەریا، خودا ئەوەشی بەباش زانی.خودا وتی بازەوی گژوگیاودانەوێڵەی تیادا بڕوێت و تۆو و درەختی تیادا بەرزببێتەوە کە خاوەن بەرهەم بێت و بەرهەمی وەکو خۆشی بێتە بەرهەم و بەرزببێتەوە لەسەر ڕووی زەوی،ئەوەش جێبەجێ بوو لەزەویەوە دانەوێڵە و گژوگیا دەرچوون کۆ تۆوی لەتوخمی خۆی دەرکرد و درەختی بەرداریشی دەرخست کە تۆوەکەی لە توخمی خۆیەتی.خوا ئەمەشی بە باش زانی،ئێوارە و بەیانیش بوونە ڕۆژی سێیەم.خودا وتی باڕووناکیەکان ببینین لە پێستی ئاسماندا بۆ ئەوەی ڕۆژ لە شەو جیا بکەنەوە. بکەنەوە.ڕوناکیەکان لە پێستی ئاسماندا هاتنە بوون بۆ ڕووناککردنەوەی زەوی،ئەوەش جێبەجێبوو.خودا دوو ڕووناکی گەورەی دروستکرد،ڕوناکی هەرە گەورە بۆ دەسەڵاتی ڕۆژ و ڕوناکی بچوکیش بۆ دەسەڵاتی شەو ،ئەستێرەکانیش،لە پێستی ئاسماندا دروستیکردن بۆ ڕوناککردنەوەی زەوی.بۆئەوەی کۆنترۆڵی شەو و ڕۆژ بکەن.و ڕوناکی لە تاریکی جیابکاتەوە،خودا ئەمەشی بەباش زانی ئێوارە و بەیانی بوونە ڕۆژی چوارەم.خودا وتی با ئاوەکان خشۆکەکان دروسبکات کە خاوەن گیانی زیندووبن و با باڵندەکانیش بفڕن بەسەر زەویدا لەسەر ڕووی پێستی ئاسمان،خودا ئەژدیهای زەبەلاحی دروستکرد و هەموو بونەوەرە زیندوەکانیشی دروستکرد ئەو مێشەی کە ئاو دروستیکرد وەك توخمەکانی، . هەموو باڵندەیەکیش وەك توخمەکەی خودا ئەمەشی بە باش زانی.خودا پیرۆزبایی لێکرد و وتی بەرهەمبە و زیاد بکە و دەریاکان پڕ بکە لە ئاو.با باڵندەکانیش زیاد بکەن لەسەر زەوی،ئێوارە و بەیانی بوونە ڕۆژی پێنجەم.خودا وتی بازەوی زیندەوەرە زیندووەکان لە توخمەکانیان دەربکات،ئاژەڵ و خشۆك و دڕندەی زەوی وەك توخمەکانیان و هەموو بونەوەرەکانی زەوی وەك توخمەکانیان . خودا ئەمەشی بەباش زانی.خودا وتی مرۆڤ دروستدەکەین

هاوشێوەی وێنەی خۆمان.دەسەلاّتیان دەبێت بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەلاّن و هەموو سەر زەوی و هەموو زیندەوەرەکان کە لەسەر زەوی دەڕۆن.خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروستکرد، لەسەر وێنەی خوا دروستیکرد،بەنێر و مێ دروستیکردن.خودا پیرۆزبایلێکردن و وتی بەبەرهەم بن و زیاد بکەن و زەوی پڕ بکەن و ڕامی بهێنن و دەسەلاّتتان هەبێت بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و هەموو ئاژەڵێك کە لەسەر زەوی جوڵە دەکات.خودا وتی من دامەتێ بە هەموو بەروبومێك کە تۆوبخاتەوە لەسەر ڕووی زەوی و هەموو درەختێك کەبەری هەبێت و درەختێك کە تۆوبخاتەوە.ئەوانە بۆ ئێوە دەبنە خواردن.بۆ هەموو ئاژەلاّنی زەوی و باڵندەی ئاسمان و هەموو بونەوەرێکی سەر زەوی کە گیانی زیندوویی تیادا بێت گیایەکی سەوزم داوەتێ بۆ خواردن،ئەو کارەش بوو.خودا هەموو کارەکانی خۆی بینی وزۆری پێباش بوو و ئێوارە و بەیانیش بونە شەشەم ڕۆژ.

**ئەصحاحی دووەم** : ئاسمانەکان و زەوی تەواو بوون لەگەڵ هەموو سەربازەکانیان.و خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا دەستبەتاڵ بوو لەو کارەی کە کردی،لەڕۆژی حەوتەمدا پشوویدا لەهەموو کارەکەی کە کردی.خودا ڕۆژی حەوتەمی پیرۆزکرد لەبەرئەوەی پشووی تیادایە لەهەموو کارەکەی کە کردی وەك دروستکەرێك.ئەوە بنەمای ئاسمانەکان و زەوی بوون کاتێ دروستبوون،کاتێ خودا ئاسمانەکان و زەوی دروستکردوهەموو درەختە کێویەکان تا ئەو کاتە لەسەر زەوی نەبوون و هەموو گژوگیا کێویەکان کە هیچیان نەڕوا بوون،لەبەرئەوەی خۆی خواوەند،بارانی نەباراند بوە سەر زەوی،مرۆڤیش دەستی بەکارکردن نەکردبوو لەسەر زەوی،دواتر تەمومژ لە زەویەوە دەرچوو و هەموو ڕووی زەوی ئاودا،خودا ئادەمی لە خۆڵی زەویەوە بەرزکردەوە لە لوتیەوە گیانی ژیانی کرد بەبەریدا و ئادەم بوە گیانێکی زیندوو،خودا خواوەندی بەهەشتی لەعەدەن ڕواند لە ڕۆژهەلاّتەوە و ئەو ئادەمەی کە دروستیکرد تیایدا دانا،خوای خوا لە زەویەوە هەموو درەختێکی بە تامی بۆ سەیرکردن و باش بۆ خواردن ڕرواند،درەختی ژیانیشی لەناوەڕاستی بەهەشت و درەختی زانینی چاکە و خراپەشی دانا.ڕوبارێك لەعەدەنەوە دەردەچوو کە

بەهەشتی ئاو دەدا،لەوێوە دابەشدەبوو دەبووە چوار سەر.یەکەمیان ناوی فیشۆن بوو،کە چوار دەوری هەموو زەوی حوێلەی دابوو کە بوو بە ئاڵتون.ئاڵتونی ئەو زەویەش باشە،لەوێدا داری دۆم و بەردی عەقیق هەبوون. ناوی ڕووباری دووەمیش جەیحون بوو کە چواردەوری هەموو زەوی کوشی دابوو.ناوی ڕووباری سێیەمیش حەداقل بوو، کە لەڕۆژهەلأتی ئاشووردا دەڕوات،ڕووباری چوارەمیش فوراتە.خوای خواوەند ئادەمی برد و لەبەهەشتی عەدەندا داینا بۆ ئەوەی کاری تیادا بکات و بیپارێزێت. دروستبوونی تەوراتیش پێهەڵگری ڕێچکەی ئەفسانەکانی دروستبوونی سۆمەری و بابلی و کەنعانیە،لەهێڵە گشتیەکان و ووردەکاریەکەیدا.باری دروستبوونی پێشوو بۆ دروستبوون بارێکی ئاوی گشتی تاریك و هەمیشەیی بوو.لەو ئاوەوە دروستبوون ئەنجامدرا.کاتێك یەهوە هەستا بەدابەشکردنی ئاوەکە بۆ دووبەش یەکەمیانی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و ،دووەمیشی بەجێهێشت بۆ خوارەوە بوە دەریاکان و لەوێشەوە وشکانی بەدەرکەوت.لەسەر ئەو وشکانیەوە یەهوە دەستی کرد بەکارە داهێنەرەکانی. گژوگیاولەوەڕگا و درەختی بەرداری دەرچوواند،ئاژەڵی دروستکرد،لە ئاسمانیشدا ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانی دروستکرد،لە دەریاشدا بونەوەرە ئاویەکانی دروستکرد،لەهەواشدا باڵندە و لە کۆتایشدا مرۆڤی دروستکرد.

ئەگەرچی زۆرانبازی یەهوە لەگەڵ ئەژدیهای یەکەمیدا لەم ئەفسانەیەدا بەدەر نەکەوت وەك پێشەکیەك بۆ دروستبوون،وەك ئەوەی لە ئەفسانەی دروستبوونی بابلیدا دەرکەوت.نمونەی ئەو ململانێیە لەدەقی تردا دەردەکەوێت کە باس لەکردارە داهێنەرانەکانی یەهوە دەکەن،لەوێدا دەبینینەوە لە پێش دروستبوندا کە سەرقاڵە بە زۆرانبازی لەگەڵ ئەژدیهای لۆیاتان.

نمونەی ئەوە مەزموری حەفتاوچوار : (( تۆ بەهێزی خۆت دەریات دووکەرت کرد،سەری ئەژدیهاکانت لەسەر ئاو شکاند،تۆسەری لۆیاتانت ووردوخاشکرد، کردە خواردنی گەل،بۆ خەڵکی کێوی، تۆ کانیاوەکانت تەقاند و لەبەری ڕۆیشت،تۆ ڕووبارە هەمیشەیە خوڕەکانت وشك کرد،تۆ شەو وڕۆژت هەیە،تۆ ڕوناکی و ڕۆژت ئامادەکرد.تۆ هەموو سنورەکانی زەویت دانا.هاوین و زستان تۆ دروستت کردن)).

بەخوێندنەوەیەکی لەسەر خۆی دەقی دروستبوونی تەوراتی،دژایەتیەکی ئاشکرامان بۆ دەردەکەوێت لە ڕووداوەکانیدا.لەسەرەتادا خودا ئاسمانەکان و زەوی دروست کرد.دواتر دەبینینەوە کە دووبارە دروستیان دەکاتەوەو بەجیاکردنەوەی ئاوەکان لە یەکتر.جارێك مرۆڤ دروست دەکات بەیەك جار (( نێر و مێی دروستکرد و خودا پیرۆزبایلێکردن و پێی وتن بەبەرهەم بن و زۆربن و زەوی پڕکەن)).لەجارێکی تردا خودا مرۆڤ دروست دەکات لەسەرەتاوە لە ژن و مێردێکی یەکەمین لێرەدا پێهەڵگری ڕێچکەی ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی دەبێت.

لەڕاستیدا ئەم دەقە، و زۆر دەقی تریش لەتەوراتدا نوسراونەتەوە دوای ڕێکەوتن لەنێوان دووگێڕانەوەی تەوراتیدا.زانایانی تەورات دەڵێن گێڕانەوەی یەکەم گێڕانەوەی جولەکەیە،دووەمیش گێڕانەوەی ئلوهیمیەیە.لەگێڕانەوەی یەکەمدا خودا لەژێر ناوی یەهوەدا دەردەکەوێت و لەدووەمدا لەژێر ناوی ئیلوهیمدا*.هەردوو گێڕانەوەکە تێکەڵدەکرێت لەدوای گەڕانەوەی لەدیلی لەبابل ساڵی ٥٣٨ پ.ز.کاتێك کاهینەکانی جولەکە هەستان بەداڕشتنەوەیەکی یەکگرتوو بۆ بەشەکانی تەورات.ئەگەر گێڕانەوەی دروستبونمان شیکردەوە بۆ پێکهاتەکانی،ئەوا دەتوانین دوو گێڕانەوەکە لەیەکتر جیا بکەینەوە بەم پێیەی لای خوارەوە:٣٢

دەقی یەهوی:

١. باری یەکەمینی گەردوون،ئاوێکی سەرتاپاگیری تاریك.

٢. دروستبوون دەخاتە پاڵ ئیلۆهیم کە پێی هەستاوە لە ٦ ڕۆژی جیاوازدا.لەهەر ڕۆژێکدا کارێك.

٣. ونجیرەی قۆناغەکانی دروستبوونی بەم پێیەی لای خوارەوە بوە:

- ڕوناکی

---

* ناوی ئیلۆهیم زاراوەی گەورەیی خوامان بیردێنێتەوە،هەروەك چۆن بەشی یەکەمی وەرگیراو لە ئیل خواوەندی ئاسمانی کەنعانی.

32.S.H.Hooke‹Middle Eastern Mythology‹Pelican Book‹London‹1968.

- ئاسمان
- وشکانی
- کشتوکاڵ
- ئەستێرە ئاسمانیەکان
- ماسی و باڵندەکان
- ئاژەڵان و مرۆڤ و پیاو ژن

دەقی ئیلۆهیمی:

١. باری یەکەمینی گەردوون چۆڵەوانی و وێرانەیی کە ژیان و کشتوکاڵ و ئاوی تیادا نەبوە.

٢. دروستبوون دەخاتە پاڵ یەهوە،بەبێ هیچ دابەشبونێکی کاتی.

٣. زنجیرەی قۆناغەکانی دروستبوون بەم پێیەی لای خوارەوەیە:

- مرۆڤ،ئادەم لەخاك.
- بەهەشت لەرۆژهەڵاتی عەدەن.
- درەختەکان لەهەموو جۆر لەناویاندا درەختی زانین.
- ئاژەڵان و دڕندە و باڵندەکان ( ناوی ماسی نیە).
- ژن لە پیاو دروست دەبێت.

ئەمە و لەوانەیە سەیرترین لێکچوون،لەنێوان ئەفسانەی دروستبوونی تەوراتی و هەموو ئەفسانەکانی تری ناوچەکە بریتی بێت لە،لێکچوونەکان لەگەڵ ئینۆما ئیلیشدا.کە لەداهاتوودا بە ووردی باسی لێوە دەکەم.

## ٥ // حەوت تابلۆکە

## و

## حەوت ڕۆژەکەی دروستبوون

سەرەڕای بەریەککەوتنی دووردرێژ لەگەڵ ڕۆشنبیریەکانی سوریای دراوسێدا، بەجێهێشتن و نەمانی بابلیەکان هەلی کرانەوەی پێشکەش بەجولەکە کرد بەسەر داب و نەریت و ئاین و ئەفسانەی ڕۆشنبیری خاکی دووڕووباردا.

کاتێك گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم،هەستان بە نوسینەوەی دەقە پەرت و بڵاوەکانی تەورات لە کتێبێکی کۆکراوەی گشتگیردا.شارەزایان لە ڕۆژانی بەدیلگرتندا چووە ناو ئەو دەقانەوە کە نوسیویانەتەوە،بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو سروشتی، ئینۆمائیلیش گەوهەری ئەدەب و بیری بابلی بوو،بەقووڵی کاریگەری لێیان کرد.کاریگەری ئینۆمائیلیش تەنها لەسەر بیرۆکەکانی عیبرانیەکان نەبوو لە مەسەلەکانی دروستبوون و پێکەوەنان.بەڵکو تێیدەپەڕێنێت بۆ لایەنە بنەڕەتیەکان و گرنگەکان لە بیری ئاینییان.لەوانە بۆ نموونە،کاریگەری گەورەیان بەبیری گشتگیری خواوەند مەردۆخ کە ئینۆمائیلیش دەریدەخات لە میانەی ڕاڤەکردنی ناوەڕۆکی پەنجا ناوەکەیدا،مەردۆخ دەرکەوت،سەرەڕای بوونی خواوەندەکانی تر،وەك خوایەکی تاك و تەنها.بەڵام ئێمە لەو بوارەدا بەکورتی لەسەر لێکۆڵینەوەی کاریگەری تایبەت بە بابەتەکانی دروستبونەوە باسی دەکەین.خاڵە بنەڕەتیەکانی هەردوو ئەفسانەکە یەك بە یەك بەراوورد دەکەین.

١. سروشتی بنەمای یەکەم:

بنەمای یەکەم لەهەردوو دەقەکەدا بریتیە لە ئاو.لەو ئاوە سەرەتاییەوە هەموو پڕۆسەی دروستبوون دەرچوە و دەستیپێکردوە،کە ئەزەلی و هەمیشەیی و دروستنەکراوە.لەدەقی بابلیدا بریتیە لە لاشەی سێ خواوەندەکە، ئابسۆ و توعامە و مەمۆ.لەدەقی تەوراتیشدا دەیبینینەوە لە پاڵ خواوەنددا بەبێ ئەوەی دەقەکە بۆمان ڕوونبکاتەوە کە کامیان لە پێشترە.

٢. تاریکایی سەرەتایی:

هەردوو دەقەکە باس لە تاریکایی سەرەتایی دەکەن،بەڵام ئینۆمائیلیش بەڕوونی باسی ناکات،بەڵام لەدەقی بیریسۆسدا بەڕاشکاوی باسیدەکات و دەڵێت لەسەرەتاوە،تەنها تاریکایی و ئاو هەبوە و هیچی تر.

٣. ڕوناکی پێش ئەستێرەکان و تەنە ئاسمانیە تیشکدەرەکان:

هەردوو دەقەکە دەڵێن کە ڕوناکی و جیاوازی ڕۆژ و شەو هەبوە،پێش دروستبوونی تەنە ئاسمانیەکان.ئینۆمائیلیش باس لە بوونی ڕۆژ و شەوەکان دەکات لەسەردەمی ئابسۆوە. توڕەبوونی لەمنداڵەکانی،کاتێك ناتوانێت لە شەودا بخەوێت ولەڕۆژیشدا پشوو بدات.هەروەك مەردۆخ خۆشی بە ڕووناکی تیشکی دەدایەوە.لەبەشی یەکەمی بەشی دروستبوندا خودا ڕووناکی دروست دەکات و وشە و لەڕۆژ جیادەکاتەوە پێش ئەوەی تەنە ڕۆشنەکان و ئەستێرە وهەسارەکان دروستبکات.

٤. دروستکردنی ئاسمان

هەردوو دەق ڕێکن لەسەر ئەوەی کە ئاسمان لە ئەنجامی جیاکردنەوەی ئاوی یەکەمیەوە هاتوە بۆ دوو بەش. لەدەقی بابلیدا مەردۆخ توعامە دەکات بە دوو کەرتەوە و یەکەمیان بەرزدەکاتەوە و دەیکاتە ئاسمان. و لەدەقی تەوراتیشدا هاتوە : (( ئاوەکانی لە یەکتر جیاکردەوە ئەوانەی کە لە ژێر پێستدا بوون و ئەو ئاوانەشی کەلەسەر پێستەوە بوون،ئەو کارە بوو.خودا ناوی پێستەکەی نا ئاسمان)).

٥. دروستبوونی زەوی:

مەردۆخ هەستا بە پێوانی دوورییەکانی ئابسۆ و هاوشێوەی ئەو بۆخۆی خانویەکی گەورەی دروستکرد و ناوینا عیشارا واتە زەوی. ئەوەی دروستکرد لەنیوەکەی تری توعامە.لەبەشی دروستبوونی تەوراتیدا بەهەمان شێوە هاتووە.دوای ئەوە کە خودا نیوەی یەکەمی ئاو بەرز دەکاتەوە بۆ سەرەوە،ئاوی بەشی ژێرەوە کۆدەبێتەوە لە پاڵ کێشەی دەریادا . و زەوی لەژێریەوە دەرکەوت و دەرچوو : (( خودا وتی با ئاوەکان لەیەك جێگەدا لەژێر ئاسمان کۆببێتەوە، و

وشکانی دەربکەویێت،و خوا ناوی زەوی نا لە وشکانی ، جێگەی کۆبونەوەی ئاویشی ناوبرد بە دەریا)).

٦. دروستکردنی تەنە ڕۆشنەکان :

دوای ئەوەی کە مەردۆخ ئاسمان و زەوی دروستکرد،لای کردەوە بەلای دروستکردنی تەنە ڕۆشنەکاندا،و کاتی دابەشکرد و هێڵی کەمەری واتە ناوەڕاستی ئاسمانی کێشا،سنوری ساڵەکانی دابەشکردوە بەسەر ڕۆژ و مانگەکاندا،فەرمانی داوە بە مانگ کە درەوشاوە بێت و بەشەوی سپاردوە، وەکردویەتیە خشڵ و جوانیەك و ڕێکخەری مانگەکانی ساڵ،و ڕۆژی دروستکرد کە تایبەتە بە ڕۆژەکانی زەوی.لەبەشی دروستبونیشدا،دوای ئەوەی کە خودا لەدروستبوونی ئاسمان و زەوی بۆوە(( خودا وتی با ڕوناکییەکان لە پێستی ئاسماندا دروست بن بۆ ئەوەی زەوی ڕووناك بکەنەوە،ئەو کارە بوو.خودا دوو ڕووناکی گەورەی دروستکرد،ڕوناکی هەرە گەورە بۆ ڕۆژ و ڕوناکی بچوکیش بۆ شەو.ئەستێرەکانیشی کردە ناو پێستی ئاسمانەوە بۆ ڕووناککردنەوەی زەوی)).

٧. دروستکردنی ئاژەڵان و ڕووەکەکان:

داستانی دروستبوونی بابلی لەبەشە خوێنراوەکانیدا هیچی دەربارەی دروستبوونی ئاژەڵ و ڕووەك تیادا نیە،بڕوایەك هەیە کە لەبەشە ونبوەکانی تابلۆی پێنجەمدا باسێکی تیادایە دەربارەی ئەو دروستبوونە.بەلاّم دەقی تەوراتی باس لە دروستکردنی ئاژەلاّن دەکات لە ڕۆژی پێنجەمدا.بەلاّم دەرکەوتنی ڕووەکی زەوی دواکەوت تاکاتی دەرکەوتنی مرۆڤ.

٨. دروستبوونی مرۆڤ:

هەردوو گێڕانەوەکە ڕێکن لەسەر دروستبوونی مرۆڤ کە ئەوە کۆتا کاری خودا بوو کە پێی هەستا لە زنجیرە کارەکانی دروستکردندا.هەروەك هەردووکیان ڕێکن لەسەر گرنگی زۆری ئەو کارە.لەسەرەتای تابلۆی شەشەمدا مەردۆخ دەبینین کە هەستی خۆی بۆی دەگێڕێتەوە بەدروستکردنی شتە داهێنەرەکان.ئەم کارە لە

جێگەیەکی تردا وەصفکراوە لە تابلۆکەدا کە کارێکە زۆر بەرزترە لە ئاستی تێگەیشتن.بەڵام گرنگی دروستبوونی مرۆڤ لەدەقی تەوراتدا،لەوەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤ دروستکراوە لەسەر وێنەی خودا.وەدەسەڵاتدارێتی زەویشی پێدراوە،ئاژەڵان و ڕووەکەکانیشی خراوەتە ژێر دەستیەوە.

لەدەقەکانی تری بابلیدا کە پەیوەندیان بەدروستبونەوە هەیە،کە لە پێشتردا باسیان لێوەکراوە،ئەفسانەکە باس لە دروستبوونی مرۆڤ دەکات لەسەرچاوەی ژن و مێردی یەکەمینەوە.بەهەمان شێوە لە گێڕانەوەی تەوراتیشدا هەروا هاتووە.دروستبوونی مرۆڤ یەکەمجار تەواو بوو لە ئەفسانەکەدا،یان لەخوێنی خودا خۆیەوە ،یان لە تێکەڵکردنی خوێنی خودا لەگەڵ قوڕدا.دواتر وێنەی خودای پیادا هەڵواسرا وەکو هاوشێوەی ئەو دەرچوو.لەگێڕانەوەکەی تەوراتیشدا هاتوە کە مرۆڤ دروستدەکرێت لە قوڕ لەسەر وێنەی خودا.

خواوەندەکانی بابل ئامانجیان لەدروستکردنی مرۆڤ ئەوە بوە،کە قورسایی کارکردن کە سەپابوو بەسەر خواوەندەکاندا هەڵبگرێت.لەگەڵ ئەوەی ئەو ئامانجە بە ڕوونی دەرناکەوێت لەدەقی تەوراتدا،بەڵام دوا ئامانجی کۆتایی هاوجووتە لەگەڵ مەبەستەکانی ئەفسانەی بابلیدا،کاتێك ئادەم دەردەکرێت لە بەهەشت و کاری بەسەردا دەسەپێنرێت وەك سزا: (( بەژنەکەی وت :زۆربون ماندوبونی سکپڕیەکەت زیاد دەکات،بەئازارەوە منداڵت دەبێت،سۆز و غەریبیت بۆ پیاوەکەت دەبێت،ئەو سوودت پێدەگەیەنێت،بە ئادەمیشی وت: لەبەرئەوەی بە قسەی ژنەکەت کرد و لەو درەختەشت خوارد کە ئامۆژگاریمکردویت کە لێی نەخۆیت،زەوی بەهۆی تۆوە نەفرەتلێکراوە،بەناڕەحەتی هەموو ڕۆژانی ژیانتی تیادا بەسەر دەبەیت،دڕك و داڵت بۆ دەڕوێت،و گژ وگیای کێڵگەکان دەخۆیت،بە ئارەقی ناوچەوانت نان دەخۆیت،تا دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو زەویەی کە لێم وەرگرتی،لەبەرئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە))٣٣.

---

٣٣. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی سێیەم : ١٦-١٨.

گێڕانەوە تەوراتیەکە ناوی ئادەمی بەسەر مرۆڤی یەکەمیدا دابڕی و لە ڕاستیدا ئەو زاراوەیە ئۆگاریتی فینیقیە و مانای: گیانەوەر یان مرۆڤ دێت.٣٤ ئەو وشەیەش لەگەلێك لەدەقە ئۆگاریتیەکاندا هاتوە لەوانەش داستانی کریت،کاتێك خواوەند ئیل لەخەودا بۆ پادشای کریت دەردەکەوێت:

**لەکاتێکدا ئەو دەگریا کەوتە بێهۆشیەوە**

**کاتێك ئەو فرمێسکی دەڕشت خەو زۆری بۆ هێنا**

**بەڵێ کریت خەو بەسەریدا زاڵ بوو**

**و چووە خەوێکی قوڵەوە**

**بەڵام زۆری نەبرد چاوەکانی کردەوە**

**ئەو لەخەودا(( ئیلی )) بینی**

**لەخەوەکەیدا باوکە ئادەمی بۆ دەرکەوت**

وەك کورتەیەکی ئەوەی لە پێشدا ڕوویدا زنجیرەی دروستبوون لە هەردوو دەقەکەدا بە تەنیشت یەکەوە دادەنێین:

| ئینۆمائیلیش | بەشی دروستبوون |
|---|---|
| ١. ئاوی گشتگیر توعامەیە لەگەڵ ئاوی سوێر و مێردەکەی ئاوی شیرین تاریکایی چواردەوری هەردووکیانی داوە | ١. تاریکایی ئاوی یەکەمی پێچاوەتەوە وگیانی خوداش دەفڕێت بەسەر ئاوەکەدا |
| ٢. ڕوناکی تیشك دەداتەوە و لە خوداوە دروست دەبێت | ٢. ڕوناکی دروستکرد |
| ٣. ئاسمانی دروستکرد | ٣. ئاسمانی دروستکرد |
| ٤. زەوی دروستکرد | ٤. زەوی دروستکرد |
| ٥. تەنە ئاسمانیەکانی دروستکرد | ٥.تەنە ئاسمانیەکانی دروستکرد |
| ٦. مرۆڤی دروستکرد | ٦.مرۆڤی دروستکرد |
| ٧.مەردۆخ لەدروستکردن دەبێتەوە وخواوەندەکانیش ئاهەنگ دەگێڕن | ٧. یەهوە پشوو دەدات |

---

34.C.H.Gordon،ugarit،norton library،newyork 1967،p102.

**ڕاڤەکردن دەربارەی لە یەکچوونی دوو دەقەکە :**

**ڕاڤەی یەکەم :** دەقە بابلیەکە پشتی بەستۆتە سەر دەقە تەوراتیەکە.ئەمەش دوورە لە گریمانەوە لەبەرئەوەی ئینۆمائیلیش لە پێش هەموو دەقێکی نوسراوی تەوراتەوەیە.مێژووی نوسینەوەی داستانی بابلی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆن،لێکۆڵەرەوانی دەیگێڕنەوە بۆ ١٨٠٠ ساڵ پ.ز، واتا پێش لە دایك بوونی موسا بە ٤٠٥ سەدە.بێگومان ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە شۆڕبوەکان لە کۆنیدا،بەلاّم تەوراتی عیبرانی کۆنترین بەشەکانی کە بریتیە لە پێنج بەشەکانی موسا کە نوسراوەتەوە دوای گەڕانەوەی لە دیلی بابلی لەسەدەی چوارەم یان سێیەمی پ.ز. دان نەنرا بە دەقی کۆتایی تەوراتدا تەنها لە سەدەی یەکەمی پ.ز دا نەبێت.هەندێ سەرچاوەی لێپرسراوی ئاینی کۆمێنتیان داوە لەسەر ئەو لێکچوونە لەهەندێ لە بۆنەکاندا بەوەی کەوتویانە موسا هەندێ دۆکۆمێنتی نوسراو و داب و نەریتی زارەکی پێش خۆی بەکارهێناوە. و ئەوەی لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانیدا یەکیگرتۆتەوە گواستویەتیەوە بە پێشبینیکردنی گیانی پیرۆز.

**ڕاڤەی دووەم :** دەقە تەوراتیەکە پشتی بە دەقە بابلیەکە بەستوە.زۆرێك لە بیانوی مێژوویی هەیە کە پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکات.زمانی بابلی لەناوچەکەدا بەربلاّوە و بەرەو ڕۆژئاواش کشاوە هەتا گەیشتۆتە کەنارەکانی سوریا. لەباکوریشەوەهەتا ئاسیای بچووك ئەمەش لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.زدا بوە. لەوێرانەکانی پایتەختی حیسیەکاندا دەقی ئەدەبی بابلی دۆزراوەتەوە کە بەهەردوو زمانی حیسی و بابلی نوسراونەتەوە،تیایدا هەندێ بەشی تابلۆ هەیە کە هەندێ لە پەرەگرافەکانی داستانی گەلگامیشیان تیادایە.هەروەك لە وێرانەکانی گردی عەمارنە لە میسریشدا نامەکاری لەنێوان پادشا فینیقی و میسریەکاندا دۆزراونەتەوە کە بەزمانی بابلی نوسراون لە کاتێکدا کە نزیکەی نیوەی هەزارەی دووەمە بۆتە زمانی دیپلۆماسی لە ناوچەکەدا. هەروەك لەگردی عەمارنە دەقی ئەفسانە بابلیەکان دۆزراونەتەوە وەك ئەفسانەی ئادبا،ئەفسانەی شاژنی جیهانی ژێرەوە،کە بەزمانی بابلی نوسراوەتەوە بە ڕێگەیەك کە نزیکە لە ڕاهێنانی

قوتابخانە.زۆربەی گومانەکان بۆ ئەوە دەچن کە بۆ وانە وتنەوەی زمان بەکار هاتووە.

بەم شێوەیە عیبرانیەکان دەبینین کەوا توانیویانە بڕواننە ئەدەبی بابلی لە جێگا و کاتی جیاوازدا.بەڵام باشترین و شیاوترین کات و جێگە بۆ ئەو ڕوانینە، لەکاتی بەدیلگرتنی بابلیدا بوە لە سەدەی شەشەمی پ.زدا.لەلایەکی ترەوە گەر بمانەوێت ئیبراهیم،باپیرەی یەکەم،کەسایەتیەکی مێژووییە،دابنێین کە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنراو نیە تاکو ئێستا، ئەوا دەتوانین کە دوای کارتێکردن بۆ مێژویەکی دوورتر ببینین.بۆ سەرەتای هەزارەی دووەم،کاتێك ئیبراهیم کۆچی کرد لە وڵاتی دووڕووبارەوە، و لەگەڵ خۆشیدا داب و نەریتی ئاینی بابلی هەڵگرتبوو.

**ڕاڤەی سێیەم:** هەردوو دەقەکە پشتیان بەستوە بە دەقێکی کۆنتر،و داب و نەریتی ئاینی کۆنتر،لەوانەشە هەردوو بۆچوونەکە،بابلی و عیبرانی ئیلهامیان لە ئاینێکی یەکتاپەرستی کۆنەوە وەرگرتبێت،ئەویش ئەو ئاینەیەکە لە نوحەوە هاتۆتە خوارەوە تا ئیبراهیم، ئەم ڕاڤەیە لەوانەیە لە ئایندەدا بەڵگەیەکی لەسەر دەربکەوێت.

# بەشی لافاو

((قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلاَّ مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ))

**(( پێمان ڕاگەیاند لە هەر گیانەوەرێك هەموو دووانەیەك نێر و مێ هەڵبگرە لە پاپۆڕەکەتدا و ئەوانە بەر لەناوچوون کەوتن کە پێشەکی بڕیاری ئێمەیان بەسەردا درا و تەنها ئەوانە نەبێت کە باوەڕیان هێنابوو،ئەوانەی باوەڕیشیان هێنابوو لەگەڵیدا ژمارەیەکەی کەم بوون ))**

**قورئانی پیرۆز ،سورەتی هود–ئایەتی 40–**

**(( خودا بە نوحی وت بچۆرە ناو پاپۆڕەکەتەوە خۆت و هەموو خاوخێزانەکەت من لەگەڵتدا پیاوچاکێکم بینی لە بەردەممدا لەناو ئەو نەوەیەدا ))**

**سەردەمی کۆن:بەشی دروستبوون،ئەصحاحی حەوتەم –**
**١**

**((ماڵەکەت بڕوخێنە و پاپۆڕێك دروستبکە،ماڵ و حاڵت بەجێبهێڵە، و خۆت ڕزگار بکە و ماڵ و حاڵت واز لێبێنە و ژیانت ڕزگار بکە،لەهەموو زیندەوەرێك تۆوێك هەڵبگرە ))**.

**ئەفسانەیەکی بابلی**

دوای ماوەیەکی کەم ،لەدروستبونی جیهان و دەرکەوتنی ژیان،خواوەند بۆی ئاشکرا بوو کە مرۆڤ ئەو ئامانجانەی بۆی دروستکرا بەتەواوی نەیهێنانەدی.ئەو کەوتە تێکدان لە زەویدا کە بوە هۆی خراپەکاری و خوێنڕشتن.بۆیە بڕیاریدا کە ژیان لەسەر زەوی لەناو ببات،و بەلافاوێکی گشتگیر بیشواتەوە،لەدوای ئەوە مێژوویەکی نوێ دەستپێبکات.بەلاّم مرۆڤ لەماوەی ئەو سەردەمە کورتەی لەسەر زەوی،هەندێ لە ئامانجەکانی وەدیهێنا،دەسکەوتی شارستانی و ڕۆشنبیری وەهای بەجێهێشت کە ناتوانرێت بەهەند وەرنەگیرێت.لەبەرئەوە پێویستە کە پارێزگاری لەو بەشە باشەی بکرێت و بگوازرێتەوە بۆ جیهانە نوێکە بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك بۆ بیناکاری دووەم.ئەمەش وەدینایەت تەنها بە ڕزگارکردنی کۆمەڵێکی کەم نەبێت لە مرۆڤ،کەلەگەڵ خۆیدا دەسکەوتەکانی کاری مرۆڤ هەڵبگرێت بۆ ئەوەی لێیەوە سەردەمی دووەمی دەستپێبکات.لەسەر زەویەك کە پاك بۆتەوە لە خراپەکاری نەوەی پێشوو.و یەکێ ڕابەرایەتی ئەم داستانی ڕزگارکردنە دەکات،پیاوێکی دانا و چاکە کار کە خواوەند هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەم ئەرکە ناوازەیە. و کاری دروستکردنی پاپۆڕێکی گەورەی پێدەسپێرێت، کە تیایدا خاو وخێزان و نزیکەکانی تیادا هەڵبگرێت لە چاکەکاران و لەهەموو ئاژەڵێکیش دووان. دەستبکات بە جوڵە لەکاتی دەستپێکردنی لافاوەکەدا،و لەخواردنیش هێندەی بەش بکات هەڵبگرێت،لەکاتی وشکبونەوەی ئاوەکەشدا ئاژەڵەکانی بەربدات بۆ هەر چوارلاکە و بۆ جاری دووەم زەوی پڕبکاتەوە،و لەو مرۆڤانەشی کەماون شارێکی نوێ دابمەزرێنێت.

ئەم هێڵە گشتیانەی ئەفسانە دووبارە دەبنەوە،لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاریدا،لەلای سۆمەری و بابلی و عیبرانیەکان.لەگەڵ پاپۆڕەکانیشدا دەگوێزرێنەوە بۆ یۆنان، ئەفسانەیەکی ئیگریکی بۆمان دەگێڕێتەوە ١ کە گەورەی خواوەندەکان ئۆلیمب (( زیۆس)) بڕیاری وێرانکردنی ژیانیدا لەسەر زەوی،لافاوێکی وێرانکەری نارد کە نۆ ڕۆژی خایاند کە هەموو مرۆڤەکانی لەناوبرد تەنها ژن و پیاوێك نەبێت کەئەوانیش(( دیکلیۆن )) و ژنەکەی (( فرحە)) بوون و بە پاپۆڕەکەیان سوڕانەوە و لەسەر لوتکەی چیای برتاس گیرسایەوە.زیۆس دوای ئەوە بەباشی زانی کە پەلە

بکات لە گێڕانەوەی ژیان لەسەر زەوی.فەرمانیکرد بە ژن و مێردەکە کە بەردی بچووك بەدوای خۆیاندا فڕێبدەن،ئەو بەردانە گۆڕان بە بونەوەری زیندوو.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە،ئەفسانەی کاولکاری سەرتاپاگیر لە زۆر جێگەی جیاوازی جیهان بلاۆوە.لەنێوان گەلانێکیشدا بلاۆوە کە نەجێگە و نە کات پێکیانەوە نابەستێتەوە.ئەوەتا لە پۆلیڤیا لەلای دانیشتوانە ڕەسەنەکەی دەبینین کە ئەفسانەی کاولکاری گشتگیر بەهۆی ئاگرێکی ئاسمانیەوە ٢ باس دەکرێت کە بۆتە هۆی لەناوبردنی هەموو سیماکانی ژیان تەنها پیاوێك نەبێت کە چۆتە ئەشکەوتی حەریزەوە،کە ئاو و خواردنی پێویستی لەگەڵ خۆیدا بردووە،ماوە ناماوەیەك دارێکی زۆر درێژی لەکونێکی دیواری ئەشکەوتەکەوە درێژ دەکردە دەرەوە،دارەکە ڕەش و گەرم دەبوو،بەمە دەیزانی کە ئاگرەکە هێشتا کڵپەسەندووە لە دەرەوە. تا جارێك درێژیکردەوە بۆ دەرەوە و بە ساردی هێنایەوە،زانی کە لافاوی ئاگرەکە لەسەر زەوی کەمبۆتەوە،دەرگای ئەشکەوتەکەی کردەوە تا زەوی سوتا و چۆڵ و ترسناك ببێت کە ئەو تەنها بونەوەری زیندوە لەسەر ڕووەکەی.

لەنیوزلەنداش ئەفسانەیەکی هاوشێوە هەیە دەربارەی ئاگرێکی ئاسمانی٣ ،کاتێك یەکێك لە پاڵەوانەکانی مرۆڤ هەڵدەستێت بە دزینی ئاگری ئاسمانی و دەیهێنێت بۆ زەوی.ئەو پاڵەوانە هەڵدەستێت بە کوشتنی پاسەوانە زەبەلاحەکەی ئاگرەکە،مەشخەڵی پیرۆزی لێدەسێنێت و دەیهێنێت بۆلای میلەتەکەی. بەلاۆم بەهۆی تازەیی بۆ گرتنی ئاگرەکە بەدەستیەوە و نەزانینی لێیدەکەوێتە خوارەوە و ئاگرەکەی بلاۆدەبێتەوە و هەموو سەر زەوی لەناو دەبات،پیاوەکە دەست دەکات بە نوێژکردن و دەپاڕێتەوە لە خواوەندی باران،کە هەوڵدەدات ئاگرەکە بکوژێنێتەوە بەلاۆم بێسوود بوو.دوایی پەنا دەباتە بەر خواوەندی گەردەلول و ڕەشەبا ئەوانیش لەبەرامبەر ئاگرەکەدا ناتوانن هیچ بکەن، ئاگرەکە بەردەوام دەبێت لە سووتاندنی زەوی و دەریا وەکویەك.تا ئەو کاتەی هەموو خواوەندەکان کۆدەبنەوە و

---

1.Robert Graves،Greek Myths،Penguins 1974،pp138-139.

2.F.F.reudn،Myths Of Creation،W.H.Allen،london،1961.

3.ibid.

لافاوەکانیان کە هەموو زەوی دادەپۆشێت دەبارێننە سەر ئاگرەکە و دەیکوژێننەوە.

ئەم ئەفسانەیە چیرۆکی برۆمیتۆسی یۆنانیمان بیردێنێتەوە،کە ئاگری خوایی دزیوە لە ئاسمان،ئەو کارەساتانەی کەبەسەر مرۆڤدا هاتوە دوای ئەوە.لەلای هندیەکانی کالیفۆرنیاش،ئەفسانەی هاوشێوە هەیە،کاتێك یەکێك لە پاڵەوانەکان هەڵدەستێت بە دزینی ئاگر لە ئاسمان،بەلاّم لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە و جیهان دەسوتێنێت.هەروەها هۆزەکانی بەڕازیلیش چیرۆکی لافاوی گەورە دەگێڕێتەوە.هەروەها هۆزەکانی گینیای بەریتانیش، ئەمریکای ناوەڕاست و باکوریش،و هەندێ لە هۆزەکانی ئەوروپاش پێش ئەوەی مەسیحیەت وەربگرن،لە ئەفسانەیەکی هندیشدا هەیە،کە لافاوێك جیهانی داپۆشیوە و کەسی لێدەرنەچووە تەنها ژن و پیاوێك نەبێت کە لەسەر بەرزترین لوتکە بوون.دوای کەمبونەوەی لافاوەکە،لەسەرمادا هەڵدەلەرزان بۆیە خەڵکی سەرمانگ بەزەییان پیایاندا هاتەوە و ئاگرێکیان بۆ ناردن بۆ ئەوەی خۆیانی پێگەرم بکەنەوە.٤ بلاّوبنەوەی ئەفسانەکانی لافاو وکاولکاری گشتگیر لەهەموو لایەکی جیهاندا گەلێك مەسەلە دەوروژێنێت کە پەیوەندیان بە ڕاڤەکردنی ئەو جۆرە لە ئەفسانەو هۆکاری سەرهەڵدانیانەوە هەیە.

ئایا ئەو چیرۆکە تۆقێنەرانە ڕووداوگەلێکی مێژوویمان بۆ دەگوازنەوە. کە لە سەردەمانێکی زۆر دووردا ڕوویانداوە پێش مێژووی نوسراو. و لە بیرەوەری مرۆڤدا چەسپاون.ئەم ڕاڤەیە سەرەڕای سەرنجڕاکێشانی بەلاّم هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جیۆلۆجی و ئارکیۆلۆجی پشتڕاستیان ناکەنەوە تاکو ئێستا.یان ئایا ئەم ئەفسانانە ئاشکرا کەری ڕاستیە دەروونی و هەستە شاراوە ناوەکیەکان نین؟ ئایا بریتین لە بالاّدەستبوونی هەستە کاولکاریە شاراوەکان لە نەستی مرۆڤ و ویستە بێئاگاییەکان لە وێرانکردنی خودادا؟ئایا بریتیە لە هەستکردنێکی سەرتاپاگیر بە دۆڕاندن لەشارستانێتیەك کە هەمیشە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی

---

4.ibid.

خۆشیەکانی مرۆڤەوە ڕێدەکات،شارستانێتیەك کە پێویستە لەناو ببرێت هەر کاتێك ئەڵقەکانی توند بوون و بوە هۆی تەسککردنەوەی خنکاندنی بۆ سەر دروستکەرەکانی؟... پرسیار گەلێك کە بەبێ وەلأم بەجێیان دێڵم.

## ١ // لافاوی سۆمەری

ئەفسانەی سۆمەری چیرۆکەکانی لافاومان بۆ بنیاتدەنێت کە لەناوچەکەدا بەربلأون،هەروەك چۆن لە پێشدا چیرۆکەکانی دروستبوونی بۆ بنیاتنناین.ئەو دەقەی لافاو کە دۆزرایەوە لە وێرانەکانی شاری(( نەفر)) ی سۆمەریدا،هێڵە گشتیەکانی هەموو ئەفسانەکانی لافاوەکانی دواترمان پێشکەش دەکات لە بابل و سوریا و ولأتی ئیگریکدا، و لە کتێبی تەوراتیشدا ئەمە و سەرەڕای باری خراپی ئەو تابلۆ گڵینیەی کە ئەفسانەکە لەخۆ دەگرێت و سەرەڕای تێکچوونی دەق و کەموکوڕی لە زۆربەی جێگاکانیدا. هێڵە گشتیەکانی ئەفسانەکە کورتدەکرێتەوە لە چوار خاڵدا کە هەموویان دووبارە دەبنەوە،لەگەڵ هەندێ جۆراوجۆریدا،لە ئەفسانەکانی دواتردا:

١. بڕیارێکی خواوەندی بەوێرانکردنی زەوی بەهۆی لافاوێکی گشتگیرەوە.

٢. هەڵبژاردنی یەك مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵێکی بچووك لەمرۆڤەکان لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئاژەلأن.

٣. تەواوبونی لافاوەکە و بەردەوامبوونی ژیان سەر لەنوێ بەهۆی ئەو مرۆڤ و ئاژەلأنەوە کە ڕزگاریان بوە.

ئەو کەموکوڕیەی لەسەرەتای دەقەکەوە ڕێگرە،لەبەدەستگەیشتنمان بۆ بیرۆکەیەکی ڕۆشن بۆ سەرەتای ئەفسانەکە.کاتێکیش دەقەکە ڕوون دەبێتەوە دەگاتە ئەو جێگەیەی کە باس لە دروستکردنی مرۆڤ و دەرکەوتنی پێنج شار دەکات لە بووندا کە بریتین لە : ئەریدۆ .بادیتیرا،لاراك،شرۆپاك کە ئەوان بریتین لە یەکەمین ناوەندە شارستانێتیە سۆمەریەکان.دوای دابەشکردنی ئەو شارانە بەسەر کۆمەڵێك لە پاڵەوانان و پادشاکاندا.دەقەکە دەشێوێت و ماناکەی بزر دەبێت.

کاتێك تابلۆکە دەستپێدەکاتەوە.دەبینین کە خواوەند بڕیاری لەناوبردنی مرۆڤی داوە بەهۆی لافاوێکەوە کە زەوی دادەپۆشێت.بەلأم هەندێ لەخواوەندەکان

ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن لەو بڕیارە،ئەوە(( ئانانا))یە کە خواوەندی خۆشەویستی و بە پیتیە دەگری و دەلاوێنێتەوە بۆ ئەو چارەنوسە دڵتەزێنەی مرۆڤ،ئەوەش ئانکیە خواوەندی دانایی دەردەچێت لە کۆمەڵی خواوەندەکان ئەرکی ڕزگارکردنی تۆوی ژیان لەسەر زەوی دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی.

ئانکی پەیوەندی بە پادشا زیوسودراوە دەکات،کە مرۆڤێکی خۆپارێز و چاکە،لەدوای پەردەوە قسەی لەگەڵ دەکات،نیەتی خواوەندی خۆی بۆ ئاشکرا دەکات،و پلانەکەی بۆ باس دەکات دەربارەی ڕزگارکردنی ژیان،کە کورت دەکرێتەوە لە هەستانی زیوسۆدرا بە دروستکردنی پاپۆڕێکی گەورە بۆ هەڵگرتنی کۆمەڵێکی باش لەمرۆڤ و هەندێ ئاژەڵان.

سەرەڕای ئەوەی کە پەرەگرافە ڕوونەکانی دەقەکە ئاماژە نادەن بۆ دروستکردنی پاپۆڕ،و ناسنامەی ڕزگاربوەکان و ئاژەڵەکان،بەڵام پەرەگرافەکانی تر باسی پاپۆڕەکەمان بۆ دەکات لەکاتی لافاوەکەدا،و باسی ئەوەش دەکات کە زیۆسۆدرا هەڵدەستێت بەسەربڕینی گایەك و بەرانێك وەك قوربانیەك بۆ خواوەند لە پای ڕزگاربونی.کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر هەڵگرتنی بۆ هەندێ لە ئاژەڵان لە پاپۆڕەکەدا.دوای تەواوبونی لافاوەکە زیۆسۆدرا لەسەر کارەکەی پاداشت دەکرێتەوە کە نیعمەتی نەمری پێ دەبەخشرێت و لەزەوی دەلمۆندا نیشتەجێ دەبێت،کە بریتیە لە بەهەشتی سۆمەریەکان.ئەمەش وەرگێڕانی هەندێ پەرەگرافی ڕۆشنە لە ئەفسانەکە: ٥

**لەوکاتەدا(( نەنتۆ))* گریا وەك ژنێك کە لەژاندا بێت**

**ئانانای پیرۆزیش دەیلاواندەوە بەسەر گەلەکەیدا**

**ئانکی زۆر بیری کردەوە، مەسەلەکانی بەهەموو بارێکدا لێکدایەوە**

**ئانۆ وئەنلیل و ئانکی و ننرخرساگ** [....]

---

5. S.N.Kramer.Sumerian Mythology،Harper،Newyork،1961

- A.Heldel،the gilgamesh epic،phoenix books،chicago.1970

**خواوەندی زەوی و ئاسمان بەناوی ئانۆ و ئەنلیلەوە هاواریان کرد**

**لەو ڕۆژانەدا زیوسودرا پادشا و کاربەدەست بوو لەسەر پەرستگا**

**هەستا بە پێشکەشکردنی (( قوربانیەکی )) گەورە**

**و دەچەمێتەوە وکڕنۆش دەبات بەسەرکزی و ملکەچیەوە**

**بەبێ ماندووبون ڕوودەکاتە خواوەند[ لە پەرستگا]**

**لەڕۆژێکدا خەوێك دەبینیت کە لە شێوەی نەتبینیبوو**

**خواوەند [....] دیوار[....]**

**کاتێك زیۆسۆدرا لە نزیك دیوارەکەوە وەستابوو گوێی لە دەنگێك بوو:**

**(( بوەستە لەنزیك دیوارەکەوە لەلای چە پمەوە و گوێبگرە**

**قسەیەك دەکەم و دوای قسەکەم بکەرەوە**

**گوێیەکی بیستراو بدە بە ئامۆژگاریەکانم**

**ئێمە لافاوێك لەباران دەنێرین [....]**

**کە نەوەی مرۆڤ لەناو دەبات [....]**

**ئەوە بڕیار و دادەوەری ئە نجومەنی خواوەندیە**

**فەرمانیدا بە ئانۆ و ئەنلیل**

**[سنورێك دادەنێین] بۆ دەسەلاتی مرۆڤ ))**

**دوای ئەمە شێواندنێك بەسەر دەقەکەدا دێت ،بەلأم بەشە ونبووەکە بەدڵنیاییەوە باس لە ڕێنماییەکانی خواوەندەکان دەربارەی دروستکردنی پاپۆڕ و سیفاتەکانی و جۆری سوارەکانی،دواتر زیۆسۆدرا هەستا بەدروستکردنی،کاتێکیش تابلۆکە ڕۆشندەبێتەوە بۆ خوێندنەوە خۆمان دەبینینەوە لە ناوەڕاستی لافاوەکەدا.**

**گەردەلولەکە هەمووی بەیەك جار دابەزی**

**لەگەڵیشیدا ڕۆیشتنی لافاو لەسەر [ڕووی زەوی]دەستیپێکرد**

**بۆ حەوت ڕۆژ و حەوت شەوان**

**لافاوی باران هەموو ڕووی زەوی دا پۆشی**

---

*** ننخرساگ،خواوەندی دایك.**

**گەردەلولەکە پاڵی نا بە پا پۆڕە زەبەلاحەکەوە لەسەر ئاوە گەورەکە.**

**دواتر(( ئۆتۆ ))* دەرکەوت کە ڕووناکیەکەی لە ئاسمان و سەر زەویدا پەخشکرد**

**زیۆسۆدرا کونێك دەکاتە پا پۆڕە گەورەکەوە**

**بۆئەوەی تیشکی پاڵەوان ئۆتۆ بچێتە ژوورەوە.**

**پادشا زیۆسۆدرا**

**چووە کڕنۆش لەبەردەم ئۆتۆدا**

**گایەکی سەربڕی و قوربانیەکیشی لەمەڕ پێشکەشکرد**

جارێکی تر دەقەکە دەشێوێتەوە.پێدەچێت لێرەدا بەشە کەموکوڕیەکە باس لە وشکبونەوەی ئاوەکە و دابەزینی پاپۆڕەکە لەسەر زەوی وشك دەکات و ئامادەبوونی پاشماوەی خواوەندەکان و دڵخۆشییان بە ڕزگارکردنی ژیان لەکاولکاری تەواو. پاداشتکردنی پاڵەوانی لافاو بە ژیانی نەمری لە زەوی دەلمۆن:

**پادشا زیۆسۆدرا،**

**کڕنۆشی برد لەبەردەم ئانۆ و ئەنلیل**

**لەبەرامبەردا خوداش ژیانی هەمیشەیی پێبەخشی**

**لەبەرامبەردا خوداش گیانێکی نەمری پێبەخشی**

**ئالەوێدا پادشا زیۆسۆدرا**

**بانگی کرد بەناوی پارێزەری تۆوی ژیان**

**لەزەویدا[....] زەوی دەلمۆن**

**کە ڕۆژهەڵدێت،نیشتەجێمان کرد.**

دۆلمۆن،کە بەهەشتی سۆمەریەکانە،جێگەیەك نیە بۆ گیانی پیاوچاکان،لەبەرئەوەی ژیانی ئەو جیهانی تر لای سۆمەریەکان زانراو نەبوو،باری مردن بریتیە لە بارێکی هەتاهەتای کە هەموو مرۆڤەکان تێدەچن بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەستی مرۆڤەکان چی پێشکەش دەکەن لە ژیانی دونیادا،کاتێك بەرەو جیهانی ژێرەوە

---

* ئۆتۆ: خوای ڕۆژ

دەڕۆن،جیهانی تاریکایی هەمیشەیی،کەتیایدا بەردەوامی نە بە ژیان و نە ونبوونی هەست و سۆز و درکپێکردنەکانە،ئەم خاڵە لە بەشی جیهانی ژێرەوەدا لە ئایندەدا باس دەکەین.بەڵام بەهەشت جێگەی خۆشگوزەرانی خواوەندەکانە،وەکەمێکی کەم لە مرۆڤ ئەوانەی کە ژیانی نەمرییان پێبەخشراوە.

لە تابلۆیەکی تردا باسێکی زیندووی لەبارەوە دەخوێنینەوە،بەهەشت جێگەیەکی پاك و خاوێن و ڕووناکە،کە قەلەڕەش تیایدا ناخوێنێت و باڵندە دڕندەکانیش تیایدا هاوار ناکەن، وشێر و گورگیش ڕاوی تیادا ناکەن،ئاژەڵەکانیش کشتوکاڵەکان ناخۆن و هیچ کەسێك ئازار و نەخۆشی و پیری و لاوازی نازانێت چین،وجێگەش نیە بۆ خەمباری و گریان.*

---

* بۆ تەواوی دەقەکە بگەڕێوە بۆ بەشی بەهەشتی سۆمەری.

## ٢ // لافاوی بابلی

هەرچۆن بابلیەکان لە شاکارەکەی یەکەمیان (( ئینۆمائیلیش))دا کردیان،بەهەمان شێوە لەشاکاری دووەمیشیاندا کردیان(( داستانی گەلگامیش)) داستانی گەلگامیش بریتیە لە شاکارێکی ئەدەبی جوان،لەنێوان کۆمەڵێ دەقی سۆمەری کۆندا کە باس لە پاڵەوانێکی سۆمەری دەکات کە لە سەردەمی دەسپێکی یەکەمی دوای لافاوەکە فەرمانڕەوایی هەبووە.ئەو چیرۆکە سۆمەریانە بونە کرۆکێك کەلەسەریەوە ژێری ناوازەی ئەدەبی بابلی گەوهەرێك لە گەوهەرەکانی ئەدەبی کۆن لەسەر دروستکردووە.و زۆرێك لەتێڕوانینە ڕۆشنبیریە بابلیەکانی هەڵگرتوە.فکری و ئاینی و فەلسەفی.لەپاڵ دەقەکانی گەلگامیشی سۆمەریەوە،بابلیەکان سوودیان لەدەقی لافاوی سۆمەریش وەرگرتوە و خستویانەتە چوارچێوەی داستانەکەوە کە بۆتە تانوپۆیەکی چنراوی زۆر جیاواز لەماناکەی و مەبەستەکانیشیدا.

دەقی لافاو،یەکەم دۆزینەوە بوو لە داستانی گەلگامیشدا،لەساڵی ١٨٧٢دا زانای شوێنەوارناسی بەریتانی جۆرج سمێس ڕایگەیاند کە گەیشتۆتە شیکردنەوەی نهێنیەکانی یەکێ لە تابلۆکانی کتێبخانەی بانیپاڵ کە دەقێکی لەسەر لافاو تیادایە کە هاوشێوەیە بۆ دەقی تەوراتی.ئەم ڕاگەیاندنە بوە هۆی خستنەوەی پەرۆشی و دڵگەرمیەکی زۆر،نێردە شوێنەوارناسیەکان داباریـنە سەر ناوچەکە یەك بەدوای یەکدا،تاتوانرا هەر ١٢ تابلۆکەی داستانی گەلگامیش بدۆزرێتەوە،کە تابلۆی یانزەهەم هەموو ئەفسانەی لافاو دادەپۆشێت و لەخۆ دەگرێت.سەرەڕای ئەوەی کە لە چرکەی یەکەمەوە وادێتە پێش چاو کە چیرۆکی لافاو باڵی کێشاوە بەسەر ڕووداوەکانی داستانەکەدا،بەڵام،لەڕاستیدا،بەشێوەیەکی هاوجووتی تەواو هاتووە لەگەڵ ئاوازی کارەساتباری داستانەکەدا.کە ڕەهەند و مانای تایبەتی پێداوە،کە جەختیکردۆتەوە کە نەمری خەونێکە کە هیچ کەس و مرۆڤێك وەدەستیناهێنێت.

گەلگامیش،پاڵەوانی شاری ئۆرۆك و پادشاکەشێتی،سێیەکی خواوەند و دوولەسەر سێشی مرۆڤە کە ژیانی لە ڕاو و شکار و ڕابواردن و کوشتنی خەڵکیدا بەسەر بردووە.بەناوبانگ بوە بەهێزە ناوازەکەی و وزە لە ڕادەبەدەرەکەی.

دواتر ئەنکیدۆ دەناسێت،دژەکەی،هاوڕێیەتیەکی قوڵی لەگەڵدا دروستدەکات و ڕێچکەی ژیانی دەگۆڕێت،بڕیار دەدات کە هێز و وزەکەی بگۆڕێت بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە کە خەڵکی سوودی لێببینن،هەردوو هاوڕێ هەڵدەستن بەسەرکێشی زۆر کە ئامانجەکانیان پاك و بێگەرد بوون،بەلأم ئەنکیدۆ لە یەکێك لەو سەرکێشیانەدا دەمرێت ، ئالێرەدا گەلگامیش لەخەو ڕادەپەڕێت بەسەر کارەساتە ڕاستەقینەکانی کە بەسەر مرۆڤدا دێتو سەرلێشێواو لە بیابان و چۆڵەوانیەکاندا دەگەڕێت و عەرش و شانشینەکەی بەجێدێڵێت و دەگەڕێت بەدوای دۆزینەوەی نهێنی نەمری و ئیکسیری ژیاندا.قەدەری لەناوچوونی مرۆڤ پاڵیپێوەدەنێت، ئەو سەرەڕای ئەوەی کە سێیەکی خواوەندی تیادایە،بەلأم ڕێژە مرۆییەکەی ڕایدەکێشێت بۆ لای قەدەری هاوبەشی نەوەی مرۆڤ.دوای سەختی و ڕەنجکێشان کە لەتوانای مرۆڤدا نین،گەلگامیش گەیشتە ئۆتنابیشتم،ئەو مرۆڤەی کە خواوەند ژیانی نەمری پێبەخشیبوو.لەنهێنی نەمری لێیدەپرسێت،و چۆنێتی بەدەستگەیشتنی.ئۆتنابیشتم چیرۆکەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و جەخت لەوەدەکاتەوە ئەوەی ئەو پێیگەیشتوە مەسەلەیەکی زۆر دەگمەنە کە بە سانایی بۆ هیچ مرۆڤێك دووبارە نابێتەوە،شتەشاراوە و نهێنیەکانی ڕووداوی لافاوی گەورەی بۆ ئاشکرا دەکات:٦

**گەلگامیش بە ئۆتنابشتیمی دووری وت:**
**سەیری تۆ دەکەم ئەی ئۆتنابشیتم،**
**شێوە ناسکەکەت دەبینم کە جیاوازی نیە لەگەڵ شێوەی مندا**
**بەڵێ.تۆ لە هیچدا لەمن جیاواز نیت**
**لەخەیاڵی خۆمدا تۆم وەکو پاڵەوانێك هاتە بەرچاو کە ئامادە بۆ شەڕیت**
**بەلأم ئەوەتا تۆ ڕاکشاوی بە ئیسراحەت و پاڵتداوەتەوە**
**هەواڵم بدەرێ کە چۆن گەیشتویت بە هاوەڵی خواوەندەکان و نەمریت بەدەستهێناوە؟**

---

6.E.A.Speiser،Akkadian Myths and epics( in:j.pritchard، Ancient Near Eastern rexts .Edited،princeton.1969).

**ئۆتنابشتیم بەگەلگامیشی وت:**

**گەلگامیش...مەسەلەیەکی شاراوەت بۆ ئاشکرا دەکەم،**

**ونهێنیەکت بۆ باس دەکەم لەنهێنیەکانی خواوەند،**

**(( شۆریپاك )) شارێکە کە تۆ دەیزانیت،**

**دەکەوێتە سەر کە ناری ڕووباری فورات،**

**شارەکە و خواوەندەکان لەناوەڕاستیدا پیربوون،**

**نەفسیان پێیوتن کە لافاوێك بنێرن،**

**لەوێشدا باوکیان ئانۆ ئامادەبوو،**

**هەروەك(( ئنلیلیش )) ڕاوێژکاریان بوو،**

**و(( ننورتا ))نوێنەریان بوو،**

**و(( ئینۆجی )) شالیاریان بوو،**

**و(( ننجیکۆ )) کە بریتیە لە (( ئایا )) بەهەمان شێوە ئامادەبوو،**

**قسەکانیان گواستەوە بۆ کۆختەیەکی قامیش* :**

**(( ئەی کۆختەی قامیش، ئەی کۆختەی قامیش، دیوار ئەی دیوار،**

**گوێگرە ئەی کۆختەی قامیش، ئەی دیوار** بیربکەرەوە،**

**پیاوی شۆریپاك ئەی کوڕی ئۆبارا-توتو،**

**ماڵەکەت پێچەرەوە و، پا پۆڕێك دروستبکە،**

**ماڵ و حاڵت جێبهێڵە و خۆت ڕزگاربکە،**

**کەل و پەلەکانت جێبێڵە وژیانت ڕزگاربکە،**

**کاربکە بۆ هەڵگرتنی تۆوی هەموو زیندەوەرێك،**

**ئەو پا پۆڕەی تۆ دروستیدەکەیت،**

**بە پێی پێوەری زۆر وورد دەبێت،**

---

*** کۆختەی قامیش خانوی ئۆتنابیشتیمە.**

**** دیواریش لێرەدا دەقی سۆمەریمان بیردەخاتەوە کاتێك ئانکی قسە لەگەڵ زیۆسۆدرا دەکات لەدوای دیوارەوە.**

پانیەکەی بەرامبەر درێژیەکەی دەبێت،

داپۆشە وەکو بریتی بێت لە ئاوی ژێرەوە)).

کاتێك لەوە تێگەیشتم بە(( ئایا)) م وت گەورەم،

[ چاو دەبڕمە سەر] ئەوەی کە فەرمانت پێکردم

و کاردەکەم بۆ جێبەجێکردنی

[بەلاَم بەچی ] وەلاَمی شارەکە و خەڵك و پیرەکانی بدەمەوە؟

ئایا دەمیکردەوە و وتی:

ڕوویکردە ئانای خزمەتکاری:

(( ئەوەی پێتان دەڵێم بۆ تۆیە:

زانیومە کە ئنلیل ڕقی لێمە،

لەسەرمە کە چیدی لەشارەکەتاندا نەمێنمەوە،

و ئاوەڕ نەدەمەوە لەخاکی ئنلیل،

دائەبەزم بۆلای (( ئابسۆ)) و لەگەڵ گەورەم ئایادا دەژیم،

بەلاَم ئێوە بارانێکی زۆر دادەبارێتە سەرتان،

[....] لە باڵندە .... لەماسی،

[....] بەروبومی دووراوە،

لەئێوارەدا خوای گەردەلوول،

دایدەبارێنێتە سەرتا خێروبێرەکەی باران لە گەنم))*

کاتێك [ یەکەم تیشکی ڕووناکی بەیانی دەردەکەوێت]

هەتا خەڵکی لەدەورم کۆ دەبنەوە،

[.. .. ..]

( دوو دێڕ شێواون)

مندالاَن قاریان هێنا [لەکاتێکدا] گەورەکان [ هەموو ئەوانەی] کە سوودیان هەیە هێنا،

لەڕۆژی پێنجەمدا پەیکەرەکە تەواو بوو [پا پۆڕەکە].

---

* وادیارە کە (( ئایا)) دەیەوێت مەبەستەکانی بشارێتەوە لە خەڵکی وهەڵیانبخڵەتێنێت.

زەویەکەی یەك (( ئیکۆ ))* بوو، بەرزی دیوارەکانیشی سەد
و درێژی هەر لایەك لەلاکانی ڕوەکەی سەدوبیست باڵ بوو**
شێوەی دەرەوەیم دیاریکردو دروستم کرد،
وشەش ڕووی ناوەکیشی تیادا دروستکرا،
بەوەش دابەشمکردە حەوت نهۆمەوە،
هەروەها زەویەکەشیم دابەشکردە سەر نۆ بەش،
لەسەر لاکانیشیەوە هەڵمژێنەری ئاو جێگیرکران،
ئاو و خۆراکم تیادا هەڵگرت،
لەفڕنەکەشدا شەش وەزناتم لە قیر تێقڵپان،
وەسێ وەزنیش لە قیر،
سێ وەزنیش لە چەوری کە هەڵگری زنجیرەکان هێنابویان،
یەکێکیانم بەکارهێنا بۆ جێگە کۆکردنەوەی هەڵمژێنەری ئاوەکان،
دوانەکەی تریش فەرماندەی پاپۆڕەکە هەڵیگرتن،
گوێرەکەیەکم بۆ خەڵکەکە سەربڕی،
و هەموو ڕۆژێکیش مەڕێکم سەر دەبڕی،
شەربەتی ترێ و شەرابی سوور و چەور و شەرابی سپی،
دەمدایە وەستاکان و دەیا نخواردەوە هەروەك ئاو لە ڕووبار،
و ئاهەنگیان دەگێڕا وەك ئاهەنگی سەری ساڵ،
و[....] مەرهەمم لە دەستمدا.
[.. .. ..] پاپۆڕەکە ئامادەبوو.
[.. .. ..] زۆر سەخت بوو.
[.. .. ..] لەسەروو لە خوارەوە.
[.. .. ..] ..دوو لەسەر سێی.

---

* پێوەرە بۆ ڕووبەر کە یەکسانە بە ٣٦٠٠مەتر دووجا.

** بەمەش شێوەی پاپۆڕەکە دەبێتە شەشپاڵویەکی ڕێك.

**ئەوەی هەبوو لەگەڵ خۆم هەڵمگرت بۆی.**

**ئەوەی لە زیوو هەبوو هەڵمگرت بۆی.**

**ئەوەی لە ئاڵتون هەبوو هەڵمگرت بۆی.**

**ئەوەی لە تۆوی زیندەوەران لەلام بوو هەڵمگرت بۆی.**

**دوای ئەوەی کە خاو وخێزان و خزم و نزیکەکانم هەموویانم بردە ناویەوە،**

**باڵندە و دڕندەی کێوی و خاوەن پیشەکان**

**خواوەند(( شەمش )) کاتێکی دیاریکراوی بۆ دیاریکردوم:**

**(( کاتێك گەورەی گەردەلوول * بارانێکی وێرانکەر دەنێرێت لە ئاسمانەوە،**

**بچۆرە پاپۆڕەکەوە و دەرگاکە لەسەرخۆت دا بخە )).**

**کاتێك کاتەکە هات،**

**گەورەی گەردەلوول بارانێکی وێرانکەری لە ئاسمانەوە نارد.**

**ڕووم وەرگێڕا لە ئاسمان،کەش و هەواکە زۆر ترسناك بوو بۆ سەیرکردن،**

**چوومە ناو پاپۆڕەکەوە و دەرگاکەم لەسەر خۆم داخست،**

**سەرکردایەتی پاپۆڕەکەم دایە دەست کاپتن بوزور-ئاموری،**

**پەیکەرە گەورەکەم دایە دەستی بەهەموو شتەکانی ناویەوە.**

**کاتێك تیشکی سەر لەبەیانی دەرکەوت،**

**هەورێکی گەورەی ڕەش لە ئاسۆدا بەرزبۆوە،**

**لەناوەڕاستیشدا دەنگی (( حودەد ))** بەرز دەبۆوە**

**لە پێشیشیەوە (( شویلات )) و(( خانیش ))*** هەبوون**

**ئەریگال **** کۆڵەکەکانی هەڵکەند،**

**ننورتا هەستا بەکردنەوەی بەنداوەکان.**

---

* ئنلیل

** حودەد خواوەندی هەورەتریشقە و بروسکە و گەردەلول و بارانە.

*** یاریدەدەری خواوەند حودەدە.

**** ئەوە نرگالە خواوەندی جیهانی ژێرەوە.

(( ئانوناکی )) مەشخەڵەکانی بەرزکردەوە،
بریقەکەی زەوی ڕووناك بکاتەوە.
بەڵام هەڵچونی حودەد گەیشتە سنوری ئاسمان،
ئەوەی ڕووناك بوو تاریکی کرد،
هەستا بەتێکشکاندنی زەوی هەروەك چۆن گۆزەیەك دەشکێنێت.
ڕەشەبایەکی بەهێز و وێرانکەر ماوەی یەك ڕۆژی تەواو هەڵیکرد،
بەهێزەوە هەڵیکرد و [.. .. ..]
خەڵکی دووریەوە وەك چۆن لە جەنگدا ڕوودەدات،
تابرا لە برا ونبوو،
وایلیێهات دانیشتوانی ئاسمان دانیشتوانی زەویان نەدەبینی.
هەتا خواوەندەکانیش لە گەورەیی لافاوەکە تووشی ترس بوون،
ڕایانکرد و بەرزبونەوە بۆ ئاسمان (( ئانۆ ))*
چوونەوەیەك وەك سەگی ترساو دۆشدامان لە خەفەتدا.
(( عشتار )) وەك ژنی ژانگرتوو دەیقیژاند
خانمی خواوەندەکان دەیلاواندنەوە بەدەنگێکی خۆش:
(( بەرەو قوڕ دەچوو ئەو ڕۆژە کۆنانە،
ئەوەش لەبەرئەوەی من قسەی شەڕم کرد لەکۆڕی خواوەندەکاندا،
چۆن توانیم فەرمان بدەم بەو کارە خراپە.
چۆن توانیم فەرمان بدەم بە جەنگ بە تێکشکاندنی گەلەکەم،
تێکشکاندنی ئەو کەسانەی کەمن لەدایك بونم داونەتێ،
ئەوەتا ئەوان وەك ماسی بچوك یەم ( دەریا ) پڕ دەکەن ))
لەگەڵیشیدا خواوەندە ئانۆناکی گریا.
دانیشتن لەخۆیان ئەدا وئەیانلاواندەوە،

---

* ئانۆ وەك دەزانین گەورەی ئاسمانە،لەبەرئەوەی لە خەیاڵی بابلیەکاندا ئاسمان حەوت چینە و ئانۆ ئاسمانی حەوتەمی کردۆتە بارەگای خۆی.

دەمیان دا پۆشی.

شەش ڕۆژ و شەش شەو،

ڕەشەبا و گەردەلول هەڵیکرد و باران دایکرد و سەر زەوی دا پۆشی.

لەگەڵ هاتنی ڕۆژی حەوتەمدا .گەردەلول و لافاو،

هەڵچونەکانیان هێوربۆوە کە لە پێشدا وەك سوپایەکی جەنگاوەر وابوون.

دەریا هێور بۆوە و گەردەلول نیشتەوە. و لافاوەکە وەستایەوە.

پە نجەرەکەم کردەوە.ڕوناکی دایە سەر ڕووم.

سەیری دەریام کرد،هێمنی سەرتا پاگیر بوو.

مرۆڤەکان گەڕانەوە بۆ قوڕ.

[.. ..] تا ئاستی بنمیچ بوو،

دانیشتم و نوشتامەوە و گریام،

فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە بەسەر ڕوومدا،

دوایی هەستام و سەیری هەموو ئاڕاستەکانم کرد،

سەیری سنوری دەریام کرد.

لەدووری دوو کەڕەتی دوانزە کاتژمێری، پارچەیەك لەزەوی دەرکەوت،

پا پۆڕەکە لەسەر شاخی (( نەصیر )) جێگیر بوو.

شاخەکە پا پۆڕەکەی گرت و نەیهێشت جوڵە بکات.

ڕۆژی یەکەم و دووەم ڕابوردوو شاخەکە پا پۆڕەکەی گرتبوو.

ڕۆژی سێیەم و چوارەمیش ڕابووردوو شاخەکە هەر پا پۆڕەکەی گرتبوو.

ڕۆژانی پێنجەم و شەشەمیش ڕابوردن و شاخەکە هەر پا پۆڕەکەی گرتبوو.

کاتێك ڕۆژی حەوتەم هات،

کۆترێکم هێنا و بەرمدا بە ئاسماندا.

کۆترەکە دوور ڕۆیشت و دوایی گەڕایەوە

جێگەی نیشتنەوەی نەدییۆوە و گەڕایەوە.

سنتۆم هێنا و بەردەمدا بە ئاسماندا،

دوور هەڵفڕی و هێندەی نەبرد گەڕایەوە.

جێگەی پێی نەدۆزیەوە و گەڕایەوە،
دوایی قەلە ڕەشێکم هێنا وبەرمدا بە ئاسماندا،
قەلە ڕەشەکە دوور هەڵفڕی و کاتێك بینی ئاوەکە کەمبۆتەوە،
خواردنی خوارد و سوڕایەوە و نیشتەوە و ئیدی نەگەڕایەوە.
دوای ئەوە هەموانم بە هەر چوارلادا بەرەلاّ کرد و قوربانیەکم کرد.
شەرابی قوربانیەکەم ڕشتە سەر لوتکەی شاخەکە.
حەوت مە نجەڵم داناو و حەوتی تریش،
لەژێریاندا قامیشی شەکری شیرینم کۆکردەوە و لەگەڵ تەختەی ئورز و ئالاسدا.
خواوەندەکان بۆنە تیژەکەیان بۆنکرد،
کۆبونەوە لەچواردەوری قوربانیەکان وەکو مێش،
کاتێك خواوەندی گەورە گەیشت،( عەشتار)
ملوانکە جوانەکەی بەرزکردەوە کە ئانۆ بە پێی ویستەکانی خۆی بۆی دروستکردبوو وتی:
(( ئەی خواوەندە ئامادەبوەکان.هەروەك چۆن ئەم ملوانکە لازوردیە لەبیرناکەم
کە گەردنم دەڕازێنێتەوە
بەو شێوەیەش من هەرگیز ئەو ڕۆژانە لەبیر ناکەم و هەمیشە یادیان دەکەمەوە
وەرنە پێشەوە و لە قوربانیەکان نزیك ببنەوە،
تەنها ئنلیل نزیك نەبۆوە،
لەبەرئەوەی بوە هۆکاری لافاوەکە بەبێ بیرکردنەوە،
وگەلەکەمی دایە دەست وێران و کاولکاری).
کاتێك ئنلیل گەیشت،
و پیا پۆڕەکەی بینی زۆر توڕە بوو،
و زۆر هەڵشاخا بەڕووی خواوەند ئیجیجیدا،
هیچ کەسێك لە لەناوچوەکان ڕزگاریان بوە، بڕیار نەبوو کە هەمووان لەناوبچن؟
ننورتا* دەمی کردەوە و ڕووی قسەی کردە ئنلیلی جەنگاوەر و ووتی:

---

* ننورتا،خوای بەنداوەکان و ئاودێری و جۆگەلەکان.

(( کێ دەتوانێ هەستێ بە هیچ کارێ بەبێ ئایا
تەنها ئایا ئاگای لەهەموو مەسەلەکانە ))
ئایا ڕووی قسەی کردە ئنلیلی جەنگاوەر و وتی :
(( ئەی جەنگاوەر، ئەی دانای ناو خواوەندەکان.
چۆن، ئاه چۆن بەبێ ئەوەی بیربکەیتەوە ئەم لافاوەت هێنا؟
گوناهکار گوناهەکەی هەڵدەگرێت، و خرا پەکاریش خرا پەکەی.
مۆڵەتی بدەرێ تا لەناو نەچێت، بەلاّم پشتگوێی مەخە تاخراپ نەبێت.
تۆ دەتوانی گورگەکان بەرەلاّ بکەیت بۆ ئەوەی ژمارەیان کەم بکەیتەوە.
یان وشکە ساڵی بخەیتەوە و ولاّت وێران بکەیت.
یان ئێرا * بهێنیت کە خەڵکی بدوریتەوە.
دوای ئەوە ئەوە من نیم کە نهێنی خواوەندە گەورەکان بدرکێنم.
ئەتراحیسم ** بینی لەخەودا لەوەوە نهێنیەکە درکاوە.
ئێستا تۆ بڕیاری خۆت لەبارەیەوە بدە ))
ئنلیل سەرکەوتە سەر پا پۆڕەکە،
هەردوو دەستی گرتم و لەگەڵ خۆیدا هێنامیە سەرەوە
هەروەها ژنەکەشمی سەرخست و وایلێکرد کە بچەمێتەوە لە تەنیشتمەوە،
دواتر لەنێوا نماندا ڕاوەستا و دەستی لە نێوچاوا نماندا و پیرۆزی کرد :
(( ئەی ئۆتنابشیتم تۆ تەنها مرۆڤێکی لەناوچوو بوویت
بەلاّم لە ئێستاوە تۆ و ژنەکەت وەکو ئێمەتان لێدێت ( نەمردەبن )
لەدەمی ڕووبارەکاندا زۆر لە دوور دەژین ))
دواتر بردمیان و نیشتەجێیان کردم لەدوور لەدەمی ڕووبارەکاندا.

ئەم دەقە دادەنرێت بەگرنگترین دەقەکانی لافاو لەخاکی دوو ڕووباردا،بەوەی کە بەشێوەیەکی تەواو دەسکەوتوە بەبێ کەموکوڕی و شێواوی،لەبەر ووردی لە

---

* خواوەندی تاعوون.

** ناوێکی تری زیۆسۆدرا یان ئۆتنابشیتم.

دەربڕین و جوانی دەرخستنی ئەدەبی، و ڕەوانی زمانە هۆنراوەییەکەی.بریتیە لە بەشێك لە داستانێکی ناوبانگ بلأو لە جیهانی کۆندا کە وەرگێڕدراوە بۆ زۆربەی زمانەکانی ناوچە دێرینەکە.بەلأم ئەمە تەنها دەق نیە،زۆرێك لە ئەفسانەکانی لافاومان پێگەیشتوە لە خاکی دوو ڕووبارەوە کە لەخوارەوە باسیان دەکەین لەم بەشەدا.

**دەقی نیپور :**

ئەم دەقە کۆنترین چیرۆکی سامیمان پێشکەش دەکات دەربارەی لافاو.کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی بابلی کۆن.کە لە کەلاوەکانی شاری نیپۆردا دۆزراوەتەوە کە لەسەر تابلۆیەکی خشتی نوسراوەتەوە کە شێواو و شکاو بوە.کە باری تابلۆکە ڕێگەی نەداوە لە گێڕانەوەی زیاتر لە چەند دێڕێك لێی،بەلأم ئەو دێڕانەی کە ماونەتەوە بیرۆکەیەکی ڕوون دەدات دەربارەی ناوەڕۆکەکەی ٧:

**هەڵدەستم بە دەرچواندنی [ئاو..]**

**[.. .. ..] کە هەموو خەڵکی دەبات.**

**[.. .. ..] پێش ئەوەی لافاو هەستێت**

**[.. .. ..] وێرانکردن و کاولکاری و لەناوچوون دروستدەکەم.**

**[.. .. ..] هەستە بەدروستکردنی پاپۆڕێك.**

**[.. .. ..] کە پەیکەرەکەی**

**پاپۆڕێکی گەورە،کە ناوی پارێزەری ژیانە.**

**[.. .. ..] هەستە بە داپۆشینی بە داپۆشەرێکی بەهێز**

**و بۆ ئەو پاپۆڕەی دروستت کردوە**

**دڕندەی کێوی و باڵندەی ئاسمان بهێنە**

ئەم چەند دێڕە کەمە بەکەمیەکەشیەوە بیرۆکەیەکی ڕوونمان دەداتیٚ دەربارەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە.لەوێدا لافاوێکی هاتوو هەیە،خواوەند یەکێك لە مرۆڤەکان هەڵدەبژێرێت بۆ ڕزگارکردنی ژیان، و فەرمانیپێدەدات بەدروستکردنی پاپۆڕێك و

---

7.A.Heidel The Gilgamesh Epic.Phoenix Books.Chicago.1970

هەڵگرتنی جۆرەکانی ئاژەڵ تیایدا.بەبێ گومان ئەم دەقە ئەو کرۆکە دروست دەکات کە دەقی لافاوی گەلگامیشی لەسەر دروست بوە.

**داستانی ئەتراحیس:**

بریتیە لە دەقی سێیەمی بابلی دەربارەی لافاو سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەی دابەشبوو بەسەر چەند پارچە تابلۆیەکدا بەدەستمان گەیشتوە بەڵام ڕێچکە گشتیەکەی ڕوونە،دەتوانرێت کە بەدواداچوونی بۆ بکرێت بەبێ کێشە و گرفت. لەم چیرۆکەدا لەپێش لافاودا نەخۆشی و پەتای ناردوە (( ئەنلیل لە هەوڵێکدا بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی مرۆڤ کە دەستیان کردووە بە زۆربوون و دەنگە دەنگ کە جێگەکەی لێتێکدەدەن و خەو لەچاوی دەفڕێنن))٨ :

**زەوی ئاوەدان بۆتەوە و خەڵکی زۆربوون**

**زیادبوون هەتا زەویان پڕکردوە هەروەك چۆن مەڕ ئاوس دەبێت**

**زۆربون تا خواوەند (( ئنلیلیان )) بێزارکردوە بەکۆبونەوەیان**

**دەنگە دەنگە کەیان گەیشتۆتە لای (( لە بەرزیەکەیدا )**

**بەخواوەندی گەورەی وت***

**ژاوەژاوی مرۆڤ زیادیکردوە**

**وایان کردوە خەو لەچاوم بتۆرێت**

**بادرەختەکان بکەون کە خواردنیان پێدەدات**

**با زگیان بلورێنن بۆ داوای خواردن**

**با(( حودەد )) لەبەرزاییدا بارانیان لێبگرێتەوە.**

**با لەقوڵایشدا ئاوی کانیاوەکان بتەقێن**

**با ڕۆیشتنی ئاو لەکانیاوەکان بوەستێت**

**با ڕەشەبا هەڵبکات**

[.. .. .. ..]

---

8.ibid

* بریتیە لە خواوەندی دروستکەر لەلای بابلیەکان و ژمارەیان حەوتە.

**با ئاسمان لەهەورەکان قەدەغە بکات**

**با زەویش بەبێ باران بمێنێتەوە**

**با کێڵگەکان بەروبومیان نەبێت**

**با(( نیسابا ))* ش سنگی بە پییتی دا پۆشێت**

( دوای ئەمە شێواویەکی گەورە هەیە تا دێڕی ٣٨٧ دوایی دەقەکە بەردەوام دەبێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە):

**ئانکی دەمی کردەوە**

**بە ئنلیلی وت:**

**بۆچی فەرمانتکرد** [...]

**دەستی یارمەتی درێژدەکەم بۆ مرۆڤ** [...]

**ئەو لافاوەی کە فەرمانت پێداوە**

(کۆمەڵێك دێڕ شێواون و وەرگێڕانیان سەختە دوای ئەوە ڕاستەوخۆ دێڕێکی درکپێکراو دێت دواتر پاشکۆی باو دێت کە نوسەری هەموو تابلۆیەك کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێت).

**ئەتراحیس دەمی کردەوە**

**بەگەورەکەی وت**

( **پاشکۆ**) :

(( تابلۆی دووەم لە: کاتیَ مرۆڤی خواوەند کۆی دێڕەکان ٤٣٩ دێڕە.

لەبەرگرتنەوە : ئیلیت –ئایا– یاریدەدەری وەرگر ٢٨ شوبات لەو ساڵەی کە پادشا ئامیزادوجا هەستاوە بە نۆژەنکردنەوەی گەڕەکەکان –ئامیزادوجا لەدەمی فوراتدا.

**پارچەی شکاوی دووەم :**

( سەرەتای وتە )

**ئەتراحیس دەمی کردەوە و بەگەورەکەی وت:**

**ئایا ڕاڤەیەکم بۆ خەونەکانم دەدەیتێ**

---

* خواوەندی گەنم ودانەوێڵە.کە وێنەیەکی ترە لە وێنەی خواوەندە–دایك ننرخرساگ.

[.. .. ... ..]

(( باشە گوێم لێبگرە

ئەی دیوار گوێگرە

ئەی کوختەی قامیش گوێ لە قسەکانم بگرە:

ماڵەکەت بپێچەرەوە و پاپۆڕێك دروستبکە

کەلوپەلەکانت بەجێبێڵە

و ژیانت ڕزگاربکە

ئەو پاپۆڕەی تۆ دروستت کردوە.

((دوای ئەوە شێواندنێکی گەورە ڕوودەدات تا کۆتایی پارچە شکاوەکە کاتێك هەمان پاشکۆ دەبینین وەك لە پارچەی پێشوودا هەبوو)).

[.. .. ... ..]

پارچەی شکاوی سێیەم:

لەکاتی دیاریکراودا کە بۆت دیاریدەکەم

بچۆرە ناو پاپۆڕەکەوە و دەرگاکەت لەسەرخۆت دا بخە

دانەوێڵە و کەل وپەل و ئاژەڵ بۆ ناوی باربکە

ژنەکەت و خێزانەکەت و خزمەکانت و خاوەن پیشەکان

دڕندەی کێوی و باڵندەکان، ئەوە دەتوانیت لە بخۆری گژوگیا

بۆت پاڵپێوەدەنێم ، کە لەبەر دەرگاکەتدا دەمێنێتەوە و بۆت دەپارێزن

ئەتراحیس دەمی کردەوە و وتی:

قسەی لەگەڵ (( ئایا )) ی گەورەکەی دەکرد:

لە پێشتردا پاپۆڕم دروستنەکردووە

ئایا شێوەکەیت لەسەر زەوی بۆم وێنا ناکێشی

کە پشتی پێببەستم لە دروستکردنیدا

[.. ..] لەسەر زەوی[.. ..]

دوای ئەوە هەڵدەستم بەجێبەجێکردنی هەموو ئەوەی کە فەرمانم پێدەکەیت.

( پاشماوەکەی شکاوە ).

**پارچەی شکاوی چوارەم:**

**( سەرەتا نادیارە )**

**کاتێك [ ساڵی دووەم ] هات**

**ساڵی سێیەمیشی بەدواداهات**

**خەڵکی وادەردەکەوێت لە [          ] پشك**

**کاتێك ساڵی چوارەمیش هات [.. ..] لە تەنگژە**

**[.. ..] فراوانی بەرەو تەسکبونەوە دەچێت**

**خەڵکی لە ڕێگاوباندا تووشی خەمۆکی بوون**

**کاتێك ساڵی پێنجەم هات کچێ لەدەرگای دایکیدا***

**بەلأم دایکە دەرگاکەی لە کچەکەی نەکردەوە**

**کچ چاودێری تەرازووی دایکی کرد**

**ودایکەکەش چاودێری تەرازووی کچەکەی کرد****

**کاتێك ساڵی شەشەم هات. کچەکە کەوتە خۆ بۆئامادەکردنی خواردن**

**هەروەك منداڵیان ئامادەکرد بۆ ئەوەی ببنە خۆراکی [.. ..] پڕ**

**ماڵ [ پەلاماری ] ماڵێکی تری دەدا**

**ڕووی خەڵکی وەکو ڕووی تارمایی مردووی لێهاتبوو**

**[دەژیان ] بەهەناسەی نزمەوە ( بێدەنگە و خەریکە لەجوڵە دەکەوێت )**

**بەلأم نامەیەکیان پێگەیشت [.. ..]**

**( پاشماوەی ستونەکە لەناوچووە،بەلأم ئێمە لە ستوونی دووەمەوە ئەمە هەڵدەهێنجین کە مرۆڤ پشوویەکیان پێدراوە لەوەی کە چێشتوویانە و بارودۆخیان گەڕایەوە بۆ بوژاندنەوە،بەلأم جارێکی تر گەڕانەوە بۆ بێزارکردنی ئنلیل**

---

* لەو مانایەوە دەردەکەوێت کە ژنان مێردەکانیان بەجێهێشتوە و گەڕاونەتەوە بۆلای ماڵە باوانیان.

** واتە پەیوەندیەکان گومانیان لێپەیدا بوە و نەبوونی متمانە و چاودێری ورد کراوە لەهەموو مەسەلەیەکدا.

**و ئەویش هەڵمەتێکی تری کردنە سەر).**

**لەبەرزاییدا [حودەد بارانەکەی خۆی گرتەوە]**

**لەقوڵایشدا [کانیاوەکان ] تەقینەوە و ئاوەکان نەگەیشتنە بیرەکانیان**

**و کێڵگەکانیش ڕژد دەبن لەخێر وبێرەکانیان**

**( چونکە ) نیسابا سنگی خۆی دا پۆشیوە [.. ..]**

**دەشتەکان پڕبوون لە [خوێ.. ..]**

**کشتوکاڵ دەرنەکەوت و گوڵەکانیش نەڕوان**

**نەخۆشی و پەتاکان هەموو خەڵکیان گرتەوە**

**منداڵدانەکان داخران و پڕنەبوون و منداڵیان نەبوو**

[.. ..... ..]

**کاتێك ساڵی دووەم هات [.. ..] خۆراك**

**کاتێك ساڵی سێیەمیش هات**

**خەڵکی گۆڕان لە [.. ..]**

**کاتێکیش ساڵی چوارەم هات[.. ..] لە تەنگانەدا**

**[.. ..] فراوانی ڕووی لە تەنگژەیی کرد**

**خەڵکی لەڕێگاوبانەکاندا تووشی خەمۆکی بوون**

**کاتێك ساڵی پێنجەم هات کچ لەدەرگای دایکیدا**

**بەلاّم دایك دەرگای لە کچەکەی نەکردەوە**

**کچ چاودێری تەرازووی دایکی دەکرد**

**دایکیش چاودێری تەرازووی کچی دەکرد**

**کاتێك ساڵی شەشەم هات کچ خۆی ئامادەکرد بۆئەوەی ببێتە خۆراك**

**هەروەك چۆن منداڵ ئامادە دەکران بۆ ئەوەی ببنە خۆراك و[.. ..] پڕ بوو**

**ماڵ ماڵەکەی تری پەلامار دەدا**

**ڕەنگ و ڕووی خەڵکی وەکو ڕەنگوڕووی تارمایی مردوی لێهاتبوو**

**بەهەناسەی نزم دەژیان( بێ دەنگ خەریك بوو جوڵەی نەدەما )**

**بەلاّم ئەتراحیس پیاوە[ داناکە]**

**بەدڵ ڕوویکردە [ئایای گەورەکەی]**

**[ قسەی کرد] لەگەڵ خواوەنددا**

**[ ئایای گەورەشی ] قسەی لەگەڵدا کرد**

**[.. ..] دەرگای خواوەند**

**لەتەنیشت ڕووبارەکەوە جێگەی نوستنەکەی دانا**

**[.. ..] باران[.. ..]**

( دواتر کەموکوڕی هەیە بەڵام لە ڕێچکەی دواتردا تێدەگەین کە ئایا وەڵامی ئەرێنی ئەتراحیسی داوەتەوە دوای ئەوەی ئەو هەستاوە لە تەنیشت ڕووبارەکەوە بە نوێژکردن بۆ ئەوەی نزیك بێت لە ئانکی خواوەندەی ئاو.بەڵام خەڵکی گەڕاونەتەوە بۆ کاری پێشوویان و ئنلیلیش گەڕاوەتەوە بۆ لەناوبردنیان لە نەمانیان و کەمکردنەوەی منداڵبونیان)

**بەهۆی ژاوەژاوەکەیانەوە (( ئنلیل )) دەستیکردەوە بە بێزاربوون**

**و بەهۆی دەنگەکەیانەوە خەو نەدەچووە چاوەکانیەوە**

**ئنلیل کۆبونەوەیەکی کرد**

**بەخواوەندە کوڕەکانی وت :**

**(( ژاوەژاوی مرۆڤ گەورەبوو**

**بەهۆیەوە من بێزاربووم**

**و بەهۆیەوە خەو ناچێتە چاوەکانمەوە**

**[.. ..] با نەخۆشی مەلاریا بڵاوببێتەوە**

**بەچرکەیەکی زۆر خێرا با پەتاکان سنورێك بۆ ژاوەژاویان دابنێت**

**با هەڵکات بەسەریاندا وەك گەردەلول و ڕەشەبا**

**نەخۆشی و پەتا و تا و لاوازی ))**

**[.. ..] مەلاریا بڵاوبۆوە**

**بەچرکەیەکی خێرا پەتا سنورێکی بۆ ژاوەژویان دانا**

**وەك گەردەلول هەڵیکرد بەسەریاندا [دوریا نخاتەوە]**

**لاوازی و نەخۆشی و پەتاو تا**

بەڵام ئەتراحیس بەدڵ ڕویکردە(( ئایا ))ی گەورەی
و قسەی لەگەڵ خواوەندا کرد
ئایای گەورەشی قسەی لەگەڵدا کرد
ئەتراحیس دەمی کردەوە و وتی
لەگەڵ گەورەکەی ئایادا قسەی کرد:
(( ئەی خوایە مرۆڤەکان دەناڵێنن
توڕەیی خواوەند زەوی داگرتووە
[.. ..] ئەی خوایە کە تۆ دروستتکردوین
دە لاوازی و نەخۆشی و پەتا و تامان لەسەر هەڵبگرە
ئایا دەمی کردەوە کاتێك داواکاریەکەی بیست:
[.. ..] لە زەویدا
[.. ..] گەیشتە خواوەندەکەت
[.. ..... ..]
[.. ...... ..]
ئنلیل کۆبونەوەیەکی کردو بە خواوەندە کوڕەکانی وت:
(([.. ..] دایان مەنێن
مرۆڤ کەمینەکردوە بەڵکو لە پێشتر زیاتریان کردوە
ژاوەژاویان بێزارم دەکەن ( ئیسراحەتم لێتێکدەدەن )
دەنگە دەنگەکەیان نایەڵن خەو بچێتە چاومەوە
دەبا درەختەکان بەری خۆیان لێبگرێتەوە
با سکیان بلۆرێنن بۆ داواکاری سەوزە
با لە بەرزایشدا حودەد بارانی خۆیان لێبگرێتەوە
لە قولاییەکانیشدا باکانیاوەکان بتەقن و ئاوەکان نەگەنە بیرەکانیان
باکێڵگەکانیش ڕژد بن لە خێر و بێرەکانیاندا
دەبا نیساباش سنگی ( بە پیتی خۆی ) دا پۆشێت...
دەبا دەشتتاییە پان و پۆڕەکانیش خۆی دایان پۆشێت

**کشتوکاڵ دەرنەکەوێت و گوڵەکانیش نەڕوێن**

**دەبا نەخۆشی و پەتاکان بەسەر هەموو خەڵکدا هەڵکەن**

**بامنداڵدانەکان دا بخرێن وسکپڕبوون و منداڵبوون نەبێت ))**

**( ئەوەی وترا بوو )**

**درەختەکان بەرەکانیان قەدەغەکرد لە خەڵکی**

**سکیان دەیانلوراند بۆ داوای سەوزایی**

**لەبەرزایشدا حودەد بارانی خۆی گرتەوە**

**لە قولایشدا کانیاوەکان تەقینەوە و ئاوەکان نەگەیشتنە بیرەکانیان**

**کێڵگەکانیش ڕژد بوون لە خێروبێریاندا**

**نیساباش سنگی ( بە پیتی ) دا پۆشی**

**نەخۆشی و پەتاکان هەڵیانکردە سەر هەموو مرۆڤەکان**

**منداڵدانەکانیش داخران و پڕنەبوون و منداڵیان نەبوو**

**( دوای ئەوە کەموکوڕی هەیە.کاتێکیش تابلۆکە تەواو دەبێت بۆ خوێندنەوە هەوڵەکانی ئنلیل دەبینین بۆ لەناوبردنی مرۆڤ لەڕێگەی داخستنی منداڵدانەکانەوە سەرکەوتوو نابێت.چونکە ئەتراحیس و ئەوانی تر لەگەڵیدا ڕوودەکەنە خواوەندەی لەدایك بوون (( مامی)) یان(( ماما)) کەدروستبوون نوێدەکاتەوە لە ڕێگەی منداڵدانە قوڕینەکانەوە.پەرەگرافەکە هەندێ شاراوەیی پێوە دیارە.خۆم دوورخستەوە لە وەرگێڕانی هەندێ دێڕ بۆ پارێزگاری لەسەر مانا گشتیەکە.**

**[.. ..] قاچیان ماچ کرد**

**وتیان : ئەی دروستکەری نەوەی مرۆڤ داوات لێدەکەین**

**ئەی خانمی هەموو خواوەندەکان**

**ڕۆیشتن بەرەو ماڵی چارەنوسەکان**

**ننجیکۆ( کە ئەو ) ئایا و (( ماما )) ی دانایە**

.... .... ....

**ئایا وتی [.. ..] کاتێك چاوەزارەکە دەخوێنینەوە و دووبارەی دەکاتەوە**

**و داوای لە (( مامی )) کرد کە چاوەزارەکە بخوێنێتەوەکە ئەو دانیشتوە لە بەردەمیدا**

**(( ماما )) خوێندیەوە و کاتێك تەواوی کرد**

**ڕشتی بەسەر( ئەوەی کۆکردۆتەوە ) لە قوڕ**

**وچوارده پارچەی لێبڕی. حەوتیانی لەلای ڕاست دانا**

**و حەوتیشیانی لەلای چەپ دانا و لەناوەڕاستیشیاندا پارچەیەکی لەخشت دانا**

.... ... ....

**بۆ هەر یەکێکیان هێڵێکی کردەوە لە ( ناوەڕاستیشدا )**

**حەوت منداڵدان و حەوتی تریش. حەوتیان پیاویان خستەوە**

**و حەوتیشیان ژنیان خستەوە.**

**تائێرە ئەوەی لە داستانی(( ئەتراحیس))وە پێمان گەیشتوە کۆتایی دێت. لەڕاستیدا ئەو وێنەیەی ئنلیل تیایدا دەرکەوت وێنەیەکی تۆقێنەرە،ئەو ئەگەرچیش ناوی پەیوەستە بە گرنگترین ڕووداوەکانی کاولکاری و وێرانکردنەوە لە ناوچەکەدا بەلاَم لایەنێکی تریشی هەیە کە پەیوەندی بەکاولکاری و وێران بونەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بەدروستکردن و سیستەمەوە هەیە.چۆن نا کە هەر ئەو بوو کە جیهانی لەناوەڕاستی ئاوی هەمیشەییەوە و شێوەکەی دروستکرد لە توخمی یەکەمیەوە،سیستەمیش لە قولاَیی بێسەروبەریەوە،ئالێرەدا گۆرانیەك هاتووە لە یەکیَ لە نوێژە زۆرەکاندا کە دۆزراوەتەوە کە بەسەر گەورەیی و شکۆداری ئەودا هاتوە بەو پێیەی تەوەرەی گەردوونە:**

**ئەگەر ئنلیل شاخی گەورە نەبوایە**

**شارەکان دروستنەدەکران و جێگە نیشتەجێبوەکان دانەئەمەزران**

**و خانوو و ئاخوڕەکان و تەویلەکانیش دروستنەدەکران**

**ماڵ و حاڵ دروست نەدەبوو، و کاهینی گەورەش لەدایك نەدەبوو**

**کاتێك کاهین(( ماخ )) هەڵبژێردرا نەك کاهینەی پیرۆز...**

**کرێکارەکان جولاَن کە هیچ چاودێر و سەرپەرشتکارێکیان بەسەرەوە نەبوو**

**ڕووبارەکان گەر ئەو نەبوایە ئاوەکانیان بەو زۆری و ئاوداشتیە نەدەهات**

**ئەگەر ئەو نەبوایە ماسیەکانیش هێلکەکانیان لەناو هۆرەکاندا دانەدەنا**

**و باڵندەکانی ئاسمانیش هێلانەکانیان لە زەویە فراوانەکاندا دروست نەدەکرد**

**لە ئاسمانیشدا گەر ئەو نەبوایە هەورە گەڕۆکەکان ئاوەکانیان نەدەهێنا**
**گەر ئەو نەبوایە نە ڕووەکەکان و نەگژ وگیاکان نەدەڕوان کە دەستەکانیان ڕازاندۆتەوە**
**لەکێڵگە و لەوەڕگاکاندا دانەوێڵەی زۆر و زەوەند گەشەیان نەدەکرد**
**و درەختەکانیش لە جەنگەڵەکاندا بەرەکانیان بەرهەم نەدەهێنا**

**دەقی بیرۆسۆس :**

لەبەشی دروستبوندا وتمان کە (( بیرۆسۆس)) کاهینی مەردۆخە لە بابلدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی پ.زدا.دوای ڕزگارکردنی ئەسکەندەر و زاڵبوونی کاریگەری هلیلینی، ئەو کاهینە هەستاوە بە نوسینەوەی مێژوو(( بابل)) لە ڕێگەی کۆکردنەوەی دەستنوسەکان و دۆکۆمێنتە نوسراوەکانەوە، و بەزمانی یۆنانی بڵاویکردۆتەوە لەساڵی ٢٧٥ ی پ.زدا.

وە وتمان کە کارەکانی ئەو نوسەرە هەموویان ونبوون،بەڵام هەندێ هەڵبژاردەی لە نوسینەکانی نوسەر ئەلکسەندەر بۆلیستەر لەسەدەی یەکەمی پ.زدا لەکۆی ئەو هەڵبژاردانە چیرۆکی بیرۆسۆسە دەربارەی لافاو : ٩

لەدوای مردنی پادشا(( ئەردبتیس)) دوای خۆی کوڕەکەی (( ئەکسۆسرۆس)) دەسەڵاتی گرتە دەست کە لەسەردەمی ئەودا لافاوە گەورەکە ڕوویدا.لەو شەوەدا ((کرۆنۆس))* بۆ پادشا دەرکەوت لەخەودا و پێی ووت کە ئەو لە پانزەی مانگی تەموزدا هەڵدەستێت بە لەناوبردنی ژیان لەسەر زەوی بەهۆی لافاوێکی وێرانکەرەوە و هیچ شتێك ناهێڵێت.و دواتر فەرمانیپێدا کە هەستێت بە نوسینەوەی تابلۆکان دەربارەی سەرەتاکانی هەموو شتێك و پێشکەوتنەکانی و کۆتاییەکانیشی ** ئەم تابلۆیانەی شاردەوە لە (( سیبارا)) لەشاری خواوەندی ڕۆژ.هەروەها فەرمانیپێدا بەدروستکردنی پاپۆڕێك و لەگەڵ خاوخێزان و

---

9.A.Heidel،The Gelgamesh.

* نوسەری یۆنانی لێرەدا هەڵدەستێت بە گۆڕینی ناوی خواوەند لە (( ئایا )) وە بۆ کرۆنۆس خواوەندی یۆنانی ناسراو.

** لێرەدا (( ئایا)) مەبەستێتی کە پارێزگاری لە دەسکەوتی شارستانێتی بکات لە ونبوون.

**خزمەکانیدا کەوتە جوڵە پێی. و ئاو و خواردنیشی تیادا هەڵبگرێت و لەهەموو ئاژەڵە زیندووەکان لە باڵندە و خشۆکەکانی سەر زەویش بۆی بەرێت.ئەگەر پرسیاریلێکرا کە بەرەو کویَ پاپۆڕەکە دەبێت بڕوات پێویستە لەسەری کە بڵێت : (( بۆلای خواوەند بۆ ئەوەی نوێژی بۆ بکەم بەڵکو دڵی نەرم بێت بۆ مرۆڤ)) پادشا گوێڕایەڵی ئەوەبوو کە پێیوترا و پاپۆڕێکی دروستکرد کە درێژیەکەی پێنج (ئەسنادیا) و پانیەکەشی دوو( ئەسنادیا) بوو و بەویستی خواوەند پڕیکرد و دواتر لەگەڵ ژن و منداڵەکانی و نزیکەکانیدا سەرکەوتنە سەر پاپۆڕەکە.**

**دوای ئەوەی کە لافاوەکە هێوربووەوە (( ئەکسۆسرۆس)) هەندیَ باڵندەی نارد،کاتێك کە باڵندەکان هیچ شوێنێکیان نەبینیەوە بۆ نیشتنەوە یان خواردنێك کە هەڵیبگرێتەوە گەڕانەوە بۆلای پاپۆڕەکە. ماوەیەك چاوەڕوانی کرد و دواتر جارێکی تر باڵندەی تری نارد،جارێکی تریش گەڕانەوە بۆلای پاپۆڕەکە و لەسەر قاچەکانیان شوێنی قوڕی پێوەبوو.کاتێك بۆ جاری سێیەم بەرەڵای کردن و فڕین و ئیدی نەگەڕانەوە.ئەکۆسرۆس زانی کە زەوی دەرکەوتوە.هێندەی نەبرد پاپۆڕەکەش لەسەر شاخێك لەنگەری گرت و ئیدی لە جوڵە کەوت.پادشا لە پاپۆڕەکە دابەزی و لەگەڵیشیدا ژنەکەی و کچەکەی و کابتنی پاپۆڕەکەش دابەزین.لەسەر زەوی کڕنۆشی برد و جێگەی سەربڕینێکی دروستکرد و قوربانیەکی پێشکەش بەخوا کرد.**

**کاتێك دواکەوت لەگەڕانەوە بۆ ناو پاپۆڕەکە سەرنشینەکانی دابەزین و بەدوای خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون گەڕان و بەلاَم هیچ جێیەکیان نەبینیوە.کاتێك ئەوان سەریان سوڕمابوو لەکارەکەیان لە ئاسمانەوە دەنگێکیان گویَ لێبوو کە فەرمانپێکردنی بە خواپەرستی و چاکەکردن و پێیان ڕاگەیاندن کە ئەکسۆسرۆس بەرزکراوەتەوە بۆلای خواوەندەکان بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بژێت بە ژیانێکی نەمرانە لەبەرئەوەی پیاوێکی خواپەرست و چاك بووە،هەروەك لەم نیعمەتەدا ژنەکەی و کچەکەی و کاپتنی پاپۆڕەکەشی لەگەڵ بەشداربوون.دەنگەکە پێیڕاگەیاندن ئەو جێگەیەی کە لێی دابەزیون بریتیە لە بەشێك لە خاکی ئەرمینیا. و پێویستە**

لەسەریان کە لەوێوە بگەڕێنەوە بۆ بابل و تابلۆ هەڵگیراوەکانیش لە (( سیبارا)) ش لەگەڵ خۆیان بگێڕنەوە.

کاتێك خەڵکەکە ئەوەیان بیست لەدەنگە ئاسمانیەکەوە،هەستان بە پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەیەك بۆ خواوەند و بەپێ ڕۆیشتن بەرەو بابل. پێش گەیشتنیان لایاندا بۆ ئەو جێگەیەی کە تابلۆکانی لێیە هەڵیانگرتن و دواتر بەردەوام بوون و شارەکەیان سەرلەنوێ دروستکردەوە.شاری تازەی تریان زۆر دروستکرد و پەرستگا و پەیکەریشیان دروستکرد.

## ٣ // لافاوی تەوراتی

ئەگەر لێکۆڵەر پێویستی بەکاری فکربێت بۆ دەرخستنی ئەو لێکچونەی کە هەیە لە نێوان دەقەکانی دروستبونی سۆمەری و بابلی و سوری لەلایەك و، دەقی تەوراتیدا لەلایەکی ترەوە،ئەوا دەقەکانی لافاو لەو هەموو لێووردبونەوە و ووردبینیکاری و لێکۆڵینەوەیە ئازادی دەکات لەماناو هێما شاراوەکان: ئەو لێکچونەی کە لە نێوان دەقەکانی بابلی و دەقی تەوراتدا هەیە پێویستی زۆری بە تێڕامان و تێفکرین هەیە.جارێکی تریش خۆی دەخاتەوە بەردەم، مەسەلەی بیرلێکردنەوە،بەهێزێکی گەورەترەوە.نوسەرانی تەورات دەقی لافاویان نوسیوە بە پشتبەستن بە شێوەیەکی ڕوون لەسەر زیاتر لە دەقێکی بابلی،لەگەڵ هەندێ ڕاستکردنەوە و گۆڕانکاریدا،زۆربەی ڕاستکردنەوەکانیش پەیوەستە بە کەسایەتی خواوەندی سەرەکی لە چیرۆکەکەدا لەکاتێکدا چیرۆکی بابلی پڕە لە خواوەندی دژ بەیەك لەحەز و ئارەزوەکانیاندا،بەڵام یەهوە بە تەنها خۆی چالاکوانی سەرەکیە لە چیرۆکی تەوراتدا.جگە لەوە ئەوا چیرۆکی تەوراتیش بەهەمان ڕێچکەی هێڵە گشتیەکاندا دەڕوات کە ئەفسانەی سۆمەری دایمەزراندوە.دوای گێڕانەوەی چیرۆکی تەوراتی پەنا دەبەمەبەر بەراوردکردنێکی گشتگیر لەنێوان هەموو دەقەکانی کە پێشکەشمکردوون.

## لافاوی نوح-بەشی دروستبوون

## ئەصحاحی شەشەم:

(( -١- كاتێ خەڵكی دەستیان كرد بە زۆربوون لەسەر ڕووی زەوی و كچیان بوو.-٢-كوڕەكانی خوا كچانی خەڵكیان بینی كە جوانن ژنیان لێهێنان لەهەموو ئەوانەی كە هەڵیان بژاردن.-٣- خودا وتی گیانم ناچێتە سەر مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە لەبەرئەوەی لاشەیە و ڕۆژەكانی دەبێتە ١٢٠ساڵ.-٤- لەسەر ڕووی زەوی لەو سەردەمە خەڵكی بەهێز و پاڵەوان هەبوون،دوای ئەوەشی كە كوڕەكانی خودا چوونە لای كچەكانی خەڵكی منداڵیان لێیان بوو ئەوانیش بوونە ئەو كەسە بەهێزانەی كە لە مێژوودا باسكراون.-٥- خودا بینی كە چۆن خراپەكاری خەڵكی زۆر بووە لەسەر زەوی و هەموو خەیاڵێكی بیر و دڵیان بریتیە لە خراپە لەهەموو ڕۆژەكاندا.-٦- خودا پەشیمان بۆوە لەوەی كە مرۆڤی دروستكرد لەسەر زەوی و لەدڵیەوە پەشیمان بوەوە.-٧- خودا وتی مرۆڤ بسڕنەوە لەسەر زەوی كە دروستم كرد، مرۆڤ و ئاژەڵان و خشۆكەكان و باڵندەی ئاسمان لە هەموویان پەشیمانم كە دروستم كرد.-٨- بەلأم نوح خاوەن بەخت بوو لەبەرچاوی خودادا.-٩- ئەوانە لەدایك بوونی نوحن،نوح پیاوێكی تەواو چاك بوو لەناو نەوەكانیدا و نوح لەگەڵ خوادا ڕێگەی گرت.-١٠- نوح سێ كوڕی بوو ساما و حاما ویافث.-١١- زەوی پڕكرد لە خراپە و پڕیكرد لە زوڵم و زۆری.-١٢- خودا زەوی بینی كە خراپ بووە لەبەرئەوەی هەموو لاشەیەك ڕێگاكەی بۆلای خودا خراپ كردووە.-١٣- خودا وتی بە نوح ئێمە چارەنوسی هەموو مرۆڤەكانمان دیاریكرد لە نێوان دەستمدا زەوی بەهۆی دەستەكانیەوە پڕبوو لە زوڵم و زۆری ئێستا كاتی لەناوبردنیان هاتوە لەگەڵ زەویدا.-١٤- صندوقێك بۆخۆت دروستبكە لەتەختەیەكی ڕەش و بیكەرە جێگەی نیشتەجێبوون لە دیوی ناویشەوە و لەدەرەوەش بە قیر سواغی بدە.-١٥- ئاوها دروستدەكرێت،درێژییەكەی ٣٠٠ باڵ و ٥٠ باڵیش پانیەكەیەتی و ٣٠٠ باڵیش ئەستوریەتی.-١٦- ڕەفەیەك دروستبكە بۆ صندوقەكە بەهێندەی بەرزی باڵێك تەواوی بكە لەسەرەوە و دەرگای صندوقەكەش بكەرە لایەكیەوە و نهۆمی ژێرەوە و دووەم و سێیەمیش دروست بكە.-١٧- هاكا لافاوێكی ئاوم هێنا بەسەر

زەویدا بۆ لەناوبردنی هەموو لاشەیەك كە گیانی ژیانی تیادا بێت لە ژێر ئاسماندا و ئەوەشی لەزەویدا هەبێت لەناو دەچێت.-١٨- پەیمان لەگەڵ تۆ دەبەستم تۆ و کوڕەکانت و ژنەکەت و ژنانی کوڕەکانت هەمووتان پێکەوە بچنە ناو صندوقەکەوە.-١٩- لەهەموو زیندەوەرێك لەهەموو خاوەن لاشەیەك دووان بخەرە صندوقەکەوە بۆئەوەی بژین لەگەڵتدا لەنێر و لە مێ.-٢٠- لە باڵندە بەهەموو جۆرەکانیەوە و لە ئاژەڵانیش بەهەمو جۆرەکانیەوە و لەهەموو خشۆکەکانی سەرزەویش بەهەموو جۆرەکانیەوە لەگەڵیدا لەهەر جۆرێك دووان بێنە ناو صندوقەکەوە بۆ ئەوەی بژین.-٢١- تۆش لەهەموو خواردنێك كە بخورێت ببە لەگەڵ خۆتدا و هەڵیبگرە بۆ ئەوەی بۆ تۆو بۆ ئەوانیش ببێتە خواردن.-٢٢- نوح ئەوەی جێبەجێکرد وەك ئەوەی كە فەرمانیپێکرابوو کردی.

**ئەصحاحی حەوتەم:**

-١- خودا بەنوحی وت تۆ و هەموو خێزانەکەت بچنە ناو صندوقەکەوە من لەگەڵ تۆدا کەسێکی باشم بینی لە بەردەممدا لەناو ئەو نەوەیەدا.-٢- لەهەموو ئاژەڵە پاکەکان حەوت حەوت لە نێر و مێ ببە لەگەڵ خۆتتدا.بەلأم لە ئاژەڵە پیسەکان دووان بەرە لە نێر و مێ.-٣- لە باڵندەی ئاسمانیش حەوت نێر و مێ بەرە بۆ ئەوەی نەوەکانیان لەسەر زەوی بژین.-٤- من لەدوای حەوت ڕۆژ باران بەسەر زەویدا دەبارێنم بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ و ٤٠ شەو و هەموو ئەوانەی كە هەن و دروستمکردوون لەسەر ڕووی زەوی لەناویاندەبەم.-٥- نوح بەپێی ئەوەی كە خودا فەرمانیپێکردبوو جێبەجێیکرد.-٦- نوح کوڕی ٦٠٠ ساڵی بوو کاتێك لافاوی ئاو لەسەر زەوی بوو.-٧- نوح و کوڕەکانی و ژنەکەی و ژنی کوڕەکانی چوونە ناو صندوقەکەوە لە ترسی ئاوی لافاو.-٨- لە ئاژەڵە پاك و پیسەکان و باڵندە و خشۆکەکانی سەر زەویش.-٩- چوونە ناو صندوقەکەوە بۆ لای نوح دوودوو لە نێر و مێ وەك چۆن خودا فەرمانی پێکردبوو.-١٠- لەدوای ٧ ڕۆژ لافاوی ئاو لەسەر زەوی بوو. -١١- لەساڵی ٦٠٠ی تەمەنی نوح و لەمانگی دوو و لە ڕۆژی حەڤدەهەمدا لەو ڕۆژەدا هەورە ئاوسە گەورەکان بە ئاو تەقینەوە و دەمی ئاسمان کرایەوە.-١٢- ئاوی لافاو بۆ ماوەی ٤٠شەو و ٤٠ ڕۆژ لەسەر زەوی

مایەوە.-١٣- لەهەمان ئەو ڕۆژەدا نوح و سام وحام و یافثی کوڕەکانی و ژنەکەی و هەرسێ ژنی کوڕەکانی هەموویان چوونە ناو صندوقەکەوە.-١٤- ئەوان و هەموو دڕندەکان بە جۆرەکانیەوە و هەموو ئاژەڵاَن و باڵندە و ئەوەی خاوەن باڵە.-١٥- چوونە ناوەوە بۆلای نوح لە صندوقەکەدا دوو لەهەموو خاوەن لاشە کە گیانی ژیانیان تیادا بێت.-١٦- ئەوانەی چوونە ناو تابوتەکەوە نێر و مێ بوون لەهەموو خاوەن لاشەیەك وەك ئەوەی خوا فەرمانیپێکردبوو و خوا دەرگای لەسەر داخستن.-١٧- لافاوەکە ٤٠ ڕۆژ بوو لەسەر زەوی ئاو زۆر بوو صندوقەکەی هەڵگرت و بەرزیکردەوە لەسەر زەوی.-١٨- ئاوەکە زۆر زۆر بوو بەرزبۆوە لەسەر زەوی وصندوقەکە کەوتە سەر ئاو.-١٩- ئاوەکە هەر زۆر زیاد بوو لەسەر زەوی هەموو شاخە بەرزەکانی داپۆشی کە لەژێر ئاسماندا بوون.-٢٠- ئاوەکە بەرزبۆوە بۆ ١٥ باڵ بەرزی و شاخەکانی داپۆشی.-٢١- هەموو خاوەن لاشەیەك کە لەسەر زەوی دەڕۆیشت لەناوچوون لەگەڵ هەموو مرۆڤەکاندا.-٢٢- هەموو ئەوەی کە شنەی ژیانی لە لوتدا بوو هەموو ئەوانەی لەسەر وشکانی بوون.-٢٣- خودا هەموو ئەوانەی کە ڕاوەستابوون لەسەر زەوی لە مرۆڤ و ئاژەڵ و خشۆکەکان و باڵندەکانی ئاسمانی لەناوبرد و لەسەر زەوی نەیهێشتن تەنها نوح و ئەوانەی کە لە گەڵیدا بوون لە صندوقەکەدا مانەوە.-٢٤- بۆ ماوەی ١٥٠ ڕۆژ ئاو لەسەر زەوی زیادیکرد.

**ئەصحاحی هەشتەم:**

-١- خوا بیری نوح و هەموو دڕندە و ئاژەڵاَنی کەلەگەڵیدا بوو کەوتەوە لە صندوقەکەدا.خوا ڕەشەبایەکی ناردە سەر زەوی و ئاوەکە کەمبۆوە.-٢- سەرچاوەی ئاوەکە گیران و دەمی ئاسمان داخران و باران گیرسایەوە لە ئاسمان.-٣- ئاو لەسەر زەوی نەمایەوە و دەستیکرد بە گەڕانەوە و ئاوەکە ڕووی لەکەم بوون کرد دوای ١٥٠ ڕۆژ.-٤- صندوقەکە کە جێگیر بوو لەمانگی حەوت و ڕۆژی حەڤدەهەم لەسەر شاخی ئارارات.-٥-ئاوەکە هەر ڕۆژێ ڕادەبورد زیاتر کەمی دەکرد تا مانگی دەهەم و لەیەکەم ڕۆژی مانگی دەدا لوتکەی چیاکان بەدەرکەوتن.-٦- دوای ٤٠ ڕۆژ نوح دەمی صندوقەکەی کردەوە کە

دروستیکردبوو.-٧- باڵندەی قەلەڕەشی ناردە دەرەوە چەند جارێك و دەگەڕایەوە تا ئاو لەسەر زەوی وشك بۆوە.-٨- دواتر کۆتری نارد تا بزانێت ئاوەکە چۆتەوە ناوەوەی زەوی.-٩- کۆترەکە جێگە پێی نەدۆزیەوە و دەگەڕایەوە لای نوح بۆ صندوقەکە چونکە ئاو لەسەر هەموو ڕووی زەوی مابۆوە و دەستی درێژ کرد و بردیەوە و خستیەوە ناو صندوقەکە.-١٠- حەوت ڕۆژی تر مایەوەو جارێکی تر کۆترەکەی بەردایەوە لە صندوقەکەوە.-١١- کۆترەکە کاتی خەوتنان گەڕایەوە و لەدەمیدا گەڵایەکی سەوزی زەیتون هەبوو بەمە نوح زانی کە ئاو لەسەر زەوی وشك بۆتەوە.-١٢- حەوت ڕۆژی تر مایەوەو جارێکی تر کۆترەکەی بەردایەوە ئەم جارەیان ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.-١٣- لەساڵی٦٠١و لە ڕۆژی یەکەم لە مانگی یەکەم ئاوەکە وشکبۆوە لەسەر زەوی نوح سەرپۆشی صندوقەکەی لابرد و سەیریکرد ڕووی زەوی وشکبۆتەوە.-١٤- لەمانگی دوودا و لە ڕۆژی بیست و حەوتەمدا زەوی وشکبۆوە.-١٥- خوا قسەی لەگەڵ نوحدا کردو وتی.-١٦- خۆت و ژنەکەت و کوڕەکانت وژنەکانیشیان وەرنە دەرەوە لە صندوقەکە.-١٧-هەموو دڕەندەکانیش کە لەگەڵتدان کە لاشەیان هەیە لە باڵندە وئاژەڵان و هەموو خشۆکەکان کەلەسەر زەوی دەڕۆن دەریان بێنە لەگەڵ خۆتدا بۆ ئەوەی زاوزێ بکەن لەسەر زەوی و زیادبکەن و گەشە بکەن.-١٨- نوح و ژنەکەی و کوڕەکانی و ژنەکانیان لە گەڵیدا هاتنە دەرەوە.-١٩- هەموو دڕندە و خشۆك و باڵندە و ئەوەی لەسەر زەوی دەڕوات بەهەموو جۆرەکانیەوە دەرچوون لە صندوقەکە.-٢٠- نوح جێگەی سەربڕینێکی بۆ خودا دروستکرد و هەموو ئاژەڵە پاکەکانی برد و لەهەموو باڵندە پاکەکانیش و چوە سەرەوە بۆ ئاگردانەکە.-٢١- خودا بۆنی شنەی ڕازیبونی کرد و خودا لە نەفسی خۆیدا وتی جارێکی تر نەفرەت لە زەوی ناکەم بەهۆی مرۆڤەوە بەوەی کە دڵی مرۆڤ خراپ بە خەیاڵیدا دێت لە منداڵیەوە و جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ لەناوبردنی ئەو بونەوەرانەی کە دروستی کردوون.-٢٢- مادام زەوی هەبێت بۆ هەتاهەتا کشتوکاڵ و دورینەوە و سەرما و گەرما و هاوین و زستان وشەو و ڕۆژ پوچەڵ نابێتەوە.

هەروەك چۆن بینیمان لە ئەفسانەی دروستبوونی تەوراتیدا،ئەوا چیرۆکی لافاویش بوارێکمان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ تێبینیکردنی ئەو تانوپۆیەی کە نوسەرانی کتێبی تەورات پێیهەستاون.لە دوای گەڕانەوەیان لە دیلی لە بابلەوە بۆ دوو جۆر لە دەقەکانی تەوراتی.یەکەم کە تیایدا خودا لە ژێر ناوی یەهوەدا دەردەکەوێت، دووەمیش لەژێر ناوی ئیلۆهیمدا.لەبەرئەوە دەقە یەکەمینەکانمان ناوناوە بە یەهودی و دووەمەکانیش بە ئیلۆهیمی.

خوێندنەوەی لافاوی تەوراتی بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو چیرۆکە خوێنەر دەخاتە سەر لێشێواویەوە بەهۆی زۆری ڕووداوە دژ بەیەکەکانەوە، لەبەر ئەوەی نوسەرانی تەورات وایان لە دوو دەقەکە کردووە کە بچنە ناو یەکەوە بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ پوچەڵکردنەوەی دژەکانی کە تیایاندایە.بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەقەکە جارێکی تر ، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو خاڵانەی کە دژایەتی تیایاندا ئاشکرایە لە سەیرکردنی یەکەمەوە.

لە ئەصحاحی شەشەمدا هاتووە: ١٩-٢- (( لەهەموو زیندەوەرێك کە خاوەن لاشە بێت دووان لەهەموویان بخەرە صندوقەکەوە تا لەگەڵتدا بژین، با نێر و مێ بن. باڵندە بەجۆرەکانیەوە و لە ئاژەڵانیش بە جۆرەکانیەوە و لەهەموو جۆرەکانی خشۆکەکانی سەر زەوی بێنە ژورەوە بۆ لات دووان لە هەمووان بۆ ئەوەی بژین)).

بەڵام لە ئەصحاحی حەوتەمدا: ٢-٣ ئەمە دەخوێنینەوە (( لەهەموو ئاژەڵە پاکەکان حەوت حەوت وەربگرە، نێر و مێ. لە ئاژەڵە پیسەکانیش دوو دوو. لە یەکەمدا پێویستە لەسەر نوح کە لە ئاژەڵ و باڵندە و خشۆکەکان هەریەکە دووان هەڵبگرێت بەبێ ڕەچاوکردنی جۆری و پاکێتیان،بەڵام لەپەرەگرافی دووەمدا ژمارەی ئاژەڵە هەڵگیراوەکان دەوەستێتە سەر جۆر و پاکێتیان.

لە ئەصحاحی حەوتەمدا : ١٢ (( باران بەسەر زەویدا دەبارێ بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ و ٤٠ شەو)) و لەهەمان ئەصحاحدا : ١٧ (( لافاو ٤٠ ڕۆژ لەسەر زەوی بوو)). لە ئەصحاحی هەشتەمدا : ٣ (( ئاوەکە کەمی کرد دوای ١٥٠ ڕۆژ)). لەهەمان ئەصحاحدا : ٦ (( دوای ٤٠ ڕۆژ نوح دەمی صندوقەکەی کردەوە کە

دروستیکردبوو و قەلە ڕەشی بەرەڵاکرد بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ئاوەکە چۆتەوە ناو زەوی و لەسەر ڕووی زەوی نەماوە)).
لێرەشدا ڕووبەڕووی دوو چیرۆك دەبینەوە،یەکەم ماوەی لافاوەکە دەکاتە ١٥٠ ڕۆژ و کەمبونەوەکەشی دەکاتە ١٥٠ ڕۆژ، دووەم ماوەی لافاوەکە دەکاتە ٤٠ ڕۆژ و کەمبونەوەکەشی ٤٠ ڕۆژ بەزیادکردنی ماوەی هەر ٧ ڕۆژێك.هەروەك چۆن دوو چیرۆکەکە جیاوازیان هەیە لە بەردانی باڵندەکان و جێگەی لەنگەرگرتنەکەش. لەکاتێکدا دەقی یەکەم جێگەی لەنگەرگرتنەکە لەسەر شاخی ئارارات دیاریدەکات بەبێ باسکردنی باڵندەکان،بەڵام دووەم باس لەبەردانی قەلە ڕەش و دوو کۆتر دەکات و جێگەی لەنگەرگرتنەکە پشتگوێدەخات.

## لەنێوان دەقی تەوراتی و دەقە سۆمەری و بابلیەکاندا

لە ئێستادا دێینە سەر بەراوردکردن لە نێوان دەقی تەوراتی و دەقە سۆمەری و بابلیەکانی پێش خۆی.ئەوەش بە بەدواداچوونی توخمە سەرەکیەکان لە چیرۆکی لافاودا.

**١.خواوەندی لافاو:**

لەبەشی دروستبووندا،خواوەندی یەهود یەهوە هەڵدەستێت بە ناردنی لافاو.بەڵام کۆڕی خواوەندی سۆمەری و ئەکەدی لە پێش ئەودا بڕیار لەسەر لافاو دەدەن.بەڵام ئەو بڕیارە بە کۆی دەنگ نەبوە بە بەڵگەی ئەوەی خواوەندی لەدایك بوون(( ننتۆ)) لە دەقی سۆمەریدا دەگری بۆ کوڕە مرۆڤەکانی.ئانکی داناش لەنێوان خۆی و خۆیدا بڕیار دەدات بەدرێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ خەڵکی و ڕزگارکردنی ژیان لە ڕێگەی زیۆسۆدرای پیاوچاك و اتیر لەلای. بەهەمان شێوە مەسەلەکە بەلای دەقی بابلیەوە عەشتار پەشیمان بۆوە لەوەی گوێڕایەڵی ڕای هەندێك بوو لە کۆڕی خواوەندەکاندا،ئایاش هەستا بە ئاشکراکردنی نهێنی بڕیاری خواوەندی بۆ ئۆتنابشیتم.دوای ئەوە ئێمە بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کۆتایی دەقەکەدا دەزانین،کەوا ئنلیل لێپرسراوی سەرەکی بووە لە لافاوەکە.کەوا هەمان ڕۆڵی یەهوەی هەبوە.پێدەچێت هەر ئەو پێشنیازی کردبێت و زۆریشی لەکۆڕی

خواوەندەکان کردبێت کە پێی ڕازیبن،دواتر هەستاوە بە بەڕێوەبردنی هەتا کۆتایی لەوە دەچێت کە لێپرسراوێتی لافاو کە ڕوویداوە بە تەواوەتی بکەوێتە سەر ئەستۆی ئنلیل لە قسەی ئایاوە: (( چۆن بێئەوەی بیریلێبکەیتەوە ئەم لافاوەت هێناوە)) و لە قسەی عەشتاریشەوە : (( هەمووتان وەرنە پێشەوە و نزیك بنەوە لە قوربانیەکە.تەنها ئنلیل نەبێت کەنزیك نەبۆوە لەبەرئەوەی هۆکاری لافاوەکە بوو بەبێ بیرکردنەوە.و گەلەکەمی دایە دەست کاولکاری و وێرانکردن)).

## ٢. هۆکارەکانی لافاو

تەورات بەڕاشکاوی جەخت لە هۆکارە ڕەوشتیەکانی دوای بڕیاری وێرانکاری مرۆڤ دەکاتەوە.زەوی خراپ بوە و پڕبوە لە توندوتیژی و شەڕەنگێزی.بەڵام دەقی بابلی ئاماژەیەك دەدات بە هۆکارە ڕەوشتیەکان،کاتێك(( ئایا)) دەبینین لە کۆتایی دەقەکەدا کە ڕووی قسە دەکاتە ئنلیل و دەڵێت: (( گوناهکار گوناهەکەی هەڵدەگرێت و خراپەکاریش خراپەکانی...مۆڵەتی بدەرێ بۆ ئەوەی لەناو نەچێت بەڵام پشتگوێی مەخە بۆ ئەوەی خراپ نەبێت)).ئەمە بە ڕوونی بەڵگەیە لەسەر مەرامە سەرەکیەکانی ئنلیل کە بریتی بوە لە لەناوبردنی خراپە و شەڕەنگێزی و هەمووانی لەناوبرد بەبێ جیاوازی لەنێوان باشە و خراپەدا.بەپێچەوانەی ئەم دوو دەقەوە ئەوا داستانی ئەتراحیس هۆکارێکی نامۆ دەخاتە ڕوو بۆ لافاو کە هۆکاری سەرەکیە و بریتیە لە ململانێی نێوان خواوەندەکان لە ئەفسانەی دروستبووندا. ئنلیل هەست بە بێزاری دەکات لە ژاوەژاوی مرۆڤ و دەنگە دەنگیان و بڕیار بەلەناوبردنیان دەدات دوای ئەوەی کە سەرکەوتوو نەبوو لە گرتنەبەری فرۆفێڵ بۆ کەمکردنەوەی ژمارەیان.بەڵام بەم کارەی پێچەوانەی هۆکارە سەرەکیەکەی دروستبوونی مرۆڤە.کە ئەویش بریتیە لە هەڵگرتنی قورسایی ڕەنجکێشان لە جیاتی خواوەندەکان.ئایا پلانی هەبوە بۆسەر لەنوێ دروستکردنەوە لەدوای لافاوەکە.وەك زیۆس کردی لە ئەفسانەی یۆنانیدا؟ئەمە ئەوەیە کە ئەفسانە ناتوانێت بەوەی پێمان گەیشتووە وەڵام بداتەوە.

**٣. پاڵەوانی لافاو**

**(( زیۆسۆدرا)) پاڵەوانی لافاوی سۆمەری بوو.وشەکە بەمانای (( ئەو کەسەی کە دەستی خستۆتە سەر تەمەنی درێژ)) دێت،ئەوەش بە پشتبەستن بەوەی کە خواوەند داویەتی لە ژیانی نەمری لەدوای لافاوەکەوە.بەڵام ناوی(( ئۆتنابشیتم)) پاڵەوانی چیرۆکی بابلی بەمانای(( ئەوەی ژیانی بینی)) دێت،لێرەدا ناوەکە بەهەمان شێوە وەرگیراوە لە سروشتی پاداشتەکەوە کە وەریگرت لەبەرانبەر ڕزگارکردنی ژیان لەسەر زەوی.لەداستانی ئەتراحیسیشدا ناوەکە مانای (( خاوەن دانایی فراوان)) دێت.بەڵام بەشی دروستبوون گرنگی نەداوە بەدۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان ناوی (( نوح)) و ئەو ئەزمونەی کە پاڵەوانەکەی پیادا تێپەڕ بوە.هەندێ جار وشەی (( نوحی)) ڕاڤەکردوە بەوەی کە مانای (( پشوو)) دێت بەڵام ژیانی دوور ودرێژ کە نوح ژیاوە و دەیانداتە پاڵ زیۆسۆدرا کە دەستی خستۆتە سەر ژیانی درێژ،و ئۆتنابشیتم کە ژیانی بینیوە،کاتێك نوح ٩٠٠ ساڵ ژیاوە.**

**ئۆتنابشیتم لە (( سۆرۆپاك)) دا ژیاوە کە کۆنترین شارە لە باشووری وڵاتی دوو ڕووباردا کە ناوی لەنێوان ناوی ئەو پێنج شارەدا هاتوە کە دەرکەوتونەتەوە لەدوای دروستبوونی گەردوونی سۆمەریەوە.بەڵام زیۆسۆدرا بەهۆی کەموکوڕی لە دەقەکەدا نەتوانراوە بزانرێت لە چ شارێکدا ژیاوە.هەروەها تەوراتیش شارێکی دیارینەکردوە کە نوح تیایدا ژیاوە.**

**ڕزگاربوونی زیۆسۆدرا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاوێکی خواپەرست و چاك بوە.بەهەمان شێوە دەربارەی ئاکۆترۆس و نوحیشەوە.لە درێژایی ڕێچکەی دەقی بابلیشەوە تێدەگەین کە ئۆتنابشیتمیش بەهەمان شێوە بوە.**

**٤. ئاگادارکردنەوە لە لافاو**

**هەموو دەقەکان ڕێکن لەسەر ئەوەی ئاگادارکردنەوە لە لافاوەکە لەلایەنێکی خواییەوە بوە، بەڵام جیاوازن دەربارەی چۆنێتی پێگەیاندنی هەواڵەکە،ئەوەتا زیۆسۆدرا خەوێك دەبینێ کە هەرگیز خەوی وای نەبینیوە.دەپاڕێتەوە لە خواوەند کە ڕاڤەکەی پێبڵێت،دوای ئەوە گوێی لە دەنگێك دەبێت لەدوای دیوارەکەوە کە**

لەمیانەیدا نامەیەك لەخواوە وەردەگرێت کە هەواڵی بڕیاری لافاوەکەی پێدەدات. هەروەها ئۆتنابشیتمیش کە خەوێك دەبینێت کە (( ئایا)) قسەی لەگەڵ دەکات لەدوای دیواری کۆختە قامیشەیکەیەوە،و تیایدا نهێنی خواوەندەکانی بۆ ئاشکرا دەکات.دەقی بیریوسیس جەخت لە بینینی خەوێك دەکاتەوە وەك هۆکاری پەیوەندی.

بەڵام لە تەوراتدا دەبینین کە خواوەند ڕاستەوخۆ پەیوەندی دەکات بە نوحەوە بەبێ پەردە یان دیوار و بەبێ هۆکاری خەوبینینەوە.لەکەسایەتی(( یەهوەشدا)) دوو کەسایەتی (( ئایا )) و (( ئنلیل)) یەکدەگرن،یەهوەیە کە فەرمان دەدات بە لافاوەکە و هەر ئەویشە کە هەواڵ بە نوح دەدات و هەڵیدەبژێرێت بۆ ڕزگاربوون.لەکاتێکدا لەهەموو ئەفسانەکانی تردا دوو خواوەندی جیا لەیەکتر هەڵدەستن بەم ئەرکە یەکێکیان لافاوەکە دەنێرێت و دووەمیشیان هەواڵ بەو کەسانە دەدات کە هەڵیاندەبژێرێت بۆ ڕزگاربوون بەبێ ئاگاداری یەکەم.

**٥. پاپۆڕەکە:**

هەروەك چۆن ناوی پاڵەوانی لافاوەکە جیاواز بوو بەهەمان شێوە ناوی پاپۆڕەکەش جیاواز بوو کە دروستیکرد چیرۆکی سۆمەری ئاماژەی بە پاپۆڕەکە داوە بەوەی کە ناوی (( ماجورە)) واتە پاپۆڕی زەبەلاح و دەقی تیۆریش وشەیەکی هاوشێوەی بەکارهێناوە.بەڵام دەقی گەلگامیش ناویناوە(( ئیلیبۆ)) کە تەنها بەمانای پاپۆڕ دێت یان بەلەم،بەڵام لە شوێنی جیاوازدا باسی دەکات بە (( پەیکەری گەورە)). لە کاتێکدا بەشی دروستبوون تەنها یەك وشە بەکاردێنێت.(( پەتیا)) کە بە عیبری مانای صندوق یان دارە مەیت دەگەیەنێت.پاپۆڕەکەی ئۆتنابشیتم حەوت نهۆم لەخۆ دەگرێت و بەشاقوڵی دابەشدەبێتە سەر نۆ بەش.لەکاتی دروستکردنیشدا نازانین ئاخۆ پەنجەرە و دەرچە و دەرگای بۆ کراوە یان نا،بەڵام لەدوای تەواوبونی لافاوەکە دەخوێنینەوە کە ئۆتنابشیتم پەنجەرەیەکی کردۆتەوە و لێیەوە ڕووناکی کەوتۆتە سەر ڕووی ئۆتنابشیتم.بەڵام پاپۆڕی نوح سێ نهۆم لەخۆ دەگرێت و لە ژمارەیەکی نادیاریکراو لەبەش پێك دێت.دەرگایەکی لە تەنیشتەوە هەیە و

دەرچەیەکی ڕووناکیشی هەیە لە ژێر بنمیچەکەوە ڕاستەوخۆ کە دەسوڕێتەوە بەدەوری پاپۆڕەکەدا لەهەموو لایەکەوە.لەکاتێکدا تەنها ئۆتنابشیتم زەیت بەکاردەهێنێت کاتێك هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی هەڵمژێنەری ئاوەکە بەیەك وەزنە و هەڵگرتنی دوو وەزنەکەی تر،ئەو لەگەڵ نوحدا ڕێکە لەسەرئەوەی کە قیر بەکاربێنێت بۆ سواخدانی پاپۆڕەکە.بەڵام دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەیەکتر دەربارەی شێوەی دەرەکی و دوورییەکان.

سەرەڕای هەموو ئەمانە پاڵەوانەکانی لافاو هەموویان فەرمانیان پێدەکرێت بە دروستکردنی پاپۆڕێکی گەورە کە تۆوی ژیان هەڵبگرێت و کەسایەتی خواوەندی کەم و زۆر دەستدەخاتە ناو دیاریکردنی مەرجەکانی دروستکردنەوە..پێدەچێت لەناویاندا ئۆتنابشیتم لە هەموانیان سەربەستر بوبێت لەوەدا.

٦. **سەرنشینانی پاپۆڕەکە:**

دوای ئەوەی کە لەکارەکەی تەواو بوو،ئۆتنابشیتم هەستا بە گواستنەوەی هەموو ئەو کەل وپەلانەی کە هەیەتی لە زیو و ئاڵتون بۆ ناو پاپۆڕەکە،هەروەها هەستا بە گواستنەوەی خاو و خێزان و خزمەکانی و هەموو خاوەن پیشەکان.باڵندەی کێوی و دڕندەکانیشی بۆ گواستەوە.کاپتنێکیشی بۆ دیاریکرد و ڕابەرایەتیکردنی دایە دەست.سروشتی کاری ئۆتانبشیتم لە هەڵگرتنی بۆ خاوەن پیشەکان لەناوڕۆکیدا لەکاری ئەکسۆترۆس دەچێت لەهەڵگرتن و شاردنەوەی تابلۆکان کە تۆمارەکانی لەخۆ دەگرت دەربارەی سەرەتای هەموو شتەکان و گەشەکردنیان.هەردوو پاڵەوانەکە هەڵدەستن بە پاراستنی شارستانێتی و ڕۆشنبیری مرۆڤ لە ونبون و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی ئایندە کە لەدوای لافاوەوە دێن.تا ناچار نەبێت بۆ دەستپێکردنەوە لە نوێوە.لە ڕێچکەی دەقەکەوە پێدەچێت کە ئۆتنابشیتم باڵندەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت لەبەر ئەوەی هەستاوە بە بەردانی هەندێکیان بەمەبەستی زانیاری کۆکردنەوە.هەروەها هەستاوە بە هەڵگرتنی ئاو و خۆراك.

لەپەرەگرافەکانی ترەوە لەدەقی سۆمەریەوە ئەو بەڵگەیەمان دەست دەکەوێت،کە زیوسوّدرا هەندێ ئاژەڵی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە،بەبەڵگەی ئەوەی کە هەستاوە بە پێشکەشکردنی قوربانی بۆ سوپاسی خودا لە مەڕ و گا. بەهەمان شێوە ئەتراحیس

باڵندە و دڕندەی کێوی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە بۆ ناو پاپۆڕەکە و ئەوەشی کە گیاخۆربوون.خاو و خێزان و خزمەکانی وەخاوەن پیشەکانیشی هەڵگرتوە ئەکسۆترۆسیش لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتوە کە ژنەکەی و منداڵەکانی و خزمەکانی هەڵگرتوە لەگەڵ ئاو و خۆراك و زیندەوەرەکان لە باڵدار و چوارپێ.

تەوراتیش لەگەڵ چیرۆکەکانی وڵاتی دووڕووباردا یەکانگیردەبێتەوە لە گواستنەوەی کەسەکان و خۆراك و ئاژەڵاندا.بەڵام ژمارەی کەسەکان کەم دەکات بۆ تەنها هەشت کەس کە ئەوانیش بریتین لە نوح و ژنەکەی و سێ کوڕەکەی و سێ ژنەکانیان.بەڵام ئاژەڵە بارکراوەکان و لەگەڵ خۆراکەکاندا بەپێی فەرمانی خودا بریتی بوون لە : (( هەموو زیندەوەرێکی خاوەن لاشە دووان بچنە ناو صندوقەکەوە بۆ ئەوەی بژی لەگەڵتدا لە نێر و مێ.لە باڵندە و ئاژەڵان بە جۆرەکانیانەوە و لەهەموو جۆرە خشۆکەکانی سەر زەویش لەهەریەکەیان دووان ببەرە ژوورەوە بۆ ناو صندوقەکە بۆ ئەوی بژین.تۆش لەهەر خواردنێك کە بخورێت ببەرە ژوورەوە بۆ خۆت و بۆ ئەوانیش)).دوای ئەوە دەچێتە سەر ووردەکاری ئاژەڵە پاك و پیسەکان.بەڵام چۆن پاڵەوانی لافاو کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئاژەڵانە لەوە دەچێت کەسایەتیە خوایەتیەکە هەڵبسێت بەو کارە و هەڵیانبگرێت بۆ ناو پاپۆڕەکە.وەك دەردەکەوێت لە داستانی ئەتراحیس و بەشی دروستبونەوە.لەداستانی ئەتراحیسدا دەبینین ئایا بەبەندەکەی دەڵێت (( باڵندە و دڕندەی کێوی و ئەوەی دەتوانێت کە بخۆری گیا و پاڵیان پێوە دەنێم بۆت)) هەروەها لەبەشی دروستبونیشدا دەبینین کە ئاژەڵەکان دێن بۆلای نوح بەبێ ماندووبوون لەوەوە بۆ کۆکردنەوە و گردکردنەوەیان (( دێنە ژوورەوە بۆ صندوقەکە بۆلای تۆ بۆئەوەی بژین)) (( دێنە ژوورەوە بۆ لات دووان لەهەمووان بۆ ئەوەی بژین)).

**٧. ڕۆژی دەستپێکردنی لافاو :**

(( لەساڵی ٦٠٠ لە تەمەنی نوح ، لەمانگی دوو لە ڕۆژی حەڤدەهەمدا.لەو ڕۆژەدا کانیاوە پڕ لە ئاوەکان تەقین و دەمی ئاسمان کرایەوە))ئاشکراشە کە ساڵی کشتوکاڵی عیبری لە پایزەوە دەست پێدەکات لە کۆتایی مانگی تشرینی

یەکەمەوە.لەم بارەدا مانگی دوو دەبێتە مانگی کانونی یەکەم کە سەرەتای وەرزی باران بارینە لە سوریادا.بەڵام چیرۆکی بیرۆسۆس لافاو دەستپێدەکات لە ڕۆژی پێنجەم لە مانگی مایسدا.بەڵام دەقەکانی تر بەهیچ شێوەیەك باس لە کاتێکی دیاریکراو ناکەن بۆ دەسپێکردنی لافاوەکە.

**٨. هۆکارەکانی لافاوەکە :**

لافاو لەدەقی بابلیدا بەهۆی ڕەشەبا و گەردەلول و باران و ئاوی ژێرەوە ڕوویداوە (( حودەد)) خواوەندی هەورە تریشقە و هەورە بروسکەو باران دەرچوو لەپێش خۆشیدا دوو یاریدەدەرەکەی دەرچوون.نرگاڵ دەمی جیهانی ژێر زەوی کردەوە کە ئاوی قوڵاییە گیراوەکانی تیادا بوو.ننورتا خواوەندی بەنداوەکان و ئاوداشتن بەنداو و جۆگەلەکانی کردنەوە و ئاو بەبێ بەربەست هەستان.بەهەمان شێوە لەتەوراتدا،لافاو هەستا لە ئەنجامی بارانی زۆر و دەرچوونی ئاوی ژێرەوە.بەڵام دەقی سۆمەری جەخت لە باران دەکاتەوە وەك توخمێکی بنەڕەتی.

جیۆلۆجی نەمساوی E.Suess لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا هەستا بەهەوڵێك بۆ دۆزینەوەی ڕاڤەیەکی زانستی بۆ چیرۆکی لافاو ئەو وتی پێدەچێت لافاو بەهۆی دوو هۆکارەوە ڕوویدا بێت،یەکێکیان شەپۆلی زۆر گەورە لە دەریاوە هەستابێت کە هۆکارەکەی تێکچوونی بومەلەرزە بوبێت لە هەرێمی کەنداوی عەرەبیدا یان لە باشوریەوە.دووەمیشیان گەردەلولێکی بەهێز کە لەکەنداوی بەنگالەوە سەریهەڵداوە،دواتر هندی تێپەڕاندوە و بە ئاڕاستەی باکور بەرەو کەنداوی عەرەبی هاتووە.ئەمەش ڕێکەوتی وەرزی لافاوی ساڵانەی کردووە لە گۆماوی دیجلە و فوراتدا.زەوی بەکاریگەری بومە لەرزەکە درزی بردووە و ئاو لێوەی دەرچووە.بەو شێوەیە لافاوەکە بە کاریگەری ئاوی دەریای هەڵچوو بە شێوەیەکی سەرەکی دروستبووە.بەڵام ئاوی ژێرەوە و ئاوی لافاو تەنها هۆکاری یارمەتیدەر بوون. لێرەدا مەبەستمان نیە کە ئەو بیردۆزەیە یان هیتر شەن و کەو بکەین.بەڵکو دەڵێین کە هۆکارەکانی لافاو لەیەکدەچن لەهەردوو دەقی بابلی و تەوراتیدا.ئەوە بەچاوپۆشیکردن لە جەختکردنەوەی هەر دەقێك لەسەر توخمە دیاریکراوەکان جگە لە توخمی تر.

**٩. ماوەی لافاوەکە :**

**تەورات جیاکەرەوەی کاتی دیاریکراوی داوە لە نێوان ڕووداوە دروستکراوەکانی چیرۆکەکەدا.لافاوەکە ٤٠ ڕۆژی خایاندوە.دواتر ئاوەکە دەستی کردوە بە کەمبونەوە دوای ١٥٠ ڕۆژ ...هتد.بەکۆکردنەوەی کاتەکان یەك لەگەڵ ئەویتردا ئەوەمان چنگ دەکەوێت کە ماوەی جیاکەرەوەی نێوان دەستپێکردنی لافاوەکە و دەرچوونی نوح لە پاپۆڕەکە نزیك دەبینەوە لە ساڵێکی تەواو.بەڵام دەقی بابلی نەهاتۆتە سەر ووردەکاری ماوە جیاکەرەوەکان،بەڵکو تەنها بەوە کۆتایی پێهێناوە کە لافاو بەردەوام بوە ٧شەو و ٧ ڕۆژ.بەهەمان شێوە لە ئەفسانەی سۆمەریشدا،کە لافاو ٦ ڕۆژ و ٦ شەو بەردەوام بوە.لەبەرئەوە ناتوانین ماوەیەکی دیاریکراو بەدەستبخەین بۆ بەردەوامبوونی لافاوی بابلی.بەڵام بەهەموو پێوانەیەك ماوەیەکی زۆر کورتتری خایاندوە لە لافاوی نوح.**

**١٠. لەکوێدا پاپۆڕەکە جێگیر بوو:**

**پاپۆڕەکەی ئۆتنابشیتم لەسەر شاخی (( نەصیر)) جێگیر بوو واتە شاخی ڕزگاربوون.ناوی ئەم شاخە لەوەرزیەکانی پادشا ئاشور پانیباڵدا هاتووە کە جێگەکەی دیاریکردووە لە باشوری ڕووباری زێی خواورو، کە یەکێکە لە لقەکانی ڕووباری دیجلە.**

**بەڵام پاپۆڕەکەی نوح لەسەر شاخی ئارارات جێگیر بوە.ئارارات لە ڕاستیدا ناوی شاخێك نیە بەڵکو ناوە کە بەسەر وڵاتی ئەرمینیادا دابڕاوە.پێدەچێت پاپۆڕەکە لەسەر بەرزترین لوتکەی شاخ لە وڵاتی ئاراراتدا جێگیر بوبێ.ئالێرەوە ناوەکە هاتوە.وشەی ئارارات لە زۆر جێگەی تردا لەتەوراتدا هاتوە وەك ئاماژەیەك بۆ وڵاتێك یان خاکێك نەك وەك شاخ.بۆ نمونە وەك ئەوەی لە بەشی ئەشعیادا هاتوە ٣٧ : ٣٨ (( لەکاتێکدا ئەو لە کڕنۆشدا بوو لەماڵی خواوەند نەصرۆکدا،((ئەدرمەدك )) و (( شەرئاصر)) هەردوو کوڕەکەی بە شمشێرکوشتیان و ڕایان کرد بۆ خاکی ئارارات . پادشا ئەسەرحەدۆنی کوڕی لە جێگایدا بوو)).**

ئەوەی لەبەشی ئەرمیادا هاتوە لە ئەصحاحی ٥١ : ٣٧ – (( ئالاّکە هەڵکەن لە زەویدا و فوو بکەن بە کەڕەناکەدا لە نەتەوەیەکدا کە نەتەوەیەکی تریان بەسەر پیرۆز کردوون و ناویان لێناوە شانشینی ئارارات و مونا و ئاشنکار)).

**١١. بەردانی باڵندەکان:**

لەڕۆژی حەوتەم لە دەسپێکی لافاوەکەوە ئۆتنابشیتم کۆترێکی هەڵدا بۆ بینینی چواردەورەکە.ئەوەندەی نەبرد و گەڕایەوە بۆلای لەبەرئەوەی جێپێیەکی نەدۆزیەوە بۆ پێکانی.دوای ماوەیەکی تر چاوەڕوانی سنونۆی بەردا فڕی و دواتر گەڕایەوە بەهەمان شێوە.ماوەیەکی تر چاوەڕوانی کرد و دواتر قەلە ڕەشێکی بەردا و فڕی و نەگەڕایەوە.لەوەوە بۆی دەرکەوت کە زەوی ئامادەیە بۆ دابەزین لەسەری هەربۆیە سەرنشیانانی پاپۆڕەکەی ئازاد کرد و بەریدان بەهەرچوارلادا.بەلاّم نوح بە قەلەڕەش دەستیپێکرد.بەمەش زیاتر دانایی پیشاندا لە هاوڕێکەی ئۆتنابشیتم،چونکە قەلە ڕەش حەز لە بەرزایی دەکات دوور لە لوتکەو دەشتایی.لەبەرئەوە دیارنەمانی ئاماژە نیە بۆ ئەوەی کە ئاو لە هیچ جێگەیەکی سەرزەویدا نەمابێت.دواتر کۆترێکی هەڵدا ئەو باڵندەیەی کە بەتەنها لە دەشت و نزماییەکاندا دەفڕێت.کۆترەکە سوڕایەوە و گەڕایەوە.حەوت ڕۆژ چاوەڕوانی کرد و لەدوای ئەوە کۆتری دووەمی بەردا فڕی و لە ئێوارەدا گەڕایەوە ،بەدەنوکیەوە چڵە زەیتونێکی تەڕی پێوەبوو.پێدەچێت کە جێگەیەکی دۆزیبێتەوە بۆ نیشتنەوەی و خواردنی دەسکەوتبێت بەلاّم بارودۆخەکە بەگشتی گونجاو نەبوە بۆ مانەوە بەشەو لەدەرەوەی پاپۆڕەکە.حەوت ڕۆژی تر چاوەڕوانی کرد،کۆتری سێیەمی بەرداو ئەمیان فڕی و ئیدی نەگەڕایەوە .ئەمەش بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە دەشتەکانیش وەکو بەرزاییەکان بەتەواوەتی وشك بونەتەوە.بەم شێوەیە هەردوو چیرۆکەکە ڕێکن لەسەر ناردنی باڵندەکان بەلاّم لە جۆر و ژمارەیاندا جیاوازن.لە کاتێکدا ئۆتنابشیتم کۆتر و سنونو و قەلەڕەش دەنێرێت،بەلاّم نوح قەلەڕەش و ٣ کۆتر دەنێرێت.دەتوانین کە هەست بە لێکچوونێك بکەین لە ڕووی ناوەڕۆك لە نێوان گەڕانەوەی کۆتری نوح کە لە دەنوکیدا چڵە زەیتونێکی تەڕ هەبووە،و گەڕانەوەی باڵندەکانی ئەکسوترس کەلەسەر نینۆکەکانی پاشماوەی قوڕ هەبوە.

**١٢.بەجێهێشتنی پاپۆڕەکە :**

نوح ماوەیەکی درێژتر چاوەڕوانیکرد پێش دەرچوونی لە پاپۆڕەکە.ئەو ماوەیەش بەس بوە بۆ ڕواندنی ڕووەکەکان سەر لەنویٚ بۆ بەخێوکردنی نەوەی دوای لافاو لە خەڵکی و لە ئاژەڵان.بەلاٚم دەرچوونی ئەوانیتر لەپاڵەوانانی لافاو خێرا بوە لەبەرئەوەی درێژەدانی لافاو بەو درێژیە پێویستە نەبوە بۆ وێرانکردنی سروشت بەتەواوەتی وەك ئەوەی لە لافاوی تەوراتیدا هەیە.دەرچوونی نوح لەسەر فەرمانی خواوەند بوە هەروەك لەکاتی چوونە ناوەوەی پاپۆڕەکەشدا .بەلاٚم ئۆتنابشیتم و ئەوانیتر لەسەر هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆیان هاتونەتە دەرەوە.

**١٣. پێشکەشکردنی قوربانی و سەردەمی خواوەندی:**

هەموو پاڵەوانەکانی لافاو سوپاسگوزاری خواوەند بوون لەسەر ڕزگاربوونیان،و قوربانیان پێشکەشکردوە.ئەوە زیۆسۆدرایە کە کڕنۆشی برد لەبەردەم ئۆتۆدا و گایەکی سەربڕی و مەڕێکیشی کردە قوربانی.ئەکسۆترۆسیش کڕنۆشی بردە سەر زەوی و جێگەی سەربڕینێکی دروستکرد و قوربانی پێشکەش بەخوا کرد.ئۆتنابشیتمیش سەرنشینەکانی بەهەرچوارلادا بەرداو قوربانی پێشکەش کرد،نوحیش جێگەی سەربڕینێکی بۆ خوا دروستکرد،لەهەموو ئاژەڵە پاکەکانی وەرگرت،و لەهەموو باڵندە پاکەکانیش،برژێنەرەکانی بردە سەر جێگەی سەربڕینەکە.ئالێرەدا دەقاو دەق چیرۆکی بابلی و تەوراتی هاوجووت دەبن.دوای سوتاندنی قوربانیەکان لە دەقی ئۆتنابشیتمدا دەخوێنینەوە(( خواوەندەکان بۆنی تیژیان هەڵمژی)) لەتەوراتیشدا دەخوێنینەوە (( خواوەندەکان بۆنی لێڕازیبوونیان هەڵمژی)).

خودا پێشکەشکردنەکەی نوح قبوڵ دەکات و پەشیمانە لەوەی کە کردی.پەیمانێکی هەمیشەیی لەگەڵ خۆیدا دەبەستێت کە جارێکی تر زەوی وێران نەکات بەلافاوێکی تر : (( خودا وتی جارێکی تر نەفرەت لەزەوی ناکەم...و جارێکی تر بونەوەرە زیندووەکان کە دروستم کردوون ناکوژم... پەیمان لەگەڵ ئێوە دەبەستم... ئەوا کەوانەکەم خستەوە جێگەی خۆی کە ئاماژەیە بۆ پەیمانم لەگەڵ زەویدا)). لەدەقی ئۆتنابشیتمدا خواوەندەکان توڕەبونەکانیان لەبیر دەکەن

لەگەڵ مرۆڤدا کاتێك کە بۆنەتیژەکە دەکەن. و کۆدەبنەوە لەخاوەنەکەی و دڵخۆش دەبن بە ڕزگاربوونی ژیان لەسەر زەوی.ئالێرەدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ نیە بۆ پەیمان بەستن لەگەڵ مرۆڤدا.بەلاّم قسەکانی عەشتار شتێکی زۆر نزیك ئەوە دەگەیەنن لە پەیمانی خوداییەوە، لە ئاماژەکەی کەلای یەهوەیە بریتیە لە پرچی ئایشیٚ و فاتمیٚ.هەرکاتیٚ بینی پەیمانەکەی لەگەڵ مرۆڤدا بیردەکەوێتەوە.کاتێك عەشتار گەیشت ملوانکە جوان و بەنرخەکەی بەرزکردەوە کە ئانۆ بۆی دروستکردبوو لەسەر خواستەکانی خۆی و وتی: (( ئەی خواوەندە ئامادەبوەکان هەروەك چۆن من ملوانکە لازوردیەکەم لە بیر ناکەم کە گەردنمی ڕازاندۆتەوە،هەرگیزیش ئەو ڕۆژانە لە بیر ناکەم و هەمیشە یادیان دەکەمەوە)) بەرزکردنەوەی عەشتار بۆ ملوانکەکەی زۆر نزیکە لە ناوەڕۆکیدا لە پرچی ئایشیٚ و فاتمیٚ کە یەهوە وەکو هێمایەك و پەیمانێك دەیدات.

بەلاّم دەربارەی پەشیمان بونەوەکە عەشتار ئاوا دەریدەبڕێت کاتێك دەڵێت: ((هەموو وەرنە پێشەوە و نزیك ببنەوە لەسەر براوەکە تەنها ئنلیل نەبێت نزیك نابێتەوە لەبەرئەوەی ئەو لافاوەکەی هێناوە و بەبیٚ دوودڵی گەلەکەمی دایە لافاوەکە)).ئایاش بەهەمان شێوەدەریدەبڕێت کاتێك ڕووی قسە دەکاتە ئنلیل : ((چۆن.... ئاخر چۆن بەبیٚ ئەوەی بیربکەیتەوە ئەم لافاوەت هێنا)) لە کۆتایشدا ئنلیل بۆ خۆشی پەشیمانی دەردەبڕێت کاتێك توڕەبونەکەی هێور دەبێتەوە.ئۆتنابشیتم و ژنەکەی سەردەکەون و پیرۆزبایی خواوەندێتی خۆیان دەداتیٚ و ژیانی نەمریشیان پیٚ دەبەخشێت.و هەردووکیان لە جێگایەکی دوور لە نزیك دەمی ڕووبارەکانەوە نیشتەجێیان دەکات.پاڵەوانەکانی تری لافاوەکەش پاداشتێکی وەك ئەمەیان دەدرێتەوە.زیوسودرا ژیانێکی نەمری دەدرێتیٚ لەخاکی دەلمۆن و ئەکسۆترۆسیش هەمان نیعمەتی نەمری پێدەبەخشریٚ. بەلاّم نوح پێرۆزبایی خواوەندی پێدەدریٚ لەلایەن یەهوەوە بەلاّم ئەو پیرۆزکردنانە ناگاتە ئاستی ڕنگکردنی نیعمەتی نەمری: ((خواوەند نوحی پیرۆزکرد لەگەڵ منداڵەکانی و پێی ووتن گەشە بکەن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن)).

**لەدواتردا و لە تەوراتدا نوح وەك كەسێكی سەرخۆش و ڕەوشت خراپ دەردەكەوێت.دوای ئەوەی كە داری مێوی ڕواند،ترێكەی ڕنی و مەیەكەی خواردەوە و سەرخۆش بوو سەمای دەكرد و جلەكانی لەبەر خۆی داكەند: (( لە مەیەكەی خواردەوە و سەرخۆش بوو خۆی ڕووتكردەوە لە ژوورەكەیدا حامی كوڕی كە باوكی كەنعانیەكانە چاوی بە ئەندامی نێرینەی باوكی كەوت و هەواڵی دایە دوو براكەی تریشی لە دەرەوە.سام و یافث جلێكیان بردو دایان بە شانیاندا و ڕۆیشتن بۆ دواوەوە و ئەندامی نێرینەی باوكیان داپۆشیەوە و ڕوویانكردە دواوە و بەم شێوەیە ئەوان ئەندامی نێرینەی باوكیان نەبینی،كاتێك نوح لەسەر خۆشیەكەی بە ئاگا هاتەوە،زانیی كە كوڕە بچوكەكەی چی لەگەڵ كردووە.وتی كەنعان نەفرەت لێكراوە،بەندەی بەندەكان بۆ براكانی دەبێت.وتی خودا نەوەی سامی پیرۆزكردوە.دەبا كەنعان ببنە بەندەیان)) دروستبوون ٩ : ٣١-٣٥.**

**لێرەدا تێبینی ئەوە دەكرێت كە عیبرانیەكان ئەو جیاكەرەوەیان خستۆتە ناو چیرۆكەكەوە بۆ بیانوی گرتنە دەستیان بۆ زەوی كەنعان و دەركردنی خاوەنەكەی كە یەهوە نەفرەتی لێكردوون بەهۆی بینینی باپیریان كەنعان بۆ ئەندامی نێرینەی باوكی...**

**ئەنجام :**

**هەستاین بە گێڕانەوەی ئەوەی كە تاكو ئێستا دەستمان كەوتوە لە ئەفسانەكانی لافاو لەناوچەكەدا، و بەراوردێكیشمان كرد دەربارەی ئەو دەقانە،هەندێ جار ئاڕاستەی بینینمان كردۆتە خاڵی بەیەكگەیشتنەكان و هەندێ جاریش بەجێمان هێشتووە بۆ بیركردنەوەی خوێنەر بۆ ئەوەی خۆی بەراوورد بكات و خاڵەكانی بەیەكگەیشتن و جیاوازیەكان دەربخات.پرسیاری كۆتاییش كە خۆی دەردەخات: ئایا دەقی تەوراتی پشتی بەستۆتە سەر دەقی بابلی یان هەر دەقێكی تر؟ ئەو وەڵامەی دەیبینم لە لێكۆڵینەوە بابەتیەكان بۆ دەقەكان بەڵێیە.لەگەڵ هێشتنەوەی ئەو گریمانەیە كە هەموو دەقەكانیش گەڕاونەتەوە بۆ دەقێكی كۆنتر،یان بۆ چیرۆكێك ماوەتەوە لە بیرەوەری گەلانی ناوچەكەدا لە ئاینێكی یەكتاپەرستی پێشووتر.لەڕاستیدا پەیكەری گشتی بۆچیرۆكە تەوراتیەكە هاوجووت دەبێت**

بەهەموو هێڵە گشتیەکانیەوە، و لەزۆر لەووردەکاریەکانیشی لەگەڵ دەقی بابلیدا تەنانەت هەندێ لەدەربڕین و زاراوەکان پیت بە پیت هاوجووتە.ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاوگرت کە یەهوە لە چیرۆکی تەوراتیدا هەڵدەستێت بە هەموو ڕۆڵە دژ بەیەکەکانی خواوەندەکان.ئەوا بەشی زۆری ناکۆکیەکان لە نێوان دوو چیرۆکەکەدا نامێنێت.یەهوە بڕیار لەسەر ناردنی لافاوەکە دەدات،هەرئەویشە هۆکارەکانی دروستبوونی،لەهەڵسانی ئاوی لافاو و باران و هەڵچونی ئاوی ژێرەوە و،هەرئەویشە کە هەندێ کەس ڕزگار دەکات کە لەلای دیلن.هەر ئەویشە کە پەشیمان دەبێتەوە و پەیمان دەدات کە جارێکی تر کاری وادووبارە نەکاتەوە.بەڵام لە ڕووی داڕشتنی ئەدەبیەوە،ئەوا دەقی بابلی بە شێوەیەکی بەرچاو زاڵترە بەسەر دەقی تەوراتیدا،بەسە بۆ گێڕانەوەی خوێندنەوەی باسی تۆقێنەری لافاوەکە. با وێنە گرتنە هونەریە جوانەکە و داڕشتنە ئەدەبیە بەرزەکە ببینین.دەقەکە دەگاتە لوتکەی جوانی لە کۆتاییدا کاتێك کە ئنلیل نزیك دەبێتەوە لە ئۆتنابشیتم و ژنەکەی  لە گرتەیەکی درامیی زۆر جواندا بەرزیان دەکاتەوە بۆ ناو پاپۆڕەکە،وایان لێدەکات کە لەبەردەمیدا بچەمێنەوە و دەست لە نێوچاوانیان دەدات بۆ پیرۆزکردنیان: تۆ پێش لەم ڕۆژە تەنها مرۆڤێکی لەناوچوو بویت بەڵام لەئێستا بەدواوە،تۆو ژنەکەت وەکو ئێمەی خواوەندتان لێدێت،لەجێگایەکی دوور دەژین لەنزیك سەرچاوەی ڕووبارەکانەوە.

لەکۆتایدا و پێش ئەوەی ئەفسانەی لافاو بەجێبهێڵین، دەمەوێت وەستانێکی کورت بوەستم لەسەر ڕاڤەکردنێك کە ڕێگە بەهەندێ کەس دەدەم کە بەشێوەیەکی ڕاست وەرینەگرن. بەڵام زانستی بۆشایی نویێ،و کاروانەکان بۆ بۆشایی ئاسمان کە مرۆڤ پێی هەستاون لەم ساڵانەی دواییدا. ئەوەیان دەرخستووە کە دەتوانرێت لەنێوان جیهانەکاندا هاتوچۆ بکرێت.سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوە لەهەموو جێگایەکی جیهاندا دەکرێت،ئەنجامەکانیان دەرگایەکی فراوان دەخەنە سەر پشت لەبەردەم کۆمەڵ گەلێك پرسیاری ڕەوادا دەربارەی گەیشتنی بونەوەری ژیر لە جیهانەکانی ترەوە بۆ زەوی،کە هەڵگری ڕەچەڵەکێکی شارستانێتی جیهانەکەی خۆیان بوون،ئایا ڕێیتێناچێت کە ئەفسانەی لافاو کە هەموو شتێکی لەناو برد،کە تەنها

بریتین لە هەڵبژاردەیەکی کەم لە هەڵگرانی ڕەچەڵەکی شارستانێتی، کە ڕوویدابێت لەسەر هەسارەیەکی تر لەدەرەوەی هەسارەکەی ئێمە؟ ئایا ڕێیتێناچێت کە پاپۆڕەکەی نوح پاپۆڕێکی بۆشایی بێت کە کەوتبێتە جوڵە لەدوای ئەو وێرانکاریەی کە لەو ئەستێرەیەدا ڕوویداوە و کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت و بارگە و بنەی لەسەر زەوی خستبێت و سەرنشینەکانی بەردەوامیان بە ژیانیان دابێت لەسەر زەوی؟

لەوەدەچێت ئەم ڕاڤەکردنە لە ئەندێشەی زانستی بچێت،بەلاّم گەیشتنی دانیشتوانی هەسارەکانی تر بۆ سەر زەوی لەو کاتە زووەوە لە مێژووی شارستانێتی مرۆڤایەتی،لەچوارچێوەی ئەندێشەی زانستی دەرچووە،بۆ ماوەی لێکۆڵینەوەی زانستی گەرمو گوڕ.

## ٤// ئەفسانەکانی وێرانکردن

تەنها ئەفسانەکانی لافاو نەبوو کە هەواڵی دەربارەی ڕووداوەکانی وێرانکردن پێداوین،لەگەڵ کارەساتە گشتیەکاندا کە بەسەر مرۆڤی شارستانێتیە کۆنەکاندا هاتووە.کۆمەڵێك ئەفسانەی ترمان پێگەیشتوە کە ڕووداوی وەها دەگێڕنەوە کە لە ترس و تۆقاندندا هیچیان کەمتر نیە لە ڕووداوی لافاو،بەلاّم باس لەناوبردن و وێرانکردنی گشتی ناکات کە بەسەر مرۆڤ و ئاژەڵدا هاتوە.بەڵکو باس لەنیوە وێرانکردنێك دەکات کە لەناوەڕاستدا وەستاوە پێش ئەوەی سەرتاپای ژیان بەتەواوەتی لەناو ببات.لەوانەیە ئەم جۆرە لە ئەفسانەکان ئەو گەمەیەیان کردبێت لەسەردەمە کۆنەکاندا کە کارەساتەکان لەسەر شانۆی جیهانی کلاسیکیدا وازییان کردوە لە دواتردا لەوانەیە جۆرێك بێت لە پاککردنەوەی هەست و سۆزەکان.کە گوێگر هەستی پێدەکات کاتێك گوێ لە گێڕانەوەی کارەسات و ناخۆشیەکان دەگرێت بۆی دەبێتە دەرچەیەك کە هەناسە بدات بۆ هەموو جۆرە توندوتیژیەکی ناوخۆیی تێکچوو کە مرۆڤ هەستی پێدەکات و نازانن چۆن دەریبڕن.لەوانەشە جۆرێك بێت لە جۆرەکانی دەربڕین لە وزە کاولکاریە شاراوەکانی مرۆڤ.کە جۆرە جیاوازەکانی بەڵگەکان ناتوانن بەتاڵی بکەنەوە لە بارگەکانی.

لەچوارچێوەی ڕاڤەکردنی مێژوویی و ئیثۆلۆجی دا،لەوانەیە ئەو ئەفسانانە بیانوو هۆکار بن، بۆ کارەساتی ڕاستەقینە کە بەسەر مرۆڤدا هاتووە،سەریلێتێکچووە لە هۆکار و مەرام و پێویستیەکانیدا. لەو کاتەدا ئەفسانە هاتوە کە پرسیارەکانی دەگێڕێتەوە.ئەوەتا ئەفسانەی سۆمەری هۆکاری ئەو وێرانبونەی کە بەسەر ولأتدا هاتوە دەگێڕێتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوەی خواوەند ئانانا لە باخەوانێك کە دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر.ئەوەش ئەفسانەی بابلیە کە هۆکاری ئەو هەموو گەردەلولەی کە ولأتی بە پانی و درێژی گرتۆتەوە،دەگێڕێتەوە بۆ توڕەبوونی خواوەندی گەردەلول ئنلیل،یەکێکی تر دەیگێڕێتەوە بۆ بلأوبونەوەی پەتای کوشندە کە خواوەندی تاعون ئێرا کە لە تەمەڵیەکەی بەئاگا دێتەوە ماوە ناماوەیەك بۆ ئەوەی ئەرکەکەی بەجێبهێنێت لە بلأوکردنەوەی پەتا و نەخۆشیە درمەکان.

**ئانانا و باخەوانەکە :**

ئەفسانەیەکی سۆمەری دەیگێڕێتەوە کە،باخەوانێك هەبووە،ناوی شۆکا لیتۆدا بووە،درەختێکی ڕواندوە و پەیمانی پاراستن و چاودێریکردنی داوەتیّ تا گەورە بوە و سێبەرە پان و پۆڕەکەی بلأوکردۆتەوە بەسەر زۆربەی بەشەکانی کێڵگەکەیدا کە پاراستویەتی لە گەردەلولی وێرانکەر.تا ڕۆژێك:

**ڕۆژێکیان،دوای ئەوەی خانمەکەم ئاسمانی تێپەڕاندو زەویشی بڕی**

**ئانانا،دوای ئەوەی ئاسمانی تێپەڕاند و زەویشی بڕی**

**دوای ئەوەی زەوی ئیلامی بڕی لەگەڵ ولأتی شۆبەردا**

**دوای ئەوەی بڕی [ .... ]**

**کاهینە ئانانا چووە باخەکەوە و خەویلێکەوت لە هیلاکیدا.**

**شۆکالیتۆدا لەلایەکی باخەکەوە بینی**

**ماچی کرد و لەگەڵیدا نوست و گەڕایەوە لای باخەکەی.**

**کاتێك بووەوە بە بەیانی و ڕۆژهەلأت**

**کچەکە سەیری ئەملاوئەولای خۆیکرد و ترسا**

**ئانانا سەیری ئەملاوئەولای خۆی کرد بەترسەوە**

**سەیری ئەو ئازارەی کرد کە کچە توشی بوە بەهۆی ئەندامی مێینەیەوە**

**ئانانا لە پێناو ئەندامی مێینەیدا چی کرد**

**هەموو بیرەکانی وڵاتی پڕکرد لە خوێن**

**هەموو جەنگەڵ و باخەکان خوێن بەسەریاندا دەڕژا**

وایلێهات کاتێ خەڵکی دەیانویست ئاو دەربێنن لەبیرەکانیان بۆ خواردنەوە جگە لە خوێن هیچیان نەدەدی. کشتوکاڵەکان لەناوچوون و برسێتی بڵاوبۆوە. کاتێ ئەو کەسەی نەدۆزیەوە کە دەستدرێژی کردبوە سەر.هەستا بەهێنانی گەردەلول و ڕەشەبای وێرانکەر،بەلای بەبێ ئەنجام

**وتی ئەو کەسە دەدۆزمەوە کە لە گەڵمدا نوست لەهەموو وڵاتدا**

**بەلام ئەو کەسەی نەدۆزیەوە.**

کارەساتی سێیەم دەنێرێت بەلام بەهۆی شکان و تێکچوونی تابلۆ خشتیەکەوە، ڕێگەمان لێگیرا لە زانینی چۆنێتی ئەو کارەساتە،نازانین بە چ ئاراستەیەکدا ئەفسانەکە کۆتایی پێهاتووە.

**ئنلیل و گەردەلوول:**

کاتێك هەوا وەستاو دەبێت،ئەوا ئنلیل لە بارێکی هێور و ئارامدا دەبێت،خۆ ئەگەر شەماڵ هەڵیکرد ئەوا ئنلیل لەباری خۆشی و شادی و سەماکردندا دەبێت.ئەگەریش گەردەلول هەڵیکرد ئەوا ئنلیل لەباری جوڵە و هەڵچووندا دەبێت.خۆ ئەگەر گەردەلولەکە توندبوو و گێژەڵوکە هەڵیکرد ئەوا ئنلیل لەباری توڕەبون و هەڵشاخاندا دەبێت،هەروەك چۆن لەم ئەفسانە سۆمەریەدا باسی لێوەکراوە: ١٠

**ئنلیل گەردەلولی بانگکرد**

**خەڵکیش دەگریان و دەپاڕانەوە**

**لەسەر زەوی بای بوژێنەرەوە هەڵیکرد**

---

10.Henri Franfort، Before Philosophy،Pelican Books،1964.

**خەڵکی هەر دەپاڕانەوە**

**بای خۆش لەسۆمەرەوە وەرگیرا**

**خەڵکی هەر دەپاڕانەوە**

**( لە جیاتی ئەو ) ڕەشەبای شەیتانی بانگکرد**

**خەڵکی هەر دەپاڕانەوە**

**دایە دەست (( کینغالودا )) خواوەندی گەردەلول**

**بانگی کردە گەردەلول کە وڵات وێران بکات**

**خەڵکی دەپاڕانەوە**

**بانگی گەردەلولە وێرانکەرەکانی کرد**

**خەڵکی دەپاڕانەوە**

**چاوی خواوەند(( جیبیل )) * یارمەتیدەری بوو**

**بانگی گەردەلولەکانی ئاسمانیشی کرد**

**خەڵکی دەپاڕانەوە**

**گەردەلولە پاچی و وێرانکەرەکان لە ئاسماندا**

**خەڵکی دەپاڕانەوە.**

**گەردەلولی توند و بەهێز و وێرانکەر وڵاتی گرتەوە**

**خەڵکی دەپاڕانەوە**

**گەردەلولەکە دڵ ڕەق بوو وەك شەپۆلی لافاو**

**پاپۆڕەکانی شاری تێکشکاند و هەڵیلوشین**

**خەڵکی دەپاڕانەوە**

**هەموو ئەمانەی کۆکردەوە لە بناغەی ئاسماندا**

**خەڵکی دەپاڕانەوە**

**ئاگرێکی کردەوە کە نیشانەی شومی گەردەلولەکە بوو**

**خەڵکی دەپاڕانەوە**

---

* جیبیل: خواوەندی ئاگر.

لاکانی ڕەشەبا تورەکەی ئاگردا

دەریای سوتێنەری مەلەکرد

دەیسوتاند هەروەك گەرمای نیوەڕوانی سوتێنەر

ئەو گەردەلولەی کە ئنلیل لە ڕقدا فەرمانییپێدا

( ئەو گەردەلولەی ) کە ولاَتی هەڵلوشی

(( ئور )) ی دا پۆشی هەروەکو جل، و پێچایەوە وەکو منداڵی تازەبوو

لەو ڕۆژەی کە گەردەلولەکە ولاَتی بەجێهێشت

کاتێ بەجێیهێشت کە شارەکە وێرانە بوو

ئاە ئەی باوکە (( نانا ))**

شارەکەی وەك بیابان بەجێهێشت

خەڵکی دەپاڕانەوە

لەو ڕۆژەی گەردەلولەکە ولاَتی بەجێهێشت

خەڵکی دەپاڕانەوە

( لاشەی ) مرۆڤ نەك پارچەی گۆزە

ڕێگاوبانەکانیان دا پۆشیبوو

دیوارەکان درزیان تێببوو

دەروازە بەرزەکان و کۆلاَنەکانیش

مردووی تیادا کۆمەڵ ببوو

لە ڕێگا پانەکاندا کە خەڵکی ئاهەنگیان تیادا دەگێڕا

پڕببون لە مردوو

لەهەموو ڕێگا و کۆلاَنەکاندا لاشە بلاَوببونەوە

لەکێڵگە کراوەکاندا کە پڕبوون لە سەماکاران

لەوێشدا مردووەکان کۆببونەوە

کونەکانی ولاَت هەمویان پڕببون لە خوێن

---

** نانا: خواوەندی مانگ.

وەك كانزايەك لە قاڵبدا

لاشەكان توانەوە وەك رۆن لەژێر رۆژدا.

**خواوەندی تاعوون جیهانی داگیرکرد:**

لە ئەفسانەی بابلیدا (( ئیرا)) خواوەندی تاعون و پەتا کوشندەکان هەڵدەستێت بە ڕۆڵی سەرەکی لەکارەسات و بەلاَ گەورەکاندا کە بەسەر زەویدا دێت.بۆیە هەمیشە دەیبینین کە سەرقاڵە بەوەی کە پێویستە لەسەری جێبەجێیبکات لە ئیشوکاری وێرانکردن و لەناوبردن.لەو ئەفسانەیەی کە دێینە سەرباسکردنی لەخوارەوە، ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر ئیرادا و هیچ ڕۆڵێکی گرنگی نەبینیوە لەسەر شانۆی ڕووداوەکان،ئەوا تەمەڵی هێز و توانای لێبڕیوە.بەلاَم (( سیبی)) کە چەکە کوشندەکەیەتی کە خاوەن حەوت دەمە،تۆقێنەر کە هەناسەی مردنی خێرا دەدات قسەی لەگەڵ دەکات کە تەمەڵی و بێتاقەتی و بێزاری بەسەریدا زاڵ ببوو: ١١

هەستە و بەڕێکەوە ئەی (( ئیرا ))

ئەی کەوتووی لەهەمو لایەکی شاردا وەك پیرێکی نەخۆش

ئەی خشۆك لەماڵدا وەك منداڵی بێتوانا

وامان لێهاتوە نانی ژنان دەخۆین،وەك ئەوەی هەرگیز نەچوبیتە دەشت

وامان لێهاتوە لەشەڕ دەترسین وەك ئەوەی کە خرا پیەکەی هەرگیز نەناسیبێت

هەستە ئەی پاڵەوانی سوارەی دەشتەکان.

مرۆڤ و ئاژەلاَن لەناوبەرە.

بەلاَم خواکان( کارەکانت ) دەبیستن و دەترسن لە ( شەڕت )

پادشاکانیش دەبینن( دەربارەی پاڵەوانیەکانت ) و دەترسن ( لە دەسەلاَتت )

دێوڕەفتارەکانیش ( پاڵەوانیەکانت ) دەبینن و خۆیان دەپارێزن( لەهێز و زەبرت )،

هەموو گەورەکان دەبیستن و دەلەرزن

---

11.S.N.Kramer،Mythology Of The Ancient World.Anchor Books، Newyork . (Hischarter on sumarson mythology).

دەریا تێکچڕژاوەکان هەواڵت دەبیستن و تێکدەچن

شاخە داکوتراوەکانیش بەهەواڵت دەزانن و تێکدەچن

ئەی(( ئێرا )) من قسەی خۆمم کرد ئایا بیستت؟

کەوانەکان ڕاکێشراون و،ڕمەکانیش تیژکراون،

شمشێرەکانیش دەرهێنراون وبکوژن و ئامادەیە بۆ لەناوبردن ( ئەرێ هەڵناسیت ).

ئالێرەدا توانا و هێزی (( ئێرا)) توندەبێتەوە و شالیارەکەی بانگ دەکات((ئیشۆم)) و هاواری بەسەردا دەکات:

بەرم بۆ بەرەڵا بکەن من ڕێگە دەگرمە بەر

لەتەنیشتیشمەوە (( سیبی )) پاڵەوان دەڕوات کە هاوتای نیە،

لەدواشمەوە ئەی یاریدەدەرەکەم تۆ دەڕۆیت.

(( ئیشۆم)) بەدڵێکی تەنگەوە گوێ لە وتەکانی (( ئێرا)) دەگرێت،و هەستی بە ناخۆشی کرد لەوەی کە مرۆڤ چاوەڕوانی دەکات لە چارەنوسی:

ئەی خواوەندەکان. پەلەیان کرد لە خراپە بۆ مرۆڤ و خواوەندەکان

پێتداگرت بۆ زەوی وێرانکردن

ئایا هیچ هۆکارێك هەیە بۆ وەڵامدانەوەت ( ئەوەی کردت )

(( ئێرا )) دەمی کردەوە و وتی:

بەیاریدەدەری (( ئیشۆم ))

بێدەنگبە ئەی ئیشۆم.گوێبگرە لەوەی دەیڵێم

لێمگەڕێ باهەواڵت بدەمێ دەربارەی چارەنوسی مرۆڤ

ئەی یاریدەدەرە داناکەم ئیشۆم قسەکانم گوێلێبگرە:

لە ئاسماندا من تەورێکی دڕندەم.

لەزەویشدا من شێرێکم

لەوڵاتاندا من پادشای هەموانم

من گەورەم لەناو خواوەندەکاندا،

و من لە پێشەوەم لەناو (( ئیجیجیدا ))

و من بەهێزم لەناو (( ئانۆناکیدا )).

**لەبەرئەوەی مرۆڤ لە قسەکانم نەترسان،**

**و گوێشیان بە قسەکانی (( مەردۆخ )) * نەدا**

**بەڵکو بەبێ ویستی دڵی خۆی کاری دەکرد( ئارەزوەکان )**

**من داوا لە مەردۆخ دەکەم لەماڵەکەی بێتە دەرەوە،**

**(( ئەگەر وایکرد )) ئەوا هەموو مرۆڤ لەناو دەبەم.**

لەبەرئەوەی مەردۆخ گەورەی مرۆڤ و خواوەندەکانە.ئێرا ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی کاربکات ئەگەر چاوی لێنەپۆشرێت ئەڕوات بۆ لای بۆ ئەوەی ماڵەکەی لە پەرستگاکەدا (( ئیزاگێلا)) بەجێبهێڵێت و دەڕوات بۆ شوێنێك کە ئاگرەکەی عەباکەی پاك دەکاتەوە،خۆی دەشوات و نوێ دەبێتەوە و بە بەهێزی دەگەڕێتەوە وەك لە جاران و بەسەر ڕاپەڕاندنی هەموو ئیشوکاری گەردوون و مرۆڤدا ڕادەگات:

**بۆ بابل شاری پادشای خواوەندەکان (( ئێرا )) بەرەو ئەوێ ڕۆی**

**چوە ناو(( ئیزاگێلاوە )) کۆشکی ئاسمانەکان و زەوی و لەبەردەمیدا ڕاوەستا.**

**دەمی کردەوە و قسەی لەگەڵ پادشای خواوەندەکاندا کرد:**

**ئەی خوایە ئەوخەرمانە ڕوناکیە هێمای خوایەتیتە،**

**کە هەمیشە پرشنگدارە وەك ئەستێرەیەکی ئاسمان،**

**مایەوە و ڕەنگەکەشی شاراوەتەوە،**

**تاجی جەنابیشتان لاربۆتەوە( لەسەر سەرت )**

**جێگەی نیشتەجێبونت بەجێبهێڵە و دەرچۆ**

**بەرەو ئەو ماڵەی کە ئاگرەکەی عەباکەت پاك دەکاتەوە کاروان بخەرە ڕێ.**

بەڵام مەردۆخ دەترسێت لەوەی کە ئەو ئیزاگێلای بەجێهێشت کە ناوەندی گەردوونە لە بابلدا،جیهان بگەڕێتەوە بۆ باری هەورێکی تەنك و بێسەروبەرەیی گەردون بگەڕێتەوە کە هێز و دەسەلأتی مەردۆخ جڵەوی کردوە،و چوار مشقی

---

* ئەمە هاوشێوەیە بۆ هۆکارەکانی هەموو کارەکانی وێرانکردن کە یەهوە پێیهەڵساوە دژی گەلە هەڵبژێردراوەکەی کە بە بەردەوامی قسەکانی خوای لە بیر دەکرد.

دانیشتوە لەسەر عەرشی گەردوون لە پەرستگاکەیدا کە خاوەن قولەیەکی بەرزە.هەروەها لەوەش دەترسێت کە گۆڕەپانەکە چۆڵبێت بۆ خواوەندەکانی جیهانی ژێرەوە و بۆ ئەوەی بێنە دەرەوە و هەموو زیندوەکان هەڵلوشن بەبێ ڕێگریەك و ئامۆژگارکارێك.بەلأم ئێرا دڵنیای دەکاتەوە لەوەی کە ئەو هەموو لێپرسراوێتیەك دەخاتە ئەستۆی خۆی لەکاتی ئامادەنەبونی ئەودا و لە جیاتی ئەو هەتا دەگەڕێتەوە.مەردۆخ کۆشکەکەی بەجێدێڵێت و دەڕوات بۆ خۆشۆردن و پشوودان لەو جێگەیەی کە ئێرا پێشنیازی کردبوو کاتێك خوای گەورە دەڕوات یەکسەر ئێرا شالیارەکەی ئیشوم بانگ دەکات و پێی دەڵێت:

بەرم بەرەلا کەن لەبەرئەوەی من ڕێدەکەم.

ئەو کاتە هات و کە کاتی دیاریکراوبوو.

ڕۆژ دەترسێنم تا تیشکەکانی واز لێبێنێت،

بەتاریکی زۆر ڕووی ڕۆژ دادە پۆشم.

ئەوەی لە دایکی بووە لەڕۆژێکی باراناوییدا،

دەنێژرێت لە ڕۆژێکی برسێتیدا

ئەوەی لە ڕێگەیەکی ئاودار و سەوزایدا ڕۆیشتوە،

لەگەڕانەوەیدا ڕێگەیەکی لماوی و تەپ و تۆزاوی دەگرێتەبەر.

( ڕووی قسە دەکاتە مەردۆخی بزر ))

(( لەومالەی کە تیایدایت بمێنەرەوە،

بەدڵسۆزی شەو نخونی دەکەم لەسەر جێبەجێکردنی بڕیار و یاساکانت.

ئەگەر گوێت لە دەنگی ئەو کەسانە بوو کە سەریان قژ ڕەشن* کە بانگت دەکەن،

گوێ بە پاڕانەوەکانیان مەدە )).

سنورێك بۆ هەموو ناوەندەکانی ژیان دادەنێم،

دەیانکەمە تۆپەڵێکی کەڵەکەبوو

---

* خاوەن قژ ڕەشەکان یان سەرڕەشەکان زاراوەیەکە کە سۆمەری و ئەکەدیەکان لە باسکردنی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا.

**هەموو شارەکان وێران دەکەم،**

**دەیانکەمە وێرانە،**

**ئەگەر بوو بە وێرانە و ( چۆڵەوانی )،**

**هەموو شاخەکان دەڕوخێنم**

**و ڕانەکانی لێدەسڕمەوە،**

**زەریاکان دەهەژێنم،**

**خێروبێرەکانی لێ دادەماڵم**

**درەختەکان و قامیشەکان لە بندەردێنم،**

**هەموو گەورەیەك تێکدەشکێنم،**

**مرۆڤ دەدەم بە زەویدا،**

**هەموو شتێکی زیندوو لەناو دەبەم.**

دواتر خواوەندی تاعوون و پەتا کوشندەکان و وێرانەکان دەردەچێت بێگوێدانە هەوڵەکانی ئیشۆم بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە لەوەی دەیەوێت بیکات یەکەم بابل تێکدەدات و دانیشتوانەکەی لەناو دەبات،دوایی بەرەو (( ئێریك)) دەڕوات شاری سوزانیە پیرۆزەکان و کوڕە گەنجەکان و خەساو و نێربازەکان،کە پەرستگای عەشتاری لێیە کە خەسێنراوەکانی تیادایە کە عەشتار پیاوەتی لێ زەوتکردوون.شارەکە دەڕوخێنێت و هێشتا تینوێتی نەشکاوە لە لەناوبردن و گەرەکێتی زیاتر وێرانبکات:

**لەناوبردن و تۆڵەی زیاتر دەردەخەم،**

**گیانی کوڕ دەکێشم .**

**باوکیشی دەینێژێت.**

**دوایی گیانی باوکیش دەکێشم،**

**کەس نیە ئەو بنێژێت.کێ خانویەکی بۆ خۆی دروستکردوە و و تویەتی:**

**ئەمە جێگەی پشوودا نمە( نیشتەجێبونمە )،**

**ئەوا من ماڵەکەی دەکەمە جێگەی جێگیربوونی خۆم،**

**کاتێك چارەنوس دەمباتە ئەوێ، لەناوەڕاستیدا دەمێنمەوە،**

و مردن هەڵدەگرم بۆ خاوەنەکەی،
دواییش جێگەی نیشتەجێبوون و پشوودانەکەی دەڕوخێنم
ئەگە بوو بە وێرانە و ( چۆڵەوانی )،
دەیدەمە کەسێکی تر.

لەسەر ئەوەی کە ئیشۆم زۆر دەترسێت لەو لەناوبردنە کوێرانەیە بەبێ جیاوازی لەنێوان باش و خراپدا ڕوودەکاتە ئێرا و دەڵێت:

ئێرا ئەی گەورە
تۆ خوا پەرستی گەڕاوەت ئاودا،
وەك چۆن گومڕایەکی گەڕاوەشت ئاودا،
تۆکەسێکی هەڵەکار و گەڕاوەت ئاودا،
وەك چۆن کەسێکی پاك و گەڕاوەشت ئاودا.
گیانی ئەو کەسەت کێشا کە قوربانی بەرزکردەوە بۆ خواوەند،
وگیانی دەست وپێوەندەکانی پادشا و پیاوەکانیت کێشا،
گیانی گەورەی خەڵکەکەت کێشا،
گیانی کچێکی تازە پێگەیشتوشت کێشا،
لەگەڵ ئەوەشدا ناتەوێت پشوو بدەیت و بە خۆت دەڵێیت:
هەموو گەورەیەك تێك دەشکێنم،
وهەموو لاوازێکیش دەدەم بەزەویدا.
گەورەی خەڵکەکە دەکوژم،
و خەڵکەکەی لە سەرلێشێواویدا بەجێدێڵم،
خانوە بەرزەکان و کۆڵەکەکانیان دەڕوخێنم،
هەموو سامانەکانی شارەکە لەناو دەبەم،
کەڕەناکان هەڵدەکێشم و پا پۆڕەکان ڕێگاکانیان لێ ون دەبێ.
چارۆکەکان دەدڕێنم و پا پۆڕەکان ناگەنە کەنارەکانیان.
شاخەکان پارچە پارچە دەکەم ئالآکاکانیان لەسەر هەڵدەگرم.
سنگەکان وشك دەکەمەوە تا منداڵەکان دەمرن.

**کانیاوەکانیش وشك دەکەم تا ڕووبارەکان لە ڕۆیشتن بکەون**

**ڕوناکی هەسارە و ئەستێرەکان دەکوژێنمەوە و وازیان لێدێنم بەبێ چاودێری***

**ڕەگی درەختەکان بێکەڵك دەکەم تا جارێکی تر نەڕوێنەوە ( گەڵانەکەن ).**

**بناغەی دیوارەکان دەردەکێشم و بەرزاییەکانیان دەلەرێتەوە ( دەڕوخێن ).**

**بەرەو ماڵی پادشای خواوەندەکان دەڕۆم و کەس ڕێگریم لێناکات**

پێدەچێت قسەکانی ((ئیشۆم)) لە توڕەیی (( ئێرا)) ی کەمێك کەمکردبێتەوە و بڕیاری لێخۆشبوون دەدات بەتەنها لە ئەکەدیەکان و جگە لەوان هەموو شتێك دەڕوخێنێت:

**زەوی بە زەوی و شار بە شار**

**هەموو ماڵێك پەلاماری ماڵەکەی تر دەدات.**

**برا لە براکەی خۆش نابێت،**

**یەك ئەویتر دەکوژێت**

**لەوکاتەدا ئەکەدیەکان هەڵدەستن و هەموویان مل کەچ پێدەکەن.**

بەمە (( ئێرا)) ئارامی و هێوری دەبینێتەوە،هەواڵ بەخواوەندەکان دەدات کە پلانەکەی لە سەرەتادا لەناوبردنی هەموو مرۆڤ بوە بەهۆی هەڵەکانیانەوە،بەڵام قسەکانی ئیشۆم وایکرد کە ڕاکەی بگوڕێت و تەنها ئەکەدیەکانی ڕزگارکرد و سەرکەوتنی پێبەخشین بەسەر دوژمنەکانیاندا:

**ئەو کەمەکەی کە لە مرۆڤ ماونەتەوە لەسەر زەوی دەبنە زۆرینە،**

**هەموو مرۆڤێك دەرچەیەك بۆ خۆی دەبینێتەوە.**

**ئەکەدیەکان بەسەر دوژمنە گەورەکانیاندا سەردەکەون،**

**هەریەکێکیان حەوت هەڵدەگرن هەروەکو چۆن مەڕ هەڵدەگرن.**

**شارەکانیان دەکەنە وێرانە و شاخەکانیشیان دەکەنە تۆپەڵێ تۆزوخۆڵ.**

**بابل سەرشۆڕ دەکەن و وەك بەنرخترین دەسکەوت دەیبەن،**

---

* ڕوناکی ئەستێرەکان هەمیشەیی نیە بەڵکو هەموو شەوێك هەڵدەکرێن لەلایەن خواوەندی پەیوەندیدارەوە.

**( وادەکەن ) کە خواوەندەکانی وڵاتی تورە،**

**بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکانیان( ڕازی ) و هێور بن.**

**ڕانەکان زیاد دەکەن ودەغڵ و دانەکانیش دەڕوێنەوە.**

**ئەو زەویەی بە چۆڵی بەجێهێڵرا،**

**دەیکەنە بە پیت و بە بەرهەم.**

**هەموو دەسەلأتدارەکان لە ناوەڕاستی شارەکانیاندا،**

**سەرانەکانیان دەهێنن بۆ بابل.**

**بەلأم پەرستگاکانی ( ئیکۆر ) ) کە ڕووخێنران،**

**بەڕوناکی پرشنگ دەدەنەوە وەك ڕۆژی بەرزبۆوە،**

**دیجلە و فوراتیش پڕ دەبن لە ئاوی زۆر.**

**بۆ سەردەمانێکی دوورودرێژ بابل دەسەلأتدار دەبێت بەسەر ولأتەکاندا.**

هۆنراوەکە تەواو دەبێت بە کۆتاییەك کە جەخت لەسەر توخمی سروشت دەکاتەوە لە ئەفسانەکەدا نوسەری دەقەکە دەڵێت ئەوەی نوسیوە کە پێیوتراوە لەلایەن خواوەندەوە بەبێ زیاد وکەم.ئەم ئاوڕدانەوەیە چەند ڕوویەکی گرنگمان لە ئەفسانە و ڕۆڵی و سەیرکردنی خەڵکی بۆی ئاشکرا دەکات.نوسەری ئەفسانە لە بینینی خۆی و ئەوانەشی باوەڕیان پێیەتی تەنها بریتیە لە نوسینەوەی سروش و ئیلهام کە ڕۆڵی میانگیر دەبینێت لەنێوان خەڵکی و خوادا.

**( دەبا ) لە پێناو گەورەیی (( ئێرا ) )دا**

**ئەم گۆرانیە بڵێینەوە بۆ سالأنێك کە لە ژمارە نایەت.**

**چۆن تورەیی (( ئێرا ) ) هەڵچوو،**

**و بڕیاری وێرانکردنی ولأتیدا،**

**خەڵکی و ئاژەلأنی لەناوبرد**

**و چۆن یاریدەدەرەکەی (( ئیشۆم ) ) هەستا بە هێورکردنەوەی**

**وتوانرا کەمەکێکی کەم ڕزگار بکرێت.**

**بۆ کاتبی-عێلانی مەردۆخ* پارێزەری تابلۆکان کوڕی دابیب،**

**(( گۆرانیەکەی )) پێوت ئیشۆم لەخەوی شەودا،**

**کاتێك بەیانی لەخەو هەستا یەك دێڕی لە بیر نەچووبوو،**

**و یەك دێڕیشی لێ زیاد نەکرد.**

**دوای ئەوەی کە نوسەر دێڕەکانی گۆرانیەکەی نوسیەوە و (( ئێرا)) و (( ئیشۆم)) و هەموو خواوەندەکانی تر گوێیان لێبوو بوە مایەی لێڕازیبونیان:**

**(( ئێرا )) گوێلێبوو بوە جێگەی سەرسوڕمانی.**

**گۆرانیەکەی ئیشۆمی لا بەرز بوو،**

**لەگەڵیشیدا هەموو خواوەندەکان لایان پەسەند بوو.**

**ئاوها ئێرای گەورە قسەی کرد:**

**ماڵی ئەو کەسە ئاوەدان دەبێتەوە هەر کەسێ ئەو گۆرانیە بڵێتەوە،**

**ئەوەش کە پشتگوێی بخات هەرگیز بۆنی خۆش ناکات.**

**لە پادشاکاندا هەرکەسێ ناوی من بەبەرزی ڕابگرێت دەسەلاتی بەسەر هەر چوار لادا دەبێت،**

**بەلام لە گۆرانیبێژاندا ئەو کەسەی گۆرانیەکەی من بڵێت بە کوشتن نامرێت،**

**وشەکانی بەخۆشی دەمێنێتەوە لەگوێی پادشا و شازادەکاندا.**

**ئەو نوسەرانەشی لەدڵیاندا دەمێنێتەوە لە دەستی دوژمن ڕزگاری دەبێت**

**لەکۆڕی ڕۆشنبیرانیشدا کاتێك ناوی من دێنرێت بەبێ بڕانەوە،**

**گوێم بەفراوانی دەکەمەوە.**

**بەلام ئەو ماڵەی کە ئەو تابلۆیە هەڵدەگرێت،**

**هەڵچونی ئێرا و توڕەیی ئیشۆم نایگرێتەوە،**

**و شمشێری کوشتنیش لێی نزیك نابێتەوە،**

**چانسی ئاشتی و خۆشبەختیە.**

**دەبا ئەو گۆرانیە تاهەتا هەتایە بمێنێتەوە،**

---

* ناوی نوسەری دەقەکەیە

**دەبا هەموو وڵات گوێیان لێبێت و پیرۆزی بکەن،**

**دەبا هەموو زەوی پڕ دانیشتوان ناوم بێنن و گەورەی بکەن.**

**یەهوە و کارەساتە گشتگیرەکان:**

پێدەچێت یەهوە خوای عیبرانیەکان لەهەموو خواوەندەکانی تر زیاتر حەزی بەخوێن و کارەساتە گشتگیرەکان هەبێت.لەبەشی دەرچووندا موسا دەبینین کە بەبێ سوود هەوڵی ڕازیکردنی فیرعەون دەدات تاڕێگە بدات بەگەلەکەی بۆ بەجێهێشتنی زەوی میسر و بچن بۆ زەوی بەڵێنپێدراو لە کەنعان.دوای ئەوەی لەگەڵ فیرعەوندا هیچی دەستناکەوێت ڕوودەکاتە خواکەی کە هەڵمەتێکی لەناوبردنی گشتگیر بکاتە سەر فیرعەون و گەلەکەی، بۆ ناچارکردنی بە بەرەڵاکردنی عیبرانیەکان ئەو دەستیپێکرد کە (( ئانانا)) ی سۆمەری دەستیپێکرد کە بیرە ئاوەکانی پڕکرد لە خوێن: (( دار گۆچانەکەت بگرە و دەستت درێژبکە بۆ سەر ئاوی میسریەکان و ڕووبارەکانیان و کەنداو و سەرچاوەکانیان و هەموو جێگەی کۆکردنەوەی ئاوەکانیان دەبن بە خوێن و خوێن لە هەموو جێگەیەکی میسردا دەبێت)) دواتر دەچێت بۆ هونەری کاولکاری تر : (( هارون دەستی درێژکرد بۆ سەر ئاوەکانی میسر بۆقەکان بەرزبونەوە و هەموو زەوی میسریان داپۆشی)) دوای ئەوەش (( هاروون دەستی درێژکرد و بەگۆچانەکەی لە خۆڵی زەویدا دەبوە مێشولە و دەچوونە سەر خەڵکی و ئاژەڵان،هەموو خۆڵی زەویەکە بوو بە مێشوولە)).(( مێش چوونە ناو ماڵی فیرعەونەوە و ماڵی بەندەکانی و هەموو خاکی میسر بەزۆری و زەوی خراپ بوو بەهۆی مێشەوە))(( مەڕوماڵاتی میسریەکان هەموویان مرداربونەوە بەڵام لە مەڕ وماڵاتی بەنوئیسرائیلی هیچ مردار نەبونەوە)) (( لەخۆڵەمێشی ئاتوون هەندێکی هەڵگرت و لەبەردەستی فیرعەوندا ڕاوەستا و موسا هەڵیدابە ئاسماندا وبوونە برین و زیپکەی هەڵئاوسا و لەهەموو زەوی میسردا))(( ساردی و ئاگرێکی بەردەوام هەبوون لەنێوان ساردیەکەدا شتێکی زۆر گەورە هەبوو... سەرما لەهەموو زەوی میسردا و هەموو ئەوانەی لە بیاباندا بوون لە خەڵکی و ئاژەڵ و هەروەها سەرما لە گژ وگیاکەشیدا و هەموو درەختەکانیشی شکاندەوە)).(( خودا ڕەشەبایەکی ڕۆژهەڵاتی هەڵکردە سەر زەوی

بەدرێژایی ئەو شەو و ڕۆژە،لە بەیانیشدا ڕەشەباکە کولەی هەڵکردە سەر هەموو زەوی میسر...هەموو ڕووی زەوی داپۆشی تازەوی تاریك بوو هەموو گژوگیای خوارد هەموو ئەوەشی کە سەرماکە بەجێیهێشت لەبەر و درەخت))(( تاریکیەکە بەردەوام بوو لەهەموو خاکی میسردا بۆ ماوەی سێ ڕۆژان کەس براکەی خۆشی نەدەبینی))(( کاتێك بوە نیوەی شەو خودا لەهەموو شتێکی گەورە و گەنجدا لەخاکی میسردا،لەکوڕە گەورەی فیرعەونەوە کەلەسەر عەرش دانیشتبوو تا کوڕە گەورەی دیلێکیش لە بەندیخانەدا و هەموو بێچوەکانی ئاژەڵانیش.فیرعەون و هەموو بەندە و هەموو میسریەکانیش بەشەو هەستان،دەنگەدەنگێکی گەورە بەرزبۆوە لە میسردا چونکە هیچ ماڵێك نەبوو مردوویەکی تیادا نەبێت)) ئالەو کاتەدا فیرعەون ڕازیبوو بە بەرەڵاکردنی بەنی ئیسڕائیل و ئەو کارەی بەنابەدڵی کرد.

لەداب و نەریتی یەهوە وابوو کە شارەکانی بەتەواوەتی وێران دەکرد و کەسی تیادا بەجێنەدەهێشت بەزیندوویی تاکاولکاریەکەی بەسەریدا هاتبوو بگێڕێتەوە.

لەبەشی دروستبوندا و ئەصحاحی ١٩ : ١٢-٣٦ دا دەخوێنینەوە(( دوو پیاو بە (( لوتیان )) وت هەرچیت هەیە لێرەدا لەنەوەکانت و کوڕ و کچەکانت و ئەوەی لە شارەکەشدا هەتە دەربچن لەم جێگایە.لەبەرئەوەی ئێمە ئەم جێگایە لەناو دەبەین چونکە دەنگە دەنگەکەیان لەبەردەم خوادا گەورەبوو و بۆیەش خودا ناردوینی تا لەناوی ببەین.لوت چوە دەرەوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ نەوەکانی تری و کچەکانیدا بکات و پێیوتن هەستن بچنە دەرەوە لەم جێگایە،لەبەرئەوەی خودا ئەم شارە وێران دەکات. بەڵام ئەو گاڵتەی پێکرا لەلایەن نەوەکانیەوە. کاتێك بەیانی ڕۆژ بوەوە دوو فریشتەکە پەلە لە لوت دەکەن و پێیان وت ژنەکەت و کچەکەت کە لێرەن ببە لەگەڵ خۆتدا تا بەهۆی خراپەکانی شارەکەوە لەناو نەچن.

کاتێك خۆی دوادەخست دوو پیاوەکە دەستی لوت و ژنەکەی و کچەکەیان گرت لەبەر بەزەیی خوا بۆیان و دەریان کردن و لەدەرەوەی شارەکە دایاننان.کاتێك دەریان کردنە دەرەوەی شارەکە پێیان وتن ڕاکەن و ژیانتان ڕزگاربکەن،و ئاوڕ بۆ دواوە مەدەنەوە و لەهەموو بازنەیەکدا مەوەستە،ڕاکە بۆ سەر شاخەکە تا لەناو

نەچیت.لوت پێی وتن ئەی گەورە.ئەوە بەندەکەتە کە نیعمەتی لەچاوی تۆدا بینی و بەخشندەیت گەورەبوو کە بۆت دروستکردم بۆ دەرچوونی خۆم.من ناتوانم ڕابکەم بۆ سەر شاخ لەوانەیە خراپە یەخەم پێبگرێت و مردن بمگاتێ ئەوە شارەکەیە نزیکە بۆ ڕاکردن و ئەو بچوکە و ڕادەکەم بۆ ئەوێ.ئەو وتی من ڕووی تۆم بەهەمان شێوە لەو مەسەلەیە بەرزکردۆتەوە کە ئەو شارە هەڵئەگێڕمەوە کە باست کرد.خێراکە و ڕاکە بۆ ئەوێ،چونکە ناتوانم هیچ شتێك بکەم تادەگەیتە ئەوێ،لەبەرئەوە ناونراوە بەناوی شاری صوغر .کاتێك ڕۆژهەڵهات بەسەر زەویدا ،لوت چووە ناو صوغرەوە.خواش کبریتی باران بەسەر سەدوم و عامورەدا لە ئاسمانەوە و هەموو شارەکان و هەموو بازنەکانی هەڵگێڕایەوە لەگەڵ هەموو دانیشتوانی شارەکان و ڕووەکانی زەویدا.ژنەکەی لەدوایەوە ئاوڕیدایەوە بوە ستونێکی خوێ)).

# بەشی ئەژدیها

==========

(( لەوکاتەدا لۆتان دەکوژرێت
مارە ڕاکردووەکە،کۆتایی دێت
بۆ مارە لولپێچەکە،خاوەن حەوت سەرەکە))

ئەفسانەیەکی ئۆگاریتی

(( لەو ڕۆژەدا،خوا بە شمشێرەکەی سزا دەدات
دڵڕەقی گەورە،لویتان مارە ڕاکردوەکە
لویتان مارە لولپێچەکە، و ئەو ئەژدیهایە دەکوژێت کە لە دەریادایە))

تەورات : ئەشعیا – ٢٧:١

خواوەندە گەنجەکان سیستەمی گەردونیان دانا ، و ڕەوڕەوەی شارستانێتیان پێشخست دوای ئەوەی کە سەرکەوتن بەسەر هێزگەلی تەمومژی سەرەتاییدا.سیستەم و ڕێکخستن جێگەی بێسەروبەرەیی کۆنی گرتەوە،جیهانیش لەگەڵیدا سەردەمێکی تازەی دەستپێکرد، کەمانا و ئامانج و مەبەستەکانی ڕۆشنبوو.بەلاّم هێزگەلی تەمومژی سەرەتایی تا ئێستا دۆڕاندنی خۆی ڕانەگەیاندوە،ئەوەتا هێزێکی تازە بۆی ڕاست دەبێتەوە،ماوە ناماوەیەك پاڵدەنێن بەرەو ڕوخاندن و وێرانکردن و نەهێشتنی دەرکەوتەکانی مرۆڤایەتی،لە هەوڵێکی نەزۆکدا بۆ گێڕانەوەی جیهان بۆ باری ڕاوەستاوی یەکەمی.ئەم هێزگەلە نوێیە،بەرگی هێزگەلە کۆنەکە لەبەردەکەن،توعامە و دڕندە تۆقێنەرەکانی وەبیردێننەوە، کە دڕندەی بەهێزبوون،گیانلەبەری زەبەلاح بون کە سەر بە جیهانی مرۆڤی نین یان جیهانی ئاژەڵە ناسراوەکان.دەیانبینین لەسەر شێوەی ماری گەورەی چەندین سەر، یان ئەژدیهای دەریایی تۆقێنەر،یان باڵندەی زەبەلاح.پێدەچێت ئەم هێزگەلە تۆڵەی جیهانی کۆن بکەنەوە کە سەربەون،ئەگەر بەرپەرچدانەوەی یەکێك لە پاڵەوانەکان نەبێت بۆ شەڕکردنی و ناچارکردنی بۆ پاشگەزبونەوە، پارێزگاری،لەدوایدا،لەسەر ئاسایشی جیهان،سیستەمەکەی ، و جێگیریەکەی.

ئەفسانەی ئەژدیهاش،بلاّوە لەهەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاّتی کۆندا،هەروەك چۆن بلاّوە لە زۆربەی ئەفسانە جیهانیەکاندا.کە مەسەلەی پەیوەستکردنی بەهێمایەکی دیاریکراوە وەکارێکی گەلێك سەختە،بەبێ کەوتنە هەڵەی گشتگیرکردن و تاك لایەنە بینیی،بەلاّم ڕاڤەکردنی دەروونی پێدەچێت هاندەر و ڕاکێشەر بێت،بە تایبەتیش کاتێك زانیمان کە ڕاڤەکردنی مێژوویی لەو ڕاستیە ناچێت کە لە ئەنترۆپۆلۆجیا و مێژووی سروشتیەوە وەرگیراوە.چونکە دەرکەوتنی مرۆڤ بەکاتێکی زۆر دوور و درێژ دواکەوت لەکاتی لەناوچوونی دایناصۆرە زەبەلاحەکانەوە.کە ماوەیەکی دووورودرێژ زاڵ بوون بەسەر زەویدا.لە بەخت باشی مرۆڤ بوە کە لەگەڵیدا نەژیاوە و نەشیبینیەوە.تەنها پەیکەرە گەورەکانی نەبێت لە مۆزەخانەکانی سەردەمی نوێدا نەبێت.

بە پشت بەستن لەسەر ئەمە و گەر دوای لۆژیکی فرۆیدی بکەوین،دەتوانین بڕوانینە ئەو ئەژدیهایانە بەو پێیەی نمایندەی هێزگەلی نەستی تاکین،کە بە بەردەوامی تێکدەچێت بەهەموو شتێك کە پێچەوانەی دۆخی شارستانیە بۆ مرۆڤ،ئەو هێزگەلانە هەمیشە هەوڵدەدەن کە چواردەوری جیهانی هەست بدەن.ئالێرەدا دەتوانین ئەو پاڵەوانەی کە ئەژدیهاکە تێکدەشکێنێت وەك تاکێکی ئاسایی لەناو کۆمەڵگادا دایبنێین،کە دەتوانێت ڕێگە لە هەستەکانی بگرێت و زاڵ بێت بەسەریدا بۆ ئەوەی بە هاوسەنگی بژی لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵدا،خۆ ئەگەر دوای لۆژیکی یۆنگی کەوتین،ئەوا سەیری ململانێ لەگەڵ ئەژدیهادا دەکەین بەو پێیەی پڕۆسەی دروستکردنە بۆ کەسایەتیەکی تاکی individuation کە تاك تیایدا ڕزگار دەبێت لە کاریگەریەکانی منداڵی و پشت بەستنی بە کەسێتی دایك.

لەسەر ئەوەی کە چیرۆکی پاڵەوان و ئەژدیها،ناوەستێت لە سنوری ئەفسانەی کۆندا،ئەوا ئێمە دەبینین لەهەموو چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی گەلاندا و چیرۆکی منداڵاندا،هەروەك خۆشەویستە لەدڵی خەڵکیدا لە سەردەمی نوێشدا بەهەمان شێوە.وەك چۆن دەیبینین کە دووبارەیە لە زۆرێك لە فلیمە سینەماییەکاندا کە دەربارەی دڕندەیەکی ئاوی دەگێڕێتەوە کە چۆن دێتە دەرەوە لە قوڵایی زەریاکانەوە،یان مەیمونێکی زەبەلاح دێتە ناو شارێکەوە لە ناو جەرگەی جەنگەڵەکانەوە بەبێ ئەوەی نوێترین چەك بتوانێت لەناوی ببات تەنها لە کۆتاییدا و زۆر بەدژواری نەبێت.

## ١ // ئەژدیهای سۆمەری

دوای ئەوەی کە ڕێکخستنی گەردوونی سۆمەری تەواو بوو،دوای ماوەیەکی کورت لە جیابونەوەی ئاسمان لە زەوی،ئەژدیهای جیهانی ژێرەوە(( کور)) دێتە دەرەوە لەناخی زەویەوە کە خوای تاك و تەنهایە بۆ جیهانی مردن و تاریکی،لەهەوڵێکیدا بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی بۆ سەر پاشماوەکانی تری جیهان،گەڕانەوەی ژیان بۆ بێ گیان، جوڵەش بۆ چەقبەستن،ڕوناکیش بۆ تاریکی،بەڵام خواوەندە گەنجەکان

کە تازە دەسەلاَتەکەیان چەسپاند و بەرەو ڕووی دەبێتەوە و دەیگێڕێتەوە بۆ جیهانەکەی خۆی.

بەبەردەوامی بەرەنگاری کوری کردوە،لەجێگەی جیاوازیشدا،هەریەکە لە ئانانا خودای ژیان و خۆشەویستی و بەپیتی،ئانکیش خودای ئاو و بەخشەری ژیان،و نەنورتا کوڕی ئەنلیل خوای هەواو جوڵە.ئەو دەقە سۆمەریانەی کە چیرۆکی ململانێی خواوەندی ژیان و جوڵە دەگێڕنەوە،دژی ئەژدیهای جیهانی ژێرەوە،لەدۆخێکی زۆر خراپی تێکچوون و کەموکوڕیدا پێمان گەیشتوە، ئەمەش بۆتە ڕێگر لە زانینی چارەنوسی کوری کۆتایی.بەلاَم ئەفسانەکانی تری سۆمەری باس لە کور دەکەن بەو پێیەی کە بریتیە لە جێگایەك نەك ئەژدیها یان خواوەندێك بێت.ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کوری ئەژدیها کوژراوە لە یەکێك لە هێرشەکانیدا،ناوەکەی بەجێهێشتووە تا بیدەن بەسەر جیهانی ژێرەوەدا کە تیایدا نیشتەجێ ببوو.

**کور ئەریشکیگال دەفڕێنێت :**

ئەم دەقە باس لە فڕاندنی خواوەند کور دەکات بۆ خواوەندە ئەرشیکیگال بۆئەوەی ببێتە ژنی لە جیهانی ژێرەوەدا،و دەربارەی بەرەنگاربونەوەی خواوەند ئانکی بۆی و ئەو شەڕەی کە لە نێوانیاندا ڕوویداوە.١

**دوای ئەوەی کە ئاسمان لە زەوی جیابۆوە**

**و زەویش لە ئاسمان جیابۆوە**

**مرۆڤ دروستکرا**

**(( ئان )) ئاسمانی برد**

**و ئنلیلیش زەوی برد**

**خواوەند کور خواوەندە ئەرشیکیگالی برد وەك دەسکەوت**

**بەلاَم ( ئانکی ) مەلەی کرد، بەلاَم مەلەی کرد**

**باوکە ئانکی مەلەی کرد بۆلای کور**

---

1.S.Noah Kramer ،sumerian mythology،harper ،newyork.1961.

**بەمەلە بەرەو کور ڕۆیشت**
**بەردی بچوکی تێگرت**
**هەروەها بەردی گەورەشی تێگرت**
**بەردە بچوکەکانی بەدەست تێدەگرت**
**بەردە گەورەکانیشی بە ( .... ) قامیش.**

لەبەرئەوەی ئەم دەقە تایبەت نەکراوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی کور و ئەرشیکیگال ، هەربۆیە زۆر گرنگی نەداوە بە تەواوکردنی چیرۆکەکە کەوا گریمانە دەکرێت کە زانراوە لەو کاتەدا و جیاکراوەتەوە لە دەقەکانی تردا.لە ڕاستیدا ئەم دەقە وەك پێشەکیەك هاتوە بۆ دەقێکی تر کە دەقی گەلگامیشە و ئەنکیدۆ و جیهانی ژێرەوەیە،بەجۆرێك کەبوە بەداب و نەریت لە زۆربەی دەقە سۆمەریەکاندا کە نوسەر بە پەرەگرافێك دەستپێبکات کە باس لە ڕەگ و ڕیشە و سەرەتاکان و ڕووداوە گەورەکان بکات کە ڕوویان داوە لەو کاتە دێرین و سەرەتاییانەدا.لەسەر ئەوەی ئێمە ئەرشیکیگال دەدۆزینەوە لە دەقەکانی داهاتوودا،بە تایبەتیش بابلیەکان، کە بریتیە لە خواوەندەی جیهانی ژێرەوە بەبێ کور. ئایا ئەمە بەڵگەیە لەسەر سەرنەکەوتنی ئانکی لە ڕزگارکردنیدا،یان ڕزگارکردنەکەی جێبەجێکراوە دوایی دابەزیوەتە جیهانی ژێرەوە لەکاتێکی دواتردا لەمیانەی ڕووداوی جیاوازەوە؟ ئەمە ئەوەیە کە ئەو دەقانەی لەبەردەستماندان وەڵامی نادەنەوە.

**کور و ئانانا :**

پاڵەوانی ئەژدیها لێرەدا بریتیە لە خواوەندە ئانانا،خواوەندەی بەپیتی و خۆشەویستی ،بەهەمان شێوە خواوەندەی کاولکاری و شەڕ.کە بەرەنگاری خواوەند کور دەبێتەوە و بەسەریشیدا سەردەکەوێت و نازناوی (( تێکشکێنەری کور)) هەڵدەگرێت کە زۆرێك لە چیرۆکە سۆمەریەکان بەوە وەصفی دەکەن.دەقەکە ئاڵۆزە و زۆر کەموکوڕی تیادایە،بەڵام ئێمە دەتوانین هەندێ پەرەگرافی لێهەڵهێنجین.٢

---

2.ibid.

**ڕمێکی درێژی تێدەگرم**

**هەموو چەکەکانمی ڕووتێدەکەم**

**جەنگەڵەکانی دەوروپشتی ئاگر تێبەردەدەم**

**لە [....] تەورە مسیەکەم دەچەقێنمە ناو**

**وەك شاخی ئاراراتا، شکۆمەندی لێ دادەڕنم**

**هەروەك خواوەندی ئاگری پیرۆز جیبیل ئاوەکەی وشك دەکەم**

**وەك ئەو شارەی ئان نەفرەتی لێکرد ناگەڕێتەوە ژیانی یەکەمجاری**

**وەك ئەو شارەی ئنلیل تووڕیدا، جارێکی تر هەڵناسێتەوە؟**

سەرەڕای ئەوەی کە (( ئان)) ئاگادارێدەکاتەوە خۆی نەخاتە مەترسیەوە،بەڵام ئەو لە هەڵچونێکی گەورەدا،شەڕکردن ڕادەگەیەنێت و چەکەکانی لەململانێیەکی سەرکەوتوودا دەکاتە کور کە لەکۆتاییدا بە قاچەکانی دەیپلیشێنێتەوە.

**نەنورتا لە زۆرانبازی لەگەڵ ئاساجدا :**

نەنورتا کوڕی ئنلیل خواوەندی هەواو گەردەلول.هەروەها خوای ڕەشەبای باشوری هەڵکردوشە،هەروەها خوای جۆگەلە و بەنداو و ئاودێریشە.لەو دەقەدا ئەو نیەتی بەرەنگاربونەوەی ئاساجی دێوڕەفتاری جیهانی ژێرەوە دەدات کە خوای نەخۆشیەکان و دەستە ڕاستی کوریشە.پێش ئەوەی ڕووبکاتە شەڕەکە چەکەکەی شارور ( دەقەکە جۆری ئەو چەکەمان بۆ دیاری ناکات) هەڵدەستێت بەهاندانی بۆ دەستپێکردنی هێرش.کاتێك تێکهەڵچوون دەستپێدەکات، ئاساج زۆر زەبروتوندی پیشاندەدات،بەشێوەیەك کەوا لە ننورتا دەکات هەڵبێت وەکو ئەوەی باڵندە بێت. بەڵام چەکە سەرکێشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی لەسەر بەردەوام بوونی شەڕ.لەم جارەدا ننورتا دەتوانێت کە ئاساج تێکبشکێنێت و بەسەریدا زاڵ ببێت.بەڵام دوای ئەوە زنجیرەیەك کارەسات بەدوادا دێت.جیهانی ژێرەوە دەلەرزێت بۆ ئەو ڕووداوە،ڕقی کور هەڵدەستێت،یەکەم جار ئاوی شیرین لەکانیاو و بیر و ڕووبارەکانەوە قوت دەدات :

**برسێتی بڵاوبۆوە و بەرهەم نەما**

**ڕووبارە بچوکەکان وشك بوون تا ئەو کاتەی نەدەتوانرا دەستی لێبشۆرێت**

**کێڵگەکان لە ئاودێری بێبەشکرا، جۆگەلەی ئاودێری هەڵنەکەنرا**

**کشتوکاڵ لەسەر ڕووی زەوی نەما، جێگەکەی بۆ قەوزەکان بەجێهێشت**

لەدوای ئەو قۆناغە وێرانبونە یەکەمیەوە،کور لە قولاَییەکانەوە بەهێز پاڵ بە ئاوەکانەوە دەنێت بۆ سەر ڕووی زەوی بۆ ئەوەی هەموو شتێك لەبەردەمیدا ڕابماڵێت . ئالێرەدا جارێکی تر ننورتا بەرەنگاری هێزگەلی جیهانی ژێرەوە دەبێتەوە،کاردەکات لەسەر دروستکردنی بەنداوێکی گەورە بەبەرد لەڕووی ئاوەکەدا،سەرکەوتوو دەبێت لەڕێگە گرتنی هێرشە تێکشکێنەرەکەی و سۆمەر ڕزگار دەکات.

**بەلاَم ئەوەی زیاد بوو کۆی کردەوە**

**بەلاَم ئەوەی لەکورەوە دەرچوو**

**کۆیکردەوە و پاڵیپێوەنا بۆ ڕووباری دیجلە**

**لەو ئاوەی کە کێڵگەکانی دا پۆشی**

**ئێستا سەیربکە و هەموو شتێك لەسەر زەوی دەبینی**

**دڵیان خۆشە بەسەرکەوتنەکانی ننورتا، پادشای ولاَت**

**کێڵگەکان دانەوێڵەی زۆر دەدەن**

**باخەکان و مێوەکان بەر دەگرن**

**خوا دڵتەنگی لەولاَتدا سڕیەوە**

**ودڵی خواوەندەکانیشی خۆشکرد ٣**

.

ننماخ بە هەواڵی کارەکانی کوڕەکەی ننورتای زانی،هەستا بۆ بینینی،لەدورەوە بانگی کرد کە ڕێگەی بدات بۆ بینینی،کاتێ ئامادە دەبیت کەلای بە دیاری ئەو شاخی بەردە گەورەیەی دەداتێ کە گرویەتیە ڕووی کور.

ناوی خانمی شاخ یان نەنخرساگ هەڵدەگرێت، ناوێکە لەناوەکانی دایك–زەوی.هەندێ لێکۆڵەرەوە،لە ئەنجامی ڕاڤەکردنی سێ ئەفسانەکانی کور کە باسمان

---

3.ibid

کردن،هەندێ لێکچوون لەنێوان کوری سۆمەری و توعامەی بابلی دروست دەکەن.لەوانە بەڕێز س.ن.کریمەر، کە قەرزاربارین بۆ ئەو هەموو زانیاریانەی دەیزانین دەربارەی دەقە سۆمەریەکان،کە ڕاوبۆچونێك دەخاتە ڕوو کە بریتیە لەوەی کە کوری سۆمەری بناغەی توعامەی بابلیە.لەڕاستیدا من هیچ پەیوەندیەك نابینم کە دووشت کۆبکاتەوە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** لە ئەفسانەی سۆمەریدا کور خواوەندێکی جیهانی ژێرەوەیە.لەدوای نەمانی ،ناوەکەی ماوەتەوە بۆ ئاماژەکردن لەسەر جیهانی تاریکی و مردووان.بەلاّم توعامە هیچ پەیوەندیەکی بەجیهانی ژێرەوە نەبوە لە ژیانیدا و نەلەدوای مردنیشی.

**دووەم:** توعامە لە ئەفسانەی بابلیدا خواوەندێکی یەکەمی بوە کە نمایندەی هەوری گشتگیری و نەمری یەکەمی دەکرد.دەبوو لەناوببرێت لەبەر دەرکەوتنی جیهانێکی ڕێکخراو.بەلاّم کوری سۆمەری وانەبوە.

**سێیەم:** توعامە خواوەندێکی گەردوونی بوو،مەردۆخ گەردوونی لەلاشەی دروستکردووە.بەلاّم کوری سۆمەری نەما و تەنها ناوەکەی ماوە،کە شانشینەکەی دەوترێت کە بە جێیهێشت.

**چوارەم:** ململانێی توعامە لەگەڵ مەردۆخدا،ململانێیەك بوو پێش دروستبوون و پێکەوەنان.بەلاّم کوشتنی کوری سۆمەری دوای پێکەوەنان ڕوودەدات بەماوەیەکی زۆر،هیچ نرخێك نیە بۆ ئەو ململانێیە بەهیچ شێوەیەك ئەوەی پەیوەندی هەیە بە پرۆسەی دروستکردنەوە.

**گەلگامیش و زەوی زیندووان :-**

گەلگامیش پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بوو کە ناوی لە لیستی پادشاکانی سۆمەردا هاتووە وەك پادشای شاری ئور،لەو خانەوادانەی کە دوای لافاو دەسەلاّتیانهەبوە. لە یەکێك لەدەقە مێژووییە سۆمەریەکاندا دەبینین کە لە شەڕدایە لەگەڵ ئاجادا پادشای شارێکی هاوسێی سۆمەری (( کیش)) چیرۆکی زۆر دەربارەی ئەم

کەسایەتیە مێژوویە چنراوە،بەرزیان کردۆتەوە لە پێگەیەکی ڕاستەقینەوە بۆ جیهانی ئەفسانە و دەبینین،گەلگامیش لەدواتردا،گوازراوەتەوە بۆ ناو ئەدەبی بابلی،ژێری ناوازەی ئەدەبی ئەکەدی هەستاوە بە کۆکردنەوەی چیرۆکەکانی گەلگامیشی سۆمەری و سەر لەنوێ داڕشتنەوەی لە چنینێکی زۆر جوان لەگەڵ زیادەی تردا کە لە داهێنانی نوسەرە ئەکەدیەکان خۆیان بوە لە ئەنجامدا داستانێکی تەواویان پێشکەشکردووین،کە بەگەوهەری ئەدەبی کۆن دادەنرێت.

ئەو ئەفسانەیەی کە لێرەدا پێشکەشی دەکەین ٤ .یەکێکە لەو ئەفسانانەی کە دەچێتە ناو چنراوی داستانی بابلیەوە.تیایدا پادشا گەلگامیش دەبینین،کە بەرەو زۆرانبازی لەگەڵ دڕندەیەکی تۆقێنەردا دەڕوات، بەدوای هێشتنەوەی یادەوەری بەنەمری و بەرزکردنەوەی ناویدا.گەلگامیش درکی بەوەکردوە کە مردن دێت و هیچ ڕێگریەکی بۆ نیە،وە ئەو بەشە خواوەندییەی کە تیایدایە ڕزگاریناکات لەچارەنوسی مرۆڤ،بڕیاریدا کە کارێکی نەمر بکات کە ناوەکەی لەدوامردنی بەنەمری بهێڵێتەوە.لەبەرئەوەی نەمری بریتیە لە نەمری یادەوەری و کردەوەی مرۆڤی پاك:

**بۆ زەوی زیندووان،گەورە ڕۆیشت بۆ گەشت**

**بۆ زەوی زیندووان،گەلگامیش ڕۆیشت بۆ گەشت**

**بەدواکەوتەکەی ئەنکیدۆی وت:**

**ئەی ئەنکیدۆ،مۆر وکرێ،هێشتا،نەیانهێناوە،چارەنوسی دیاریکراو**

**دەچمە زەوی زیندوانەوە،لەوێدا ناوێکی نەمر بۆخۆم دەهێڵمەوە**

**لەو جێگایانەی کە ناوەکان بەرزدەکەنەوە ناوەکەم بەرزدەکەمەوە**

**لەو جێگایەشی کە ناوەکان بەرز ناکەنەوە ناوەکەم بەرزدەکەمەوە**

**ئەنکیدۆی دواکەوتەی وەلآمی دایەوە:**

**ئەو زەویانە لە ژێر چاودێری ئۆتۆدان**

---

4.S.North Kramer،Sumerian Myths and epic tales.( in : J.Prichards Ancient Near Eastern Texts،Edited،Princetion.Newyork.1969.)

زەوی ئورزی بڕاوە، لەچاودێری ئۆتۆدا ،بە ئۆتۆ ڕابگەیەنە.
گەلگامیش بەدەستەکانی گیسکێکی تەواو سپی بەرزکردەوە
گیسکێکی ڕەشیشی پاڵپێوەنا بۆ سنگی، بۆ قوربانی
بەدەستیشی گۆچانێکی گرت [....] زیوی
ڕووی قسەکردنی کردە ئۆتۆی ئاسمانەکان:
(( ئەی ئۆتۆ ،من دەچمە زەوی زیندوانەوە، هاوکارمبە
من دەچمە زەوی ئورزی بڕاوەوە، هاوکارمبە ))

ئۆتۆ وەڵامی دایەوە:

تۆ [....] بەڕاستی، بەلاّم ئامانجت چیە لەو زەویەدا؟
(( ئەی ئۆتۆ، وتەیەکت پێدەڵێم بەڵکو گوێی لێبگری
قسەیەکت پێ دەڵێم ، بەڵکو گوێلیبگریت
لەشارەکەمدا پیاوێکی دڵشکاو دەمرێت
ئەو پیاوە دەنێژرێت بەدڵتەنگیەوە.
لەسەرو دیوارەکەوە سەیر بکە
لاشە سەر ئاو کەوتوەکان دەبینم لە ڕووبارەکەدا
وادەبینم کە منیش بە ڕاستی هەروەکو ئەوان بڕۆم.
مرۆڤ هەرچەند بەرزبێت، ناگاتە بەرزی ئاسمان
هەرچەندە فراوانیش بێت، پانتایی زەوی دانا پۆشێت
کۆتایی و مۆر، هێشتا، نەیانهێناوە، چارەنوسی دیاریکراو
دەچمە ناو زەوی زیندوانەوە، لەوێدا ناوی خۆم بەنەمری دەهێڵمەوە
لەو جێگایانەی ناوەکان بەرزدەکەنەوە ناوم بەرزدەکەمەوە
لەو جێگایانەشی ناوەکان بەرزناکەنەوە ناوم بەرزدەکەمەوە.
ئۆتۆ فرمێسکەکانی وەکو قوربانی پەسەند کرد
وەك پیاوێکی بەبەزەیی، بەزەیی خۆی بۆ دەرخست
( لەدوایدا بەدەستی ) حەوت بەهێز و پاڵەوان، کوڕانی یەك دایك
یەکەم [....] ئەوەی[....]

**دووەم، ماری ژەهراوی کە[....]**

**سێیەمیش ئەو ئەژدیهایەی[....]**

**چوارەمیش،ئاگری سوتێنەر کە[....]**

**پێنجەمیش، ماری زەبەلاح کە دڵ دەردەکات و[....]**

**شەشەم، لافاوی وێرانکەری کە دایدە پۆشێت**

**حەوتەمیش، هەورە تریشقەی ڕووناککەرەوە کە هیچ شتێك ڕێگەی پێناگرێت**

دوای ئەوە ٢٩ دێڕ دێت،کە زۆربەیان کەموکوڕیان تیادایە لە جێگەیەك یان زیاتردا. بەڵام کۆی ماناکەی بەتەواوی ڕۆشنە دوای ئەوەی کە ئۆتۆ ئەو حەوت بەهێز و پاڵەوانانە دەخاتە ژێر دەستیەوە،گەلگامیش بەرەو شارەکەی دەڕوات و داوای پەنجا خۆبەخش دەکات بۆ هاوەڵی لەکاروانەکەیدا.مەرجی ئەوە بۆ خۆبەخشەکان دادەنێت کە ماڵیان نەبێت و خاوەن ژن و منداڵیش نەبن.ئەوەی داوایکرد جێبەجێبوو.دوایی چوو بۆ لای ئاسنگەران بۆ خۆی و بۆ هاوەڵەکانی باشترین چەکیان دروستکرد.

کاتێك چەك و کەل وپەلەکانی تەواوبوو دەستیکرد بەسەر کێشیەکەی.گەلگامیش بە کۆمەڵەکەی شەش شاخی بەرزیان بڕی،لەکاتی بڕینی شاخی حەوتەمدا کاروانەکە دادەنیشن بۆ پشوودان،گەلگامیش دەچێتە خەوێکی قوڵ و درێژەوە. ئەنکیدۆ بەبێ سوود هەوڵی بە ئاگاهێنانەوەی دەدات:

**ڕایوەشاند بەلاَم نەجولاَیەوە**

**قسەی لەگەڵ کرد بەلاَم وەلاَمی نەبوو:**

**(( ئەی ڕاکشاو، ئەی ڕاکشاو**

**ئەی گەورەم گەلگامیش، تاکەی ڕادەکشێیت؟**

**زەوی تاریك بووە، شەو داهات لەهەموو جێگەیەك**

**ئەوەتا ڕۆژئاوا کۆتا تیشکی خۆی دەنێرێت**

**ئۆتۆش بەسەر بەرزیەوە لار بۆوە بۆ باوەشی دایکی نیگال***

---

* نیگال بریتیە لە ئەنخرساگ –دایك

**ئەی گەورەم گەلگامیش تاکەی ڕادەکشێیت؟**

**ئایا ئەوانەی لەشارەکەتەوە هاوڕێیەتیان کردیت بەجێیان دێڵێت.**

**ڕاوەستاون چاوەڕوانی دەکەن لەسەر لوتکە شاخەکە؟**

**ئایا ئەو دایکەت بەجێدێڵێت کە تۆی بوە و سەری شۆڕ و دڵشکاوی ڕادەکێشێت**

**لەگۆڕە پانی شارەکەدا؟))**

**ئالێرەدا لە بێئاگاییەکەی وەخەبەر هاتەوە**

**هەستاو شکۆمەندی لەبەرکرد وەکو جلوبەرگ**

**عەباکەی پێچایەوە لە سنگی کە کێشی سی شاقل دەبێت**

**لەسەر زەوی وەکو گای هار ڕاوەستا**

**دواتر چەمیەوە تا دەمی بەرزەوی کەوت و ددانەکانی بەدیار کەوت:**

**(( سوێند دەخۆم بە ژیانی دایکم نشۆن کە منی بوە، بە باوکم لۆگال بەسوێندێکی پیرۆز من لەگەڵ ئەو پیاوەدا بەرەو ڕوو دەبمەوە، ئەگەر پیاو بوو، ئەو خواوەندەش ئەگەر وابوو هەنگاوەکانم بەرەو پێشەوە دەچن، نەك بۆ دواوە بۆ شارەکە.))**

**ئالێرەدا دواکەوتە دڵسۆزەکەی پێی ووت:**

**(( ئەی گەورەم، تۆ ئەو پیاوەت نەدیوە، لەویشەوە ترست نەناسیوە**

**بەلاّم من دیومە و لێیەوە ترسێکی زۆرم بینیوە**

**ئەو پیاوە ددانی هەیە وەك ددانی ئەژدیها**

**ڕووشی وەکو شێر وایە**

**هەڵمەتێکیشی هەیە وەك ئاوی خوڕ**

**لەنێو چاوانیەوە کە قامیش و درەخت هەڵدەلوشێ و کەس ڕزگارینابێت.**

**ئەی گەورەم درێژە بەکاروانەکەت بدە بەرەو ئەو زەویە من دەگەڕێمەوە بۆ شارەکە**

**بۆ ئەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکانت بە دایکت بدەم کە ( لە خۆشیدا ) دەمرێت**

**و هەواڵی مردنی چاوەڕوانکراویشتی دەدەمێ و فرمێسکێکی زۆر هەڵدەڕێژێت)).**

بەلاّم گەلگامیش هانیدەداو بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر ڕۆیشتنی لەگەڵیدا بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا هاتبوون.کاروانەکە بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن تا دەگاتە جەنگەڵی حەوادا دڕندەی ئورز.پیاوانی هەڵمەتەکە دەستدەکەن بە بڕینی

کۆمەڵە درەختەکان لەچواردەوری حەواوە کە دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لە هێرشبەرانی بدات هێندە نابات کە دەکەوێتە دەست دوو پاڵەوانەوە،دەکەوێتە پاڕانەوە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی:

**(( ئەی ئۆتۆ، من دایکێکم نەناسی کەمنی بوبێ، باوکێکیشم نەبوو کە پەروەردەم بکات.**

**تۆ منت دۆزیەوە، من ژیان لەم زەویەدا و چاودێریت کردم )).**

دواتر ڕوویکردە گەلگامیش و سوێندیدا بە ئاسمان و زەوی و جیهانی ژێرەوە

**دەستی گرت و ڕایکێشا بۆلای خۆی**

**گەلگامیش بەزەیی پیادا هاتەوە**

**بە ئەنکیدۆی دواکەوتەی وت:**

**(( ئەی ئەنکیدۆ، بالێگەڕێین باڵندەی بەندکراو بگەڕێتەوە بۆ بارەگاکەی**

**بالێگەڕێین پیاوە بەندکراوەکە بگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایکی ))**

**ئەنکیدۆ بە گەلگامیشی وت:**

**(( ئەوەی دانایی لەلا نیە**

**بەخێرایی لەلایەن(( نمتارەوە ))* کە جیاوازی لەلانیە هەڵدەلوشرێ**

**ئەگەر باڵندە بەندکراوەکە بگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایکی**

**ئەوا جارێکی تر ناییبینینەوەوئەو شارەی کە دایکت تۆی تیادا بوە ناییبینینەوە )).**

**ئالێرەدا هەوا ئاوهای بە ئەنکیدۆی وت:**

**(( تۆ سنگیت پڕ کرد لە تووڕەیی لەمن ئەی ئەنکیدۆ**

**ئەی بەکرێگیراو [....] سنگت پڕکرد لەدژی من )).**

**کاتێك ئەم قسەیەی لێوە دەرچوو**

**گەردنیان لێکردەوە**

**و بە قوربانی پێشکەشی ئنلیل و ننلیلیان کرد.**

---

* دێو ڕەفتاری جیهانی ژێرەوە،گیان کێش،بەرانبەر ئیزرائیلە.

## گەلگامیش و گای ئاسمان :

ئەمەش ئەفسانەیەکی ترە کە پاڵەوانەکەی بەهەمان شێوە گەلگامیشە.بەڵام ئەو تابلۆیەی کە ئەم ئەفسانەیەی بۆ هەڵگرتبوین لە دۆخێکی گەورەی زۆر شێواو کەموکوڕیدا دۆزرایەوە.ئەمەش بۆتە ڕێگر لەبەردەم وەرگێڕانێکی تەواو بۆ دەقەکە.لەبەرئەوە تەنها بیرۆکەیەکی گشتی دەربارەی دەقەکە دەخەمە ڕوو،لەگەڵ سوودبینین لەدەقێکی بابلی دواترداکە تێکەڵی دەکەم لە تانو پۆکەیدا.هەروەها تێکەڵیشی دەکەم لەگەڵ ئەفسانەی گەلگامیش و زەوی زیندوان.

دوای ئەو کەموکوڕیەی کە ڕوویداوە لەسەرەتای تابلۆکەوە،خواوەندە ئانانا کاتێ قسە لەگەڵ گەلگامیشدا دەکات ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە چۆن دیاری و پێشکەشکاریەکانی بۆ گەلگامیش پێشکەش کردوە. لێرەدا دەتوانین ئەوە بەدەست بێنین بە پشت بەستن بەدەقی بابلی دواتردا کە خواوەندەی خۆشەویستی خۆی دەخاتە بەردەمی و ئەو سوودانەی کە دەستی دەکەوێت ئەگەر بێتوو بیکاتە ژنی خۆی.کاتێکیش دەقەکە ڕۆشن دەبێتەوە دەبینین ئانانا لەبەردەم باوکیدایە،خوای ئاسمان،داوای لێدەکات کە گای ئاسمانی بداتێ بۆ ئەوەی گەلگامیشی پێ بکوژێت.لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە گەلگامیش خۆشەویستی خواوەندەی ڕەتکردۆتەوە.و هەموو ئەو داواکاریانەی کە بۆ شووکردن خستبویە بەردەستی.بەڵام خواوەند ئان دوودڵە لە پێدانی گای ئاسمان بە کچە سەرکێشەکەی،کچەکەی پەنا دەباتە بەر هەڕەشەی لابردنی لە عەرش وبەڕێوەبردنی گەردوون لەگەڵ خواوەندەکانی تردا بەبێ ئەو.خواوەند ئان ملکەچ دەبێت و گای ئاسمان لەسەر زەوی بڵاودەکاتەوە.ئالێرەدا ئەو برە ڕۆشنە لە دەقە سۆمەریەکە کۆتایی دێت.بەڵام دەقی بابلی جەخت لەسەر سەرکەوتنی گەلگامیش دەکاتەوە بەسەر گای ئاسماندا کە لەگەڵ هاوڕێکەیدا ئەنکیدۆ ڕووبەڕووی بونەتەوە و سەری دەبڕن و پێشکەشی بەخواوەندی ڕۆژی دەکەن وەك دیاریەك.

## ٢// ئەژدیهای بابلی

### کوشتنی لایۆ :

ئەم ئەفسانەیە باس لە دڕندەیەکی بەهێز دەکات کە ناوی (( لایۆ)) یە.ئەم دڕندەیە لە قولایی ئاوەکانەوە هاتۆتە دەرەوە بۆ خاکی شارستانێتی و لەهەوڵی کاولکردنی هەموو ئەوانە بوو کە مرۆڤ دروستیکردوون،تا ئەو کاتەی یەکێك لەخواوەندەکان سەرکەوتوودەبێت و بەسەریدا زاڵ دەبێت. دەقەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە باس دەکات: ٥

**شارەکە ئاهێکی هەڵکێشا و [....] خەڵکی**

**ژمارەی خەڵکی کەمبونەوە [....]**

**هیچ یەکێك نەبوو بۆ پاڕانەوەکە یان [....]**

**هیچ کەس نەبوو بۆ هاوارەکەیان [....]**

**کێ مارەکەی [هێناوەتەوە بوون]**

**توعامە [مارەکەی هێناوەتە بوون ]***

**ئنلیل هەستاوە بە وێنەکێشانی شێوەی ( ئەژدیها ) لە ئاسماندا****

**درێژیەکەی دوو هێندەی ٥٠ کاتژمێرە و بەرزیەکەشی دوو هێندەی کاتژمێرێکە*****

**فراوانی دەمیشی ٦ باڵە و [....] دوانزە باڵە**

**بەلام چێوەی گوێچکەی ٦ باڵە**

**دەیتوانی کە باڵندە بگرێت لەدووری ٦٠ باڵەوە**

**٩ باڵیش لە قولاییدا دەتوانێت بچێتە ئاوەوە**

---

5. L.W.King.The seven tablets of creation ،london،1902.( cited by A.Heidel in his Babylonnian Genesis)

* لەوەرگێڕانێکی تردا: دەریا مارەکەی دروستکردوە.بگەڕێوە بۆ هیدیل.

** ئەو شێوەیەی کە ئنلیل لە ئاسماندا کێشاویەتی بریتیە لە ڕێگای هەسارە کە تاڕۆژگاری ئێستاشمان هەر ماوە.

*** کاتژمێری دوو هێندە پێوەرێکی بابلی بوە کە یەکسانە بەوەی کە مرۆڤ لە ٢ کاتژمێردا دەیبڕێت( ١٠ کیلۆمەتر)

**کلکی بەرز دەکاتەوە[....))**

**هەموو خواوەندەکانی ئاسمان[....]**

**خواوەندەکان لە ئاسماندا کڕنۆشیان برد بۆ سن**

**و بە پەرۆشیەوە دەستیان گرت بە دامێنی جل و بەرگەکەیەوە:**

**(( کێ دەڕوات بۆ کوشتنی لایۆ**

**و ڕزگارکردنی زەوی فراوان**

**لەدوایدا دەسەڵاتی دەبێت بەسەر هەمووان‌دا ))**

**( خواوەند سن وتی )***

**- (( ئەی تیشباك بڕۆو لایۆ بکوژە**

**زەوی فراوان لە خرا پەی ڕزگار بکە**

**لەدوایدا دەسەڵاتت دەبێت بەسەر هەمواندا**

**- گەورەکەم منی نارد بۆ کوشتنی دڕندەی ڕووبار**

**- بەڵام من لایۆ ناناسم )).**

لێرەدا تابلۆکە توشی شێواندن و شکاندن دەبێتەوە کە ناتوانرێت لەناوەڕۆکەکەی تێبگەیت. لەکاتی ترسی تیشباکدا دەوەستین کە دوودڵە لەشەڕکردن لەگەڵ ئەژدیهادا.کە بارودۆخی خۆئامادەکردن بۆ شەڕی توعامەمان وەبیر دێنێتەوە لەئینۆمائیلیشدا،کە چۆن هەندێ دەترسان بۆ دابەزین لە دژی توعامە پێش ئەوەی مەردۆخ خۆی بەخت بکات بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا.کاتێکیش تابلۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبونەوە، خۆمان لەناوجەرگەی جەنگەکەدا دەبینینەوە،بەبێ ئەوەی بزانین کە کێ لەخواوەندەکان توانیویانە ئازایەتی بنوێنن و بڕوات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی لایۆ:

**[....] دەمی کردەوە و بەخواوەندی وت [....]:**

**(( هەورەکان بجوڵێنەوە ، هەڵچونێك دروست بکە**

**ژیانت کۆتایی پێبێنە ( دابنێ ) لەبەردەمتدا**

---

* سن: خواوەندی مانگە.

**تیرێك بهاوێژه و زۆرانبازی لایۆ بکه[....]**

**هەوری جولاند و هەڵچونێکی دروستکرد**

**ژیانتی کۆتایی پێهێنا و ( داینا ) لەبەردەمیدا**

**تیرێکی هاویشت و ( زۆرانبازی ) لەگەڵ لایۆدا کرد[....]**

**بۆ ماوەی ٣ساڵ و ،سێ مانگ ، بەشەو ورۆژ**

**خوێنی لایۆ رژا[....]**

ئەو ڕاڤە گشتیە بەسەر ئەم ئەفسانەیدا جێبەجێدەبێت کە لە دەروازەی ئەم بەشدا پێشکەشمکرد. ئەژدیها لێرەدا بەرهەمی هێزگەلی سەرەتایی کۆنە بۆ ڕێکخستنی گەردوون،کە ئاو پاڵی پێوەناوە،کە لە ئەفسانەکەدا نمایندەی هێزگەلی گشتگیری و ،بێسەروبەریە،بۆ گەردونێکی ڕێکخراو بۆ تێکدانی ژێر خانەکەی و گێڕانەوەیەتی بۆ دۆخی جارانی هەروەها ڕاڤەکەمان بەسەر ئەو دەقەدا جێبەجێ دەبێت بەو پێیەی کە سەرکێشی ژێری لێکۆڵەرە دەربارەی هۆکارەکان و ئامانجەکان، ئەوەش لەبەشی تایبەت بەشێوەی ئەژدیهاکە،کاتێ ئنلیل هات بۆ ڕاڤەکردنی پلانی شەڕەکە بۆ خواوەندەکان، هەستا بەوێنە کێشانی شێوەی لایۆ لە ئاسماندا،کە گەورەیی و هێزی ڕووندەکاتەوە،ڕێگای هەسارە کە ئاسمانی تاریك دەبڕێت لەم پەڕیەوە بۆ ئەو پەڕی، کە ئەو وێنە هەڵکۆڵراوە ماوەتەوە لە بەرزاییدا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕاڤەیە بەسەر ئەفسانەکەدا جێبەجێدەبێت کە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەژدیها شتێك نیە جگە لە هێزگەلێکی نەستی کپکراو.چونکە لایۆ لە قولایی ئاوەکانەوە هاتوە کە هێمایە لە ئەفسانەکەدا بۆ قولایی نەست.

ڕاڤەی بابلی بوونی ڕێگای هەسارەمان لە ئاسماندا، ئەفسانەیەکی ئیگریکیمان دەربارەی منداڵی هێرقل وەبیردێنێتەوە.کاتێ خواوەندە هیرا دێت ژنی زیۆس بۆ بەخێوکردنی ئەم منداڵە ناوازەیە،مژێکی بەهێز لە مەمکی دەدات کە بەس بوو بۆ هەڵپژانی شیر لە مەمکیەوە بۆ ئاسمان کە ڕێگای هەسارەی دروستکرد کە لەزمانە ئەوروپییەکاندا ناسراوە بە ڕێگای شیرMILKYWAY ئاماژە بە شیری خواوەندە هیرا کە لە بەرزاییدا بڵاوبۆوە و تائێستاش بەوێوە هەڵواسراوە.

**باڵندەی (( زو )) :**

**باڵندەی زەبەلاحی زو لەهێزگەلی وێرانکەری جیهانی ژێرەوەیە.وێنەکانی لەسەر زۆرێك لە مۆرەکان دەبینین لەو مۆرانەی کە دۆزراونەتەوە لە وڵاتی دوو ڕووباردا، کە دەردەکەوێت لە شێوەیەکدا کە تێکەڵە لە مرۆڤ و باڵندە، هەروەها ناویشی لە زۆرێك لە دەقە ڕێوڕەسمیەکاندا هاتوە کە لە زۆرانبازیدایە لەگەڵ هەندێ لە خواوەندە گەورەکاندا. یەکێك لە دەقەکان مەردۆخ وەصف دەکات بەوەی کە سەری زوی تێکشکاندووە،بەڵام دەقێکی تر ئەو کارە دەخاتە پاڵ خواوەندە ننورتا،بەڵام ئەو دەقەی کە ئێمە مەبەستمانە، لەڕێگەی دوو گێڕانەوەی هاوشێوەدا بەدەستمان گەیشتوە،یەکەمیان نەینەوا،دووەمیشیان لە سوسە.لەخوارەوە هەڵدەستم بە وەرگێڕانی دەقەکەی نەینەوا لەبەر ئەوەی ڕۆشنتر وتەواوترە،لەگەڵ سوود وەرگرتن لە دەقەکەی سوسەش بۆ ڕۆشنترکردنەوەی کەموکوڕی دەقی یەکەم٦.**

**ئەفسانەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە زو حەزدەکات لە زاڵ بوون بەسەر هەموو خواوەندەکاندا و داگیرکردنی ناوەندی پێشەوە.ئەم کارەشی بۆ سەرناگرێت تەنها بەدزینی تابلۆی چارەنوسەکان نەبێت کە ئنلیل هەڵیگرتووە،ئەو تابلۆیانەی کە دەسەڵاتی تەواو دەداتە هەڵگرەکەی لەناو خواوەندەکان و سەرکەوتوو دەبێت و تابلۆکان دەفڕێنێت بۆ جێگەیەکی دوور و خواوەندەکان لە ترسێکی گەورەدا بەجێدێڵێت بەو ڕووداوە جەرگبڕە کە چارەنوسی گەردونەکانی داوەتە دەست هێزگەلێکی کوێر.**

**بەهەمان شێوە لە ئەفسانەکانی تری ئەژدیهادا،کاری لەناوبردنی ئەو دڕندەیە دراوەتە زۆرێك لەخواوەندەکان بەڵام هەموویان پاشگەزبونەتەوە لێی.تا ئەو کاتەی یەکێکیان خۆ دەبەخشێت و سەرکەوتنێکی خێرا وەدەستدێنێت.بەڵام شێواندنی تابلۆ گڵێنەییەکە و کەموکوڕیەکانی ڕێگەمان لێ دەگرێت لە زانینی ناوی**

---

6.E.A.Speiser،Akkadian Myths،and Epice ( in:J.Pritchard،Ancient Near Eastern،texts،Edited Princeton،Newyork 1969.)

A.Heidel،The Babylonion Genesis،Phoenix Books،chicago،1970

خواوەندەکە کە لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو بوە.کۆی دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکێکی سۆمەری ڕۆشن، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە خواوەند ئنلیل تیایدا دەردەکەوێت وەك سەرۆکی کۆڕی خواوەندەکان وهەڵگری تابلۆکانی چارەنوسەکان:

( سەرەتای تابلۆکە لەناوچووە )

چاوەکانی نهێنی دەسەلاَت و هێزی ئنلیلی بینی

تاجی پاشایەکەی و عەبای خوایەتیەکەی بینی

تابلۆی چارەنوسەکانی بینی و داخی زۆری خوارد

هەرکاتێ باوکی خواوەندەکانی دەبینی، خوا دۆرناکی

( هەرکاتێ ) دەرونی هەڵپەی دەکرد بۆ جێگەکەی ئنلیل :

(( تابلۆی چارەنوسەکان وەدەست دێنم

و چارەنوسی هەموویان بەدەستەوە دەگرم

پایەی دەسەلاَتەکەم دەچەسپێنم و بڕیار لەسەر چارەنوسەکان دەدەم

فەرمان بەسەر هەموو ئیجیجیەکاندا دەکەم ))

بەو شێوەیە دوای ئەوەی کە سوور بوو لەسەر جوڵە

چاوەڕێی دەرچوونی تیشکی بەیانی دەکرد لەلای دەرگای ژوورەکەی ئنلیل

کاتێ ئنلیل ڕۆیشت بۆ خۆشۆردن لە ئاوە ڕوون و خاوێنەکەدا

تاجەکەی داکەند و لەسەر عەرشەکەی داینا

تابلۆی چارەنوسەکانی فڕاند

دەسەلاَتەکەو شانشینەکە و سەرووەریەکەی داگیر کرد

دواتر زو هەڵفڕی و بەشێوەیەك لەناو شاخەکاندا ونبوو

دڵتەنگی و بێدەنگی باڵی کێشا

ئنلیل باوکی خواوەندەکان، جوڵەی لێبڕا

حەرەمی پیرۆزیش، شکۆداریەکەی دزرا و جوانیەکەشی ونبوو

خواوەندەکانی ئێرە و ئەوێ دەرچوون بۆ ڕاوێژکردن

ئانۆ دەمی کردەوە و وتی

**کە قسەکانی ئاڕاستەی خواوەندەکان بوو:**

**بینی لەلایەن خواوەندەکانەوە دەبێتە هۆی ترس و ملکەچی**

**ئالێرەدا ئانۆ داوای کرد کە نەڕوات بەو ڕێگایەدا.**

**دوای ئەوە شکاوی و شێواندن ڕوودەدات لە تابلۆکەدا،کاتێ ڕۆشن دەبێتەوە،ئانۆ دەبینین سوورترە لە ڕازیکردنی خواوەندێکی تردا بۆ ڕۆیشتن بەرەو زو.**

**(( شارا )) ی کوڕی عەشتاریان بۆ بانگ کرد**

**فەرمانڕەوای سەرەتا و کۆتا قسەی لەگەڵکرد:**

**(( شارا ئەی سەرکەوتووی گەورە با زاڵبونت یەکجارەکی بێت**

**ناوت بەرزدەبێتەوە لەنێوان خواوەندە گەورەکاندا**

**و هاوشێوەت نابێت لە نێوان برا خواوەندەکاندا**

**پەرستگات بۆ دادەمەزرێت و دروستدەکرێت**

**لەهەر چوار لای زەویدا پەیکەر بۆ پەرستنت دروستدەکرێت**

**ئەو پەیکەرانە تەنانەت لە ئیکۆریشدا دروست دەکرێت**

**و گەورەش دەبێت لەبەردەم خواوەندەکانا و ناوت بەرزدەبێتەوە ))**

**شارا وەڵامی باوکی ئانۆی دایەوە و وتی:**

**(( ئەی باوکە،کێ دەتوانێ نزیك ببێتەوە لەو شاخە پڕ مەترسیانە؟**

**ئایا لەناو کوڕەکانتا هاوشێوەی زو هەیە؟**

**کە لەدەستیدا تابلۆی چارەنوسەکانی هەڵگرتوە**

**دەسەڵات و سەرەوریشی داگیر کردووە.**

**تا ئێرە بەشی خوێنراوەی دەقەکە کۆتایی دێت،بەڵام ئێمە دەتوانین ئەوە وەدەست بخەین کە یەکێ لەخواوەندەکان خۆی بەخشکردوە بۆ کوشتاری زو و کارەکەشی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە.ئەوە و نازناوی تێکشکێنەری زو نوساوە بە زیاتر لە کارێکی هونەریەوە کە وێنەی گیانکێشانی ئەو دڕندە بەهێزەی کێشاوە.**

**((با ئەو خواوەندە هەستێت و زۆرانبازی لەگەڵ زودا بکات**

**باناوی بەرزبکاتەوە لە جیهانی ئاوەداندا ))**

**بانگی ناوی شازادە حودەد کوڕی ئانۆیان کرد**

کاتێ ئانۆ فەرماندەرەکەی سەرەتا و کۆتا قسەی کرد :

(( حودەد، ئەی سەرکەوتوی گەورە، بازاڵبونت یەکجارەکی بێت

بە چەکەکەت هەورە تریشقە بنێرە تا زۆرانبازی لەگەڵ زودا بکات

ناوت بەرز دەبێتەوە لە کۆڕی خواوەندە گەورەکاندا

هیچ هاوشێوەیەك نیە لە نێوان برا خواوەندەکانتدا

پەرستگا بۆ تۆ دروستدەکرێت و دادەمەزرێت

لەهەر چوارلای زەویدا پەیکەر بۆ پەرستن دروست دەکرێت

ئەو پەیکەرانە تەنانەت لە ئیکۆریشدا دروست دەکرێن

گەورە دەبێت لەبەردەم خواوەند و ناوت بەرزدەبێتەوە ))

حودەد وەڵامی باوکی ئانۆی دایەوە :

(( ئەی باوکە، کێ دەتوانێت لەو شاخە مەترسیدارانە نزیك بکەوێتەوە؟

ئایا لەناو کوڕەکانتدا هاوشێوەی زو هەیە؟

کە لەدەستیدا تابلۆی چارەنوسەکانی هەڵگرتوە

دەسەڵات و سەروەریشی داگیر کردووە

بەرەو شاخە دورەکان هەڵفڕیوە و خۆی شاردۆتەوە

قسەکانی ئەو ئەمرۆ فەرمانە وەك قسەکانی خواوەند دورناکی

هەرکەسێ لاملی لێبکات بەرەو بەخۆڵ بوون دەڕوات

## ٣// ئەژدیهای تەوراتی

خوای جولەکەکان( یەهوە)) هیچ سیفەتێك لە سیافاتەکانی خواوەندە سۆمەریەکان،یان کارێك لەکارەکانیان،یان دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتەکانیان،نەماوە کە نەیکاتە هی خۆی،کە لەبەشی سەرەتادا ئامآژە بەمە دەدات.ئەوەتا ئێل خۆی کە خواوەندی ئاسمانەکانی سوریایە، تەنها بەگواستنەوەی سیفات و دەسەڵاتەکانیەوە نەوەستاوەتەوە،بەڵکو بانگەشەی ناوەکەشی دەکات بۆ خۆی ئەوە ئادۆن( ئەدۆنیسە)، بەهەمان شێوە بانگەشەی ناوەکەی دەکات بەندەکانی بەو ناوە بانگی دەکەن لەزۆر جێگەدا لە کتێبی پیرۆزدا. ئەو ملکەچپێکەری ئاوی یەکەمینە وەك مەردۆخ و بەعل، لەتەوراتدا دەخوێنینەوە(( دەنگی خودا لەسەر ئاوەکان، خوای گەورە تۆقێنەرە، خودا لەسەر ئاوە زۆرەکانە،دەنگی خودا بەگەورەیی)) ٧ (( تۆ دەسەڵاتداری بەسەر گەورەیی ئاودا)) ئەو سوار هەورەکان دەبێت وەکو بەعل(( هەورەکانی کردۆتە هەڵگری خۆی،دەڕوات لەسەر باڵی ڕەشەبا))٩ . هەروەها یەهوە نەپرینگاوەتەوە لە زۆرانبازی دڕندە گەورەکان و ئەژدیها و ماری دەریاکان. ئەو لە ڕێگەی ئەوەدا واز لە گشتگیری و ڕەهایی دێنێت،لەبەر ئەوەی دروستکەر زۆرانبازی لەگەڵ دروستکراوەکانیدا ناکات،بەڵکو زۆرانبازی لەگەڵ دژەکانیدا دەکات. بە پاڵنەری ئێرەیی پێبردنی گەورەیی لە خواوەند بەعل،کە جولەکە و پادشاکان دەیانپەرست تا سەردەمانێکی زۆر دواتر لە مێژوویان. دەبینین کە یەهوە ململانێ کۆنەکە نوێ دەکاتەوە کە بەعل لەگەڵ ئەژدیها لۆتان کردبوی، ئەوەش لە دەقێکی تەوراتیدا کە هاوجوتە پیت بە پیت لەگەڵ دەقێکی ئۆگاریتیدا. هەردوو دەقەکەمان هێناوەتەوە لەبەشی دروستبوونی تەوراتیدا،لێرەشدا دەیانهێنینەوە جارێکی تر:

---

٧. سەردەمی کۆن،بەشی مەزمورەکان،مەزموری ٢٩.

٨. سەردەمی کۆن،بەشی مەزمورەکان،مەزموری ٨٩.

٩. سەردەمی کۆن،بەشی مەزمورەکان،مەزموری ١٠٤.

| بەشی ئەشعیا ٢٧ : ١ | دەقی ئۆگاریتی |
|---|---|
| لەو ڕۆژەدا خودا سزا دەدات | ئێستا دەتەوێت(( لۆتان )) بکوژیت |
| بەشمشێرە دڵڕەق و زۆر گەورەکەی | مارە ڕاکردوەکە |
| (( لۆتان )) مارە ڕاکردوەکە | ئێستا دەتەوێت هەڵبکوتیتە سەر مارە |
| (( لۆتان )) مارە پێچخواردوەکە | لولپێچخواردوەکە(( شالیاتی ))عتیە |
| و ئەو ئەژدیهایە دەکوژێت کە لەدەریادایە | خاوەنی حەوت سەرە |

لەدەقی تری ئۆگاریتیدا دەبینین کە عونات،خۆشەویستی بەعل،بەهەمان شێوە هەڵدەستێت بە کوشتنی ئەژدیها و تێکشکاندنی مارە پێچخواردوەکە: ١٠

ئەی جۆبار و ئۆگار چی ئێوەی هێناوە بۆ ئێرە
چ دوژمنێك وەستاوەتەوە بەڕووی بەعلدا
و چ دژێك ڕاوەستاوەتەوە دژی سوارەی هەورەکان
ئایا تۆ(( یەم ))ی خۆشەویستی بەعلت تێکشکاند
ئایا تۆ نەبوی کە ڕووباری خوای گەورەت لەناوبرد
ئایا تۆ نەبووی کە ئەژدیهاکەت لەناوبرد
و مارە پێچخواردوەکەت کوشت کە خاوەنی حەوت سەرە؟

لەجێگای تردا لەتەوراتدا،ئاماژەی تر دەبینین بۆ هەمان ئەژدیها:١١

تۆ دەریای بەهێزت دووکەرت کرد
سەری ئەژدیهاکانت شکاند لەسەر ئاوەکان
تۆ سەری لۆیاتانت کەرت و پەرت کرد
کردتە خۆراکی گەل، خەڵکی و وشکانی
تۆ کانیاو و جۆگەلەکانت تەقاند.
تۆ ڕووبارە هەمیشە خوڕەکانت وشککرد
شەو و ڕۆژ بۆ تۆیە

---

10. C.H.Gordon،Ugarit،Norton library newyork1967.

١١.سەردەمی کۆن،بەشی مەزمورەکان،مەزموری ٧٤.

**تۆ ڕووناکی و ڕۆژت ئامادەکرد**

**تۆ هەموو سنورەکانی زەویت دانا**

**هاوین و زستان تۆ دروستت کردن**

لەم دەقەدا چیرۆکێکی تر دەبینین بۆ دروستکردن.پرۆسەی دروستکردن بەدوای زاڵبوندا دێت بەسەر ئاوەکان و بەسەر لۆیاتان و ئەژدیهاکانی تر و ئەو کەش وهەوایە بیری ململانێی نێوان مەردۆخ و توعامەمان دەخاتەوە، و تێکشکاندنی خۆی و سوپاکەی کە لە ئەژدیها و مار و بونەوەرە سەیر وسەمەرەکان پێکهاتبوو.

لەدەقێکی تری تەوراتیدا، باسێکی زیندوو دەخوێنینەوە دەربارەی لۆیاتان،کە باسی توعامە و هێز و زەبر و زۆریەکەیمان وەبیردێنێتەوە.١٢ (( کی دوو شەویلاگەی دەمی دەکاتەوە،بازنەی ددانەکانی ترسناکە، پژمینەکەی ڕووناکی دەنێرێت،چاوەکانی وەکو ئەستێرەی بەیانی وان،کێت تیادایە گڵۆپ دەردەکات،بزیسکەی ئاگری لێوە دەردەچێت.لەکونە لوتەکانیەوە دوکەڵ دەردەچێت وەکو کتری بەهەڵم،یان وەك مەنجەڵێك.دەروونی بەرد دادەگیرسێنێت. ئاگر لەدەمیەوە دەردەچێت،دڵی بەرد و ڕەقە وەکو بەردی ئاش، لەکاتی هەستانیدا بەهێزەکان لێیدەترسن،ئاسنی لەلا وەك کاوایە، مسیشی لەلا وەك چڵەدارێکی لاواز وایە.بەردی قەڵاکان لێیدەگەڕێتەوە وەك پووش.ڕێگا لەدوا خۆیەوە ڕۆشن دەکاتەوە،منداڵ پیر دەکات، لەزەویدا هاوشێوەی نیە)).

لەپاڵ لۆیاتانەوە،ئەژدیهای تر هەن کە یەهوە ململانێیان لەگەڵ دەکات و بەسەریاندا زاڵ دەبێت،لەوانە(( ڕەهەب)) کە زیاد لە جێگەیەکدا لەسەردەمی کۆندا دەربارەی دەخوێنینەوە : (( هەستە، هێز لەبەربکە ئەی دەستی خوا.هەستە هەروەك ڕۆژانی کۆن، هەروەك ڕۆڵەکانی کۆن،ئایا تۆ ڕێگری ترس نەبویت، لێدەری ئەژدیها نەبویت، تۆ وشککرەوەی دەریا نەبویت، ئاوی داپۆشێنەری گەورە،قوڵایی دەیان کردە جێگە پەڕینەوەی بزنە کێوی)) ١٣ .ئەو دەقە بیری

---

١٢.ئەیوب،ئەصحاحی ٤١: ١٣-٢٣.

١٣.ئەشعیا،ئەصحاحی ٥١: ٩-١٠.

قسەکانی عوناتمان دەخاتەوە لەدەقی ئۆگاریتی کە لە پێشووتردا ناومان برد :
ئایا تۆ نەبویت کە یەمت لەناوبرد....تادوای.

لەجێگەیەکی تردا لەسەردەمی کۆندا دەربارەی ڕەهەب بەهەمان شێوە دەخوێنینەوە : (( کێ لەکوڕەکانی خودا لەخوا دەچێت، خوایەکی زۆر بەشکۆ لەناو کۆمەڵی قدیسەکاندا،ترسێنەر لەوانەی لەچوار دەورین.ئەی خوایە،خوای سەربازەکان،کێ وەك تۆ بەهێزە ،خوا ،حەق لەچوار دەورتە،تۆ زاڵیت بەسەر گەورەیی دەریادا،لەبەرزایی لجە تۆ نیشتەجێیت.تۆ ڕەهەبت تێکشکاند وەك کوژراو بە بازوی بەهێزت دوژمنەکانت پەرش و بڵاوکردەوە. ئاسمانەکان و زەوی بۆ تۆن.نیشتەجێن و تۆ پڕتکردن و داتمەزراندن. باکور و باشور تۆ دروستت کردون )).١٤ ئەو دەقە دەنگدانەوەی بێباوەڕی ڕۆشن لەخۆ دەگرێت.خوا وەستاوە لە کۆڕی خواوەندەکاندا، واتا کوڕانی خوا ، هاوشێوەی لەنێوانیاندا نیە وەك بەعل یان مەردۆخ. ئەو گەورەیە لەبەرئەوەی سەرکەوتوە بەسەر ئاوەکاندا. بەسەر ڕەهەبی ئەژدیهادا،دواتر بەردەوام دەبێت لەکاری دروستکردندا ، تەواو وەك مەردۆخ.

هەر لەبارەی ڕەهەبەوە دەخوێنینەوە(( خوا تورەیەکەی ناگەڕێنێتەوە، لەژێریدا لایەنگرانی ڕەهەب دەچەمێنەوە))١٥. (( بەهێزەکە دەریا بێزار دەبێت، بە تێگەیشتنی ڕەهەب تێك دەشکێت،بەهەناسەی ئاسمانەکان زەرد هەڵدەگەڕێت، دەستەکانی ژیانە هەڵهاتوەکانیان لەناوبرد))١٦.

---

١٤.مەزمورەکان،مەزموری ٨٩ : ٦-١٢.

١٥. ئەیوب،ئەصحاحی ٩ : ١٣-١٤.

١٦.ئەیوب، ئەصحاحی ٢٦: ١٢-١٣.

# بەشی بەهەشتی ونبوو

================

((وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ))

**قورئانی پیرۆز: سورەتی بەقەرە ئایەتی 35**

(( **وتمان بە ئادەم تۆ و ژنەکەت لە بەهەشتدا نیشتەجێبن و تیایدا هەموو شتێك بخۆن کە ئارەزووتان کرد بەڵام لەو درەختە نزیك مەکەونەوە** ))

**قورئانی پیرۆز: سورەتی مانگا و ئایەتی ٢٤**

(( **خوای خواوەند ئادەمی بردو لە بەهەشتی عەدەندا داینا بۆ ئەوەی کاری تیابکات و بیشیپارێزێت. خوای خواوەند ئامۆژگاری ئادەمی کرد و پێی ووت: لە درەختی بەهەشت هەموو بخۆ بەڵام لە درەختی زانینی چاکە و خراپە مەخۆ** )).

**سەردەمی کۆن–بەشی دروستبوون،١٥ :١٧**

## ١ // بەهەشتی سۆمەری

لەو کاتەوەی کە کۆمۆنەی سەرەتایی نەماوە،تاك دەسەلأتی بەسەر هۆکارەکانی بەرهەمدا نەماوە بۆ بەرژەوەندی کەسانی تر،کار گۆڕدراوە لە خۆشی خۆ دۆزینەوەوە، بۆ بەندایەتی و نامۆبوون، لە ڕێوڕەسمێکی دەستەجەمعی نەخۆشەوە،بۆ تەنهاییەکی کوشندە بەبیٚ ئامانج و بەبیٚ مەرام تەنها بۆ پارویەکی ڕۆژانەی کە پێویستە بۆ بەردەوامبوون بۆ ڕۆژێکی تر.لەگەڵ پێگەیشتنی کۆمەڵگا باوك سالاریە دەسەلأتداریەکاندا و توندکردنی ئەڵقەکانی بەسەر تاکەکاندا،مرۆڤ بوە بە دۆخێکی تێکشکاوی هەمیشەیی کە مەرجی سەرەکی بوو لە ژیاندا کە وادیارە بیٚ مانایە و هەوڵ نادات بۆ ئامانجێك،تەنها مردن نەبێت کە سنورێك بۆ بەشێکی بە ئازار دادەنێت.بەلأم کۆمەڵگاخۆسەپێنەکان توانی کە تاك لەهەموو شتێك بێبەری بکات تەنها لەویستی گۆڕان نەبێت جا دیار بێت یان شاراوە بێت و...لەخەویش.ئارەزووی گۆڕان لە شۆڕشەکانی مرۆڤدا بەدەرکەوت بەدرێژایی مێژوو لە ڕێگەی ژیانێکی باشتر و ئازادیەکی زیاتردا.خەونەکانیش ئاشکرا بوون،لەجیاتی کردارەکان،لەئەدەبیاتی مرۆڤدا کە جیهانێکی هاتوو باس دەکات،بریتیە لە ئازادیەکی تەواو و یەکسانیەکی ڕەها و پشوویەك لە نەفرەتی کاری سەپێنراو لەسەر مرۆڤ.جیهانێك کە نەخۆشی و ماندووبوون و پیربوون و مردنی تیادا نەبێت.ئەفسانەکانی بەهەشت لەلای هەموو گەلان،دەربڕینێکی نەرێنی بوو بۆ ئارەزووی گۆڕان کە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە،یان کردارێك کە توانرا ڕێگەی سەرکەوتنی لێبگیرێت و بوە خەونێکی چاوەڕوانکراو.

**ئەفسانەی سەردەمی زێڕین :**

سۆمەریەکان لە دەقێکی جواندا ئاماژەیان بەو خەونەداوە کە باس لە سەردەمی زێڕینی مرۆڤ دەکات پێش ئەوەی دابەزێت بۆ جیهانی بەندایەتی و کاری نامۆیی،لەکاتێکدا لە پێشدا خۆی گەورەی خۆی بوە و گەورەی سروشتیش بوە: ١

———————————————————————

1.S.N.Kramer،Sumerian Mythlogy،Harper and Row ،newyork 1961.

**لەو ڕۆژانەدا، نە مار و نە دووپشك و نە شێر نەبوون**

**نە شێر و نە سەگی دڕندە و نە گورگ نەبوون**

**نە ترس و نە تۆقاندن نەبوون**

**هیچ دژێکی مرۆڤ نەبوە**

**لەو ڕۆژانەدا (( شۆبۆرۆ ))خاکی ڕۆژهەلأت، خاکی بە پیتی و یاساکانی دادەوەری**

**سۆمەریش خاکی باشوور، خاوەن یەك زمان، خاکی یاساکانی پادشاکان**

**و (( ئوری )) خاکی باکور، ئەو خاکەی کە هەموو پێداویستیەکانی خۆی تیادا دەبینێتەوە**

**و (( مارتۆ )) خاکی ڕۆژئاوا، خاکی خۆشی و ئارامی**

**هەموو جیهان لە ڕێکەوتنێکی تەواودا دەژین**

**بەیەك زمان هەموان سوپاسگوزاری ئنلیل دەکەن**

**ئەفسانەی دەلمۆن :**

بەلأم بەهەشت،بەو چەمکەی کە دەردەکەوێت ، لەدواتردا ،لەتەوراتدا،ئەفسانەیەکی تر باسمان بۆ دەکات کە بریتیە لە ئەفسانەی دەلمۆن: ٢

**خاکی دەلمۆن جێگەیەکی پاکە، خاکی دەلمۆن جێگەیەکی خاوێنە**

**خاکی دەلمۆن جێگەیەکی خاوێنە، خاکی دەلمۆن جێگەیەکی ڕوناکە**

**لەخاکی دەلمۆنداقەلە ڕەشەکان ناقیڕێنن**

**شوحەش کە جۆرە باڵندەیەکەقیڕە ناسراوەکەی ناکات**

**شێریش هیچ یەکێك ڕاوناکات**

**گورگیش پەلاماری بەرخ نادات**

**سەگی هاریش پەلاماری گیسك نادات**

**بەرازی کێویش کشتوکاڵ ناشێلێت**

**باڵندەش لە بەرزاییدا ناکات [....] بێچوەکانی**

**کۆتریش ناکات[....] سەری**

---

2.ibid

**هیچ کەسێك چاوئێشە نازانێت**

**و هیچ کەسێکیش سەر ئێشە نازانێت**

**پیاو سکالاَ لە پیربوون ناکات**

**و ژنیش سکالاَ لە بێتوانایی ناکات**

**گۆرانیبێژی لاواندنەوە بونی نیە**

**هیچ گەڕۆکێکیش نیە کە هاوار بکات**

لەو بەهەشتدا ،ئانکی خواوەندی ئاوی گەورە دەژی،ژنەکەشی نەنخرساگ-زەوی دایك لەگەڵیدایە،هەروەها لە بەهەشتی تەوراتیدا لەدوایدا ئادەم و حەوا ژیاون. ئانکی ئاوەکەی دەرکردوە و خاکی ژنەکەی زەوی ئاودێرکردوە، دەلمۆنی گۆڕیوە بە بەهەشتێکی خواوەندی سەوز.لە یەکگرتنی ئاوی (( ئانکی)) لەگەڵ خاکی ((نەنخرساگ)) بەهەشت پڕ دەبێت بە کێڵگە و درەخت و بەر، هەروەها کۆمەڵێك لەخواوەندەی ڕوەکی دەردەکەون کە ئانکی هەڵدەستێت بەهەڵفریواندنیان و ژنەکەی بەجێدێڵت.

دواتر نەنخرساگ هەڵدەستێت بەدروستکردنی هەشت جۆر ڕوەکی سەیر.پێشئەوەی بەکارەکەی دڵخۆش بێت،ئانکی نێردراوەکەی دەنێرێت ئایسمەند کە ئەو ڕوەکانەی بۆ لێدەکاتەوە و هەمویان دەخوات.کاتێك دروستکەرەکەیان بەمە دەزانێت،توڕەبونێکی زۆر توڕە دەبێت، و نەفرەتێکی هەتاهەتایی بۆ ئانکی دەنێرێت : (( تا ئەو کاتەی مردن دێتە لات،سەیرت ناکەم بەچاوی ژیانەوە)).بەلاَم خواوەندەکانی تر لەو کارە دەترسن، چونکە نەفرەتکردن لە ئانکی مانای کەمبونەوەی ئاوە و گەڕانەوەیەتی بۆ ناخی زەوی بەهێواشی.کوڕی خواوەندەکان نازانن چۆن ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن بەتایبەتیش کاتێك نەنخرساگ لەبەرچاو نامێنێت تا ڕاکەی نەگۆڕێت یان بچێتە ژێر فشاری هیچ کەسێکەوە.بەلاَم ئانکی نەخۆشیەکان زۆری بۆ دێنن و هەشت نەخۆشی پەلاماری دەدەن بە ژمارەی ئەو ڕوەکانەی کە خواردنی و هێواش هێواش دەڕوخێت.لە کۆتاییدا ڕێوی هەڵوێستەکە چارەسەر دەکات کە ئەو خۆبەخشانە بەدوای نەنخرساگدا دەگەڕێت و لە کۆتاییدا دەیدۆزێتەوە.نەنخرساگ ملکەچی داواکاریەکانی خواوەندەکان دەبێت

و هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی ئانکی لە ڕێگەی دروستکردنی هەشت خواوەندەوە.هەر خواوەندێك تایبەتمەندە بە چارەسەرکردنی یەکێك لە ئەندامی نەخۆشەکانی ئانکیەوە.

- نە نخرساگ : کوێت دێشێت ئەی برام
- ئانکی: شەویلگەم ئازارم دەدات
- نە نخرساگ: خواوەند نەنتۆلم بۆ دۆزیویەتەوە
- نە نخرساگ : کوێت دێشێت ئەی برام
- ئانکی : دانەکانم دێشێت
- نە نخرساگ : لە پێناوی تۆدا خواوەند نەنسوتۆم بۆ دۆزیویتەوە

بەو شێوەیە دەکەوێتە ژماردنی ئێشەکانی و نەنخرساگیش دەکەوێتە دروستکردنی خواوەندی چاکەرەوە لە پێناویدا.تا دەگاتە پەل و پۆکانی:

- نە نخرساگ: ئەی برام کوێت دێشێت
- ئانکی : پەراسوم ئازارم دەدات
- نە نخرساگ: لە پێناوی تۆدا خواوەند نەنتیم دروستکردوە.

ئەمە و هەندێ زانای سۆمەرناسی گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە وشەی (( تی)) لە سۆمەریدا بەمانای (( پەراسوو)) دێت بەڵام بەهەمان شێوە مانای (( دەژیم )) یان (( وایلێکرد بژی)) بەڵام وشەی (( نن)) بەمانای خانم دێت،وەك چۆن لە پێشەوەدا بینیمان لە ڕاڤەکردنی ناوی نەنخرساگدا کە بەمانای خانمی شاخ دێت.لەسەر ئەمە ناوی خواوەند ((ننتی)) مانای خانمی پەراسوو یان ئەو خانمەی زیندوو دەکاتەوە.ئەم خانمە لە حەوای تەوراتی دەچێت کە لەپەراسوی ئادەم وەرگیراوە کە بریتیە لە خانمی پەراسووەکە حەوایە بەمانا کە ئەوەی دەژێنێت.

ئەفسانەی سۆمەری دامەزراوە بۆ ئەفسانەکانی بەهەشتی ،دواتر لەناوچەکەدا،و بۆ ئەفسانەی دابەزینی مرۆڤ،ونبونی جیهانە زێڕینە کۆنەکەی،سەرەڕای ئەوەی کە ئەفسانەیەکی سۆمەری لەبەردەستماندا نیە کە چۆنێتی لەدەستچوونی مرۆڤ بۆ سەردەمە زێڕینەکەی ودابەزینی بۆ جیهانی سەرشۆڕی و بێنرخی بگێڕێتەوە،بەڵام ئێمە دەتوانین گریمانەی بونی ئەو شێوەیە لە ئەفسانە بکەین پاڵپشت بە

**گێڕانەوەی ئەفسانەی سەردەمی زێڕینی سۆمەری بۆمان دەربارەی بارودۆخی مرۆڤی کۆن و چۆنێتی دابەزینی.**

## ٢// بەهەشتی بابلی

**تا ئێستا ئەفسانەیەکی بابلی نەدۆزراوەتەوە وەکو ئەفسانەی دەلمۆن،سەرەڕای هەبوونی ئاماژە وەك بەڵگە بۆ بوونی شێوەیەك لەو ئەفسانەیە .ئێمە دەزانین لە ئەفسانەی لافاوی بابلیەوە کە خاکی دەلمۆن بریتیە لە خاکی نەمران،چونکە ئۆتنابشیتم و ژنەکەی دوای ئەوەی کە ژیان لەسەر ڕووی زەوی ڕزگار دەکەن لەلافاوەکە،ئنلیل پاداشتیان دەداتەوە بەوەی کە دەیانکاتە نەمران،کاتێك لە پێشدا لەمرۆڤە لەناوچووەکان بوون،لە(( دەلمۆن)) نیشتەجێیان دەکات کە سەرچاوەی ڕووبارەکانی لێیە،کەواتە دەلمۆن بریتیە لە بەهەشتی سۆمەری و بابلی.جێگەی خۆشگوزەرانی خواوەندە نەمرەکانە،بەڵام لەهەمان کاتیشدا جێگەی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکانە لەوانەی کە نیعمەتی نەمریان پیٚ بەخشراوە، تابلۆ ئۆگاریتیەکان باس لە بەهەشتێکی هاوشێوە دەکەن.خواوەند ئیل لەسەرچاوەی ڕووبارەکاندا بەهەمان شێوە نیشتەجێیە،وەك لە دەلمۆندا هەیە و لە بەهەشتی تەوراتیشدا لەکاتێکدا ڕووبارەکانی فیشۆن و جەیحون و حەداقل و فورات هەڵدەقوڵێن.**

**بەڵام دابەزینی مرۆڤ ئەفسانەیەکی تر بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەفسانەی (( ئادابا)) یە لێرەدا ئادابا بریتیە لە مرۆڤی یەکەمین کە نەمری لەدەستداوە بەهۆی هەڵەی خۆیەوە،هەرچەندە ئەو هەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ تێگەیشتن،و خراپی نیەتی خواوەند ئایا کە دروستی کردووە.بەڵام لە ئەنجامدا لەگەڵ ئەنجامی هەڵەی ئادەمدا یەکدەگرنەوە.هەردووکیان ژیانی نەمریان لەدەستداوە و مردنیان هێناوە بەسەر نەوەکەیدا.لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە لێکچوون لە نێوان دوو ناوەکەدا هەیە ئادەم —ئادبا...... خواوەند (( ئایا ))هەستا بەدروستکردنی ئادبا بۆ خزمەتکردنی پەرستگاکەی، و ڕاوکردنی ماسی بۆ خواوەندەکان ، و ژیری دایە و دانایی تەواویشی لەبەرکرد بەڵام ژیانی هەتاهەتایی نەدایە.لەیەکێك لە ڕۆژەکاندا کاتێك ئادبا سەرقاڵی ڕاوکردن بوو لەسەر کەنارەکانی کەنداوی عەرەبی،ڕەشەبای**

باشوور هەڵیکرد و بەلەمەکەی هەڵگێڕایەوە و خستیە ناو ئاوەکەوە.لەوە توڕە بوو نەفرەتی لێکرد لەوەی کە کردی،یەکێك لە باڵەکانی شکاو نەیتوانی جارێکی تر هەڵبکاتەوە.دوای حەوت ڕۆژ لەونبوونی ڕەشەبای باشوور،ئادبا بانگکرا بۆ ئامادەبوون لەبەردەم ئانۆ گەورەی خواوەندەکان،بۆ لێپرسینەوەی لەسەر ئەوەی کە کردویەتی.پێش سەرکەوتنی دروستکەرەکەی (( ئایا)) هەندێ ئامۆژگاری پێدا،پێی وت کە قژت درێژبکەرەوە ،وجلو بەرگی پرسە لەبەر بکات،بۆ کارتێکردن لەسەر هەردوو خواوەند تەموز و جیزیدا پاسەوانەکانی دەرگای ئاسمان،کاتێك لێی دەپرسن لە هۆکاری ماتەمینیەکەی،وەڵامدەداتەوە لەبەر خەفەتباری بۆ تەموز و جیزیدا کە لەسەر زەوی دەژیان و دیار نەماون.ئەوە دڵخۆشیان دەکات و ڕێگەی تێپەڕبوونی پێ دەدەن.هەروەها پێیوترا کە خواردن و ئاوی مردنی دەدەنێ لە ئاسمان نابێت وەریان بگرێت.

کاتێك ئادبا ئامادەبوو لەبەردەم ئانۆدا و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرد تەموز و جیزیدا هەردووکیان لە تەنیشتیەوە ڕاوەستان،پێدەچێت کە مەسەلەکە لەبەرژەوەندی ئەو تەواو بوبێت،ئانۆ هەر لێیخۆش نەبوو بەڵکو بڕیاریدا پاداشتیشی بکرێت بەوەی کە بیخاتە ڕیزی نەمرانەوە،کاتێك ئەو بانگکراوە بۆ دادگا و بە نهێنیەکانی ئاسمانی زانیوە.خواردنی ژیانی پێشکەشکرا بۆ ئەوەی بیخوات بەڵام ئادبا کاری بە ئامۆژگاریەکەی ئایای کرد کە دەستی درێژ نەکرد بۆ خواردنەکە.کاتێك فەرمانی پێکرا بە خواردنەوەی ئاوی ژیان ئەو نەیخواردەوە.ئانۆ بانگیکردە نزیکی خۆی و بە پێکەنینەوە پێیووت: بۆ ئەوەت کرد ئەی ئادبا؟ بۆچی نەخواردت و نەخواردتەوە؟ئایا تەندروستیت باش نیە؟دوایی ئاوڕی دایەوە بەلای دەست وپێوەندەکانیدا و ووتی: بیبەن و بیگێڕنەوە بۆ زەوی.ئادبا ژیانی نەمری دۆڕاند لەبەرئەوەی نەخواردی و نەخواردیەوە لەوەی کە پێشکەشی کرا و گەڕایەوە بۆ زەوی لەناوچوو کاردەکات و ئێش و ئازار دەچێژێت خۆی و نەوەکانیشی لەدوای خۆی.

ئەم ئەفسانەیە دۆزراوەتەوە لە دوو وێنەدا لەکتێبخانەی ئاشور بانیباڵدا،هەر وێنەیەکیش بەدەستوخەتێکی جیاواز نوسراوەتەوە،و کەمێك لەگێڕانەوەیاندا

لەیەکتر جیاوازن.هەروەك وێنەیەك دەسکەوتوە کە بەدەستوخەتی بزماری نوسراوەتەوە لە ئەرشیفی فیرعەونی میسریدائەمنحەوتەبی سێیەم،لەپاڵ دەقە سامیەکانی تردا کە لەوێدا دۆزراونەتەوە.کە بەشێك لە ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری پیشاندەدات لە نێوان دوو شارستانێتیەکەدا.هەریەکە لە دوو وێنەکە لەسەر دوو تابلۆی جیاواز نوسراونەتەوە بەڵام تابلۆکانمان لە دۆخێکی شێواو و ونبونی زۆرێك لەبەشەکانیدا پێمان گەیشتووە.

ئەفسانەی ئادبا–وێنەی یەکەم : ٣

تابلۆی یەکەم :

هەموو داناییەکی دایە [....]

فەرمانەکانی لە فەرمانەکانی ئانۆیە و وتەکەشی [....]

تێگەیشتنی تەواوی درایە بۆ جێبەجێکردنی وتەی خواوەندەکان لەسەر زەوی

دانایی درایە بەڵام ژیانی نەمری پێنەبەخشرا

لەوسەردەمەدا کوڕی ئەریدۆی دانا.

ئایا.دروستی کرد بۆئەوەی ببێتە یەکەم مرۆڤ و ببێتە پێشەواشیان.

فەرمانی ئایای دانا بەبێ گەڕانەوە جێبەجێدەکرا.

ئەو لێهاتوو خاوەن دانایی گەورە بوو لەنێو خواوەندەکاندا.

ئادبای پاکی دروستکرد بۆ پارێزگاری پەرستگا و جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمەکان.

نانەواچی بوو نانی دروستدەکرد.

ئەو نانەواچی بوو نانی پێشکەش بە ئەریدۆ دەکرد*

هەموو ڕۆژێك خواردن و ئاوی پێشکەش بە ئەرۆیدۆ دەکرد

و بەدەستی پیرۆزیشیەوە نوسینی تابلۆ پیرۆزەکانی پێوە بوو،

---

3.E.A.Speiser، Akkadian Myths and Epics ( in:Ancient near eastern texts،edited) princeton،newyork 1969.A.Heidle،The Babylion Genesis،Phoenix Books،chicago،1970

* لەو زەمانەدا شارەکان تەنها خواوەندەکان تیایدا نیشتەجێبوون.

ئەو نەبوایە ئەوان بوونیان نەدەبوو
ئەو بەلەمەکەی دەخستە کار و ماسی ڕاودەکرد بۆ ئەریدۆ.
لەو سەردەمەدا ئادبای کوڕی ئەریدۆ،
ئادبای کوڕی ئایا شەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی،
هەموو کۆتایی ڕۆژێکیش دەچوە دەروازەی شارەکە،
زبەلەمەکەی لە کەناری بەندەری مانگی تازەدا ڕادەگرت.
جارێکیان ڕەشەبا هەڵیکرد و پاڵی نا بە بەلەمەکەوە بۆ دوور.
بەهەردوو سەوڵەکەی بەهێز لێیئەدا
[....] لەدەریای فراواندا
( پاشماوەی تابلۆکە ونبوە )

پارچەی شکاوی دووەم:

( سەرەتاکەی شکاوە )
بای باشوور هەڵیکرد و نوقمی کرد.
پاڵی پێوەنا بۆ جیهانی ئایا.
بای باشوور [........]
(( باڵت دەشکێنم )) هەر لەو کاتەی ئەوەی لەدەم هاتە دەرەوە،
یەکسەر باڵی بای شکاند، بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ
هەڵینەکرد بەسەر خاکی ئانۆدا،
شالیارەکەی بانگ کرد (( لابران )) و وتی:
(( بۆچی بای باشوور هەڵینەکرد لەم حەوت ڕۆژەی دواییدا
شالیارەکەی لابران وەڵامی دایەوە و وتی: گەورەم،
ئادبای کوڕی ئایا باڵی بای باشووری شکاندوە.
کاتێ ئانۆ ئەم قسەیەی بیست،
لەسەر عەرشەکەی هەستاو هاواری کرد: بۆم بێنن
لێرەدا ئایا بەمەسەلەکەی زانی، کە ئەو ئاگاداری کاروبارەکانی ئاسمانە
بە ئادبای وت قژێکی درێژ بهێڵەرەوە،

وجلوبەرگێکی ماتەمینیشی لەبەرکرد.

پێی ووت: ئەی ئادبا، دەڕۆی بۆلای ئانۆ، پادشا.

لەبەرزبونەوەتدا ڕێگای ئاسمان دەگریتە بەر،

لە دەروازەی ئانۆ نزیك دەبیتەوە.

کە لەلایەن (( تەمووز)) و (( جیزیدا)) وە پاسەوانی لێدەکرێت.

کاتێ دەتبینن، پرسیارت لێدەکەن، ئەی مرۆڤ،

لە پێناو کێدا بەم شێوەیە خۆت گۆڕیوە؟

لە پێناو کێدا جل و بەرگی ماتەمینیت لەبەرکردووە؟ وەڵامبدەرەوە.

دوو خواوەند لەزەوی بزربوون.

لەبەرئەوە کە بەدڵتەنگی دەمبینن، پرسیاری لێدەکەن:

ئەو دوو خواوەندە بزرە کێن؟ وەڵام بدەرەوە:

ئەوان تەمووز و جیزیدان، ئالێرەدا سەیری یەکتری دەکەن،

و زەردەخەنە دەیانگرێت و قسەیەکی خۆشت پێدەڵێن،

لە پێناو تۆدا لەبەردەم ئانۆدا قسەت بۆ دەکەن،

لە تەنیشتتەوە ڕادەوەستن لەکاتی وەستانتا لەبەردەم ئانۆدا.

خواردنی مردنت پێشکەش دەکەن،

نە یخۆیت، خواردنەوەی مردنیشت پێشکەش دەکەن،

نە یخۆیتەوە. عەبایەکیشت، دەدەنێ.

لەبەرییکە و چەوریشت دەدەنێ خۆتی پێ چەوربکە.

ئەمە ئامۆژگاری و قسەکانمە کاریان پێبکە،

ولەبەریان بکە کە پێتدەڵێم.

دواتر نێردراوی ئانۆ گەیشت و وتی: ئادبا شکاندویەتی.

باڵی بای باشوور و پێویستە لەسەری لەبەردەم ئانۆدا ئامادە بێت.

دواتر ڕێگای ئاسمانی پیشانداوبەرەو ئاسمان پاڵی پێوەنا.

کاتێ گەیشتە بەردەم دەرگای ئانۆ.

تەموزو جیزیدا لەبەردەم دەرگاکەدا وەستابوون

**هەرکەبینیان هاواریان لێکرد.**

**ئەی مرۆڤ لە پێناو کێدا خۆت بەم شێوەیە لێکردووە؟**

**ئادبا لە پێناو کێدا خۆت وا ڕەشپۆش کردووە؟**

**– (( دوو خواوەند لە زەوی بزربوون لەبەرئەوە من دڵتەنگم**

**ئەوان تەموزو جیزیدان )) سەیری یەکتریان کرد،**

**زەردەخەنەیانگرت.کاتێ ئادبا چووە ژوورەوە بۆ لای ئانۆی پادشا،**

**ئانۆ دەنگی بەرزکردەوە لەوەی کەبینی و وتی:**

**ئەی ئادبا لێم نزیك بەرەوە.بۆچی باڵی بای باشوورت شکاندوە؟**

**ئادبا وەڵامی دایەوە و وتی(( گەورەم.**

**من خەریکی ماسی گرتن بوم لە ناوەڕاستی دەریادا بۆ ماڵی گەورەکەم،**

**دەریا ئارام بوو وەکو ژن.**

**دوایی بای باشوور هەڵیکرد و نوقمی کردم.**

**پاڵی پێوەنام بۆ جیهانی گەورەکەم*،لەو پەڕی توڕەبونمدا،**

**نەفرەتم لە بای باشوور کردوە )) تەموزو جیزیدا**

**لەتەنیشتیەوە وەستاون و قسەی باشیان بۆ ئانۆ کرد**

**بیری ئانۆیان هێورکردەوە و بەبێ دەنگی مایەوە:**

**– (( بۆچی ئایا بۆ مرۆڤی ناپیرۆزی ئاشکرا کرد**

**شاراوەکانی ئاسمان و زەوی ؟****

**بەهێزی کرد و ناوی بۆ پەیداکرد**

---

* جیهانی خواوەندی ئاو.

** لەوانەیە ئەو دێڕە ئاماژە بکات بۆ توانای ئادبا بەسەر شکاندنی باڵی با بەهێز و وتە جادوگەرایییەکەیەوە کە وەریگرتوە لە ئایاوە.یان لەوانەیە ئاماژە بدات بە ئەنجامی ڕووداوەکەوە کاتێ ئادبا سەرکەوت بەرەو ئاسمان و هەندێ نهێنی زانی کە نەدەبوو بیزانێت.ئەم دێڕە قسەیەکی یەهوە بیر دەخاتەوە لە ئەفسانەی فیردەوسی تەوراتیدا : ((ئەوەتا مرۆڤیش بوو بە یەکێك لە ئێمە و چاکە و خراپە دەزانێت، ئێستا لەوانەیە دەست درێژ بکات و هەروەها لەدرەختی ژیان ببات و بیخوات و بژێت تاهەتاهەتایە)).

**چێڵێبکەین ؟ بۆی بهێنن.**

**خواردنی ژیان بۆ ئەوەی لێیبخوات ))**

**خواردنی ژیانیان هێنا.بەلآم ئەو لێینەخوارد.خواردنەوەی ژیانیان بۆ هێنا .**

**لێینەخواردەوە، عەبایەکیان**

**بۆ هێنا و لەبەریکرد، چەوریشیان بۆ**

**هێنا و خۆی پێچەورکرد**

**ئانۆ سەیری کرد و پێیپێکەنی:**

**وەرە بۆلام ئەی ئادبا،بۆچی نە تخوارد و نە تخواردەوە.**

**ئایا تەندروستیت باش نیە؟ : (( ئایای گەورەم فەرمانیپێکردم**

**کە نەخۆم و نەخۆمەوە ))**

**- بیبەن و بیگێڕنەوە بۆ زەوی.**

بەهەمان شێوە ئایا وەکو یەهوەی کرد لە ئەفسانەی تەوراتیدا.مرۆڤی دروستکرد و نەمری لێگێڕایەوە،دروستیکرد بە شێوەیەکی تەواو دانا و گەورە بەلآم پاڵی پێوەنا بۆ هەڵەیەکی کوشندە،چونکە ژیانی نەمری دەبێت تەنها بۆ خواوەندەکان بێت.دەتوانین کە هەست بە لێکچوونێك بکەین لە نێوان ئەو عەبایەی کە درا بە ئادبا بۆ ئەوەی لەبەریبکات لە نێوان ئەو بەرگەی کەدران بە ئادەم و ژنەکەی بۆ ئەوە لەبەریان بکەن لەکاتی چوونە دەرەوەیان لەبەهەشت(( خوای خواوەندەکان کراسی بۆ ئادەم و ژنەکەی دروستکرد لە پێست و لەبەریان کرد)).

وێنەی دووەم :

**تابلۆی یەکەم:**

**( سەرەتاکەی فەوتاوە )**

**کاتێك ئانۆ ئەم مەسەلەیەی بیست**

**[....] لەو پەڕی توڕەبون و خۆ خواردنەوەیدا**

**[....]لەلای خۆیەوە نێردەیەکی نارد**

**[....] بەلآم ئایای زانا بەنهێنیەکانی خواوەندی گەورە**

**[....] وتەیەکی نارد بۆ ئادبا**

[....]ئادبا ئامادەبوو لەلای پاشا ئایا

[.........]

دوایی ئایای زانا بەوەی کە لەسنگی خواوەنددا شاراوەتەوە

ڕێگای سەرکەوتنی ئاسمانی پێنیشاندا

وقژێکی درێژی پێبەردایەوە.

[....] و جلوبەرگی ماتەمینی لەبەرکرد

ئامۆژگاری کرد و پێیووت : ( ئەی ئادبا ئێستا تۆ دەڕۆیت بۆلای پادشا ئانۆ

ئامۆژگاریەکانم ببیستە و قسەکانم لەبەربکە

کاتێك سەردەکەویت بۆ ئاسمان و نزیك دەبیتەوە لەدەرگای ئانۆ

تەموز و جیزیدا دەبینی لەسەر دەرگای ئانۆ.

پاشماوەکەی شکاوە )

**تابلۆی دووەم :**

( سەرەتاکەی لەناو چووە )

فەرمانی پێکرد بە چەوری خۆی پێچەور بکات

داوای عەبایەکی بۆ کرد و لەبەریکرد

ئانۆ بەدەنگێکی بەرز بەکارەکانی ئادبا پێکەنی :

ئەی هەموو خواوەندەکانی ئاسمان کێ هانیداوە لەسەر ئەمە؟

دواتر بەهۆی کەموکوڕیەکانی ناو دێڕەکانەوە ڕێگربوو لەبەردەم پێدانی بیرۆکەیەکی ڕۆشن دەربارەی پاشماوەی تابلۆکە،ئێمە دەزانین کە کردەوەکانی ئادبا نەخۆشی و لاوازی هێنا بەسەر توخمی خۆیدا.بەڵام ئەو نەخۆشیانە توانای چارەسەر کردنیان هەیە لە ڕێگەی خواوەندە (( نن کارا)) خواوەندی چارەسەر. پێدەچێت ئەو ئەفسانەیە بخوێنرێتەوە وەك بەشێك لە چاوەزاری چاکردنەوەی نەخۆش.مۆرێکی بابلی دۆزرایەوە کە بوە نانەوەی مشتومڕێکی زۆر بەهۆی ئەوەی کە چیرۆکێکی زۆر هاوشێوەی چیرۆکی دابەزینی مرۆڤی تەوراتی دەگێڕایەوە.لە وێنەکەدا پیاوێك و ژنێك دەبینین کە بەرانبەر یەکتری دانیشتوون و لە نێوانیاندا

درەختێك هەیە دەستیان درێژدەکەن بۆ بەرەکەی،لەدوای ژنەکەوە مارێکی درێژ وەستاوە لە بارێکدا کەوەك چرپێنەرێکوایە بەگوێچکەی ژنەکەدا.

ئایا ئەم وێنەیە بە پراکتیکی ئەفسانەی کەوتنە خوارەوەی بنچینەییەمان بۆ دەگێڕێتەوە؟ ئایا لە ئایندەدا ئەو دەقە دەبینینەوە کە باسمان لەبارەیەوە بۆ دەکات؟لەڕاستیدا لەبەر زۆری نزیکی وێنەکە بۆ چیرۆکە تەوراتیەکە واملێدەکات کە لابکەمەوە بەلای ئەو بۆچونەدا کە دەڵێت کە ئەو مۆرە وێنەی چیرۆکێکمان بۆ دەکێشێت کە دەقەکانی ونبوە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ لە تەوراتدا دەربکەوێتەوە.

**هاوتەرییەکان لە ئەفسانەی گەلاندا:**

باسوخواسی تووشبوونی مرۆڤ بەخراپەکاری و نەخۆشی و پەتاوە لە ئەنجامی هەڵەیەکیەوە،ژمارەیەك لە نمونەی هاوتەریب وەبیر دێنێتەوە لە ئەفسانەناسی شارستانێتیەکانی تردا.لەوانەش ئەفسانەی باندورای یۆنانی ٤ .خواوەندە فەرمانێکی دا بە برۆمیسۆس و براکەی بە ئامادەکردنی بونەوەرەکان کەچی بکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هۆکارەکانی لە سروشتدا. و ناڕەحەتیەکانی ژیان لەسەر زەوی. براکەی بەتەنها هەستا بەو کارە و هەموو شتێکیدا بە ئاژەڵەکان لەموو خوری و کەڵبە و نینۆك و ...هتد. مرۆڤیشی بەڕووتی بەجێهێشت بەبێ جلوبەرگ و چەك. بەڵام برۆمیسۆس ،لەهەستکردنی بەلێپرسراوێتیەوە،هەستا بە دزینی ئاگری خواوەندی لە ئاسمان، نهێنیەکەی ئاشکرا کرد بۆ مرۆڤ. زیۆس زۆر توڕە بوو لەم کارەی برۆمیسۆس،بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیدا و فەرمان بەکوڕەکەی هیغستۆس ( فۆلکانۆ) دەدات کە نمونەیەك لە قوڕ دروستبکات کە زیۆس ژیانی پێداو ناوینا (( ژن)) و دواتر خواوەندەمێینەکان هاتن و لەنەرم و نیانی و جوانی و شیرینیان بەشیاندا. و ناویان لێنا ( باندۆرا) واتە خانمی نیعمەتەکان.زیۆس ناردی بۆلای برۆمیسۆس و براکەی.یەکەمیان بەوریاییەوە ڕوانیە دیاریەکەی زیۆس و قبوڵی نەکرد.بەڵام دووەمیان قبوڵی کرد و کردیە ژنی خۆی. تا ئەو

---

4.M.S.Shapiro‹A.Dictionary of Mythology.Granada.london and newyork .1981‹pp14‹161.

کاتەی لە جێگایەکدا جێگیر بوو،تا چوو بۆ لای ئەو کوپەڵە گەورەیەی کە زیۆس لای دووبراکە دایەنابوو و پێیوتبون کە نەیکەنەوە بەڵام ئەوان کردیانەوە.. و لەوێوە هەموو نەخۆشی و شەڕ و خراپەکاری و پەتاکان هاتنە دەرەوە بۆ سەر زەوی، کە هەتا ئێستاش مرۆڤ بەدەستیانەوە دەناڵێنێت کە هەموو بەهۆی ژنەوە بووە.

ئەفسانەکانی گەلانی جۆربەجۆر هاوبەشن لەو وتەیەدا کە ژن بە لێپرسراو دەزانن لە ونبونی مرۆڤ بۆ ژیانی نەمری و تووشبونی لە نەخۆشی و پەتاوە لەوانەش هەندێ ئەفسانەی سەرەتایی وەك ئەفسانەی هۆزەکانی مۆنتانا.ئەفسانەکە دەڵێت ٥ :

لەسەردەمێکی زۆر کۆندا خوایەکی پیر هەبوە.دوایی ئەم خوایەبیری کردەوە کە شتەکان و مرۆڤ و دیاردە سروشتیە جیاوازەکان دروست بکات،هەستا بەلای کارەکەیەوە و لە باشوورەوە بە ڕێکەوت بەرەو باکور،لە ڕێگەیدا ئاژەڵان و باڵندە و شاخەکان و ڕووبارەکان و دۆڵەکان و ئاوەڕێژەکانی دروستکرد. و شێوەی جیهانی وەك ئێستا دەیبینین پێکهێنا.دوایی دوو نمونەی لە قوڕ دروستکرد لەسەر شێوەی ژن و نێرەیەکی بچووك کەکوڕی بوو.دایپۆشین بەداپۆشێنەرێك و وتی کە دەبێت ببن بە مرۆڤ. و بەجێیهێشتن و دواتر گەڕایەوە بەلایانەوە لە ڕۆژی دواتردا سەرپۆشەکەی لەسەر لادان، بینی کە کەمێك گۆڕاون،بەجێیهێشتن و لە ڕۆژی دووەم و سێیەم و چوارەمدا گەڕایەوە بەلایاندا. بینی کە گۆڕانکاریەکە تەواو بووە. ئێستا دەتوانن ببن بە دوو ژن و پیاو.پێی وتن هەستن و بڕۆن، وایان کرد و چوونە لای دروستکەرەکەیانەوە لە تەنیشت ڕووبارەکەوە.لەوێدا ژنەکە پرسیاری کرد ئایا بۆ هەتاهەتایە دەژین یان کۆتاییەك هەیە بۆ ئەم ژیانە؟ خودا وتی: لە ڕاستیدا هێشتا بیرم لەو مەسەلەیە نەکردۆتەوە. بەڵام سەیری دەکەم. ئەم پارچەیە لە تەپاڵەی گامێش فڕێدەدەمە ناو ئاوەکەوە ئەگەر لەسەر ئاوەکە مایەوە ئەوا مرۆڤ ٤ ڕۆژ دەمرێت و دواتر جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ژیان. بەڵام ئەگەر نقوم بوو ئەوا –

---

5.Philip Freund،Myths of creution،W.H.Allen،london 1964.

**کۆتایی ژیانی هەیە. پارچەکەی فڕێدا و سەرئاوکەوت،بەڵام ژنەکە زۆر حەز و پەرۆش بوو بۆ ژیان،وتی: من ئەم بەردە فڕێدەدەم ئەگەر سەر ئاو کەوت ئەوا بۆ هەتاهەتایە دەژین،ئەگەر نقومیش بوو ئەوا دەمرین.بەردەکەی فڕێدا و نقومی ئاوەکە بوو تا بنکەکەی چوو..خودا وتی : باشە.تۆ خۆت هەڵتبژارد و کەواتە مرۆڤ کۆتایی هەیە.**

## **٣// بەهەشتی تەوراتی**

**لەچیرۆکی بەهەشتی تەوراتیدا،زۆربەی توخمە ئەفسانەییەکان جارێکی تر دەردەکەونەوە کە لە ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی و کەنعانیدا بینیمانن.بەهەشت لە خەیاڵەکانی تەوراتدا،بریتیە لەو جێگەیەی کە خواوەند چاندویەتی لە ڕۆژهەلاّتی عەدەندا،وەك جێگەیەکی پشوودان و سەیرانکردنی خۆی و ئادەمیشی تیادا نیشتەجێکرد کە دروستیکرد.ئەم جێگایە لە زۆر لە سیفەتەکانیدا هاوجووتە لەگەڵ ئەوەی کە بینیمان لە باسی ئەفسانەدا.ئەو جێگەیەکی ئەمین و ئاشتیە و مرۆڤ بەخۆشی و دڵئارامیەوە تیایدا دەژی.هیچ ناچار نیە کە ئیش بکات لە پێناو بەدەستهێنانی نانی ڕۆژانەی.چونکە نەخۆشی و دڵتەنگی و مردن نازانێت چیە،ئەو جێگەیە دەکەوێتە دەمی ڕووبارەکانەوە،کە لێوەی چوار ڕووبار هەڵدەقوڵێت کە بریتین لە فیشۆن و جەیحون و حەداقل و فورات.تەواو وەك بەهەشتی کەنعانی کە لەوێدا خواوەند ئیل دەژی،خوای ئاسمانەکان،هەروەك چۆن بینیمان لە ئەفسانەی بەعل و عوناتدا : (( دوایی عونات بازیدایە سەر هەردوو قاچی،زەوی بەجێهێشت،لە ناوەڕاستی دوو تەوژمدا،چوو بۆ لای ئیل لەناو بارەگاکەیدا)).**

**بەهەمان شێوە وەك بەهەشتی بابلی،جێگەی نەمران (( پێش ئەم ڕۆژە تۆ تەنها مرۆڤێکی لەناوچوو بووی ( ئەی ئۆتنابیشتیم).بەلاّم تۆو ژنەکەت لە ئێستاوە وەك ئێمەتان لێدێت بە نەمری دەمێننەوە.لە جێگەیەکی دووردا لە دەمی ڕووبارەکان دەژین)).**

هەروەها توخمە ئەفسانەییە تایبەتەکان دەبینین بە دروستکردنی مرۆڤی یەکەمین،کە دەچێتە ناو چیرۆکی تەوراتیەوە دەربارەی دروستکردنی مرۆڤ.ئادەمی لە قوڕ دروستکرد و لەویشەوە ژنەکەی حەواشی دروستکرد.لەبەشی دروستبوونی سۆمەری و بابلیەکاندا ئەو چیرۆکانەمان بژارد کە باس لە دروستبوونی دوو ژن و مێردی یەکەم دەکەن لە قوڕ یان لەخوێنی خواوەند کە تێکەڵ بە قوڕکرابوو.ناوی ئادەم خۆشی وەك بینیمان تەنها بریتیە لە وشەیەکی ئۆگاریتی کە بەمانای مرۆڤ دێت.سەرەڕای ئەوەش چیرۆکی ئادەم و حەوای تەوراتی دەربارەی سەردەمی زێڕینی مرۆڤمان بۆ باس دەکات هەروەك ئەفسانەی سۆمەری گێڕاویەتیەوە، دەربارەی خستنە خوارەوەیی و دۆڕاندنی نەمریش،هەروەك چۆن ئەفسانەی ئادبای بابلی گێڕاویەتیەوە. ئادبا،ناوەکە لێرەدا زۆر لە ناوی ئادەم دەچێت،تەواو وەك ئادەم. هەردووکیان ژیانی هەتاهەتاییان لەدەستدا،ومردنی بەسەر نەوەکەیدا هێنا لەدوای خۆی.

با ئێستا بیێنە سەر چیرۆکی تەوراتی هەروەك لە بەشی دروستبوندا هاتوە، هەردوو ئەصحاحی دووەم و سێیەم: (( خودا بەهەشتی ڕواند لە ڕۆژهەلاتی عەدەندا.و ئادەمی لەوێدا دانا کە دروستیکردبوو.خودا لەزەویشدا هەموو درەختێکی جوانی بۆ سەیرکردن و خۆشی بۆ خواردن ڕوواند.درەختی ژیانیش لە ناوەڕاستی بەهەشتدا،درەختی زانینی چاکە و خراپەش.ڕوبارێك دەردەچوو لە عەدەنەوە بۆ ئاوداشتنی بەهەشت،لەوێوە دابەشدەبوو وە دەبوە چوار سەر.

ناوی یەکێکیان فیشۆن، کە چوار دەوری هەموو زەوی حوێلەی دابوو کە ئاڵتونی تیادابوو،ناوی ڕووباری دووەمیش جەیحون بوو، کە چواردەوری هەموو زەوی کوشی دابوو.ناوی ڕووباری سێیەمیش حەداقل بوو کە بەرەو ڕۆژهەلاتی ئاشور دەڕۆیشت،ڕووباری چوارەمیش فورات بوو.خوای خواوەند ئادەمی هەڵگرت و لە بەهەشتی عەدەندا داینا بۆ ئەوەی کاریتیادا بکات و بیشیپارێزێت.خوای خواوەند ئادەمی ڕاسپارد و وتی: لە درەختی بەهەشت خواردن بخۆ.بەلاّم لە درەختی زانینی چاکە وخراپە مەخۆ.لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژەی لێیدەخۆیت دەمریت.

خودای خواوەند وتی کە باش نیە ئادەم بە تەنها بێت و هاوشێوەیەکی لەخۆی بۆ دروستکرد.خوای خواوەند لەزەویەوە هەموو ئاژەڵە کێویەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانی هێنا،هێنایانە بەردەم ئادەم بۆ ئەوەی بزانێت ئادەم بەچی بانگیان دەکات جا هەرکاتێ ئادەم بەچی بانگیبکردنایە ئەوا ناویان دەبوو بەوە.خودا خەوی لە ئادەم خست و خەوت،یەکێك لە پەراسووەکانی دەرکرد و جێگاکەی بە گۆشت پڕ کردەوە.خوای خواوەند لەو پەراسوەی لە ئادەمی وەرگرت ژنێکی دروستکرد و هێنای بۆلای ئادەم.ئادەم وتی ئێستا ئەوە ئێسکێکە لە ئێسکەکانم و پارچەیەکە لە گۆشتم،ناوی ژنە لەبەرئەوەی لەمن وەرگیراوە،لەبەرئەوەی مرۆڤ دایك و باوکی بەجێدێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنوسێت و دەبنە یەك لاشە.هەردووکیان ڕووت و قووت بوون ئادەم و ژنەکەی و شەرمیشیان نەدەکرد.

مار فێڵی لە هەموو گیاندارە کێویەکان کرد کە خوای خواوەند دروستیکردبوون،بەژنەکەی وت ئەرێ بە ڕاستی خودا پێیوتوون کە لەدرەختی بەهەشت نەخۆن. ژنەکە بەمارەکەی وت لەبەری درەختی بەهەشت دەخۆین،بەڵام بەری ئەو دارەی لە ناوەڕاستی بەهەشتدایە خودا ووتویەتی لێی مەخۆن و دەستیشی لێمەدەن نەبادا بمرن.مارەکە بە ژنەکەی وت نامرن.بەڵام خوا زانایە بەوەی هەرکاتێ لەو بەری درەختەتان خوارد چاوتان دەکرێتەوە و وەکو خواتان لێدێت و چاکە و خراپە دەزانن،ژنەکە کە ئەمەی بیست زانی کە ئەو دارە چاکە بۆ خواردن و خۆشیشە بۆ چاو و درەختەکەش دڵگیرە بۆ سەیرکردن،بەرەکەی لێکردەوە و خواردی و دای بە پیاوەکەشی و ئەویش خواردی.چاویان کرایەوەو ئەوکات زانیان کە ڕووتن.گەڵای هەنجیریان هەڵگرت و کردیانە پشتێنێك و خۆیان پێداپۆشی.دەنگی خوای خواوەندیان بیست کە لەناو بەهەشتدا دەڕۆیشت لەکاتی هەڵکردنی بای ڕۆژدا.ئادەم و ژنەکەی خۆیان لە ڕووی خودا شاردەوە لەناوەڕاستی درەختەکانی بەهەشتدا.

خوای خواوەند ئادەمی بانگکرد و وتی لە کوێیت.ئادەم وتی دەنگتم بیست لەبەهەشتدا و لەبەرئەوەی ڕووتبووم ترسام و خۆم شاردەوە.وتی کێ پێیوتی تۆ ڕووتی،ئایا لەو دەرەختەت خوارد کە ئاگادارم کردبویتەوە کە لێی نەخۆی،ئادەم

وتی ئەو ژنەی کە لەگەڵمدا داتنا ئەو بەری دارەکەی دامێ و خواردم.خوای خواوەند بە ژنەکەی وت ئەوە چیت کردووە،ژنەکە وتی مارەکە فریویدام و خواردم.خوای خواوەند بە مارەکەی وت لەبەرئەوەی تۆ ئەوەت کردوە تۆ نەفرەت لێکراوی لەناو هەموو ئاژەڵاندا و لە هەموو دڕندەی کێویشەوە ،پشت دەبەستێت بە سکت وهەموو ڕۆژانی ژیانت خۆڵ دەخۆیت ،دوژمنایەتیت بۆ دروستدەکەم لە نێوان تۆ و ژندا و لە نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەودا.ئەو سەری تۆ پان دەکاتەوە و تۆش دوای ئەو.بە ژنەکەشی وت زۆر ئازار دەچێژێت بە سکپڕبونیەوە،بە ئازاریشەوە منداڵت دەبێت،شەوق و خۆشەویستیت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش سوودت پێدەگەیەنێت.

بە ئادەمیشی وت لەبەرئەوەی بە قسەی ژنەکەتت کرد و لە درەختەکەت خوارد کە ئامۆژگاریم کردیت لێی نەخۆیت ئەوا بەهۆی تۆوە زەویم بە نەفرەت کرد،هەموو ڕۆژانی ژیانتی بە ئازار تیادا بەسەردەبەیت.دڕك و داڵت بۆ دەڕوێت و گیای کێڵگەکان دەخۆیت.بە ئارەقی ناوچەوانت نان پەیدا دەکەیت تا دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو زەویەی لێوەی وەرگیراویت. لەبەرئەوەی تۆ لە خاکیت و بۆ خاکیش دەگەڕێیتەوە.ئادەم بانگی ژنەکەی کرد بەحەوا چونکە دایکی هەموو زیندەوەرێکە.خوای خواوەند بۆ ئادەم و حەوا دووکراسی لە پێست بۆ دروستکردن و لەبەریکردن. خوای خواوەند وتی ئەوە مرۆڤە کە وەکو یەکێك لە ئێمەیان لێهات کە چاکە و خراپە دەزانێت لەوەدەچێت دەست درێژ بکات بۆ درەختی ژیان و لێیبخوات و بۆ هەتاهەتایەش بژێت.خوای خواوەند لە بەهەشتی عەدەن دەریکردن بۆ ئەوەی لەزەویدا کار بکەن کە لێیەوە وەرگیراوە.مرۆڤ دەرکرا و لە ڕۆژهەڵاتی بەهەشتی عەدەنەوە کۆییم و شمشێرێکی گڕاوی هەڵگەڕاوە دانرا بۆ پارێزگاریکردنی ڕێگای درەختی ژیان.

سەرەڕای ئەوەی کە لە پێشدا باسمان کرد لە هاوتەریبی لەگەڵ ئەفسانەی بابلیدا، لە ئایندەدا دوو توخمی گرنگ شیدەکەمەوە لە چیرۆکی تەوراتیدا،کە هەردووکیان لە داستانی گەلگامیشی بابلیدا دەرکەوتون.توخمی یەکەم ،بیرۆکەی گەیشتن بە

زانیاری لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی تێخستن ( initiation ) لەکاری سێکسیدا.توخمی دووەمیش هاتنە ناوەوەی مار وەك لێپرسراو لە لەدەستچوونی نەمری.

ئەوەی پەیوەندی هەیە بەتوخمی یەکەمەوە،داستانی گەلگامیش بۆمان دەگێڕێتەوە کە شوانێك کەسێکی بینیوە کاتێك ڕانەکەی لێدەخوڕی بەرەو سەرچاوەی کانی ئاوەکەوە،پیاوێکی دڕندە کەشان لە شانی گەلگامیش دەدا لە ڕووی هێز و زۆردرایەوە،کە ئەویش ئەنکیدۆ بوو کە هەر لە کێوو کەژەکان دەژیا لەگەڵ دڕندە بەرەلاکاندا و بەبێ ئەوەی دایك و باوکی بناسێت.شوانەکە ڕۆیشت بۆلای گەلگامیش و باسی ئەو بوەنەوەرە ناوازەیەی بۆ کرد،گەلگامیش زۆر حەزیکرد کە ئەو پیاوە ببینێت،کاتێ ئەو پاشایەکی بەدەسەلات و زۆر دار بوو شانازی بەخۆیەوە دەکرد کە کەس هاوشێوەی نیە،مێشکی خستە کار بۆ ئەوەی بە فێڵێك ئەنکیدۆ بێت بۆ ناو شار،یەکێك لە ژنە سوزانیە شارەزاکانی نارد لە هونەری فریودان و خۆشەویستی و ڕابواردندا،چوە بۆسەوە بۆی لای سەرچاوەی کانیاوەکانەوە،کاتێك ئەنکیدۆ لەگەڵ ڕانێك ئاسکدا هات بۆ ئاو خواردنەوە ژنەکە خۆیپیشاندا بە ڕووتی.ئەنکیدۆ ڕانەکەی بەجێهێشت و لای ژنەکە مایەوە چەند شەو وڕۆژ لەگەڵیدا ڕایدەبوارد،کە کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر گۆڕینی ژیانی کێوی پێشووی.

دەقی بابلی باس لە ئەنکیدۆ دەکات دوای کردنی کاری ڕابواردن لەگەڵ ژنەکەدا،کەوا توانای زانین و تێگەیشتنی زۆر بوو:

**ئەنکیدۆ لە ڕۆیشتندا پێی هەڵنوت،وەکو جاران نەمایەوە**

**بەلام ئەو زیرەك بوو توانای تێگەیشتن و زانیاریشی فراوان بوو ٦**

هەروەها ئادەمیش،ژیانی سەرەتایی کە لەناو بەهەشتدا دەژیا گۆڕی بۆ ژیانی سەر زەوی،ژیانی شارستانێتی کە مرۆڤ تیایدا ڕەنج دەکێشێت و ماندوو دەبێت.ئادەم لەدوای خواردنی بەری دارە قەدەغەکراوەکەوەوکردنی کاری سێکسی لەگەڵ حەوادا گۆڕا،لەچاو داخراویەوە، ومێشك کلیلدراوی،داخراوەوە، بۆ کرانەوەی

---

6.Alexander Heidel،The Gilgamesh Epic،Phoenix Books،chicago.1970.

چاوی دڵ ، و زانا : (( مارەکە بە ژنەکەی وت : نامرن بەڵام خوا دەزانێت ئەو ڕۆژەی ئێوە لەو دارە دەخۆن،چاوتان دەکرێتەوە و وەکو خواتان لێدێت)).بەو شێوەیە دوای تێپەڕبوونی ئادەم بە ڕێوڕەسمی تێخستندا ( خواردنی بەری قەدەغەکراو-سێکسکردن )پاڵی بە ژیری مرۆڤەوە نا بۆ بەلاَ گەورەکەی، پرسیارکردن،بیرکردنەوە، دۆزینەوە تێپەڕاندنی پێدراوی، چونە زەوی قەدەغەکراوەوە ، ڕێوڕەسمی چوونە ناوەوە، ئادەم لەخەونەوە دابەزیە سەر زەوی ڕاستەقینە، گیانی فرۆشت بەرامبەر زانست و ڕاستی.

بەڵام توخمی دووەم،بریتیە لە دەرکەوتنی مار وەك لێپرسراوی لەدەستدانی نەمری داستانی گەلگامیش ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك گەلگامیش لە گەشتە دوودرێژیەکەی گەڕایەوە لەگەڵ خۆیدا تۆوی ژیانی هێنابۆوە کە گەنجێتی نوێ دەکاتەوە:

گەلگامیش،گۆمێك ئاوی ساردی بینی
چووە ناویەوە و خۆی تیادا شۆرد
مارەکە بۆنی ئەو تۆوەی کرد
لەناو ئاوەکەوە سەرکەوت و چوو دزی
کاتێ ئەو گەڕایەوە، پێستەکەی نوێ بۆوە.
ئالەوێدا گەلگامیش دانیشت و دەستی بەگریان کرد ٧

ئەو گەشتەی کە هەموو جێگایەکی جیهانی بەبێ هیچ دەسکەوتێك کۆتایی هات،مارەکە تۆوی نەمریەکەی دزی.سەرەڕای ئەوەی کە گێڕانەوە تەوراتیەکە، لەشێوەدا جیاواز دەردەکەوێت لەداستانی گەلگامیش،بەڵام هەردوو گێڕانەوەکە ڕێکن لە ناوەڕۆکدا لەسەر ئەوەی کە نەمری مەسەلەیەکە تایبەتە بەخواوەندەکانەوە ، لەدەستدانی مرۆڤ بۆی لە ئەنجامی هەڵەوە نەبوە،وەك ئەوەی دەردەکەوێت،بەڵکو مەسەلەیەکی بڕیار لێدراوە لە سەرەتاوە. مرۆڤ نەیدەتوانی ئەو هەڵەیە بکات،ئەگەر ویستی لە پێشینەی خودای لەسەر نەبوایە.لەهەردوو

---

7.ibid.

**گێڕانەوەکەدا مار ڕۆڵێکی سەرەکی دەبێت لەدروستکردنی درامای چیرۆکەکەدا. لە کۆتاییدا دەمەوێت کەمێك لەسەر وشەی (( عەدەن )) هەڵوێستە بکەم کە لەدەقی تەوراتیدا هاتووە بەو پێیەی ئەو جێگەیەیە کە یەهوە بەهەشتەکەی خۆی تیادا ناشتووە.لەوانەیە وشەکە گۆڕانێکی کەم بێت کە بەسەر ناوی خواوەند(( ئادونی)) سوریدا هاتوە،خواوەندی ڕووەك و بەپیتی و سەوزایی،دەربڕینی بەهەشتی عەدەن،لەوانەیە وەرگیراو بێت لە بەهەشتەکانی ئادونی زانیاریەوە تەواو لە ڕێوڕەسمی بەپیتی سوریای کۆنەوە.**

**جێمس فرێزەر بۆمان دەگێڕێتەوە لە کتێبەکەیدا (( چڵی ئاڵتوی)) ٨ لەو بارەیەوە کە دەڵێت ژنانی سوریا لە جەژنەکانی ئادۆنیشدا،تەشتی پانیان دادەنا کە گڵی کەمی تیادا بوو،کە جۆرەها گوڵ و ڕوەکیان تیادا دەڕواند،بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ ئەو باخچە بچکۆلانەیان چاودێری دەکرد،تا گوڵیان دەکرد و گەورە دەبوون،بەلاّم هێندەی نەدەبرد دەمردن لەبەر کەمی چینی گڵەکە.و لەبەرئەوەی ڕووەکەکان نەیاندەتوانی کە ڕەگەکانیان بە قولاّییدا بەرنە خوارەوە.ئالێرەدا ژنەکان ئەم باخچانەی ئەدۆنیسیشیان هەڵدەگرت، و وێنەی خواوەندیان پیادا هەڵدەواسی. بەرەو دەریا یان ڕووبارەکان کە لەوێدا فڕێدەدران مەبەست لەو ڕێوڕەسمە ئاشکرایە.خێرا گەورەبوونی ڕووەکەکان لە سەبەتەدا هێمایە بۆ بەهێزی زۆری بە پیتی بۆ خواوەند ئادون و مردنی خێرای ئەو ڕوەکانەش،بریتیە لە هێمای لەناوچوونی خواوەندی گەنج و کاریگەری ئەوە لەسەر ژیانی ڕوەکی کە بەمردنی دوا دەکەوێت.بەلاّم فڕێدانی ڕوەکەکان لەگەڵ وێنەی خوادا، بریتیە لە کارێك لە کارەکانی جادوی دروستبوون،کە مەبەست لێی تێگەیاندنی بارانە بۆ ئەوەی دابکات و سروشتی مردوو ئاودێر بکاتەوە، و ئادۆنیش لەگۆڕەکەیدا زیندوو بکاتەوە.ئەمەو بەڕێز فرێزەر ڕێوڕەسمی مەسیحیەتی هاوشێوە دەهێنینەوە کە تا ئێستاش لە ئەوروپا هەر ماوە، بە تایبەتیش لە زۆنی دەریای ناوەڕاستدا،کاتێك ژنان لە جەژنی فصح و**

---

8.Sir.James Frazer،The Golden Bought .Mcmillan،newyork 1971،p.396

ڕۆژی هەینی دڵتەنگیدا هەڵدەستن. بە ناشتنی باخچەی بچکۆلە لە قاپ و قاچاخدا.وێنەی گەورەمان مەسیحی پیادا هەڵدەواسن لە جیاتی وێنەی ئەدۆنیس.

لەزمانی عەرەبیدا، دەربڕینی بەهەشتەکانی عەدەن بەکاردەهێنین (( یان بەهەشتەکانی نەعیم)) لە جیاتی یەکتری.ئالێرەدا دەتوانین کە لە یەکچونێك لە نێوان وشەی (( نەعیم )) و (( نوعماندا)) هەست پێبکەین، نوعمان ناوێکی ئەدۆنیسە و لە عەرەبیدا ماوەتەوە کە سەرچاوەکەی ئارامیە و عەرەب تاکو ئێستاش بەوە ناویدەبەن. لەسەر ئەوە بەهەشتەکانی عەدەن (( ئادون)) و بەهەشتەکانی نەعیم(( نوعمان)) دوو ناون بۆ یەك شت کە بریتیە لە بەهەشتەکانی ئەدۆنیس.

وشەکانی نەعیم و نوعمان دەنگدانەوەیان هەیە لە فەرهەنگی عەرەبیدا،کاتێك دەبینین وشەی نیعمەت مانای(( نضر یان اخضوضر ))٩ دەگەیەنێت هەروەها وشەی ((نەرم))١٠ کە بەمانای باخچە دێت کە هەموویان پێدەچێت لە نوعمان و ئەدۆنیسەوە وەرگیرابن خواوەندی کشتوکاڵ و سەوزایی و بەپیتی ،تا ئێستاش بەسەر هەندێ جۆری گوڵی سوری بەهاریدا ناوی (( شقائق النعمان)) گولاڵە سوورەیان بەسەردا دەبڕین واتە نەشتەرگەری ئەدۆنیس.

وەك پاشماوەی بیروباوەڕە کۆنەکان کە خوێنی خواوەندی کوژراو دەڕێژرایە سەر گۆلەکان کە بەرازێکی کێوی کوشت.فرۆید و قوتابخانەی شیرکردنەوەی دەروونی ئەفسانەی بەهەشت وا ڕاڤە دەکەن کەوا پێچەوانەکردنەوەی دۆخی تاکە کە لە منداڵدانی دایکیدا ژیاوە.کاتێك مرۆڤی سەرەتایی دانراوە لە بەهەشتدا کە ژیانێکی ئاسان بوە بەبێ ڕەنج کێشان و ماندووبونی و دوودڵی ،ئەوە وێنەیەکە لەوەی کە منداڵ پێش لەدایك بوون نوساوە بەمنداڵدانی دایکیەوە،کە خواردنی لەڕێگەی ناوکیەوە وەردەگرت،لە بارێکی جێگیر و خۆشی و دڵئارامیدا،دۆخێك کە لە هەموو ژیانی داهاتوویدا بیری دەکات ولێیوون دەبێت تا مردنی.هەمیشەلە بارێکدا دەبێت

---

٩. فەرهەنگی موحیت ل ١٨٣ دێڕی ١٤.

١٠. فەرهەنگی موحیت ل١٨٤ دێڕی ٢٠.

كە بیری دەكات و حەز بەگەڕانەوەی دەكات،ئەو حەزەشی دەردەكەوێت لەهەموو ئەو بەرهەمە نەستانەیەوە لەو ئەفسانانەدا كە پەیوەستە بە بەهەشتی هاتووەوە كە بۆی دەچێت لەدوای كۆتایی ماندوبونی ئەو ژیانە.

ڕاڤەكردنێكی مێژوویش هەیە بۆ ئەفسانە،كە ئارنۆڵد توینبی دەڵێت ١١.لەسەردەمێكی زۆر دوورەوە،كۆمەڵ گەلێكی دڕندەی ڕووت جولاون،لە نیشتەنیە گەرمەكانیانەوە لەناوچەیەكی گەرمدا،بەرەو باكور بە ڕێكەوتوون، لەسەرەتای بەهاردا هەتا كۆتایی هاوین،ئەو كۆمەڵانە هەستیان نەكردوە كە جێگە گەرمە هەمیشەییەكانیان بەجێهێشتوە. كاتێكیش مانگی ئەیلول كۆتایی هاتووە.هەستیان بەسەرماكردوە لە شەودا كە خۆشنەبوە ،ئەم دۆخە ڕۆژدوای ڕۆژ خراپتر بوە، كاتێكیش هۆكاری ئەم پەتایەیان نەزانیوە، دەستیانكردووە بە كۆچكردن لەم ڕێگا و ئەو ڕێگایەوە بۆ ڕاكردن لەو سەرمایە. هەندێكیان بەرەو باشوور گەڕاونەتەوە بۆ نیشتەنیە بنەڕەتیەكەیان.كە تا ئێستاش هەندێ لەنەوەكانیان لەسەر ئەو دۆخە كۆنەیان ماونەتەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان.

بەلاَم ئەوەی كە مانەوە و سەریان لێشێوا بوو لە ئاراستە جیاوازەكاندا،هەموویان لەناوچوون تەنها ژمارەیەكی كەمیان نەبێت كە لە ڕێگەی ڕاكردنیان هەڵبژارد لەو كەش وهەوا زۆر ساردە.وەپێویست بووكە ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستە ببێتەوە.تاكەكانی ئەو كۆمەڵە هاوكاریان لە شاژنێكی داهێنەرەوە وەرگرت،كەپاكترین و بەرزترین شاژنی هەموو مرۆڤایەتیە،هەندێكیان ویستیان جێگەیەكی ئارام بدۆزنەوە بەهەڵكەندنی زەوی،هەندێكی تریان چڵەدار و گەلاَیان كۆكردەوە بۆ پێكەوەنانی كۆختەی گەرم،هەندێكی تر پێستی ئاژەڵیان لەبەركرد.هێندەی نەبرد كە ئەو دڕندانە هەندێ هەنگاویان بڕی،كە دادەنرێن بەگرنگترین و گەورەترین هەنگاوەكان لە ڕێگای شارستانێتیدا.بەو شێوەیە توانیان بمێننەوە،كە لە سەرەتادا وایان زانی كە بەرەو نەمان دەچن.لەمیانەی ئەو پڕۆسەی خۆگونجاندنەی خۆیان لەگەڵ ژینگە توندوتیژەكەیانداوهەنگاوی زۆر گەورەیان نا

---

١١. ئارنۆڵد توینبی ،لێكۆڵینەوەی مێژوو،بەرگی یەكەم،وەرگێڕاو ،قاهیرە.

بەرەو پێشەوە و لەدوای خۆیانەوە زۆر بەدووری لایەنی تەوەرەییان لەمرۆڤایەتی بەجێهێشت.

وێنەی ئادەم و حەوا لە بەهەشتی عەدەندا،تەنها بریتیەلە لە دووبارە کردنەوە بۆ قۆناغی ئابوری هەبوو لەسەر کۆکردنەوەی خۆراك لەسەردەمی پێش شارستانێتیدا. بەلاٌم دەرکردنی لە ئەنجامی خواردنی درەختی زانیاریەوە،هێمایە بۆ قبوڵکردنی ڕووبەڕووبونەوە کە ئامانجی وازهێنانە ئەو تەواوکاریە تەواوەیە. و دەسکردنە بە پرۆسەی جیاکاریەکی نوێیە کە پێدەچێت ببێتە هۆی تەواوکاریەکی نویٚ.هەروەها دەرکردن لەبەهەشتەوە بۆ جیهانێکی ناهاوڕیٚ و نا ئاشنا،پێویست دەکات لەسەری کە منداڵی بێت بە دڵتەنگی، و لەسەر پیاویشە کە بە ئارەقەی ناوچاوانی نان بخوات.

ئەو ئەزمونێکە کە هاتۆتە بوون لەسەر قبوڵکردنی ڕووبەڕووبونەوەی مارەکە.بەلاٌم جووتبوونی نێوان ئادەم و حەوا،کە لەدوای ئەوەوە هات،تەنها بریتیە لە لەکارێکی ڕەفتاری کۆمەلاٌیەتی کە بەرەکەی داوە لە هێنانە بوونی دوو کوڕ کە دوو شارستانێتی دەنوێنین: هابیل شوانی مەڕ و ،قابیلیش جووتیاری زەوی.

# بەشی قابیل و هابیل

==================

((وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِن أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ ))

**(( هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەمیان بەڕاستی پێ بڵێ کە قوربانیان داو لە یەکێکیان قبوڵکراو لەوی تریان قبوڵ نەکرا پێیووت دەتکوژم ئەو وتی خودا قوربانی لە خۆپارێزەکان قبوڵ دەکات ))**

**قورئانی پیرۆز : سورەتی مائدە و ئایەتی -٢٧**

**(( خودا سەیری دیاریەکەی هابیلی کرد و قبوڵی کرد و سەیری قابیلیشی کرد بەلاّم سەیری دیاریەکەی نەکرد ))**

**سەردەمی کۆن - بەشی دروستبوون ٤-٥**

**بۆ سەردەمێکی زۆر نزیك ( کۆتایی چلەکانی سەدەی بیست) کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان لە سوریادا کە هێشتاش دەناڵێنن بەدەست هەڵکوتانە یەك لەدوایەکەکانی کۆچەریەکانەوە،بە تایبەتیش ئەو گوندانەی کە دەکەونە کەناری بیابانەوەو لەوەرزی وشکە ساڵی و کەمی باراندا،کاتێك لەوەڕگاکانی بیابانی شام نامێنن، کە سەرچاوەی خۆراکی کۆچەریەکانن لە سەرەتای مێژووەوە. و تا ئێستاش من لە یادمە چۆن ئێمە لەدەوری باپیرمان کۆدەبوینەوە کە لەکۆتایی وەرزی دروێنە و ڕنینەوەدا دەگەڕایەوە بۆ شار و بۆ ئەوەی باسی (( هەڵکوتانە)) سەرەکانمان بۆ بکات.ئاوا باسیان لەو هێرشە خێراییانەی کۆچەریەکان دەکرد کە لە پێشتێنەی سەوزیان دەدا کە بەدرێژایی سنوری بیابانی هاوشێوەدا درێژ ببۆوە.بەبێ گومان ئەو (( هەڵکوتانە)) هەموو ساڵێك دووبارە نەدەبۆوە،بەڵام باپیری داماومان دەبوایە چیرۆکی نوێمان بۆ دروستبکات کە هەندێکیان ڕوویاندابوو هەندێکی تریش ڕوویان نەدابوو.**

**ساڵەکانی پەنجاکان لە کۆمەڵگای سوریادا وەرزێکی خوێناوی پێچایەوە،کە لە ئەوروپادا لە چەند سەدەیەکی دێرینەوە پێچرابۆوە.وەرزێك کە لە سەرەتای مێژووی نوسراوەوە دەستپێکردبوو کاتێك هەندێ هۆزی کۆچەری جێگیربوونیان هەڵبژاردبوو لەسەر هەردوو کەناری دیجلە و فورات و عاصی بۆ ئەوەی زەوی بکێڵن و ناوەندی شارنشینی دابمەزرێنن، و بەهێواشی ڕووبەری زەویە کشتوکاڵیەکان فراوان دەبوو لەسەر کەمبونەوەی لەوەڕگا و پاوانی شوانەکان.کۆبونەوەی سامان هاوکاربوو لەلای کۆمەڵگا شارنشینەکان لە ئەنجامی کار بەردار لە زەویدا،لەسەر زیادبوونی هێزی چوون بەرەو پێشەوە ماوەیەکی دوور لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنیکیەوە، و کۆمەڵگا کۆچەریەکانی لەدوای خۆیەوە بەجێهێشت بۆ ئەوەی هەر لە بازنە بەتاڵەکەیدا بسوڕێتەوە لەگەڵ سوڕی وەرزەکاندا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.هەروەها سامان و تەکنەلۆژیا یارمەتی کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکانیشیدا بۆ ئەوەی تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکان بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندی خۆی بەهێواشی دەکشا بەرەو زەوی شوانەکان،هەرکاتێ گژوگیا و دەغڵ ودانی ڕووبەرە بە پیتەکان کەمدەبونەوە کە دەیچاندن.و هەرکاتێ ئەو**

ڕووبەرە کۆنانە تەسك دەبونەوە کە تیایدا نیشتەجێ ببوو، پێشکەوتن هێواش بوو بەڵام بەردەوام و جێگیر بوو،هەرکاتێ جووتیارێك زەویەکی دەبردەوە لەسەری بینای دەکرد و پێی خۆی و جێگەی خۆی قایم دەکرد و لە چاوەڕوانی هەڵکوتانە سەرێکی نوێدا کە نەوەی داهاتوو پێی هەڵدەستن.دوژمنایەتیەکی بەردەوام بۆ هەزاران ساڵبونی هەبوو. بەهێواشی و دوور لەدەنگە دەنگ،بێ ئەوەی مێژوو بیبیستێ یان هاواری کۆچەریە دوورە دەستەکان بنوسێتەوە،کە ئەوان سەردەبڕان بەتاك و کۆ،لە پێناو بەرگری لەزەویەکانیان،یان لەکاتی هەڵکوتانە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان بۆ تێرکردنی ڕانە برسێکانیان.بەڵام هاواری ناوەندە شارنشینەکان مێژوو تۆماری کردوون بە پیتی ئاگرێکی بەردەوام.چونکە هێرشی کۆچەر سیفەتی خێرایی و غافڵگیری و وێرانکردنی خێرای هەبوو نەك هێرشێکی بەرگریکاری،کە ئامانج لێی گەڕانەوەی ئەو زەویەی کە لێی داگیرکراوە بێت،بەڵکو هێرشێکی تۆڵە سەندنەوە بوو، کە شێوەی هێرشی ئاژەڵی برینداری چواردەور گیراوی هەبوو. مێژوو بە دوور و درێژی بۆی باسکردوین، کەبۆتە جێگەی بەزەییمان،دەربارەی هێرشە گەورەکانی کۆچەریەکان بۆ سەر بابل و نەینەواو و ڕۆما و میسر،لەدواتریشدا بۆ سەر بەغداد و دیمەشق کاتێك کە کۆمەڵێ تەتاری برسی بەسەریاندا دان لە قوڵایی بیابانەکانی ئاسیاوە.بەڵام لەبارەی هاواری کۆچەری دابڕاوەوە بۆی باس نەکردووین کە سەر دەبڕدرێت لەسەر دەستی هاوڕێ جووتیارەکەی خۆی.مێژوو باسی قابیلی بۆ کردووین کە براکەی خۆی هابیل سەردەبڕێت،بەڵام باسی ئەو کارەی هابیلمان بۆ ناکات دژ بە براکەی کە بۆچی براکەی وای بەسەردا هێنا.لەبەر ئەوە مێژوو تەنها دەنگە بەرزەکان دەبیستێت،بەڵام دەنگە نزمەکان ناگاتە گوێی.

ئەم ململانێ کۆمەڵایەتیە لەنێوان دوو ڕۆشنبیری کشتوکاڵی و شوانکارەییەدا ڕەنگیداوەتەوە،لە نێوان قابیلی جووتیار و هابیلی شواندا،لە ئەفسانەی ناوچەکەدا.لە ئێستادا لە بەردەستماندا سێ دەقی سۆمەری و دەقێکی تەوراتی هەیە،کە هەموویان باس لەیەك بابەت دەکەن.

## ١ // سیٚ دەقە سۆمەریەكە

ڕۆشنبیری سۆمەری كۆتای هات،هەروەكو چۆن لەو بڕوایەداین لە یەكەم ڕۆشنبیری كشتوكاڵیەوە لە مێژوودا،دژایەتی لەنێوان جووتیار و شواندا كۆتایی هات بۆ بەرژەوەندی جووتیار لە سیٚ ئەفسانەی ناسراودا.لەو ئەفسانانەدا جووتیار و شوان دەڕۆن بۆلای خوا بۆ دادەوەری لە نێوانیاندا لەسەر ئەو كێشەیەی كەوتۆتە نێوانیانەوە،كاتێك خوا بڕیاری سەركەوتن و پێشكەوتن و باشترینیدا لە بەرژەوەندی جوتیارەكە بەسەر برا شوانەكەیدا.

### ١. ئیمیش و ئەنتین :

ئەم دەقە دۆزرایەوە لەسەر ژمارەیەك تابلۆ كە ٣٠٨ دێڕ لەخۆ دەگرن. بەلاّم تابلۆكان لە بارێكی خراپدا بوون لە لەناوچوون بە شێوەیەك كە ڕێگر بوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەكانی بەشێوەیەكی یەك لەدوا یەكی دانەبڕاو.بەلاّم ئێمە بەهۆی پێكەوەگرێدانی ئەو بەشانەی كە ڕۆشنن لەگەڵ یەكتریدا توانیمان بگەینە هێڵە گشتیەكانی ئەفسانە. ١

خواوەند ئنلیل حەزی بەداپۆشینی زەوی هەبوو بە سەوزایی و كشتوكاڵ و درەختەكان،و بەخێوكردنی ئاژەڵ و مەڕ و مالاّت لەسەری و زۆركردنی بەروبومەكانی،بۆ ئەو مەبەستە دوو برا دروست دەكات (( ئیمیش)) شوان و ((ئەنتین )) جووتیار.یەكەمیان هەڵدەستێت بەزیادكردنی مەڕومالاّت و بەرهەمهێنانی شیر و چەوری و هێلكە و...هتد. لەكاتێكدا دووەمیان هەڵدەستێت بە بلاّوكردنەوەی كشتوكاڵ لەسەر زەوی وبەخێوكردنی دەغڵ ودان و چاودێری دار و درەختەكان.بەلاّم كێشەیەكی سەرچاوە و هۆكار نادیار( لە ئەنجامی ئەو كەمیەی كە ڕوویدا) لەنێوانیان دروست دەبێت،دەچنە ناو قسە بە یەكتر وتن و ڕووبەڕووبونەوەی جۆراو جۆر،تادەگاتە ئەوەی كە ئیمیشی شوان ڕووبەڕووی برا جووتیارەكەی دەبێتەوە و دەڕۆن بۆ لای ئنلیل بۆ ئەوەی بزانن كێیان لەلای باشترە.دەڕۆن بۆ نیپور و هەریەكەیان كێشەكەی دەخاتە بەردەم ئنلیل.بەلاّم ئنلیل

---

1.S.N.Kramer،sumerian Mythology .Harper and Row،newyork،1961.

بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە ئەو جووتیارەکە بە باشتر دەزانێت:

**(( ئانتین )) ئاوی ژیانی لەسەر هەموو شوێنێکی زەوی ڕواند**

**هەموو شتێکی بۆ خودا بە بەرهەمهێنا ئەو جووتیاری خواوەند بوو**

**ئەی ئیمیش ئەی کوڕم چۆن خۆت بەراورد دەکەیت لەگەڵ ئەنتینی براتدا**

**ئەوە گوتەی ئنلیلی پیرۆز و قوڵ و پڕ مانا بوو**

**ئیمیش چەمیەوە و ئەنتینیش سەری دانەواند**

لەدواییدا هەردوو برا پێکەوە هاوکاری یەکتریان کرد،لەبەرئەوەی هەر کێشە و جیاوازیەك بیٚ ئەنجام دەبێت کاتێك ئنلیل بڕیاری خۆی دابێت، و بڕیارەکەشی گەڕانەوەی بۆ نیە.دەقەکە کۆتایی دێت بە پیاهەڵدانی باوکە ئنلیلدا.

**ئەی ئنلیل ئەی ئەو باوکەی کە سوپاسگوزاریت بۆ دەکەین**

**٢. لەهار و ئاشنان :**

لەکاتی گەڕانمان بە بەشی دروستبوونی سۆمەریدا بینیمان کە چۆن خواوەندەکان خواوەند لەهاریان دروستکرد لەگەڵ خوشکەکەی خواوەندە (( ئاشنان))دا بۆ دابینکردنی خواردن و جل و بەرگ بۆیان.بەڵام خواوەندەکان نەیان توانی بەتەواوی سوود لە خزمەتگوزاریەکانیان وەربگرن تا ئەو کاتەی مرۆڤ دروست بوو کە توانی ئەوانەی ئەو دوو خواوەندە دروستیان کردبوو بەڕێوەیان بەرێت و وەبەرهێنانیشیان تیادا بکات ..

**وەك مرۆڤ کاتێك یەکەم جار دروستکران**

**ئانوناکی نان خواردنی نەدەزانی**

**هەروەها لەبەرکردنی جل وبەرگیشیان نەدەزانی**

**ئەوان ڕووەکیان بەدەمیان دەخوارد**

**و ئاویشیان لەکانی و جۆگەلەکان دەخواردەوە.**

**لەو ڕۆژانەدا و لە ژووری دروستکردندا**

**لە(( دۆلکۆج )) ؟دا ماڵی خودا (( لەهار)) و (( ئاشنان )) دروستکران**

**لەوەی کە لەهار و ئاشنان بەرهەمیان دەهێنان**

**خواوەندەکانی ئانوناکی دەیا نخوارد بەلام تێر نەدەبوون**

**لەجێگەی کۆبونەوەی مەڕ وماڵاتەکانیش شیریان دەخواردەوە**

**بەڵام تینوێتیان نەدەشکا**

**لەبەرئەوە، لە پێناو گرنگیدان بە باشەکانی جێگەی مەڕ وماڵاتەکان**

**دەستکرا بەدروستکردنی مرۆڤ ٢**

بەم شێوەیە لەهار و ئاشنان دوو پاڵەوانی شارستانی بوون کە خواوەند ناردنی بۆ لای مرۆڤ بۆئەوەی فێری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ وماڵات و پەلەوەریان بکەن.ئەمانە و شتی تریش،وەك نوسین و هونەر و ئاگر ، هەمیشە وامدانابوو کە نهێنیە خواوەندییەکان هاتونەتە سەر زەوی یان لە بەخشندەیی خواوە بوە،وەك ئەوەی لەم ئەفسانەیەماندا هەیە،یان بەزۆر و دەستدرێژی هاتووە وەك ئەوەی لە ئەفسانەی برۆمیسۆسی ئیگریکی دزی ئاگری خواوەندی بینیمان.

لەهار مەڕ وماڵاتی زیاد دەکرد لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا لەسەر زەوی،بەڵام ئاشنان لەدەغڵ ودان و بەرهەمەکانی زیاد دەکرد بەڵام دژایەتیەك کەوتە نێوانیانەوە و بوە هۆی قسە بە یەکتر وتن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی کامیان باشترە لەوی تریان،هەریەکەیان کارە چاکەکانی خۆی باس دەکرد.هەروەك لەوەی لە ئەفسانەی ئیمیشدا هاتوە لەهار و ئاشنان دەچنە لای خواوەند بۆ دادوەری لە نێوانیاندا،ئنلیل و ئانکی بڕیار لەبەرژەوەندی جووتیارەکە ئاشنان دەدەن بە سەرکەوتن و پێشککەوتن.بۆ دووەمجار کشتوکاڵ سەردەکەوێت.

**٣. ئانکمدۆ و دومۆزی :**

لەم ئەفسانەیەدا ٣ (( ئانانا)) دەبینین کە دەگەڕێت بەدوا مێردێکدا و دومۆزی شوان و ئانکمدۆی جووتیاردێنە پێشەوە و داوای دەستی دەکەن.ئەویش وەکو هەڵوێستی سەرەتایی ئانکمدۆ بەباش دەزانێت.

**من کچم پاك داێنم و جووتیاری دەکەم**

**ئەو جوتیارەی کە ڕوەکەکان دەڕوێنێت و بەروبومی زۆر دەدات**

**ئەو جوتیارەی کە دەغڵ و دانی زۆر بەرهەم دێنێت**

---

2.ibid.

بەلآم براکەی (( ئوتر)) خوای ڕۆژ هانیدەدات بۆ شووکردن بە دومۆزی شوان و دەیدات بەسەر جوتیارەکەدا، سیفەت و چاکەکانی دەبژێرێت بۆ خوشکەکەی:

ئەی خوشکم شووبکە بە شوانەکە

مەڕ ومالآتی زۆرە

ئاناناى کچە پاك داوێنەکە بۆچی ڕووی تێناکەی؟

کەرەکەی خۆشە و شیرەکەشی ڕەوانە

ئەوەی دەستی بەربکەوێت بریقەدار دەبێت

ئەی ئانانا دومۆزی مەڕومالآتی زۆرە

پڕە لە گەوهەر و بەردی بەنرخ بۆچی تۆ ناتەوێت

هەردوکتان لە کەرە خۆشەکەی دەخۆن

ئەو پالەوانی پارێزەری پادشایە، ئیتر بۆچی ناتەوێت

دوای ئەوە شێواندن ڕوودەدات لەدەقەکەدا بەلآم ئێمە لە وشە لێکدوورە ڕۆشنەکانەوە دەزانین ، کە ئانانا دەست دەکات بە خستنە ڕووی ڕاوبۆچونەکانی کە بۆچی جووتیارەکەی پێباشترە.دوای ئەوە گرتەکە دەگۆڕێت دومۆزی خۆی دێتە سەر شانۆکە و گفتوگۆ لەگەڵ ئانانادا دەکات لەسەر بۆچونەکەی و خۆی ئاشکرا دەکات و چیشی پێدەکرێت کە پێشکەشی کات بۆی.

لەمن باشترە؟لەمن باشترە؟جووتیار چی لەمن باشتری هەیە؟

ئەگەر ئەو شەربەتەکەیم بداتێ من شیری دەدەمێ

ئەگەر نانەکەیم بداتێ منیش پەنیرە خۆشەکەمی دەدەمێ

دومۆزی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو شتانەی کە هەیەتی،و باشترە لەوەی کە دژەکەی دەتوانێت پێشکەشی بکات.ئەوەش لەمیانەی گفتوگۆیەکی خۆشدا،کە شێوازی شانۆگەری وەردەگرێت،وادەردەکەوێت کە لە کۆتایدا ئانانا شوانەکە هەڵدەبژێرێت و هۆکارەکەشی نازانین.ئایا بەڵگەکانی بڕوایان پێهێناوە؟ یان

---

3.John Gray ،Near Eastern Mythology،Hamyln،london،1969.

کەوتۆتە داوی ویستی براکەیەوە یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت لە ناخیدا؟ دومۆزی شوان بەو سەرکەوتنە واز ناهێنێت بەڵکو دەبینین دەڕوات بۆ کێڵگەکەی ئانکمدۆ و تورەی دەکات لەماڵەکەی خۆیدا و ڕانەکەی بەدوای خۆیدا لێدەخوڕێت کە کشتوکاڵەکەی دەشێلن. بەڵام ئانکمدۆ خۆ بەدوور دەگرێت لەوەی کە بچێتە دژایەتیکردنیەوە و دڵفراوانی و لێبوردەیی لەبەرامبەردا پیشان دەدات:

**ئەی شوان بۆچی دەتەوێت دەستبکەیت بەدژایەتیکردن؟**

**ئەی دومۆزی بۆچی دەتەوێت دژایەتیم لەگەڵ بکەیت؟**

**بۆچی بەراورد لە نێوا نماندا بکەین؟**

**دە لێگەڕێ با مەڕ وماڵاتەکەت گژوگیای زەوی بخۆن**

**لە لەوەڕگا سەوزەکا نمدا بارانەکەت بخۆن**

**لەدەشتەکانی (( زابالام )) دا با دانەوێڵە بخۆن**

**و لە ئاوی ڕووبارەکەم (( ئۆنم )) بخۆنەوە**

لەسەر ئەو هەڵوێستە لەخۆبوردەییە لە جووتیارەکەوە بەڵام شوانەکە هەر بەردەوام دەبێت لە دوژمنایەتی و تورەکردنی:

**من شوانم ئایا ئانکمدۆ وەکو هاوڕێ ئامادەی ئاهەنگی ژن گواستنەوەم دەبێت**

**ئەی جووتیار وەك هاوڕێم ئەی جووتیار وەك هاوڕێم نایەیت**

**بەلام ئانکمدۆ بەردەوام دەبێت لەسەر هەڵوێستەکەی و دیاری پێشکەش بوك و زاوا دەکات:**

**دەتوانم چی پێشکەش بکەم؟نیسکت بۆ دێنم**

**نیسك [....] بۆت دێنم**

**دەتۆش ئەی داوێن پاك ئانانا، چیت پێخۆشە**

**ئەی داوێن پاك ئانانا پێشکەشتی بکەم**

بەم شێوەیە دەقەکە کۆتایی دێت بەسەرکەوتنی دومۆزی شوان بەسەر ئانکمدۆی جووتیاردا و ئانانا وەکو مێرد دەیبات بۆ خۆی. بەڵام ئەم سەرکەوتنە تەنها سەرەتایەك بوو بۆ کارەساتێك بۆ دومۆزی هەژار کە لەدوایدا ئانانا ناردی بۆ جیهانی ژێرەوە.بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو بکات لەوێ.وەك چۆن لە ئەفسانەی دابەزینی ئاناناندا دەیبینین بۆ جیهانی ژێرەوە. لەوەدەچێت قوربانیدان بە شوان

مەرجی سەرکەوتنی کشتوکاڵ بێت و تەواوکردنی سوڕی بەپیتی لەسەر زەوی وەك لە ئەفسانەی دابەزینی عەشتاردا دەبینین بۆ جیهانی ژێرەوە. بەو شێوەیە سەرکەوتنی شوان تەنها کاتی و هەڵخەڵەتێنەر بوو وە قۆناغێکی ئامادەکاری بوو بۆ دۆڕاندنە کۆتاییەکەی،بەڵکو بۆ قوربانیپێدانی بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامبوونی شارستانێتی کشتوکاڵ. لەمەبەستی کۆتاییدا ئەو ئەفسانەیە لەگەڵ هەموو ئەفسانەکانی تردا ڕێکن لە زەوی دووڕووباردا کە پێشتر باسکراون لەسەروەری جووتیار و سەرکەوتنی بەسەر شوانەکەدا.پێدەچێت دەقی تەوراتی زۆر دوور نەکەوێتەوە لەو بیرۆکەیە کاتێك خواوەند دیاریەکانی هابیلی شوان قبوڵ دەکات و دەیدات بەسەر قابیلی جووتیاردا بەلاَم قابیل لەدواتردا هەڵدەستێت بە کوشتنی براکەی وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لێی.

## ٢ //قاین و هابیل

دەقی تەوراتیش لەسەر هەمان ڕێچکەی دەقە سۆمەریەکانی پێشتر باسکراو دەڕوات.دوای دابەزینی ئادەم و حەوا بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی کاربکەن و نانیان دەستبکەوێت بە ئارەقی نێوچەوانیان وحەوا لەمێردەکەی ئادەم دوو کوڕی بوو،یەکەمیان قاین کە بەکشتوکاڵەوە خەریك بوو،دووەمیشیان هابیل کە بە شوانکارەیی و بەخێوکردنی مالاَتەوە سەرقاڵ بوو.دوای ماوەیەك لەسەرقاڵی هەریەکەیان بەوەی پێیدەکرا ڕووداوێك ڕوویدا، هەستان بە پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خودا،قاین لەو بەروبومەی پێشکەشکرد کە دەیڕواند،و هابیلیش لەڕانەکەی قوربانی کرد.خودا قوربانیەکەی هابیلی شوانی قبوڵکرد بەلاَم قوربانیەکەی قاینی جووتیاری قبوڵ نەکرد.ڕق و قین پاڵینا بە قاینەوە کە براکەی هابیل بکوژێت و لاشەکەشی لە بیاباندا شاردەوە.دەقەکە لەسەر ئەم شێوەیەی لای خوارەوە دەڕوات: ٤

(( ئادەم حەوای ژنی ناسی،سکی پڕبوو قاینی بوو وتی: خوا پیاوێکی پێدایت.

---

٤. سەردەمی کۆن ،بەشی دروستبوون،ئەصحاحی چوارەم : ١-١١.

**دوایش براکەی هابیلی بوو. هابیل شوانی مەڕ ومالاَت بوو ، قاینیش زەوی دەکێلاَ.لەدوای چەند ڕۆژێك،قاین لەبەروبومی زەویەکەی هەندێ دیاری پێشکەش کرد.خودا سەیری هابیل و دیاریەکەی کرد،و بەلاَم سەیری قاین و دیاریەکەی نەکرد،ئەمە زۆر کاریکردە سەر قاین و بە ڕوودا کەوت.خودا بە قاینی وت: بۆچی کاری کردە سەرت و بەدەموچاوتا کەوتیت؟ تۆ ئەگەر باشت کرد ئەوا وەریدەگریت و ئەگەر باشەشت نەکرد ئەوا لەبەردەم دەرگاکەدا گوناهێك بۆت ڕاوەستاوە و تۆ لەسەرتە بەدوای خۆشەییەکەی بڕۆیت کاتێك دەبێتە ژنت.قاین بە هابیلی برای وت: بابڕۆین بۆ بیابان.کاتێك لە بیاباندا بوون قاین هەڵیکوتایە سەر هابیلی برای و کوشتی.خودا بە قاینی وت کوا هابیلی برات؟ وتی نازانم،گەورە و بەرزەکە پارێزەری براکەمە؟ وتی : چیت کردوە؟ دەنگی خوێنی براکەت لەزەویەوە دەگاتە من: دە ئێستا تۆ نەفرەت لێکراویت لەلایەن زەویەوە کە**

**دەمی کردەوە بۆ ئەوەی خوێنی براکەت قبولْ بکات لە دەستی تۆوە)).**

**لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا،ئەوە دێتە مێشکمەوە کە گوناهی ڕاوەستاو کە باسی دەکات بریتیە لە تاوانی کوشتنی ئایندە : (( ئەگەر چاکە نەکەیت ئەوا لەبەردەم دەرگاکەدا گوناهێك ڕاوەستاوە و تۆ لەسەرتە بەدوای خۆشەییەکانی بکەویت کاتێك دەبێتە ژنت)). بەلاَم چیرۆکێکم لە نەنکمەوە بیستوە لە منداڵیمدا هەر زۆر بیرم لێدەکردەوە تا توانیم لەو ڕستەیە تێبگەم بەشێوە ڕاست و دروستەکەی. نەنکم باسی قابیل و هابیلی بۆ کردم و وتی: (( قابیل هابیلی برای کوشت لەسەر کێشەی ئەوەی کە کامیان خوشکەکەیان بێنن، بە تایبەتیش کە کەسیتر لەوان زیاتر لەجیهاندا نەبوو،ئەوان سیانن،کەواتە دەبێت هەر یەکێکیان خوشکەکەیان بێنن بۆ بەردەوامبوونی نەوە)) لە ڕاستیدا دەقەکە ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە بەشەرمنی چونکە هێنانی خوشك بەهەڵە یان بە گوناهی ڕاوەستاو((نوساو بە تەوێڵەوە)) ناو دەبات.بەڕەچاوکردنی قەدەغەکردنی تەواو لە ئاینی جولەکەدا بۆ ئەو جۆرە ژنهێنانە،بەڕەچاوکردنی بلاَوبونەوەی ئەو جۆرە ژنهێنانە لەلایەن میسریە کۆنەکانەوە کە بەنی ئیسڕائیلیەکان لێیان هەلاَتن.ئەوەی پاڵپشتی ئەم ڕاڤەکردنە دەکات کەوا بەندی دوای ئەو چەند دێڕە دەڵێت: (( قاین**

لەگەڵ ژنەکەیدا نوست و سکی پڕکرد و حەنوکی بوو ....)) ئایا ژنی قاین کێ بوە ئەگەر خوشکەکەی نەبێت؟ هەروەها بەراوردکردنی ئەو ڕستەیە بە ڕستەیەکی تر کە خوا بە حەوای وت کاتێك لەبەهەشت دەریکرد بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر پێشکەش دەکات لەسەر ڕاڤەکردنەکەمان : (( بە ئازار منداڵت دەبێت، خۆشەویستی و غەریبیت بۆ پیاوەکەت دەبێت کاتێك کە ئەو سوودی بۆت دەبێت)) کەواتە گوناهە ڕاوەستاوەکە لەلای دەرگاکەوە بۆ قاین خوشکەکەیەتی کە پێویستە دوای خۆشیەکانی بکەوێت کە ئەو سوودی هەیە لەسەرت.

بەم شێوەیە ئەفسانەی کێشە و ناکۆکی ئانکمدۆی جووتیار و دومۆزی شوان دەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆشەویستی خواوەندە عەشتار سەر لەنوێ بۆ دەرکەوتن لە چیرۆکی تەوراتیدا.قاین ڕۆڵی ئانکمدۆ و هابیلیش ڕۆڵی دومۆزی و خوشکەکەشیان کە دەیانویست هەریەکەیان خۆشەویستیەکەی بەدەست بێنن بە قوربانیدانیان بۆ خودا ڕۆڵی خواوەندە عەشتار دەبینێت.ئالێرەشدا بەهەمان شێوە هابیل هەمان چارەنوسی دومۆزی دەبێت کاتێك زەوی دەمی دەکاتەوە بۆ ئەوەی قووتیبدات هەروەك چۆن جیهانی ژێرەوە دومۆزی بەدبەختی قووتدا.

لەڕاستیدا لەوە دەچێت کە ئەم چیرۆکە تەوراتیە لەیەکەم ساتدا سەرکەوتن بداتە هابیلی شوان، لەبەرئەوەی یەهوە قوربانیەکەی قبوڵکرد و لە قاینی جووتیاری پەسەند نەکرد.بەڵام مەرامی کۆتایی دەقەکە ڕێکدەکەوێت لەگەڵ مەرام و خواستی دەقەکانی تردا بەوەی کە کوشتنی شوانەکە لەسەر دەستی جوتیارەکە بریتیە لە جێگیرکردنی سەرکەوتنی جووتیار و هێز و پێشکەوتنەکەی بەسەر شوانەکەدا. دەقی تەوراتی جگە لەم ڕێچکەیەی هیچ ڕێگایەکی تری نەبوە کە لەسەر ئەو پلانەی بڕوات.لەبەر ئەوەی جولەکە گەلێکی شوانکارە بوون.بەڵام لەدواتردا جێگیربوون و کەوتنە کشتوکاڵکردن و دامەزراندنی شار،مانەوە لەسەر ڕێزگرتنی مێژووە شوانکارەییە نزیکەکەیان جا قبوڵکردنی یەهوە بۆ قوربانی شوانەکە جێگیرکردن و چەسپاندنی ئەو قۆناغە شوانکارەییە لە پێشینەییان بوو وە ڕێزلێگرتنیان بۆی بە هۆکاری خوێندنەوەی ڕۆژانەیانە بۆ تەورات.بەڵام مردنی

شوانەکە لەسەر دەستی جووتیارەکە ئەوە بەهۆی ڕاستیەکی بەرجەستەوە هاتوە کە جولەکە تیایدا دەژێت لەسەرکەوتنی کشتوکاڵ بەسەر کۆچەریدا.

هابیل مرد،نەوە شوانەکانی بەجێهێشت لە دیلی سوڕی کەش و هەوای ساڵانەدا.دوور لە هەموو بەشداریەك لە ڕۆشنبیری مرۆڤ و شارستانێتیەکەیان. کۆچەری ئەمڕۆش هیچی جیاوازتر نیە لە کۆچەری سەرەتایی مێژوو.بەڵام قابیل جڵەوی شارستانێتی گرتە دەستەوە و چەندین هەنگاو و قۆناغ بردیە پێشەوە.کۆمەڵگای کشتوکاڵی پێکەوەنا،و دواتر کۆمەڵگای پیشەسازیش و قابیل توانی بگاتە بۆشایی ئاسمانیش لەدەرەوە.ئایا نەوەکانی هابیل دەژین بۆ ئەوەی قابیل ببینن کە پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیاکەی بەسەر خۆشیدا زاڵبوون و سەرکەوتن.

# بەشی جیهانی ژێرەوە

========================

((حَتَّى إِذَا جَاؤُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ ))

**(( کاتێ ناردیان بۆی و دەرگاکانیان کردەوە و پاسەوانەکانی پێیان وتن ئایا هیچ پەیامبەرێك لە خۆتان نەهاتن کە ئاینەکانی خواتان پێ ڕابگەیەنن))**

**قورئانی پیرۆز –سورەتی زومەر-ئایەتی ٧١**

**هیچ شتێك خەیاڵی مرۆڤی گڕ تێبەرنەداوە وەك گڕتێبەردانی بیرۆکەی مردن،هیچ بیرۆکەیەکیش ژیری هەڵنەچواندوە وەك بیرۆکەی نەبوونی ژیری خۆی.ئایا چی ڕوودەدات کە بڕوات بنوێت و جارێکی تر هەڵنەستێتەوە؟ و بارودۆخی چۆن بوە پێش ئەوەی ببێتە میوان لەسەر ئەم جیهانە؟**

**ئالێرەوە سوڕی ژیان و مردن و زیندووبونەوە بریتی بوە لە بیرۆکەیەکی ناوەندی لە ئاین و ئەفسانەدا،ئەو بیرۆکە سەرەکیەشی کە نەستی تاك لەچوار دەوری چڕ دەبێتەوە لە ئێستا و ڕابوردوودا.لێکۆڵینەوەی خەونی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەریدەخات کە نمونەکانی خەو،جیاواز نیە نەبەکەم و نە بەزۆر،لە ئەفسانەکانی سەردەمە کۆنەکان کە دەربڕینێکی بێئاگایی بوە بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئەوەی تاك دەیشارێتەوە لە ناخیدا بەرامبەر بیرۆکەی مردن.مرۆڤ هەوڵیداوە و لە هەوڵیشدایە بۆ نزیکبونەوە لە مەسەلەی مردن لە ڕێگای داهێنانی کۆمەڵێك هێما کە ئەفسانەی کۆن باسیان لێوەکردوە،و خەونەکانیشی لەسەردەمی نوێدا دەریاندەبڕێت. بەلێکۆڵینەوەیەك لە لێکۆڵینەوەکان کە بیری مرۆڤ بەرهەمی هێناوە بەدرێژایی سەردەمەکان دەیبینین کە مردن هیچ کاتێك قۆناغی کۆتایی نەبوە کە لەتوانیدایە سنورێك دابنێت بۆ بوونی تاك بەهەموو شێوەکانیەوە. بەڵکو هەمیشە وەك پڕۆسەیەکی ئەمینی داناوە بۆ پەڕینەوەی مرۆڤ بۆ بارێکی تری بوون، کە بە تەواوەتی جیاواز بێت لەو بارە ڕاهاتوەی لە ژیانی سەر زەوی.**

جا ئەو بارە باشتربێت لە پێش خۆی یان خراپتر ئەوا بوونی لە بیر و ئەندێشە و هەستی مرۆڤدا هەمیشە لەگەڵ بوونی بیری مردندا هاوتەریب بوون.بەهیچ شێوەیەك نابینین لە هیچ بەرهەمێکی فکری مرۆڤیدا کە بیرۆکەی مردن بە تەنها هەبێت بەو پێیەی کە ئەو خاڵەیە کە ڕێڕەوی مرۆڤی تیادا کۆتایی دێت .لەبەرئەوە ترس لەمردن بەهیچ شێوەیەك ترس نەبوە لە نەبوون.بەڵکو ترس بوە لە نادیار،لە بەجێهێشتنی بارێك کە زانیومانە و پێی ڕاهاتوین بۆ بارێکی تر کە نادیارە و نایزانین.

لە ئەفسانەکانی ناوچەکەشدا بیرۆکەی مردن ڕۆڵێکی گرنگی وازی کردوە. بەتایبەتیش لەو ئاینانەی بەپیتی کە لە بنچینەدا لەسەر بیرۆکەی مردنی سروشت و دووبارە زیندوبونەوەی وەستاون،کە ڕەنگدانەوەی مردنی خواوەندە و سەرلەنوێ زیندوبونەوەیەتی.بەلاَم مەسەلەکە دەگۆڕێت ئەگەر ئاستی بیرۆکەی مردنەکەمان گواستەوە لە ئاستێکی گەردونیەوە بۆ ئاستێکی تاکی مرۆڤ. تاك ناژی تەنها یەك جار نەبێت لەسەر ئەم زەویە و دواتر دەڕوات بەرەو جیهانی مردوان، ئەو وەکو سروشتی سەرلەنوێ تازەبۆوە نیە کە ژیان و زیندوبونەوەی دووبارە دەکاتەوە هەموو ساڵێك. وەکو خوای بە پیتیش نیە دەمرێت و دەژێتەوە لە سوڕێکی ئەزەلیدا.لەسەر ئەمەوە تەنها دوو جۆر لە ژیانی لەبەردەمدایە: پێش مردن و دوای مردن.باری دوای مردنیش بارێکی هەمیشەییە کە هیچ هیوایەکی لەگەڵدا نیە بۆ گەڕانەوە بۆ باری پێشوو، بەهیچ جۆرێك لە جۆرەکانی لەبەرگرتنەوە و چوونە ناوەوە،وەك لە ئەفسانەی ڕۆژهەلاَتی دووردا هەیە.خۆ ئەگەر جیهانەکەی تر بریتی بێت لە ماڵی مانەوە،ئیدی گرفت چییە؟ بارەکەی چۆنە؟ بارودۆخی خەڵکەکەی چۆنە؟ لەسەر ئەم پرسیارە سەر لێتێکدەرانە ئەفسانەکانی جیهانی ژێرەوە ڕووبەڕووی وەلاَمدانەوە بوون.

مرۆڤ لە سوریا و خاکی دوو ڕووباردا سەیری جیهانی ژێرەوەیان کردووە بەو پێیەی جیهانێکی ژێرەوە کە لە ژێر جیهانەکەی ئێمەوە هەیە بە ماوەیەکی زۆر دوورنا.چینێکی مام ناوەند پێکدێنێت لە نێوان ڕووی زەوی و ئاوی گشتگیری یەکەمیدا.سۆمەریەکان ناوی (( کور)) یان لێناوە. وشەی کور لە بنچینەدا بەمانای

**شاخ دێت.بەڵام بەو دڕندە بەهێزەش دەڵێن کە لە جیهانی ژێرەوەدایە و خواوەندە (( ئەرشیکیگال )) ی فڕاندوە وەك دەسکەوت دوای تەواوبوونی دروستکردن و پێکەوەنان. ئەو دڕندەیە ناوی خۆی داوە بە جیهانی ژێرەوە سەرەڕای ئەوەی نەگەڕاوەتەوە بۆ دەرکەوتن لە ئەفسانەکاندا و ناویشی لە پەرستەنەکاندا نەهاتۆتەوە.**

**ئەرشیکیگال خواوەندە ڕفێنراوەکەش کە (( ئانکی)) مەلەی کرد بۆ ڕزگارکردنی لە خراپەکانی (( کور)) سەرکەوتوو نەبوو لە گەڕانەوە بۆ زەوی جارێکی تر،تەنانەت لەسەر ڕێگەی (( برسیفۆنی)) هاوڕێ یۆنانیەکەی کە (( هادیس)) ڕفاندی،بەڵام بە میانگیری خواوەندە گەورەکان دەگەڕایەوە بۆ ژیان بۆ باوەشی دایکی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەهەموو ساڵێکدا،دادەخرا بە کۆتایهاتنی گەڕانەوەی بۆ نشینەکەی لە خوارەوە.ئەو ئەرشیکیگالەش پێدەچێت کە خانمی ڕەهای بەدەسەڵات بێت بۆ ئەو جیهانە ترسناکە و شوو دەکات بەخواوەندی تر کە لەگەڵ خۆیدا دەسەڵاتیان دەداتێ.بەڵام کور لەو جیهانەدا تەنها ناوی هەیە و هیچیتر، هەروەك سۆمەریەکان ناوی (( کیگال )) یان بڕیوە بەسەر ئەو جیهانەی ژێرەوەدا. بە واتای ژێرەوەی گەورە. ئالێرەوە ناوی (( ئاریشکیگال)) واتە خانمی ژێرەوەی گەورە هاتوە کە بابلیەکان لەدواتردا ناوی (( ئارانکیگالی)) یان بەسەردا بڕیوە کە لە وشە سۆمەریەکەوە وەرگیراوە هەروەك پێیان وتوە (( ئارگالا)). هەروەها ناوی جۆراوجۆریان بەسەر جیهانی ژێرەوەدا دابڕیوە وەك (( ئەریصتا تاری)) واتە ئەو زەویەی کە گەڕانەوەی لێوە نیە.تێبینی دەکرێت کە بەشی یەکەم لە وشەکە((ئەریص)) هاوشێوەیە لەگەڵ وشەی عەرەبی ( ارض )) واتە زەوی.**

**گیانی مردوان دەڕۆن بەرەو ئەو جیهانە–هەموو مردوان،بەبێ جیاوازی هەمووی بە چاك و خراپەوە دەڕۆن، هەژار و دەوڵەمەند، بەندە و شازادە،بەڵام هەموو مرۆڤێك بەهەمان پێگەی کە لە ژیانی یەکەمیدا هەیبوە دەپارێزێت،ئەمە لە بەڵگەیەکی تابلۆیەکی سۆمەریدا دەبینین کە باسمان بۆ دەکات دەربارەی مردنی یەکێك لە پادشاکانی سۆمەر و چۆن لەوێ هەستاوە بەوەرگرتنی قوربانی و دیاری بۆ ئەوەی پێشکەشی خواوەندی جیهانی ژێرەوەی بکات،چۆن ڕاپێچ کراوە بۆ ئەو شوێنەی**

**کە بە تایبەتی بۆی ئامادەکراوە.چوونە ژوورەوە بۆ جیهانی ژێرەوە کە گەڕانەوەی تیادا نیە لە ڕێگەی ئەو دەرچانەوە دەبێت کە لە زەویدا هەن وەکو ئەو دەرچانەی کە ڕۆژی لێهەڵدێت و ڕۆژی لێ ئاوا دەبێت، و ئەو دەرچەیەی کە گەلگامیش هەردوو ئامێرە موزیکیەکەی لێکەوتە خوارەوە وەکو لە دەقی داهاتوودا دەیبینین.بەلاّم هەموو گۆڕێکیش دەگونجێت بۆ دابەزین بۆناوی،گیانی مردوەکانیش خاوەنەکانیان بەجێدێڵن لە ڕێگەی گۆڕەکە خۆیەوە بۆ دوا مەنزڵگای.یەکەم جار کە تازەترین مردوو دادەبەزێت تووشی ڕووباری (( هابور)) دەبێت کە ڕووباری جیهانی ژێرەوەیە،بەلەمەوانی ڕووبارەکە بەخێرهاتنی لێدەکات کە ناوی (( هامۆ تابال)) و کە چوار سەری وەکو سەری باڵندەی هەیە،و بە بەلەمەکەی دەیگوێزێتەوە بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە کە دەرگاکانی شاری مردووانی لێیە. کۆنترین گرتەی جیهانی ژێرەوەمان بەردەست دەکەوێت لە ئەفسانەی ئنلیل و ننلیلدا، کە هێناومانەتەوە لە بەشی دروستبوندا کاتێك ئنلیل دوور دەخرێتەوە بۆ جیهانی ژێرەوە بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر خواوەندە ننلیل.بەلاّم ننلیل دوای دەکەوێت بۆ جێگەی دوورخستنەوەکەی و سێ جار لەگەڵیدا جووت دەبێت و لەهەر جارێکیشدا سکی لێپیپڕ دەبێت بە خواوەندێك لە خواوەندەکانی جیهانی ژێرەوە کە بریتین لە : (( میسلامێتیل)) و (( نرگال )) و (( ننازۆ )) و ((یەجیبیل)). و لە ئەفسانەکەوە شتێك دەربارەی جیهانی ژێرەوە و بەلەمەوانەکەی و دەروازەکانی دەزانین،بەلاّم ئەفسانەیەکی سۆمەری تر : دابەزینی (( ئانانا)) بۆ جیهانی ژێرەوە،ئەو کە ڕوونکردنەوەی دوور و درێژ و وەصفێکی ووردترمان پێشکەش دەکات. لەو ئەفسانەیەدا ئانانا خانمی ئاسمان و خواوەندی ڕووناکی و خۆشەویستی کورسیە ئاسمانیەکەی بەجێدێڵێت بۆ ئەوەی دابەزێت بۆ جیهانی مردووان،کە شانشینی خوشکە گەورەکەیەتی و خۆشەویستەکەی ئەریشکیگال خواوەندی تاریکی و مردن، لەسەردانێکی کاتیدا دەگەڕێتەوە بەدوایدا بۆ ژیانی دووەمی.ئەم گەشتەی ئانانا زانیاری پڕ ووردەکاریمان دەداتێ دەربارەی جیهانی بێگەڕانەوە.ئەو جیهانێکی پارێزراوە لەدوای حەوت دیواری بەرزەوە و حەوت دەرگای قایم کە پاسەوانی تورە و ناشیرینیان لەسەرە هەرکاتێ یەکێك لەدەرگای**

یەكەم نزیك بۆوە دەرگەوان ناوەكەی ئاشكرا دەكات تا ئەریشیكیگال بیبیستێ،دواتر دەبرێت بەهەر حەوت دەرگاكەدا، لەلای هەر دەرگایەكیش واز لە شتێ دەهێنێت لە كەل وپەلەكانی و جلوبەرگ و خشڵو جوانكاریەكانی بەپێی ئەو یاسایانەی كە دانراوە بۆ ئەو جیهانە.

تا وایلێدێت بە تەواوەتی ڕووت دەبێتەوە لەبەردەم ئەرشیكیگال و حەوت دەست و پێوەندەكانیدا، كە ئەوانیش لەخواوەندە گەورەكانی جیهانی ژێرەوەن بۆ دیاریكردنی چارەنوسی و جێگەكەی و بارودۆخی گشتی لەجیهانی مردواندا.بەلاّم ئەو ئەفسانەیە و هاوشێوەكانی لە بابلی و كەنعانی و ئەفسانەیەك نەبوون تایبەت دانرابن بۆ جیهانی ژێرەوە،بەڵكو بۆ ڕاڤەكردنی بیرۆكەی بنچینەیی لە ئاینە بە پیتەكانی و پەیوەست بە مردنی خواوەند و زیندوبونەوەی سەر لەنوێ.لەبەر ئەوە ئێمە بە ووردەكاریەوە باسیدەكەین لە ( بەشی خواوەندی مردوو)) ی داهاتوودا،لەم بەشەدا تەنها ئەو ئەفسانانە باسدەكەین كە لە بنچینەدا دۆزراونەتەوە بۆ دەربڕین لە جیهانی مردووان.

## ١ // دۆزەخی سۆمەری

ئەفسانەی سۆمەری باسێكی ووردو درشتی بۆ جیهانی مردووان : (( گەلگامیش و ئانكیدۆ و جیهانی ژێرەوە))ی پێشكەشی ئێمە كردووە،لەبەشی دروستبوندا باسمان لە پێشەكی ئەفسانە كردوە لە میانەی باسكردنەكەماندا دەربارەی چەمكەكانی سۆمەری لە بنچینەدا.

تابلۆكانی ئەفسانەكە دۆزراونەتەوە لەهەردوو شاری (( نیپور )) و(( ئور))ی سۆمەریدا و ژمارەیەك لەزاناكان هەستاون بەلەبەرگرتنەوەی دۆزراوەكان تیایدا و بلاّوكردنەوەیان بەلاّم وەرگێڕانی تەواو بۆ ئەفسانەكە تەواو نەكراوە لەسەر دەستی بەڕێز س. ن.كرێمەر.كە لە مۆزەخانەی ئەستانبوڵدا ژمارەیەك لە تابلۆی شكاو دۆزرانەوە كە ئەو لەبەرگیراو و بلاّوكراوانەی تابلۆ شكاوەكانی پێشووتریان تەواو دەكرد.هەستا بە ڕێكخستنی دەقەكە بە تەواوەتی بە شێوەیەك كە تێبگەیت لێی و بۆ یەكەم جار وەرگێڕدرا لەساڵی ١٩٣٨دا.

**ئەم وەرگێڕانی ئەفسانەیە و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکە گشتیەکەی بەهایەکی گەورەی هەبوو،لەبەرئەوەی ڕووناکی خستە سەر مەسەلەیەك کە نادیاری چواردەوری دابوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ.ئەو ڕوونیدەکاتەوە کە تابلۆی دوانزهەم لە داستانی گەلگامیشی بابلی بریتیە لە وەرگێڕانی کتومتی بەشی دووەم لە ئەفسانەی سۆمەری.بەوەش بۆچوونەکانی وەرگێڕ و لێکۆڵەرەوانی داستانی بابلی هاتنەدی،کاتێك بڕوایان وابوو کە تابلۆی دوانزەهەم تەنها چیرۆکێکی نامۆیە و خراوەتە چوارچێوەی داستانەکەوە بەبێ ئەوەی پەیوەندیەکی پتەوی هەبێت پێیەوە.لێرەدا دێمە سەر پێشکەشکردنی دەقی ئەفسانەکە بەپشت بەستن لەسەر هەردوو دەقی سۆمەری و بابلی لەبەرئەوەی دەقە بابلیەکە زۆرێك لە کەموکوڕی و بۆشاییەکان کە لەدەقە سۆمەریەکەدا هەن پڕ دەکاتەوە.چیرۆکەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دێت:١**

**لەدوای پێشەکیەکە دەقەکە دەچێتە سەر باسکردن دەربارەی درەختی حەلبو یان هەلبو ( کە پێدەچێت داری بی ) بێت کەلەسەر کەناری ڕووباری فورات ڕوواوە،ژیاوە و گەورەبوە بەهۆی ئاوەکەیەوە بەماوەیەك.بەڵام ڕۆژێك بای باشوور هەڵیکردوە و درەختەکەی لەڕەگ دەرکێشاوە و ئاوی لافاویش دارەکەی هەڵگرتوە. لەو کاتەدا خواوەندە ئانانا لەو نزیکانەوە ڕۆیشتوە و دەستی درێژکردوە و دارەکەی هەڵگرتوە بۆ ئیرێك ( وەرکا) شارە هەڵبژێردراوەکەی و جێگەی دالأنە پیرۆزەکەشی.کە لە باخچەکەیدا ڕواندویەتی و هەموو چاودێرییەکی کردوە و گرنگی پێداوە بۆ ئەوەی لەدارەکەی کورسیەك و جێگە نوستنێك دروست بکات کە گەورە بوو.**

---

1.Alexander Heidel ‹The Gilgamesh Epic ‹Phoenix Books ‹chicago 1970.
-E.A.Speiser ‹Akkadian Myths and Epics ( in: James pritchard‹Ancient near Eastern Texts ‹Edited ‹princetoni newjersey 19690
- S.N.Kramer‹Sumerian Mythology ‹Harper and Row ‹new york 1961.

سالآن تێپەڕی،درەختەکە گەشەی کردوو گەورە بوو.بەڵام مارێکی پیس لە بنەکەیدا جێگەیەکی بۆ خۆی گرتبوو، و لەسەر پەل و پۆکەشی باڵندەی زەبەلاحی زوش هێلانەی کردبوو.( کەلەبەشی ئەژدیهادا ناوی هاتبوو) بۆ بێچوەکانی و لەناوەڕاستیشیدا ( لیلیث ) شەیتانی چۆڵەوانی بارەگای بۆخۆی دانابوو.بەم شێوەیە ئانانای هەژار نەیدەتوانی بگاتە درەختە خۆشەویستەکەی.کەوتە ناخۆشی و دڵتەنگی و دەستی کرد بە گریان کە ئەو کچی خواوەندی هەتاهەتاییە،کە هەمیشە دڵخۆش بوە.دواتر ڕۆیشت بۆ لای براکەی(( ئۆتۆ)) خواوەندی ڕۆژ لەکاتی دەرچوونی بەیانیاندا لە ژووری نوستنەکەی و چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە لەگەڵ درەختی بیدا( هەلبو). بەڵام ئۆتۆ کەمتەرخەمیکرد لەهاوکاریکردنیدا بۆیە گەلگامیش ڕایکرد بۆلای کە پادشای ئۆرۆك بوو ( ئێریك) و پاڵەوانی ناوداریشی بوو( کە لە ئەفسانەیەکی تری سۆمەریدا بینیمان کە دڕندەی جەنگەڵی ئورز دەکوژێت) کە قەڵغانە ئەستورەکەی لەبەرکرد و تەورە گەورەکەی هەڵگرت.مارەکەی لە بنی دارەکەدا کوشت.کاتێ باڵندەی زو ئەم وێنەیەی بینی بەخۆی و بێچوەکانیەوە هەڵهات بۆ شاخەکان. بەڵام لیلیث ماڵەکەی پێچایەوە و گەڕایەوە چۆڵەوانی کە ڕاهاتبوو ڕاوبکات لەوێ.

لەوکاتەدا پیاوانی (( ئێریك )) بە ئارەزووکە لەگەڵ گەلگامیشدا بوون چوون دارەکەیان بڕی و پێشکەشیان بە ئانانا کرد تا کورسی و جێگەیەکی نوستنی لێدروست بکات.بەڵام ئانانا وەك پێزانینێك بۆ چاکەی گەلگامیش لە بنکەی دارەکە ئامێرێکی موزیکی بۆ دروستکرد کە بریتیە لە (( یاکۆ)). لە چڵەپۆپەکەشی ئامێرێکی تری بۆ دروستکرد کە بریتیە لە (( ماکۆ))- لەوەدەچێت یەکەمیان تەپڵ بێت و دووەمیش داری تەپڵەکە بێت. وەك دیاری پێشکەشی کرد.پاڵەوانەکە بەم دیاریانە دڵخۆش بوو لێرە و لەوێ موزیکی پێلێدەدا تا لە کونێکەوە لێیکەوتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە.دەستی درێژکرد تابیهێنێتەوە دەرەوە بێ سوود بوو لەوێدا دانیشت و خەفەتی خوارد بۆ ئامێرەکانی کە لەدەستی چووبوون:

ئەی(( یاکی )) کێ دەوگێڕێتەوە بۆ لام لەجیهانی ژێرەوە؟

ئەی (( ماکی )) کێ دەوگێڕێتەوە بۆلام لە جیهانی ژێرەوە؟

لێرەدا خزمەتکارەکەی ئەنکیدۆ گوێیلێدەبێت کە هاوەڵی بوو لە ئەفسانەکەی پێشوودا بۆ زەوی زیندووان و لە گەڵیدا دڕندە ترسناکەکەیان کوشت.بە پەرۆشەوە ڕادەکات بۆ لای:

گەورەم بۆچی دەگریت؟ لەسەر چی دڵت ژان دەکات؟
(( بەکوك )) ت لە جیهانی ژێرەوە بۆ دێنمەوە
و(( مەکوك ))یشت بۆ دەگێڕمەوە لەجیهانی ژێرەوە

گەلگامیش ئاگاداریدەکاتەوە لە مەترسیەکانی دابەزینی بۆ جیهانی ژێرەوە و یاساکانی جیهانی مردووان و پێیدەڵێت، کە پێویستە چی بکات و چی نەکات لەوێدا:

ئەگەر هەر سوور بویت کە دابەزیتە جیهانی ژێرەوە،
ئەوا من قسەیەکم هەیە کە پێت بڵێم و گوێی لێبگرە،
ئامۆژگاریەکت دەخەمە بەردەم و بەگوێی بکە.
جل وبەرگی پاك لەبەر مەکە . چونکە مردوەکان دێن بۆلات
خۆشت بۆنخۆش مەکە بەبۆنی خۆش،
بۆئەوەی بۆنەکە ڕایان نەکێشێت و لەچوار دەورت کۆببنەوە.
ڕم هەڵمەدە ( لەکاتی گەڕانتدا ) لەجیهانی ژێرەوەدا.
بۆ ئەوەی ئەو کەسەی بەر ڕمەکەت دەکەوێت نەکەوێت بەسەرتدا.
بەدەستیشتەوە چەك مەگرە بۆ ئەوەی تارماییەکان نەکەونە سەماکردن.
نەعل لە پێ مەکە.
لەجیهانی ژێرەوەدا نە بگری و نە هاوار بکە.
ژنە خۆشەویستەکەت قبوڵ مەکە،
کوڕە خۆشەویستەکەت قبوڵ مەکە.
و لەو کوڕەشت مەدە کە ڕقت لێیەتی.
بۆ ئەوەی هاواری جیهانی ژێرەوە نەتگرێت
( هاواری ) ئەو پاڵکەوتوە (( دایکی ننازۆ )) ئەو پاڵکەوتوە.

کە لەش ولاری دانا پۆشێت بە جلێك.

سنگە قەدەغەکراوەکەشی بەجلێك دانا پۆشێت ))

بەلاٚم ئەنکیدۆ گوێی نەدا بە ڕاوێژی گەورەکەی

[جلوبەرگێکی جوانی] کردە بەری

مردووەکان هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد،

خۆشی چەورکرد بە بۆنە خۆشە گرانبەهاکان،

بەهۆی بۆنەخۆشەکەیەوە لێی کۆبونەوە.

ڕمەکەشی لە جیهانی ژێرەوەدا هەڵدا.

ئەوانەی کە ڕمەکەی [بەریان کەوت] ڕایانکرد بەدوایدا.

[گرتی] بەدەستیشیەوە گۆچانێکی گەورە

تارماییەکان لەبەردەمیدا کەوتنە سەماکردن.

نەعلیشی لە پێ [کرد]،

[دروستی کرد]قەرەباڵغیەك [لەجیهانی ژێرەوەدا].

ئەو ژنەی خۆشی دەویست قبوڵی کرد،

لەو ژنەشیدا کە ڕقی لێیبوو.

ئەو کوڕەی خۆشیدەویست قبوڵی کرد،

لەو کوڕەشی دا کە ڕقی لێیبوو.

هاواری  جیهانی ژێرەوە گرتیان،

( هاواری ) ئەو پاڵکەوتوە (( دایکی ننازۆ )) ئەو پاڵکەوتوە*،

کە لەشی دانا پۆشێت بەجلێك،

و سنگە قەدەغەکراوەکەشی دا پۆشەرێك نایشارێتەوە،

---

* (( ئەرشیکیگال )) خۆی. ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێت لە بەدواچوونی بەندەکانی داهاتوودا لەدەقی بابلیدا نەك سۆمەری سەرەڕای ئەوەی کە ننازۆ یەکێکە لە مێردەکانی ئەریشکیگال بەلاٚم ئەفسانە هەمیشە ملکەچی گۆڕانکاری و جێگۆڕکێیە. دەبێتە مێرد ئەوەی کوڕە یان ئەوەی کوڕە دەبێتە مێرد . نمونەش لەسەر ئەوە زۆە لێرەدا بواری چوونە ناو ئەو بابەتەوە نیە.

**لەبەرئەوە ڕێگەی لێگیرا کە بگەڕێتەوە سەرەوە لە جیهانی مردوانەوە****

کاتێك ئەنکیدۆ دواکەوت لە گەڕانەوەدا، گەلگامیش زانی چی بەسەرهاتوە ،دەرونی شڵەژا، ڕایکرد بۆلای (( نیپور)) ( ئیکۆر لەدەقی بابلیدا) شاری خواوەند((ئنلیل)) لەبەردەمیدا کڕنۆشی برد و گریا و داوای یارمەتی لێکرد:

**[....] گەورەی کوڕی (( ننسۆن )) *** گریا بۆ خزمەتکارەکەی ئەنکیدۆ،**

**(( ئەی باوکە ئنلیل (( باکی )) کەوتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە.**

**هەروەها (( ماکیش )) کەوتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە( بەهەمان شێوە )**

**ئەنکیدۆم نارد بۆ ئەوەی بیانگێڕێتەوە بەلاّم جیهانی ژێرەوە گرتوویانە.**

**نە(( نمتار)) و نە (( ئاشاك )) نەیان گرتووە.**

**بەلاّم جیهانی ژێرەوە گرتویانە**

**لەشەڕدا نەکەوتوە، لە گۆڕەپانی پاڵەوانێتیدا**

**بەلاّم لە جیهانی ژێرەوە گرتویانە ))**

**ئنلیل بەیەك وشەش وەلاّمی نەدایەوە. ڕۆیشت بۆلای (( ئایکیشیرگال ))ولاّتی (( سن )).**

**ئەی باوکە(( سن )) ماکی کەوتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە**

**هەروەها بەهەمان شێوەش باکیش کەوتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە**

**ئەنکیدۆم نارد بۆ ئەوەی بیانگێڕێتەوە بەلاّم جیهانی ژێرەوە گرتوویانە.**

**نە(( نمتار)) و نە (( ئاشاك )) نەیان گرتووە.**

**بەلاّم جیهانی ژێرەوە گرتویانە**

**لەشەڕدا نەکەوتوە، لە گۆڕەپانی پاڵەوانێتیدا**

**بەلاّم لە جیهانی ژێرەوە گرتویانە ))**

**(( سن )) بەیەك وشەش وەلاّمی نەدایەوە و ڕۆیشت بۆ لای (( ئایابسۆ )) ولاّتی ((ئایا)) *****

---

** لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە دایکی ننازۆ بریتیە لە ئەریشکیگال.

*** گەلگامیش.وەك زانراوە کوڕی خواوەند(( ننسۆن)) ژنی خواوەند لۆگالبەندایە بەلاّم باوکی مرۆڤ بوە.

**** ئەریدۆ لە دەقی سۆمەریدا خاکی خواوەند (( ئانکی))یە.

ئەی باوکە (( ئایا )) باکی کەوتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە
هەروەك چۆن ماکیش کەوتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە
ئەنکیدۆم نارد بۆ ئەوەی بیانگێڕێتەوە بەلأم جیهانی ژێرەوە گرتوویانە.
نە(( نمتار )) و نە (( ئاشاك )) نەیان گرتووە.
بەلأم جیهانی ژێرەوە گرتویانە
لەشەڕدا نەکەوتوە، لە گۆڕەپانی پاڵەوانێتیدا
بەلأم لە جیهانی ژێرەوە گرتویانە ))
کاتێك باوکە (( ئایا )) [گوێی] [ لەوەبوو]
[بە نرگالی وت] پاڵەوانی نەبەرد*
نەرگال ئەی پاڵەوانی نەبەرد [ ئەی کوڕی بیلیتالی]
ئێستا کونێك بکەرە جیهانی ژێرەوە.
گیانی ئەنکیدۆ دەتوانێت لە جیهانی ژێرەوە بەرزبێتەوە.
[ ڕێگاکانی جیهانی ژێرەوە بۆ براکەی باس دەکات ]
نرگال پاڵەوانی نەبەرد هات بەدەم داواکەی (( ئایا ))وە
یەکسەر کونێکی کردە جیهانی ژێرەوە
گیانی ئەنکیدۆی لێ هاتە دەرەوە وەکو هەوا
( هەردوو هاوڕێ ) یەکتریان ماچ کرد
دوایی کەوتنە قسە و گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکدا
– ئەی هاوڕێم پێم بڵێ، ئەرێ هەواڵم پێنادەی هاوڕێم،
باسی ئەو ڕێگایانەم بۆ بکە لە جیهانی ژێرەوە کە بینیت.
– ئەی هاوڕێم پێت ناڵێم ، پێت ناڵێم.
– بەلأم ئەگەر پێویست بێت پێت بلێم.بەو ڕێگایانەی کە بینیم

---

* نرگال مێردی ئەریشکیگال کە زاناکانی بۆشایی ئاسمان ناویان لە دۆڵێکی سەر هەسارەی مەریخ ناوە.

( یەکەم )جار دانیشە و بگری،

– دائەنیشم و دەگریم

– [لاشەم...] کە دەستتی بەرنەکەوت ( لەکاتی ماچکردنەکەدا ) و دڵت خۆش بوو.

هەوا ووردو خاشی کرد هەروەك پارچە قوماشێکی دڕاو

( لاشەیەك ) پڕە لە خۆڵ*

هاواری کرد ئەی هاوار و بەڕوودا کەوتە سەر زەوی

گەلگامیش هاواری کرد ئەی هاوار و بەڕوودا کەوتە سەر زەوی

-(( ئایا ئەو کەسەت بینی کە منداڵی نەبوو؟ )) بەڵێ بینیم

( دوو دێڕ شکاون ))

– (( ئایا ئەو کەسەت بینی کە یەك کوڕی هەبوو؟ )) بەڵێ بینیم

ئەو لەکرنۆشدا بوو لای دیوارەکەوە و بەدڵ سوتاوی دەگریا...

– (( ئایا ئەو کەسەت بینی کە دوو کوڕی هەبوو؟ )) بەڵێ بینیم

ئەو لەماڵێکدا دەژی کە لە خشت دروستکرابوو نانی دەخوارد

-(( ئایا ئەو کەسەت بینی کە سێ کوڕی هەبوو؟ )) بەڵێ بینیم

ئەو ئاو لەکانیاوەکانی قوڵاییەوە دەخواتەوە

-(( ئایا ئەو کەسەت بینی کە چوار کوڕی هەبوو ؟ )) بەڵێ بینیم

دڵی خۆش بوو وەکو ئەوەی [....]

– (( ئایا ئەو کەسەت بینی کە پێنج کوڕی هەبوو؟ )) بەڵێ بینیم

دەستی کراوەبوو وەك نوسەرێکی باش

سەوڵی لێدەدا بۆ جێگای ( جیهانی مردووان ) بە ئاسانی و سانایی

– (( ئایا ئەو کەسەت بینی کە شەش کوڕی هەبوو ؟ )) بەڵی بینیم

---

* واتا گەلگامیش ئەولاوئەولای تارمایی ئەنکیدۆی ماچکردوە لەکاتێکدا لاشەی لە جیهانی ژێرەوەدابوە.

[....]

- (( ئایا ئەو کەسەت بینی کە حەوت کوڕی هەبوو؟ )) بەڵێ بینیم

ئەو نزیکە لە خواوەندەوە و ئەو [....]

( ژمارەیەك لە پرسیار کە ناوەڕۆکیان دیارنەبوو بەهۆی هەندێ کەموکوڕییەوە).

- (( ئایا ئەو کەسەت بینی کە لە گۆڕەپانی شەڕدا کوژرا؟ )) بەڵێ بینیم

باوك و دایکی لاشەکەیان گرتوە و ژنەکەشی لای سەریەوە دەگری

- (( ئایا ئەو مردووەت بینی کە لاشەکەی لە چۆڵەوانیدا بەجێهێڵرابوو؟ )) بەڵێ بینیم.

گیانی پشوونادات لەجیهانی ژێرەوەدا.

-(( ئایا ئەو مردووەت بینی کە کەس نیە گرنگی بدات بە گیانەکەی ؟ )) بەڵی بینیم*

ئەو پیسایی دەخوات و ئەوەی لە ڕێگاکاندا فڕێدەدرێت لە پارچەی نانی شکاو

ئەم ئەفسانەیە ئامانجگەلێکی پێکاوە.لە پێشەکیەکەیدا ڕاوبۆچوونی سۆمەریەکانی دەربارەی دروستبوون پیشان داین.هەروەها هۆکاری بوونی ئەریشکیگال لە جیهانی ژێرەوەدا.لێیەوە هۆکاری ناونانی جیهانی مردووانمان زانی بە (( کور)). و بارودۆخی مردووان تیایدا. سەرەڕای ئەوە پێدەچێت ئەفسانەکە ئامانج گەلێکی هەبێت پەیوەست بێت بە دیاریکردنی ژمارەیەك لەهەڵس و کەوتە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانەوە. تیایدا هانی زیادبوونی لەدایکبوونی دەدا چونکە تاك بە ژمارەی منداڵەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە لە ژیاندا هێناونیەتە بوون.هەروەها جەختکردنەوەی تیادابوو لەسەر دابونەریتی ناشتن و لەسەر پێویست بونی پێشکەشکردنی قوربانی بۆ گیانی مردووەکان بۆ ئەوەی لەجیهانی تردا وەك خواردن بیخوات.

---

* مەبەست لێرەدا ئەوەی زیندوان پێشکەشی دەکەن لە قوربانی بۆ گیانی مردووانیان.

# ٢// دۆزەخی بابلی

ئەگەر بچین بۆ بابل و ئاشوور ئەوا دەبینین کە وێناکردنی ئەکەدیەکان بۆ ئەو جیهانی تر و بارودۆخی مردووان تیایدا بریتیە لە بەردەوامبوونی ئەندێشەی سۆمەری،لەو ئەفسانانەی کە مەبەستەکە دەپێکێت لەو بوارەدا. ئەفسانەی شازادەیە لە جیهانی ژێرەوەدا،و ئەفسانەی نرگال و ئەریشکیگالە.

ئەفسانەی (( خەوی شازادە)) لەئاشوور لەسەر تابلۆیەکی گەورە دۆزرایەوە کە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین. دەقی ئەفسانەکە پەخشانییە و لە دێڕی درێژ پێکهاتووە. کە دەقێکی زۆر بەنرخە و تاڕادەیەك تەواوە و لە باسکردنیشیدا ووردە و زمانەکەشی ڕوون و ئاشکرایە.ئەفسانەکە دەربارەی شازادەیەکی ئاشووری دەگێڕێتەوە کە ناوی (( کۆمایا)) یە زۆر حەزی بەبینینی جیهانی ژێرەوە دەکرد. بۆ ئەو مەبەستە قوربانی زۆر دەدا بۆ ئەرشیکیگال و مێردەکەی نرگال و نوێژی بۆ دەکردن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکەی.لە کۆتاییدا ئاواتەکانی هاتنە دی بەڵام لە خەوداو وەکو ئەوەی کەلە خەودا بێت بینی کە خۆی دابەزیوەتەماڵی کۆتایی و سیماکانی بینی و خەریك بوو ببێتە بەندکراوی دواتر گەڕایەوە بۆ ئەوەی کە بینیبووی لە خەوی ناخۆش بیگێڕێتەوە:

### خەوی شازادە لە جیهانی ژێرەوەدا ٢

(( کۆمایا)) درێژبوو بۆ ئەوەی لە ئێوارەدا بخەوێ ،خەوێکی ( سەیری) بینی: ((خۆشیە تۆقێنەرەکەیم بینی)) : (( نەمتارم)) بینی کە شالیاری جیهانی ژێرەوەیە و گەورەی چارەنوسەکانێتی.بەدەستی چەپیەوە توکێکی پڕی پێکەوە نوساوی پێبوو و پیاوێکیش کەلەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو لەبەردەمیدا بوو، و بەدەستی ڕاستیشیەوە شمشێرێکی گرتبوو[....].

---

2.E.A.Speiser،Akkadian Myths and Epics،( in:J.Pritchard.Ancient Near Gastern Texts،Edited،Princeton ،newjersy 1969).

(( نمتار نۆ)) ژنەكەشیم ( بینی) . كە سەری (( كۆربیۆی)) هەبوو،بەلاَم هەردوو دەستی و هەردوو قاچی مرۆڤی بوون.بەلاَم خواوەندی مردن سەری ئەژدیهای هەبوو  دوو قاچ و دوو دەستی مرۆڤی هەبوو [....]

(( شیددی خراپەكارم * ( بینی) . كە سەر و دەستی پیاوی هەبوو.لەسەر سەریشی مێزەرێك هەبوو،قاچەكانی قاچی باڵندە بوون.بەلاَم (( لۆگابۆ)) سەری شێری هەبوو ،چوار دەست وقاچی مرۆڤی هەبوو.

(( موكیل دیش لیمۆنی)) م ( بینی). سەری باڵندەی هەبوو و دووباڵی كراوەی هەبوو پێیان دەفڕی دەهات و دەچوو. بەلاَم دەست و قاچەكانی مرۆڤی بوون.((حەموتابال)) م بینی بەلەمەوانی جیهانی ژێرەوە. سەری باڵندەی زوی هەبوو بەلاَم دەست وقاچەكانی مرۆڤی بوون. [....] سەری گا، دەستوقاچەكانی مرۆڤی بوون.(( ئۆتۆكۆ))ی خراپەكارم بینی، سەری شێری هەبوو دەست و قاچەكانی باڵندەی زوو بوون و (( شولاع)) یش كە بەهەمان شێوە سەری شێری هەبوو،بەلاَم لەسەر هەردوو قاچی ئیل ڕادەوەستا.(( مامیتۆ))م ( بینی).سەری بزن و دەستوقاچی مرۆڤی هەبوو.(( ننیدۆ)) پاسەوانی دەرگای جیهانی ژێرەوە،سەری شێر و پەلوپۆی باڵندەی هەبوو. (( فیمالیۆ)) دوو سەر بوو،یەكێكیان شێر و دووەمیان هی [....] .

[....] سێ پێ.دوانی باڵندە و سێیەمیان هی گا بوو،كە ترس و شكۆداری پێوەدیاربوو.دوو خواوەندم بینی ناوەكانیانم نەزانی،یەكێكیان سەر و پەل و پۆی باڵندەی زوی هەبوو و [....].ئەویتریان سەری مرۆڤ و مێزەرێكی لەسەر بوو بەدەستی ڕاستی گۆچانێكی گەورە و بە دەستی چەپیشی [....] ،هەموو ئەوانەی كە بینیمن پانزە خواوەند بوون و هەموویانم پەرست.سەرەڕای ئەمانەش ،پیاوێك هەبوو. لەشی ڕەش بوو وەك قیر،دەموچاویشی وەك دەموچاوی زوو بوو و عەبایەكی سوری لەخۆی پێچابوو،بەدەستی چەپی كەوانێكی پێبوو،بەڕاستیشی شمشێرێكی هەڵگرتبوو.قاچی چەپیشی وەك مار وابوو.

---

* ئەو ناوە نامۆیانەی لێرەدا هاتوون هی خواوەند و دێوڕەفتارەكانی جیهانی ژێرەوەن.

چاوم بەرزکردەوە و بینیم لەبەردەم (( نرگالی )) پاڵەواندام کە دانیشتبوو لەسەر عەرشی گەورەییەکەی،لەسەر سەری مێزەری پادشایی هەبوو،بەهەردوو دەستیشیەوە دوو چەکی ترسناکی پێبوو بۆ هەر چەکێکیش دوو سەر هەبوون.[....] لەقولاییەکانەوە هەورە تریشقە دەردەچوون، لەلای ڕاست و چەپیەوە،ئانوناکی خواوەندە گەورەکان بەچەماوەی دانیشتبوون.( سەیری چوار دەوری خۆمم کرد) جیهانی ژێرەوە پڕ بوو لە ترس و بێدەنگی . (( نرگال)) دەستی درێژکرد و چمکێکی گرتم و ڕایکێشام بۆلای خۆی.

کاتێك سەیرم کرد هەموو گیانم دەلەرزی.شکۆداریەکەی داپۆشیم و کەوتم بەسەر هەردوو قاچیدا و بە کڕنۆشەوە ماچم کردن.کاتێك هەستامەوە،سەیری کردم و سەری ڕاوەشاند.بەڕوومدا هاوارێکی بەرزی کرد و نەڕەیەکی توڕەشی کرد وەکو گەردەلولێکی توند وابوو و گۆچانە پاشایەتیەکەشی بەدەستەوە بوو،کەهەر شانشینەی گەورەیەکی هەبوو،ترسناك وەك ماری پیس.لێمنزیکبۆوە بەمەبەستی کوشتنم.بەلأم ڕاوێژکارە بە بەزەییەکەی(( ئیشۆم)) کە گیانەکان دەپارێزێت و ڕاستی و ( دادپەروەری) خۆش دەوێت پێیووت:

(( ئەی پادشای جیهانی ژێرەوە.ئەو پیاوە مەکوژە.[ژیانی ڕزگار بکە] بۆ ئەوەی هەواڵی گەورەیی تۆ بگاتە هەموو لایەکی سەرزەوی. هێز و دەسەلأتیشت بۆ خراپەی زۆردارەکان)) نرگال توڕەییەکەی هێوربۆوە وەك ئاوێکی سارد.

دواتر وتی: بۆچی ژنە خۆشەویستەکەمت شاژنی ئەم جیهانی ژێرەوەت بێزارکردووە؟ کە فەرمانەکانی گەڕانەوەیان بۆ نیە و دەبێت جێبەجێبکرێن و دەڵێت خوێنڕێژی جیهانی ژێرەوە (( بیبلۆ)) بداتە دەست دەرگاوان (( لۆگال سۆلا)) و ئەویش پێشتکەوێت لە میانەی دەروازەی عەشتاردا.

دوایی شازادە لەخەونەکەی ڕادەپەڕێت بەترسەوە،و ڕادەکاتە دەرەوەی ماڵەکەی سەرلێشێواو لە شەقامەکانی شاردا و هاوار دەکات ئای...قوڕ بەسەرم...،گڵ وخۆڵ بەسەری خۆیدا دەکات و لەدەمیدا دەیجوێت و بەخەڵکی ئاشوور دەڵێت کە لەدەوری کۆببنەوە کەلە ئەرشیکیگال و نرگال بترسن و لەسەر فەرمانەکانی ئەوان بڕۆن.

**ئیبلیسی بابلی یان(( نرگال )) و (( ئەریشکیگال )) :**

دەقی ئەم ئەفسانەیە لە گردی عەمارنە دۆزرایەوە لە میسر لەگەڵ ئەفسانەی ئادبا کە لە بەهەشتدا باسمان کرد،ئەم دوو دەقە بەکاردەهێنران لە پۆلی خوێندنی زمانی ئەکەدیدا بۆ خوێندکارە میسریەکان،ئەو پارچە شکاوانەشی کە ئەم ئەفسانەیە لەخۆدەگرن دابەش بوە لەنێوان مۆزەخانەی بەریتانی و بەرلیندا.ئەو پارچانەش لەیەك تابلۆ جیابونەتەوە.

ئەفسانەکە هۆکاری بوونی نرگال لەجیهانی ژێرەوەدا دەگێڕێتەوە و چۆن بوە بە پادشا لەوێ و بوە بە مێردی ئەریشکیگالی تۆقێنەر:٣

کاتێك خواوەندەکان سفرەخوانێکی ( گەورەیان ) ڕێکخست
نێردراوێکی خۆیان نارد
بۆلای خوشکیان ئەریشکیگال ( پێی ڕابگەیەنێ ):
(( ئایا ئێمە دەتوانین دابەزین بۆ لات
چونکە تۆ ناتوانیت بێیتە سەرەوە بۆ لامان
ئەرێ نێردراوێکی خۆت دەنێریتە سەرەوە تا بەشی خۆتت بۆ بنێرین؟ ))
ئەریشکیگال شالیارەکەی خۆی (( نمتاری )) نارد
نمتار سەرکەوت بۆ ئاسمانی بەرزی کۆتایی
چوە لای خواوەندەکان کە کۆببونەوە
هەموویان هەستان بۆ پێشوازیکردنی نمتار
نێردراوی خوشکە بەدەسەڵاتەکەیان

ئەو دێڕانەی دواتر دێن تا کۆتایی پارچەکە شێواون بە تەواوەتی بەڵام ئێمە لەمیانەی ڕێچکەی دەقەکەدا لەدواتردا دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجێنین کە هەموو خواوەندەکان بۆ ڕێزگرتن لە نمتار هەستاون تەنها یەکێکیکیان نەبێت کە((نرگال))

---

3.ibid.
J.Gray ،near Eastern Mythology،Hamlyn،london 1969.
A.Heidel،Galgamesh Epic، Phoenix Books،chicago.1970

بوە کە هەڵنەساوە و بە دانیشتنەوە ماوەتەوە.نێردراوەکە ئەوەی بۆ خانمەکەی گێڕایەوە کاتێك گەڕایەوە،بۆ ئەو بێڕێزیە زۆر توڕە بوو و نمتاریش بەڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە بۆ کۆڕی خواوەندەکان و داوای کرد کە (( نرگال))ی ڕادەست بکەن وەك دیلێك بۆ ئەوەی نەفرەتی مردنی بەسەردا بڕژن.

**وتی: (( ئەو خواوەندەی لەبەردەم نێردراوەکەمدا نەوەستاوە**

**پێویستە ڕادەستم بکرێت بۆ ئەوەی بیکوژم ))**

**نمتار بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی قسەکانی بۆ خواوەندەکان**

**خواوەندەکان هێنایانە ژوورەوە بۆ ئەوەی گوێیلێبگرن :**

**(( ئەو خواوەندە بگرن کە لەبەر دەممدا ڕانەوەستا**

**وبینێرن بۆلای خانمەکەم ))**

لەدوایدا نمتار دەستی کرد بە بژاردنیان و بینی خواوەندێك لەدواوە دیارنیە:

**(( ئەو خواوەندەی لەبەرم هەڵنەستا لێرە نیە ))**

**گەڕایەوە بۆلای ( خانمەکەی ) و هەواڵەکەی پێدا**

**[....] بژاردمن**

لەدوای ئەمە چەند دێڕێکی شێواو دێت.لێیەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت کە ئەرشیکیگال دووبارە فشاری خستۆتە سەر کۆڕی خواوەندەکان و ئەوانیش بۆ داواکەی ملکەچ بوون:

**(( بیبەن بۆلای ئەرشیکیگال )) گریا و پاڕایەوە**

**لەبەردەم باوکیدا ئایا(( ئەرشیکیگال )) بەدوامەوەیە**

**ئەو نایەوێت بژیم )) (( دەرونت ناترسێت ***

**حەوت دێو ڕەفتارت دەدەمێ لەگەڵ حەوتی تر**

**لەگەڵتدا دەڕۆن..موتابریك****

**شارابدۆ،ڕابیصۆ،تیرید،ئیدیینۆ**

---

* قسەکە بۆ ئایایە.

** ژماردنی ناوی دێوڕەفتارە چواردەکەن

**ئومۆ،لیبۆ[ ئەوانە ئەو چواردە دێو ڕەفتارانەن کە لەگەڵتدا دێن] بەو شێوەیە**

**کاتێك نرگال گەیشتە بەردەم دەرگاکە**

**ئەرشیکیگال هاواری کرد وتی: (( دەرگاکەت بکەرەوە ئەی دەرگەوان،**

**کێلونەکەی هەڵگرە تا بێمە ژوورەوە و لەبەردەم خانمەکەتدا بوەستم**

**ئەرشیکیگال ، ناردوێتی بە شوێنیدا )) دەرگاوانەکە ڕۆیشت**

**بە نمتاری وت : (( خواوەندێك لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستاوە**

**ئەریٚ دێیت تا بیپشکنی و بێتە ژوورەوە )) نمتار ڕۆیشت**

**کاتیٚ بینی بەدڵخۆشی [....]**

**خانمەکەم ئەوە ئەو خواوەندەیە کە بزر بوو**

**چەند مانگێکە لەبەرچاوم نەماویت و دەرنەکەوتویت.**

**(( بۆم بێنن،من دەیکوژم هەرکاتیٚ هاتە بەردەمم ))**

**نمتار ڕۆیشت و بە نرگالی وت: بڕۆ ژوورەوە گەورەم**

**بۆ ماڵی خوشکەکەت،بەخێرهاتنت دەکات**

**( دێڕە لەناوچووەکان )**

بەڵام پلانی نرگال کە داینابوو بە هاوکاری ئایا وابوو کە لەگەڵ دێو ڕەفتارەکانی کە لە گەڵیدا بوون هەڵبکوتنە سەری، لە چرکە ساتی چوونە ژوورەوەیاندا بۆلای پادشای جیهانی ژێرەوە و بەسەریدا زاڵ بن:

**[....] وەستاوە لەسەر دەرگای سێیەم و (( موتابریك )) لەسەر چوارەم**

**(( شارابدۆ )) لەسەر پێنجەم و (( ڕابیصۆ )) لەسەر شەشەم.**

**(( تبرید ))**

**لەسەر حەوتەم ، (( ئیدیینۆ )) لەسەر هەشتەم.(( بینۆ ))**

**لەسەر نۆیەم، و(( صیدانۆ )) لەسەر دەهەم.(( میکیت ))**

**لەسەر یانزەهەم ،و(( بیلۆبری )) لەسەر دوانزەهەم**

**(( ئۆمۆ )) لەسەر سیانزەهەم ، و (( لیبۆ )) لەسەر چواردەهەم**

**بەو شێوەیە بەندیان کرد لەناو کۆشکەکەیدا**

**بە نمتاری جەنگاوەریشی فەرمانیکرد کە دەرگاکان بکاتەوە***

**بە چاوتروکاندنێك دەگەمە لات**

**لەناو کۆشکەکەدا ئەرشیکیگالیان گرت**

**و بەقژ ڕاکێشان هێنایانە خوارەوە لەسەر عەرشەکەی.**

**بۆ سەر زەوی تاسەری ببڕن.(( ئەی برام مەمکوژە.قسەیەکم هەیە پێت بلێم ))**

**(( نرگال ))گوێیڕادێرا و دەستەکانی خاوبونەوە،لەکاتێکدا ئەو دەگریا**

**و دەپاڕایەوە:**

**(( دەبیتە مێردم و دەبمە ژنت،و شانشینێکت بۆ دروست دەکەم**

**و دەبیتە دەسەڵاتدار بەسەر جیهانی ژێرەوەی گەورەدا.لەدەستتدا دایدەنێم**

**تابلۆکانی دانایی،دەبیتە گەورە( بەدەسەلات )**

**و منیش دەبمە ژنت )) کاتێك نرگال ئەو قسەیەی بیست**

**بەرزیکردەوە بۆلای خۆی و ماچی کرد و فرمێسکەکانی سڕیەوە:**

**(( ئەوەی لەمنت داوادەکرد کە پێی هەستم لە ماوەی چەند مانگی ڕابووردووە.**

**ئێستا بۆت دێتە دی ))****

**بەو شێوەیە ئەفسانەکە کۆتایی پێدێت بە شێوەیەك کە جێگەی سەرسوڕمانە بۆ ئەو لێکچوونە ئاشکرایەی کە لە هێڵە گشتیەکاندا هەیە لە نێوانیدا و لەنێوان ئەفسانەی (( لۆسیفر)) لە ڕێنماییە مەسیحیەکاندا.هەروەك چۆن نرگال خواوەندێکی ئاسمانی بوو و دابەزی بۆ ژێرەوە بەهۆی ناڕازیبوونی بە پیشاندانی ڕێزگرتن لە نێردراوی خواوەندە ئارشیکیگال ،لەبەرئەوە گۆڕدرا بە خواوەند لەجیهانی تاریکی و مردندا. مەسەلەی لۆسیفریش هەروابوو کە باسمان بۆ دەکەن.باوانی کەنیسە و چۆن گۆڕدراوە لە گەورەی فریشتەوە بۆ ئیبلیس گەورەی شەیتانەکان.**

**( لەنێوان فریشتەکانی کە خودا دروستیکردوون،فریشتەیەکی زۆر جوان هەبوو**

---

* ئەم دێڕە و ئەوانەی دواترم بەدەستکاریەوە وەرگێڕاوە.( نوسەر)

** واتە پێشکەشکردنی ئەرکی ڕێزگرتن.

ناوی (( لوسیفر)) واتە هەڵگری ڕووناکی بوو.یەکێکیش بوو لە ڕیزی فریشتە نزیکەکان کە گەورەیی خوا و دەسەڵاتی خوایان ڕەنگدەدایەوە.کاتێك خودا ئادەمی دروستکرد،لوسیفر هەستی بە پێگەی تایبەتی ئەو بونەوەرە تازەیە کرد کە خودا پێیدابوو،زۆر بە ووردی سەیری ناخی سیانەی پیرۆزی کرد و زانی کە خودا بۆ ئەو بونەوەرە پێگەیەکی بەرز و بەرزتری بۆ ئامادە دەکات کە هەڕەشە لە پێگەی لوسیفر خۆی دەکات کە لەو بڕوایەدا بوو ئەو بەرزترینە لەناو هەموو بونەوەرەکاندا، پارچەیەکی زۆر نایابە لە دەستکردی خودا.لوسیفر بە چاوی دڵی زیاتری لەوە بینی، خودا خۆشی لە ئایندەدا دەردەکەوێت لەلاشەی مرۆڤی لەقوڕی ئادەمی دروستکراو.

سەرەڕای ئەوەی کە لوسیفر بە تەواوەتی دەزانێت کە نەفرەتی هەتاهەتایی لێدەکرێت لە ئەنجامی شۆڕش بەسەر خواوەندەکاندا،پێی باش بوو کە هەڵبگەڕێتەوە و هەڵیبگرێتەوە بۆ کاتی کۆتایی کە واز لە ڕۆح زلی و شکۆی فریشتەیی بەرز بهێنێت.ئەوەش بە جێگەیاندنی ئەرکی ملکەچی بۆ کەسێك کەلەو ئاستی نزمترە و کەمتریش بەرزترە.لۆسیفر توانا سەربەستەکەی خۆی بەکارهێنا کە خودا پێیدابوو بەتەواوەتی و بێکەموکوڕی و هەڵگەڕانەوەی ڕاگەیاند لەوەی کە ڕێزی پیشاننەدا بۆ ئادەم وەك خودا فەرمانیکرد بەهەموو فریشتەکان.

لەدواییدا بە هەزاران فریشتە پشتیوانیان لێکرد.کاتێك ویستیان دەربکەون بۆ ڕووناکی خوای گەورە،پاڵی پێوەنان بۆ جیهانی تاریکی هەتاهەتایی.فریشتەکان بونە شەیتان و لۆسیفریشیان لەسەروو هەموویانەوە بوو بە گەورەی ڕەهای شانشینی شەڕو تاریکی،دوژمنی خودا و مرۆڤ) ٤.

پێدەچێت زانینی هەندێ داب و نەریتی ناشتن لەلای دانیشتوانی کۆنی ناوچەکە بیرۆکەیەکی ڕۆشنمان بداتێ دەربارەی سروشتی بۆچوونەکانیان بۆ ئەو جیهانەی تر و سروشتی بەردەوام بوون تیایدا. پێدەچێت کۆنترین دەق کە سوودمان

---

4.Alan watts،Myths and Ritual in christiaity،Thames and Hudson، London،1983 PP41-45.Newyork 1954،P41.

پێبگەیەنێت لەو بوارەدا تابلۆیەکە لەسەردەمی پادشای سۆمەری(( ئۆرۆکاجینا)) ی پادشای (( لەکش)) ، کە باس لە چاکسازیەکانی دەکات تیایدا.هەندێ لەو دەقە تایبەتکراوە بۆ داب و نەریتی بلاو لە ناشتنی مردواندا دەخوێنینەوە: (( کاتێك مردوو دادەنرێت لە گۆڕەکەیدا لەگەڵیشیدا حەوت کوپەڵە مەی دادەنرێت، و ٤٢٠ پارچە نانیش،دوو وەزنە لە گەنم، عەبایەك، و سەرینێکیش)) دۆزراوەکانیش هاوجووتە لەگەڵ ئەو دەقەدا بەڕێژەیەکی زۆر. لەشاری (( ئور)) و (( کیش)) هەڵکۆڵینەکان ژمارەیەکی زۆر لەو گۆڕانەی دۆزیەوە.لەهەموو گۆڕستانێکدا جۆرەها خواردن و جل وبەرگ و خشڵ و هەندێ سەرە ڕم نێژرابون لەگەڵ مردووەکەدا.

ژمارە و بڕی کەل و پەلە نێژراوەکان زیاد دەکات بە بەرزبونەوەی پێگەی کۆمەلأیەتی مردوەکەدا.تەنانەت گۆڕستانی پادشاکان ژمارەیەك لەلاشەی خزمەتکار و دەست و پێوەندەکانیشی لەگەڵدا دەخەنە گۆڕەکانەوە ئەوانەیان کە پێویست بوو لەگەڵیدا بمرن بۆ ئەوەی ببنە هاوەڵی لە جیهانی ژێرەوە بەلأم نەزانراوە بەشێوەیەکی وورد ئەو ڕێگەیەی کە ئەو دەست وپێوەندە دڵسۆزانەی پێمردوون.بەلأم پێدەچێت کە ئەو کەسانە جۆرێك لە ژەهری زۆر کوشندەیان خواردبێتەوە.

بوونی ئەو جۆرە شتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مردووانی ئەو جیهانی تر بەهەمان شێوە بۆ ژیانیان هەمان ئەو شتانەی مرۆڤ بەکار دەهێنن لەو ژیانەدا دەخۆن و دەخۆنەوە و ئازار دەچێژن بەهەمان شێوە.بەلأم خواردنەکان خۆشییان لەگەڵدا نیە و خواردنەوەکانیش دڵخۆشییان تیادا نیە و خەوێکی قورسیش وەك خەوە ناخۆشەکانی لەگەڵدایە.بوونیان بە تەواوەتی بونێکی چەق بەستوییە نەگەرمی و نە جوڵەی تیادا نیە.تەنانەت خواردن و خواردنەوەکانیشیان وەستاوەتە سەر ئەوەی کە دانیشتوانی جیهانی سەرەوە پێشکەشیان دەکەن لە قوربانی و سەربڕاوەکان،ئەگینا تۆز و خۆڵ دەخۆن.بەهەمان شێوە ئەگەر لاشەکانیان نەنێژرێت لە گۆڕەکانیاندا بەو شێوە زانراوەی کە هەیە و لە چۆڵەوانیدا بەجێهێڵران ئەوا گیانەکانیان خۆشی نابینێت و تاهەتاهەتایە

سەرلێشێواو دەبێت.لەوانەیە ئەو گیانە سەر لێشێواوانە ببنە هۆی بێزارکردنی ژیانی زیندووەکان و ژیانیان لێناخۆش دەکەن.بۆ نمونە ئەم دەقە بخوێنەرەوە( کە لەلایەن KING وە وەرگێڕدراوە:

**ئەی ڕۆژ ئەی خوایە.. تارماییەکی تۆقێنەر هاتۆتە کۆڵم.**
**لەشەو و ڕۆژدا دوام دەکەوێت وەکو سێبەرم،وا لەمووی قژم دەکات کە لە ترسا ڕابوەستێت،**
**دەموچاوم لە ترسا گڕدەگرێت..دەمم وشکە وەك خۆڵ،لاشەم سڕبوە و ئیفلیجە..**
**ئایا ئەو گیانە سەرلێشێواوە و جێگە بەخۆی ناگرێت؟ گەر ئەمیان بێت یان ئەویان**
**بێت ئەی ڕۆژ ئەی خواکەم لێتدە پاڕێمەوە : ئەو عەبایە بۆ لەبەرکردنی،**
**ئەوەش پێڵاوە بۆ قاچی، پارچەیەك پێستیش بۆ ناوچەی کەمەری ،ئاوی**
**ڕوونیش بۆ خواردنەوەی، خۆراك و ئازوقەش بۆ کاروانەکەی هەموو ئەمانە..**
**بابڕوات بۆلای ڕۆژئاوای ڕۆژ ڕادەستی نیدۆ دەکرێت گەورەی پاسەوانی**
**جیهانی ژێرەوە بۆ ئەوەی بیخاتە ژوورەوە و لەدوایەوە قوفڵی دەکات )).**

لێرەدا پێویست بوو لەسەر خزمی مردوو بینێژێت بەپێی ڕێوڕەسمی پیادەکراو و پێدانی بەوەی کە پێویستی پێیەتی تا بگاتە جیهانی ژێرەوە. لەدواتردا بەردەوامبون لە پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوەی و جل و بەرگ بۆی دوای ناشتنی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی جیاوازەوەوپێشکەشکردنی قوربانی بۆ خواوەندی جیهانی ژێرەوە بۆ ئەوەی بە بەزەیی بێت لەگەڵیدا. ئەو ڕێوڕەسمە ماتەمینی و قوربانیکردنانە لەهەموو شت زیاتر هاوکاری مردوە دەکات.

بەڵام ئەی سوودی کاری چاکە بۆ ئەم حاڵەتە چیە، لەکاتێکدا هەمووان بۆی دابەزن بەبێ هەڵاوێردن،هەموویان وەکو یەك مامەڵە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا کە پێگەی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێت کە مردوو لە پێشدا هەیبووە؟ لە ڕاستیدا کاری چاکە بۆی هەیە سوود بەخاوەنەکەی بگەیەنێت لەو ژیانەدا.ترسی خودا و پەرستنی و دروستکردنی پەرستگا بۆی و دواکەوتنی فەرمانەکانی،هەموو ئەمانە بۆیان هەیە کە ژیان و تەمەنی خاوەنەکەی درێژ

**بکاتەوە.لە وتە بڵاوەکان لەو بوارەدا دەڵێت (( قوربانی تەمەن درێژ دەکات.. ترس لە ئانۆناکی ڕۆژەکانت درێژ دەکاتەوە لەسەر زەوی)).**

**لەسیفەتەکانی (( جۆلا)) خواوەندی پاککردنەوە ئەو تەمەنی بەندەکانی درێژدەکاتەوە.هەروەها نزایەکیش دەخوێنینەوە بۆ یەکێ لە پادشا بابلیەکان خوایە لێت دەپاڕێمەوە کە بمپارێزیت لە گوناه بە گەورەیی خۆت،و ژیانێکی درێژم پێببەخشە و تەمەنێکی درێژیش.لەدەرروونی کوڕە گەورەکەمدا بیلشازار دا ترسی خۆت بڕوێنە.بۆ ئەوەی نزیك نەبێتەوە لە گوناه بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژی هەبێت )).**

**دەربارەی تەغلات بیلاصاری یەکەم وتەکەی دەربارەی باوکی دەخوێنینەوە کە ((ئەوەی دەستی پێشکەشی کردوە لە قوربانی و کردار کە دڵی خواوەندی خۆش کرد و تەمەنێکی درێژ ژیاوە)) و دەربارەی سەرگۆنی ئاشوری وتەکەی دەخوێنینەوە کە (( بۆ تەندروستی باش و تەمەن درێژی و بەردەوامبوونی دەسەڵات کڕنۆشت بۆ دەبەم ئەی خوایە و دەتپەرستم)). بە پێچەوانەی ئەوەوە گوناه تەمەن کورت دەکاتەوە و زنجیرەی ڕۆژەکان دەپچڕێنێت. هەروەك یەکێ لە دەقەکان دەڵێت کە (( ئەوەی لە خودا نەترسێ ستونەکەی دەشکێت وەك لولەی قامیش)).**

## ٣// دۆزەخی تەوراتی

**تێڕوانینی تەورات بۆ مردن و ئەو جیهانی تر ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی خەڵکی وڵاتی دوو ڕووبارە.جیهانی مردووان بریتیە لە جیهانی ژێرەوە کە گیانی هەموو مردووەکانی بۆ دەڕوات بەبێ جیاوازی.کە تیایدا پیاوانی ئاینی و خەڵکی ئاسایشیشی لەگەڵ یەکدا دەبێت.پڕۆسەی مردن تەنها قۆناغێکە کە تاك ڕاپێچدەکات لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر لە دۆخەکانی بوون،لە ڕێگەی جیاکردنەوەی ڕۆح لە لاشە. نوسەرانی تەورات ڕای خۆیان دەربارەی ڕۆح لەلاشە دەربڕیوە بە گووتەیان:لەگەڵ باوانیدا ڕاکشاوە.لەوانەیە ئەو ڕستەیە لە بنەچەدا مانای ئەوە بێت کە مردوو لە گۆڕستانی باوان و هۆزەکەیدا بنێژرێت وەك چۆن لە بەشی دروستبوندا دەیبینین ٥ : (( کاتێك ڕۆژەکانی ئیسرائیل نزیك بۆوە و خەریك**

بوو دەمرد یوسفی کوڕی بانگکرد و پێی وت : من نیعمەتێکم لە چاوی تۆدا بینیەوە ئەوا دەستت لە ژێر ڕانمدا دابنێ و چاکەیەك و ئەمانەتێکم لەگەڵدا بکە،لەمیسردا مەمنێژە،بەڵکو لەگەڵ باوانمدا ڕادەکشێم و لە میسرەوەهەڵمبگرە و لە گۆڕستانەکەیاندا بمنێژە)).

بەلأم ئەو مانایە لە دواتردا بەکارهات بۆ جیابونەوەی ڕۆح لە لاشە لەهەر کوێیەك بوایە گەر بنێژرایە لە گۆڕستانی باوانیدا یان لە خاکێکی نامۆدا.لەبەشی هەواڵی ڕۆژانی دووەمدا دەخوێنینەوە ٦ : (( دوایی ئاحاز لەگەڵ باوانیدا ڕاکشا،لە ئۆرشەلیم ناشتیان لەبەرئەوەی ئەوان نەیانهێنا بۆ گۆڕی پادشاکانی ئیسرائیل)) بەهەمان شێوە لەگەڵ کوڕی ئاحازیشدا هەروا بوو کە لە گۆڕستانی باوانی نەیانناشت بەڵکو لە باخچەیماڵەکەی پادشاکانی دووەمدا ناشتیان ٢١ : ١٨ لەزۆر جێگای تردا دەخوێنینەوە کە فلأن کەس لەگەڵ باوانیدا پاڵ کەوت و دوایی ناشتیان.هەمان مەسەلە لە پادشاکانی دووەم ٨ : ٢٤ و پادشاکانی یەکەم ١٤: ٣١ و ١٥ :٨ و جێگاکانی تردا.

ڕۆحەکان یەکسانن لە چارەنوسیاندا وەکو ئەوەی هەیە لە ڕۆشنبیری خاکی دووڕووباردا : زیندوبونەوە نیە لەوێدا و حسابکردنیش نیە و پاداشت و سزاش نیە.بەڵکو بونێکی قورسی وەستاو هەیە، بەردەوامیەك کە خۆشی و گەشەکردنی تیادا نیە. لەبەشی زانکۆ دەخوێنینەوە(( هەروەها لە ژێر ڕۆژدا لە جێگەی ڕاستی زۆرداریم بینی،لەجێگەی دادپەروەریش چەوساندنەوەم بینی، لەدڵی خۆمدا وتم خودا قەرز دەداتە باش و خراپ لەبەرئەوەی بۆ هەموو مەسەلەیەك و بۆ هەر کارێکیش کاتێك هەیە لەوێدا لەدڵی خۆمدا وتم،لەڕووی کاروباری مرۆڤەوە خودا تاقیاندەکاتەوە و بۆ ئەوەی پیشانیان بدات کە ئەوان وەك ئاژەڵ وان. لەبەرئەوەی ئەوەی بەسەر مرۆڤدا ڕوودەدات بەسەر ئاژەڵیشدا ڕوودادەت، هەردووکیان یەك ڕووداوە ، مردنی ئەو وەك مردنی ئەو وایە و هەردووکیشیان یەك بەشیان

---

٥. سەردەمی کۆن،بەشی دروستبوون، ئەصحاحی ٤٧ : ٢٩-٣١.

٦. سەردەمی کۆن،هەواڵی ڕۆژانی دووەم،ئەصحاحی ٢٨ : ٢٧.

هەیە.هیچ جیاکەرەوەیەکی زیاتر نیە بۆ مرۆڤ بەسەر ئاژەڵاندا. لەبەرئەوەی هەردووکیان ناڕاستن.هەردووکیان بۆ یەك جێگە دەڕۆن.هەردووکیان لەخاکن و بۆ خاکیش دەگەڕێنەوە.کێ دەزانێت ڕۆحی مرۆڤ سەردەکەوێت بۆ سەرەوە؟یان ڕۆحی ئاژەڵ دادەبەزێت بۆ ژێرەوە؟ بینین هیچ چاکەیەك نیە کە مرۆڤ پێی دڵخۆش بێت بەکارەکانی لەبەرئەوەی ئەوە بەشیەتی )) ٧ .

لێرەدا نوسەری ئەم بەشە بڕوای نیە بەهیچ جۆرێك لە جۆرەکان بە بەردەوامبوونی مرۆڤ لەدوای مردنی چونکە ژیانی تەواو دەبێت لە چرکەساتی مردنیدا کاتێك لاشەی دەگەڕێتەوە بۆ خاك حاڵی وەکو حاڵی هەموو ئاژەڵان،بەڵام ڕۆحەکەی گومان هەیە لێی. ئایا بەرزدەبێتەوە بۆ سەرەوە یان دادەبەزێت بۆ ژێرەوە؟.

کاتێك بەشی ئەشعیا دەخوێنینەوە پادشای لەخوارتس و پاك حەزقیا دەرونی ڕووە و بیرۆکەی مردن دەڕوات کە جیهانی زیندوان بەجێبهێڵێت کاتێك پەیامبەر ئەشعیا لە هەواڵی نزیك بونەوەی مردنی ئاگاداری دەکاتەوە.چونکە ئەو دەیزانی کە ژیانی کۆتایی باشتر نیە لە ژیانی یەکەمی تەنانەت بۆ ئەو مرۆڤانەشی کە هەموو ژیانیان لەخزمەتی خواوەنددا بەسەر بردووە. کاتێك گریا بیری خوای هێنایەوە هەموو ئەو کارانە لە پێناو خوادا ئەنجامی دابوو و داوای لێکرد کە تەمەنی درێژ بکات خواش بە میانگیری ئەشعیا قسەی لەگەڵدا کرد : (( بڕۆ و بە حەزقیا بڵێ : خوایە بە داودی باوکتی وا ووت: من نوێژەکەتم بیست و فرمێسکەکانیشتم بینی. ئەوا من ڕۆژانی ژیانت زیاد دەکەم بە ١٥ساڵ)) ٨ .بەو شێوەیە پاداشتی کاری چاکە لەو دونیانیە بەڵکو لەسەر زەویە و لەم ژیانەدایە.خودا دەستی درێژ دەکات لەتەمەنی پیاوچاکدا و ڕۆحی پیاو خراپیش دەکێشێت، تەواو وەك ئەوەی لەبیری ئاینی بابلیدا هەیە ئەم بیرۆکەیەش دووبارە دەبێتەوە لە زۆر جێگەدا لە تەوراتدا: (( ڕێز لەدایك و باوکت بگرە بۆ ئەوەی تەمەنت درێژ بێت لەسەر زەوی کە خواکەت دەداتێ)) ٩ .(( ترس لە خودا تەمەن

---

٧. سەردەمی کۆن: بەشی زانکۆ،ئەصحاحی ٣: ١٦-٢٢.

٨. سەردەمی کۆن،بەشی ئەشعیا ، ئەصحاحی ٣٨: ١.

درێژ دەكات و تەمەنی دوو ڕوەكانیش كورت دەكات )) ١٠ (( ئەی كوڕم شەریعەتەكەم لەیادنەكەی، دڵیشت ئامۆژگاریەكانم لە یاد نەكات ئەوە تەمەنت درێژ دەكات و ساڵانی ژیانت ئارام دەكات)) ١١ بەڵام كەواتە بۆچی دەبینین مرۆڤێكی باش لەو پەڕی گەنجێتیدا دەمرێت و یەكێكی خراپیش تەمەنی درێژ دەبێت؟ تەورات بۆ ئەمە وەڵامێكی پێكەنیناوی دەداتەوە كە لە بەشی ئەشعیادا دەخوێنینەوە .١٢ (( پیاو چاكێك مرد لەدڵیدا هیچ تێڕامانێك نەبوو. خەڵكی خواپەرستی لەخۆ گرت.هیچ كەسێكی تێگەیشتوو كە خەڵكی خراپ پیاوچاك بگرێتە خۆ)) واتە مردنی پیاوچاكان لەتەمەنێكی كەمدا مانای ڕزگاربونیانە لە كارەسات و خراپەكانی داهاتوو كە لەوانەیە توشیان ببێت.جا مردنەكەیان لەو كاتە زووەدا ڕزگار بونیانە وەك لە پادشاكانی دووەمدا ٢١: ٢٠ دەخوێنینەوە،قسەی خوا بۆ بۆئەشعیای پیاوچاك (( ئەوە دەتخەمەوە ناو باوانتەوە، بچۆرە گۆڕەكەتەوە بە ئارامی و بە ئاشتی و چاوەكانت هیچ خراپەیەك نابینێت كەمن دەیهێنم بەسەر ئەو جێگەیەدا)) بەڵام ژیانی خراپەكاران و درێژی تەمەنیان پەند لێوەی هەرچەندە قوڵ بێت پیاو چاكێكی وەكو ئەیوب بڕوا پێناهێنێت كاتێك دەبیستین كە دەنگی بەرزدەكاتەوە بۆ سكاڵا و هاوار دەكات: بۆچی دوو ڕووەكان دەژین و تەمەنیان درێژ دەبێت و تواناكانیان گەورە دەبێت.نەوەكانیان لەبەردەمیاندا دەمێننەوە،خزمەكانیان و منداڵەكانیان لە بەرچاویاندایە، ماڵەكانیان سەلامەتە لە ترس و قامچی خودا بۆیان بەرز ناكرێتەوە))١٣.ئەو پیاو خراپانە كاتێكیش دەمرن لەگەڵ پیاو چاكاندا دەڕۆن بۆ یەك ماڵ هەروەك چۆن بۆی دەڕوات لە نیعمەتەكان و لە خراپەكانیش لەم ژیانەدا.چ داناییەك هەیە لەمەدا: (( ئەوە دەمرێت لەو پەڕی خۆشیدا كە ئارامی و خۆشی

---

٩.سەردەمی كۆن، بەشی دەرچوون،ئەصحاحی ٢٠-١٢.

١٠.سەردەمی كۆن،بەشی پەندەكان،ئەصحلحی ١٠ : ٢٧.

١١.سەردەمی كۆن : بەشی پەندەكان، ئەصحاحی ٣: ١-٢.

١٢.سەردەمی كۆن،ئەشعیا،ئەصحاحی ١:٥٧.

١٣. سەردەمی كۆن : ئەیوب ، ئەصحاحی ٢١: ٧-٩.

باڵی بەسەردا کێشاوە،ئەوەش دەمرێت لەوپەڕی ناخۆشیدا و چێژی خۆشیەکی نەکردوە. هەردوکیشیان لەناو خاکدا ڕادەکشێن وکرم دەیانخوات.خراپەکار دەمێنێتەوە تاڕۆژی لەناوچوون، و بۆ ڕۆژی توڕەبون ڕاپێچدەکرێن.ئایا کێ ڕێگاکەی بۆ دیاریدەکات، و کێش پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەوەی کە کردوویەتی)) ئەیوب ۲۱: ۳۱.

لەمەزموری ۷۳دا ئەم پرسیارکردنە هەستپێدەکەین.(( بەلاّم من خەریك بوو قاچەکانم هەڵبخلیسکێن لەبەر ئەوەی من وەکو خۆبەزلزانەکانم لێهاتبوو کاتێ سەلامەتی خراپەکارانم بینی.لەبەرئەوەی لەمردنەکانیاندا قورسی و ناخۆشی نیە ولاشەکانیان قەڵەون لەماندووبوندا نین و لەگەڵ مرۆڤیشدا توش نابن.گاڵتە دەکەن و قسەدەکەن بەخراپە بەزۆرداری و لەبەرزیەوە قسەدەکەن، ئەوە خراپەکارانن و لەخۆشیدان تاهەتاهەتایە و سەروەت و سامان پێکەوە دەنێن)).

وەك پێشتر وتمان کە تەورات ئەو جیهانی تری واخەیاڵ کردبوو هەروەك ئەفسانەکانی ناوچەکە وێنایان کێشابوو کە بریتیە لە جیهانی ژێرەوە و دەکەوێتە ژێر ئەم جیهانەوە. و ئەو جیهانەی ژێرەوەی بە وشەی عیبری (( شیئۆل)) دەربڕیوە کە وەرگێڕاوە عەرەبیەکانی بەمانای (( دۆزەخ ))* دێن.

باگوێ لە ئەیوب بگرین کە چۆن وەصفی ئەو جیهانە دەکات ١٤ : (( من وەکو ئەوەبووم کە هەرگیز نەبوبێتم لەسکەوە بۆ ناو گۆڕ دەبرێم.ئایا ڕۆژەکانم تا ئێستا دەستیان لێهەڵگرتووم.پشوودەدەم پێش ئەوەی بەجێیبێڵم بەجێهێشتنی کەسێك کە ناگەڕێتەوە بۆ زەوی تاریکی و سێبەری مردن. زەوی تاریك وەك شەوی دەیجور،تارمایی مردن کە سیستەمی تیادا نیە و ڕۆژگاریشی وەکو دەیجور وایە)) ئەیوب ۱۰ : ۱۹-۲۲.

---

* وەرگێڕدراوە عەرەبیەکان دوو دەربڕین بۆ وشەی (( شیئۆل)) دادەنێن یەکەمیان (( هاویە)) و دووەمیشیان (( دۆزەخ)).

١٤.سەردەمی کۆن،ئەیوب،ئەصحاحی ۲۱: ۲۳-۳۱.

هەر لە ئەیوبەوە دەزانین دەربارەی ئەو دۆزەخە و دەرگاکانی کە لە دەرگاکانی جیهانی ژێرەوە دەچێت لە بابل ١٥ : (( داوام نیە بەلاٌم دۆزەخ ماڵەکەمە لەناو تاریکیدا جێگاکەم خۆشکرد و بەخراپەم وت تۆ باوکمی و بەکرمەکانیشم وت تۆ دایك و خوشکمی.ئیدی کوا داواکاریم.داواکاریم کێ ئەیبینێ. ئەو دادەبەزێت بۆ دەرگاکانی دۆزەخ)). هەروەها دەربارەی دەرگاکانی دۆزەخ لە ئەشعیادا دەخوێنینەوە ١٦ (( وتم من لە نیوەی تەمەنمدام دەڕۆم بەرەو دەرگاکانی دۆزەخ،پاشماوەی تەمەنم بێ بەشکرد)).

ئەم دەقانەی دادێن جەخت دەکەنەوە لەسەر جێگەی خوارەوەی دۆزەخ کە لە عاموسدا ١٧ دەخوێنینەوە(( ئەگەر دابەزین بۆ دۆزەخ کێ لەوێدا دەستیان دەگرێت یان بەرزبونەوە بۆ ئاسمان کێ لەوێ دایاندەگرێت )). لە سوپاسگوزاریشدا ١٨ ((لەبەرئەوەی ئاگر دادەگیرسێت بە توڕەبونم دەگەشێتەوە بۆ دۆزەخی خوارەوە)).

لەئەشعیاشدا ١٩ دەخوێنینەوە(( بەلاٌم تۆ بەرەوخوار چوویت بۆ دۆزەخ بۆ نزمترین چاڵ یان دۆڵ)). لەبەشی دروستبوندا ٢٠ یەعقوب باپیرە گەورەی ئیسڕائیل دەبینین دەگری بۆ کوڕەکەی یوسفی ونبوو کەوا گومان دەکات کەمردبێت و ڕۆیشتبێت بۆ جیهانی ژێرەوە.ئاواتە خوازە کە بمرێت و پێیبگات (( هەموو کوڕ و کچەکانی سەرەخۆشی لێدەکەن و ئەو قبوڵی ناکات و دەیوت منیش دادەبەزم بۆ لای کوڕەکەم و دەلاوێنمەوە بۆ دۆزەخ،و باوکی بەسەریدا گریا)).لەبەشی صامۆئیلی یەکەمدا ئەوە دەزانین کە ئەو پەیامبەرە لەدوای مردنی دابەزی بۆلای شیئۆل وەکو خەڵکانی تر،کاتێك شائۆل لەگەڵ یەکێ لە جادوگەرەکاندا ڕێکدەکەوێت لەسەر هێنانی تارمایییەکەی لەو جیهانی ترەوە دەبینین کە

---

١٥. سەردەمی کۆن،ئەیوب،ئەصحاحی ١٠: ١٩-٢٢.

١٦. سەردەمی کۆن،ئەشعیا،ئەصحاحی ١٣٨: ١٠.

١٧. سەردەمی کۆن،عاموس،ئەصحاحی ٩: ٣.

١٨. سەردەمی کۆن،سوپاسگوزاری،ئەصحاحی ٣٢: ٢٢.

١٩. سەردەمی کۆن،ئەشعیا،ئەصحاحی ١٤ : ١٥.

٢٠. سەردەمی کۆن،دروستبوون،ئەصحاحی ٣٧: ٣٥.

تاریماییەکە بەرزدەبێتەوە لەسەر دەربڕینی تەورات بۆ زەوی و گوێمان لە صامۆئیل دەبێت دەڵێ (( صامۆئیل وتی: بۆ دوودڵت کردم بە سەرکەوتنت بۆ لام)).لە بەشی حەزقیالدا ٢١ (( عێلام و هەموو سەربازەکانی لەوێن لە چواردەوری گۆڕەکەی کە هەموویان بە شمشێر کەوتون.کە دابەزیون بە پێچراوەیی بۆ خاکی ژێرەوە)).لەخەوی ئەشعیادا پادشای بابل دێتە خەیاڵیەوە کە دابەزیوە بۆ جیهانی ژێرەوە ڕادەکەن بۆ پێشوازیکردنی گەورە و سەروەری مردووان(( دۆزەخ لە ژێرەوە ڕازاوەتەوە بۆ پێشوازی هاتنت و هەموو گەورەکانی زەوی بە پێوە ڕاوەستاون بۆ سلاو لێکردنت،هەموو پادشاکانی گەلان لەسەر کورسیەکانیان هەستاون،هەموویان وەلامدەدەنەوە و پێت دەڵێن تۆش وەکو ئێمە بێهێز بویت و وەکو ئێمەت لێهات)).

لەم پەرەگرافەی کۆتایی ئەشعیاوە ئەوە بەدەستدەخەین کە مردووان لەو جیهانی تردا پێگەی خۆیان دەپارێزن کە هەیانبوە،هەروەك چۆن لە تێڕوانینی بابلیشدا هەبوە.پادشاکان لەسەر کورسیەکانیان هەستاون و گەورەکان ڕایان کردوە بۆ پێشوازی هاتووی نویّ، ئەوان لەو دونیاشدا گەورەن هەروەك چۆن لە دونیای یەکەمیشدا گەورەبوون.لە دەقە جیاوازەکانی تریشەوە ئەوە هەڵدەهێنجین بۆ دڵنیابون لەوە.دەبینین کە جەنگاوەرانیش دادەبەزن بۆلای شیئۆل بەهەموو چەك و کەلوپەلەکانیانەوە،لەبەشی حەزقیالدا : (( بەهێزەکان دەکەون و بەپێچراوەیی دادەبەزن بۆ دۆزەخ بەکەلوپەلە جەنگیەکانیانەوە)).صامۆئیل کاتێك جادوگەرەکە تارماییەکەی ئامادە دەکات لەهەمان شێوەدا دەردەچێت و لەهەمان جل و بەرگیشدا کەوا ڕاهاتوە کە لە بەریبکات،(( پێی وتی ئەوە چیت وێناکردووە وتی پیاوێکی پیر کە دێتە سەرەوە و کە جوبەیەکی لەبەردایە.شاولْ زانی کەئەوە صامۆئیلە دەمەو ڕوو کەوتە سەر زەوی و کڕنۆشی بۆ برد)). بەلام ئەو پێگەیە زۆر سوود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت لە شیئۆلدا لەبەرئەوەی ئەو دەمێنێتەوە بەزەوی تاریکی و بێدەنگی و لە بیرچوونەوە.هەروەك چۆن جیهانی ژێرەوە بیْ دەنگە کاتێك کە ئەنکیدۆ بۆی دابەزی و ئامۆژگاریەکانی گەلگامیشی هەڵگرتبوو کە هیچ

---

٢١. سەردەمی کۆن،حەزقیال،ئەصحاحی ٣٢: ٣٤.

دەنگێك دەرنەکات لەویٚ.هەروەها شیئۆل ئاوهایە. لە مەزموری ٩٤ دا دەخوێنینەوە : (( ئەگەر خودا پشتیوانم نەبێت ئەوا خۆم بەخێرایی نیشتەنی دەکرد لەزەوی بێدەنگیدا)). و مەزموری ١١٥ (( مردووەکان سوپاسگوزاری خودا ناکەن و ئەوانەشی کە بەرەو زەوی بێدەنگی دەچن)) کە خاکێکی چۆڵ و وێرانەیە (( دۆزەخ پێشی ڕووتە و لەناوچوونیش داپۆشێنەری بۆ نیە)) ئەیوب ٢٦. ئەوە خاکی لەبیرچونەوەیە : (( ئایا لە تاریکیدا سەیرو سەمەرەکانت دەزانی، یان چاکەکانت لەزەوی لەبیرچوونەوەدا)) مەزموری ٨٨.

زەوی جیهانی ژێرەوە لە سۆمەر و بابلدا خودای تایبەتی خۆیان هەبوو کە جیاوازە لەخواوەندی ئاسمان و زەوی و ئەوانی تر ناوێرن لێی نزیك ببنەوە ئەگینا تووشی ئەوە دەبوون کە مرۆڤی لەناوچوو تووشی دەبێت وەك چی بەسەر ئانانادا هات لەکاتی دابەزینیدا بۆ ئەویٚ. بەڵام تەورات باسی وەکیلەکانمان بۆ ناکان کە کاروباری جیهانی ژێرەوە بەڕێوە دەبەن بەڵام ئێمە بەدڵنیایی دەزانین کە ئەو جیهانە ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یەهوەوە و مردوانیش لەوێدا نایپەرستن. و سوپاسگوزاریشی بۆ ناکەن.لەمەزموری ٦دا دەبینین کە خاوەنی مەزمورەکە لەخودا دەپاڕێتەوە کە لە مردن ڕزگاری بکات و بۆئەوەی زۆر سوپاسگوزاری بکات لەسەر نیعمەتەکانی و بیری بێنێتەوە کە خەڵکانی ئەو جیهانی تر سوپاسگوزاری ناکەن(( بگەڕێوە ئەی خوایە و خۆت ڕزگاربکە، لە پێناو بەزەیتتدا ڕزگارم بکە لەبەرئەوەی لە مردندا ناوهێنانی تۆ نیە، لەدۆزەخدا کیٚ سوپاسگوزارت دەبێت؟)) (( بەزەیی و مافی تۆ ڕوودەدات لە گۆڕدا و لە مردندا ؟ ئایا لە تاریکیدا سەیرو سەمەرەکانت و چاکەکانت لەزەوی لە بیرچونەوەدا دەزانیت)).

بەشی کۆمکار((جامعە)) بۆمان دەگێڕێتەوە دەربارەی زاڵبوونی هێزگەلی کوێر بەسەر شیئۆلدا و دەربارەی پێویستی پێدانی مرۆڤ لەوەی کە دەتوانێت لەم ژیانەوە بیبات چونکە لەدوای ئەم ژیانەوە لەبیرچوونەوە دێت.لە ئەصحاحی ٩دا ئەو وشانە دەخوێنینەوە کە تاڕادەیەکی زۆر لە قسەی ئەو کچەی مەیخانەکە دەکەن کە بە گەلگامیشی وت : (( بڕۆ نانەکەت بەخۆشی بخۆ و مەیەکەشت بەدڵێکی باش بخۆرەوە..باجلەکانت لەهەموو کاتدا سپی بن..چێژ ببینە لە ژیاندا

لەگەڵ ئەو ژنەی خۆشت دەوێت..لەبەرئەوە ئەوە بەستە لە ژیانتا و لەو ماندوبنەی کە ماندوو دەبیت لەژێر ڕۆژدا. ئەوەی بەردەستت دەکەوێت لە ئیش بیکە بەهێزی خۆت لەبەرئەوەی نە ئیش و نە داهێنان و نە زانست و نە دانایی هەیە لەدۆزەخدا کە تۆ بەرەو ئەویٚ دەڕۆیت)).

مرۆڤ جێگیر دەبێت لەجیهانی هەتاهەتاییدا و نەزیندوو دەبێتەوە و نەهەڵدەسێتەوە: (( پێکەوە پاڵدەکەون و هەڵناسن و دەکوژێنەوە وەك ئەو فتیلەیەی کە دەکوژێتەوە)) ٢٢ (( خەوێکی هەمیشەیی دەخەون و هەڵناسنەوە)) ٢٣ .لەوە دەچێت جوانترین پەرەگراف کە باسی ئەوەمان بۆ دەکات قسەی ئەیوب بێت لە ئەصحاحی ١٤ دا : (( لەبەرئەوەی درەختیش داواکاری هەیە ئەگەر بڕایەوە کۆتەرەی دەبێت و باڵەکانی لەناو نابرێت .ئەگەر بەچەکەی لە زەویدا هەڵکێشرا و ڕەگەکەشی لە خاکدا مرد ئەوا بە بۆنی ئاو فووی تێدەکرێت و چڵی نوێی لێدەڕوێتەوە وەك چاندن،بەلاٌم پیاو دەمرێت و دەبڕێتەوە،مرۆڤ گیان لەدەست دەدات و ئیدی کوا. ئاو لە دەریاکەدا دەبڕێت و ڕووباریش وشك دەکات و نامێنێت،مرۆڤیش کە پاڵکەوت هەڵناسێتەوە)).دەتوانرێت بووترێت کە مەسەلەی مردن و جیهانی تر لەتەوراتدا چارەسەرکراوە بە زۆرێك لە نادیاری و دژ بە یەکیەوە.ئەوەی دەقە لەدواتریشەکان پێشکەشی دەکەن جیاوازە لەوەی کە دەقە لە پێشینەکان پێشکەشیان کردووە.

ئەم مەسەلەیەش وەکو هەموو مەسەلەکانی تری تەورات ملکەچی پێشکەوتنی لەسەر خۆو درێژ بوون کە لەبیری تەوراتیدا چاپ بوون بە ڕێچکە دوورودرێژکەیدا لەکاتی دەرچوونەوە تا بەدیلگرتن و گەڕانەوە لە بابل.بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین سیٚ قۆناغ جیابکەینەوە کە بیرۆکەی مردن و ئەو جیهانی تر لە تەوراتدا بڕیویانە.قۆناغی یەکەم جیادەکرێتەوە بە بێدەنگی تەواو دەربارەی جیهانی دوای مردن و بە ئاماژەیەکی دوور بۆ جیهانی ژێرەوە کە چۆنێتی نازانرێت و بارودۆخی

---

٢٢. سەردەمی کۆن،ئەشعیا،ئەصحاحی ٤٣: ١٧.

٢٣. سەردەمی کۆن ،ئەرمیا،ئەصحاحی ٥١: ٣٩.

ژیانیش تیایدا ، ئەم قۆناغە پێویست بوو ئەگەر ئەوەمان بەجێگەی سەرنج وەرگرت کوا ئاینی موسا لەسەرەتایدا درێژکردنەوە و بەردەوامی یەکتاپەرستی ئەخناتونی بووە و پەرچەکرداریش بوە بۆ ئاینی ئامونی فەرمی کە ناوی(( ئاتون)) ی نەهێشت و پەرستیارەکانیشی دەچەوساندەوە و پەیکەری پەرستنە کانیشی ڕووخاند. لەکاتێکدا کە ژیانی کۆتایی ڕۆڵێکی گەورەی دەگێڕا لە ئاینی ئاتونیدا ،بۆیە پێویست بوو کە بیرۆکەی ئەو ژیانی کۆتاییە لە ئاینە نوێکەدا بسڕێتەوە کە زۆر لە هەوڵ و ململانێدایە بۆ ئەوەی بچێتە ناو دڵی خەڵکیەوە و دڵیان داگیر بکات لە دەسەڵاتی ئۆزۆریس خواوەندی جیهانی ژێرەوە. کە هەر ئەویشە بڕیاردەری چارەنوسی مردووەکان. ئەو خواوەندە جێگەیەکی کاریگەری هەبوو لەلای چینە میللیەکان لە میسری کۆندا.هیچ ڕێگەیەکیش نەبوو بۆ دەرهێنانی کاریگەری و نەهێشتنی لەدڵی خەڵکیدا تەنها سڕینەوەی جیهانی ژێرەوە نەبێت لە بناغەوە و هەڵکەندنی لە ڕەگ و ڕیشەوە، هەر بەو شێوەیەش بوو.

لەگەڵ هەوڵەکان بۆ جێگیربوون لە زەوی نوێدا ئاینی یەکتاپەرستی موسای یەکەم لە بیر دەچێتەوە لەگەڵ نەمانی نەوەی یەکەمدا کە لەگەڵ موسادا ژیابوون و لەوەوە ڕۆشنایی یەکتاپەرستیان وەرگرتبوو.(( ئاتوون)) بەهێواشی گۆڕدرا بۆ (( یەهوە)) خواوەندێکی بتپەرستی و چ بتپەرستیەکیش.هاتە ناو ئەم ئاینەوە بیروباوەڕی فەلەستینی و کەنعانی و ئارامیەکان، بیرۆکەی جیهانی ژێرەوە زیاتر و زیاتر ڕوون دەبۆوە بۆ ئەوەی شێوەیەکی نزیك وەربگرێت لە بیرباوەڕی سوری و بابلیەکانەوە، بەلاّم قۆناغی سێیەم بریتی بوو لە بەدیلگرتنی دووروودرێژ لە بابل لەسەر دەستی نەبوخوزنەصر لەوێدا دیلکراوەکان لەگەڵ ئاینی زەردەشتیدا بەریەك کەوتن–لەلای فارسە دراوسێکانیان–کە جەختی تەواو دەکاتەوە لەسەر بوونی ئەو ژیانی تر و کۆتایی. لاهوتی زەردەشتی زۆر بە ووردی و ووردەکاری ژیانی جیهانی تر ڕوون دەکاتەوە.دوای سەرکەوتنی کۆتایی (( ئاهورامازدا)) خواوەندی نوێنەری هێزگەلی چاکە و ڕووناکی و سیستەم بەسەر (( ئەهریمەن))دا خواوەندی نوێنەری هێزگەلی خراپە و تاریکی و بێسەروبەرەیی. ئاهورامازدا دەبێتە خواوەندی تاك و تەنهای ڕەها لەسەر گەردونەکان و مردووەکان زیندوو دەکاتەوە لە گۆڕەکەی بۆ ڕۆژی

لێپرسینەوە لەبەردەم هەموو مرۆڤێکدا تەرازوەکەی بەدیار دەخرێت کە چاکە و خراپەکانی دەکێشێت جا هەرکەسێ چاکەکانی قورستر بوو ئەوا دەچێتە بەهەشتێکی نەبڕاوەوە و هەر کەسێکیش خراپەکانی قورستربوو ئەوا دەچێتە دۆزەخی داگیرساوەوە لەدوای دادگایکردنەکە هەریەکە دەڕوات بەو ڕێگایەدا کە دەیگەیەنێتە بەهەشت و لە ژێریشەوە ئاگری داگیرساو کڵپەی دێت. زۆردارەکان ڕێگایان لێتەسك دەبێتەوە تاوەکو مویەکی لێدێت،بەڵام سەرکەوتوەکان ڕێگاکەیان بۆ فراوان دەبێت و بە سەلامەتی بەسەریدا دەڕۆن.

بەو شێوەیە و بەکاریگەری فارسەکان بیرۆکەی پاداشت و سزا دەستیکرد بە دەرکەوتن بەڵام بە شێوەیەکی نادیار.ئەم مەسەلەیە بوە جێگەی مشتومڕ و هێنان و بردن لە نێوان لاهوتی و پیاوە ئاینیەکاندا تا لەدایك بوونی مەسیح بەبێ ئەوەی بگەنە ڕایەکی کۆتایی لەو مەسەلەیەدا.لەبەشی دانیالدا ٢٤ دەخوێنینەوە(( زۆرێك لە پاڵکەوتوەکان لەخۆڵ و خاکی زەویدا هەڵدەستنەوە،هەندێك بۆ ژیانی هەتاهەتایی و هەندێکی تریش بۆ شەرمەزاری،وگاڵتەجاڕی هەتاهەتایی)).

لێرەدا دەبینین کە دەقەکە نایەوێت تەنانەت بوارێك بەجێبهێڵرێت بۆ نادیاری و لێکدانەوە بەبێ ئەوەی ڕایەکی کۆتا لەسەری بدرێت،وشەی (( زۆرێك لە پاڵکەوتوەکان)) دەرچەیەك بەجێدێڵێت بۆ ڕێگرتن لە ڕاڤەیەکی بڕاوە بۆ دەقەکە کە بەڵگەیەکە لەسەر زیندووکردنەوەی ڕاستەقینەی سەرتاپاگیر.هەمان مەسەلە لە دەقەکانی تریشدا بەهەمان شێوەیە. لە ئەشعیادا دەخوێنینەوە ٢٥ بۆ نمونە: ((مردوەکان دەژێنەوە و لاشەکان هەڵدەستنەوە. هەستن و بەرزببنەوە ئەی دانیشتوانی خاك و خۆڵ...دەی گەلەکەم بچنە جێگەکانتانەوە و دەرگاکەت لەدوای خۆت دابخە،خۆت بشارەوە بۆ ساتێك تا توڕەبونەکە تەواو دەبێت لەبەرئەوەی ئەوە خودایە دێتە دەرەوە لە جێگاکەی بۆ سزادانی خراپەکارانی زەوی تیایدا، زەوی خوێنەکانی ئاشکرا دەکات و لەمەودوا کوژراوەکانی داناپۆشێت)).

---

٢٤. سەردەمی کۆن:دانیاڵ،ئەصحاحی ١٢ : ٢-٣.

٢٥. سەردەمی کۆن،ئەشعیا، ئەصحاحی٢٦: ١٩.

لەڕێڕۆیشتنی مەسیحیەتی یەکەمەوە لەسەدەی سێیەمی دوای زایینەوە،بەشێوەیەك بەدروستبوونی تیمێکی جولەکەیی نویٚ پێوەی پەیوەست بوون،بیری لاهوتی دەشێوێت پێش گەیشتن بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەربارەی زیندووبونەوە و نەمری ڕۆح و گشتگیری پاداشت و سزا، بیرۆکەی نەمری ڕۆح تەنها بۆ ئەو کەسانە بوو کە بڕواداربوون و لەگەڵ مەسیحدا یەکیان گرت و بەهۆی ئەوەوە ژیانیان پێدا.حاڵیان لەو مەسەلەیەدا حاڵی ئاینە نهێنیەکانە کە بەربڵاوبوە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لەو سەردەمەدا وەك ئۆرفیە و هتد. بەشێوەیەك جووتبوون بەڕزگارەکەرەوە کە(( دیونیسیۆس یان کەسی تر)) مەرجە بۆ ڕزگاربوون و ژیانی نویٚ.

(( جیهینا)) واتە دۆزەخ لەسەرەتادا تەنها هۆکارێك بوو بۆ وێرانکردن وەك لەوەی جێگایەك بێت بۆ سزادانی هەمیشەیی . ئەفسانەیەکی مەسیحی سەرەتا باسمان بۆ دەکات دەربارەی دابەزینی مەسیح بۆ جیهانی ژێرەوە و ڕزگارکردنی ژمارەیەکی گەورە لە پەیامبەران و قدیسەکان و هاوەڵی کردنیان لەگەڵیدا بۆ ئاسمان. ئەو ئەفسانەیە ناونرا بە ئینجیلی(( نیکۆ دیس)) و دەماودەم دەگێڕدرایەوە وەکو چیرۆکی میللی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەکات.٢٦ : چیرۆکەکە لە نیوە شەوی جیهانی ژێرەوەدا دەستپێدەکات کاتێك لە قوڵایی تاریکاییەوە شتێك دەرکەوت کە وەکو ڕووناکی ڕۆژ دەچێت هەمووان دڵخۆش بوون و بە تایبەتیش ئیبراهیم کە وتی: ئەو تیشکە لە ڕووناکیەکی گەورەوە دەردەچێت.

بەڵام ئەشعیا و یۆحەنای موعەمەدان دووبارە گەڕانەوە و پێشبینیەکانیان دەوتەوە، بەدوای ئەوەدا قسەی نێوان مردن و شەیتان دێت کە شەیتان ئاگاداری مردن دەکاتەوە لە مەسیح و داواکاریە پووچەکەی بە بەکارهێنانی ترسی مردن لە لەدەستدانی هەموو مردووەکان لە جیهانەکەیدا دوای ئەوەی مەسیح عازەری لەدەست مردن ڕزگارکرد کە زیندووی کردەوە دوای مردنی: (( من هەست دەکەم

---

26.George Every ،Christian Mythology ،Hamlyn .london،1970.

بەوانەی کە قوتمداون لە دروستبوونی بونەوەرەوە دەهەژێن لە سکمدا و ئەمڕۆ سکم ئازارم دەدات)) لە کاتێکدا هەردووکیان لەوەدا بوون دەنگێك بەرزبۆوە وەك هەورە بروسکە : (( دەرگا هەتاهەتاییەکانت بکەرەوە بۆ ئەوەی پادشای سەروەری بێتە ژوورەوە)) بەلاّم شەیتان و دەستوپێوەندەکانی ڕادەکەن بۆلای دەرگاکان لەهەوڵدا بۆ پشتیوانیکردنی و تێکچووبون و ترساو پرسیاریان دەکرد: ئەو پادشای سەروەریە کێیە؟ پەیامبەرەکان وەلاّمیان دانەوە بەتایبەتیش ئەشعیا و داود پادشا: (( ئەوە خوای گەورەیە لە کوشتاردا،کە دەرگا مسیییەکان دەشکێنێت و کەتیبە ئاسنینەکانیش دەشکێنێت،بەدیلگیراوەکان ڕزگار دەکات و کۆلاّنە تاریکەکانی مردن ڕووناك دەکاتەوە))شەیتان و دارودەستەکەی دەگەڕێنەوە (( ئەوە کێیە، تا ئەو هێزەی هەبێت بەسەر زیندووان و مردواندا)) پێش ئەوەی قسەکەی تەواوبکات دەستی مەسیح چارەسەری دەکات و دەیگرێت و دەیداتە دەست فریشتەکان و پێیان دەڵێت دەمی داخەن و دەست و قاچەکانی ببەستنەوە،دوای ئەوەی کەلە وکارە تەواوبوون بیدەنە دەست مردن و پێی ووتن : (( بیپارێزە تاهاتنەوەی دووەم جار)) کاتێك مردن لەوپەڕی گاڵتەپێکردن وبێڕێزیدا شەیتان وەردەگرێت،مەسیح هەڵدەستێت بەڕزگارکردنی ئادەم و پەیامبەران و قدیسەکان و لەگەڵ خۆیدا بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاسمان کە بەهەشتەکانی عەدەنی لێیە.هەندێکیان پێش بەرزبونەوەیان لا دەدەن بۆ لای ڕووباری ئوردون و خۆیان لە ئاوەکەیدا دەشۆن.

# بەشی خواوەندی مردوو

=================

(( لەبەر ئەوەی ئاوها خودا جیهانی خۆشەویست تەنانەت کوڕە تاقانەکەشی بەخشی بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە لەناو نەچن و بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی هەبێت،خودا کوڕەکەی نەنارد بۆ جیهان بۆ ئەوەی جیهان قەرزاربار بکات بەڵکو بۆ ئەوەی بەهۆیەوە جیهان ڕزگار بکات))

**ئینجیلی یۆحەنا : ٣ : ٦-١٧**

کاتێك دروستکردن بریتی دەبێت لەکاری سەرەکی کە گەورەیی و گەوهەری خواوەند دەردەخات،ئەم کارە بە بەردەوامی ئەرکێك بوە کە گەورەترین خواوەند لەپلەوپایەدا پێی هەستاون و بەمەش گەردوون ڕادەکێشنە دەرەوە لە ئاوێکی زۆری بەهەور داپۆشراو.سیستەم دروست دەکات لە منداڵدانی یەکەم توخم کە سەرچاوەی هەموو بونەوەرەکان بوە. لە ئەژدیهای بێسەرەوبەرەیی دەدات بۆ ئەوەی لەپەل و پۆکەی جیهانێکی گونجاو دروست بکات کە هەر بەشێك لە بەشەکانی گەشە بکات لەگەورەیی ئەو توانایەی کە دایڕشتوە.لەکاتێکدا کە ئاسمان بەرزترین شت بوە لەو گەردونەدا و زۆرترین شتیش بوە لەسەر دەربڕینی گەورەیی دروستکەرەکەی بۆتە جێگەی نیشتەنی و هێماشی،لەویشەوە ناوەکەی وەرگرتوە لە زۆربەی ئەفسانەکانی گەلاندا و بۆتە خواوەندی هەرە گەورە بۆ هەمیشەیی و خواوەندی ئاسمانیش و ناوەکەی بەجێگۆڕین بەکاردەهێنرێت لەگەڵ ناوی ئەودا بەڵکو پێدەچێت هەردوو ناوەکە یەکیان گرتبێت لەیەك ناودا.بەلاّم هەستانی خواوەندی هەرە گەورە بەنیشتەجێبوون لە ئاسماندا لەدوای تەواوبونی لەکاری دروستکردن وایلێکردوە کە زۆر دوور بێت لەوەی کە ڕوودەدات لە زەویدا و بەهێواشی دەستیکردووە بە وونبوون لەڕێوەڕەسمی پەرستنەکاندا و بەمەش

بواری بۆ خواوەندە بچوكەكان چۆڵكردووە كە لە ئاستێكی نزمتردان لە ڕەچەڵەكدا. بەڵام زیاتر نزیكن لە خەڵك و لە ژیانیان و كاروباری ڕۆژانەیان.زۆرتر بەجوڵە و چالاكیشن.لەهەندێ لە ئاینە سەرەتاییەكاندا كە گەیشتۆتە وونبونی خواوەندی ئاسمان بە تەواوەتی لە پەرستگا و نەمانی پەرستنەكەی و ڕێوڕەسمە هاوپەیوەندەكان پێوەی.لەلای زۆربەی هۆزە ئەفریقیەكان دەبینین كە خودای ئاسمان لە هەمووان دوورترە و پێویستی بە پەرستن نیە. و زۆر باشترە لەوەی كە پێویستی بە ڕێوڕەسم و قوربانی و پێشكەشكردنەكان هەبێت.لەلای هۆزەكانی ((یۆربا)) خوای گەورەی ئاسمان هەستا بەدانانی خواوەندێكی بچوكتر بۆ جێنشینی خۆی بۆ ئەوەی هەستێت بە ئەركی تەواوكردنی ئەوەی كە پێی هەستاوە لەكاری دروستكردن دواتر پاشەكشەی كردووە بۆ ئاسمانەكەی و زەوی و ئەوەی لەسەریێتی بەجێیهێشتوە.هەمان شت لەلای هۆزەكانی (( تۆكۆمبا)) و ((تشی)) دەبینین خواوەندی هەرەگەورە لە ئاسمان زۆر گەورەترە لەوەی كە دەست وەربداتە وورد و درشتی ژیانی مرۆڤەوە.لە بەرئەوە نایانبینین كە پەنای بۆ بەرن تەنها لە كارو و داواكاری و مەترسی زۆر گەورەدا نەبێت كە تووشیان دێت وەك بڵاوبونەوەی تاعوون و پەتاكان و هەڵكردنی گەردەلول و ڕەشەباكاندا نەبێت.١

لەڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی نزیكی كۆندا پشتكردنە خواوەندی ئاسمان دەستیپێكردوە بەدۆزینەوەی كشتوكاڵ و زیادبوونی ڕۆڵی و پشتبەستن لەسەری لە ژیانی مرۆڤ و گوزەرانیدا،وەزانیاری بۆ توانای ئەوەی كە زەوی دەتوانێت چەندی بداتێ و بۆ هێز گەلی بەپیتی كە دروستیبكات.بەهێواشی خواوەندی ئاسمانی بەرز دەستیكردوە بە بەجێهێشتنی بەشی گرنگی دەسەڵاتەكانی بۆ خواوەندەكانی سروشت كە نمایندەی هێزگەلی جوڵە وەك زەوی و بەپیتی و باران و گەردەلول و لەوانەشە یەكەمین هێز لەو هێزانە لەدەركەوتندا زەوی بوبێت. لەكاتی وەرگەڕانی تەواوەتیدا بەلای ژیانی كشتوكاڵیدا ئەو گۆڕانە ئابوریە لەگەڵ

---

1.Philip Freund،Myths of creation W-Halen-london 1964.

خۆیدا وەرگۆڕانێکی فکری و کۆمەلأیەتیشی هێناوە،کاتێك ئاین وردەوردە دەستیپێکرد لەخواوەند نێرینە دڵڕەقەکانەوە وەرگەڕا کە ناسیونی لەسەردەمی ماوەکانی شوانکارەییدا بۆ خواوەندی ناسك و بەبەزەیی–زەوی دەرکەوت وەکو دایکی یەکەمین کە هەموو زیندەوەران لێیەوە سەریان هەڵدا لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکەوە. لەسەر ئەوەشی کە نمونەی دایکایەتی یەکەمینە کە لەدواتردا لێوە هەموو دووبارەبونەوەیەکی کرداری دایکایەتی بەرهەم هاتوە.

لەدایك بوونی منداڵ و زاوزێکردنی ڕوەکەکان مەسەلەیەکن کە لە گەوهەریاندا چاولێکەری کاری لەدایك بوونی یەکەمینە کە دایکی گەورە پێی هەستاوە و دووبارەکردنەوەیەتی.بەپیتی ژنان تەنها هەڵبژاردەیەکە لە بەپیتی گەردوون کە لە زەوی–دایکدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەو خواوەندەش یان ئەوەتا لە خۆوە بەپیت بوون بەبێ پێویستیان بەهێزێکی دەرەکی وەکو ئەوەی لە ئەفسانەناسی یۆنانیدا هەیە کاتێك کە زەوی(( جیا)) ی وەدیهێنا وەك خوایەکی شایستە پێی کە (( ئۆرانۆس)) ی ئاسمانە کە هەموو داپۆشی لەهەموو لایەکەوە. یان پێویستی بە هاوسەرێك هەیە کە یارمەتی بدات لەمنداڵبوندا.ئەو ڕۆڵە خواوەندی ئاسمان خۆی دەبیینێت هەروەك لە پێشوودا باسمان لێوەی کرد لەبەشی دروستبووندا.کاتێك دوو خواوەند هەڵدەستن بەکاری هاوسەرگیرێتی یەکەم کە زیندووەکان چاویان لێدەکەن لەو ڕۆژگارەوە : (( من ئاسمانم و تۆش زەوی )) ئەوە ئەوەیە کە زاوای هندۆسی لە شەوی بوك گواستنەوەیدا بەگوێی بوکێدا دەیچرپێنیٚ.لەبەر ئەو هۆیە هاوەڵیکردوە– لەزۆربەی کاتدا– ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکانی خواوەندەی دایك هەڵسوکەوتی ڕابواردنی بە کۆمەڵ کە لە باریدایە لەو بۆنە پیرۆزەدا هانی هێزگەلە بە پیتە شاراوەکانی زەوی بدرێت بە پشت بەستن لەسەر بنەمای جادوی دروستبوونی کاتێك هاوشێوە هاوشێوەکەی بەرهەم دێنێت.

زەوی لە ولأتی دوو ڕووباردا بەزۆر ناو بانگکراوە.یەکەم ناو کە پێی ناسراوە بریتیە لە (( کی)) هاوسەری (( ئان)) خواوەندی ئاسمان.ئەو لەدواتردا بوە بە ((ننماخ)) و (( نەنخرساگ)) و کە (( مامی)) یان (( ماما)) و هەرئەویش (( ننتۆ))

یان(( نیسابا)) یە ئەم ناوانە هەموانیان لەگەڵتدا تێپەڕیوە لە ئەفسانەی جۆراوجۆر لە هۆکار و ئامانجدا.ناوەکە دەگۆڕێت بە پێی ئەرکەکە کە خواوەندەکە پێی هەڵدەستێ.

لەژێر ناوی (( ننتۆ)) خواوەندێك هەبوە بۆ لەدایك بوون و ژانگرتن ، لە ژێرناوی ((ماما یان مامی)) هەڵدەستا بە دروستکردنی بونەوەری مرۆڤی و لەژێر ناوی ننماخ یان ننخرساگدا لەگەڵ ئانکیدا هاوکاربوو لە دروستکردنی بونەوەر و ڕوەکەکاندا ...تاد. بەلاّم لەلای کەنعانیەکان ئەو (( عەشیرە)) بەژنی خواوەندی گەورە (( ئیل)) و دایکی هەموان و ئەو لە ئاسیای بچوکدا ((سیببیل)) دایکی ئانیش کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە ئاینە نهێنیەکاندا کە لە ئایندەدا بە وورد و درشتی باسیان لێوە دەکەین.بەلاّم بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی ئاین بەهێواشی لەسیماشوانکارەییە، ژێرەکەیەوە Patrairchal بەهاتنە ناوەوەی توخمەکانی دایکایەتی* Matrairchal بۆ کۆمەڵگا و ئاین، لە تەنیشت دایکە گەورەوە بەرزبۆوە، وەکو حاڵی خواوەندەکانی تر زۆرێك لەدەسەلاّتەکانیان برد ، و بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەزەوی جیابۆوە (( ڕۆحی بەپیتی)) ئەو جیابونەوەیەش پێشکەوتنێك بوو لەتواناى ڕووتکردنەوە لەلای ژیری مرۆڤ. بەپیتی تایبەت نیە بەخاکەوە خۆی بەڵکو هێزێکی گەردونیە توانراوە بەرجەستە بکرێت لەخواوەندێکی مێینەدا کە (( ئانانا)) ی سۆمەری یان عەشتاری بابلی یان عوناتی کەنعانیە.لەکاتێکدا بەپیتی زەوی و ژن بریتیە لە تەوەری ژیانی مرۆڤ لەو جیهانەدا،ئەوا عەشتار هێزێکی بنەڕەتی گەورە بوو لەو گەردونەدا و جوڵێنەرێکی بزێو و چالاك بوو بۆ ڕووداوەکانی.پاکداوێن نازناوی بوو.پاکێتیش کرۆکی بوو سەرەڕای ئەوەی کە هێمای سێکس و خۆشەویستی و بەپیتی بوو. ئەو کرۆکە

---

* ڕێکخستنی کات لێرەدا گریمانەییە پشتی پێ نابەستم تەنها بۆ پێدانی وێنەیەکی ڕۆشن نەبێت،سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگای دایکسالاری وەك زاناکانی ئەنترۆپۆلۆجیا پێیان وتوین زۆر لە پێش کۆمەڵگای باوك سالاریەوە بووە. بەلاّم هاندەری پاڵنەرە دەرونی و کۆمەلاّیەتیەکان بۆی لەناوناچن و لاشنابرێن بەڵکو بەردەوام دەبن لە کۆمەڵگا و مرۆڤی نوێشدا و خۆی دەردەبڕێت بە جۆرەها شێواز.بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە بگەڕێوە کتێبەکەم : نهێنی عەشتار.( نوسەر)

پێکگەیشتنێکی ڕاگوزەر نایگۆڕێت لەگەڵ سکپڕی و منداڵ بوندا،پاکێتێکەشی بەهێمای بەپیتی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە کە هۆیەکی لەناوچوو** دەستی لێنادات.عەشتار مێردی خۆشەویستی هەبوون بەناوبانگترینیان تەموزی بەدبەخت بوو کە مردنە بەسۆکەی نرخی خۆشەویستیەکەی و لەگەڵ جووتبونەکەیدا بوو لە ئەفسانەی سۆمەریدا،کە سەردانەکەشی بۆ جیهانی ژێرەوە لە بەشێك لە ساڵدا، مەرجێکی بنەڕەتی بوو بۆ بەردەوامبوونی سوڕی کشتوکاڵی لە ئەفسانەی بابلی و کەنعانیدا.لەپاڵ هێزگەلی بەپیتیەوە پەرستنی هێزگەلی سروشتی بەتوانا هەڵکەندرا وەك گەردەلول و ڕەشەبا و هەورە تریشقە. و هێزگەلی بەسوود وەك ڕۆژ و ئاو و ...هتد.ئنلیل خواوەندی هەرەگەورەی سۆمەریە دەرکەوت کە دەسەڵاتەکانی خواوەندی ئاسمانی (( ئان)) داگیر کرد (( مەردۆخیش)) دەرکەوت خواوەندی بابل کە جێگەی (( ئانۆ))ی گرتەوە خواوەندی ئاسمانی ئەکەدی. لە کەنعانیشدا ((بەعل)) بەهێزترین خواوەند بوو و لەهەموانیشیان نزیکتر بوو لەدڵی بەندەکانەوە سەرەڕای مانەوەی (( ئیل)) خوای ئاسمان بەخوایەکی هەرە گەورە بەلأم هەر بەناو جێگیر و بەهێزی کرد پلەو پایەی (( ئانکی)) یان (( ئایا)) خواوەندی ئاو و ((شەمش)) یان (( شبش)) خواوەندی ڕۆژ و ...هتد. بەلأم عیبرانیەکان ئەوانیش دەرنەچوون لەو بنەمایە کاتێك جێگیربوون لە زەوی کەنعانی بەپیتدا و وازیان هێنا لە ژیانی شوانکارەیی کۆنیان،یەهوەیان بەجێهێشت و ڕوویانکردە خواوەندی بەپیتی کەنعانی و کەوتنە پەرستنی ((بەعلیم)) و (( عەشتارۆت)) وەك

---

** لەوێدا ڕاڤەیەکی مادی هەیە بۆ نازناوی پاکداوێنی کە عەشتار هەیەتی، بۆمان باس دەکات John M.Allegro لە کتێبی The Sacred Mashroom and the craso دروستبوونی کۆرپەلە لەمنداڵداندا لەبڕوای باو و باپیرانەوە پشت دەبەستێتە سەر سێ توخم: ١.ڕۆح ٢. خوێنی بێنوێژی٣. ئاوی پیاو. ڕۆح لەلایەن خواوەیە و خوێنیش هی ژنە و ئاویش هی پیاوە.لەکاتێکدا خوێنی بێنوێژی لای کچان زیاترە وەك لای ژنان بەتایبەتیش لەدوای منداڵی یەکەمەوە. باو وباپیران بڕوایان وابوە کە توانای بەپیتی کچان زۆر زیاترە لەکەسانی تر. بەتایبەتیش کۆتایی هاتنی بێنوێژی مانای تەواوبوونی توانای پیتاندنە لەدایك بونە ئەوەش لەکاتی تێپەڕاندنی ژنان بۆ تەمەنی بێئومێدی. ئالێرەوە عەشتار کە هێمای بەپیتی وسکپڕیە نابێت پاکداوێن نەبێت بەو مانایە بۆ وشەکە –واتە هەمیشە بەپیتە.زۆری خوێنی بێنوێژی دروستکەری ژیان.

(( سەردەمی کۆن )) بۆمان دەگێڕێتەوە لەزۆر جێگەدا کە لە بەشەکانی پێشوودا نمونەمان لێهێناوەتەوە.دەبینین کە خواوەندە گەورەکانیان بیرناکەوێتەوە جگە لەکاتی نەهامەتیە گەورەکان و کارەساتە دڵتەزێنەکان کە بەسەریاندا دێت لە بەشی صامئۆیلی یەکەمدا دەخوێنینەوە ١٢: ١٠ : (( هاواریان لەخودا کرد و وتیان هەڵەمان کرد لەبەرئەوەی خوامان بەجێهێشت و بە علیم و عەشتارۆتمان پەرست. ئێستاش لەدەستی دوژمنانمان ڕزگارمان بکە و دەتپەرستین)).

بەلآم لەویژدانی بەئاگای میللیدا دایکی گەورەو کوڕەکەی ( نمونەی بنەڕەتیشی سیبیلی حسیە و کوڕەکەی ئاتیس)) یان هێزگەلی بە پیتیە و خۆشەویستیە کوژراوەکەی (( نمونە بنەڕەتیەکەشی عەشتار و تەموز)) ئەوان دوو خواوەندی زۆر نزیك و نوساو بوون بەدڵی خەڵکیەوە لەبەر نزیکیان بە ژیان و گوزەرانیانەوە. ئەوەی لە سروشتدا ڕوودەدات لە بەپیتی و نەبونی،لەباران و وشکەساڵی،لە سەوزایی و وشکاویی ، ئەوە لە بنچینەدا بریتیە لە نواندنێکی خودایی کە خواوەندەکان خۆیان پاڵەوانەکانین،ئەو سروشتەش بەو پێیەی کە ڕەنگدانەوەی هێزگەلی خواوەندی جیاوازن و ڕوونی خودی پیرۆز،ئەوا هەموو دیاردە و گۆڕانکاریەکانی کە دێت بەسەریدا و جوڵە شاراوە و دیارەکانی کە تیایدا ڕوودەدات،ئەوە شتێك نیە جگە لە ڕەنگدانەوە و وەرگێڕانی ڕووداو و دیاردە و گۆڕانکاریەکانن کە ڕوو دەدەن لەدوای سروشتەوە،بەشێوەیەك خواوەندەکان ژیاون بە ژیان و سۆز و هەوەسەکانیانەوە.

هەمیشە ئەو گۆڕانە وەرزیەی کە بەسەر سروشتدا دێت بیرکردنەوەی مرۆڤی خەریك کردوە.لەوەرزێکی سارد و باراناویەوە بۆ وەرزێکی سەوز و مامناوەند و سێیەمیش گەرم و وشك و چوارەمیش زەرد و هەڵبڕسکاو. بیری ئەفسانەیی نەیدەتوانی بگاتە شتێك تەنها ئەوەندە نەبێت کە هەموو ئەوانەی پەیوەست دەکردەوە بەهەندێ جوڵەی دیاریکراو بۆ خواوەندە دیاریکراوەکان.ئەگەر توانای بەپیتی گەردونی لێپرسراوە بە شێوەیەکی سەرەکی دەربارەی ڕواندن و چاودێری ژیانی کشتوکاڵی.ئەی ئەو پاڵنەرە چییە کە وای لێدەکات کە واز لەو ئەرکەی بهێنێت و سروشت بەجێبهێڵێت بۆ هێزگەلی وشکبونەوە؟ دەبێت کارێکی گەورە

ڕوویدابێت،چ کارێکیش لەوە گەورەتر دەبێت لە بەجێهێشتنی هەموو ئەو جیهانە و وایلێدەکات کە لە عەرشی خۆی بێتە خوارەوە،ئەرکەکانی بەجێبهێڵێت و واز لەگەلەکەی بهێنێت کە لەبەری زەوی و خێر وبێرەکانی دەرخواردی دەدات؟ بە تەواوەتی توانی بەپیتی گەردوونی بزربوە لەم جیهانە بەرەو جیهانێکی تر،بەلاّم زۆر هەوڵیداوە بۆ گەڕانەوە بۆی جارێکی تر. پڕۆسەی ئەو ونبونە و گەڕانەوەیەبریتیە لە نمونەیەك بۆ ڕێچکەی وەرزی هەمیشەیی کە ژیانی سروشت تێیچووە.

وشکبونەوە پێویستە بۆ ژیانی کشتوکاڵی هەروەك چۆن شێ و گەرمی هاوین پێویستن بەهەمان شێوە سەرمای زستانیش پێویستە.باران تۆو ئاو دەدات و بەهاریش دەیکاتە بەرێکی سەوز ،بەلاّم گەرمای هاوین یارمەتی پێگەیشتنی دەدات.لەبەرئەوە مردنیش ڕووەکەی تری ژیانە ئەو سەرەڕای ناخۆشی و بەسۆیی و ئازارەکانی دژێکە کە چاری نیە. مردنی سروشتیش ئامادەگیە بۆ زیندوو بونەوەی، تازەبونەوەشی ڕوونادات تەنها بە مردنی خواوەندێك نەبێت و قوربانیدانی بەخۆی لە پێناو بەردەوامبونی ژیانی مرۆڤ.

لەبەرئەوە ئانانا لە بەرزاییەوە دابەزی و تاڵی مردنی چەشت.کاتێك ژیان لەسەر ئەم زەویە بریتی بێت لە باشترین ژیان لەتوانادا بوو وەك  بینیمان لەبەشی جیهانی ژێرەوەدا.کاتێکیش ماڵی کۆتایی بریتی بێت لە ماڵی ناخۆشی و دڵتەنگی،ئەوا تەمەنی مرۆڤ لەسەر ئەو زەویە و ڕابواردنی تیایدا، جۆرێکە لە ڕزگاربوون کە خواوەندی مردوو هەڵیدەگرێت بۆ نەوەی مرۆڤ.مردن و ئازارەکانی تەنها بریتیە لە باجێك کە دەیدات لە جیهانی مرۆڤ و جۆرێکە لە قوربانیدانی بەرز و پاك کە پێشکەش بە بەندەکانی دەکات.خواوەندی مردووی بەپیتی خواوەندێکی قوربانیدەرە و هەر ئەویش خواوەندی ڕزگارکەرە کە ژیانی خۆی داوە بۆ بەهای ژیانی مرۆڤ.

ئازارەکانیشی نرخی درێژبونە لە تەمەنیدا و دوورخستنەوەی تارمایی شانشینی جیهانی ژێرەوەیە لێی بەدابەزینی خۆی بۆ جیهانی ژێرەوە. بەو مانایە توانیومانە کە پردێکی درێژی ڕاستەوخۆ دروستبکەین لە نێوان (( ئانانا)) ی سۆمەری و

گەورەمان مەسیحدا كە كۆتا ڕزگاركەرەكان بوو.لە (( ئانانا)) وە بۆ گەورەمان مەسیح،پێویست بوو لەسەر خواوەندی مردوو كە ڕێگەی دوور و درێژ و ناخۆش ببڕێت كە پڕیەتی لە ئازار و جەور و ناخۆشی.لە ڕزگاركەرێكی زەمینیەوە بۆ ڕزگاركەرێك بۆ ژیانێكی باشتر و خۆشتر لە جیهانی ئاسمانیدا.پێویست بوو لەسەری كە مەودایەك ببڕێت كە بەدڕك و بەرد چێنراوە.لەم بەشەدا هەڵدەستین بە هاوەڵیكردن و ژیان لەگەڵ ئازارەكانی و مردنەكەی و بەرزبونەوەكەشی.

بیرۆكەی قوربانیدانی خواوەند لە پێناو مرۆڤدا بە تەنها دەرناكەوێت لەگەڵ گەشەكردنی ئاینەكانی بەپیتیدا و پێشكەوتنی بەڵكو ئەو زۆر لە پێشترە لەو سەردەمە.مرۆڤ بۆ خۆی دروستنەكراوە و نەهاتۆتە ئەم ژیانەوە تەنها لە ڕێگەی قوربانیدانەوە نەبێت بەهەندیٚ خواوەند  بە كوشتنی و بەكارهێنانی خوێنەكەی بەتێكەڵكردن بەخاك بۆ دروستكردنی. بۆ نمونە وەك بینیمان لە ئەفسانەی دروستكردنی بابلیدا چۆن خواوەند(( كنغۆ)) كوژرا مێردی توعامە و خوێنەكەی ڕژا و تێكەڵ كرا بە خۆڵ بۆ دروستكردنی مرۆڤ.هەروەها لە ئەفسانەكانی تریشدا بینیمان كە چۆن  دوو خواوەند كوژران(( لەغما)) بۆ هەمان مەبەست.ئەگەر بیرۆكەكەمان بەرزكردەوە بۆ ئاستی گەردونی ئەوا دەبینین كە دروستبوونی جیهان هەموو مەرجدار بوە بە كوشتنی خواوەندێكی سەرەتاییەوە و بەكارهێنانی بەشەكانی بۆ مەبەستی دروستبوون.وەك ڕوویدا كاتێك مەردۆخ دەستی گرت بەسەر ژیانی توعامەدا و لە ئەندامەكانی ئەم جیهانەی دروستكرد كە ئێمەی تیادا دەژین.

## ١// دابەزینی ئانانا بۆ جیهانی ژێرەوە .

پێدەچێت دەقی سۆمەری (( دابەزینی ئانانا بۆ جیهانی ژێرەوە)) یەکەم داستان بێت کە دەستی مرۆڤ نوسیبێتیێوە لە بابەتی خواوەندی قوربانیدەردا، ئانانا لەو ئەفسانەیەدا ، هەڵدەستێت بە قوربانیدانێك بەویستی خۆی و دادەبەزێت بۆ جیهانی مردوان و سێ ڕۆژ دەمێنێتەوە.دواتر دواکەوتە دڵسۆزەکەی هەوڵ دەدات کە بیگێڕێتەوە بۆ جیهانی زیندووان.لەکاتێکدا ئەو خواوەندە بریتیە لە بەرجەستەبوونی هێزی بەپیتی گەردوونی، ئەوا بزربوونی و هاتنەوەی نوێنەرایەتی وەرزێکی سروشت دەکەن لە ونبونی ژیانی ڕوەکی و زاڵبونی گەرما و وشکی.دواتریش بوژاندنەوە و زیندوبونەوە سەر لەنوێ.

لەمیانەی باسکردنیان لە ئەفسانە و بەراوردکردنیان بە ئەفسانەی بابلی دواتر ((دابەزینی عەشتار بۆ جیهانی ژێرەوە)) زۆربەی نوسەران باسیان لە هۆکاری ئاڵۆزی و نادیاری کردوە کە خواوەندەکان لەدەقی سۆمەریدا داوای دابەزینیان کردوە.بەڕێز س.ن.کرێمەر کە چاکەی هەرە گەورەی هەیە لە کۆکردنەوەی بەشەکانی کەلەپێشدا بلأوکراونەتەوە لەو ئەفسانەیە و دۆزینەوەی بەشە نوێکانیش بە تەواوەتی،هیچ ڕاڤەیەکی پێشکەش نەکردووە بۆ دابەزین و هۆکارەکانی،وەك هۆکاری عەشتار کە لەدواتردا دابەزی بۆ ڕزگارکردنی خۆشەویستەکەی تەموز.لەسەر ئەو شێوەیەی ئەو زۆر کەس ڕۆیشتوون،سەرەڕای ئەوەی کە هۆکارەکە پێدەچێت ڕۆشن و ئاشکرا بێت ئەگەر ئێمە چاومان خستە سەر بیرۆکەی قوربانیدان و خۆبەخشین و ڕۆڵیان لە بیروبۆچونی ناوچەکەدا.

لەچەند ساڵێکی کەمی ڕابووردوودا بەشی زانراو لە ئەفسانەکە لەوێدا دەوەستا کە خواوەند دەیویست بەرزببێتەوە لە جیهانی ژێرەوە، سەرەڕای ئەوەی دەقەکە لە جێگەیەکی ئاشکرا دەوەستێت کە ئاماژە دەدات بۆ بوونی کۆتایی کە کورت نیە. بەلأم ئێمە جارێکی تریش قەرزارباری بەڕێز کرێمەرین کە چاکەی هەیە لە پێدانی شێوازی کۆتایی بۆ دەقێکی تر کە توانراوە کۆبکرێتەوە و وەربگێڕدرێت و بلأویش بکرێتەوە،لە کۆتاییەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوودا دەقی یەکەم تەواو دەکات و کۆتاییەکی لۆژیکی بۆ دادەنێت.

**دەقی یەکەم : ٢**

**لە(( بەرزایی گەورەوە )) دابەزی بۆ (( ژێرەوەی گەورە ))**

**لە(( بەرزایی گەورە )) خواوەندەکە دابەزی بۆ (( ژێرەوەی گەورە ))**

**لە(( بەرزایی گەورەوە )) ئانانا دابەزی بۆ(( ژێرەوەی گەورە ))**

**خانمەکەی ئاسمانم کۆچیکرد و زەوی بەجێهێشت**

**ئانانا لە ئاسمان کۆچیکرد و زەوی بەجێهێشت**

**بۆ جیهانی ژێرەوە دابەزی**

**دەسەلاَت و ولاَتی بەجێهێشت**

**بۆ جیهانی ژێرەوە دابەزی**

**بە ناوەڕاستی خۆیەوە بەست حەوت تابلۆکانی چارەنوسی پیرۆز**

**چارەنوسە پیرۆزەکانی تری بەدەستەوەگرت**

[.............]

**لەسەر سەریشی (( شۆغاری )) دانا کە تاجی دەستەکانە**

**لە ناوچاوانیەوە ڕەونەق و شکۆ تیشك دەداتەوە**

**وبەدەستیشی داری پاشایەتی کە لە لازورد دروستکرابوو گرت**

**گەردنیشی ڕازاندەوە بەملوانکەیەك لەبەردی گران بەها**

**ولەسەر سنگیشی خشڵی ڕازاوە و بریقەداری جێگیر کرد**

**دەستیشی بە ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی ڕازاندەوە**

**لاشەشی دا پۆشی بەجلوبەرگی سەروەری و دەسەلاَت**

**دەموچاویشی بە چەوریە خۆشەکان سڕیەوە**

**دوایی ئانانا ڕۆیشت..بەڕێگای جیهانی ژێرەوەدا**

**لەتەنیشتیشەوە (( ننشوبۆر )) نێردراوەکەی دەڕۆیشت**

**ئانانای پیرۆز پێیووت :**

**تۆ سەرچاوەی هەمیشەیی هاوکاریمی**

**ئەی نێردراوەکەم خاوەن قسەی چاك**

**و ئەی گوێزەرەوەی وشە ڕاستەکانم**

من دادەبەزمە جیهانی ژێرەوە
دەبچۆ جیهانی ژێرەوە ئاگاداربکەرەوە
لە پێناوی مندا ئاسمان پڕبکەن لە هاوار
لەحەرەمی کۆڕی خواوەندەکاندا لەسەرم بگری
لەماڵی خواشدا بۆ ئێرە و ئەویٚ ڕابکە
دەبا چاوەکانت هەڵبگلۆفن و دەمیشت قسەی هەلەق و مەلەق بکات لە پێناوی مندا
[..........] لە پێناوی مندا
وەك هەژارێکی ئاوارە یەك جل لەبەربکە لە پێناومندا
بەرەو(( ئیکۆر)) ماڵی ئنلیل بە تەنها بڕۆ
کە چوویتە ماڵی (( ئنلیلەوە))
لەبەردەمیدا بگری و بپارێزەوە و بڵێ
ئەگەر ئنلیل دڵیشکاندی لەو مەسەلەیەدا.بڕۆ بۆ لای (( ئور))
لە ئوریش لەکاتی چوونە ژوورەوەت بۆ ماڵی.... وڵات
(( ئەیکیشرگال)) ماڵی (( ئانانا))*
لەبەردەم (( ئانانا)) دا بگری و ( بڵێ):
(( ئەی باوکە نانا کچەکەت بەجێمەهێڵە بۆ مردن لە جیهانی ژێرەوەدا
کانزا بە نرخەکەت بەجێمەهێڵە بکەوێتە سەر خۆڵ لەجیهانی ژێرەوەدا
لازوردە بەنرخەکەت بەجێمەهێڵە کە بشکێت وەك بەردی وەستاکان
و صندوقە تەختەیەکەشت ببڕدرێتەوە وەك تەختەی دارتاشەکان
کچەکەت ئانانا بەجێمەهێڵە بۆ مردن لە جیهانی ژێرەوەدا ))
ئەگەر ناناش لەم مەسەلەیەدا دڵیشکاندی بڕۆ بۆ (( ئەریدۆ)
لە ئەریدۆش لەکاتی چوونە ژوورەوەتدا بۆ ماڵی (( ئانکی)) لەبەردەم ئانکیدا بگری و
(بڵێ)
(( ئەی باوکە ئانکی کچەکەت بەجێمەهێڵە بۆ مردن لە جیهانی ژێرەوەدا

---

* ناناهوسن خواوەندی مانگە.

**کانزا بە نرخەکەت بەجێمەهێڵە بکەوێتە سەر خۆڵ لەجیهانی ژێرەوەدا**

**لازوردە بەنرخەکەت بەجێمەهێڵە کە بشکێت وەك بەردی وەستاکان**

**و صندوقە تەختەیەکەشت ببڕدرێتەوە وەك تەختەی دارتاشەکان**

**کچەکەت ئانانا بەجێمەهێڵە بۆ مردن لە جیهانی ژێرەوەدا ))**

**باوکە ئانکی ئەو خوای داناییە**

**ئەو دەزانێت خواردنی ژیان،و ئاوی ژیانیش دەزانیت و دەتوانێ بمگێڕێتەوە**

**بۆ ژیان بەهەموو دڵنیاییەکەوە.**

**دوایی ئانانا ڕێگەکەی گرت بەرەو جیهانی ژێرەوە**

**بەنێردراوەکەشی ننشوباری وت: ننشوباری بڕۆ**

**ئەوەی پێم وتی لە بیرت نەچێ و پشتگوێی نەخەی**

**لەکاتی گەیشتنی ئانانا بۆ کۆشکی لازوردی لەجیهانی ژێرەوەدا**

**بەشێوەیەك هەڵسوکەوتی کرد لەلای دەرگاکە کە خستیە خرا پەکاریەوە**

**لەکۆشکی جیهانی ژێرەوەشدا بەجۆرێك قسەی کرد خستیە هەڵەوە.**

**ئەی پاسەوان دەرگاکە بکەرەوە.ماڵەکە بکەرەوە**

**دەرگاکە بکەرەوە با(( نیتی )) دەرگاکە بکەرەوە.بە تەنها دێمە ژوورەوە.**

**(( نیتی )) گەورەی دەرگاوانەکانی جیهانی ژێرەوەیە**

**ئانانای پاك وەڵامی دایەوە**

**– ئەرێ تۆ کێیت؟**

**– من شاژنی ئاسمانم.ئەو جێگەیەی کە لەڕۆژ لێوەی هەڵدێت**

**ئەی چی تۆی هێناوە بۆ زەویەك کە گەڕانەوەی لێوە نیە**

**لە ڕێگایەکەوە کە هیچ ڕێبوارێك لێوەی ناڕوات چۆن دڵت هانیدایت؟**

**ئانانای پاك وەڵامی دایەوە:**

**(( خوشکە گەورەکەم ئەریشکیگال**

**مێردەکەی خواوەند کۆلاگانا مرد**

**هاتوم لەماتەمینیەکەیدا ئامادەبم**

**.... بەڕاستمە ئەوەی کە دەیڵێم ))**

(( نیتی )) گەورەی دەرگاوانەکانی جیهانی ژێرەوە

وەڵامی ئاناناى پاکی دایەوە:

(( یا ئانانا لە جێگەی خۆت بمێنەرەوە

باقسە لەگەڵ شاژنەکەم ئەریشکیگالدا بکەم ))

(( نیتی )) گەورە دەرگاوانی جیهانی ژێرەوە

چوە ماڵی شاژنەکەیەوە، ئەریشکیگال و پێی وت

(( شاژنەکەم . کچێك ......

لەخواوەندە دەچێت .........

لەبەردەرگایە..........

.........

لە ئایانا..........

بەناوەڕاستیەوە حەوت تابلۆکانی چارەنوسە پیرۆزەکانی بەستوە

هەموو تابلۆی چارەنوسەکانی تری بەدەستیەوە گرتووە.

... .... ...

لەسەر سەریشی شۆغارا تاجی دەشتەکانی داناوە

لە ناوچاوانیەوە ڕەونەق و شکۆ تیشك دەداتەوە

وبەدەستیشی داری پاشایەتی کە لە لازورد دروستکرابوو گرت

گەردنیشی ڕازاندەوە بەملوانکەیەك لەبەردی گران بەها

ولەسەر سنگیشی خشڵی ڕازاوە و بریقەداری جێگیر کرد

دەستیشی بە ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی ڕازاندەوە

سنگیشی دا پۆشراوە بە قەڵغانێك...

لاشەشی ڕازاوەتەوە بەجل وبەرگی سەرەوەری و دەسەڵاتداری

ئالەوێدا (( ئاریشکیگال ))....

وەڵامی (( نیتی )) گەورە و دەرگاوانەکانی دایەوە و ( وتی ):

(( یا نیتی ئەی گەورەی دەرگاوانانی جیهانی ژێرەوە لێمنزیك بەرەوە

گوێم بۆ ڕادێرە بۆ ئەوەی فەرمانت پێدەکەم

**كێلۆنی هەر حەوت دەرگاكانی جیهانی ژێرەوە هەڵبڕە**

**لەلای دەرگای(( جانزیر )) كە ڕووكاری جیهانی ژێرەوەیە یاساكانمان ئاشكرا كەن**

**لەكاتی هاتنە ژوورەوەی ئانانادا**

**تاسەر زەوی بچەمێرەوە .... وازیلێبێنە.......))**

**(( نیتی )) گەورەی دەرگاوانەكانی جیهانی ژێرەوە**

**ملكەچی ئەو فەرمانانە بوو كە شاژنەكەی پێیبووت**

**كێلۆنی هەر حەوت دەرگاكانی جیهانی ژێرەوەی هەڵبڕی**

**لەلای دەرگای (( جانزیر )) ڕووكاری جیهانی ژێرەوە یاساكانی ئاشكرا كرد**

**بە ئانانای پاكم ووت:**

**(( وەرە ژوورەوە یا ئانانا ))**

**لەكاتی هاتنە ژوورەوەی لەدەرگای یەكەمەوە**

**شۆجارەكەی تاجی دەشتەكانی لەسەری لابرد**

**- ئەوەچی دەكەن؟**

**- یا ئانانا یاساكانی جیهانی ژێرەوە زۆر بەووردی و تەواوی دارێژراون**

**گفتوگۆ مەكە یا ئانانا لەسەر داب و نەریتەكانی جیهانی ژێرەوە**

**لەكاتی چوونە ژوورەوەیدا لەدەرگای دووەمەوە**

**دارە لازوردیە شاهانەییەكەی لەدەستی فڕێدا**

**- ئەوە چی دەكەن؟**

**- یا ئانانا یاساكانی جیهانی ژێرەوە زۆر بە ووردی و تەواوی دارێژراون**

**یا ئانانا گفتوگۆ دەربارەی دروشمەكانی جیهانی ژێرەوە مەكەن**

**لەكاتی چوونە ژوورەوە لەدەرگای سێیەمەوە**

**ملوانەكەكەی كە لەبەردی گرانبەها بوو لە ملی داكەند**

**- ئەوەچی دەكەن؟**

**- یا ئانانا یاساكانی جیهانی ژێرەوە زۆر بەووردی و تەواوی دارێژراون**

**یا ئانانا گفتوگۆمەكە لەبارەی دروشمەكانی جیهانی ژێرەوە**

**لەكاتی چوونە ژوورەوەی لەدەرگای چوارەمەوە**

خشڵە بریقەدارەکانی لەسنگی کردەوە

– ئەوە چی دەکەن؟

– یا ئانانا یاسکانی جیهانی ژێرەوە زۆر بەووردی و تەواوی داڕێژراون

یا ئانانا گفتوگۆ مەکەن دەربارەی دروشمەکانی جیهانی ژێرەوە

لەکاتی چوونە ژوورەوەی لەدەرگای پێنجەمەوە

ئەنگوستیلە ئاڵتونیەکەی لە پە نجەی داکەند

– ئەوەی چی دەکەن؟

یائانانا یاساکانی جیهانی ژێرەوە زۆر بەووردی و تەواوی داڕێژراون

یا ئانانا گفتوگۆ مەکەن دەربارەی دروشمەکانی جیهانی ژێرەوە

لەکاتی چوونە ژوورەوەی لەدەرگای شەشەمەوە

قەڵغانەکەی لە سنگی لابرد.....

– ئەوەچی دەکەن؟

یا ئانانا یاساکانی جیهانی ژێرەوە زۆ بەووردی و تەواوی داڕێژراون

یا ئانانا گفتوگۆمەکەن دەربارەی دروشمەکانی جیهانی ژێرەوە

لەکاتی چوونە ژوورەوەی لەدەرگای حەوتەمەوە

هەموو جلوبەرگە سەروەری و دەسەڵاتەکەی لەبەر داکەند

– ئەوە چی دەکەن؟

یا ئانانا یاساکانی جیهانی ژێرەوە زۆر بە ووردی و تەواوکاری داڕپژراون

یا ئانانا گفتوگۆمەکەن لەسەر دروشمەکانی جیهانی ژێرەوە

... ... ...

ئەرشیکیگالی پیرۆز لەسەر عەرشەکەی دانیشتبوو

لەچواردەوریشی (( ئانانوکی ))حەوت دادوەرەکە کە بڕیارەکان دەردەکەن هەبون

چاویان خستبوە سەری. چاوەکانی مردن

بە یەك وشە لەوانەوە،ئەو وشەیەی کە گیان ئازار دەدات

ژنە ماندوەکە بوە لاشەیەك

دوایی ئەو لاشەیە بەسرایەوە بەکۆڵەکەیەکی چەقێنراوەوە

**بەتێپەڕبوونی سێ ڕۆژ و سێ شەو**

**نێردراوەکەی ننشوبۆر**

**خاوەن قسەی چاك**

**و هەڵگری قسە ڕاستەکانی**

**هەموو ئاسمانی پڕ کرد لە هاوار بۆی**

**لەحەرەمی کۆڕی خواوەندەکاندا بۆی گریا**

**لەماڵی خواکاندا بۆ ئێرەو ئەوێ ڕایدەکرد**

**چاوەکانی هەڵگڵۆفین و دەمیشی قسەی هەلەق و مەلەقی دەکرد**

**وەك هەژارێکی ئاوارە یەك جلی لەبەرکرد بۆی**

**بەرەو ماڵی ئنلیل بەتەنها ڕۆیشت**

**لەکاتی چوونە ژوورەوەی بۆ ماڵی ئنلیل**

**لەبەردەمیدا گریا و وتی:**

**(( ئەی باوکە ئنلیل. لێمەگەڕێ کچەکەت بۆ مردن بەرن لەجیهانی ژێرەوە**

**کانزا بەنرخەکان بەجێ مەهێڵە بکەوێتە سەر گڵ لەجیهانی ژێرەوەدا**

**لازوردە گران بەهاکەت بەجێمەهێڵە کە بشکێت وەك بەردی وەستاکان**

**و صندوقە تەختەیەکەشت ببڕدرێتەوە وەك تەختەی دارتاشەکان**

**کچەکەت ئانانا بەجێمەهێڵە بۆ مردن لە جیهانی ژێرەوەدا ))**

**باوکە ئنلیل وەڵامی (( ننشوبۆری دایەوە )) و وتی:**

**(( کچەکەم لەبەرزایی گەورەوە بە قاچەکانی ڕۆیشت بۆ ژێرەوە***

**ئانانا لە بەرزایی گەورەوە بە قاچەکانی ڕۆیشت بۆ ژێرەوەی گەورە**

**یاساکانی جیهانی ژێرەوە، تۆ دەزانیت یاساکانی جیهانی ژێرەوە چین**

**ئایا کێ دەتوانێت بچێت بۆ ئەو شوێنە؟ ))**

**بەم شێوەیە باوکە ئنلیل لە پاڵپشتیدا نەوەستاو دڵیشکاند. ڕۆیشت بۆ ئور**

**لە ئوریش لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا بۆ ماڵەکە....وڵات**

---

* بەکەمێك دەستکاریەوە ئەم چوار دێڕەم وەرگێڕاوە (( نوسەر))

(( ئەیکیشیرگال )) ماڵی نانا
لەبەردەم نانادا پاڕایەوە و وتی:
(( ئەی باوکە نانا. لێمەگەڕێ کچەکەت بۆ مردن بەرن لەجیهانی ژێرەوە
کانزا بەنرخەکان بەجێ مەهێڵە بکەوێتە سەر گڵ لەجیهانی ژێرەوەدا
لازوردە گران بەهاکەت بەجێمەهێڵە کە بشکێت وەك بەردی وەستاکان
و صندوقە تەختەیەکەشت ببڕدرێتەوە وەك تەختەی دارتاشەکان
کچەکەت ئانانا بەجێمەهێڵە بۆ مردن لە جیهانی ژێرەوەدا ))
بەم شێوەیەش باوکە ناناش لە پاڵپشتیدا نەوەستاو دڵیشکاند.ڕۆیشت بەرەو ئەریدۆ
لە ئەریدۆش لەکاتی چوونە ژوورەوەی بۆ ماڵی ئانکی
لەبەردەم ئانکیدا پاڕایەوە و وتی:
(( ئەی باوکە ئانکی. لێمەگەڕێ کچەکەت بۆ مردن بەرن لەجیهانی ژێرەوە
کانزا بەنرخەکان بەجێ مەهێڵە بکەوێتە سەر گڵ لەجیهانی ژێرەوەدا
لازوردە گران بەهاکەت بەجێمەهێڵە کە بشکێت وەك بەردی وەستاکان
و صندوقە تەختەیەکەشت ببڕدرێتەوە وەك تەختەی دارتاشەکان
کچەکەت ئانانا بەجێمەهێڵە بۆ مردن لە جیهانی ژێرەوەدا ))
باوکە ئانکی وەڵامی ننشوبۆری دایەوە و وتی:
(( من دوودڵم لەسەر کچەکەم چی بەسەر هاتووە
من دوودڵم بۆ ئانانا چی بەسەرهاتوە
من دوودڵم بەسەر خانمی هەموو وڵاتدا چی بەسەرهاتووە
من دوودڵم بەسەر کاهینی ئاسمانەکان چی بەسەرهاتووە ))
دوایی قوڕێکی دەرهێنا لە ژێر نینۆکەکانیەوە و *(( کوجارۆ )) ی لێدروستکرد
لەژێر ئەو نینۆکەی کە بەڕەنگی سوور ڕەنگکرابوو: قوڕێکی دەرهێناو
(( کالانورو )) ی لێدروستکرد
خواردنی ژیانیدا بە کۆجارۆ

---

* قوڕ مادەیەکی دەستەمۆی ئانکیە لەبەرئەوەی ئەو لە قوڵایی ئاوەکاندا نیشتەجێیە.

**ئاوی ژیانیشی دایە بە کالانۆرۆ**

**باوکە ئانکی بە(( کۆجارۆ )) و (( کالانۆرۆ ))ی وت:**

**( ١٩ دێڕ لەناوچووە )**

**لەسەر لاشە بەسراوە کە کە دایان چەقاندبوو تیشکی ئاگریان تێگرت**

**لە ئاوی ژیان شەست جار ئاویان بەسەردا کرد، لەخواردنی ژیانیش شەست**

**ئانانا بەحەق و ڕاستی هەستایەوە لە گۆڕەکەی**

**( ٢٤ دێڕ لەناوچووە )**

**بەسەر لاشە بەسراوەکەدا کە چەقاندبویان گڕی ئاگریان تێگرت**

**لە ئاوی ژیان شەست جار ئاویان بەسەردا پرژاند و لە خواردنی ژیانیش شەست**

**ئانانا هەستایەوە**

**و ئانانا لە جیهانی مردوان بەرزبۆوە.**

لەکاتێکدا گەڕانەوە لە مردن کارێکی گەورەو ڕووداوێکی ناوازەبوو،ئەوە بە سانایی و ئاسانی چێ نەدەبوو.پێویست بوو لەسەر خواوەند ئانانا کە بگات بە ڕۆژی کۆتایی خۆی لەناو مردواندا بەناردنی یەکێ لەزیندوان لە جیاتی خۆی.بۆ دڵنیایی جێبەجێکردنی ئەو مەرجە کۆمەڵێ لە تارمایی و دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە سەربازی ئەرشیکیگال هەستان بە هاوەڵیکردنی ئانانا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و ئەو کەسەیان لەگەڵدا بێت کە هەڵیدەبژێرێت لە جیهانی خۆی:

**دێوڕەفتاری بچوك کەوەك [لەقامیش بن]**

**دێوڕەفتاری زەبەلاحیش وەك [....]**

**( هەمویان ) لەگەڵیدا ڕۆیشتن**

**ئەوانەی لە پێشیەوە دەڕۆیشتن بە پێ [....] لەدەستیاندا گۆچان هەبوو**

**ئەوانەشی لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتن بە پێ [....] لەکەمەریاندا چەك هەبوو**

**ئەوانەی لە پێشیشەوە بوون**

**ئەوانەی پێش ئانانا کەوتبون**

**بونەوەرانێك بوون کە نەخواردن و نەخواردنەوە یان نەدەزانی**

نانی گەنمی هاڕاویان * نەدەخوارد

لەمەیی قوربانیەکانیشیان نەدەخواردەوە

کەژن لە باوەشی مێردەکەیدا دەفڕێنن

منداڵیش لە سنگی دایکی بەبەزەیی دەفڕێنن

بەو شێوەیە ئانانا لە جیهانی ژێرەوە سەرکەوتەوە

لەکاتی یەکەم دەرچوونیشی لە جیهانی مردوانەوە

ننشۆبۆر خۆی خستە سەر قاچەکانیەوە

خۆی خستە ناوگڵەوە و خۆی لە قوڕ هەڵکێشا

دێوڕەفتارەکان بە ئانانایان وت:

ئەی ئانانا .بڕۆ بۆ شارەکەت با لەگەڵ خۆمان هەڵیبگرین

ئاناناى پاك وەڵامی دێو ڕەفتارەکانی دایەوە و وتی:

(( ئەو نێردراوی خاوەن قسەی چاکی منە

وهەڵگری قسە ڕاستەکانمە

هیچ ڕۆژێك ئامۆژگاریەکانمی لەیاد نەکردوە

نەخێر و نەبوە هیچ ڕۆژێك خیانەت لە فەرمانەکانم بکات

هەموو ئاسمانەکانی پڕکرد لەهاوار بۆمن

لەحەرەمی کۆڕی خواوەندەکاندا بۆمن گریا

لەماڵی خواوەندەکاندا لێرەو لەوێ ڕایدەکرد بۆ من

چاوەکانی هەڵدەگلۆفی و لەدەمیەوە بەبێ ئاگایی قسەی دەکرد

و[.........] لە پێناویمندا

وەك هەژارێکی ئاوارە تەنها یەك جلی لەبەرکرد بۆ من

بۆ ئیکۆر ماڵی ئنلیل

بۆ ئور ماڵی نانا

بۆ ئەریدۆ ماڵی ئانکی ( ڕۆیشت ) بۆ ئەوەی ژیان بۆمن بگێڕێتەوە ))

---

* جۆرێکی تایبەت لە دیاریەکان.

دەبا بڕۆین بۆ (( سیگور شاکا )) (( لە ئۆما ))

لەوێ(( شارا )) خۆی فڕێدایە سەر پێیەکانی

کەوتە سەرزەوی و خۆی لە قوڕ هەڵکێشا

دێو ڕەفتارەکانی لە ئانانا ی پاکیان پرسی:

ئەی ئاناناى پیرۆز بڕۆ بۆ شارەکەت و لێمانگەڕێ بابیبەین لەگەڵ خۆمان

ئانای پاك وەلآمی دانەوە و وتی:

( وەلآمەکە شکاوە )

بابڕۆین بۆ(( ئیمۆشکالاما )) لە (( بادتیبیرا ))

لە (( بادیتیبرا ))دا (( لتراك )) خۆی لە ئیمۆشکالامادا خستە سەر پێیەکانی

کەوتە سەر زەوی و قوڕی دا بەخۆیدا

دێوڕەفتارەکان بە ئاناناى پاکیان وت:

ئەی ئانانا بڕۆ بۆ شارەکەت و لێمانگەڕێ بابیبەین لەگەڵ خۆماندا

(( وەلآمی ئانانا و هەندێ دێوی تر شکاون ))

بابڕۆین بۆ (( کۆلاب )) شاری(( دومۆزی ))*

لە (( کولاب )) دا دومۆزی جلوبەرگێکی گران بەهایدا بەخۆیدا و چووە سەر عەرشەکەی

دێو ڕەفتارەکان هەڵیانکوتایە سەری و بە قاچ ڕایانکێشا

هەر حەوت دێوڕەفتارەکان هەڵیانکوتایە سەری چۆن لەگەڵ پیاوێکی نەخۆشدا دەیکەن

شوانەکە لەلێدانی بلوێر و زوڕناکەی کەوت**

دواتر (( ئانانا ))چاوەکانی خستە سەری، بەچاوی مردنەوە

دژی ئەو قسەی کرد. ئەو وتەیەی وت کە ڕۆح ئازار دەدات

هاواری لێکرد بە هاوارێکی تاوانباری و وتی:

ئەوە ببەن لەگەڵ خۆتاندا

---

* ئەو دێڕە گریمانەیە. دامناوە بۆ پەیوەستکرد لە نێوان پارچە شکاوەکەی کۆتایی لە دەقەکە و ئەوەی لە پێشەوەیە.

* واتا دومۆزی کە لەوکاتەدا بلوێری لێدەدا.

**بەو شێوەیە ئانانا دومۆزی شوانی دایە دەستیان.**

**ئەوەی هاوەڵی کرد**

**ئەوەی هاوەڵی دومۆزی کرد**

**بونەوەرانێك بوون کە نەخواردن و نەخواردنەوەیان دەخوارد و دەخواردەوە**

**ونانی گە نمی هاڕاویشیان نەدەخوارد**

**لەمەیی قوربانیەکانیشیان نەدەخواردەوە**

**ژنیان لەباوەشی مێردیدا دەرفاند**

**ومنداڵیشیان لە سنگی دایکی بەبەزەییەوە دەرفاند**

**دومۆزی گریا تا دەموچاوی شین هەڵگەڕا**

**دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان بەرەو (( ئۆتۆ)) و وتی:**

**ئەی ئۆتۆ.تۆ برای ژنەکەمی و منیش مێردی خوشکەکەتم**

**منم کە کەرە دەبەم بۆ ماڵی دایکت**

**منم کە شیروماست دەبەم بۆ ماڵی (( ننگال))**

**دە دەستەکانم بگۆڕە بۆ مار و قاچەکانیشم بۆ مار**

**ڕزگارمکە لە دێو ڕەفتارەکان و لێیان مەگەڕێ بمبەن**

ئالەو پاڕانەوەیەدا پارچە شکاوی کۆتایی تەواو دەبێت کە تەواوی دەکات ئەوەی دەیزانین تاکو ئێستا لەو دەقە.بەڵام دەقێکی تر چارەنوسی خواوەند دومۆزیمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دابەشبۆتە سەر ٢٨ تابلۆ و پارچە. کە توانراوە بدۆزرێتەوە و کۆبکرێتەوە لە مۆزەخانەکانی جیهاندا بەهێواشی سەرەڕای ئەوەی کە پارچە شکاوی یەکەم لە ساڵی ١٩١٥ وە بڵاوکراوەتەوە بەڵام شێوەیەکی ڕوون و مانادار بۆ دەقەکە دەست نەکەوت تا ساڵی ١٩٥٢ کاتێك سۆمەرناسی گەورە بەڕێز ((Tharkild Jacobson)) بەشی هەرە گەورەی لە دەقەکە بڵاوکردەوە لە The Jornal of cuneiform Studies : و لەدوای ئەویش هەستا بە تەواوکردنی ئەرکەکە بەڕێز S.N.Kramer کەلە مۆزەخانەی ئەستانبوڵدا پاشماوەی پارچەکانی دەسکەوت و لەبەریگرتنەوە و بڵاویشی کردەوە.دوایی هەستا بە پێدانی ئاماژەیەکی گشتی بە دەقەکە بە تەواوی.دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ

ساڵی ١٧٥٠ پ.ز . دەتوانرێت بگوترێت ئەو لە دەقی دابەزینی ئاناناوە هەڵیهێنجاوە ئەوەش بە لێکچوونی پیت بە پیتی لەهەندێ پەرەگرافدا. لەوانەیە وێنەیەك لەبەشی کۆتایی ونبوو لەدەقەکە دەستی نوسەرەکە هەستابێت بەچێکردنی هەندێ ڕاستکردنەوە بەسەریدا.منیش لایەنگری ئەو گریمانەیەم من داوا لە خوێنەرانم دەکەم کە ئەو دەقە بە تەواوکەری سروشتی دەقەکەی پێشوو دابنێین. بەڕای من ئەو دەقە بریتیە لە جوانترین نوسراو کە نوسەرێکی سۆمەری نوسیبێتیەوە.

## چارەنوسی دومۆزی ٣

دڵی پڕبوو لە ( غەم و پەژارە ) و فرمێسك
بەرەو دەشتایی ( فراوان ) بەڕێکەوت
دڵی شوان پڕبوو لە ( غەم و پەژارە ) و فرمێسك
بەرەو دەشتایی ( فراوان ) بەڕێکەوت
دڵی دومۆزی پڕ بوو لە ( غەم و پەژارە ) و فرمێسك
بەرەو دەشتایی ( فراوان ) بەڕێکەوت
بلوێرەکەی بەملیدا هەڵواسی
دەستی کرد بە گریان و لاواندنەوە :
بیڵێرەوە ، بیڵێرەوە گریانم
ئەی دەشتەکان دەوەرن لەگەڵمدا بگرین
ئەی دەشتەکان لەگەڵمدا بگرین و بەسەرمدا بلاوێننەوە
گریانم ببیستن قرژاڵەکانی ڕووبار
هاوارەکانم ببیستن بۆقەکانی جۆگەلە
لەدایکم گەڕێ پەشیمان ببێتەوە بۆ ونبونم
ئەو دایکەی ٥ نانی نیە بابگری بەسەرمدا
ئەو دایکەی ١٠ نانی نیە بابگری بەسەرمدا

لەبەرئەوەی ئەو کەس شك نابات کە گرنگی پێبدات ڕۆژی مردنم
دەتۆش ئەی چاوم کە وێڵی لە دەشتەکاندا فرمێسك بڕێژە لەگەڵم وەك چاوی دایکم.
دەتۆش ئەی چاوم کە وێڵی لە دەشتەکاندا فرمێسك بڕێژە لەگەڵم وەك چاوی خوشکم.
لەنێو گوڵاندا ڕاکشا     لە نێو گوڵاندا ڕاکشا
لەنێو گوڵاندا ڕاکشا خواوەند دوموزی
کاتێك ئەو لەنێو گوڵاندا خەوی لێکەوت خەوی بینی
لەخەوەکەی ڕا پەڕی و ترسابوو لەوەی کە دیبووی
چاوەکانی بەدەستی هەڵگلۆفی و سەری گێژی دەخوارد

دوایی دوموزی حەپەساو دەڕوات بۆلای خوشکەکەی (( جشتینانا))هۆزانەوان وگۆرانیبێژو ڕاڤەکەری خەونەکان.خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە:

خوشکەکەم: ئەوەی دیم بۆت دەگێڕمەوە
ئەو خەوەت بۆ دەگێڕمەوە کە دیم
لەچواردەورم سمار*( جۆرێکە لە ڕووەك ) گەورەبوون و بەخێرایی بەرزدەبونەوە لەناو زەوییەوە
یەك سمارە( جۆرێکە لە ڕووەك ) بەتەنها لە پێشمدا سەری دانەواند
هەموو سمارەکان بە جووتە وەستان تەنها یەك سمارە نەبێت لەجێگەکەی دەرکێشرا
لە ئاو و سەوزایی چواردەورم درەختی زۆر درێژو ترسناك بەرزبونەوە لە زەوی و ڕاوەستان
ئاوێکی سارد بەسەر ئاگردانەکەمدا ڕژێنرا
تاسی* شیرەکەم یان ( ماستەکەم ) بەتاڵە و ئەوەی تیایدا بوو فڕێدرا
پەرداخە پیرۆزەکەم کەوتە خوارەوە لە جێگەی هەڵواسینەکەی
گۆچانی شوانەکە نەما و باکە بردی
لەوێدا کوندەپەپویەك هەبوو
هەڵۆیەك گوێرکێکی لەناو چنگدا بوو

---

* سمار: یان الاسل ڕوەکێکە گەڵاکانی لولەکین کە بەکاردێت لە دروستکردنی هەندێ کورسی یان گسکدا.

**بزنە گەنجەکەم ڕیشە لاژوردییەکەی( لاژورد**= کانزایەکە بۆ خشڵ بەکاردێت و باشترینیان شینە ئاسمانیەکەیەتی )( **وەرگێڕ ) دەخشاند لەخۆڵ**

**بەڵام مەڕەکانی ناو دالانەکەم قاچە نوشتاوەکانیان بەر زەوی دەکەوت**

**( بەڵێ ) تاسی* شیرەکەم شکا و شیری تیا نەما**

**پەرداخەکەم شکا و دومۆزیش لەناو زینداندا نەما**

**ژوورەکەشی کەوتە بەردەم ڕەشەباوە**

**( خوشکەکەی وەلامی دەداتەوە )**

**ئاە ئەی براکەم ئەو خەوەی گێڕاتەوە خەوێکی باش نەبوو**

**ئاە یا دومۆزی ئەو خەوەی گێڕاتەوە خەوێکی باش نەبوو :**

**لە چواردەورت ڕووەکەکان گەشەیان دەکرد و بەخێرایی بەرزدەبونەوە لەناخی زەویەوە**

**( ئەوە مانای ) ئەوەیە کە کۆمەڵێك لە خوێنڕێژان پەلامارت دەدەن**

**( بەڵام لەبارەی ) ڕوەکە تەنهاکەوە**

**( کە ) وەستاو سەری دانەواند لە بەردەمتدا**

**( ئەوە مانای ئەوەیە ) کە ئەو دایکەی تۆی لێبویت سەری دادەنوێنێت لە پێناوتدا**

**( لەبارەی ) هەموو ڕووەکەکان کە بەجووتە وەستاون**

**تەنها یەکێك نەبێ هەڵکەنرا لە جێگاکەی**

**( ئەوە مانای وایە ) ئەو پێت دەڵێت : یەکێکمان دەبێت بزربین**

دواتر جشتینانابەردەوام دەبێت لە ڕاڤەکردنی خەوی براکەی بڕگە بە بڕگە تا کۆتایی دێت بە ئاگادارکردنەوەی براکەی لەوەی کە (( گالا ))کە دێو ڕەفتاری جیهانی ژێرەوەن و خۆیان دەدەن بە سەریداو دەیبەن بۆ ئەوێ. پێویستە لە سەری کە خۆی لێیان ونبکات. دومۆزی بە قسەی خوشکەکەی دەکات و بەجێیدێلێت و ئامۆژگاری دەکات کە جێگەی خۆشاردنەوەکەی بەکەس نەڵێت.

**ئەی خوشکم خۆم دەشارمەوە لەناو گژوگیادا**

**شوێنی خۆشاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

---

* تاس: ئەوەی کە شوان بەکاریدێنێت بۆ شیر تێکدان.

**خۆم دەشارمەوە لەناو گژوگیای کورتە باڵادا**

**شوێنی خۆشاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

**خۆم دەشارمەوە لەناو گژوگیای درێژدا**

**شوێنی خۆ شاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

**خۆم دەشارمەوە لە نێوان جۆگەلە وسەوزاییدا**

**شوێنی خۆشاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

**خوشکەکەی وەڵام دەداتەوە:-**

**با سەگە هارەکانت بمخۆن**

**گەر شوێنی خۆشاردنەوەت ئاشکرا بکەم**

**سەگە ڕەشەکان ، سەگەکانی پارێزگاری ڕانەکەت**

**سەگە دڕندەکان ،سیمبولی دەسەڵاتتە**

**بەڵێ با سەگەکانت بمخۆن .**

**دوایی ئەو دێوڕەفتارانە دێن کە :**

**خواردن ناخوات و خواردنەوەش نازانێت**

**نزیك نابێتەوە لە ئاوی قوربانییەکان**

**بەخششەکان وەرناگرێت کە دەروون ئارام دەکەنەوە**

**لەباوەشی ژنەکەیدا دانانیشێت**

**منداڵی جوانیش پەسند ناکات**

**هەوڵدەدەن کە خوشکەکەی ڕازیبکەن بەهەموو جۆرە هۆکارێك تا شوێنی خۆشاردنەوەی دومۆزیان پێبڵێ، بەڵام بێسوودە لەگەڵیدا.بەڵام دومۆزی لە ترسی ئەوەی نەبادا خوشکەکەی توشی زیانێك ببێت لەلایەن دێو ڕەفتارەکانەوە لەخۆیەوە دەگەڕێتەوە و خۆی ڕادەستیان دەکات.هەڵدەکوتنە سەری و هەردوو دەست و قاچی دەبەستن و زۆری لێدەدەن بە گۆچان و بە قامچی و ئامادەی دەکەن بۆ ڕۆیشتن لەگەڵیاندا.ئالێرەدا ڕووی پاڕانەوە دەکاتە (( ئۆتۆ))*و داوای**

---

*** خواوەندی ڕۆژ و برای ئانانا.**

ڕزگارکردنی لێدەکات:

**ئەی ئۆتۆ تۆ برای ژنەکەمی و منیش مێردی خوشکەکەتم**

**منم ئەو کەسەی خواردن بۆ ئایانا* هەڵدەگرم**

**لە ( ئێرێك ) ژنهێنانم تەواوکرد**

**من لەلایەنی لێوە پاکەکانمەوە**

**ماچی جەستەی پیرۆز جەستەی ئانانام کردوە**

**دەستەکانم بگۆڕە بۆ دەستی ئاسك******

**قاچەکانیشم بگۆڕە بۆ قاچی ئاسك**

**بۆ ئەوەی دەستی دێوڕەفتارەکانی گالام نەگاتێ**

**ڕزگارم کە بۆ (( شۆبیریلا ))**

**ئۆتۆ بەدەم داواکاریەکەی دومۆزیەوە دێت :**

**ئۆتۆ فرمێسکێکی وەرگرت وەك قوربانییەك**

**وەکو خواوەندی بەزەیی فراوان لێیەوە بەزەیی دەبینم**

**دەستەکانی بگۆڕە بۆ دەستی ئاسك**

**قاچەکانیشی بگۆڕە بۆ قاچی ئاسك**

**دەستی دێوڕەفتارەکانی گالا نەیگاتێ**

**و خۆی ڕزگارکرد بۆ شۆبیریلا**

بەڵام تارمایییە دڵڕەقەکان جارێکی تریش دەیبیننەوەولێیدەدەن و ئازاریشی دەدەن.سەر لەنوێ داوا لە ئۆتۆ دەکات کە دەست و قاچەکانی بگۆڕێت بۆ دەست و قاچی ئاسك تا ڕابکات. بەهەمان شێوەش ئۆتۆ بەدەم داواکاریەکەیەوە دێتەوە،دومۆزی ڕادەکات بۆ ماڵی خواوەندێك کە ناوی (( بیلیلی )) بوو:

**ئەی خانمە پیرە داناکە من مرۆڤ نیم بەڵکو مێردی خواوەندێکم**

**لێمگەڕێ با کەمێك ئاوی قوربانییەکانم بخۆمەوە**

---

* پەرستگای ئانانا.

** لەدەقی پێشوودا داوادەکات دەست و قاچەکانی بگۆڕدرێت بەمار.

**لە گە نمی چاندن کەمێك بخۆم.**

هەرئەوەند دومۆزی فریای هەناسەدانێك کەوت و هەندێ خواردنی خوارد و شەرابی خواردەوە یەکسەر تارماییەکان گەیشتنە ماڵی خانمە پیرەکە،و دەستیان کردەوە بە لێدانی خواوەندە بێدەسەلاَت و داماوەکە بۆ جاری سێیەم.بەلاَم بە یارمەتی ئۆتۆ ڕایکرد بۆ ژوورەکەی خوشکەکەی، لەوێدا کۆتاییان پێهێنا کاتێك :

**دێوڕەفتاری یەکەم هاتە ژوورەوە**

**لە ڕوومەتی دومۆزیدا بە بزمارێکی درێژی کونکەر**

**بەدواشیدا دێوڕەفتاری دووەمیش هاتە ژوورەوە**

**دەستیکرد بەلێدانی دەم وچاوی دومۆزی بەگۆچانی شوانیەکەی**

**لەدواتردا دێوڕەفتاری سێیەمیش هاتە ژوورەوە**

**ئەوەی لە تاسی شیرەکەدا بوو ڕشتی و بە بەتاڵی فرێیدا**

**دێوڕەفتاری چوارەمیش دوای ئەو هاتە ژوورەوە**

**پەرداخە پیرۆزەکەی لە شوێنی هەڵواسینەکەی فرێدا**

**دواتر دێوڕەفتاری پێنجەمیش هاتە ژوورەوە**

**تاسە شیرە بەتاڵەکەی شکاند**

**هەروا پەرداخەکەی شکاند و ئیدی دومۆزی لەناو زیندواندا نەما**

**ژوورەکەی کەوتە بەر هەڕەشەی ڕەشەبا**

لەسەر ئەو وێنایە ئەفسانەی دابەزینی ئانانا تەواو دەبێت بە گرتەیەك کە دڵ و دەروون دەردەکێشێت تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان. خواوەندی شوان چانسی هەبوو بەوەی کە خۆشەویستی ئانانای وەدەستهێنا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەلاَم پێویست بوو لەسەری کە باجی ئەوەبدات کە گرنگی نەدا بە ژنەکەی و ماتەمینی بۆ نەگێڕا.بەلاَم نرخەکەی زۆر گەورە بوو،دومۆزی بەزۆر برا بۆ جیهانی مردوان لە جیاتی خواوەندەی تاك و تەنها کە سەرکەوت بەسەر مردندا و تێکی شکاند،لێیدەرچوو بە سەرکەوتوویی و بەسەر بەرزییەوە بۆ ژیانێکی نوێ.لێرەدا وێنای قابیل و هابیل تەواو دەبێت.ئەو شوانەی کە ئانانا چاکەیدا بەسەر

ئەنکمدۆی جووتیاردا لە ئەفسانەیەکی لە پێشتردا و شووی پێکرد دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆخۆی لەناوببات.مردنەکەی دەبێتە مەرج بۆ گەڕانەوەی هێزی بەپیتی لە جیهانی مردوانەوە بۆ ئەوەی زەوی سەرلەنوێ ببوژێتەوە و کشتوکاڵ سەربکەوێت بەسەر شوانکارەییدا بەسەر دەنگی هاوارەکانی دومۆزی کوژراودا کە دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە ڕایدەکێشن و هاواری هابیل کە لێدانەکانی برا جوتیارەکەی لەسەری دەدا و دەنگی خواش بەدوایەوەیەتی بۆ هەر کوێیەك بڕوات: (( کوا قابیلی برات...دەنگی خوێنی براکەت هاواردەکات لەزەویەوە بۆ ئاسمان.ئێستا تۆ نەفرەتلێکراوی لەزەویەوە کە دەمی کردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێنی براکەت لەدەستی تۆوە وەربگرێت)).

بە بەرزبونەوەی ئانانا درامای خۆبەخشینی خواوەندی تەواو دەبێت.خانمی ئاسمانەکان عەرشەکەی بەجێدێڵێت و بەخواستی خۆی دابەزی بۆ حەوت ئاستەکانی مردن هەموو شتێکی بەخشی لە بەرانبەر ئەنجامگەلێکی نادیار و هیوایەکی لاواز لە گەڕانەوە بۆ ژیان.بەڵام ژیان سەردەکەوێت و خواوەندی ژیان هێزگەلی مردن تێکدەشکێنێت و لەگۆڕەکەی هەڵدەستێتەوە کاتێك لاشە بێگیانەکەی هەڵواسرا بە کۆڵەکەیەکەوە.زیندوو دەبێتەوە لە گەڕانەوەیەکی نەکردەوە وەك گەنجێکی تازەبۆوە وەکو ئەوەی باڵندەی فینیق بێت.

کە باڵندەیەکی سەیرە و خۆی دەسوتێنێت هەرکاتێك پیربوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ زیندوبێتەوە لە خۆڵەمێشەکەی ،فینیقێکی تر کە گەنج و بەهێزبێت.سروشتی تازەبۆوەش ئاوهایە کە دەمرێت و وشك دەبێتەوە بەڵام هێندە نابات زیندوو دەبێتەوە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کە ڕاڤە ناکرێت و بیانوی نیە،تەنها بە دیاردەیەك دادەنرێت کە هێزگەلێکی خواوەندی پشتکۆی کاریگەر و بەجوڵە ئاشکرا دەکات.ژیان لەسەر زەوی دەرکەوت لە ئەنجامی قوربانیدانی خواوەندێکەوە،هەر بەردەوامیش دەبێت لە ئەنجامی قوربانیدانی و بەخشندەیی خواوەندێکی ترەوە.لەسەر ئەوەی ڕۆیشتنی دومۆزی بۆ جیهانی ژێرەوە پێویست بوو بۆ بەردانی ئانانا،لەویژدانی بەندەکاندا تەنها وەك قوربانیەکی هەژار نەمایەوە بەڵکو گۆڕدرا بۆ پاڵەوان .ئەو بەشدارە لە داستانی خۆبەخشیندا و لایەنێکی

گرنگەکە داستانەکە تەواو نابێت بەبێ ئەو.لەبەرئەوە لەدەقی تردا دەیبینی دەڕوات بۆ مردن بە پاڵەوانانە بۆ ئەوەی ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکات :

ئەی پاڵەوان هەستە و بڕۆ بەرەو ڕێگای نەگەڕانەوە

تا ئەوەتا بزر دەبێت.تا ئەوەتا بزر دەبێت لە باوەشی زەویدا

زەوی مردووان پڕ دەکات لە خێر و بیری زۆر

ئەی پاڵەوان بڕۆ بەرەو خاکی دوور لەدوای مەودای بینینەوە ٤

هەڵوێستی ئانانا لە تەموز.کە دوو پێکهاتەی دژ بەیەك لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە خۆشەویستی و ڕقلێبونەوە خۆشی ژیان بۆی و خواستی مردنیش،هاوشێوەکان لە ئەفسانەناسی گەلانی تریشەوە دەبینین.هەندێ لەخواوەندەکان هیچ دڵ ڕەقیەك نابیننەوە لە لەناوبردنی خۆشەویستەکانیاندا و دواتر گێڕانەوەیان بۆ ژیان جارێکی تر بۆ خۆشەویستی.لە ئەفسانەی یۆنانیدا دەبینین کە ئەدۆنیس لەلایەن بەرازێکی کێویەوە دەکوژرێت کە ئاژەڵێکی پیرۆزە لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە ئەفرۆدێت و یەکێکە لە هێما کانیشی.بەو شێوەیە ئەدۆنیس لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە کوژراوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.بەڵام ئەو ترسەی کە هاوشێوەی ئەو دەقانە دەیبینینەوە لەدڵی خوێنەرانی سەردەمی تازەدا ئەوە دوا ئامانجی ئەفسانە بوە. بەبێ مردن ژیانێکی نوێ بونی نابێت کە جێگەی یەکەم دەگرێتەوە کە پێدەچێت بێئومێد بوبێت و بێماناش دەبێت کە تەنها پشت ببەستێتە سەر چاکە.

ئانانا بەخۆشەویستەکەی سەرچاوەی لەناوچوونی دابینکرد بەڵام خودی خۆی هەڵدەستێت بە ڕزگارکردنی لە دیلێتی و گەڕانەوەی لە جیهانی ژێرەوە. خۆشەویستیەکەی بۆی و پیوەلکاندنی بۆی دەبنە دوو توخمی سەرەکی لە پڕۆسەی بەدەستهێنانەوەیدا. ئانانا گەڕانەوەیەکی نەکردەی بۆ خۆی هێنایەدی لە جیهانی مردوانەوە ئەو گەڕانەوەیە دەبێتە نمونەیەکی دەسپێکی بۆ هەموو

---

4. J.L.Henderson،the Wisdom of the serpent،collier Books،newyork 1971.

گەڕانەیەوەیەك بۆ ژیان، نمونەیەك کە مرۆڤ لێیدەڕوانێت بەهیواوە تا ئەو کاتەی کە ژیان و مردن دەمێنن.هەوڵی یەکگرتن دەدەن لەگەڵ ئەو خواوەندەی کە مردو و زیندوو بۆوە، پێوەی دەنوسێت لە کۆمەڵێك ڕێوڕەسمی نهێنیدا کە لە توانایدایە،لەبڕوابونەوە،وایان لێدەکات دەیانکاتە بەشێکی یەکگرتوو لەگەڵیدا و لەسەر ڕێگاکەی دەڕۆن،و لەگەڵیدا لەمردنی کاتی دێتە دەرەوە بۆ ژیانێکی نوێی دووەم دوور لەجیهانی ژێرەوە.(( ئەوەی بڕوای پێم هێنا ئەگەر مردیش هەر زیندووە)) گەورەمان مەسیح وا دەڵێت.

زیندووبونەوەی نویَ تەنها بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە دواکەوتەی خواوەندی مردوو بوون لەوانەی کە چوونە ناو پەرستنەکانیەوە و ڕێوڕەسمی پێویستی چوونە ناوەوە و یەکگرتنیان لەگەڵیدا ئەنجام داوە بەپێی کۆمەڵێ ڕێوڕەسم و پەرستنەوە.

ئاوها لە ئەفسانەی سۆمەریدا دەبینین کە ئانانا دومۆزی دەنێرێت بۆ مردن بەلاَم لە ئەفسانەی بابلیدا لەمردن ڕزگاری دەکات. دەست دەکات بەو کاروانەی بۆ جیهانی ژێرەوە بۆ ئەو مەبەستە و گەڕانەوەیەکی نەکردە بۆ خۆشەویستیەکەی وەدیهێنێت وەك لە پێشتر بۆخۆی مسۆگەر کرد هەروەك چۆن بۆ دواکەوتە دڵسۆزەکانیشی ئەوانەی کە پێوەی دەلکێن دابین دەکات لەماوە دواترەکانی پێشکەوتنی ئاینە ڕۆژهەلاَتیەکان.

## ٢// دابەزینی عەشتار بۆ جیهانی ژێرەوە.

ئەفسانەی ئەکەدیش بەهەمان ڕێچکەی نمونەی ئەفسانەی سۆمەریدا دەڕوات و هەمان پەیکەری گشتی بۆ دابەزینی دووەم دەگرێتە بەر بەشێوەیەك کە زۆر نزیکە وەکو وێنەیەکی لەبەرگیراوەی دابەزینی یەکەم بێت.بەشێوەیەك دەقەکە بە هەموویەوە نمونەیەکی وتەبێژ دروست دەکات دەربارەی کارتێکردنی توندی بۆ بیر و ئەدەبی ئەکەدی لەلایەن نمونەکانی سۆمەری لە پێشووتردا.و بالاَدەستبوونی بیری سۆمەری بەسەر ڕۆشنبیری ناوچەکەدا.دومۆزی لەدەقی بابلیدا بریتیە لە ((تەموز)) وەکو چۆن بانگەشەی بۆ دەکرێت.بەلاَم ئانانا بە ناوە ئەکەدیە تازەکەیەوەیەتی عەشتار:

بۆ ئەو خاکەی کە گەڕانەوەی لێوە نیە، بۆ خاکی [ئەریشکیگال] ٥
عەشتار کچی (( سن )) بیرۆکەکانی ئاراستە کرد
بەڵێ.کچی سن بیرۆکەکانی ئاراستە کرد
بۆ ماڵی تاریکی و نیشتەجێی (( ئەرکالا ))*
بۆ ئەوماڵەی کە هەرکەسێ تێیچوو ناگەڕێتەوە.
بۆ ئەو ڕێگەیەی کە خاوەنەکەی ناگەڕێتەوە بۆ شوێنی هاتووی.
بۆ ئەو جێگەیەی کە دانیشتوانەکەی ڕوناکی و ڕۆشنی نابینن،
بەشێوەیەك تە پو تۆزخواردنیانە و خۆڵیش ژیانیانە،
سوپاسگوزاری دەکەن لە تاریکیدا کە هیچ تروسکایی و تیشکێکی تیادا نیە.
باڵیان هەیە کە دەیانگوێزێتەوە وەکو باڵندە،
بۆ هەموو لایەکی نیشتەنیەکان کە تەپ و تۆز نیشتوە لەسەر دەرگا و کێلونەکان.
کاتێك عەشتار گەیشتە بەردەم دەرگای خاکی نەگەڕانەوە
بانگی لە پاسەوانی دەرگاکە کرد:
دەرگاکەت بکەرەوە ئەی پاسەوانی دەرگا
دەرگاکەت بکەرەوە و لێگەڕێ بێمە ژوورەوە
ئەگەر دەرگاکەت نەکەیتەوە بۆ ئەوەی بێمە ژوورەوە
دەیشکێنم و کێلونەکانیشی تێکدەدەم
گرێژەنەکەی دەردەهێنم و چوارچێوەکەی فڕێدەدەم
و مردوەکانیش بەردەدەم بۆ سەر ڕووی زەوی و دانیشتوانەکەی دەخۆن
ژمارەی زیندوان زیاد دەکات بەسەر ژمارەی مردواندا
پاسەوانی دەرگاکە دەمی کردەوە و وتی:
لەسەرخۆبە خانمەکەم و دەرگاکە فڕێمەدەرە سەر زەوی
ڕادەکەم و هەواڵی گەیشتن دەدەمە شاژنە ئەریشکیگال
( دوایی ڕۆیشت ) و چوە لای ئەرشیکیگال و پێی ووت:

---

5.A.Heidel،The Epic of Gilgamesh،Phoenix Books 1970.

* ئەرکالا بریتیە لە ئەریشکیگال خۆی.

عەشتاری خوشکت[ لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستاوە]
( ئەوەی ) کە ئاهەنگەکان سەرپەرشتیدەکات، و ئاوەکانی ژێرەوە دەجوڵێنێت لەبەردەم ئایادا ( ١ ).
کاتێ ئەرشیکیگال ئەوەی بیست
ڕەنگی شینبۆوە تا وایلێهات وەکو دارێکی هەڵکێشراو لە زەوی
لێوەکانی ڕەش هەڵگەڕان تاوەکو ڕەنگی(( کینینۆ ))ی هەڵکێشراوی لێهات:
چی هانیداوە تابێت بۆ لای من، چی بیروخەیاڵەکانی والێکردوە ڕووبکاتە من؟
کەواتە منیش ئاو دەخۆمەوە لەگەڵ هەموو ئانوناکیەکاندا
لەجیاتی خواردن خۆڵ هەڵدەلوشم و لە جیاتی مەی ئاوی پیس * دەخۆمەوە
کەواتە ئیتر دەگریم بۆ ئەو کچانەی کە لە باوەشی خۆشەویستەکانیان دەرهێنراون،
دەگریم بۆ ئەو منداڵانەی کە لە پێش کاتی خۆیانەوە مردوون،
ئەو پیاوانەی لەدوا خۆیان ژنەکانیان بەجێهێشتووە.
ئەی پاسەوانی دەرگا بڕۆ و دەرگاکەی لێبکەرەوە
دوایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە بە پێی یاسا کۆنەکان.
پاسەوانەکە ڕۆیشت و دەرگاکەی لێکردەوە:
وەرە ژوورەوە خانمەکەم، جیهانی ژێرەوە بەدڵخۆشیەوە بەخێرهاتنت دەکەن،
کۆشکی نەگەڕانەوە لەبەردەمتدا دڵخۆش دەبێت.
کاتێ لەبەردەم دەرگای یەکەمدا تێپەڕی، تاجە گەورەکەی لەسەری لابرد.
-ئەی پاسەوان بۆچی تاجە گەورەکەمت لەسەر سەر لابردم؟
- بڕۆرە ژوورەوە خانمەکەم ئەوە یاسای خواوەندەی جیهانی ژێرەوەیە.
کاتێك تێپەڕیکرد بەدەرگای سێیەمدا ملوانکەکەی لەگەڵەردنی داکەند.
– ئەی پاسەوان بۆچی ملولنکەکەمت لەگەردنم داکەند؟

---

* ئەرشیکیگال لەو بڕوایەدا بوو کە عەشتار هاتوە دانیشتوانی جیهانی ژێرەوە ڕزگار بکات. کە ئەوە هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆسەر شانشینەکەی کەچۆڵ دەبێت بەکۆچکردنی دانیشتوانەکەی. بەنەمانی دەسەڵاتەکەی چیدی زیندوەکان قوربانی پێشکەش ناکەن.

– بڕۆرە ژوورەوە خانمەکەم ئەوە یاسای خواوەندەی جیهانی ژێرەوەیە.

کاتێك تێپەڕیکرد بەدەرگای چوارەمدا خشڵەکانی لەسنگی کردەوە.

– ئەی پاسەوان بۆچی خشڵەکانمت لەسنگم کردەوە؟

– بڕۆرە ژوورەوە خانمەکەم ئەوە یاسای خواوەندەی جیهانی ژێرەوەیە

– کاتێك تێپەڕیکرد بەدەرگای پێنجەمدا چاوەزاری منداڵبوونی کە بەخشڵی لەدایك* بوون ڕازابۆوە لەکەمەری کردەوە

– ئەی پاسەوان بۆچی چاوەزاری لەدایکبونی ڕازاوەت لەکەمەرم کردەوە؟

– بڕۆرە ژوورەوە خانمەکەم ئەوە یاسای خواوەندەی جیهانی ژێرەوەیە.

کاتێك تێپەڕیکرد بەدەرگای شەشەمدا بازنگ و خڕخاڵەکانی لەدەست و قاچی کردەوە.

– ئەی پاسەوان بۆچی بازنگ و خڕخاڵەکانت لەدەست و قاچم کردەوە؟

– بڕۆرە ژوورەوە خانمەکەم ئەوە یاسای خواوەندەی جیهانی ژێرەوەیە.

کاتێك بەدەرگای حەوتەمدا بردیە ژوورەوە جل و بەرگی سەر لاشەی داکەند.

– ئەی پاسەوان بۆچی جلوبەرگی سەر لاشەمت داکەند؟

– بڕۆرە ژوورەوە خانمەکەم ئەوە یاسای خواوەندەی جیهانی ژێرەوەیە.

کاتێك عەشتار گەیشتە ناوجەرگەی جیهانی ژێرەوە.

چا وی ئەرشیکیگالی کەوتە سەر و توڕەبونی ئاگری گرت.

بەلام عەشتار بەبێ بیرکردنەوە بەرەو ڕووی پاڵینا.

ئەرشیکیگال دەمی کردەوە و بە شالیارەکەی نمتاری وت:

نمتار بڕۆ بیبەرە سەرەوە بۆ کۆشکەکەم و دەرگای لەسەر دا بخە لەوێ،

دوایی دژی ئەو بەریدە، دژی عەشتار شەست نەخۆشی بەردە.

دژی چاوەکانی نەخۆشی چاو بەربدە.

دژی پەراسوەکانی نەخۆشی پەراسوو بەربدە.

دژی قاچەکانی نەخۆشی قاچەکان بەربدە.

---

* ژنانی بابل ڕاهاتبون کە بالاَ پۆشێك لە جۆرێکی دیاریکراو هەڵبگرن کە ڕازابۆوە بە بەردی گران بەها کە لە توانایدا هەبوو کە پرۆسەی منداڵ بوون ئاسان بکات.

**دژی هەناوی نەخۆشی هەناو بەربدە،**

**دژی سەری نەخۆشیەکانی سەر بەربدە.**

**دژی هەموو بەشەکانی ،دژی هەموو لاشەی ( نەخۆشیەکان بەربدەن ).**

**(( دوای ئەوە کە خانمە عەشتار دابەزی بۆ زەوی نەگەڕانەوە**

... ... ...

... ... ...

**پیاوەکە بە تەنها لە ژوورەکەیدا ڕاکشا،ژنەکەش لەسەر لا بەتەنها *نوست ))**

**(( یابسوکلْ )) شالیاری خواوەندەی گەورە**

**شاڵێکی لەبەرکرد،و قژێکی درێژیش**

**بەگریانەوە ڕۆیشت بۆ لای باوکی (( سن ))**

**فرمێسکەکانی هەڵڕشت لەبەردەم پادشا (( ئایا ))دا :**

**عەشتار ڕۆیشت بۆ جیهانی ژێرەوە و دووبارە سەرنەکەوتەوە**

**لەو کاتەوە عەشتار لە جیهانی ژێرەوەدا بزربووە.**

[... ... ...]

[... ... ...]

**پیاوەکە پاڵکەوتوە لە ژوورەکەیدا بەتەنها، و ژنەکەش نوستوە بەتەنها لەسەر لا.**

[... ... ...]

**ئایای دانا مەسەلەکەی سەروژێرکرد و بەملاولادا و خەیاڵێك بە مێشکیدا هات**

**(( ئاصوٚشونامیر ))ی دروستکرد بونەوەری خەساو ( و پێی وت ):**

**ئەی ئاصۆشونامیر بڕۆ بۆلای دەرگاوانی خاکی نەگەڕانەوە.**

**ئەی ئاصۆشونامیر ڕووت بکەرەوە دەرگاوانی خاکی نەگەڕانەوە.**

**لەبەردەممدا هەر حەوت دەرگاکەی ئەو جیهانەت بۆ دەکرێتەوە،**

---

* لەوەوە تێدەگەیت کە ژن و پیاو لەڕووی سێکسیەوە لەیەك دوور کەوتونەتەوە.عەشتار هێزی بەپیتی چالاکە لەمرۆڤ و ڕوەکدا بەونبونی هەموو سیمایەکی بەپیتی لەگەڵ خۆیدا برد کە لەژیاندا ڕەنگدەداتەوە.

**ئەرشیکیگاڵ دەتبینێت و دڵی پێتخۆش دەبێت بە ئامادەبونت.**
**هەرکاتێ ئەندێشەکانی ئارام بونەوە و دڵی بۆت جێگیر بوو.**
**لێگەڕێ سوێندت بۆ بخوا بەهەموو خواوەندە گەورەکان.**
**دوایی سەرت هەڵبڕە و چاوت بکەرە ئاوێکی نزیك (( حالزاکۆ )) و بڵێ :***
**خانمەکەم.ئایا فەرمانتدا کە لەو ئاوە نزیکە حالزاکۆ بخۆمەوە.**
**کاتێك ئەرشیکیگاڵ ئەو قسەیەی بیست ****
**دەستی لەدەستیدا و پەنجەکانی گەست**
**ئەوا ڕازییوم بەوەی کە حەزت لێبوو**
**ئێستا ئەی (( ئاصوشومیر )) نەفرەتێکی گەورەت لێدەکەم**
**( بۆ هەتاهەتایە ) خواردنت لە ئاوەڕۆکانی شاردا دەبێت**
**بەلوعەی شارەکە لە پێناوی خواردنەوەی تۆدا دەگەڕێتەوە**
**لە سێبەری دیوارەکاندا شوێنی نیشتەجێت دەبێت ( بەبێ ماڵ )**
**لەسەکۆی بەردەرگاکاندا لانەت دەبێت( شوێنێك )**
**تینوتە و ئاو شك نابەیت بۆ تەڕکردن. ئەگەر دۆزیشتەوە دەتەقیەوە و تینویت ناشکێت*****
**دوایی لای کردەوە بەلای شالیارەکەیدا نمتار و پێی وت :**
**نمتار بڕۆ و لەدەرگای ( ئیگالگینا ) *بدە**
**سەکۆکە بڕازێنەرەوە بە بەردی (( ئیریتۆ ))( ! )**
**بانگی ئانوناکیەکان بکە و بادابنیشێت لەسەر کورسیە ئاڵتونیەکانیان**

---

* لەوەدەچێت ئایا ئاصۆشومیری ناردبێت تا ئەرشیکیگال بەجوانیەکەی فریوبدات.ئەگەر وایلێکرد لەگەڵی ڕابوێرێ ئەوا دەبێت سوێند بخوات هەر داواکاریەکی هەبێت بۆی جێبەجێبکات.کاتێك ئەوەی کرد داوای ئاوی ژیانی لێکرد بەناوی خواردنەوەیەوە.بەڵام ئەو دەیویست کە بیڕشێنێت بەسەر عەشتاری مردودا.

** بەپێچەوانەی باوەوە نوسەری دەقەکە هەستاوە بەکورتکردنەوە.وایلێکردین کە یەکسەر لە ڕێنماییەکانی ئایاوە بازبدەین بۆ جێبەجێکردنی لەلایەن خەساوێکەوە.

***بەدەستکاریەوە ئەو دێڕەم وەرگێڕاوە( نوسەر).

**دوایی ئاو پرژێنی عەشتار بکە بە ئاوی ژیان و دووریبخەرەوە لە ئەرشیکیگال****

**کاتێك تێیپەڕاند بەدەرگای یەکەمدا جلوبەرگی لاشەی بۆ گێڕایەوە**

**کاتێك تێیپەڕاند بەدەرگای دووەمدا بازنەکانی دەست و قاچی بۆ گێڕایەوە**

**کاتێك تێیپەڕاند بەدەرگای سێیەمدا چاوەزاری ڕازاوەی لەدایکبونی بۆ گێڕایەوە**

**کاتێك تێیپەڕاند بەدەرگای چوارەمدا هەموو خشڵەکانی سنگی بۆ گێڕایەوە**

**کاتێك تێیپەڕاند بەدەرگای پێنجەمدا ملوانکەکەی بۆ گەردنی گێڕایەوە**

**کاتێك تێیپەڕاند بەدەرگای شەشەمدا گوارەکانی بۆ گوێکانی گێڕایەوە**

**کاتێك تێیپەڕاند بەدەرگای حەوتەمدا تاجە گەورەکەی بۆ سەری گێڕایەوە**

**ئەگەر قوربانی دیاریکراوی نەدەیتێ پێویست بوو لەسەری بیگێڕێتەوە لەکوێوە هاتووە.**

**بەلأم تەموز مێردە گە نجەکەی،**

**( بیبەرەوە )*** بە ئاوی پاك بیشۆ و چەوری بکە بەبۆنی خۆش**

**عەبایەکی سووری لەبەربکە و لێبگەڕێن با شمشاڵە لازوردیەکەی لێبدات**

**وکاهینەکانی عەشتاری بۆ دابنێن تا دەروونی ئارام بکەنەوە**

دوایی ژن و مێردەکە لەسەر ڕووی زەوی بەیەك دەگەنەوە لە پەرەگرافی کۆتایی ئەم ئەفسانەیەدا.ئەو پەرەگرافە ناڕۆشنە سەرەڕای تەواوبوونی ونەبونی کەموکوڕی یان تێکچوونی جێگەیەك لە تابلۆکەدا. کە دە دێڕی کۆتایی دەقەکە دەگرێتە خۆ ودەقەکە بەم کۆتاییەی خوارەوە کۆتایی دێت:

**کۆشکی ئاشور، پادشای جیهان و ئاشور**

**کە(( تابۆ )) و(( تاشمیتۆ )) وتێگەیشتنێکی گەورەیان پێداوە.**

ئانانا بە تەنها دابەزیە خوارەوە بۆ حەوت پلەی مردن و دواتریش بەتەنها گەڕایەوە بە سەرکەوتویی و لەدایك بونێکی خۆیی بەدیهێنا و نوێبونەوەیەکی زۆر ناوازە

---

* کۆشکی دادپەروەری لە جیهانی ژێرەوە و نیشتەجێی خواوەندەکان.

** ئەرشیکیگال ناچاربوو بەوە دوای ئەوەی کە سوێندی بۆ ئاصۆشانامیر خوارد کە هەموو داواکاریەکی بۆ جێبەجێبکات.

*** لێرەدا قسە بۆ ئەرشیکیگالە.

بەهێزە تایبەتەکانی.بەشێوەیەکی هێمایی جەخت لە توانا بەپیتیە گەردونیەکانی دەکاتەوە و چۆنێتی نوێبونەوەی هەتاهەتایی لەململانێی لەگەڵ هێزگەلی لەناوچوون و نەمان.ئانانا خۆی بەپیت نیە بەڵکو بەپیتیە..ئەو گەوهەری ئەو هێزە پارێزەرەی ژیانە کە هەمیشە لە ڕووی هێزگەلی ڕوخێنەری ژیان دەوەستێتەوە.ئەو بوونە لەبەرامبەر نەبووندا،بونی جوڵەیەکی بزۆك هەمیشە خۆی جێگیر دەکات و بە بەردەوامی خۆی دابین دەکات لە جوڵەیەکی هەمیشەیی بەردەوامدا.دواتر لەژێر ناوی عەشتاردا بۆ جاری دووەم دابەزیوەتەوە بۆ ئەوەی تەموزی کوژراو ڕزگار بکات و لەلای خۆیەوە ژیانی پێدەبەخشێت.لەگەڵ خۆشیدا حەوت پلەکەی ژیانی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بەرزبونەوەکەیان لەگەڵ یەکدا ببێتە نمونەیەك کە مرۆڤ بۆ هەمیشەیی چاوی لێبکات کاتێك خواوەندی پارێزەر شتێك بکات لە پێناویدا،وێنەیەکیش بێت بۆ ڕزگارکردن لە مردنێکی بێگومان بەهاوکاری خۆبەخشێك کە لەدواتردا قبوڵی ئەوە دەکات کە چێژی مردن بکات بۆئەوەی ژیان ببەخشێتە ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێی هەیە.

لەهەردوو دابەزینەکەدا عەشتار نمونەیەکی بەبەرنامەیی بوو بۆ خواوەندەی دایك دایکی گەردوونی بەپیتی بۆخۆی،بەسێبەرە فراوانەکەی جیهانی مرۆڤی بەهەردوو توخمەکەیەوە داپۆشیبوو.لەهەردوو دابەزینەکەدا وێنەیەکی دووبارە بۆوە ،لەویژدانی داهێنەری ئەفسانەدا،بۆ خەیاڵی دایك لەسەردەمی زۆر کۆندا کاتێك بوە ناوەندی کۆمەڵە و سەرچاوەی بەهاو جوانکاریەکانی،کاتێك نێر دواکەوتە بوو لەکۆمەڵگادا کە دایك تیایدا نەك باوك ڕۆڵی سەرکردە دەبینێت.یەکەم جار تەموز نێردرا بۆ مردن لەسەر فەرمانی ئەو.دووەم جاریش گەڕایەوە بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ گەڕانەوەی.لەهەردوو بارەکەدا ئەو ژنی باڵادەست و بەهێز و بەسراوە بوو.ئەویش نێرێکی بێهێزی پشت بەستوو لەسەر ئەو و پەنابەر بۆ باوەشی.

دابەزینی عەشتار جەختکردنەوەیە بۆ مافی مێینە و ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا کە ڕوودەکاتە بەرەو(( باوکسالاری)) ڕەها لەهەموو سیما گشتیە ئاشکراکان،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخیدا ئەو توخمە (( دایکانەیە)) لەخۆ دەگرێت کە خۆی دەچەسپێنێتەوە بەشێوەیەکی نەستی لەچوارچێوەیەکدا لەزۆرترین چوارچێوەدا

**کە دەربڕە لە نەستی تاك و کۆمەڵ ئەوەش ئەفسانەیە.ململانێی هەردوو توخمی نێرومێ لە دەروونی مرۆڤدا.ئەو ململانێیە ئاشکرا نیە و دانپیانراو نیە،ململانێی توخمەکانی دایکایەتی و توخمەکانی باوکایەتی لەکۆمەڵگادا ئەو ململانێ خۆڕسك و لەخۆوە کە چێ دەبێت دوور لە دەستێوەردانی کەسە بە ئاگاکان،ئەوان دوو ململانێن کە خۆیان ئاشکرا دەکەن لە: دابەزینی عەشتار بۆ جیهانی ژێرەوە و هەموو دووبارەبونەوە تەریبەکان لە ئەفسانەکانی ناوچەکەدا کە دێینە سەر لێکۆڵینەوەی لەم بەشەدا.**

**دەمەوێت کە سەرنج ڕابکێشم بۆ هەڵەیەکی بڵاو کە زۆر کەس تێیدەکەون کاتێك باس دەکەن دەربارەی خواوەند (( تەموز)) و واباسی دەکەن کە بریتیە لە ژیانی کشتوکاڵی نوێبۆوە یان سوڕێکی سروشتی ساڵانە.لەڕاستیدا وونبوونی ژیان لە کشتوکاڵ و وشکبونەوەی زەوی بریتیە لە دەربڕین دەربارەی وونبونی هێزی بەپیتی بەخشراو بۆ ژیان کە لە ئانانا یان عەشتاردا خۆی دەنوێنێت،کاتێك دەستی کرد بەکاروانەکەی دوور لەو جیهانەی کە ڕادەستی هێزەکانی مردن و وشکبونەوە کراوە.بەبڕوای من خواوەند تەموز لەو کارەساتەدا تەنها ڕۆڵێکی لاوەکی بینیوە،ئەو بەهەرحاڵ شوانە،ئێمە ناتوانین کە داوا لە شوانێك بکەین کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگتر لەکارەساتێکدا ببینێت کە تەوەرەکەی کشتوکاڵ بێت.لەڕاستیدا ڕێوڕەسم و پەرستنەکان کە بە تەموزی ناوبراوە لەلایەن لێکۆڵەرەوانەوە هەڵەیە بەڵکو ڕێوڕەسم و پەرستنی عەشتاریە.گریان بۆ تەموز لەوەرزی جەژنەکاندا تەنها بەشداریکردنی بەندەکانە بۆ عەشتار لە ناخۆشیەکانیدا.ئەگەر بارەکە وابێت ئەوا ناتوانین کە زاراوە گشتیەکە کە بڵاوبۆتەوە سیفەتی خواوەندی بەپیتی دابڕین بەسەر تەموزدا تەنها بە لەجیاتی دانان و هێما نەبێت.و جۆرێك لەگەڕانەوەی مافەکەی بەرانبەر بەشداریکردنی بەجۆرێك لە تەواکردنی کارەساتەکە.بەڵام ڕۆڵی لاوەکی تەموز بەهیچ جۆرێك نابێتە هۆی کەمکردنەوەی پلەو پایەکەی لەدڵ و دەروونی بەندەکاندا بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە. تەموز یەکێك بوو لە خۆشەویسترین خواوەند لەلای جەماوەر ئەو**

**ئازار و سزاکانی مردنی چەشت وەك مرۆڤێکی لەناوچوو،دوایی زیندوو بۆوە لەناو مردواندا و بەرزبۆوە بۆ ئاسمان لەکۆتایدا.**

**هەوەروەها بەڵگەمان لەسەر ئەوە هەیە لە ئەفسانەی ئادبای کە پێشووتر باسمان کرد لە بەشی دروستبوندا کاتێك لەویَ ئادبا پێگەیشت لەدەرگای حەوتەمی ئاسماندا. گریان لەو مانگەدا کە بەناوی ئەوەوە شێوەیەکی دڵتەزێن و بەسۆ بەخۆیەوە دەبینێت کاتێك جەماوەری بەندەکانی دەتەقنەوە لە شەپۆلێکی بێهۆشیدا بۆ دەربڕین لە ناخۆشی و ئازار بەلێدانی دەموچاو و دڕاندنی جل و بەرگ و ئازاردانی لاشەیان بەجۆرەها شێوە.لە ڕاستیدا ئەو دەربڕینە لەناوڕۆکیدا جۆرێك لە خاڵیکردنەوەی بارگەی هەڵچونە سەرکوتکراوەکانی جەماوەر هەڵدەگرێت کە دەناڵێنێت لە ژێر جۆرەها فشاری دەرونی و کۆمەڵایەتیدا.تەموز بۆتە پیاهەڵواسراوێك کە ساڵانە ناخۆشیەکانمانی پێوە هەڵدەواسین و ئیدی پشوودەدەین.**

## ٣// دابەزینی بەعل بۆ جیهانی ژێرەوە.

**کاتێك دەپەڕینەوە بۆ ئارامی و فینیقیەکان گۆڕانکاریەکی بچووك بەسەر ڕۆڵی پاڵەوانە سەرەکیەکاندا دێت لەکارەساتەکەدا بەڵام ناوەڕۆکەکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە.لە ئۆگاریتیدا بەتەواوی هاوسەنگ دەبێتەوە لە ئەفسانەی بەپیتیدا بە ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕۆڵەکانی خواوەندەی مێینە کە خۆی لە هێزی بەپیتی گەردونیدا دەبینێتەوە،خواوەندی نێریش لێرەدا نوێنەری هێزگەلێکە کە ناتوانرێت لەبەرچاو نەگیرێت بۆ هێزی یەکەم،ئەویش بریتیە لە هێزگەلی هەورو باران و شەونم کە پاڵپشتە بەهێزی هەورەتریشقە و گەردەلول و هەورەبروسکە.ئەوە (( بەعل))ە یان((حودەدە)) یان (( ئادون)) و ژنەکەی (( عونات))( لەدواتردا عەستارت).**

**لەبەرئەوەی هێزگەلی بەپیتی ناتوانێت کە چالاك بێت بەبێ هاوکاری باران لە زستاندا و شەونم لە هاویندا.ئەوا پەیوەندی عونات بە بەعلەوە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ بوو کە دابڕانی بۆ نەبوو.خۆشەویستی هەمیشەیی و پێکەوە بەسترانی لاشەیان پێویستیەك بوو کە نەدەکرا لەبەرچاو نەگیرێت بۆ ژیانی کشتوکاڵ.ئەوەی ئەم بیرۆکەیەشی گەشە پێدەدا جۆری کەش وهەوا و هەرێم بوو لە سوریا کە**

ناتوانرێت دەستبەرداری بارانی کشتوکاڵ ببێت،چونکە زەوی دێم و بەراو بە ئاوی چۆمەکان تەنها ڕێژەیەکی زۆر بچوك و کەم پێك دێنن،بە پێچەوانەی دۆڵی نیل و دوو چۆمان.بەشێوەیەك کە زۆربەی زەویەکان موڵکی بەعل بوون و کەی بیەوێت ئاوی دەدا و کەیش نەیەوێت ئاوی نادا.تا ئێستاش ئەو گوتەیە هەرماوە و بەکاردەهێنرێت لە سوریادا کاتێ دەوترێت( زەوی بەعل) بەواتای ئەو زەویەی بە باران ئاودەدرێت( دێم).هەندێ بڕگەی دیاریکراو لەدەقە ئۆگاریتیەکان بونەتە هۆی سەرسامکردنی وەرگێڕەکان و وازیان لێهێناون بە پەشۆکاوی و ناتوانن کە ڕاڤەیەکی بۆ بکەن.

لەبەرئەوەی هەندێ کاری دیاریکراو هەیە کە جارێك بەعل پێی هەڵدەستێ و جارێکی تر عونات خۆی پێی هەڵدەستێ، هێندە لەیەك دەچن بەڕادەی پیت بە پیت.بەڵام سەیرەکە لادەچێت گەر ئێمە سەیری ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی نێوان هەردوولامان کرد،ئەو پەیوەندیەی کە واملێدەکات کە خۆم وابڕوا بکەم کە هەردووکیان دوو ئاقنۆمین بەمان مەسیحیەکەی وشەکە.هەردووکیان لەبیری لاهوتی نهێنیدا دوانن لە یەکدا،جا چۆن وانەبێت کە ئەوان باران و بەپیتی بن.

بەعل لەئەفسانەی ئۆگاریتیدابێ دەسەڵات و لاواز ودۆڕاو نەبوە وەکوتەموز بەڵکو ئەو بەهێز و توانابوو کە توانی بەسەر (( یەم)) ئاوی یەکەمیندا زاڵ ببێت وەك چۆن بینیمان لە بەشی دروستبوندا و بارودۆخی جیهانی ڕێکخست،دۆڕاندنی لەبەرانبەر خواوەندی جیهانی ژێرەوەدا وەك لە ئایندەدا دەبینین هیچ نەبوو تەنها دۆڕاندنێکی کاتی نەبێت. بەڵام ئەم وێنەیەی بەعل نامێنێت لەدواتردا بە تایبەتیش لەلای فینیقیەکانی باشوور.(( ئادون)) یان(( ئادونی)) وەکو وێنەیەکی نزیکی زۆر لێکچووی تەموزی لێدێت.بەڵام (( حودەد))ی ئارامی پارێزگاری لە هێماکانی دەسەڵاتی بەعل و هێزەکەی دەکات کە بریتیە لە هەورە تریشقە و گەردەلول و هەورە بروسکە.

(( یەم)) کۆتا دوژمن نەبوو کە ڕووبەڕووی بەعل بوبێتەوە.زۆرێك لە سەختی و ناخۆشی لەپێشەوەیە تا بتوانێت سەرکەوتنێکی تەواو وەدیبهێنێت.تائێستاش هێزگەلێك دژی ئەو ڕێکخستنەن کە بەعل دروستی کرد بەسەرکەوتنی بەسەر ئاوی

گشتگیری یەکەمیندا.و بەرهەڵستی ژیانی مرۆڤی و ڕووەکی دەکەن کە دەرکەوتن بە دروستکردنی شانشینەکەی وپێکەوەنانی ماڵەکەی.ئەو هێزگەلەش خواوەندی ((مردن)) نمایندەیان دەکات گەورەی جیهانی ژێرەوە.گەر سەرکەوتنی بەعل نمایندەی سەرکەوتنی هێزگەلی شارستانی و دروستکردن و ڕێکخستن و بەپیتی بکات،ئەوا (( مردن)) و شانشینەکەی نوێنەرایەتی مردن و وشکبونەوە و وێرانکاری و بێسەروبەرەیی دەکەن. (( مردنیش)) دژی مرۆڤ و دوای دەکەوێت بەدرێژایی تەمەنی بۆ ڕۆحکێشان کە بەعل بەهەموو توانایەکیەوە هەوڵدەدات پارێزگاری لێبکات.بەدابارینی بەخێروبێرو بەروبوم و باران و بلاوکردنەوەی بەپیتی لەزەوی بە بەردا.مردنیش دژی ڕووەك گەرماو وشکبونەوەی بۆ دەنێرێت کە دەبێتە هۆی ژاکانی و دەتوێتەوە،دوای ئەوەی کە بەعل هەوڵی خۆیدا لە پاراستنی و گەشەکردنیدا.ئەو دژی ڕوناکی و ڕۆژ و ڕۆشنایی و جوڵەیە، لەبەرئەوە جیهانەکەی بریتیە لە جیهانی ژێرەوە کە تاریکی و بێدەنگی و چەقبەستوویی تیادایە. لەبەرامبەر جیهانی بەعلدا کە پڕە لە چالاکی و جوڵەو ژیان .پێویستە لەسەر ئەو دوو هێزە گەورەیە کە زۆرانبازی بکەن بۆ ماوەیەکی دووردرێژ پێشئەوەی سەرکەوتن بۆ هیچ لایەکیان بنوسرێت.بەعل خۆی دەبینێتەوە لە شەڕدا زۆر جار کە کۆتایی نیە،هەر حەوت ساڵ جارێك (( مردن)) بەرەو ڕووی دەبێتەوە و بەعلیش خۆی ڕادەستی دەکات،دادەبەزێتە جیهانی ژێرەوە.بەلام بەسەرکەوتویی دەگەڕێتەوە بۆ ژیان لەدوای جەنگێکی توندوتیژ لە نێوان بەعل و عونات لەلایەك، و مردن و دواکەوتەکانی لەلایەکی ترەوە،بەشێوەیەك عونات هەڵدەستێت بەکوشتنی (( مردن)) و پارچەپارچەکردنی و بلاوکردنەوەی لاشەی لەکێڵگەکاندا،بەعلیش لەلای خۆیەوە هەڵدەستێت بەلەناوبردنی پاشماوەی هێزگەلی لایەنگری مردن.بەم سەرکەوتنە سروشت زیندوو دەبێتەوە سەر لەنوێ و باران دەگەڕێتەوە بۆ ئاوداشتنی زەوی تینوو،ژیانی کشتوکاڵیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکەمی.

بەو شێوەیە دەبینین کە ئەو ئەفسانەیە بە پلەی یەکەم ئامانجی ڕاڤەکردنی سوڕی کشتوکاڵی سالانە نیە بەڵکو ئامانجی ڕاڤەکردن و دەرخستنی جێگرتنەوەی سوڕی بەپیتی و وشکە ساڵیە کە ئاو و هەوای ناوچەکەی پێ جیادەکرێتەوە،کە تاکو

ئێستاش ئێمە لە سوریادا بەدەست کاریگەریەکانیەوە دەناڵێنین.پێدەچێت ئەو جێگرتنەوەیە ئاشکرا بێت لەخاکی کەنعانی کۆندا بەشێوەیەك کە دەتوانرێت قەتیسبکرێت لە حەوت ساڵی بەپیتی و دوای ئەوەش بەماوەیەك وشکەساڵی درێژ یان کورت دەبێتەوە.دواتر بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکەم جاری و ئاوها دووبارە دەبێتەوە .

دەقەکانی ٥١-٦٧-٤٩ لە تابلۆکانی ئۆگاریت باسمان لە چیرۆکی ئەو ململانێیە بۆ دەکەن کە بەردی بناغەی لاهوتی کەنعانی پێك دێنێت.ئەو دەقانە سەرەڕای ئەوەی کە بەدەست کەموکوڕی و شێواندنەوە دەناڵێنن کە وایکردوە کاری وەرگێڕانەکەی کردۆتە کارێکی زۆر قورس بۆ زانا ئۆگاریتیەکان،ئەو دەقانە لە بنچینەدا بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەکی دیاریکراو بەدەستمان نەگەیشتوون کە وێنەیەکمان دەداتێ لە بارەی چیرۆکەکەوە وەك ئەوەی نوسەرەکان ویستویانە،هەروەها نەتوانراوە کە زنجیرەیەکی یەك لەدوایەك دروستبکرێت کە بتوانرێت پشتی پێببەسرێت بەو پێیەی گێڕانەوەی زنجیرەی بنەڕەت بێت وەك ئەوەی کاهینەکانی بەعل و نوسەرانی سروشی ویستویانە.

لەخوارەوە هەڵدەستم بەوەرگێڕانی زۆرترین بڕگەی ڕۆشن لەدەقەکە لەگەڵ پێدانی کورتەیەك لەوەی کە ڕوودەدات لەبڕگە شێواو و کەموکوڕییەکان بەپشت بەستن بەو پەرش وبڵاویەی دێرە کەموکورتەکان،و بەپشت بەستنیش بەدادگای لۆژیکی ڕێچکەی ڕووداوەکان.

دوای ئەوەی کە بەعل لەسەر کورسیەکەی جێگیر دەبێت و سەرپەرشتی شانشینەکەی دەکات دوژمنەکانی دەستدەکەن بە پیلان گێڕان دژی و بەناوی هەموویانەوە (( مردن)) ڕایدەگەیەنێت : ٦

**من تەنها خۆم فەرمانڕەوایی دەکەم بەسەر هەموو خواوەندەکاندا**

**( من بە تەنها ) فەرمان دەدەم بەخەڵکی و خواوەندەکاندا**

**زاڵ دەبێت بەسەر هەموو ئەوانەی لەسەر زەوین**

---

6.C.H.Gorden،Ugarit ،Norton Library ،newyork1962.

بەعل دوو نێردراوەکەی دەنێرێت(( جۆبارا)) و((ئۆگادا)) بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ((مردندا)):

هەستن بە بەرزکردنەوەی شاخ لەسەر دەستان
گردۆلکە لەسەر چڵە پۆپەی دارخورما
ودابەزنەخوارەوە بۆ نزمترین زەوی قوڵ،
تاوەکو ئەوانەتان لێدێت کە زەویان بەجێهێشتوە.
لەوێدا ڕووتان بکەنە ئاڕاستەی( شاری مردن )
بڕۆن بەرەو شارەکەی (( حەمرا ))
ئەو کورسیە چاودێری بکەن کەلەسەری دادەنیشێت
[... ... خاکی موڵکەکانی]
[... ... سەربازی پاسەوانی خواوەند]
زۆر نزیك مەکەونەوە لە خواوەندی(( مردن ))
تا نەتان بات بۆ دەمی وەکو کاوڕ
با نەتانشکێنێت لەنێوان دوو شەویلاگەکەیدا وەکو منداڵی بچووك
هەزاران میل ببڕن
دەیەها هەزار هەکتار زەوی
لەسەر پێکانی (( مردن )) بوەستن و بچەمێنەوە.
کڕنۆش بۆ گەورەیی بەرن
بە(( مردن )) بڵێن
بۆ پاڵەوانی خۆشەویستی خواوەند (( ئیل )) ڕاییگەیەنن
نامەی پایەبەرزە بەعل*
وتەی بەعلی جەنگاوەر:**
ماڵەکەم دروستکرد لە [زیو]

---

* بەعلی پایەبەرز.

** سیفەتەکە لێرەدا لەدەقی سەرەکیدا هاتوە بەوەی کە ناوی کەس بێت.

**و کۆشکەکەم لە ئاڵتون [....]**

**پاشماوەی دەقی نامەکە نازانین،بەڵام دەتوانین ئەوە وەدەستبێنین کە هەردوو خواوەندەکە ڕێکنەکەوتون لەسەر ژیان بە ئاشتی پێکەوە، کە ئەمەش پاڵی بە خواوەندی (( مردنەوە)) ناوە بۆ هاندانی هەندێ هێزگەلی خراپەکار کە سەر بە جیهانی گشتگیری ئاوین کە نەماون و بەسەرچوون بە نەمانی شانشینی (( یەم)) ئەژدیهایەکی زەبەلاح دەردەچێت (( لۆتان)) خاوەن حەوت سەر بۆ ململانێی بەعل.بەڵام خواوەند بەسەریدا سەر دەکەوێت و بە ئاسانی تێکیدەشکێنێت هەروەك لەدواتریشدا (( یەهوە)) تێکدەشکێت لە ژێر ناوی (( لۆیاتان))دا لەمەزموری ٧٤ و جێگەی تردا لەسەردەمی کۆندا.مردن هەڵچونێکی گەورە هەڵدەچێت و هەست بەوەدەکات کە ڕزگاربوون نیە لە بەعل تەنها بە ڕووبەڕووبونەوەی خودی خۆی نەبێت یەکلا کەرەوە نەبێت هەربۆیە نامەیەك دەنێرێت بۆی و پێی دەڵێت:**

**لەبەرئەوەی (( لۆتان )) مارە خرا پەکارەکەت کوشت**

**لەبەرئەوەی مارە پیسەکەت تێکشکاند**

**زەبەلاحە حەوت سەرەکە**

**ئاسمانەکان [.......]**

[............]

**دوای ئەوە سی دێر دێت کە کەموکوڕن دوای ئەوە باسێکی تۆقێنەری مردن و دەمە کراوەکەی دەبیستین بۆ هەڵلوشینی بەعل:**

**لێوێکی لە زەوی**

**ولێوێکی لە ئاسمان**

**زمانیش لەنێوان ئەستێرەکان.**

**با بەعل بچێتە قوڵایی سکیەوە.**

**لەدەمیەوە بچێتە خوارەوە.**

**درەختە زەیتونەکان وشك دەبن،**

**و هەموو بەروبومەکانی زەوی،**

**بەری هەموو درەختەکان،**

**پایەبەرز بەعل لێی ترسا ( و هەڵلەرزی )**

**( بەڵێ ) لێیترسا سوارەی هەورەکان :**

**بڕۆن و بەخوای مردن بڵێن**

**بە پاڵەوان و خۆشەویستی خواوەند (( ئیل )) ڕابگەیەنن**

**نامەی پایەبەرز بەعل**

**و وتەی (( عەلی )) جەنگاوەر.**

**سلاوت لێبێت ئەی خواوەندی (( مردن ))**

**من دەبمە بەندەت،**

**بەڵێ بەندەت تاهەتاهەتایە.**

بەو شێوەیە (( بەعل)) ڕۆشتن بە خواستی خۆی پەسەند دەکات بۆ جیهانی نەگەڕانەوە. پێش ئەوەی خۆی ڕادەست بکات داوەتێك دەکات بۆ هەموو خواوەندەکان، لەگەڵیاندا دەخوات و دەخواتەوە پێش ئەوەی ژیان بەجێبهێڵێت. لەدواییدا ڕێنمایی (( مردنی)) پێدەگات کە پێویستە لەسەری چیبکات:

**پێویستە لەسەرت هەورەکانت ببەیت**

**و ڕەشەبا و گەردەلول و بارانەکەت**

**لەگەڵ خۆت حەوت دواکەوتەکەت دەبەیت،**

**و هەشت بەرازەکەشت.**

**هەروەها (( بەدریە ))ش کچی ڕوناکیش لەگەڵت.**

**لەگەڵیشت (( طلیة )) کچی باران**

**دوایی ڕویکردە لای شاخی (( کنکینی ))**

**شاخەکە بەرزکەرەوە لەسەر دەستت**

**گردۆڵکەکەش لەسەر بەرزایی سەری دارخورما**

**دابەزە بۆ نزمترین قولایی زەوی**

**تاوات لێدێت لەگەڵ ئەوانەی زەویان بەجێهێشت**

(( بەعل)) پەلە دەکات لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی (( مردن)) بەڵام پێش دابەزینی هەڵدەستێت بە خەوتن لەگەڵ گوێرەکەکەیدا حەفتاو حەوت جاری لەسەریەك، گوێرەکەکەی سکپڕ دەبێت لێی.لەدەقەکەوە ڕوون نابێتەوە سروشتی ئەو گۆلکە و ڕۆڵی ڕاستەقینەی.لەوانەیە خواوەندە (( عونات)) بێت لەشێوەیەك لە شێوەکانی جێگۆڕکێدا. یان لەوانەیە لە سیفەتەوە بێت لە ناوەکەوە لە میانەی دەقەکەدا.ئێمە دەزانین لە سیفاتەکانی خواوەند ئیل ئەوەیە گای ئیلە. لەسەر ئەوە لەوانەیە لێرەدا گوێرەکەکە بریتی بێت لە گوێرەکەکەی عونات سەرەڕای ئەوەی ئێمە سیفەتێك بۆ خواوەند نابینینەوە بەو ناوەوە لەدەقەکانی تردا.دوای ئەوەی کە بەعل بەردەوامی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات لەڕێگەی کوڕێکەوە کە تۆوەکەی چاندوە لە منداڵدانی گوێرەکەکەدا دادەبەزێت بۆ قوڵایی جیهانی ژێرەوە.لەوێدا (( مردن)) گیانی دەکێشێت و لاشەکەی فڕێدەداتەوە بۆ سەر زەوی:

**بەعلی پایەبەرز مرد**

**شازادە و گەورەی زەوی لەناوچوو**

**(( لە طبان ))* خواوەندی بەزەیی هەستا**

**کەوتە خوارەوە لەسەر ڕاگری قاچەکان**

**لەویشەوە کەوتە سەر زەوی**

**دەستیکرد بە خۆڵ کردن بەسەری خۆیدا**

**خۆی لە بۆشاییەکی نادیاردا شاردەوە**

هاواری دەکرد ئەی هاوار،بەعل لەناوچوو،کوڕی داغۆن** مرد سەر لێشێواو لەناو دارستاندا لەدەموچاوی خۆی دەدا و هەردوو ڕوومەتەکانی بە نینۆکەکانی دەڕنی،عونات ترسی لێنیشت بە هاواری بەعل.ئیدی زانی کە بەعلەکەی گیانی دەرچووە،وەکو ئەو لەخۆی دەداو دەیلاواندەوە تا ئەو کاتەی کەوت بەسەر لاشەکەدا کە مردن لە قوڵاییەوە دەنگی دەهات:

---

* لەناوەکانی ئیلە گەورەی ئاسمان و گەورەی خواوەندەکان.

** داغۆن خواوەندە و باوکی بەعلە.

**بەرزیکردەوە لەسەر شانی**

**و بەرزیکردەوە بۆ بەرزایی شاخی صفون***

**لەوێدا بەسەریدا گریا و ناشتیشی**

**لە گۆڕستانی خواوەندەکانی زەویدا داینا**

**دوایی حەفتا سەر گامێشی سەربڕی**

**وەك دیاریەك بۆ بەعلی پایە بڵند**

**و حەفتا سەر گاشی کردە قوربانی**

**وەك دیاریەك بۆ بەعلی پایە بڵند**

دوای تەواوبونی لە ڕێوڕەسمی ناشتن و قوربانیکردن،عونات دەڕوات بۆ بارەگای ئیل لە سەرچاوەی دوو ڕووبارەکە،دەچێتە ژوورەوە بەسەریدا ئەو دەزانێت کە ژنەکەی (( عەشیرە)) دڵخۆشبوە بە مردنی بەعل لەبەر ئەوەی مردنەکەی بواری دەداتێ بۆ دانانی یەکێ لە کوڕەکانی لە جێگەکەیدا.دەڵێت:

**دەبا عەشیرە دڵخۆش بێت لەگەڵ کوڕەکانیدا.**

**لەبەرئەوەی بەعلی پایەبەرز لەناوچوو،**

**لەبەرئەوەی شازادەی گەورەی زەوی بەهیلاك چوو.**

**ئیل هاواری لە (( عەشیرە )) خانمی دەریا کرد:**

**ئەی عەشیرە ئەی خانمی دەریا گوێم بۆ بگرە،**

**کوڕێکتم بۆ بنێرە و دەیکەمە پادشا.**

**عەشیرە خانمی دەریا وەڵامی دایەوە و وتی:**

**با یەکێ بکەین بە پادشا کە بزانێت چۆن فەرمانڕەوایی دەکات.**

**با(( ئەستەر)) پادشای ترسناك بەرز بکەینەوە ( بۆ عەرش )**

(( ئەستەر))بەرزدەبێتەوە بۆ بەرزایی شاخی پیر و لەسەر عەرشی بەعل دادەنیشێت.بەڵام ناتوانێت پڕیبکاتەوە و سەری نەدەگەیشتە لوتکەی

---

* شاخی کەچەڵ.

کورسیەکە،قاچەکانیشی نەدەگەیشتنە ڕاگری قاچەکان.دانیان نا بە بێتواناییدا لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە خواوەندی گەورە دروستیکردوە،دابەزی و لەکوێوە هاتبوو گەڕایەوە دواوە.ئا لەو کاتەدا دڵتەنگی عونات زیاد دەکات لەسەر بەعلەکەی زۆرجارداوای لەمردن کرد کە بۆی بگێڕێتەوە بەڵام بێسوود بوو. کەوایلێدەکات بڕیاری ڕووبەڕووبونەوە بدات لەگەڵ مردندا و بەرەنگاریببێتەوە ڕووبەڕوو:

وەك دڵی مانگا بۆ سەر گوێرەکەکەی،
وەك دڵی مەڕ بۆ سەر کاوڕەکەی،
دڵی عوناتیش ئاوابوو بۆ سەر بەعل.
ئەگەر خواوەندی مردن بگرێت،
بە شمشێر لەتوپەتی دەکات
بە ئامێرێ وردوخاشی دەکات،
بە ئاگر ئەیبرژێنێت.
بە ئاش دەیهاڕێت
لە کێڵگەدا دەینێژێت.
تا باڵندە گۆشتەکەی نەخوات
دڕندەکانیش لاشەکەی کەوڵ نەکەن

لەدوای ئەوە خوا هەرە گەورەکە ئیل خەوێکی سەیر دەبینێت لە خەویدا، لەخەوەکەی ڕادەپەڕێت لە خۆشیدا و مژدە دات:

لەخەومدا (( لە طبان )) خواوەندی بەزەیی،
لەخەوی دروستکەری بونەوەرانی زیندوودا :
ئاسمانەکان ڕۆنیان دەباراند،
دۆڵەکانیش هەنگوینیان پیادا دەڕۆیشت.
لەطبان خوای بەزەیی دڵخۆش بوو،
لەسەر کورسیەکەی ڕاست بووەوە و قاچی لەسەر ڕاگرەکە دانا،
لە قولایی دڵیەوە پێدەکەنی

**و دەنگی بەرزکردەوە و هاواری کرد:**

**لێمگەڕێن با ئیتر جێگر و پشووبدەم،**

**و دەرونم ئارام بێت لەناو پەراسوەکانمدا،**

**لەبەرئەوەی بەعلی پایەبەرزم زیندووە**

**لەبەرئەوەی گەورەی زەوی زیندوە**

کاتێك عونات ئەوە دەبیستێت ڕادەکات بەرەو کێڵگەکان دەگەڕێت و کنە دەکات تا بەعل بدۆزێتەوە و ئەو خۆی تۆڵە لە دوژمنانی وەربگرێتەوە.بە یەکەوە بگەڕێنەوە و سەرکەوێتە سەر عەرشەکەی سەر لەنوێ و شانشینەکەی بۆ بگەڕێتەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەشیدا،یەکێك لەدەقەکان باسمان بۆ دەکەن دەربارەی ئەی خۆشەویستیە گڕگرتوەی کە لە نێوان ئەو دوو خواوەندە گەڕاوەیەدایە و بەیەکیانی بەستنەوە:

**[....] بە پەرۆشیەکی زۆرەوە ئەندامی مێینەی بگرە**

**[....] بە پەرۆشیەکی زۆرەوە ئەندامی نێرینەم گرت**

**[.. پایە بەرز] بەعل هەستا بەکاری خۆشەویستی هەزاران جار**

**[.. بۆ] عوناتی پاك داوێن**

**بەلاّم بارودۆخەکە لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام نابێت**

**( بەو شێوەیە ) لە ڕۆژانەوە بۆ مانگەکان،**

**لەمانگەکانیشەوە بۆ سالاّن.**

**بەلاّم لە ساڵی حەوتەمدا.**

**خواوەندی مردن هەستاو خۆی بۆ بەعلی پایە بەرز ڕاگەیاند.**

**دەنگی بەرزکردەوە و هاواری کرد:**

**ئەی بەعل.بەهۆی تۆوە تووشی ڕیسوایی بووم**

**بەهۆی تۆوە شمشێرم چەشت**

**بەهۆی تۆوە ئاگر برژاندمی**

**بەهۆی تۆوە بەردی ئاشم ناسی**

**بەهۆی تۆوە ناسیم...[ ...]**

**بەهۆی تۆوە ناسیم[....] لە کێڵگەدا.**

سەر لەنوێ هەردوو هێزە گەردونیەکە دەگەڕێنەوە بۆ ململانێ :

**دەستیان تێکگیر کرد وەك دووگامێش**

**هێزی مردن و، هێزی بەعل**

**ململانێیان کرد وەکو دووگا**

**هێزی مردن،و هێزی بەعل**

**بەیەکیانەوەدا وەکو دوومار**

**هێزی مردن،و هێزی بەعل**

**لەقەیان لەیەکتر ئەدا وەك دوو ئەسپی پێشبڕکێ**

**هێزی مردن،و هێزی بەعل**

**مردن کەوت، بەعلیش کەوت( بەسەریدا )**

بەڵام ئایا ئەو شەڕە کۆتایی دێت بە جیاوازی و کینەی نێوان ئەو دوو هێزە بەشێوەیەکی یەکلا کەرەوە؟

بەدڵنیاییەوە نەخێر،هەتا بەپیتی و وشکبونەوە هەبێت، هەتا مردن و ژیان هەبێت،و چاکە و خراپە هەبێت،ئەوا ئەو دوو هێزە لە لێدەوڕاکەدا دەبن تا ئەو کاتەی شانشینی بەعل لەسەر ڕووی زەوی بۆ هەتاهەتا نامێنێت. ئیدی نەمردن و نە نەخۆشی و نە دوودڵی نامێنێت.

بەو شێوەیە هێزی کاریگەری و بەجوڵە پێشبڕکێی کرد لەگەڵ هێزی تەنهایی گەردونی لوت بەرزدا.خواوەندی کوڕی گەنج دەرکەوت وەك دژێك بۆ باوکی بەساڵاچوو کە لە ئاسمان نیشتەجێ بوە و دروستکەری گەردونەکانیشە. بەڵام دژ بە مانایەکی جیاواز و چەمکێکی نوێ گەورەییەکەی وەرنەگیراوە لە توانای دروستکردنەوە، لەبەرئەوەی لەزۆربەی کاتدا لەسەر ئاستی دروستبوون نیە.ئەوەی پێویست بێت بۆ ئەو پڕۆسەیە لەهێزگەلی بەتوانا و بەهێزی تایبەت.هەروەها لەدەسەڵاتیشەوە وەرنەگیراوە بەسەر خەڵکی و سروشت و خواوەندەدا،نەخێر و لەدووریشیەوە لەو مرۆڤە بچوکەوە و خەمە گوزەرانیەکانیەوە.بەڵکو خودی گەورەییەکەی لەلاوازی و نزیکی لە سۆزی مرۆڤ و هەستەکانی و هەڵچونەکانی و

بەشداریەکانی بۆ مرۆڤ لە ئازارەکانیان و چارەنوسە دڵتەنگەکەیانەوەیە،هەوڵدانی بۆ پێشکەشکردنی ڕزگارکردن بۆیان. ڕزگارکردنێکی ژیانی هەروەك چۆن لە سێ ئەفسانەکانی پێشووتردا بینیمان و ڕزگارکردنێکی ڕۆحیش وەك لە ئەفسانەکانی ئایندەدا دەیبینین.گەورەیەکەشی لە نەمری ڕەسەنەوە نیە لە سروشتیدا بەڵکو لە تێکشکاندنی یەکەم جارێتی بۆ دەسەلاتی مردن و زیندوبونەوەی سەرلەنوێ وەك هێزێکی گەنج کە خەوێك لەخەوەکانی مرۆڤی یەکەمی بەرجەستەکردوە و خوا شتێك لە زۆر لەخواستە دووبارەبوەکان لەسەری لە ژیاندا.

بەلام بەرزبونەوەی هێزی کوڕ و زیادبوونی نەبوە هۆی سڕینەوەی هێزی باوك و لە پشتی کەمینەکردووە. ئاینەکانی ئاسمان و ئاینەکانی بە پیتی هەر لەململانێیەکی بێکۆتادا مانەوە تەنانەت لە ئاینی جولەکەشدا کە دادەنرێت بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ باوك. سەرەڕای ئەوەی کە جولەکە هەموو خواوەندێکی لەخاکی عیبرانیەکان دوورخستەوە، هەموو جارێك گەل و دڵیان ئارەزووی خواوەندی بەپیتی دراوسێ دەکرد.و دەیپەرست و ژمارە و پەیکەری بۆ دادەنا،تا ئەو کاتەی کە مەسیحیەت هات و ئیدی جیاوازیەکانی چارەسەرکرد،نەرمی و تازەیی خستە ناو کەسایەتی خواوەندی باوکەوە. جارێکی تریش خواوەندی کوڕ دەرکەوتەوە و دابەزی بۆ لای مرۆڤ و لەگەڵیاندا ژیاو بەشداریکردن لەنان و ئارەقکردنەوە و مردنیشیاندا.ئەو ململانێیە لە نێوان کوڕ و باوکدا لە ئاینە ڕۆژهەلاتیەکاندا دوو ئاڕاستەی گەورە و لێکجیاواز دروست دەکات یەکەمیان پشت دەبەستێت بەخواوەندی ئاسمانی گەورە، بەلام دووەمیان پەنا دەباتە بەر خواوەندی کوڕ و خۆشەویستەکەی یان دایکی زەوی یان هێزی بەپیتی گەورە. ئاڕاستەی یەکەمیان ناودەبەم بە ئاینە ئیلیەکان بەگەڕانەوە بۆ ئیل و ئاڕاستەی دووەمیش بە ئاینە بەعلیەکان بەگەڕانەوە بۆ بەعل. سەیرە لە ئاینە (( ئیلیەکاندا)) گەلێك جار هەندێ ڕێوڕەسم و پەرستنی نهێنی بەدەردەکەون لەناو ئاینەکە خۆیدا کە ڕوویەکی تەواو جیاواز دەداتە خواوەندی باوك لەوەی کە ئاینە فەرمیە ئاشکرا کراوەکە دەیداتێ.ئەو بەپیتی ئەو داب و نەریتە خوایەکی بەرز و پیرۆز و ڕەهاییە.بەڵکو خودی ئەو خوایە مردوە کە دادەبەزێت بۆ جیهانی ژێرەوە و بەسەرکەوتوی

دەگەڕێتەوە بەسەر مردندا. ئەوە لە ڕاستیدا بریتیە لە دەرکەوتنی یەکەمین سەرەتای کۆکردنەوەی دوو ڕوو بۆ خواوەند لەیەك ڕوودا و دوو سیفەت لەیەك سیفەتدا هەروەك لەداهاتوودا دەریدەبڕین بە دوو ئقنۆم لە یەکدا و یان سیان لە یەکێکدا. پێش زاین بە ٢٠٠٠ ساڵ تابلۆیەکی بابلیان بەدەست گەیشتوە ٧ کە کاهینەکانی پەرستنی نهێنی کە لقێکی پەرستنی خواوەندی ڕەسمی بوە لە بابل (( مەردۆخ))نوسیویانەتەوە کە پاڵەوانێتێکەیمان لە ئینۆمائیلیشدا خوێندەوە ،کەسەرکەوت بەسەر ئەژدیهای ئاوی سەرەتاییدا و لە لاشەکەی ئاسمان و زەوی دروستکرد و لەدوای ئەوە بەردەوام بوو لە دروستکردنی گەردونەکان و چوارمشقی لەسەر عەرشی خواوەند دانیشت وەك گەورەیەکی ڕەها بەڵام لەو تابلۆیەدا لە شێوەی خواوەند تەموزدا بوو لەبەرئەوەی دەمرێت و بەندەکانیشی بۆ مردنەکەی دەگرین.

دوایی خۆشەویستەکەی دەڕوات بۆ گەڕان بەدوایدا لە جیهانی ژێرەوەدا.لە کۆتاییدا لە گۆڕەکەی هەڵدەستێتەوە بە سەرکەوتوویی بۆ ئەوەی خەڵکی ئاهەنگی بۆ بگێڕن و دڵخۆش بن بە گەڕانەوەی.لە ڕاستیدا هیچ پێویستیەك نابینم بۆ وەرگێڕانی دەقەکە چونکە هەمان ئەفسانە ناگێڕێتەوە بەڵکو ڕێنمایی دەداتە هونەرمەندەکان کە ڕۆڵەکان دەگێڕن لە ڕێوڕەسمەکانی پەیوەست بەو ئەفسانەیەوە و نواندنی لە جەژنەکانی سەریساڵدا لەلایەن دواکەوتەی ئەو ئاینە نهێنیەوە،ڕاڤەی هەموو مانایەکی نهێنی دەکات بۆ هەموو جوڵەیەکی نواندنەکە.ئەوەش لەهەمان کاتی کە چیرۆکی سەرکەوتنی مەردۆخ خواوەندی ڕەها دەنوێنێت کە کۆڵەکەکانی گەردوون دەچەسپێنێت لەسەر پاشماوەی ئاوی یەکەمیدا.

لەکۆتایی ئەو دەقەدا نوسەرەکەی ئەم پاشکۆیەی نوسیوە: مانا شاراوەکانی ئەو کردارانە دروست نیە بخوێنرێتەوە لەلایەن کەسانێکەوە کە نەهاتبنە ناو ئەو پەرستنەوە بە شێوەیەکی فەرمی و بە پێی ڕێوڕەسمە نوسراوەکانەوە.

---

7.J.L.Henderson،The،Wisdom of the serpent،collier Books ,newyork 1971.

# ٤// کۆچی خواوەندی مردوو

ئەفسانە ڕەنگا وڕەنگ دەبێت بە ڕەنگاوڕەنگ بوونی کات و جێگە و کەسەکان، و بەگواستنەوەی لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر،گوێزەرەوەکانیش لێی زیادوکەم دەکەن یان زنجیرەی ڕووداوەکانی دەگۆڕن.بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەمان شتە لەبەرئەوەی لە بنچینەدا بریتیە لە دەربڕین لە یەك پاڵنەری شاراوە و یەك پێداویستی دەرونی و ژیری. بەو شێوەیە ئەفسانەی دایکی گەورە یان ڕۆحی بە پیتی گەردوونی و خۆشەویستە وونبوەکەی لە سوریاو خاکی دوو ڕووباردا گوازراوەتەوە بۆ پاشماوەی ناوچەکانی جیهانی شارستانی کۆن. لەمیسردا ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزۆریس دەبینین کە وێنەیەکە لە بنەڕەتدا لەهاوشێوەکەی لە سوریا و بابلدا. لە ئاسیای بچوك و فرجیادا سیبیل و ئاتیس دەبینین،لەوڵاتی ئیگریکدا ئەفرۆدێت و ئەدۆنیس دەبینین کەناوە سوریەکەی پاراستوە (( ئادۆن)) بەبێ گۆڕان تەنها ئەوە نەبێت کە سروشتی گۆڕانکاری زمانەوانی سەپاندویەتی،هەروەها دیونیسۆش وسیمبای دەبینین.یەك چیرۆکە بەڵام جێگاکان گۆڕاون و سەردەمەکانیش جۆراوجۆرن.

**ئەدۆنیس و ئەفرۆدێت ٨**

پەرستنی بەعل لەهەموو جێگایەکی سوریا و ئاسیای بچوکدا بڵاوبۆتەوە و نازناوی (( ئادۆن)) پێش ناوەکەی دەکەوێت کە بەمانای گەورە یان خودا دێت. ئەو نازناوە لەبری ناوە بنەڕەتیەکە بەکارهاتوە و وایلێهاتوە دەپەرسترێت لەژێر ناوی (( ئادۆن)) یان (( ئادۆنی)) بەتایبەتیش لەلای فینیقیەکانی (( بیبلۆس)) و((بانو)) لە قوبرص کە دووشاری سەرەکین وتیایاندا پەرستنی ئەو خواوەندە گەشەی کرد. بەڵام لێرەدا گۆڕانکاریەك ڕوویداوە لە ئەفسانەی بەعلدا.خودا نەمرد لەململانێی لەگەڵ (( مردن))دا بەڵکو بەرازێکی کێوی هەستا بە پەلاماردانی لەجەنگەڵەستانی لوبنان لەکاتی ڕاودا.بەڵام خۆشەویستەکەی و پاڵەوانە سەرەکیەکە لە ڕێچکەی ڕووداوەکاندا، هێزی بەپیتی گەردوونی ( عوناتی))

---

8.James Frazer،The colden Bough،Macmllan،London 1971( ch.xxxi).

ئۆگاریتی نەماوە بەڵکو هاوڕێکەی (( عەستارت)) کە هەستاوە بە ڕۆڵێکی لاوەکی لە داستانی بەعلدا.لەڕاستیدا ئەو دوو خواوەندە یان بنچینەیین یان ڕەنگدانەوەن بۆ دوو خواوەندی (( ئانانا)) و (( عەشتار)) لەولاتی دوو ڕووباردا.هەروەك چۆن ئانانا و عەشتار دوو خودا بوون لە یەکدا،مەسەلەکەش ئەوەی پەیوەستە بە عونات و عەستارتەوە هەروایە کەسایەتیەکە یەکە بەلاّم ناونانەکە جیاوازە ئەوەی پەیوەندی بە جێگە و کاتەوە هەیە.هەروەك چۆن عونات بەدوای بەعلدا دەگەڕا بەهەمان شێوەش عەستارتیش بەدوای ئادۆنیدا دەگەڕا تا هەوڵەکانی بەریگرت و لەناو مردوواندا هەستایەوە بە بەرچاوی بەندەکانیەوە کە کاتی مردنەکەی لە گریان و لاواندنەوەدا بوون.هەروەها بەندەکانی ئادۆنیش هەموو بەهارێك لەکاتی هەستانی لافاوی ڕووباری ئیبراهیم( ڕووباری ئادۆنی پێشوتر) دەڕۆن و دەست دەکەن،بەگریان و لەخۆلێدانی ڕوومەت و سنگیان بۆ خواوەندی ونبوو، ڕووبارە تورەکە کە ئاوەکەی سووربووە لە ئەنجامی تێکەلّ بوونی خۆڵو گڵ لەگەڵ بەفری تواوەی شاخەکانەوە دەڕوات،بڕوایان وابوە کە ئەوە خوێنی خواوەندی کوژراوە و ڕەنگی ئاوەکەی سوورکردوە، هەروەها ڕەنگی سووریشی داوە بەگولاّڵە سوورە.لەڕۆژی داهاتوودا ئاهەنگ هەموو شوێنێك دەگرێتەوە بەبۆنەی هەستانەوەی ئادۆنی و خەڵکی ماتەم کۆتا پێدێنن و دەستدەکەن بە سەما و خواردنەوە و کاری سێکسی کە وەك چاولێکەری پێگەیشتنی خواوەند و خواوەندە وایە و پێڕاگەیاندنی خاکە بۆ بەپیتی و بەخشندەیی.

کەنعانیەکان ( فینیقیەکان) لەکۆچکردنەکانیاندا خواکەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد.ئادۆنیش لە بەناوبانگترین خواوەندە کرچکردوەکان بوە. گەیشتۆتە یۆنان و لەویّ خەڵکی خۆشیانویستوە و (( ئەفرۆدێتیان)) داوەتیّ خواوەندەی ژیان و جوانی،وێنەی یۆنانی بۆ ئانانا و عەشتار*.و پیتی(( س )) یان بۆ ناوەکەی زیادکردووە وەکو ئەوەی کە باوە لە زۆربەی ناوە یۆنانیەکاندا و بوە بە ((ئەدۆنیس)). ئەفسانەی یۆنانی دەچیرۆکی ئەدۆنیسی سوری دەگێڕێتەوە لەگەڵ هەندیّ گۆڕانکاریدا لە وردەکاریدا. درەختی تالّ لە ڕابوردوودا خواوەندەیەکی گەنج بوە و شەیدای باوکی بوە و هەوڵی گەیشتنی داوەپێی بۆ کاری سێکسی بە

پاڵنەری هەست و سۆزێكی توند و ڕامالەر كە خواوەندە ئەفرۆدێت تیایدا چاندویەتی وەك تۆڵەسەندنەوەیەك بۆ خراپەكاریەكی پێشووتری.توانیویەتی بە فێڵێك كە ئارەزووەكانی تێر بكات لە باوكی بەبێزانینی هاوكاری هاوەڵەكەی هێندەی پێنەچوو باوك بەفێڵەكەی زانی كە كچەكەی چی لەگەڵدا كردووە شمشێرەكەی هەڵگرت و چوو بۆی تا بەخوێنەكەی گوناهەكەی بشواتەوە.بەڵام كچەكە نوێژی بۆ خواوەند كرد و زۆر بەگەرمی لێیان پاڕایەوە بۆ ڕزگاركردنی و ئەوانیش پاڕانەوەكەیان قبوڵكرد و لەبەرچاوی باوك ونیان كرد بە گۆڕینی بۆ درەخت.

دوای دە مانگ درەختەتاڵ كرایەوە تا ئەدۆنیسی گەنجی لێوە دەربچێت كە لە باوكی سكی پڕ ببو،كاتێك ئەفرۆدێت بینی جوانیەكەی سەرسامی كرد و خۆشیویست و خستیە صندوقێكی ئاسنینەوە و ڕادەستی برسیفۆنی كرد كە خواوەندی جیهانی ژێرەوە بوو بۆ ئەوەی بیشارێتەوە لە چاوی خواوەندەكان.بەڵام برسیفۆنیش لەلای خۆیەوە كەوتە داوی خۆشەویستیەوە و ڕازی نەبوو بیگێڕێتەوە بۆ ئەفرۆدێت،هەردوو خواوەندەكە كێشەكە بەرزدەكەنەوە بۆ خواوەندی هەرە گەورە(( زۆس)) كە بڕیاریدا كە ئەدۆنیس كاتەكانی دابەشبكاتە سەر سێ بەش لە ساڵێكدا. یەكێكیان بۆخۆی و ئەویتر بۆ برسیفۆنی و سێیەمیشیان بۆ ئەفرۆدێت.لەبەرئەوە ئەدۆنیس ساڵی چوار مانگ دادەبەزێتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خواوەندەكەیدا بژی.دوایی بەرزدەبێتەوە بۆ ژیان هەشت مانگەكەی تری ساڵ و بەو شێوەیە دووبارە دەبێتەوە.تا ئەو كاتەی جارێك خراپەیەك بەرانبەر خواوەند(( ئارتمیس)) دەكات كە خواوەندەی جەنگەڵ و ڕاوە ئەویش بەرازێكی كێوی بۆ دەنێرێت و دەیكوژێت،خوێنەكەی دەڕژێت و گوڵەكان بەڕەنگێكی سوری هەتاهەتایی و ماوە ڕەنگ دەكات.

(( **ئاتیس** ))و(( **سیبیل** )):

لەو خواوەندە مردووانەی كە لە ئاسیای ڕۆژئاوادا لەدایك بوون بەكاریگەری تەموز و بەعل و دواتر كۆچیان بەرەو خۆرئاوا كردوە. خواوەند ئاتیسە كە پەرستنەكەی

لە فەرجیا لە ئاسیای بچوك سەریهەڵداوە.مردن و زیندوبونەوەکەی جێگەی ئاهەنگ گێڕانی بەهارانەی ساڵانەیە.لەبەرئەوە ڕادەی وێکچوونی لەگەڵ خواوەند ئەدۆنیسدا گەیشتۆتە ئاستێك کە بەتەمەنەکان لە زۆر کاتدا ناوی هەردووکیانیان بۆ یەکتری بەکار دەهێنا.ئاتیس شوانێکی گەنجی جوانی شکۆداربوو، و هەندێ جار خۆشەویستی دایکی گەورە سیبیل بوو و هەندێ جاریش دەبوە کوڕی.لەبارەی لەدایکبونیەوە دەگێڕێتەوە ١٠ دایکی (( نانا)) ( ناوەکەی ناوی ئانانای سۆمەریمان وەبیردێنێتەوە) سکی پێپڕ بوو کاتێك ئەو کچ بوە.ئەوەش لە ڕێگەی لەباوەشگرتنی بۆ چڵێك لەداری بایەم( یان هەنار).بەلاّم بزنێکی بەخێو کرد تاگەورە بوو و پیریش بوو.لەوەوە ناوی بە ئاتیس واتە نێری* هاتوە. لەبارەی مردنەکەشیەوە دوو چیرۆك هەیە.لەیەکەمیاندا دەبینی کە بۆتە قوربانی زوڵمێکی بەرازی کێویەوە تەواو وەك ئەدۆنیس.لەدووەمیشیاندا بۆتە قوربانی بۆ کارێکی توندوتیژی کە خۆی پێی هەستاوە دژی خۆی.دەبینی کە خۆی خەساندوە لە ژێر داری سنەوبەردا و خوێنی لێهاتوە تاکو مردن.لەو کردارەدا هەموو کاهینەکانی دایکی سیبیل چاویان لەوکردوە لە لەدەستدانی نێرینەیان پێش ئەوەی ببێتە خزمەتکاری ئەو خواوەندە.ئاتیس گەیشتە ڕۆما نزیکەی ساڵی ٢٠٠پ.ز.دوای چوونە ناوەوەی پەرستنی خواوەندەی دایك بۆی.ڕۆیشت بۆ شاری (( بیسینۆس)) لە فەرجیا- کە بارەگای سەرەکی بوو بۆ پەرستنی خواوەندە سیبیل- باڵوێزە ئاینیەکان ئامادە دەبون لە ڕۆمە بەردی ڕەشی پیرۆز کە ئاماژەیە بۆ خواوەندەی گەورە.بەوە پەرستنی بەفەرمی گوازرایەوە بۆ خۆرئاوا کە بە پەرۆشیەکی بێوێنەوە پێشوازی لێکرا. بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خۆرهەلاّت شکستی هێنا لە داگیرکردنی

---

10.J.Frazer،The Golden Bongh،Macmillan ،London 1971.ch،xxxix.

* ئاتیس لە ئاژەڵە یەکەمینە پیرۆزەکانە لای مرۆڤ.زۆر جار واسەیری کراوە کە ڕۆحی ڕوەکەکانە لەوانەیە لەبەر ئەو ڕۆڵە بێت کە بینویەتی لە ڕابووردووی دووردا کاتێك کە جوتیار دەنکی گەنمەکان بلأودەکاتەوە لەزەویدا دواتر ڕانێکی بزن دەجولێنێت لەناو کێڵگەکەدا و هاتوچۆیان پێدەکات بەسەر دانە بلأوکراوەکاندا کە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر بیانخاتە ژێر زەویەوە.

بەڕێگای سەربازیەوە نزیکەی ئەو مێژووە لەدوای پاشەکشەی سوپای((هانیباڵ))ی قەرتاجەیی،بە فیڵێکی تر ویستی کە تاڵتر و فێڵزانانەتر بوو بۆ

داگیرکردنی ئەویش داگیرکردنی ڕۆحی بوو. وێنەیەکی زیندوومان پێگەیشتوە دەربارەی ئاهەنگەکانی بەهاری تایبەت بە سیبیل و ئاتیس هەروەك چۆن لە ڕۆمەدا ساز دەکران.بێگومان ئەو ئاهەنگانە وێنەیەك بوون دەربارەی ئەو ئاهەنگانە و ڕێوڕەسمانەی کە ساز دەکران لە ئاسیای ڕۆژئاوادا.لەڕۆژی دووی ئازارەوە ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکان دەستیان پێدەکرد بە بڕینی چڵێکی گەورە لەدرەختی سنەوبەر، دواتر بەگوڵی وەنەوشەیی دادەپۆشرا و دەوترێت کە خوێنی خواوەندی مردوو ئەو ڕەنگەی پێداوە.لەلایەن کۆمەڵێك لەکاهینەکانەوە هەڵدەگیرێت و وێنەی پیاوێکی گەنجی پیاهەڵواسراوە کە ئاتیسە، و دەڕۆن و بەشەقامەکاندا دەسوڕێنەوە.

بەداخەوە کە ئاهەنگەکان بەو شێوە ئارامیە بەردەوام نابن،لەڕۆژی سێیەمدا–کە پێی دەوترێت ڕۆژی خوێن – گەورەی کاهێنەکان هەڵدەستێت بەڕێوڕەسمی خوێناوی و باڵی خۆی بریندار دەکات و خوێن وەکو فوارە دێتە دەرەوە وەك قوربانیەك بۆ خواوەند و مۆسیقاژەنەکانیش مۆسیقایەکی شێتانە لێدەدەن بەهۆی زوڕناو کەڕەناو تەپڵ و ...هتد.کاهینەکانی تریش سەمایەکی توندوتیژ و جوڵەی شەپۆلاوی لەسەر ئاوازی مۆسیقاکە دەکەن تا ئەو کاتەی کە خۆی و نەشئەی زۆری ئاینی وایان لێدەکات هەستن بە برینداركردنی خۆیان بە ئامێری بڕەر و تیژ و خوێنیان لێدەچۆڕێت کە شوێنی سەربڕین و چلە پیرۆزەکە خوێناوی دەکەن.ئالێرەدا کاهینە خوێناویەکان هەڵدەستن بە خەساندنی خۆیان و فڕێدانی کێرە بڕاوەکانیان بۆ ژێر پێی پەیکەرە ڕاوەستاوەکەی خواوەند. لەوانەیە کە خەڵکانی تریش لەبەندەکانی بەشداربوی ئاهەنگەکە هەڵبستن بەهەمان کار لە نۆرەیەکی هێستیری سەرگەرمی و ڕاکێشاندا و یەکێکیان هەڵدەستێت بە خەساندنی خۆی و ڕادەکات لە شەقامەکانی شارەکەدا و خوێنی لێدەچۆڕێت و ئازار دەچێژێت و لاناکاتەوە بۆ هیچ شتێك. هەموو ئەو کارانە ئامانجییان

دەرخستنی دڵتەنگیە بۆ سەر خواوەندی ونبوو و هاندانێتی بۆ گەڕانەوە لەجیهانی ژێرەوە.کاتێکیش ئێوارە دادێت ترسی بەندەکان دەگۆڕێت بەخۆشی و دڵتەنگیەکەشیان بۆ مژدەبەخشی.دەرگای گۆڕەکە دەکرێتەوە و خواوەند لەناو مردووەکاندا هەڵدەستێتەوە.لەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی ئازاردا هەمووان لەخۆشیەکی شێتانەدا دەتەقنەوە لە شەقامەکانی ڕۆمادا لە کەرنەڤاڵێکی پڕ هات و هاواردا،هەرکەسە ئەوەی پێیخۆشە دەیکات لەڕۆژێکی ساڵانەی بەناوبانگدا. ئەوەی جێگەی تێبینیە کاتی سازدانی ئەو ئاهەنگانە بەهەستانەوەی ئاتیس نزیکە لەکاتی ئاهەنگەکانی مەسیحیەکان بەڕۆژی هەینی غەمناکەوە ڕۆژی مردنی گەورەمان مەسیح و ڕۆژی هەستانەوە لەناو مردوواندا.لەجێگەیەکی تری ئەم بەشەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم خاڵە.

**دیۆنیسیۆس : ١١**

ئەگەر ئاتیس و ئەدەۆنیس لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبن بۆ جیهانی هیلینی ئەوا خواوەندی تر لە ڕۆژئاواو و هیلینی لەدایك بوە بە گیانێکی ڕۆژهەڵاتیەوە و بەکاریگەری سوری و بابلی.لەو خواوەندانە دیۆنیسیۆسە.ئەو خواوەندی کوڕە دادەبەزێتە سەر زەوی و بەمردنێکی زۆر ناخۆش دەمرێت و دواتر سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە و بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی بکات لە شانشینەکەی باوکیدا.زۆسی گەورەی خواوەندەکانی ئۆلیمب هەستا بە سەردانی خواوەند بیرسیفۆنی کە ئەو لەسەر شێوەی ماربوو لەگەڵیدا نوست و کشایەوە و سکی لێیپڕبوو و خواوەند(( زاگرۆس)) یان (( دیۆنیسۆس)) ی لێبوو کەچوە سەر عەرشی باوکی هەرچەندە ئەو منداڵێکی بچووك بوو.لەدایك بونەکەشی لە ئەشکەوتێکی بچوکدا بوو کە دێمتەر کچەکەی خۆی بیرسیفۆنی تیادا شاردبۆوە. هەڵکۆڵراوێکی گەورەمان بۆ دەردەکەوێت لەسەدەی دواتردا کە شێوەیەکی تەواو ڕۆشنی ئەو ئەشکەوتەمان پیشان دەدات کە خواوەندی منداڵی تیادا لەدایك بوە و وێنەی بێشکەکەی کە دایکی تیایدا داناوە.ئەم لەدایك بونە لە مێشکماندا لەدایك

---

11.F.Guirand.Greek Mythology.Hamlyn، london 1963.

**بوونی گەورەمان مەسیحمان وەبیردێنیتەوە کە لە ئەشکەوتێکی بچوکدا لەدایك بووە.**

**بەڵام (( هیرا)) ژنی زۆس ترس و قین خواردی لەبەرئەوەی منداڵێکی تری زۆس لە ژنێکی تر دەچێتە سەر عەرشی باوکی هەربۆیە هەستا بە هاندانی تیتان،کە میلەتێکی دڕندەن لەخواوەندی پلە دوو کە لە ناکۆکیدا بوون لەگەڵ زۆسدا.لەسەر کوشتنی منداڵێك.هێرشیان کردە سەری بۆ لەتوپەتکردنی.بەڵام خواوەندەکە شێوەی خۆی دەگۆڕی و ڕایدەکرد لە دەستیان،بوە شێر و دوای بو بە ئەسپ و دواتر مار و بەڵام بێسوود بوو چونکە تیتانەکان لەکۆتایدا گرتیان کە لەشێوەی گادا بوو.کوشتیان و لاشەکەیان لەتوپەتکرد بە حەوت کوتەوە و هەموویان خوارد.بەڵام هەوڵەکانی زۆس بۆ ڕزگارکردنەکەی کوڕەکەی سوودی نەبوو چونکە تیتانەکان گەیشتنە سەری پێش ئەوەی هەورەتریشقەی خواوەندی گەورە بیانگاتێ و بیانکاتە خۆڵەمێش.**

**خواوەندی (( ئەسینا)) ئامادەبوو لە نزیك خوانەکەوە و هەستا بە ڕزگارکردنی دڵی دیۆنیسیۆس و ڕادەستی باوکی کردەوە.زۆس لەوکاتانەدا لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ (( سیمیلی)) داو لەسەر شێوەی ئاسایی هاتوچۆی دەکرد و لەگەڵیدا دەنوست و هەورەتریشقە و گەردەلول و هەموو هێماکانی دەسەڵات و زۆرداری بەجێدەهێشت.لەدڵی کوڕەکەی خواردنەوەیەکی دروستکرد و دایەدەست سیمیلی بۆ ئەوەی بیخواتەوە و جارێکی تر بە دیۆنیسیۆس سکی پڕبوەوە.بەڵام هیرا جارێکی تر لێنەگەڕا خواوەندی منداڵ لەدایك ببێت،خۆی لەجلوبەرگی هاوەڵدا گۆڕی وهانی سیمیلیدا کە داوا لە زۆس بکات کە بێتە بەردەمی لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی وەك چۆن دەکات لەبەردەم هیرای ژنیدا کاتێك بەگوێیکرد هەورەتریشقە لێیداو دابەزی بۆ جیهانی ژێرەوە بەڵام زۆس توانی کە لە سکی سیمیلیدا منداڵەکە ڕزگار بکات کە جارێ نەگەیشتبوە قۆناغی گەشەکردنی تەواو. دوایی هەستا بە لەتکردنی ڕانی و تیایدا ناشت و دووریەوە و بەجێیهێشت تا گەشەکردنەکەی تەواو دەکات. کاتێکیش هاتە سەر کاتی منداڵ بوونی ڕانی کردەوە و منداڵێکی تەواو پێگەیشتووی دەرهێنا.**

بەڵام ئەو خواوەندەی کە دایکی سیمیلی نەبینی دابەزیە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە بۆ گەڕان بەدوای دایکیدا و لەو کاتەشدا پێویستی بەڕێگا پیشاندەر و چاو ساغێك هەبوو.بەڵام یارمەتی پێشکەش نەکرا تەنها بەمەرجێك نەبێت،ئەویش بریتی بوو لەوەی کە دەبێت ملکەچی کاری سێکسی بێت ملکەچیەکی مێینەیی تەواو.دیونیسیۆس هەستا بەدروستکردنی ئەندامی نێرینە لە چڵی درەختی هەنجیر و کردی بە ئەندامی زاوزێی خۆیدا .ئەم کردارەش بریتی بوو لە هێمای ملکەچبونی داواکراو لەسەر ئەوە یارمەتی داواکراودرا و دایکی گەڕانەوە لە جیهانی ژێرەوە و بەرزیکردەوە بۆ ئاسمان ١٢ ماوەتەوە بڵێین تیتانەکان دوای ئەوەی کە زۆس هەورەتریشقەی لێدان و بونە خوڵەمێش ،لەخۆڵەمێشەکەیان توخمی مرۆۋ دروست بوون.

لە ئاهەنگە ئاینییە بەهاریەکان بەبۆنەی دیۆنیسیۆسەوە،ئازارەکانی خواوەندی مردوو دەنوێنرا لە چرکەساتەکانی کۆتایدا بە ووردەکارییەکانیەوە کە لە گەڵیشیدا سرووودی دڵتەنگ و مۆسیقایان لێدەدا و دەگوت. دوایی گایەکیان دەهێنا کە خواوەندی مردووی نیشاندەدا کە تیتانەکان خواردیان کە ئەو لەسەر ئەو شێوەیە بوو دەیاندڕی و گۆشتەکەیان دەخوارد و خوێنەکەشیان دەخواردەوە لەسەر ئاوازی مۆسیقا شێتانەکە.بەم کارەیان ئەوەیان دەردەبڕی بەشێوەیەکی ئاماژەیی کە ئارەزوویان لە یەکگرتن لەگەڵ خواوەندە کوژراوەکەدا لە ڕێگەی خواردنی لاشەیی و خواردنەوەی خوێنەکەیەوە.تەواو وەك ئەوەی گەورەمان مەسیح فێری کردین لەدواتردا.لەسەردەمی نوێدا دەخوێنینەوە،لە ئەصحاحی ٣٦: ((لەکاتێکدا ئەوان دەیانخوارد یەسوع نانێکی برد و پیرۆزی کرد و شکاندی و دایە دەست قوتابیەکانی و پێی ووتن بیگرن و بیخۆن ئەوە لاشەی منە ئەوە لاشەی منە.پەرداخەکەی گرت و سوپاسی کرد و داینێ و پێیوتن بخۆنەوە لێی

---

12.J.L.Henderson،The Wisdom of The Jerpent،ciller Books،newyork 1971.

هەمووتان.لەبەرئەوەی ئەوە خوێنی منە بۆ سەردەمی نوێ کە لە پێناو زۆرێکدا دەڕژێت بۆلێخۆشبوونی گوناهەکانیان)).دوای خواردنی قوربانیەکان ڕێوڕەسمەکە بەردەوام دەبێت و لەدایك بوونی دووەمی دیۆنیسیۆس نمایش دەکرێت و زیندووبونەوەشی لەناو مردوواندا.سەرەڕای گاکە ئەوا دیۆنیسیۆس خۆی دەنوێنێت لە شێوەی نێریدا یان کاوڕدا تەواو وەك خواوەند ئاتیس .لەبەرئەوە کاوڕ زۆر جارانی تر دەبوە قوربانی کە دەخوراو خوێنەکەی دەخورایەوە وەك هێمایەك بۆ خواوەندی کوژراو.سەماکارانیش جل و بەرگێکیان لەبەر دەکرد لە پێستی بزن لەو ئاهەنگانەیاندا. دیۆنیسیۆسیزم زۆرجاران بە ئۆرفیزم ناودەبرێن گەڕانەوە بۆ ئۆرفیس ئەو پیاوەیە کە دایناوە دۆزیویەتیەوە.ناتوانین بگەینە ڕاستی تەواو و حاشا هەڵنەگر لە بوونی ئەو پیاوەدا لەبەرئەوەی ئەفسانەکان و پەڕگیرەکان چوونەتە ناو ژیانێوە و درێژایی تەمەنیەوە حاڵی وەکو حاڵی بودا و کەسانی تر لە دامەزرێنەرانی ئاینە گەورەکان.

**دیمتر و بیرسیفۆنی ١٣:**

لە ئەفسانەکانی یۆنانی تر کە بابەتەکەی ڕۆژهەلأتی وچنراوەکەی هیلینیە،بریتیە لە ئەفسانەی (( دیمتر)) دایکە گەورەی یۆنانی و بەخێوکەری گەنم و بەروبوم و کچەکەی بیرسیفۆنیە.کاتێك بیرسیفۆنی گوڵی ئەچنی  لە کێڵگەکاندا زەوی لە پڕێکدا داقڵیشا و لە ناخیدا (( هادیس)) دەرکەوت خواوەندی جیهانی ژێرەوە لە ڕەوڕەوە ئاڵتونیەکەیدا و فڕاندی و بردی لەگەڵ خۆیدا بۆ  شانشینەکەی ژێرەوەی و کردیە ژنی خۆی و شاژنی.کاتێك ونبونی دواکەوت دیمتری دایکی ترسا وکەوتە گەڕانی زەوی بەدوای کچە ونبوەکەیدا بەلأم بێسوود .هێندەی نەبرد کە زانی زۆس بیرسیفۆنی داوە بە هادیسی برای وەك دیاری.کەوتە لێدانی دەموچاوی خۆی بەبێ ئامانج و مەبەست تاڕق و قینەی گەورە بوو و بەزەیی زاڵ بوو بۆ کچەکەی.هەستا بەکارێکی ڕق هەڵسێنەر بۆ خواوەند ئۆلیمب بەناردنی نەخۆشی و پەتا بۆ سەر توخمی مرۆڤ. بەروبوم و درەختەکانی لە زەوی

13.J.Frazer،The Golden Bough Macmillan London 1971.ch.xliv

قەدەغەکرد.زۆس لەم کارەی ترسا و خواوەندەکانی یەك لەدوایەك نارد بۆ قەناعەتپێکردنی بۆ دەستهەڵگرتنی لەوکارەی و گەڕانەوەی توڕەییەکەی بەڵام بێسوود بوو.هەرئەوەندەی پێکرا کە هادیس ڕازیبکات بە ڕزگارکردنی بیرسیفۆنی بەڵام دوای لەدەست دەرچوون دوای ئەوەی کەوایان لێکرد لە ڕوەکێکی دیاریکراو بخوات کەوا لەخاوەنەکەی دەکات بگەڕێتەوە بۆ جیهانی ژێرەوە ئەگەر ئەو بۆ سێ مانگ لێیدەرچوو. دیمتر چوو بۆ بینینی کچەکەی و دەستیهەڵگرت لە بەڵاکانی بۆ مرۆڤ و هەستا بە بەرەڵاکردنی ڕۆحی بەپیتی دیلکراو. زەویش گەڕایەوە بۆ دۆخی پێشووی بەڵام تاماوەیەك ولەبەرئەوەی بیرسیفۆنی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ژێرەوە.لەهەموو ساڵێکدا دایك دڵتەنگ دەبێت بۆ لەدەستدان و ونبونی کچەکەی و بۆ دڵتەنگیەکەشی کشتوکاڵەکان وشك دەبن و زەویش بەروەبومەکەی دەگرێتەوە.

دیمتر بە زیندوویی مایەوە لە دڵی بەندەکانیدا بۆ ماوەیەکی زۆر دوور ودرێژ دوای ئەوەی کە ئەوروپا ڕوویکردە مەسیحیەت و شاری ئیلۆسیسی کردە جێگەی پەرستنی سەرەکی ناوی قەدیسە دیمترا و پەیکەرەکەی لەوێدا بەڕێز ونوازشەوە دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٨١٠ کاتێك دوو پیاوی ئینگلیزی هەڵیانگرت ئیدی لەوکاتەوە خەڵکی ئیلۆسیس وشکی زەوی و کەمی بەروبومەکان دەگێڕنەوە بۆ بزربوونی پەیکەری قەدیسە لەناوچەکەدا.

**ئیزیس و ئۆزۆریس**: ١٤

بە ئاڕاستەکەی تردا خواوەندی مردوو کۆچیکرد بەرەو باشوور بۆ میسر ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزۆریس بۆمان باس دەکات دەربارەی لەدایك بوونی ئۆزۆریس و مردنی و زیندووبونەوەشی،بەپێی ئەو ئەفسانەیە خواوەند ئۆزۆریس دەبێت بە پاڵەوانێکی شاری کە میسریەکان فێری کشتوکاڵ و دوورینەوە و پیشەی دەستی بەکەڵك دەکات،کە خوشکەکەی و ژنەکەی ئیزیس لەو کارەیدا هاوکاری دەکەن.جارێك لە جاران براکەی خواوەند (( سیت)) یان (( تیفۆن)) هەڵدەستێت بە فێڵێکی پیس و دەیکاتە دیلی ناو صندوقێکی تەختەیی ولەسەری

---

14.ibid.ch.xxxix.

داخست و فڕێیدایە ناو ئاوی ڕووباری نیلەوە و صندوقەکە سەر ئاو کەوت تا لەگەڵ ئاوی ڕووبارەکەدا ڕژایە ناو دەریای ناوەڕاستەوە لەوێدا شەپۆلەکان پاڵیانپێوەنا تا گەیشتە شاری بیبلۆسی کەنعانی بەشێوەیەك هەڵواسرا بە یەکێك لە درەختەکانی کەناری وارفەدا.ئیزیس بەهەموو لایەکدا دەگەڕا بەدوای خۆشەویستە ونبوەکەیدا تا دۆزیەوە و گەڕایەوە بەلاشە و صندوقەکەوە بۆ وڵاتەکەی بۆ ئەوەی ژیانی بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام (( سیت)) صندوقەکەی دۆزیەوە و هەستا بە لەتوپەتکردنی لاشەی ئۆزۆریس،پارچەکانیشی دابەشکرد بەسەر هەموو لایەکی وڵاتدا تا نەتوانرێت جارێکی تر ژیانی بۆ بگەڕێنرێتەوە.بەڵام ئیزیس بەبێ ماندووبون بەردەوام بوو لەسەر گەڕان جارێکی تر تاهەموو پارچەکانی دۆزیەوە تەنها ئەندامی نێرینەی نەبێت کە بە ونبووی مایەوە،دواتر ژیانی بۆ گێڕایەوە بەهاوکاری خوشکەکەی خواوەندە (( نفتیس)).

ڕێوڕەسمی ئۆزۆریس لە ڕێوڕەسمی خواوەندێکی تری مردوو دەچێت لە گریان بەسەر خواوەندەکەدا و نواندنی ئازارەکانی و دواتر دڵخۆشبوون بە زیندووبونەوەی و سەرکەوتنی بەسەر مردندا.ئۆزۆریس کۆچیکرد بۆ ڕۆما لەژێر ناوی (( سارابیس )) و پەرستنی لەوێ بڵاوبۆوە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو.

## ٥// خواوەندی ڕزگارکەر

مێژووی ئاین و ئەفسانە بریتیە لە مێژووی ململانێی خود لەگەڵ مردن . لە قۆناغەکانی سەرەتادا خود تێکشاوبوە لەبەرانبەر مردندا، جیهانی ژێرەوەش باڵادەست و بەهێز بوە وڕاکردوو نەبوە و لە دیلێتی هەمیشەیش ڕزگاری نەبوە.پەرۆشی خواوەندی مردن بریتی بوە لە پاراستنی مردووان بەدرێژایی ماوەی دیاریکراو بۆیان لە جیهانی لەناوچوودا.لەبەرئەوە ئەو خواوەندە لە قۆناغەکانی یەکەمیندا خواوەندی بەپیتی و هێزگەلی سروشتیە. هەوڵەکانی قەتیس دەمێنێت لە پاڵپشتکردنی مرۆڤ لە ململانێی لەگەڵ برسێتی و لەناوچوون. بەبێ ئەوەی بتوانێت کە ڕزگاریبکات لە مردنێکی تەواو و پێدانی نەمری هەتاهەتایی ڕاستەقینە. بەڵام ژیان و مردن و زیندووبونەوەی مەسەلە گەلێکی پێدانی ئومێدێکی نادیار و دوورە لە توانستی ڕزگارکردن لە باڵادەستی مردن وەك

خواوەندی بەپیتی لێی ڕزگار بووە. دڵی بەندەکانی بەو خواوەندە ڕزگارە ژیارییە پەیوەست بوو.

وەك دەربڕینێك بۆ لایەنگری مرۆڤایەتی هەمیشەیی بەرەو نەمری .دەرکەوتنیشی لەویژدانی مرۆڤدا تەنها سیمایەك بوو لە سیماکانی ململانێی دوو دیاردەی گەردوونی لەناوخۆی مرۆڤدا و لەدەرەوەشیدا،ململانێی ژیان و مردن.

دەتوانین بڵێین کە گەشەکردنی ئاینەکانی بەعلی( ئاینەکانی بەپیتی) توانی سەرکەوتنێکی جەماوەری بەدەستبهێنێت بەسەر ئاینەکانی ئیلیدا( ئاینەکانی خواوەندە ئاسمانیە دوورەکان) حاڵەتێکی ئایندەییە لەگەشەکردنی ئاین و ئەفسانەدا،حاڵەتێکی مام ناوەندی شتێك لە هاوسەنگی لەخۆدەگرێت لەنێوان ژیان و مردندا.

بەلأم قۆناغی سێیەم بە ڕاستی نمایندەی سەرکەوتنی ژیانە بەسەر مردندا لە ئاین و ئەفسانەدا.ئەوەی بەسەر خواوەندی بەپیتیدا هات جارێك بەسەر هەموو بەندە دڵسۆزەکانیدا دێت ئەوانەی دێنە ناو ئاینەکەوە.و دەکەونە دوای دوور لەهەموو خواوەندەکانی تر. گەورەمان مەسیح وتویەتی (( ئەوەی باوەڕی پێم هێنا و گەر بشمرێت زیندووە)). ئاینی بەپیتی گۆڕدرا بە ئاینێکی نهێنی و ڕزگارکەرە زەمینی و ژیاریەکەشی دەگۆڕێت بە ڕزگارکەرێکی ڕۆحی، دەسەلأتی بلأوکردۆتەوە لەجیهانی ژیانەوە بۆ جیهانی مردنیش. کە ڕزگارکردنی ڕۆحیان پێشکەش دەکات بۆ بەندەکانی لە زاڵ بوونی جیهانی ژێرەوە. دوای ئەوەی کە تاك ئازاد بوە لە ڕابووردوودا لە هەڵبژاردنی خواوەندا کە دەیپەرستێ و خۆی تەرخان دەکات بۆ ملکەچبوونی وە ئازادبوە لە گواستنەوە لە خواوەندێکەوە بۆ خواوەندێکی تر هەرکاتێ پێی خۆش بوو. لە ئێستادا جەماوەری تێکشکاو کە ئەو پەڕی ناخۆشی بینیوە لە باق و بریقی ساختە بۆ پێشکەوتنی مادی وایلێهاتوە کە بە نزیکترین خواوەندەوە بنوسێت کە لەهەمان قوڕی مرۆڤە و بە سۆزیانەوە دەنوسێت و ئاگاداریشە بەناوەخنی مەسەلەکانیان،خواوەندێك لە ئاسمان نەژی و پڕوپاگەندەی ئەوەش بکات لەبەرزیەوە نمایندەی هەموو شتێك بکات،بەڵکو لەناو خەڵکیدا بژی و ئازاری ئەوانیش بچێژێت. هەروەها بشمرێت وەکو ئەوان، بەلأم

بەرزدەبێتەوە لە جیهانی ژێرەوە و لەگەڵیشیدا بەندە بڕوادارە پێوەنوساوەکانی بەرزدەبنەوە، یەککگرتوو لەگەڵیدا،کە ڕزگارکردنی ڕۆحی پێببەخشێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵیانبژاردوە بەنیەت و حەزی خۆیان و بەهەموو ڕێوڕەسمە نهێنیە چوونەناوەکاندا تێپەڕیوە کە پێویست بوە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵ و یەککگرتنی لەگەڵ خوادا. سەرکەوتن بەسەر مردندا لە مەسیحیەتدا گەیشتە تروٚپکی لە زیندووبونەوەیەکی تەواوی بێکەموکوڕی مرۆڤدایە . بەشێوەیەك لاشە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشووی بەهەموو ووردەکاری و بەشەکانیەوە.

بڵاوبونەوەی ئاینە نهێنیەکان بەشێوەیەکی گەورە بڵاوبۆتەوە لەدوای گرتنی ئەسکەندەری گەورە بۆ ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیهانی کە زۆربەی شارستانێتیە کۆنەکانی لەخۆگرتبوو.

گەیشتە دوا تروٚپکی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا کە نوێنەر و بەرجەستەکەری سەرکەوتنی شارستانێتی مادی بوو کە دروست نابێت تەنها لەسەر لاشەی ئازادی تاك نەبێت. و باڵادەستبوونی دەوڵەت نەبێت بەهەموو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە.ئەو ئاینانەش لەیەك چوون و وەکو یەکیان لێهات بەڕادەیەك کە نەدەتوانرا یەك لەویتر جیابکرێتەوە و گەڕانەوەی توخمە تایبەتەکانی هەریەکەیان بۆ بنچینەکەیان.گرنگترین شت کە ئاینە نهێنیەکان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە کۆمەڵێکی داخراو بەسەر خۆیدا لەخۆ دەگرێت کەس ناچێتە ناویەوە تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە بەڕاستی دەیانەوێت بچنە ڕیزەکانی ئەو پەرستنەوە.لەو کاتەدا ئەندامی نوێ بەکۆمەڵێ ڕێوڕەسمی چوونە ناوەوە تێپەڕ دەبێت کەوایلێدەکات لەڕووی لاشە و ڕۆحەوە ئامادە بێت و لەهەموو پیسی و خەوشەکانی ڕابووردووی پاکی بکاتەوە و سەرلەنوێ دروستی بکاتەوە.

لەکۆمەڵی ئەو ڕێوڕەسمانە دانپیادانانە لەبەردەستی کاهینی ئاینەکەدا بە گوناهەکانی ڕابووردویدا،خۆپاککردنەوەیە بە ئاو،و ڕۆژووگرتن لەهەندێ کاتیشدا ئەندامی نوێ دەخرێتە چاڵێکەوە و لەدوایدا گایەك لەسەردەمی چاڵەکە سەر دەبڕدرێت و خوێنەکەی دەچێتە چاڵەکەوە و بەسەر سەری ئەندامەکەدا دەڕژێت و هەندێکی لێدەبات بۆ دەمی و دوای دێتە دەرەوە بەمە ڕابوردووی خۆی شۆردەوە.

لە ئاینی (( میترا))دا ئەوە ئەو خواوەندەیە کە سەربازەکانی ڕۆما لەگەڵ خۆیاندا لە فارسەوە هێناویانە و پەرستنیشی بە شێوەیەکی گەورە بڵاوبۆوە لەهەموو لایەکی ئیمپراتۆریەتەکەدا. هەندێ تاقیکردنەوە دەبینین کە ئەندامی نوێ بەرەو ڕووی دەبێتەوە،لەوانە تێپەڕبونیەتی بەناو ئاگرێکی کڵپەسەندوودا و مەلەکردن لەناو شەپۆلی ئاودا و بازدان لە شوێنێکی بەرزی مەترسیدارەوە... تادوای. دەتوانین بیهێنینە بەرچاوی خۆمان کە ئەو تاقیکردنەوانە ڕاستەقینە بوون بەلاّم دواتر بەهێواشی گۆڕاون بەکرداری هێمایی کە ئاماژە بوون بۆ ئەوان. دوای تێپەڕاندنی ئەو تاقیکردنەوانە بەسەرکەوتویی ئەندامی تازە ڕاستەوخۆ نەدەچووە ناو کۆمەڵەکەوە بەڵکو پێویست بوو لەسەری کە سێ قۆناغ ببڕێت کە ماوەیەکیان دەخایاند کە لەمیانەیاندا پێشکەوتنی ڕۆحی تاقیدەکرایەوە.

لەڕاستیدا پەرستن و ڕێوڕەسمە ئاینیە نهێنیەکان بە شاراوەیی مانەوە. بێجگە لە ئاهەنگە بەهاریە سالاّنەییەکان کە لە پێشتردا باسمان کردن.تەنها هێندێکی کەم دەزانین لەوەی کە بەکردارەکی ڕوویداوە.لەو کەمەی کە دەیزانین ئەوەیە کە زۆربەی ئەو ئاینانە جۆرێك لەنانخواردنێکی ئێوارانی نهێنیان سازکردووە کە تیایدا ئاژەڵێك دەهێنن کە هێمای خواوەندی مردنە دەکوژرێت و گۆشتەکەی دەخورێت و خوێنەکەشی دەخورێتەوە وەك کردارێکی ئاماژەیی بۆ یەکگرتنی ڕاستەقینە لەگەڵ خوادا. لەدەرەوەی ئەو بۆنەیەدا سەربڕینی ئەو ئاژەڵە و خواردنی قەدەغەکراوە بە شێوەیەکی زۆر ورد و ڕەها.هەروەك چۆن خواردنی بەراز قەدەغەکراوە لەلای سۆمەریەکان لە پەرستیارانی ئەدۆنیس جگە لە ڕێوڕەسمی خوانی شەوانی نهێنیدا نەبێت. لەلای میسریەکانیش جگە لەمیانەی ڕێوڕەسمی هاوشێوە نەبێت تایبەت بە ئۆزۆریس.جولەکەش ئەم قەدەغەکردنەی پیادەکردووە وەك چاولێکەری بۆ گەورە میسرییەکان و دراوسێ سوریەکانیان بەبێ هۆیەکی ڕۆشن.

# ٦// گەورەمان مەسیح
## (( کۆتا ڕزگارکەر ))

لەو کەش وهەوا هەڵئاوساوەدا بەچەندین ئاینی نهێنی و سوپایەك لە خواوەندی ڕزگارکەر مەسیحیەت هاتە بوون.دواکەوتە یەکەمەکانی گەورەمان مەسیح بریتیبوون لە کەمەکێك لە جولەکەی پڕکراو بە بیرۆکەی مەهدیەت کە لەو سەردەمە بریتی بوو لە هێزێك لەنێوان کۆمەڵیٚ جولەکەدا کە گەیشتبوە ڕادەیەك کە لە گەڵیدا دەرکەوتنی مەهدی چاوەڕوانکراو یان مەسیح لەهەر ئان و ساتێکدا پێشبینی دەکرا. بۆ ڕزگارکردنی گەل لە چەوساندنەوەی ڕۆمەکان و دروستکردنی موڵکی خوا لەسەر زەوی.ئەو کەسانە لەسەرەتادا لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەوان بونەتە لایەنگری ئاینێکی نویٚ بەڵکو ئەوان هەمیشە واسەیری خۆیان دەکرد کە کۆمەڵێکی جیاکراوەن لە ئاینی جولەکەی کۆن.سەرەڕای ئەوەی کە مەسیح ئومێد و ئاواتی زۆرێکی پوچکردەوە لەو کاتەدا کاتێك خۆی ڕادەستی لەخاچدان و مردن کرد.ئەوانەی کەلەسەر بیروباوەڕەکەیان مانەوە،وایان دەبینی کە مەسیح بۆیە بەجێیهێشتوون چونکە خەڵکی هێشتا لە قۆناغی ئامادەبوندا نەبوون بۆ چوونە ناوەوەی موڵکی خودا و پێویستە لەسەریان کە خۆیان پاك بکەنەوە پێشئەوەی مەسیح بگەڕێتەوە بۆلایان جارێکی تر.

بەلاٚم مەسیحیەت پارێزگاری لەو بارەی خۆی نەکرد بەو پێیەی کە کۆمەڵێکی بچوکی جولەکە بێت لەبەر زۆر هۆ:

یەکەم: تەنها کەمەکێکی کەمی جولەکە گۆڕان بەرەو بیروڕای نویٚ.دووەم: گەڕانەوەی مەسیح زۆر دواکەوت. سێیەم: وێرانکردنی شاری ئۆرشەلیم لە ئەنجامی شۆڕشێکی چەکداری کە جولەکە پێی هەڵسان دژی ڕۆمانیەکان بەهۆیەوە لێدانێکی کوشندە بەر خواست و ئاواتە نەتەوەییەکانیان کەوت.کۆتا هۆکاریش : ڕێنماییەکانی گەورەمان مەسیح سەلماندی کە زۆر فراواتتر و گشتگیر ترە لە ڕاڤەکردنە جولەکەییە بەرتەسکەکان. دەستیکرد بە بلاٚوبونەوە لە جێگا

دەرودەراوسێکانیش. لەسەرەتادا ئاینی مەسیحی لەلای هەندێ تاکی کۆمەڵە جولەکەکان بڵاوبۆوە لەجێگە دوورەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا.هێندەی نەبرد کە پەڕیەوە بۆ ناو تاکەکانی دەرەوەی جولەکەش و هێواش هێواش توانی کە ئاینێکی سەربەخۆ و جیا لە جولەکە دروست بکات. ڕێنماییەکانی پۆڵصی پەیامبەر یارمەتیدەرێکی گەورە بوو لە پاڵپشتیکردنی ئەو جیابونەوەیە و ئەو هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە کە ڕزگارکردن لە ڕێگای بڕوابوون بە گەورەمان مەسیحەوە دێت بە پلەی یەکەم نەك لە ڕێگای ئەوەی کە شەریعەتی جولەکە دەیڵێت. بەو شێوەیە، بەهاتنە ناوەوەی خەڵکانی نامۆ بۆ ناو مەسیحیەت وایلێهات کە نامۆ بێت لە ئاینی جولەکە. لەکاتێکدا ئەو خەڵکە نامۆیانە زۆر دوور بوون لە بیرۆکەی مەهدی چاوەڕوانکراو یان مەسیحی چاوەڕوانکراوەوە کە گەلەکەی ڕزگار دەکات لە چەوساندنەوە و سەر لەنوێ سەرکەوتن و شانازیەکانی دروست دەکاتەوە،هەستان بەداڕشتنەوەی بیرۆکە تایبەتەکەیان دەربارەی مەسیح و سروشتی ڕۆڵەکەی.لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی کە چوونە ناو ئاینە نوێکەوە دواکەوتەی ئاینە نهێنیەکان بوون.و لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی گشتی ئەو ئاینانەش زاڵ بوو بەسەر دەروونی خەڵکیدا لەو سەردەمەدا. و لەبەرئەوەی پەیامبەرە پەیامبەرەکانیش دەیاونیست کە جەماوەر ڕابکێشن بە شێوازێك کە پێیڕاهاتوون و لەسەری ڕۆیشتوون. لەبەرهەموو ئەو هۆکارانەش مەسیحیەتیش ڕێچکەی ئەو ئاینە نهێنیانەی گرتە بەر و ئەوەی پێیکرا لە دروستکردن دروستیکرد و ئەوەی لەگەڵ ڕێوڕەسم و بیروباوەڕاکانیدا مردوو.ئەویش وەکو هەموو خواوەندە ڕزگارکەرەکان خواوەندی کوڕ لە دایکێکی پاك داوێن لەدایك دەبێت ومژدەی پەیامێکی نوێ دەدات دوایی ئازار دەچێژێت و دەمرێتیش.بەڵام بەسەر مردندا زاڵ دەبێت و سەردەکەوێت بەسەرکەوتویی لەجیهانی مردوانەوە و هەڵگری ڕزگارکردن و ژیانی هەتاهەتاییە بۆ ئەوانەی کە بڕوایان پێی هێناوە.بەڵام ڕزگارکردنی مەسیحی پشت نابەستێتە سەر یەکگرتنی لاشەیی بەخواوەندەوە لە میانەی کۆمەڵێك ڕێوڕەسمەوە،وەك ئەوەی لە ئاینە نهێنیەکاندا هەیە. هێندەی پشتدەبەستێتە سەر ژیانی ڕەوشتی چەسپاو.

ئەو ئاینە نوێیە خەباتێکی زۆر و ئاستەنگی کرد دژی ئاینە فەرمیەکانی ئیمپراتۆریەتەکە بەلاّم خەباتی بەهێز و سەختترینیان بریتی بوو لە خەباتێکی بێدەنگ کە نەشەڕ و نە خوێنی تیادا بێت دژی ئاینە نهێنیەکان.لەوانەیە بەهێزترین ئەو ئاینانە کە ململانێی لەگەڵ مەسیحیەتدا دەکرد بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ سەرکەوتن لەبەدەستهێنانی دڵ و دەرونی خەڵکیدا بریتی بوو لە ئاینی(( میترا)) کە زۆر لە مەسیحیەت دەچوو وەبەشێوەیەکی فراوان بلاّوبۆوە لەهەموو جێگاکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا . ئەو لێکچوونە نامۆیە لەنێوان ئەو دوو ئاینەدا مەسیحیەکان خۆیانی سەرسوڕماندبووو پێیان وابوو کە لە دروستکراوی شەیتانی بەنەفرەتکراوە.میترۆییەکان مەسیحیەکانیان تاوانبار دەکرد بەوەی کە شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرتوە و بیروباوەڕەکانی ئەوانیشیان هەڵبژاردووە.بەهەمان شێوە مەسیحیەکانیش هەمان تاوانیان دژی ئەوان دەوتەوە. لەوانەیە یەکێك لەکاریگەریەکانی ئەو شەڕە دوورودرێژە تا ئێستا و لەم ڕۆژگارەی خۆشماندا هەرماوە.جیهانی مەسیحی و لەگەڵیشیدا جیهانی نوێ کە دوای مێژووی ڕۆژمێری مەسیحی دەکەوێت ئاهەنگ دەگێڕێت بە لەدایك بوونی مەسیحەوە لە ڕۆژی ٢٥ ی کانونی یەکەم کە ڕۆژی گۆڕانی زستانەیە کاتێك تیایدا ڕۆژ دەگاتە ئەو پەڕی ماوەی خۆی لەلاربونەوەدا لە جەرگەی ئاسمان.و ڕۆژیش دەگاتە کۆتا قۆناغەکانی لەکورتیدا و دوای ئەوە دەستدەکات بەدرێژبوون لەسەر حسابی شەو.ئەو ڕۆژە بەتایبەت هەمیشە دانراوە لە ئاینە ڕۆژییەکاندا بە جەژنی لەدایك بوونی ڕۆژ کە تیایدا هێزەکەی نوێ دەکاتەوە و سووربونی خۆشی وەردەگرێتەوە بۆ لێدانی هێزگەلی تاریکی. پەرستنی ئەدۆنیس لە سوریا و ئۆزۆریس لە میسر لە سەردەمەکانی دواتردا بەراوردکراوە بەڕۆژ ،بەڕێز J.Frazer لەکتێبی The Golden Bough ١٥ دا بۆمان دەگێڕێتەوە کە سوریەکان لەشەوی ٢٥ی کانونی یەکەمدا ئاهەنگ دەگێڕن بەلەدایك بوونی ئەدۆنیسەوە و لە پەرستگاکاندا کۆدەبنەوە و هاواردەکەن لە نیوەی شەودا: (( پاك داوێن منداڵێکی بوو. ڕوناکیش بلاّودەبێتەوە)). مەبەست لە پاك داوێن ئاسایی بریتیە لە خواوەندەی گەورەی ڕۆژهەلاّت عەشتار یان عەستارت کە سامیەکان ناوی دەبەن بە خانمی ئاسمانی

یان شاژنی ئاسمانەکان.پاکداوێن ناوبانگێتی و پاکێتیش ناوەڕۆکێتی سەرەڕای ئەوەی کە خواوەندەی خۆشەویستیە. لەبەرئەوەی بەخشندەیە بێئەوەی کەم بکات. ڕۆژی ٢٥ی کانونی یەکەم بەتایبەت بریتیە لە ڕۆژی لەدایك بوونی (( میترا))کە خواوەندەی ڕووناکی و چاکە و ڕۆژیش هێمایەتی،ئەو ڕۆژەی کە تێکناشکێنرێت کە لەو ڕۆژەدا دەستدەکات بە بەرزبونەوە بۆ ناوجەرگەی ئاسمان و هێزگەلی خراپە و تاریکی لەبەردەمیدا ڕادەماڵێت. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە لەدایکبوونی مەسیحەوە هەیە ئەوا ئینجیلەکان ڕۆژێکی دیاریکراویان دیاری نەکردوە بۆی،لەبەرئەوە کەنیسەی یەکەم ئاهەنگی بەبۆنەی لەدایك بونیەوە نەگێڕاوە.بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت مەسیحیەکانی میسر ئاهەنگ دەگێڕن بەبۆنەی لەدایك بوونی مەسیحەوە لە ڕۆژی ٦ ی کانونی دووەمدا. ئەم دابە بڵاوبۆوە تا لە سەردەمی سەدەی سێیەمی زاینیدا هەموو جێگا و ناوچە دوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی گرتەوە.

بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی سەدەی سێیەمی زاینیدا کەنیسەی ڕۆژئاوایی کە تائەوکاتە ئاهەنگی نەدەگێڕا بەبۆنەی لەدایکبوونی مەسیحەوە،هەستا بە بڕیاردان بەوەی کە ڕۆژی ٢٥ ی کانونی یەکەم مێژوویەکی فەرمیە بۆ لەدایك بوونی مەسیح و کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیش دوای کەوت و بەڵام پارێزگاریشیان لە ڕۆژی ٦ی کانونی دووەم کرد بەوەی کە بریتیە لە (( جەژنی دەرکەوتن )) . دیاریکردنی کەنیسە بۆ ئەو ڕۆژە بەتایبەتی ناتوانرێت ڕاڤە بکرێت تەنها لەسەر ڕۆشنایی ململانێ نەبێت لەگەڵ ئاینی میترۆیدا. ئەو تەکتیکەش کە پیادەی کردوە لە ململانێکانی لەگەڵ ئاینەکانی تردا کە هەبوون لەوکاتەدا.

لەوانەیە جەژنی هەستانەوەش نمونەیەکی ترمان بداتێ لەسەر پەسەندکردنی مەسیحیەت بۆ بۆنە و جەژنە تایبەتەکان بەئاینە نهێنیەکانەوە.جەژنی هەستانەوە جەژنی هەستانەوەی مەسیحە لەناو مردووواندا دوای ئەوەی کە لە ڕۆژی هەینی غەمگیندا چەشتی لەسەر ڕێگای ئازارەکان.کەنیسە ڕۆژی ٢٥ ی ئازاری

---

15. J.Frazer ‹The Golden Bough‹Macmillan‹London 1971 p416.

پەسەنکردوە بۆ ڕۆژی هەستانەوە،بەوەش زیندووبونەوەی مەسیح زیندوبونەوەیەکی بەهاریە،لەم مەسەلەیەدا وەکو خواوەندی بەپیتی کۆن و ڕزگارکەرە یەکەمینەکانە و بەتایبەتیش ئەدۆنیس و ئالیس کە بەندەکانی ئاهەنگ دەگێڕن بەهەستانەوەی لەنێوان ڕۆژانی ٢٤ و ٢٥ ی ئازاردا.

دوور لەو دوو جەژنە سەرەکیە ئەوا ئێمە چەند جەژنێکی تری بتپەرستی دەبینین کە گۆڕدراون و ڕەنگکراون بە سیفەتی مەسیحیەت،جەژنی خواوەند دیانا بوە بە جەژنی بەرزبونەوەی خانمی پاك داوێن.و جەژنی مردوانیش بۆتە جەژنی هەموو قدیسەکان،نمونە لەسەر ئەوە زۆرن..

بەلاَم دایکی گەورە یان هێزی بەپیتی گەردونی کە خۆی دەنوێنێت بەخواوەندەی خۆشەویستی پاك ئەوا خاتوو مەریەمی پاك داوێن جێگەی گرتۆتەوە کە بەناوبانگە بەخانمی ئاسمانەکان کە نازناوی سەرەکی خواوەندە عەشتارە.تا کاتێکی نزیکیش خاتوو مەریەمە لەهەندێ لەناوچەکانی گوندنشینانی ئیتالیای باشوری ناودەبرا: بە (( ئەفرۆدێسا)) ئاماژە بۆ ئەفرۆدێت هەروەها پەیکەرەکانی خواوەند دیمتری ماوە لە هەندێ وێرانەی کۆندا دەپەرسترا بەوەی کە بریتیە لە خاتوو مەریەمە خۆی.


خاچیش خۆی وەك هێمای گەورەمان مەسیح،هێمایەکی نوێ نیە لە جیهانی ئاینە کۆنەکاندا.بەڵکو خاچ بۆتە هێمای ژمارەیەك لەخواوەندی بەپیتی خۆرهەلاَتی کۆن. ئەو هێمای خواوەند ((ئەندارا))یە کە شێوەیەکی خواوەند بەعل یان حودەدە.١٦ کە وێنەی سۆمەریەکان نیشانیان داوە کە دانیشتوە لەسەر عەرشەکەی لەنێوان دەست و پێکانیدا گۆزەیەك هەیە کە ئاوی ژیانی لێدەتەقێتەوە.خاچ بەهەمان شێوە هێمای خواوەندەی فینیقیە ((بارات)) خواوەندی شاری بەیروت،شێوەیەك لە شێوەکانی خواوەندەی بەپیتی عەشتار یان عەشتارۆت،لەهەموو هەڵکۆڵراوێك یان وێنەیەکدا دەیبینین.کەبەدەستیەوە گرتوە یان هەڵکۆڵراوە لەسەر عەرشەکەی.

---

16.Joseph sheban .Following The Goels.Phlosophical Library،Newyork 1963.

شێوەی خاچ زاراوەی ئاماژە پێدەرە لەسەر بەپیتی لە زمانی سۆمەریدا،ئەو زاراوەیەش وێنا دەکرێت لەسەر ئەم شێوەیەی لای خوارەوە:١٧

لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەو شێوازە نوێیەی داوە بە مەسیحیەت کە جیایکردۆتەوە لە یەهودیەت و نزیك لە ئاینە ڕۆژهەڵاتیە نهێنیەکان.قەدیس پۆڵص بوە کە هەرکاتیٚ زیاتر ڕۆدەچوو لە بیرکردنەوەدا زیاتر مژدەی دەبەخشی و تێکەڵاوی جەماوەری خەڵکی دەبوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا.




((بارات)) وەك چۆن کارێکی هونەری میسری وێنای دەکات کە بەدەستی چەپیەوە خاچێکی بچوك هەیە.

هەرکاتیٚ لەڕاڤەکردنەکانیدا بۆ مەسیحیەت بەرەو ئەو بیرۆکانە ئاڕاستەی دەگرت کە لەوەوپێش پێیئاشنابووین لە ئاینە ڕۆژهەڵاتیە بەعلیەکاندا کە پەیوەست بوو بە ڕزگارکردن و گیانفیدایی و درامای خواوەندیەوە.بەڵام ئەوانە هێمان ڕێگر نەبوون بەهیچ شێوەیەك کە پۆڵص ڕەخنەگرێکی بەئاگا بوە بۆ ئەو ئاینە نهێنیانەی کە باوبوون لەو سەردەمەدا،بە تایبەتیش ئەو ئاینانەی کە مەسەلەی ڕێوڕەسمەکان و بنەما شێوەییەکانی لە پێش مەسەلە ژیارییە ڕەوشتیە بەهێزەکانەوە دادەنا،هەمیشە دەیوت کە جێگەی قبوڵکردن نیە کە مرۆڤێك ڕزگارییبێت جگە لە یەکێکی تر تەنها بە تێپەڕبوونی بە کۆمەڵێك لە ڕێوڕەسمی چوونە ناوەوەدا نەبێت.

پۆڵص هەواڵی زۆر کەمی پێداوین دەربارەی مەسیح بەو پێیەی کە مەسیحێکی

---

17.J.Allegro ،The sacred Mushroom and the cross ،Abacus،newyork 1974.

یەهودی چاوەڕوانکراوبێت بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەی،بەڵام هەواڵی زۆری پێداوین دەربارەی مەسیح بەو پێیەی کە ڕزگارکەری مرۆڤە لەهەرکوێ بوو و لەهەر ڕەگەز و نەتەوەیەکیش بوو. لەنامەکەیدا بۆ خەڵکی غەلاتیە ٣: ٢٦-٢٢ دەخوێنینەوە ((لەبەرئەوەی ئێوە هەموانتان کوڕی خوان بەبڕواهێنانتان بە یەسوعی مەسیح. لەبەرئەوەی هەموانتان پشتتان بەستوە بە مەسیح ئەوا مەسیحتان لەبەرکردووە، نە یەهودی و نە یۆنانی ، نەبەندە و نە ئازاد،نە نێر و نەمێ لەبەرئەوەی هەموانتان یەکێکن لە یەسوعی مەسیحدا)).لەمژدە بەخشینیشدا زۆر جەختی کردۆتەوە لەسەر ڕووداوی لەخاچدانی و هەستانەوەی لەنێو مردواندا.مەسیح ڕزگارکەرێك بوە کە دابەزیوەتە سەر زەوی و ئازاری چێشتووە و دواتر مردوە لە پێناو گوناهەکانی مرۆڤدا،بەڵام سەرلەنوێ زیندوبۆتەوە و بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمان.ئەو زیندوبونەوەیەش خاڵێکی تەوەرەییە لەهەموو ئاینی مەسیحیەتدا.لەنامەی پۆڵصدا دەخوێنینەوە بۆ خەڵکی کۆرنتە ١٥: ١٤ (( ئەگەر مەسیح هەڵنەسایەوە ئەوا کەرازینەکانمان پوچەڵن و بڕواهێنانی ئێوەش پووچەڵە)).گرنگی ئەم هەستانەوەیەی مەسیح لەوەدایە کە ئاواتی مەهدی بۆ گەلی جولەکە بەدیهێناوە بەهێندەی ئەوەی کە نەمری بۆ دواکەوتەکانی کە یەکیان گرتوە لەگەڵیدا لەخۆ دەگرێت و ڕزگارکردنێتی لە مردنێکی دڵنیای بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێهێناوە. لەوانەیە نزیکترین کەس لە قەدیس پۆڵص قەدیس یۆحەنا بوبێت کە لە زۆرێك لە بۆچونەکانیدا لەگەڵ پۆڵص پەیامبەردا یەکیان دەگرتەوە. یۆحەناش وەك ڕزگارکەرێك لە مەسیحی ڕوانیوە و وەکو گیانبەخشێکیش زیاتر لەوەی وەدیهێنەری ئاواتەکانی مەهدیەت بێت لەلای گەلی جولەکە. بەڵام بە جیاواز لە پۆڵص کەمتر جەختی دەکردەوە لەسەر یەکگرتنی ڕێوڕەسمی بەخواوەندی پەرستراوەوە و زیاتر جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە یەکگرتن بریتیە لە ئەنجامی ناسینی مەسیح و دواکەوتنی ڕێنماییەکانێتی.دووبارەکردنەوەی وشەی (( من باوەڕم هەیە)) بە تەنها بەس نیە بۆ وەدیهێنانی ڕزگارکردن. بەڵکو کردار پێویستە بۆ ئەو بڕوایەی کە دەیخاتە سەرشانی. لە ئەصحاحی ١٣: ٢٤دا

دەخوێنینەوە(( بەڕاستی پێتان دەڵێم ئەوەی بڕوام پێدێنێ و ئەو کردارانەی من دەیانکەم ئەو بەهەمان شێوە بەگەورەتر دەیانکات بەهەمان شێوە من دەڕۆم بۆلای باوکم))(( ئەگەر ئێوە منتان خۆش دەوێت ئامۆژگاریەکانم لەبەربکەن)).

ئەمەو ئاینی مەسیحیەت بەهەمان شێوە لە زۆرێك لە ڕێوڕەسمەکانیدا یەکانگیر دەبێتەوە لەگەڵ ڕێوڕەسمە ئاینیە بەعلیەکانی پێشووتردا وەك ڕێوڕەسمی بلأوی خۆشۆردن بە ئاو لەلای زۆربەی ئاینە نهێنیەکان کە ئامانج لێی تازەکردنەوەی تاك و شۆردنەوەی ڕابوردویەتی بۆ چوونە ناوەوەی شانە تازەکەی.ڕێوڕەسمی قوربانی پیرۆز کە مەبەست لێی یەکگرتن بوە لەگەڵ خواوەندا لە ڕێگەی خواردنی لاشەی و خواردنەوەی خوێنەکەیەوە بەهێمایی وەك بەڕۆشنی بینیمان لە ڕێوڕەسمی ئاینی دیۆنوسیدا.گەورەمان مەسیح دەڵێت : (( من نانی ژیانم)). (( ئەوەی لاشەم دەخوات و خوێنم دەخواتەوە ئەوا ژیانی هەتاهەتایی هەیە)) هەروەك هەندێ زاراوەی ڕێوڕەسمی مەسیحیەت بەڵگەی زیندومان دەدەنێ لەسەر پەیدا بونی مەسیحیەت لە ئاینە بە پیتیە کۆنەکانەوە لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا. هاواری ((هیلۆلۆیا)) کە بەکاردێت لە سروودە ڕێوڕەسمیەکاندا،شتیك نیە جگە لەو هاوارەی کە هێما بوە بۆ بەندەکانی خواوەند (( دیۆنیسۆس))،کە هەمیشە لەسەر زاریان بوە: ئیلۆلیو ELELEU تەنانەت لە زۆر کاتدا خەڵکی بانگی کردوون بە ((ئیلۆ لییەکان)) ئاماژە بەو هاوارە بەندایەتییەیان.ئەوەی پەیوەستە بەو وشەیەوە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە بەشی یەکەم تیایدا وەرگیراوە لە وشەی سۆمەری IA-U کە بەمانای ئاوی بەپیتی دێت ١٨ لەسەر ئەوەوە ئەو وشەیە بەمانای ((خواوەندی ئاوی بەپیتی)) دێت کە (( حودەد)) لە ئاینەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی کۆندا،کە لەدواتردا کۆچیکرد بەرەو خۆرئاوا بۆ ئەوەی دوای ماوەیەك بەخواوەندێکی تر بگات کە هاتوە لەهەمان ناوچەوە لەگەڵ یەکدا یەکدەگرن بۆ ئەوەی بەجیهانی نوێ گەورەترین و گرنگترین ئاین ببەخشن.

-----------------------------------

18.ibid.

## پێناسەی گرنگترین خواوەندەکان
### (( بە پێی زنجیرەی ئەلف وبێ ))

**ئابسۆ:**

**یەکێك لە سێ خواوەندە سەرەتاییەکەیە، لەوەوە هەموو خواوەندەکانی تر داکەوتون لە ئەفسانەی بابلیدا. هەروەك توخمی سەرەکی گەردونیشی لێپەیدا بوە. ئابسۆ ئاوی شیرینی سەرەتاییە. و(( توعامە)) ژنەکەیەتی ئاوی سوێری سەرەتایی.خەم و خەون و ئەندێشەکانیان تێکەڵ بەیەك دەکەن لە خۆشی و ئارامی و بێدەنگی ئەزەلیدا،لە سەریشیانەوە تەمومژ بڵاودەبێتەوە کە لێیانەوە دەردەچێت،کە ئەویش خواوەندی سێیەمی سەرەتاییە (( مەمۆ)). ئابسۆ لە دواییدا کوژرا لەسەر دەستی خواوەند (( ئانکی))یان(( ئایا)) لە شۆڕشێکدا کە خواوەندە گەنجەکان پێیهەستان.**

**ئەدۆنیس :**

**ناوێکی تری خواوەندی سوری (( بەعل)) خواوەندی باران و هەورو هەورە بروسکە و هەروە تریشقە و هەموو سیماکانی بەپیتی تر. وشەکە ئارامیە،بنچینەکەی ((ئادۆن)) واتە خوا یان گەورە.یان (( ئادۆنی)) بەمانای خوام یان گەورەم. لەو سیفاتانەیە کە پێش ناوی خواوەند (( بەعل)) دەکەوێت.بەڵام پیتی (( س)) ئەو زیادەیە لە زمانی یۆنانیدا بۆ ناوی خوا دوای ئەوەی کە پەرستنەکەی گەیشتە وڵاتی ئیگریك.لەژێر ئەو ناوەدا بەعل پەرستراوە لەلای فینیقیەکانی باشوور لە شاری(( بیبلۆس)) و ...هتد.ئالێرەدا گۆڕانکاریەك بەسەر ئەفسانەکەدا هاتوە. ئەدۆنیس وەکو بەعل نەمرد لە ململانێی لەگەڵ خواوەندی(( مردندا)) هەروەك تابلۆکانی سەری شەمرا بۆمان باس دەکەن،بەڵکو بەرازێکی کێوی هەستاوە بە کوشتنی لە دارستانەکانی لوبناندا.**

**بەڵام خۆشەویستەکەی و پاڵەوانە سەرەکیەکە لەو کارەساتەدا (( عونات)) ئۆگاریتی نەماوە بەڵکو هاوڕێکەیەتی(( عەستارت))ە. کە هەستاوە بە ڕۆڵێکی لاوەکی لەداستانی بەعلدا.هەروەك چۆن (( ئانانا)) ی سۆمەری یان (( عەشتاری))**

بابلی،دوو خواروەندن لە یەكێكدا ، مەسەلەكەش هەروایە بۆ عونات و عەستارت،كە كەسایەتیەكن،ناونانەكە جیاواز بوە بەپێی كات و شوێن.هەروەك چۆن عونات ڕۆی بۆ گەڕان بەدوای بەعلدا،ئاوهاش عەستارت(یان(( عەشتارۆت)) هەروەك واش بانگ دەكرێت)دەگەڕێت بەدوای ئادۆنیدا تا ئەو كاتەی هەوڵەكانی بەریان گرت و هەستایەوە لەناو مردووانەوە. گەڕانەوەی خواوەندەكەش لە جیهانی مردوانەوە هاوكاتە بە ئاهەنگێرانی گەورە، بەشێوەیەك كە خەڵكی دەست دەكەن بە سەماو خواردنەوە، دوای ئەوەی كە ماوەی ونبوونی لە گریان و لاواندنەوەدابوون. هەروەك چۆن ئەو ئاهەنگێڕانە ڕابواردنی سێكسیشی تێدەكەوێت كە وەك چاولێكەریەك وایە بۆ پێكگەیشتنی ئادۆنی و عەستارت، و ئامارژەدانیشە بۆ خاك و كشتوكاڵ بۆ بەپیتی و گەشەكردن،دوای ئەوەی كە خواوەندی بەپیتی گەڕایەوە لەمردنەكەی بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سروشتەكەی كە شاردرابۆوە بە ونبوونی (بگەڕێوە بۆ بەعل).

**ئە ثتر:**

یەكێك لەكوڕەكانی (( عەشیرە) ژنی (( ئیل)) گەورەی خواوەندی كەنعانیەكان.بەرزكرایەوە بۆ سەر عەرشی بەعل دوای مردنی ، بەلاّم نەیتوانی پڕیبكاتەوە و بەدۆڕاوی دابەزیەوە،عەرشەكە بە بەتاڵی مایەوە تا بەعل زیندوو بۆوە لە نێوان مردوانەوە.

**ئەرشیكیگال :**

خواوەندەی جیهانی ژێرەوەیە لە ولاّتی دوو ڕووباردا.لە پێشتردا كچێكی جوان بوە و خواوەندێكی ئاسمانیش بوە. بەلاّم خواوەند(( كور)) دڕندەی جیهانی ژێرەوە ڕفاندی وەك دەسكەوتێك بۆ ئەوەی لەوێدا لەگەڵیدا بژی، وەك چۆن (( هادیسی)) ش خواوەندی جیهانی ژێرەوەی یۆنانی بیرسیفۆنی كچی فڕاند لەدایكی ((دیمتر)).پێدەچێت كور لە شەڕێك لەشەڕە زۆرەكانیدا كوژرابێت،لەبەرئەوەی لە ئەفسانە و پەرستنەكانی كە ماونەتەوە باسیمان بەرچاو ناكەوێتەوە،ئەرشیكیگال وەك خانمی ڕەهای جیهانی ژێرەوە دەمێنێتەوە.بۆ ئەرشیكیگال ناوی تریش هەیە وەك(( ئەرگالا)) و (( كیگال)).

**ئاشور:**

**گەورەی خواوەندەکانی ئاشوریەکانە ئەو وێنەیەیە کە لەخوای بنەڕەتی بابلی ((مەردۆخ)) ئاشوریەکان هەستاون بەگۆڕینی ناوی مەردۆخ بۆ ئاشوور لە زۆربەی ئەفسانەکانی کە بۆیان ماوەتەوە.**

**ئانکی –ئایا:**

**(( ئانکی)) خواوەندی ئاوی شیرینی ژێر زەویە لەلای بابلیەکان.ناوەکەی لای سۆمەریەکان (( ئایا)) یە.داستانی دروستبونی بابلی بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن سەرکەوت بەسەر (( ئابسۆ))دا ئاوی شیرینی سەرەتایی کە لەگەڵ (( توعامەدا)) ئاوی سوێری سەرەتایی،یەکەم توخمی سەرەکی گەردونیان پێك دەهێنا، بونی سەرەتایی نادروستیش.دوای ئەوەی کە تێکیشکاند،بەندی کرد لەخانویەکی ژێرەوەدا و لەسەریشیەوە خانوەکەی خۆی دروستکرد.ئیدی لەوکاتەوە،ئاوی شیرین ملکەچی خواوەند ئانکیە،بەشێوەی ڕووبار دەیتەقێنێت یان لەشێوەی کانیاو بە سیستەمێکی توندوتۆڵ و جوان.**

**ئانکی لەپاڵ ئەوەشدا خواوەندی فێڵ و زیرەکی و مەکربازی بوە تەواو وەك ئاو کە دەزانێت چۆن ڕێگا و جۆگەلەکانی دەناسێت بە لادان بەسەر ڕێگر و بەربەستەکانیدا.هەروەك چۆن خواوەندی دانایی و زانستی قوڵیشە،تەواو وەکو ئاوی وەستاو،کاتێك سەیری دەکەیت وەستانی بۆ نیە،لەپاڵ ئەوە و ئەمەشدا.ئانکی خواوەندی جادو و هێزگەلی نادیارە،زۆربەی ئەفسانەکانی دروستبونی مرۆڤ بۆ ئەو دەگەڕێتەوە،یان ڕۆڵی سەرەکی ڕاستەوخۆی هەبوە لە دروستکردنیدا.**

**ئانانا:**

**خواوەندەی خۆشەویستی و بەپیتی لای سۆمەریەکان،گۆڕانی دیاردەکانی سروشتیش بەوەوە بەند بوە لەبەرئەوەی ئەو بەڕازیبونی خۆی دابەزینی هەڵبژارد بۆ حەوت پلەی جیهانی ژێرەوە .بۆ ئەوەی سیستەمی بەدوایەکدا هاتنی چوار وەرزەکە بۆ سروشت دابین بکات .بەدوایەکدا هاتنێك کە بەردەوامی ژیانی ڕوەکی بپارێزێت لەسەر زەوی.کەشوهەوای گەرم و وشك کە گەنم و میوەهات پێدەگەیەنێ**

هیچ کەمتر نیە لە گرنگیدا لە زستانی ساردو باراناوی.و مردنی پایزیش هیچ نیە جگە لە قۆناغێکی ئامادەباشی بۆ زیندووبونەوە لە بەهاردا. لە دابەزینی ئاناناذا بۆ جیهانی مردوان و ونوبونی دیاردەکانی بەپیتیە لەخاکدا،ڕووتبونەوەی درەختەکان و مردنی ڕوەکەکانە.لەبەرزبونەوەشیدا لە جیهانی ژێرەوەودوای ئەوەی کە مردنی تێکشکاند،بوژاندنەوەیە بۆ هێزگەلی بەپیتی کە تیایدا دەرچوونی سەوزایی و ژیان دەنوێنێت لە شانشینی کشتوکاڵ و ڕوەکدا.

لەلای بابلیەکان (( ئانانا)) ناوی (( عەشتار)) وەردەگرێت و دادەبەزێت بۆ جیهانی ژێرەوە لە پێناو ڕزگارکردنی تەموزی مێردی کە لەوێدا بەندکرابوو.ئەوەش بە پێچەوانەی ئاناناوە کە (( دومۆزی)) مێردی نارد بۆ مردن لە جیهانی خۆی دوای بەرزبونەوەی.ئەوەش وەك مەرجێکی سەرەکی بۆ ڕزگارکردنی لەکاتێکدا مرۆڤی کۆن سەیری بەپیتی زەوی و بەپیتی مرۆڤ دەکات وەك ئەوەی هەردوکیان دووسیمان بۆ یەك گەوهەر هەرواش ئانانا-عەشتار هەردووکیان خواوەندەی خۆشەویستی بوون بەهەمان شێوە.زۆرێك لە ڕێوڕەسمی سێکسی و ئاهەنگەکانی ڕووت و قوتی و پەرستەنەکان پەیوەستن بەوەوە.بە تایبەتیش لەکاتێکدا بەندەکان ئاهەنگ دەگێڕن بە گەڕانەوەی لە جیهانی ژێرەوە لە جەژنەکانی بەهاری بەناوبانگدا.دوای ئەوەی کە چەند ڕۆژێك سەرقاڵی گریان و لاواندنەوە بوون وەك بەشداریەك لە ناخۆشیەکانیدا بۆ تەموزی بزر و ترس لەوەی کە نەگەڕێتەوە لە جیهانی مردوانەوە کاتێ کە ڕۆیشت بۆی.

ناوی لەلای کەنعانیەکان ((عوناتە)) لە ئۆگاریتیش ((عەستارت)) یان ((عەشترۆت)) لە بیبلۆس و صیدون و جێگای تر لەشارەکانی کەناری باشوری.زۆر شێوەی هەیە دەبینین لە ژێر ناوی ((ئاتارگانیس)) یان((بارات)) و ..هتد. ئەوەش لەسەردەمەکانی دواتردا.

عەشتار بریتیە لە ئەستێرەی ((زوهرە)) کچی خواوەندی مانگ ((سن)) لەبەرامبەریشدا لەلای ئیگریك ئەفرۆدێت هەیە، ولەلای ڕۆمان ((ڤینۆس)) هەیە.ئەو لەکاتێکدا خواوەندەی خۆشەویستی و بەپیتیە لەهەمان کاتیشدا خواوەندەی جەنگ و شەڕەکانیشە،ئازایە دەچێتە گۆڕەپانی جەنگەوە لەگەڵ بەندەکانیدا بۆ

هاوکاریکردنیان بەسەر دوژمناندا.هەندێ کاری هونەری بەچەکەوە پیشان دەدات بەسەر شێرێکی هەڵمەتبەرەوە. ئەو سەرەڕای هەموو کارە خۆشەویستی و هەڵسوکەوتە سێکسیەکانیەوە نازناوی داوێنپاك هەرگیز لێی جیانەبۆتەوە.

تا ئێستاش هەندێ وشەی ئاماژە پێدەر بۆ کاری سێکسی لە زمانە سامیەکاندا بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی (( عەشتار)) وەك وشەی عەرەبیمان (( لەگەڵیدا بخەوە)) بە واتای لەگەڵیدا بژی.

**ئنلیل:**

خواوەندی هەوا و ڕەشەبا و لەلای سۆمەریەکان، لە ئاستی دووەمدا دێت بەفەرمی لەدوای (( ئان)) خواوەندی ئاسمان و سەرۆکی کۆڕی خواوەندەکان.بەلاّم هەستانی ئنلیل بە ڕێکخستنی گەردوون و دەرهێنانی لە ئاوێکی زۆر و هەورێکی تەنکی هەمیشەیی یەکەم. گرنگیەکی گەورەی پێداوە لەکۆڕی خواوەندەکاندا،دەستی بەسەر هەموو ئەوانەدا گرت کە(( ئان)) هەیبوو.لە شکۆداری و دەسەلاّت.هەروەها دوای ئەوەی کە هەستا بەکاری جیاکردنەوەی ئاسمان و زەوی دوای ئەوەی پێکەوە نوساوبوون لەیەك شاخدا لەدڵی زەریای یەکەمی سەرەتاییدا.ئنلیل لەدواتریشدا بەردەوام بوو وەك ئەندامێك لە کۆڕی خواوەندەکانی بابلیدا،بەلاّم لە ئاستێکی دووەمدا لەبەرئەوەی (( مەردۆخ)) دەستی گرت بەسەر ناوەندی یەکەمدا لەو کۆڕەدا.

**ئیرا:**

خواوەندی تاعوون و پەتا کوشندەکان و وێرانکردن لەلای بابلیەکان،هەموو هەوڵ و هیمەتێکی هەمیشەیی بریتی بووە لە بلاّوکردنەوەی وێرانی و بێسەروبەرەیی لە جیهاندا.

**ئیل:**

خواوەندی ئاسمان لەلای سوریەکان،سەرۆکی کۆمەڵگەی خواوەندی،لەبەرامبەر ((ئانۆ))دا لەلای خەڵکی دوو ڕووبار.عیبرانیەکان پەرستویانە لەسەرەتای سەردەمەکەیاندا.هەربۆیە ناوی بەجێگۆڕکێ لەگەڵ خواکەیاندا (( یەهوە)) دا هاتووە. لەزۆرێك لە جێگاکاندا لەسەردەمی کۆندا،کە ئەوە بنچینەی

ناوی((ئیلۆهیم))ە کە عیبرانیەکان بەکاریدێنن بەهەمان شێوە بەجێگۆڕکێ لەگەڵ ((یەهوە))دا و ئیل ئەو ناوەیە کە مەسیحیش ناوی هێناوە پێش ئەوەی گیانی دەربچێت کاتێك بە زمانی ئارامی هاواری کرد: ( ئیلۆ ئیلۆ...بۆچی بەجێتهێشتم) بە واتای خوایە بۆچی بەجێتهێشتم.

**ئۆتۆ:**

خواوەندی ڕۆژ لای سۆمەریەکان.ئەو کوڕی مانگە (( سن)) و نەوەی (( ئنلیل))ە ئەو هەوایەی کە مانگی وەدیهێنا لە خۆشەویستەکەی (( ننلیل)) وە، مانگیش لای خۆیەوە ڕۆژی وەدیهێنا لە ژنەکەیەوە (( ننگال)) ئۆتۆ ناوەکەی لای بابلیەکان ((شمش))ە لای کەنعانیەکان (( شبش))ە.

**بارات :**



خواوەندی شاری بەیروت لای فینیقیەکان،ئەو یەکێکە لە شێوەکانی خواوەند عەشتارۆت.فینیقیەکان لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرت لەگەڵ خۆیاندا لە تەنگەی جەبەل تاریقەوە و ناوەکەیاندا بە دورگە بەریتانیەکە.خاچ هێمای سەرەکی بووە.هەندێ جار لەدەستیدا دەیبینین و هەندێ جاریش لەسەر کورسیەکەی هەڵکۆڵدراوە.

**بەعل:**

خواوەندی باران و هەور و هەورە تریشقە و هەموو دیاردەکانی بەپیتی لای سۆمەریەکان. و هەروەها ناوی (( حودەد)) یشە.لەژێر ئەم ناوەی دواییاندا چۆتە ناو کۆڕی خواوەندەکانی بابلیەوە.سەرەڕای ئەوەی لەلایەنی فەرمیەوە بە خواوەندی دووەم مایەوە لەدوای (( ئیل)) وە سەرۆکی کۆڕی خواوەندەکانی کەنعانی،بەڵام ئەو خواوەندی هەڵبژاردە و خۆشەویست بوو لەلای خەڵکە ڕەشۆکیەکەوە.ئەو گەردوونی ڕێکخست دوای سەرکەوتنی بەسەر ئاوی یەکەمیدا کە خواوەند (( یەم)) دەنوێنرا زەریای سەرەتایی و توخمی سەرەتایی یەکەمی و ئاوی زۆر. هەر ئەویش بوو لەدوای ئەوە چووە ناو ململانێی گەردوونی ترەوە لەگەڵ (( مردندا))خواوەندی شانشینی تاریکی و مردن و جیهانی ژێرەوە،تەواو

بوو بەدۆڕاندنی بنچینەیی و ڕادەستکردنی خۆی بە (( مردن)). بەڵام هێندەی نەبرد بەهاوکاری خۆشەویستەکەی (( عونات)) زیندوو بۆوە لەنێوان مردوەکان و خواوەندی مردنی تێکشکاند.بەڵام ئەم گەڕانەوەیەی گەڕانەوەیەکی بۆ هەتاهەتایی نەبوو،لەبەرئەوەی دوای حەوت ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی مردن سەر لەنوێ.ئەم ململانێیە دووبارە دەبێتەوە بۆ هەتاهەتایە کە لە بەدوایەکدا هاتنی ساڵانی بەپیتی و ساڵانی وشکەساڵیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەو بەدوایەکدا هاتنە جیاوازەی لە کەش و هەوای سوریادا هەیە.

بەعل بەهەمان شێوە ناوی تری هەیە جگە لە حودەد.لەوانە(( ئادۆن)) کە کۆچیکردووە بۆ وڵاتی ئیگریك و ناویشیاننناوە (( ئەدۆنیس)) و ئەفرۆدێت خواوەندەی خۆشەویستی و جوانیان لێ مارەکردوە.هەروەها ناوی ((نوعمان))یش.

**حودەد:**

خواوەندی باران و ڕەشەباو هەور و هەورە تریشقە و هەموو دیاردەکانی بەپیتی لەلای سوریەکان (( بگەڕێوە بۆ بەعل)).



**داجوون:**

**باوکی خواوەند بەعل. ئەو لە بنچینەدا خواوەندێکی کشتوکاڵیە و پەیوەندی بەگەنم و دانەوێڵەوە هەیە بە شێوەیەکی سەرەکی.بەڵام لەدواتردا دەیبینین گۆڕاوە بۆ خواوەندێکی دەریایی لەلای فەلەستینیەکان.نوسەرانی تەورات وامان بۆ وێنادەکەن لەسەر شێوەی خواوەندێك کە کلکی ماسی هەبێت.**

**لەوانەیە گۆڕانی جووتیاری گەنم بۆ دەریاوان،لەگەڵ خۆیدا گۆڕانی لەخواوەندی گەنمەوە کە خواردنێکی سەرەکی جووتیارە هێنا بێت، بۆ خواوەندێکی دەریایی کە پەیوەندی بە ماسیەوە هەیە کە خواردنی سەرەکیە لەلای دەریاو ڕاوچیان لەدانیشتوانی کەنارەکان.**

**دومۆزی –تەموز:**

**دومۆزی خواوەندێکی شوانە،چوە پێشەوە و داوای دەستی(( ئانانا)) ی خواوەندەی بەپیتی و خۆشەویستی کرد لەلای سۆمەریەکان و لەو کارەشدا خواوەندی کشتوکاڵ(( ئەنکمدۆ)) کێبڕکێی کرد کاتێك هەردووکیان قوربانیان پێشکەش بەخواوەندە ئانانا کرد.لەبەرهەمەکەی.ئەو ئانانا قوربانیەکەی دومۆزی شوانی پەسەندکرد.و شوویپێکرد و سەیری قوربانیەکەی ئەنکمدۆی جووتیاری نەکرد. کاتێك ئانانا خواوەندەی بەپیتی بوو،ناوی مێردەکەش بوە هاوەڵی مەسەلەی بەپیتی و کشتوکاڵ بەبێ ئەوەی خۆی خواوەندێکی کشتوکاڵی بێت. زۆرێك بەهەڵە دایاننا بە خواوەندی بە پیتی. لە ڕاستیدا هۆکارەکە لەو لێکچونەدا دەگەڕێتەوە بۆ بەهەڵە تێگەیشتن لە ڕێوڕەسمی تایبەت بە درامای دابەزینی ئانانا و لەدوای ئەویش عەشتار بۆ جیهانی ژێرەوە.**

**ئانانا لە ئەفسانەی سۆمەریدا دادەبەزێت بۆ جیهانی ژێرەوە،لەوێدا ئەرشیکیگال دەستی بەسەردا دەگرێت کە خواوەندی ئەو جیهانەیە و گیانی دەکێشێت.بەمردنی ئانانا‌ش دیاردەکانی بەپیتی وون دەبن لە سروشت و کشتوکاڵەکان وشك دەبن و سەوزایی نامێنێت لەسەر ڕووی زەوی.بەندەکانی دڵتەنگ دەبن و دەگرین و دەلاوێنەوە تا مردن تێك دەشکێت و جارێکی تر بەرزدەبێتەوە بۆ جیهانی ژیان،بەڵام ئەو گەڕانەوەیە پەیوەستە بەمەرجێکەوە کەبریتیە لە ناردنی یەکێك لە**

جێگەی خۆی بۆ جیهانی ژێرەوە.ئانانا بڕیاردەدات کە دومۆزی بنێرێت کە تارماییەکان دەیفڕێنن کە هاوەڵی ئانانایان دەکرد لەبەرزبونەوەیدا و دەیبەن بۆ شانشینی مردووان.

بەلأم(( عەشتار)) کە ئەوە ناونانی بابلیە بۆ ئانانا ئەو دەڕوات بۆ ڕزگارکردنی دومۆزی لە دیلێتی لە جیهانی ژێرەوە وناوە بابلیەکەی بوە بە (( تەموز))، لەونبونی دیاردەکانی بەپیتی لە سروشت وندەبن بەگەڕاندنەوەشی لە مردن بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە لەگەڵ خۆشیدا خۆشەویستەکەی تەموزی کوژراو دێنێتەوە بۆ ژیان.دڵتەنگی بەندەکان دەگۆڕێت بەخۆشی و ئاهەنگێڕان بە بۆنەی گەڕانەوەی و گەڕانەوەی مێردەکەشی.

ئالێرەدا تێبینی دەکەین کە ڕۆڵی تەموزی شوان ڕۆڵێکی لاوەکیە لە ئاینی بەپیتی سۆمەری و بابلیدا. و قوربانی سەرەکی عەشتارە کە تەموز ڕۆڵی یاریدەدەر دەبینێت لە پاڵیدا لەسەر جولأندنی ڕووداوەکان.لەڕاستیدا گریانی خەڵکی بەسەر تەموزدا مەبەست لێی کەسی تەموز خۆی نیە بەهێندەی ئەوەی کە بەشداریەکە بۆ خواوەندە عەشتار لەدڵتەنگیەکەیدا بۆ سەر خواوەندی بزر.

**توعامە :**

ئاوی یەکەمین،زەریای سەرەتایی،ئەژدیهای ئاوی زۆری و توخمی یەکەمی بنچینەیی لەلای بابلیەکان.لە ئەزەلەوە لەگەڵ مێردەکەیدا(( ئابسۆ))دا هەبوە کە ئاوی شیرینی سەرەتایی بوو بەخۆشی و ئارامی خەمەکانیان تێکەڵ دەکرد لەگەڵ یەکتردا، لەسەریشیانەوە تەمومژ بلأودەبۆوە (( مەمۆ)) خواوەندی سێیەمی سەرەتایی.

بەلأم بارودۆخەکە لەسەر ئەو شێوازە بەردەوام نابێت.ئەو خواوەندە سەرەتاییانە دەست دەکەن بەوەچەخستنەوە بە ژمارەیەکی زۆر لەخواوەندی گەنج کە وەچەیان خستەوە بەڕۆڵی خۆیان و نەوەیەك لەخواوەند هاتن کە هەستان بە شۆڕش بەسەر ئەو خواوەندە سەرەتاییانەدا.بەشێوەیەك ئابسۆ لەو شۆڕشەدا دەکوژرێت لەسەر دەستی (( ئانکی)) ( خواوەندی ئاو لەدواتردا) و توعامەش لە شۆڕشی دووەمدا دەمرێت لەسەر دەستی مەردۆخ کە بوە گەورەی هەموو خواوەندەکان.مەردۆخ

هەڵدەستێت بەدووكەرتكردنی توعامە و بەشێكیان بەرزدەكاتەوە و دەبێتە ئاسمان و دووەمیشیان دەبێتە زەوی و دواتر لادەكاتەوە بەلای دروستكردنی پاشماوەی گەردونی گەورەدا.

**شمش:**

خواوەندی ڕۆژ لەلای بابلیەكان.( بگەڕێوە بۆ ئۆتۆ). وادانراوە بە خوای دادپەروەری هەرئەویش سروشی داوە بە حامورابی بۆ نوسینی شەریعەتە بەناوبانگەكەی.

**شبش:**

خواوەندی ڕۆژ لەلای كەنعانیەكان،ئەو مێیە بەپێچەوانەی(( شمش)) ی بابلیەوە و (( ئۆتۆی)) سۆمەریەوە.

**سن:**

خواوەندی مانگ لەلای خەڵكی دووڕووبار.ئەو كوڕی خواوەند (( ئنلیل))ە هەوایە لە خۆشەویستەكەی (( ننلیل)).سن ناوێكی تریشی هەیە كە (( نانا))یە.

**عەشتار:**

خواوەندی خۆشەویستی و بەپیتی لای بابلیەكان( بگەڕێوە بۆ ئانانا).


**عەشیرە:**

ژنی (( ئیل)) خواوەندی ئاسمان و سەرۆكی كۆڕی خواوەندە كەنعانیەكانە. ئەو شێوەیەكە لە شێوەكانی خواوەندەی دایك-زەوی.هیچ پەیوەندیەكی نیە بەخواوەندە عەشتارەوە.

**عەستارت-عەشتاروت:**

عەستارت خواوەندێكی لاوەكی بوو لە ئۆگاریت بەڵام وادەردەكەوێت سەرەكی بێت لەلای فینیقیەكانی باشور و دەسەلاَت و دەسەلاَتداری خواوەندە عوناتی ئۆگاریتی وەردەگرێت.لەناوەكانی تری عەشتارو ( بگەڕێوە بۆ عونات).

**عونات:**



**مەردۆخ:**

**خواوەندی دووەم لەدوای (( ئانۆ)) وە خواوەندی ئاسمان لەلای بابلیەکان.بەڵام گەورەی کرداریی بۆ کوڕی خواوەندەکان،لەناو هەموویاندا بەرزترینە. لەبەرئەوەی تەنها ئەو وێرای کە بەرەو ڕووی ((توعامە)) ببێتەوە خواوەندەی سەرەتایی یەکەم و دایکی هەموو خواوەندەکان، کاتێك هێرشیکردە سەر نەوەکانی لەخواوەندە لاوەکان بە شەڕێکی زۆر توندوتیژ بۆ لەناوبردنیان.**



**توعامە کە بریتیە لە ئاوی سوێری یەکەمی،و ئاوی زۆری توخمی یەکەمین،و چەق بەستوویی.بێزار و دوودڵی کردیە**

هۆی ژاوەژاوی خواوەندە گەنجەکانەوە کە لەهەناویدا دەهاتن و دەچوون، بڕیاریدا بەلەناوبردنیان بۆئەوەی بچێتەوە باری چەقبەستوویی، و گەڕانەوە بۆ ئاشتی و ڕۆژانی ڕابووردوو کاتێك بەبێ جوڵەی تەواو دەژیا لەگەڵ مێردەکەی (( ئابسۆدا)) ئاوی شیرینی و (( مەمۆ)) هەورە نزمەکان کە دەردەچوو لەو تێکەڵەوە بەلاَم مەردۆخ ڕووبەڕووی بوەوە و هێزەکەی تێکشکاند و لێك هەڵوەشاندو کردیە دووکەرتەوە،لەبەشی یەکەم ئاسمانی دروستکرد و لەبەشی دووەمیش زەوی.

لەدوای ئەوەش بەردەوام بوو لە دروستکردنی تر،گەردوون لەژێر دەستیدا دروست بوو بەم شێوەیەی کە ئێستا دەیبینین.

مەردۆخ گەورەی ئاهەنگەکانی سەری ساڵی بابلیە( ئەلئەیکیتۆ)،بەشێوەیەك کاهینەکان هەڵدەستن بە نواندنی چیرۆکی سەرکەوتنی بەسەر ئاوی یەکەمیندا جێگیرکردنی سێیەم و دروستکردنی گەردونەکان هەموو ساڵێك، لە جەژنە بەناوبانگەکاندا کە مێژوو وێنەی بەخۆوە نەبینیوە. هەسارەی مەردۆخ بریتیە لە ((موشتەری ،بەلاَم کوڕەکەی ((نبۆ)) بریتیە لە هەسارەی ((( مەریخ)).

**مردن:**

خواوەندی گەرماو وشکبونەوە و جیهانی ژێرەوە لەلای کەنعانیەکان.دەچێتە ململانێی هەمیشەییەوە لەگەڵ بەعلدا خواوەندی باران و هەورو دیاردەکانی بەپیتی ترەوە.جارێك مردن بەسەر بەعلدا سەردەکەوێت و جارێکی تر بەعل بەسەر مردندا سەردەکەوێت.سەرکەوتنی هەریەکێکیان بڕیار لەسەر سەروەری بەپیتی یان سەروەری وشکبونەوە دەدات.بەعل هەر حەوت ساڵ جارێك دەمرێت،بەلاَم هێندە نابات بەسەر دژەکەیدا سەردەکەوێت.

**ننخارساگ:**

زەوی–دایك لەلای بابلیەکان ،هەموو زیندەوەرانی لێوە دەرچووە لە مرۆڤ و ڕوەك و ئاژەڵ.ئەو نمونەی دایکێتی یەکەمە کە لەدواتردا هەموو کردارێکی دووبارە بوەوەی دایکایەتی لێوە بەرهەمهاتووە. منداڵبون و زۆربونی ڕووەك.کردار گەلێکن کە لەناوەڕۆکیاندا چاولێکەری کرداری هێنانەبوونی یەکەمین کە دایکی گەورە پێی هەڵساوە. ناوە سۆمەریەکەی(( کەی))ە.ناوی تریشی هەیە لەوانە(( ننماخ))

**و((ننتۆ)) و (( مامی)) و (( ماما))ە. لەلای کەنعانیەکان (( عەشیرە)) یە کە ژنی ئیلە خواوەندی ئاسمان. لەلای حیسیەکان (( سیبل))ە .سەرەڕای ئەوەی زەوی لە سەرەتادا بریتی بوە لە ژنی ئاسمان،بەڵام لەدواتردا وادەردەکەوێت بوبێت بە ژنی ئاو (( ئانکی)) و لە ئەنجامی یەکگرتنیشی ڕوەك و مرۆڤ دەژین.**

**نیسابا:**

**خواوەندەی بەروبوم لەلای بابلیەکان.دەوترێت( نیسابا سنگی بەپیتی بەڕێوەبردوە) واتا زەوی نایدا کەداشی بەروبومێکی زۆر دەدات.ئەو شێوەیەکە لە شێوەکانی زەوی دایك.**

**نرگال:**

**مێردی خواوەندەی جیهانی ژێرەوە (( ئەرشیکیگال)) لەگەڵیدا فەرمانڕەوایی شانشینی مردووان دەکات. ئەو خواوەندێکی ئاسمانی بوو،بەڵام دابەزی بۆ جیهانی ژێرەوە،وەك سزایەك بۆی لەبەر نەنواندی ڕێز و گەورەیی بۆ نێردراوەکانی کە ناردبوونی بۆلای کوڕی خواوەندە ئاسمانیەکان،کە هەموویان بە ڕێزەوە بۆی وەستابوون.بەڵام ئەوی خۆشویست و شووی پێکرد لەبەر ئەو ئازایەتیەی کە نواندی لەکاتی دابەزینیدا و بوە گەورەی شانشینی تاریکی.**

**نمۆ:**

**ئاوی یەکەمی کە لێیەوە هەموو شتێك دروستبوە لەلای سۆمەریەکان.**

**ننورتا:**

**کوڕی خواوەند ئنلیل.خواوەندی ڕەشەبای باشوری هەڵکردوو ئەو بەهەمان شێوە خواوەندی جۆگەلە و بەنداو و ئاودێریشە.**

* * *

* *

*

# سەرچاوە ئینگلیزیەکان

====================

-Allegro John.The Sacred Mushroom And The Cross ،Abacus ، n.y 1974.

- Delaport،L.Phoenician Mythology (in Larousse Encyclopedia of Mythology.

- Ellade،M.The Sacred And The Profanc،Harvest Book،N.Y

-Every،G.Christian Mythology ،Hamlyn،London، 1970.

-Frazer،James.The Golden Bough،Macmillan،Newyork 1971.

- Freund،Philip .Myths of Creation، W.H.Allen،London1964.

- Fromm،Erich.TheForgotten Language ،New York 1970.

- FrankFort ،Henri،Befor Philosophy ،Pelican،London1964.

- Guirand ،F.Greek Mythology،Hamlyn.London 1963.

- Gray،John.Near Eastern Mythology،Hamlyn.London 1969.

-Gordon،C.H.Ugarit،NortonLibrary،Newyork 1967.

- Graves،Robert.Greek Myths،Penguin،London 1974.

- Hiedel ،Alexander،The Babylonian Genesis،Phoenix،Chigaco 1969.

-Hook،S.H.Middle Eastern Mythology،Pelican،London 1968.

- Harding،M.E.Womas Mysteries،Harper،Newyork 1976.

- Henderson،J.L.The Wisdom of The Serpent ،Collier ،N.Y.1971.

-Jung.C.G.Man and His Symbols،Newyork 1964.

- Kramer،S.N.Mythology of the Ancient World،Anchor،N.Y.

- Kramer،S.N.Sumerian Mythology،Harper and Row، N.Y . 1961.

- Kramer،S.N.Sumerian Myths and Epic Tales ( in Ancient Near Eastern Texts).
-Kirk،G.S.Greek Myths،Pelican Book،London 1977.
- Malinowsk:Magic،Science and Religion،Graden City، N.Y. 1954.
- McNeill.The Ancient Near East،Oxford،London 1968.
- Neumann،Eeich.The Great Mother،Princeton،N.Y.1974.
-Pritchartd،James.Ancient Near Eastern Texts،Princeton New jersy 1969.
- Speiser،E.A.Akkadian Myths( in Ancient Near Easter Texs)
- Sheban.Joseph.Following The Gods،Philosphical Library N.Y.1963.
- Viaud.J.Egyption Mythology( in Larousse Encyclopedia of Mythology).
- Watts،Allen.Myth and Ritual in christianity ،Thames and Hudson.London 1954.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

====================

- سیگمۆند فرۆید– ڕاڤەی خەونەکان.کتێبخانەی شیکاری دەروونی،قاهیرە ١٩٧٠
- سیگمۆند فرۆید،موساو یەکتاپەرستی،وەرگێڕانی جۆرج تەرابیشی،خانەی تەلیعە،بەیروت.
- مەسنەدی کوڕی حەنبەل،چاپخانەی مەیمەنیە،قاهیرە.
- سەعالبی،بوکی کۆڕەکان.
- تەبەری،مێژووی پەیامبەر و پادشاکان.
- کوڕی عەرەبی،فەتحە مەکییەکان.
- یوسف ئەلیوسف،خوێندنەوەیەك لە داستانی دروستبوونی بابلیدا،گۆڤاری زانست ژمارە ١٩٧،١٩٧٨.
- نوسەیب وەهیبە خازن، ئۆگاریت.
- توینبی.کورتکراوەی لێکۆڵینەوەی مێژوو– کۆمکاری عەرەبی،قاهیرە١٩٦٢.


# ناوەڕۆك

========


- بەرایی وەرگێڕ.......................................................٥
- گفتوگۆیەك..........................................................١٤
- دەروازە.............................................................١٨
بەشی دروستبون.......................................................٣٩
- دروستبونی سۆمەری..................................................٤٤
- دروستبونی بابلی....................................................٧٠
- دروستبونی کەنعانی..................................................١٤٢
- دروستبونی تەوراتی..................................................١٦٧
- حەوت تابلۆکە و حەوت ڕۆژەکەی دروستبوون..............................١٨٨
بەشی لافاو...........................................................١٩٥
- لافاوی سۆمەری.......................................................١٩٩
- لافاوی بابلی........................................................٢٠٤
- لافاوی تەوراتی......................................................٢٢٦
- ئەفسانەکانی وێرانکردن..............................................٢٤٥
بەشی ئەژدیها.........................................................٢٦٢
- ئەژدیهای سۆمەری....................................................٢٦٤
- ئەژدیهای بابلی......................................................٢٧٦
- ئەژدیهای تەوراتی...................................................٢٨٣
بەشی بەهەشتی ونبوو..................................................٢٨٧
- بەهەشتی سۆمەری.....................................................٢٨٨
- بەهەشتی بابلی.......................................................٢٩٢
- بەهەشتی تەوراتی.....................................................٣٠٢
بەشی قابیل و هابیل..................................................٣١٢
- سێ دەقی سۆمەری.....................................................٣١٥

- قاین و هابیل.................................................۳۲۰
**بەشی جیهانی ژێرەوە**..........................................۳۲٤
- دۆزەخی سۆمەری..............................................۳۲۸
- دۆزەخی بابل.................................................۳۳۷
- دۆزەخی تەورات...............................................۳٤۷
**بەشی خواوەندی مردوو**.........................................۳٦۰
- دابەزینی ئانانا بۆ جیهانی ژێرەوە..................................۳٦۸
- دابەزینی عەشتار بۆ جیهانی ژێرەوە.................................۳۸۹
- دابەزینی بەعل بۆ جیهانی ژێرەوە..................................۳۹۸
**کۆچی خواوەندی مردوو**..........................................٤۱۲
- خواوەندی ڕزگارکەر...........................................٤۲۳
- گەورە مەسیح کۆتا ڕزگارکەرەکان.................................٤۲٦
**پێناس بە گرنگترین خواوەندەکان**..................................٤۳٤
**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**..........................................٤٤۷
**سەرچاوە عەرەبیەکان**...........................................٤٤۹

## نوسەر لەچەند دێڕێکدا



## فراس السواح

- فراس سەواح،بیرمەندی سوری و لێکۆڵەر لە بواری ئەفسانەناسی و مێژووی ئاینەکان وەك چوونە ژوورەوەیەك بۆ تێگەیشتنی ڕەهەندی ڕۆحی لەلای مرۆڤ.
- لەدایکبووی شاری حمص / سوریا ١٩٤١
- ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە:
- یەکەمین سەرکێشی ژیری/ لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە-سوریا و وڵاتی دووڕووبار/چاپی یەکەم،دمشق،١٩٧٦،چاپی یانزەهەم،دمشق،خانەی عەلادین ١٩٩٦
- نهێنی عەشتار/خواوەندە مێینەکان و ڕەچەڵەکی ئاین و ئەفسانە.چاپی یەکەم ،دمشق١٩٨٥،١چاپی شەشەم/ دمشق/خانەی عەلادین ١٩٩٦
- گەلگامیش / داستانی دوو ڕووباری نەمر/چاپی یەکەم،دیمشق،خانەی عەلادین ١٩٩٦
- ڕووداوی تەوراتی و ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن/چاپی یەکەم،دیمشق ١٩٨٩،چاپی دووەم،دیمشق،خانەی عەلادین ١٩٩٣
- ئاینی مرۆڤ/ لێکۆڵینەوەیەك لە چۆنێتی ئاین و سەرهەڵدانی پاڵنەری ئاینی،چاپی یەکەم،دیمشق،خانەی عەلادین١٩٩٤،چاپی دووەم،دیمشق،خانەی عەلادین ١٩٩٥
- ئارام دیمەشق و ئیسڕائیل/ لە مێژوودا و لە مێژووی تەوراتیدا،چاپی یەکەم،دیمەشق،خانەی عەلادین،١٩٩٥

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا



## ( نەوزادی موهەندیس )

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لە سلێمانی
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی ودواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی تەکنەلۆژی/ئەندازیاری کیمیاوی/ پسپۆڕی لە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا لە لەشاری بەغداد تەواوکردوە لە ساڵی ١٩٩٠–١٩٩١
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە
- بەڕێوەبەری کارگەی بڕینی بەردی مەڕمەڕی ماوەتە سەر بە وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- **لەکتێبە بڵاوکراوەکانی نوسەر:-**

١. ریفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦

٢. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧

٤. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری ساڵی ٢٠٠٨

٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان . ساڵی ٢٠٠٨

٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە .ساڵی ٢٠١٢

٨. دومۆزی مەلەك تاووس / لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی // وەرگێڕان ساڵی ٢٠١٢

٩. خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا. ساڵی ٢٠١٢

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا . لەساڵی ١٩٩٦وە.